


ساعدت «الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف
لمنطقة كردستان للحكم الذاتي» على طبعه

إقتران النيرين في مجمع البحرين

ترجمەی حەدیسەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی


ماموستا مەلا رەشید بەگی بابان

لیکۆلینەوەی

محمد علی قەرەداغی

بەرگی هەشتەم

١٤١٠ ك ١٩٩٠ ز



إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

ترجمەی حەدیثەکانی موسلیم و بوخاری

دانراوی

مامۆستا مەلا رەشید بەگی بابان

لێکۆڵینەوەی

محمد علی قەرەداغی

چاپی یەکەم

بەرگی هەشتەم   ١٤١٠ ك - ١٩٩٠ ز

الفرائض[1]

بسم الله الرحمن الرحيم (بحمد الله تعـالى) جەنازە تەواو بوو ئەمجـا دە...ت ئەكەین بە فەرائیض (ومن الله التوفیق) •

الآیـات :

قال الله ـ تعالى ـ في سورة النساء : (یوصیكم الله في أولادكم للذكر مثل حظ الأنثیین ، فإن كن نساء فوق اثنتین فلهن ثلثا ما ترك ، وإن كانت واحدة فلها النصف ولأبویه ـ لكل واحد منهما ـ الســـدس ، مما ترك إن كان له ولد ، فإن لم یكن له ولد وورثه أبواه فلأمه الثلث ، فإن كان له إخوة فلأمه السدس ، من بعد وصیة یوصي بها أو دین • آباؤكم وأبناؤكم لا تدرون أیهم أقرب لـكم نفعـاً ، فریضـــة من الله ، إن الله كـان علیماً حكیما)[2] •

تەرجەمە :

جەنابی حەق دەرحەقی ئەولادتان لە میراتا وصـــیەتتان ئەلا ئەكاتو ئەمرتان پێ ئەكا بەم نەوعە ئەگەر ئەولادتان نێرو مێ هەردوكیان مەوجود

---

(١) باسی بەشكردنی ماڵی میراتی •
(٢) سوورەتی نیساء / ١١ •

بن بۆ کوللی نێرێ دوو ئەوەندەی مێیان بدەنێ [مەثەلا : کوڕێـكو دوو کچی بێ ، دوو ئەوەندەی کچەکە بدەن بـە کوڕەکـە ، بیکەن بـە سـێ بەشەوە • دوانی بۆ کوڕەکە ، یەکێکی بۆ کچەکە • بەم نەوعە کوڕێك بـە دوو کچ دائەنرێ] ئەگەر ئەولادەکەی هەر کچ بوو لە دوان زیاتر بوون بە هەموویان لە سێ بەش دوو بەشیان هەیە ، ئەکەر تەنها کچێکی بوو نیوەی میراتەکەی هەیە [ئەگەر تەنها دوو کچی بێ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : وەکوو کچێکن ؛ بە هەردوکیان نیصـــف ئەدرێ ؛ چونکی خوا ـ عز وجل ـ دوو ثولثی داوە بە زیاتر لە دوان ، نەیداوە بـە دوان ، کە وابێ وەکوو یەکێك ئەبن • غەیری ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : دوان وەکوو لە دوان زیاترە ؛ چونکی کە فەرمووی : بۆ کوڕ دوو ئەوەندەی کچ هەیە کە کچی لەگەڵ بێ کوڕێك بـە قـەد دوو کچە ، لەم میثالەدا کە کوڕێكو کچێکی بێ کوڕەکە دوو ثولثی هەیە ، کە وابێ کچێ نیوەی کوڕێکی هەیە ، دوان بن بە قەد کوڕێکیان = هەیـە = نە ئەکا دوو ثولث] ئەگەر ئەو مەیتە دایكو باوكو ئەولادی بێ هەر یەکی شەش‌یەکێکیان هەیە • ئەگەر وەلەدی نەبوو هـەر دایـكو باوکی میراتی گرت[1] دایکی سێیەکێکی هەیە ، دوو بەش بۆ باوکی ئەمێنێتەوە ، ئەگەر چەند برایێکی بێ لەگەڵ دایکیدا دایکی شەشیـەك ئەبـا [باوکی نـەبێ باقیەکـەی بـۆ براکانیـە ، ئەگەر بـاوکی بێ براکـانی مەحجووب ئەبن • باقیەکەی کە پێنج سـودسـە بۆ باوکی ئەبێ] ئەم تەقســیماتە دوای وەصیەتێ کە کردوویەتیو دوای قەرز ، لە پێشا وەصـیەتو قەرزی لێ دەرەچێ باقیەکەی تەقسیم ئەکرێ•باوکتانو کوڕتان ئێوە نازانن کە کامیان نەفعی زیاترە بۆ ئێوە ، کە وابێ ئەمری خوا چۆنە وا بکەن ، ئەم تەقسیمە

(١) راستەوایە بگوترێ « میراتیان ئەگرت » .

بەم نەوعە فەرزێکە خوا لە سەری فەرزکردوون • خوا مەصالیحی عیباد لە ئێـــوە چاتـر ئـەزانێ ، لـەوەدا حوکمی پێ بکـا حوکمەکـەی موافیقی حیکمەتە •

(ولكم نصف ما ترك أزواجكم إن لم يكن لهن ولد ، فإن كـان لهن ولـد فلـكم الربـع مما تركـن ، من بعـد وصـــية يوصـــين بهـا أو دين ، ولهن الربع مما تركتم إن لم يكن لكم ولد ، فإن كـان لكم ولـد فلهن الثمن مما تركتم من بعد وصية توصون بها أو دين)[1] :

ئێوە ژنتان بمرێ ماڵ بەجێبێڵێ ئەولادیان نەبێ نیوەی میراتەکەی بۆ ئێوەیە ، لە دوای وەصیەتو قەرز ، ئەگەر ئەولادی بێ لە دوای وەصیەتو قەرز چواریەکی ماڵەکەی هی ئێوەیە ، ئەو ئەولادەی لە ئێوە یا لە مێردێکی تری بێ [باقیەکەی هی واریثی تـرە ، ئەگـەر بێ ، ئـەگـەر نـەبێ هی (بیت المال)ە] •

ئەگەر ئێوە بمرن ماڵتان لێ بەجێ بمێنێ ئەولادتان نەبێ چواریـەکی ماڵەکەتان هی ژنەکانتانە ، ئەگەر ئەولادتان بێ لەو ژنە یـا لـە ژنێکی تـر هەشتیەکی میراتەکەتان ، لە دوای وەصـیەتو قەرز ، بـۆ ژنەکانتـانـە ، باقیەکەی تری هی واریثی ترە یا ماڵی (بیت المال)ە •

(وإن كان رجل يورث كلالة [يعني لا أصل ولا فرع له] أو امرأة [تورث كلالة] وله أخ أو أخت [من أم ، قراءة شاذة] فلكل واحد منهما السدس ، فإن كانوا أكثر من ذلك فهم شركاء في الثلث ، من بعد وصـية يوصي بها ، أو دين غير مضارٍّ [بأن لا يوصي بأكثر من الثلث] وصية من الله ، والله عليم حليم)[2] ح ـ ٩/٤٠٨ •

---

(١) النســـاء / ١٢ •
(٢) النســـاء / ١٢ •

ئەگەر ئەو پیاوە یا ئەو ژنەی کە ئیرثی لێ ئەگیرێ بێ رەگو لقو پۆپ بێ ، فەقەط براییکی یا خوشکێکی دایکی ببێ ، بۆ ئەو برایە یا بۆ ئەو خوشکە شەش یەك هەیە • ئەگەر لە یەکێ زیاتر بن ، هەرچەنـدە ببن ، لە دوای وەصیەتو قەرز ، لە سێیەکا شـەریکن ، یەعنی بەو شـــــەرطە وەصیەتەکەی پێش ئەخرێ کە لە سێیەك زیاتر نەبێ کە زەرەر بە واریثەکان بگەیێنێ • ئەم تەقســـیمە لە ئەووەڵی ئایەتی ئەووەڵەوە تا ئاخری دوەم وەصیەتێکە لە طەرەف خواوە پێتان ئەکا دەرحەق ئەولادو ژنو مێردو براو خوشکی دایکیو باوكو دایك [موخالەفەی ئەم ئەمرە مەکەن ؛ چونکی] خوا عیلمی هەیەو حیلمی هەیە هیچی لێ ون نابێ لە عەذابیشا عەجەلە ناکا • براو خوشکی دایكو باوکیی یا باوکیی لە ئایەتی ئاخری ســـوورەتەکەدا یێت (إن شاء الله تعالى) کە ئەمەیە :

(يستفتونك ، قل : الله يفتيكم في الكلالة : إن امرؤ هلك ليس لـه ولد ، وله أخت فلها نصف ما ترك ، وهو يرثها إن لم يكن لها ولد ، فـإن كانتا اثنتين فلهما الثلثان مما ترك ، وان كانوا إخوة رجالاً ونساء فللذكـر مثل حظ الانثيين • يبين الله لكم أن تضلوا ، والله بكل شيء عليم)[1] •

ئەی محمد دەرحەقی کەلالە سـوئالت لێ ئەکەن ، پێیان بڵێ : خـوا ـ عز وجل ـ دەرحەقی کەلالە فتواتان بۆ ئەدا : ئەگەر پیاوێ بمرێ ئەولادی نەبێ خوشکێکی [دایكو باوکی یا باوکیی] ببێ نیوەی ئەوەی هەیە کـە ئـەو پیاوە بەجێی هێشتوە • ئەگەر ژن کەلالە بێو بمرێ براکەی بـرای دایكو باوکیی بێ یا برای باوکیی بێ بە تەواوەتی ئیرثی خوشـــکەکەی ئەبا ، ئەگەر خوشـــــکی ئەو پیاوە دوان بن [یا زیاتر لە دوان بن] دوو

---

(١) النســـاء / ١٧٦ •

ئولثيان هەیە لەوەی پیاوەکە بەجێیهێشـــتوە • ئەگەر واریثەکانی براو خوشكو پیاوو ژن بن بۆ نێر دوو ئەوەندەی مێی هەیە • خوا بۆ خاتـری ئەمە لە رێگەی حەق لانەدەن بەیانی ئەحکامتان بۆ ئەکا ، خوا عیلمی بـە هەموو شتێ هەیە • یەعنی موقتەضای حیکمەت چیە واتان بۆ بەیان ئەکا •

٣٠٢٣/١ ــ عن أنس بن مالك ــ رضــي الله تعـالى عنــه ــ عن النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ قال : مولى القوم من أنفســهم ، أو كما قال ح ــ ٩/٤٣٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليــه وســلم ــ فەرمووی : مەولای قەوم ، یەعنی ئازادکراویان ، لە خۆیانە ، یا لەفظێکی وای فەرموو • یەعنی میراتی لێ ئەگرن [بەو شەرتەی واریثی نەبێ ، ئەمما ئەو واریث نابێ] •

٣٠٢٤/٢ ــ عن هزيل عن عبدالله [بن مســعود ــ رضي الله تعـالى عنه ــ] ان أهل الإسلام لا يسيّبون ، وأن أهل الجاهلية كانوا يسـيّبون [زاد الإسماعيلي بسنده الى هزيل قال : جاء رجل الى عبدالله فقـال : إني اعتقت عبـداً لي سـائبة ، فمات فترك مالاً ولم يدع وارثاً ، فقـال عبدالله ــ رضي الله تعالى عنه ــ : إن أهل الإسلام لا يسيّبون ، وان أهل الجاهلية كانوا يسيّبون ، وأنت ولي نعمته فلك ميراثه ، فإن تأثّمْتَ أو تحرجت في شيء فنحن نقبله ونجعله في بيت المال • وبهذا الحكم في السائبة قـال الشافعي ــ رضي الله تعالى عنه] ح ــ ٩/٤٢٩ •

تەرجەمە :

پیاوێ ئەچێتە خزمەت ئیبنومەسعوود ــ رضي الله تعالى عنه ــ عەرزی ئەکا : عەبدێکم ئازادکردوە ، کردوومە بە سائیبە ، یەعنی سەربەستم کردوە

چی ئەکا بیکا کەس لێی‌نەپرسێ‌و ئیشی پێ نەکا ، ئـەو عەبـدە مردوە ماڵی بەجێ‌هێشتوەو هیچ واریثی نیە • ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعـالی عنه ـ فەرمووی : ئەهلی ئیسلام عەبد ناکەن بە سائیبە ، جاهیلیەت ئەیـان‌کرد • تۆ وەلی نیعمەتی ئەوی میراتەکەی هی تۆیە ، ئەگەر بە گوناهی ئەزانی ئێمە قەبووڵی ئەکەین ئەیخەینە (بيت المال) ئیمامی شافیعی ـ رضي الله تعـالی عنه ـ لە سائیبەدا وای حوکم کردوە • [ئەمما ئێستە ئەوە نەماوە] •

٣٠٢٥/٣ ـ عن أسامة بن زيد ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يرث المسلم الكافـر ، ولا الكافـر المسلم ح ـ ٩/٤٣٣ • أخرجه أيضاً في المغازى •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : نە موســـوڵمان ئیرث لە کافر ئەگرێ ، نە کافر ئیرث لە موسوڵمان ئەگرێ • ئەگەر خزمی کافری موسوڵمان لە پێش تەقسیما موسوڵمان بێ ئیرث لە موسوڵمانەکـە ناگرێ ؛ چونکی لە وەقتی مردنی موسوڵمانەکەدا کافر بوە • ئەگەر خزمی کافری کافر لە پێش تەقسیما موسوڵمان بێ ئیرث ئەبا ؛ چونکی لە وەختی مردنیا کافر بوە •

٣٠٢٦/٤ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ : ألحقوا الفرائض بأهلها [على كتاب الله • م] فما بقي [فما تركت الفرائض ح ـ ٩/٤٢٤] فلأولى رجل ذكـر ح ـ ٩/٤١٤ ، م ـ ٧/٥٧ ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ فەرمووی : فەرائیض ئەوی خوا بۆ واریثی موقەددەر کردوە بیدەن بەوانەی کە ئەهلی ئەون‌و خوا بۆی

موقەددەر كردوون بە پێی فەرموودەی قورئان ، ئەوی لە فەرائیض مایەوە بۆ ئەو خزمە نێرینەیە كە لە هەموو خزمەكانی تر نزیكترە بە مەیتەكە •

٣٠٢٧/٥ ـ عن الأسود بن يزيد قال : أتانا معاذ بن جبل [رضي الله تعالى عنه] باليمن معلماً وأميراً ، فسألناه عن رجل توفي وترك ابنته وأخته ، فأعطى الابنة النصف والأخت النصف ح ـ ٩/٤١٦ ، د •

تەرجەمە :

ئەســـــوەدی كوڕی یەزید ئەفەرموێ : بە ئەمیریو بە موعەللیمی موعاذی كوڕی جەبەلمان هاتە لا لە یەمەن ، لێمانپرســـــی : پیاوێ مردوە كچێكو خوشكێكی هەیە ، نیوەی دا بە كچەكەییو نیوە بە خوشكەكەی [خوشك لەگەڵ كچا عەصەبەیە] •

٣٠٢٨/٦ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا نورث ، ما تركنا صـــــدقة م ـ ٧/٣٦٥ ، ح ـ ٩/٤١١ لكن عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : ئێمە [یەعنی ئەنبیا] ئیرثمان لێ ناگیرێ ، ئەوی بەجێی بێلین صەدەقەیە •

٣٠٢٩/٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رســـــول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا يقتسم ورثتي ديناراً [ولا درهماً] ما تركت بعد نفقة نسائي ومؤنة عاملي فهو صدقة ح ـ ٩/٤١٣ ، سبق في الوصايا والخمس ح ـ ٥/٢٦ ، م ـ ٧/٣٦٥ •

تەرجەمە :

پێغەمبەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : واریثانی من دیناریَ تەقسیم ناکەن [یەعنی نەیکەن] لە بەینیانا ، ئەوی من بەجێی بێلم لە پاش نەفەقەی ژنەکانم و ئوجرەتی عامیلم صەدەقەیە •

٨/٣٠٣٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أنا أولى بالمؤمنين من أنفسهم ؛ فمن مات وترك مالاً فماله لموالي العصبة ، ومن ترك كلاً أو ضياعاً [كالطفل] فأنا وليه فلأدعى له • الكل العيال ح ـ ٩/٤١٤ ، ٤٢٤ ، م ـ ٧/٦٧ بالمعنى •

تەرجەمە :

پێغەمبەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من بۆ موئمینان لە نەفسی خۆیان چاترم ، هەر موئمینێ بمرێ ماڵی بەجێ‌هێشت بۆ واریثەکانیە ، ئەوی ماڵی بەجێ‌نەهێشت ، باری گرانی بەجێ‌هێشت ، یا منالێکی بەجێ‌هێشت کە ترس لە زایع‌بوونی بێ من وەلی ئەوم با بانگ بکرێم بۆی • کەلل عەیالە •

٩/٣٠٣١ ـ عن زيد بن ثابت ـ رضي الله تعالى عنه ـ [معلق وصله سعيد بن منصور] قال : اذا ترك رجل أو امرأة بنتاً فلها النصف ، وإن كانتا اثنتين أو أكثر فلهن [الثلثان] وان كان معهن ذكر [ذو فرض] بدىء بمن شركهم فيؤتى فريضته ، فما بقي فللذكر مثل حظ الأنثيين ح ـ ٩/٤١٤

تەرجەمە :

پیاوێ یا ژنێ کچێکی بەجێ‌هێشت نیوەی ئەدرێتێ ، ئەگەر دوان یا زیاتر بێ دوو بەشیان لە سێ بەش ئەدرێتێ ، ئەگەر نێرێکی صاحێب فەرزی لەگەڵ بێ فەرزەکەی ئەو ئەدرێ باقیەکەی [بۆ عەصەبەیە] بۆ نێر دوو ئەوەندەی مێ •

١٠/٣٠٣٢ - عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] (ولكل جعلنا موالي ...[1] والذين عاقدت أيمانكم) قال : كان المهاجرون حين قدموا المدينة يرث الأنصاري[ت] المهاجري[ها] [وبالعكس ، كما في سورة النساء] دون ذوي رحمه للأخوة التي آخى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بينهم ، فلما نزلت (ولكل جعلنا موالي) قال : نسختها (والذين عاقدت أيمانكم) ح - ٩/٤٢٥ ، ن ، د .

[تەزبیبەکەم[2] خیلافی ظاهیره ، ئەمما موافیقی واقیعه ؛ چونکی ناسیخ (ولكل جعلنا)یه ، مەنسووخ (والذين عاقدت أيمانكم)ە] .

تەرجەمە :

یەعنی ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - دەرحەق ئەو دوو ئایەتە فەرموویەتی : موهاجیر کە هیجرەتیان کرد بۆ مەدینە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دەستەبرایەتی لە بەینی ئەوانو ئەنصارا پێگرتن ، لە بەر ئەوە ئەنصارو موهاجیر ئیرثی یەکتریان ئەگرت (ذوي الأرحام) [یەعنی خزم مەحرووم بوون] ئیرثیان نەئەگرت کە ئایەتی (والذين عاقدت

(١) النساء / ٣٣ . (عاقدت) قیرائەتی ئیبنوعەباسە (عقدت) قیرائەتی حەفصە .

(٢) (تەزبیب) جۆرێکە لە خۆشکردنو ئاسانکردنی خوێندنەوەی کتێب ، جێگەی (تەرقیم) فاریزەو خاڵو خاڵبەندیی ئێستە بە زیادەوە دەگرێتەوە . دەگوترێ : (قەیدو تەزبیب) ، یان دەگوترێ : راجیعو مەرجەعی ضەمیر . مامۆستای دانەرمان - خ - گەلێ جار لە دەسخەتەکەی خۆیدا ئەم کارەی کردوە . لێرەدا لە ژێر (ولكل ...)دا ژمارە (٢)ی داناوەو لە ژێر (ت)ی (نسختها)یشدا (٢)یەکی داناوە ، لە ژێر (والذين ...)یشدا ژمارە (٣)ی داناوەو لە ژێر (ها)ی (نسختها)یشدا هەمان ژمارەی داناوە . مەبەستی لە تەزبیبەکەی ئەم کارەیەتی .

أيمانكم) نازڵ بوو ئەوی برادەریتان لەگـەڵ گرتوون بـرای دینی ئێوەن حیصصەی خۆیان بدەنێ [ظاهیرەن مەعنـای وایـە ئـەم جوملەیە حوكمی جوملەی ئەووەڵی نەسخکردۆتەوە ، ئەمما لە حەقیقەتا ناســـیخ جوملەی ئەووەڵە مەنسووخ ئەمەیە بە قەرینەی ئایەتی (وأولوا الأرحام بعضهم أولى ببعض) خزم بە یەكتری چاترن لە بێگانە • یەعنی بـەم ئایەتە تەواروث[1] لە بەینی ئەنصارو موهاجیرا نەسخ بۆتەوە •

الكلالـة :

۱۱/۳۰۳۳ ـ جابیری بنی عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : نەخۆش كەوتم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە پێیان تەشریفیان هاتە عەیادەتم لـە بەنی ســـەلەمە ، من بێهۆش بووم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەزنوێژی شـــتو لە ئاوی دەزنوێژەكەیی كرد بە سەرما هاتمەوە هۆشی خۆم ، عەرزمكرد : (یـا رســـــول الله) چی بكەم لـە ماڵەكەم ؟ واریثم هەر كەلالەن [نـۆ خوشكەكەم] ئەو وەختە ئایەتی كەلالە [ی ئاخری نیســا] نازڵ بوو •
م ـ ۷/۵۹ ، ٦١ ، ح ـ ۹/٤٢٢ ، ح ـ ۱۰/۳۱۰ •

۱۲/۳۰۳٤ ـ عومەری بنی خەططاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ رۆژێكی جومعە خوطبەی خوێند بەحثی لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كرد ، لە خوطبەكەیا فەرمووی : لە دوای خۆم لـە كەلالە موهیمتر بەجێ نایێڵم ، ئەوەندەی لـە دەرحـەق كـەلالـە موراجەعەتی پێغەمەرم كردوە ـ صلى الله تعالى عليـە وسـلم ـ لـە دەرحەق

(1) میرات لەیەكگرتن •

هیچ شتێ موراجەعەتم نەکردوە • ئەوەندەی کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لەو خوصووصەوە لە حەقما حیددەتی فەرموە لە هیچ شتێکا ئەوەندە لەگەڵما بە شیددەت نەبوە ، حەتتا پەنجەی موبارەکی دا بە سنگما [خۆزگەم بە خۆی] فەرمووی : ئەی عومەر ئایەتی صەیف : کە لە هاوینا نازل بوە دەرحەق کەلالە کە لە ئاخری سوورەتی نیسادایە کافی نیە بۆت ؟ ئیمامی عومەر - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرمویٚ : ئەگەر بژیم ئەبێ دەرحەقی کەلالە حوکمێکی وا بکەم قورئانخوێن و قورئان نەخوێنـد حوکمی پێ بکا • یەعنی حوکمەکەم ذەرڕەیێ موخالیفی قورئان نەبێ •

١٣/٣٠٣٥ - هوزەیلی بنی شورەیح - رحمه الله تعالی - فەرمووی : لە ئەبوموسا - رضي الله تعالی عنه - یان پرسی (عن ابنة ، وابنة ابن ، وأخت)[١] فەرمووی : کچەکەی نیوەیی و خوشکەکەی نیوەیی هەیە [کچی کوڕەکەی مەحرووم کرد] فەرمووی : بیش چۆ لە ئیبنومەسعوود - رضي الله تعالی عنه - بپرسە تابیعی من ئەبێ ؟ لێی پرسراو قسەکەی ئەبوموسایشیان خەبەر دایێ • فەرمووی : کە وابێ من لە ڕێ لائەدەم و لەوانە نابم کە لە ڕێی راستەوە بڕۆن ، بەوە حوکم ئەکەم کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - حوکمی پێکردوە ، نیوەی ئەدەم بە کچەکەی شەشیەکی ئەدەم بە کچی کوڕەکەی ، بۆ هەردوکیان (ثلثان)[٢] تەواو ئەکەم ، ثولثێکیشی ئەمێنێتەوە بۆ خوشکەکەی هاتینە خزمەت ئەبوموسا - رضي الله تعالی عنه - خەبەرمان دایێ بەوەی کە ئیبنومەسعوود - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی : ما دام ئەم عالمەتان لە ناوایە هیچ لە من مەپرسن ح - ٤١٧/٩ ، د ، ت ، ن ، جه •

---

(١) واتە دەربارەی کچو کچەزاو خوشك .. لە ئەبوموسا پرسرا •

(٢) دوو سێیەك •

جـد وإخوة(١) :

١٤/٣٠٣٦ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أما الذي قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لو كنت متخذاً من هذه الأمـة خليلا لاتخذته ، ولكن أخوة الإسلام أفضل ، أو قال خير •• فإنه أنزلـه أبـاً ، أو قال قضاه أبـاً ح ـ ٩/٤٢٠ •

تەرجەمە :

دەرحەق جەددو برای مەیت ئیبنوعەباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەوی پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ دەرحەقی فەرموویەتی : ئەگەر لە ناو ئوممەتما خەلیلێکم بگرتایە ئـەوم ئەکـرد بـە خەلیل [یەعنی ئەبوبەکر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ] ئەمما برایەتی دینیی فەضلی زیاترە ، یا فەرمووی : خێری زیاترە •• جەددی نازیلەو مەنزیلەی بـاوك کردوە ، یـا فەرمووی حوکمی بـە باوکێتی ئـەو کـردوە ، یەعنی میراثەکەی داوە بە باپیر براکانی حەجب کـردوە ، وەك بـاوك حەجبیـان ئـەکـا •

تەفصیلی (جد وإخوة) پەڕەیێکی تەواوە لە قەسطەلانیدا ـ ٩/٤١٨

١٤/٣٠٣٦(٢) ـ أخبرت عائشــة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن فاطمة ـ عليها السلام ـ [المناسب ـ رضي الله تعالى عنها ـ] ابنة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سألت أبا بكر الصديق [رضي الله تعالى عنه] بعـد وفاة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يقسم لها ميراثها ما تـرك رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ مما أفاء الله عليه • فقال لهـا أبو بكر :

(١) واتە باسی میراتی باپیر لەگەڵ برای مردوەکەدا .

(٢) دانەر ـ خ ـ ئەم ژمارەی بە هەڵە دووپات کردوەتەوە .

إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا نورث ، ما تركنا صدقة • فغضبت فاطمة [رضي الله تعالى عنها] بنت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فهجرت أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] فلم تزل مهاجرته حتى توفيت ، وعاشت بعد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ستة أشهر • قالت : وكانت فاطمة [رضي الله تعالى عنها] تسأل أبا بكر [رضي الله تعالى عنه] نصيبها مما ترك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من خيبر وفدك ، وصدقته بالمدينة ، فأبى أبو بكر عليها ذلك وقال : لست تاركاً شيئاً كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يعمل به إلا عملت به ؛ فإني أخشى ان تركت شيئاً من أمره أن أزيغ • فأما صدقته بالمدينة فدفعها عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى علي وعباس [رضي الله تعالى عنهما] • [فغلبه عليها علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فأما خيبر وفدك فأمسكهما عمر [رضي الله تعالى عنه] وقال : هما صدقة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كانتا لحقوقه التي تعروه [تنزل به] ونوائبه • وأمرهما الى من وَلِيَ الأمر •

قال [الزهري] : فهما على ذلك الى اليوم •

قال أبو عبدالله : اعتراك افتعلت من عَرَوته فأصبته ، ومنه يعروه واعتراني ح ـ ٥/١٨٤ ، م ـ ٧/٣٦٤ •

تەرجەمە :

عائیشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : حەزرەتی فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـی کچی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دوای وەفاتی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طەڵەبی کرد لە ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە میراتی پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه

وسلم ـ بۆ تەقسیم بکا لەوەی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەجێی‌هێشتوە لەوانەی کە خوا ـ عز وجل ـ پێی عەطاکردوە • ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ پێی‌فەرموو : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێمە [یەعنی جەماعەتی ئەنبیا] ئیرثمان لێ ناگیرێ ئەوەی بەجێی‌بێلین صەدەقەیە • فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـی کچی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رقی هەڵسا ، حەزرەتی ئەبوبەکری ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەرك‌کرد ، هیچ سەلام‌و کەلامی لەگەڵا نەکرد ، بەم نەوعە مایەوە تا وەفاتی کرد ، شەش مانگ لە دوای پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ژیا • حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : فاطیمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ لە ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ حیصصەی خۆیی لەوەی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەجێی‌هێشتبوو لە خەیبەرو فەدەك‌و ئەو صەدەقەیەی کە لە مەدینەدایە = داواکرد = ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئیبای کرد لەوە کە بیداتێ ، فەرمووی : تەرکی شتێك ناکەم کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کردوویەتی بەو ماڵە من هەمووی ئەکەم ؛ چونکی ئەگەر شتێك لە ئەمری پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەرك بکەم ئەترسم لە حەق لابدەم •

ئەمما صەدەقەی مەدینەی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەسلیمی ئیمامی عەلی‌و حەزرەتی عەباسی کرد [ئیمامی عەلی بەسەر عەباسا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ غەڵەبەی کرد نەیدایێ] خەیبەرو فەدەکی[1] ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە ژێر تەصەڕوفی خۆیا ئیمساك کرد ، فەرمووی : ئەوانە صەدەقەی پێغەمەرن ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆ

(١) ئەم تەرجەمە رەوان نیەو ، باش وایە بڵێ : ئیمامی عومەر ـ خ ـ خەیبەرو فەدەکی لە ژێر دەستی خۆیا هێشتەوە .

ئەو حوقووقانەی کە رووبداو ئەو حادیثاتەی کە ظوهوور بکا ، ئیدارەی ئەوانە عائیدە بە (أولو الأمر) • زوهری ئەفەرموێ : ئێستەیش ئـەوانـە لەسەر ئەو حاڵەن کە حەزرەتی عومەر – رضي الله تعالى عنه – گرتبوویە ژێر دەستی خۆی •

١٥/٣٠٣٧ ـ مالك بن أوس بن الحَدَثان : بينا أنـا جالس في أهلي حين متع [ارتفع] النهار إذا رسول عمر بن الخطاب [رضي الله تعالى عنه] يأتيني ، فقال : أجب أمير المؤمنين ، فانطلقت معـه حتى أدخُـلَ على عمر [رضي الله تعالى عنه] فإذا هو جالس على رُمال سرير [ما ينسج من سعف النخل ونحوه] ليس بينه وبينه فراش ، متكىء على وسادة من أدَم [جمع أديم] فسلمت عليه ثم جلست ، فقال : يا مال إنه قدم [قد رف • م] علينا من قومك أهل أبيات ، وقد أمرت لهم برضخ [بعطية قليلة] فاقبضه فاقسمه بينهم • فقلت : يا أمير المؤمنين لو أمرت به غيري ! [قال [خذه يا مال•م] اقبضه أيها المرء • ح ـ ٥/١٨٦ وبعده] إذ جاءه حاجبه يرفا ، فقال : هـل لك في عثمان ، وعبدالرحمن ، والزبير ، وسعد [وزاد النسائي وعمرو بن شبة على الأربعة طلحة بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] يســتأذنون ؟ فقال : نعم ، فأدخِلْهم [فدخلوا ، فسلموا ، وجلســوا ، ثم جلس يرفـا يسيرا • ح ـ ٥/١٨٦] فلبث قليلا ثم جاء ، فقال : هل لك في عباس وعلي يستأذنان ؟ قال نعم • فلما دخلا قال عباس : يا أمير المؤمنين اقض بيني وبين هذا وهما يختصمان في الذي أفاء الله على رسوله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ من مال بني النضير ، فاستب علي وعباس • فقال الرهـط [عثمان وأصحابه] : يا أمير المؤمنين اقض بينهما وأرح أحدهما من الآخر ، فقـال عمر [رضي الله تعالى عنه] : اتَّئِـدوا [تَيْـدَكم • أخـرى] لا تعجلـوا أنشدكم بالله الذي بإذنه تقوم السماء والأرض هل تعلمون أن رسـول الله

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : **لا نورث ما تركنا صدقة ؛ يريد بذلك** نفسه [وغيره من الأنبياء ، كما في حديث : نحن معاشر الأنبياء لا نورث] ؟ قالوا : قد قال ذلك .

فأقبل عمر على عليّ وعباس [رضي الله تعالى عنهم] فقال : أنشدكما بالله هل تعلمان ان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد قال ذلك ؟ قالا : نعم . قال : فإني أحدثكم عن هذا الأمر ؛ إن الله سبحانه كان قد خص رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في هذا الفيىء بشيىء لم يعطه أحداً غيره ، فقال : جل ذكره (وما أفاء الله على رسوله منهم [من بني نضير] فما أوجفتم عليه من خيل ولا ركاب) الى قوله : [(قدير)[1] فكانت هذه خالصة لرسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم والله ما احتازها دونكم ولا استأثرها عليكم ، لقد أعطاكموها وقسمها فيكم حتى بقي هذا المال منها ، فكان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ينفق على أهله نفقة سنتهم من هذا المال ، ثم يأخذ ما بقي فيجعله مجعل مال الله . فعمل ذلك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حياته [أنشدكم بالله هل تعلمون ذلك ؟ قالوا : نعم . ثم قال لعلي وعباس : أنشدكما بالله هل تعلمان ذلك ؟ قالا : نعم ، ح ـ ١٨٦/٥] .

ثم توفي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : فأنا ولي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقبضه أبو بكر فعمل فيه بما عمل به رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأنتم حينئذ ، فأقبل على علي وعباس وقال : تذكران أن أبا بكر عمل فيه كما تقولان والله يعلم إنه فيه لصادق بار راشد تابع للحق ، ثم توفى الله

---

(١) الحشر / ٦ .

ـ عز وجل ـ أبا بكر فقلت : أنا ولي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبي بكر فقبضته سنتين من إمارتي أعمل فيه بما عمل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبو بكر ، والله يعلم أني فيه صادق بار راشد تابع للحق ، ثم جئتماني كلاكما وكلمتكما واحدة وأمركما جميع ، فجئتني ، يعني عباساً [يا عباس تسألني نصيبك من ابن أخيك ، وجاءني هذا يريد علياً ، يريد نصيب امرأته من أبيها] فقلت لكما : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا نورث ما تركنا صدقة . فلما بدا لي أن أدفعه إليكما قلت : إن شئتما دفعته إليكما على أن عليكما عهد الله وميثاقه لتعملان فيه بما عمل فيه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبو بكر وما عملت فيه مُذ وَليتُ وإلا فلا تكلماني فقلتما : ادفعه إلينا بذلك فدفعته إليكما [فأنشدكم بالله هل دفعتها إليهما بذلك ؟ قال الرهط : نعم ، ثم أقبل على علي وعباس فقال : أنشدكما بالله هل دفعتها إليكما بذلك ؟ قالا : نعم ح ـ ١٨٦/٥] أفتلتمسان مني قضاء غير ذلك ؟ فوالله الذي بإذنه تقوم السماء والأرض لا أقضي فيه بقضاء غير ذلك حتى تقوم الساعة ! فإن عجزتما عنه فادفعا[ه] إلي فأنا أكفيكماه [هنا انتهى ما في ح ـ ١٨٦/٥ ، في الخمس . ن] .

قال [الزهري] : فحدثت هذا الحديث عروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] فقال : صدق مالك بن أوس ، أنا سمعت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تقول : أرسل أزواج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عثمان الى أبي بكر يسألنه ثمنهن مما آفاء الله على رسوله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فكنت أنا أردّهن ، فقلت لهن : ألا تتقين الله ؟ ألم تعلمن أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يقول : لا نورث ما تركنا صدقة ، يريد بذلك نفسه ، إنما يأكل آل محمد ـ صلى

الله تعالى عليه وسلم - في هذا المال ؟ فانتهى أزواج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - الى ما أخبرتهن • قال عروة : فكانت هذه الصدقة بيد علي منعها علي عباساً [رضي الله تعالى عنهما] فغلبه عليها • ثم كان بيد حسن بن علي ، ثم بيد حسين بن علي ، ثم بيد علي بن حسين ، و [بيد] حسن بن حسن كلاهما كانا يتداولانها ، ثم بيد زيد بن حسن ، وهي صدقة رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - حقاً ح - ٦/٢٧٠ •

تەرجەمەی حەدیثی : ح - ٥/١٨٦ و ئاخری حەدیثی ح - ٦/٢٧٠ و فەرقەکانی :

ئیبنوشەهابی زوهریی - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : مالیکی کوڕی ئەوسی کوڕی حەدثان - رحمه الله تعالى - فەرمووی : لە وەختێکا لە وەختی گەرمای ڕۆژا لە ناو ماڵو منالما دانیشتبووم ئەوەندەم زانی پیاوی ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - هات وتی : ئەمیرولمۆئمینین بانگت ئەکا وەرە خزمەتی • لەگەڵ پیاوەکەیا چوومە خزمەتی تێفکریم لەسەر تەختێکی بە پووشی خورما تەنراو تەشریفی دانیشتبو ، لە بەینی ئەوو تەختە پووشینەکەدا هیچ فەرشێ نەبوو ، شانی دابوە سەر پشتیێکی چەرم ، سەلامم لێ کردو دانیشتم • فەرمووی : ئەی مالیك لە قەومەکەت بەعزێ خەڵق هاتوون ، ئەمرم کردوە عەطایێکی کەمیان بدەنێ ، وەری بگرە لە بەینیانا تەقسیمی بکە • عەرزمکرد : (یا أمیر المؤمنین) حەزەکەم ئەمر بە غەیری من بکەی • فەرمووی : ئەی مالیك وەری‌بگرە •

لەو وەختەدا کە لە خزمەتیا دانیشتبووم یەرفای دەرگاوانی هات عەرزی‌کرد : عوثمانو عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوفو زوبەیرو سەعدی کوڕی ئەبی وەقاصو [طەلحەی کوڕی عوبەیدوڵلا] - رضي الله تعالى

عنهم - هاتوون ئیذنت هەیە بێنە خزمەتت ؟ فەرمووی : بەڵێ . ئیذندران تەشریفیان هاتە خزمەتیو سەلامیانکردو دانیشتن . یەرفا کەمێ دانیشتو دووبارە هاتەوە خزمەتی عەرزیکرد : عەلیو عەباس - رضي الله تعالى عنهما - هاتوون ئیستیذان ئەکەن . فەرمووی : ئیذنیان بدە بێن . تەشریفیان هاتو سەلامیان کردو دانیشتن . عەباس - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : (یا أمیر المؤمنین) حوکم بکە لە بەینی منو ئەمەدا ، یەعنی عەلی - رضي الله تعالى عنه - نیزاعیان بوو جوێنیان بە یەك ئەدا لەسەر ئەوەی خوا - عز وجل - لە ماڵی بەنیئەضیر ، کە بە بێ حەرب گیرابوو ، عەطای فەرمووبوو بە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەو ذەواتەی کە هاتبوونە خزمەتی عەرزیانکرد : (یا أمیر المؤمنین) حوکم لە بەینیانا بکە لە یەکتری رەحەتیان بکە . عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : صەبرتان بێ سوێنتان ئەدەم بەو خوایە کە ئەرزو ئاسمان بە ئیذنی ئەو رائەوەستێ ئێوە عیلمتان هەیە کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرموویەتی : ئێمە ، یەعنی جەماعەتی ئەنبیا ئیرثمان لێ ناگیرێ ، ئەوی لە دوای خۆمان بەجێیبێلین صەدەقەیە . رەسوولوڵلا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەم فەرموودەی ئیرادەی نەفسی خۆیی فەرموو ؟ جەماعەتەکە عەرزیانکرد : بەڵێ . لە پاشا عومەر رووی‌کردە عەباسو عەلی - رضي الله تعالى عنهم - فەرمووی : بە خوا سوێنتان ئەدەم ئێوەیش ئەزانن کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەوەی فەرموە ؟ عەرزیان کرد : بەڵێ فەرموویەتی . عومەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : کە وابێ قسەتان لەم ئیشە بۆ ئەکەم : خوا - عز وجل - پێغەمەری - صلى الله تعالى عليه وسلم - لەم فەیئەدا خاص‌کردوە بە شتێکەوە کە بە هیچ کەسی عەطا نەفەرموە . ئەم ئایەتی (حشر)ەی خوێندەوە : [ئەوی خوا عەطای

فەرمووە بە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە ئەموالی بەنی‌نەضیر ئێوە نە ئەسپتان بۆ تاو داوە نە وشترتان بۆ لنگ داوە ، ئەمما خوا - عز وجل - پێغەمەرانی خۆی موسەللەط ئەکا بەسەر ئەوانەدا کە ئیرادە بفەرموێ ، ترس ئەخاتە دڵیانەوە خوا موقتەدیرە بەسەر هەموو شتێکا [خوا - عز وجل - ئەم ماڵانەی بەنی نەضیرو خەیبەرو فەدەکی خاص کردوە بە خوصووصی پێغەمەرەوە - صلی الله تعالی علیه وسلم - وەڵلاهی بە تەنها بۆ خۆیی جەمع نەکردۆتەوە تەخصیصی بە خۆیەوە نەکردوە ، هەمووی لە بەینی ئێوەدا تەقسیم کردوە ، یەعنی لەو ماڵە بەشی ئێوەیشی بە تەواوەتی داوە تەنها ئەم ماڵە ماوە • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لەم بەقییەی کە لە ئێوە ماوەتەوە صەرفی نەفەقەی ساڵی ئەهل‌و عەیالی ئەکرد • ئەوی لەوان بمایایەوە ئەیخستە (بیت المال)ەوە [لە سیلاح‌و حەیوان‌و مەصلەحەتی موسوڵمانانا صەرفی ئەکرد] پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە موددەی حەیاتیا بەم نەوعە موعامەلەی کردوە بە خواتان سوێند ئەدەم ئێوە ئەوە ئەزانن یان نا ؟ عەرزیانکرد : بەڵێ • لە پاشا رووی‌کردە عەباس‌و عەلی‌و فەرمووی : بە خواتان سوێند ئەدەم ئێوە ئەوە ئەزانن یان نا ؟ عەرزیانکرد : بەڵێ • فەرمووی : پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - وەفاتی کرد ، ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی : من وەلی پێغەمەرم - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەو ماڵەی گرتە لای خۆی پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - چۆنی لە عەمەل هێنابوو ئەویش وای لە عەمەل ئەهێنا • خوا ئەزانێ کە ئەبوبەکر لەو ماڵەدا صادق‌و بە ئیحسان‌و لەسەر رێی حەق‌و تابیعی حەق بوە [ئێوە چوونە خزمەتی تۆ طەڵەبی میراتی برازات لێ ئەکرد ئەمە [یەعنی عەلی - رضي الله تعالی عنه -] میراتی باوکی ژنەکەی لێ طەلەب ئەکرد • ئەبوبەکر - رضي الله تعالی عنه - فەرمووی :

کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیــە وسلم ـ فەرموویەتی : ئێمە ئیرثمان لێ ناگیرێ ئەوی بەجێی‌بێلین صەدەقەیە • مسلم] •

لە پاشا ئەبوبەکریش ـ رضي الله تعــالی عنــە ـ وەفاتی کرد من وەلی ئەبوبەکر بووم ، دوو ساڵ لە ئەوەلی ئەمیرێتیمەوە گرتمە لای خۆم بــەو نەوعەی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە عەمەلیان هێنا منیش وام لە عەمەل هێنا ، خوا عیلمی هەیە لەو لە عەمەل‌هێنانەدا صادق بووم بە چاکیم لە عەمەل هێنا ، لە سەر رێی راست‌و تابیعی حەق بووم • لە پاشا ئێوە هاتن قسەتان لەگەڵ کردم ، قسەتان یەك بوو [یەعنی موتەفیق بوون نیزاعتان لە بەینا نەبوو] ئەی عەباس تۆ هاتی داوای میـــراتی برازات لێ‌کردم ، ئــەمــە ، یــەعنی عەلی ، هــات داوای حیصصەی ژنەکەی کرد لە میراتی باوکی ، پێم‌وتن : پێغەمەر ـ صــلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : ئێمە ئیرثمان لێ ناگیرێ ئەوی بــەجێی بێلین صەدەقەیە • کە مەصلەحەتم وا بۆ دەرکەوت کە بیدەم بە ئێوە وتم : ئەگەر ئارەزووتان بێنێ کە تەسلیمی ئێوەی بکەم بەو شەرتە عەهدو میثاقی خواتان لەسەر بێ کە پێغەمەر ـ صلی الله تعــالی علیــە وسلم ـ و ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنه ـ و من لەو وەختەوە کە گرتوومەتە ژێر دەســـتمەوە چۆنمان لە عەمەل هێناوە ئێوەیش بەو نەوعە لە عەمەلی بێنن [یەعنی بە قەدر ئوجرەتی ئیشـــکردنتان تیــایــا ئینتیفاعی لێ بکەن ، نەیکەن بە موڵك] تەسلیمتان ئەکەم ، وتتان : بەو نەوعە تەسلیممان بکە ، منیش بەو شــەرتە تەسلیمم کردن •• ئەی جەماعەت بە خواتان سوێن ئەدەم وام تەسلیم‌کردن یان نا ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ ، لە پاشــا رووی‌کردە مام‌و برازا ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : بە خواتان سوێند ئەدەم بەو شەرتەم تەسلیم‌کردن یان نــا ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ وات تەسلیم‌کردین • فەرمووی : ئێســـتتە

حوکمێکی غەیری ئەم حوکمەم لێ طەلەب ئەکەن ! قەسەم بەو خوایەی کە ئاسمانو ئەرز بە ئیذنی ئەو رائەوەستێ [تا قیامی ســاعەت ، ئەبوداود] بە غەیری ئەو حوکمە حوکمێکی تر ناکەم • ئەگەر دەرەقەتی نایێن کە وای لە عەمەل بێنن بیدەنەوە بە من ، من لە کۆڵی ئێوەی ئەخەم •

زوهریی ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : ئەم حەدیثی مالیکی کوڕی ئەوسەم بە عوروەی کوڕی زوبەیر وت ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : مالیك راست ئەڵێ ؛ من لە حەزرەتی عایشەی پوورم ـ رضـي الله تعـالی عنها ـ ی حەرەمی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیست ئەیفەرموو : حەرەمانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئیمامی عوثمانیان راسپاردە خزمەت ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ داوای هەشتیەکیان لەوەی کـە خوا ـ عز وجل ـ بە بێ حەربو ضەرب داویەتی بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەکرد ، من لەوە وازم پێ ئەهێنان ، پێم‌وتن : بـۆ ئێوە هیچ تەقوا لە خوا ناکەن ؟ نازانن کە پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـە وسلم ـ فەرموویەتی : ئیرثمان لێ ناگیرێ تەریکەمان صەدەقەیە پێغەمەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ مەقصوودی خۆی بوو ، ئالی محمد ئەم ماڵە هەر لێی ئەخۆن •• بەو مەنعی منە حەرەمانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەو داوای ئیرثە وازیان هێنا هاتنە سەر ئەوە کە خەبەرم دانێ •

لە پاشا ئەم صەدەقە بـە دەســت ئیمامی عەلی‌یەوە بوو مەنعی عەباسی لێ‌کرد • دوای ئەو بە دەست ئیمامی حەسەنەوە ، لە دواییدا بـە دەســت ئیمامی حسێنەوە ، لە دواییا بە دەست عەلی کوڕی حسەینەوەو حەســـەنی کوڕی حسەینەوە بە شەریکی ئیدارەیان ئەکرد ، لە پاشا بە دەستی زەیدی کوڕی حەسەنەوە بوو • ئەوە صەدەقەی پێغەمەرە ـ صلی الله تعـالی علیـە وسلم ـ صەدەقەیێکی حەقە •

ئەموالی یەتیم :

قال الله تعالى : (وآتوا اليتامى أموالهم ولا تتبدلوا الخبيث بالطيب ، ولا تأكلوا أموالهم إلى أموالكم إنه كان حوباً كبيرا)[1] •

تەرجەمە :

خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : یەتیم کە باڵغ بوو روشدی پەیدا کردو داوای ماڵی خۆیان کردەوە بیاندەنەوە ، ماڵی خراپی خۆتان تەبدیل مەکەن بە ماڵی چاکی ئەوان ، یەعنی ماڵەکەیان مەگۆڕن کە لە باتی ئـەوە مـاڵی خراپیان بدەنەوە • یاخو مەعنای وایە ماڵی حەرام کە خەبیثە لە باتی مـاڵی طەییبی خۆتان کە حەڵاڵە قەبووڵ مەکەن ، یـا ماڵە حەرامەکە بە قیمەتترو چاتر بێ لە ماڵە حەڵاڵەکە • ماڵی ئەوانیش تێکەڵ مەکەن بـە ماڵی خۆتـان بەیەکەوە بیخۆن ، ئەو خواردنە بەو نەوعە گوناهێکی زۆر گەورەیە •

ولا تؤتوا الســـفهاء أموالكم التي جعل الله لكم قياماً ، وارزقوهم فيها ، واكسوهم ، وقولوا لهم قولاً معروفا)[1] •

تەرجەمە :

ماڵی هەتیوی خۆتان کە وەجهی مەعیشەتتانەو خـوا کردوویـە بـە سەبەبی بەقاتان مەدەن بە سەفیهان کە لە ناوی ببـەن ، لـەو ماڵـە رزقیان بدەنێو لیباسیان بۆ بکەن، قسەی خۆشیان لەگەڵ بکەن• یا ماڵ عامە ئەگەر هی هەتیوەکانیان بێ تا ئیثباتی روشد نەکەن مەیدەنە دەستیان ، ئەگەر هی خۆتانە مەیدەنە دەست مناڵو ژنی موسریفو بێعەقڵ •

---

(1) النســـاء / ٢ •
(1) النســـاء / ٤ •

وابتلوا اليتامى ، حتى إذا بلغوا النكاح ، فإن آنستم منهم رشداً فادفعوا إليهم أموالهم ، ولا تأكلوها إسرافا وبدارا أن يكبروا ، ومن كان غنياً فليستعفف ، ومن كان فقيرا فليأكل بالمعروف ، فإذا دفعتم إليهم أموالهم فأشهدوا عليهم ، وكفى بالله حسيبا)[٢] ئەووەڵی صەحیفەی نیسا .

تەرجەمە :

هەتیوەکاتتان لە پێش بلووغا تەجرەبە بکەن ، **فێری دین و خەریدو** فروخت و دنیاداریی[١] بکەن تا بالغ ئەبن ، کە بالغ بوونو زانیتان کە ماڵ بەفیڕۆ نادەن ماڵەکەیان بدەنەوە خۆیان ئیدارەی بکەن .

ئەی ئەولیای هەتیو ماڵی هەتیو مەخۆن بە ئیسرافی زیاد لە ئوجرەتی تەنمیەو موحافەظەی بۆ خاتری ئەمە عەجەلە بکەن لە خواردنیا مەبادا گەورە بین و ماڵەکە لە مەیدانا بێ و داواتان لێ بکەنەوە . ئەوی دەوڵەمەند بێ موحتاج نەبێ بە ئوجرەتی عەمەلی عیففەت بکا لە خواردنی ، ئەوی فەقیر بێ بەو نەوعە کە شەرع بە جەوازی داشتوە بخوا کە لە دوای بلووغ و ئیثباتی روشد ماڵەکاتتان تەسلیمکردنەوە شاهیدیان لەسەر بگرن لەبەر دەفعی توهمەت گینا لە مەحکەمەدا دەعوای ئیعادەتان بە بێ شاهید مەسموع نابێ ، خوا کافیە بۆ موحاسیب ، موخالەفەی ئەمری مەکەن .

(للرجال نصيب مما ترك الوالدان والأقربون وللنساء نصيب مما ترك الوالدان والأقربون ، مما قلّ منه أو كثر ، نصيباً مفروضا)[٢] نیسا صەحیفەی دوو .

---

(٢) النساء / ٦ .

(١) « فێری دین و ... » ئەم دێرە رەوان نیەو راست وایە ئاوا بێت : « فێری دین و خەریدو فروخت و دنیاداریيان بکەن » .

تەرجەمە :

لەوەی کە باوكو دایكو خزمو کەسو کار بەجێی یێڵن بۆ پیاوانو بۆ ژنان ، کەم یا زۆر ، هەر یەکـە حیصصەیێکی موعەییەنی هـەیـە بـە پێی فەرائیض •

(وإذا حضر القسمة أولو القربى واليتامى والمساكين فارزقوهم منه ، وقولوا لهم قولاً معروفا)[1] نیسا صەحیفەی دوو ، ح – ١٧/٥ •

تەرجەمە :

کە خزمو هەتیوو میسکین لەوانەی کە ئیرث نابەن حازری تەقسیمەکە بن رزقێکی کەمیان پێ عەطا بکەنو ، قسەیێکی خۆشو باشیان پێ بڵێن ، بەوە دڵیان بەجێ بێنن • یەعنی ئەگەر وارثەکان گەورە بن ســـــونەتە شتێکیان بدەنێ ، ئەگەر منالٚ بن بەوانەی کـــە حازرن بڵێن : چی بکەین وارثەکان منالٚن هەتیون ، لەوە هیچتان مومکین نیە بدرێتێ •

١٦/٣٠٣٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال [موقوفـاً عليه] : إن ناساً يزعمون أن هذه الآية نســخت [بآية المواريث] ولا والله ما نسخت ، ولكنها مما تهاون الناس هما [أي المتصرفان في التركة] واليان : وال يرث وذاك الذي يَرْزُق ، ووال لا يرث [كولي اليتيم]فذاك الذي يقول بالمعروف ، يقول : لا أملك لك أن أعطيك [شــيئاً منـه ، إنما هو لليتيم ، ولو كان لي منه شيء لأعطيتك] ح – ١٨/٥ • ئایەتەکەم موافیقی ئەمە تەرجەمە کردوە •

---

(٢) النســـاء / ٧ •

(١) النســـاء / ٨ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : بەعزێ کەس ئەڵێن : ئەم ئایەتە مەنسوخە بە ئایەتی میرات ، خەیر وەڵلاهی مەنسووخ نیە ، فەقەط خەڵق بێ موبالاتییان کردوە لە حوکمی ئایەتەکەداو عەمەلیان پێنەکردوە • ئەوی لە ماڵی میرات ویلایەتی تەصەڕوفی بۆ هەیە دوانن : یەکێکیان واریثی باڵغە ، ئەوە ئەوەیە کە رزق بەو خزمو هەتیوو فەقیرانە ئەدا کە حازری تەقسیمەکەن ، چونکی ماڵەکە ماڵی خۆیانە ، خۆیشیان باڵغن بۆیان هەیە کە بە حوسنی رەزا دڵی کەسو کارو هەتیوو فەقیر بەجێ بێنن • یەکێکیان واریث نیە وەلی هەتیوەکانە ، ئەوانە بەوانەی کە حازرن ئەڵێن : چی بکەین ماڵی هەتیوە هی ئێمە نیە ناتوانین هیچتان بدەینێ •

٣٠٣٩/١٧ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ (ومن كان غنياً فليستعفف ومن كان فقيراً فليأكل بالمعروف)[١] قالت : أنزلت في والي اليتيم أن يصيب من ماله إذا كان محتاجاً بقدر ماله بالمعروف ح ـ ٥/٢٠ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : ئایەتی (ومن كان غنيا) دەرحەقی وەلی هەتیو نازڵ بوە کە ئەگەر موحتاج بێ بۆی دروستە میقداری مەعرووف بەقەد ماڵەکەی ، یەعنی بە قەد سەعیکردنی لە ماڵەکەیا ، بخوا •

(وليخش الذين لو تركوا من خلفهم ذرية ضعافاً خافوا عليهم ، فليتقوا الله وليقولوا قولاً سديدا)[٢] نساء/ص : ٢ •

---

(١) النســاء / ٦ •
(٢) النســاء / ٩ •

جاریە کە وەقفە مونقەطیع نابێ تا وەقفەکە بمێنێ • بەڵکو تا قیامەت وەك ئاو جاری ئەبێ • عەمەلێکی بێ کە خەڵق پێی مونتەفیع بێ • ئەولادێکی صاڵحی بێ دۆعای خێرو ئیستیغفاری بۆ بکا • ئەمانەیش مونقەطیع نابن •

۱۹/۳۰٤۱ – عن ابن عمر – رضي الله تعالى عنهما – أن عمر [رضي الله تعالى عنه] تصدق بمال له على عهد رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – وكان يقال له : ثَمْغ ، وكان نخلا ، فقال عمر : يا رسول الله إني استفدت مالاً وهو عندي نفيس ، فأردت أن أتصدق به ، فقال النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – : تصدق بأصله لا يباع ولا يوهب ولا يورث ولكن ينفق ثمره ، فتصدق به عمر [رضي الله تعالى عنه] فصدقته ذلك في سبيل الله ، وفي الرقاب ، والمساكين ، والضيف ، وابن السبيل ، ولذي القربى ، ولا جناح على من وليه أن يأكل منه بالمعروف [بقدر أجرة عمله] ويؤكله صديقه غير متمول [غير متأثل ، أخرى] ح – ٥/٢٠ ، م – ٧/٩٠ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر – رضي الله تعالى عنه – لە زەمانی پێغەمەرا – صلى الله تعالى عليه وسلم – ماڵێکی بوو ناوی ثەمغ بوو ، باغی خورما بوو کردی بە صەدەقە • پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەمری پێ فەرموو : ئەصلەکەی بکە بە صەدەقە کە نەفرۆشرێ ، نەبەخشرێ ، بە ئیرث نەگیرێ ،ئەمما مەنفەعەتەکەی ئینفاق بکرێ ، بەو نەوعە ئیمامی عومەر – رضي الله تعالى عنه – کردی بە صەدەقە لە (في سبيل الله)دا ، لە رەقەبەئازادکردنا ، لە فەقیرو فوقەرادا ، لە میوانا ، لە رێبوارا ، لە خزمو ئەقریبادا ، گوناە نەبێ لەسەر موتەوەلیەکەی کە بە قەد ئوجرەتی عادەتی پێی بخوا ، دەرخواردی ئەحبابی بدا ، ئەمما نەیکا بە ماڵ بۆ خۆی •

(ویسألونك عن الیتامی • قل : إصلاح لهم خیر ، وإن تخالطوهم فإخوانكم ، والله یعلم المفسد من المصلح ، ولو شاء الله لأعنتكم ، إن الله عزیز حكیم)[1] لأعنتكم : لأحرجكم وضیق علیكم (وعنت الوجوه للحي القیوم) خضعت ح ـ ٥/٢١ ، البقرة •

ئەبوداودو نەسائیو حاكمو ئیبنوجەریر لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ وە ریوایەت ئەكەن كە ئایەتی (ولا تقربوا مال الیتیم ••• الآیة)[1] ئیسرا [یەعنی بە چاكیی نەبێ نزیك بە مالی هەتیو مەكەون تا ئەگاتە حەددی روشد ، وەفا بە عەهدی خوا بكەن كە لەگەڵ ئێوەیا كردوە ، كە موعامەلە دەرحەقی یەتیم داخلی ئەو عەهدەیە ، چونكی عەهدێكە خوا لەگەڵ عیبادی خۆی كردوویەتی ، لێی ئەپرسرێتەوە بەجێ هاتوە یان نا] ئایەتی (إن الذین یأكلون أموال الیتامی ••• الآیة) [تەرجەمەی رابورد] نازڵ بوو •• ئەوانەی كە هەتیویان لە لا بوو مالی خۆیان جوێ كردەوە ، خۆراكو خواردنەوەیان بە جوێ بۆ ئەكردن ، وا ئەبوو هەتیوەكە هەمووی پێ نەئەخورا بۆیان هەڵەگرتن كە لە دواییدا بیخوا ، بەعزێ وەقت ئەو پاشماوە خراپ ئەبو ، ئەترشا ، بۆنی ئەكرد ، ئەو حاڵە لەسەر وەلیی هەتیو گران بوو چوون عەرزی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یان كرد ئەم ئایەتە نازڵ بوو كە تەرجەمەی وایە :

ئەی محمد دەرحەقی مالی هەتیو لێت ئەپرسن كە چۆنی موعامەلە لەگەڵ بكەن وایان جواب بدەرەوە كە ئیصلاحی مالیان بەو نەوعەی كە مەصلەحەت بێو بە مەنفەعەت بێ بۆیان خێرەو ئەجری گەورەیە ، ئەگەر مالیان تێكەڵ بە مالی خۆتان بكەن ئەوانە برای دینی خۆتانن ، بۆ برای

---
(١) البقرة / ٢٢٠ •
(١) الاسراء / ٣٤ •

دینیی لازمه موعـاوەنەتی یەکتری بکەن ، یەعنی زەرەریـان پێمەگەیێنن • مەنفەعەتی خۆتاتان چۆن ئەوێ وایان موعامەلە لەگەڵ بکەن ، خوا ئینسانی موفسیدو ئینسانی موصلیح لە یەك جوێ ئەکاتەوە ، بەپێی ئەوە لە ئاخیرەتا موعامەلەتان لەگەڵ ئەکـا ، ئەگەر خـوا ئیرادە بکا دەرحەقی ماڵی یـەتیم ئەتانخاتە مەشەقەتەوە ، یەعنی تەکلیفتان لێ ئەکا بێ ئەمـە ماڵتان تێـکەڵ بکەن بە ماڵی هەتیو بە وەجهی ئەحسەن تەنسیەی بکەن‌و بۆیان بهێننە ناو ، خوا عەزیزەو غالبە ، قودرەتی بەسەر هەموو شتا هەیە کـە بیکا ، حەکیمە ئەوی بیکا موافیقی حیکمەتە •

بوخاری مەعنای (أعنت) لێك‌ئەداتەوە ئەفەرموێ : (أعنت) بە مەعنا (أحرج)ەیـە یەعنی ئەتانخاتە زەحمەتەوە ، تەکلیفی شـاقەتان لێ ئەکا ، ئەمما نایکا • بە موناسـەبەی (أعنت)وە مەعنای (وعنت الوجوه للحي القيوم)یش[1] بەیان ئەکا ؛ چونکی لە لەفظا ئەشوبهێن بەیەك ؛ یەعنی رووی هەموو مەخلووقات تەواضوع‌و خوضووع ئەکەن بۆ ئـەو ذاتەی کـە بـە حەیاتی ذاتی‌و حەقیقی حەیاتی هەیە ، هەموو کائینات بە ئیرادەو قودرەتی ئەو وجوودی هەیەو راوەستاوە ، ئەگەر یەك ئان شـوعلەی ئیرادەو قودرەتی لە مەخلووقات جوێ بێتەوە بە جارێ هەموو ئەچنە عەدەمەوە وەك شوعلەی رۆژ لە هەر کوێ بدا رووناکی ئەکا ، لێی لادا دەزبەجێ تاریـك ئەبێ •

(اعنت) صەحیحە (عنت) لە (عنو)ە ناقیصە ، ئەم تۆزە موخالیفی شەرتی تەرجەمەیە بۆ عەوام ئەمما مەجبووری‌یە •

ئەنەس – رضي الله تعالى عنه ــ خانوویێکی وەقف‌کرد کە خۆی لـە جێیێ بهاتایەوە تیا دائەبەزی •

---

(1) طـه / ١١١ •

زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ چەند خانوویێکی وەقف کرد فەرمووی : ئەو کچانەم کە مێردیان تەڵاقیان بدەن یا بە هەر نەوعێ لە مێرد جوێ بنەوە بەو شەرتە زەرەری پێ نەگەیێنێ خۆیشی موتەضەڕیر نەبێ تیا دابنیشێ کە ئیحتیاجی نەما هیچ حەقی لەو خانوانەدا نەبێ •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حیصەی خۆیی لە خانووی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کرد بە سوکنا بۆ ئالی خۆی بۆ ئەوانە کە موحتاج بن •

عوثمانی کوڕی عەففان ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو وەختەدا کە موحاصەرەیان دا [چونکی عەبدوڵلای کوڕی سەعدی کوڕی ئەبوسەرحی کرد بە والی میصر] سەری بەرزکردەوە بۆ ئەوانەی کە موحاصەرەیان دابوو فەرمووی : بە خواتان سوێن ئەدەم ، هەر ئەوانە سوێند ئەدەم کە ئەصحابی پێغەمەرن ، ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ بۆ ئێوە نازانن کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ بیری (رومە) هەڵبکەنی بەهەشتی بۆ هەیە ، من هەڵم کەند ؟ بۆ نازانن کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ تەجهیزی (جیش العسرة) بکا [کە ئەچوون بۆ (تەبووك) هیچیان نەبوو ، وەختێکی زۆر گەرم بوو] بەهەشت بۆ ئەو بێ ، من تەجهیزم کرد ؟ هەموو تەصدیقی فەرموودەکەیان کرد • یەعنی کە ئەوە ئەزانن کە لە سەر زمانی پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ خوا دوو دەفعە بەهەشتی داوە بە من ، بیرەکە خۆم هەڵم کەندوەو تەعمیرم کردۆتەوە بۆ موحاصەرەتان داوم و مەنعی ئاوی ئەو بیرەتان لێ کردووم ؟ ح ـ ٢٧/٥ •

هیبـه :

٣٠٤٢/٢٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لو دعيت إلى = ذراع أو = الى كراع [پێچكه] لأجبت ، ولو أهدي إليّ ذراع أو كراع لقبلت ح ـ ٣٢٣/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر بانگ بکرێمە سەر = دەستێ یا = پێچکەیێ ئیجابەتی ئەکەم ، ئەگەر دەستێ یا پێچکەی حەیوانێکم بە دیاریی بۆ بێنن قەبووڵی ئەکەم •

ئیجابەتی دەعوەت ، قەبووڵکردنی دیاریی سوننەتە ، با کەمیش بن •

٣٠٤٣/٢١ ـ وعنه قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اذا أتي بطعام سأل عنه : أهدية أم صدقة ؟ فإن قيل صدقة ، قال لأصحابه : كلوا ولم يأكل • وإن قيل هدية ضرب بيده ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأكل معهم ح ـ ٣٢٦/٤ •

تەرجەمە :

= پێغەمەر = ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ طەعامێکیان بۆ بهێنایە ئەیپرسی : هەدیەیە یا صەدەقەیە ؟ ئەگەر عەرزیان بکردایە صەدەقەیە بە ئەصحابی ئەفەرموو : ئێوە بیخۆن ، خۆی نەیەخوارد ، ئەگەر عەرزیان بکردایە هەدیەیە دەستی ئەکرد بەخواردن لەگەڵیان •

٣٠٤٤/٢٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يا نساء المسلمات لا تحقرن جارة لجارتها ولو فِرْسِنَ شاة [سمورچە] م ـ ٣١٣/٤ ، ح ـ ٣٢٢/٤ ، ت • وفي أوله :

تهادوا فإن الهدية تذهب وحر الصدر • وعن عائشة : يا نساء المؤمنين تهادوا ولو فرسن شاة ؛ فإنه يثبت المودة ، ويذهب الضغائن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : [ئەی ژنی موسوڵمانان هەدیيە بۆ یەك بنێرن با سمورچە بزنێ بێ ؛ چونکە هەدییە مەحەببەت زیاد ئەکا ، بوغض و کین لە دڵا نایێڵێ] ئەی ژنی موسوڵمانان هیچ دراوسێیێ دیاریی دراوسێی بە حەقیر نەزانێ با سمورچە بزنێ بێ •

٢٣/٣٠٤٥ ـ أنس زعم [أي قال] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان لا يرد الطيب ح ـ ٤/٣٢٩ ، ت ، ن ، مر في اللباس[1] •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆنی خۆشی رەدنەئەکردەوە •

٢٤/٣٠٤٦ ـ ئەسماء ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە قاسمی کوڕی محمدو بە عەبدوڵلای کوڕی ئەبیعەتیقی فەرموو : لە عایشەی خوشکم (غابە)م ـ باغێکە ـ بە ئیرث گرت ، موعاویە صەد هەزاری دامێ نەمدا ، ئەوە بۆ ئێوە بێ ح ـ ٤/٣٤١ •

سەبەبی ئەوە کە عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وەفاتی کرد ئەسماو ئوممو کولثووم و ئەولادی عەبدوڕەحمان ئیرثیان گرت ، کوڕانی محمدی برای ئیرثیان لێ نەگرت •• چونکی ئەولادی محمد دایك و باوکی‌ی عایشە نەبوون ئەسماء ـ رضي الله تعالى عنها ـ جەبری خاطری قاسمی کرد عەبدوڵلای کوڕی ئیبنو ئەبیعەتیقی کرد بە شەریکی ؛ چونکی هەرچەندە عەبدوڕەحمان برای دایك و باوکی عایشە بوو ، عەبدوڵلای کوڕی

(١) باسی لیباسی بۆ گەڕام بەم لەفزە نەمدۆزییەوە .

ئەبوعەتیق چونکی ئەبوعەتیقی کوڕی عەبدوڕەحمان ـ رضي لله تعالی عنه ـ له حەیاتا بوو عەبدوڵلا واریث نەئەبوو •

قەسطەلانی ئەڵێ : ئەم تەعلیقەم نەدۆزیەوە •

پاداشی هیبه :

۳۰٤۷/۲٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالی عنها ـ قالت : کان رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقبل الهدیة ویثیب علیها ح ـ ٤/۳۳۰ ، د ، ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەدییەی قەبووڵ ئەکردو پاداشی ئەدایەوە •

الرجوع في الهبة(۱) :

۳۰٤۸/۲٦ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لیس لنا مَثَل السَّوْءِ الذي یعود في هبته کالکلب یرجع في قیئه ح ـ ٤/۳٤۹ فیأکله م ـ ۷/۷۰ بفرق ما •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێمە مەثەلی خراپەمان نیە ، ئەوی هیبە بکاتو لێی روجووع بێتەوە وەکوو سەگ وایە کە ئەرشێتەوەو ئەچێتەوە سەر رشانەوەکەی دووبارە ئەیخواتەوە •

بوخاری ئەفەرموێ : بەعزێ کەسان یەعنی ئیمامی ئەعظەم ـ رحمه الله ـ وتوویەتی : ئەگەر کەسێ هەزار درهەم یا زیاتری بە کەسێ هیبە کرد

(۱) پاشگەزبوونەوە لە هیبەو بەخشش •

تا چەند ساڵێ ئەو پارەیە لای ئەو کەسەی کە پێی هیبەکردوە بمێنێتەوە لەوەدا واهیبەکە حیلەی کرد [کە لەگەڵ (موهوب لە)دکە ئیتتیفاقیان کرد کە تەصەڕوفی تیا نەکا] لە پاشا واهیبەکە لە هیبەکەی روجووعی کردەوە ، لەسەر هیچیان زەکات نیە • بەم حیلەیە ئیمامی ئەعظەم موخالەفەی پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـی کردوە ، ئیسقاطی زەکاتی کردوە ح – ١٠/١٠٩ •

٢٧/٣٠٤٩ ـ عن نعمان بن بشير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن أباه أتى به الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : إني نحلت ابني هذا غلاماً • فقال : أكل ولدك نحلتَ مثله ؟ قال : لا • قال : فارجعه ح – ٤/٣٣١ ، م – ٧/٧١ ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

نوعمانی کوڕی بەشیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : باوکم بردمیە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی کرد : ئەم کوڕەم غولامێکم داوەتێ ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بە کوللی منداڵێکت ئەوەندەت داوەتێ ؟ عەرزی کرد : خەیر • فەرمووی : لێی روجووع بەرەوە •

لە عەطادا تەسویە لە بەینی ئەولادا فەرزە ، شایەد = جیاوازی = کرا روجووعبوونەوە لە فەضلەکەی فەرزە • روجووع نەبێتەوە لە دوای ئەو بەشکردنی لازمە •

٢٨/٣٠٥٠ ـ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ وهو على المنبر يقول : أعطاني أبي عطية [أي غلاماً] فقالت [أمي] عمرة بنت رواحة : لا أرضى حتى تشهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأتى رسول الله ـ صلى

الله تعالی علیه وسلم ـ فقال ـ إني أعطيت ابني من عمرة بنت رواحة [رضي الله تعالى عنهما] عطية ، فأمرتني أن أشهدك يا رسول الله [قال : ألك بنون سواه ؟ قال : نعم • قال : فكلهم أعطيتَ مثل هذا ؟ قال : لا • قال : فلا أشهد على جور م ـ ٧/٧٢] قال : أعطيت سائر ولدك مثل هـذا ؟ فـال : لا • قال : فاتقوا الله واعدلوا بين أولادكم • قال : فرجع [أبي ، م] فردّ عطيته ح ـ ٤/٣٣٢ ، م ـ ٧/٧٢ •

وفي مسلم في هذه الحادثة روايات كثيرة مآل الكل : أن التســوية بين الأولاد في العطية واجبة •

تەرجەمە :

نوعمانی کوڕی بەشیر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ لەســــەر مینبەر ئەفەرموێ : باوکم عەطایێکی لەگەڵ کـردم ، عەمـرەی دایـکم وتی : تـا پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەسەر نەگری بە شاهید رازی نابم• باوکم چوە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیــه وسلم ـ عەرزی کرد : عەطایێکم لەگەڵ ئەم کوڕەما کردوە ، عەمرەی دایکی ئەمری پێ کردم کـە بتـکەم بە شاهید (یا رسول الله) فەرمووی : کوڕی ترت هـەیـە غەیـری ئەمە ؟ عەرزی کرد : بەڵێ • فەرمووی : بـەوانی تریش ئەوەندەت داوێ ؟ عەرزی کرد : خەیر • فەرمووی : لە خوا بترسن ، عەدالەت بکەن لە بەینی ئەولادتانا ، من شـــەهادەت لەســــەر زوڵم نادەم • باوکم غولامەکەی لێ سەندمەوە •

ناوبردن بە زوڵم دەلالەت لەسەر حەرامی ئەکا •

وای بۆ حاڵی ئەوانەی وەقف لەسەر ئەولادی ذوکوور ئەکەن !!

لەم مەسئەلەدا ئەحادیث زۆرە ، مەعنای هەموویان یەکێکە ، ئەوەندە کافیــە •

٢٩/٣٠٥١ ـ عن كريب مولى ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن ميمونة بنت الحرث ـ رضي الله تعالى عنها ـ أخبرته أنهـا اعتقت وليدة ولم تستأذن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما كان يومهـا الذي يدور عليها فيه قالت : أشعرت يا رسول الله أني اعتقت وليدتي ؟ قال : أو فعلت ؟ قالت : نعم • قال = أما أنك = لو أعطيتها أخوا[تك ، م] لك ، كان أعظم لأجرك ِ ح ـ ٣٣٤/٤ ، م ـ ٣٧٣/٤ ، ن •

تەرجەمە :

مەیموونەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بێ ئەمە ئیستیذان لە پێغەمەر بکا ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ جاریەیێکی ئازاد ئەکا ، لە نۆبەیا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی ئەچێتـە لای عەرزی ئەکا : (یا رسول الله) خەبەرت هەیە کە جاریەکەم ئازاد کرد ؟ ئەفەرموێ : بۆچی ئـازادت کـرد ؟ عەرزیئەکـا : بەڵێ • پێیفەرموو : خەبەرت بێ ئەگەر بتدایە بە خاڵەکانت ، لە ریوایەتی (موەطەء)ا بتدایـە بە خوشـکەکانت ، ئەجرت زیاتر ئەبوو •

لە ریوایەتی (نەسائی)دا بۆ کچی خوشـکەکەت پێ نەجات نەدا لـە شوانیی مەڕ ؟

ئینسان خزمی موحتاجی بێ ئیحسان پێکردنیان لـە عەبدئازادکردن باشترە • « خێر بۆ خوێش نەك بۆ دەروێش » •

٣٠/٣٠٥٢ ـ عن عائشـة ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ قالت : قلت : يا رسول الله إن لي جارين ِ فإلى أيّهما أهدي ؟ قال : إلى أقربهما منك ِ باباً ح ـ ٣٣٥/٤ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : وتم : (یا رســـول الله)
دوو دراوسێم هەیە هەدیە = لە پێشا = بۆ کامیان بنێرم ؟ فەرمووی : بۆ
ئەوەی کە دەرگای لێتەوە نزیکە •

۳۰۵۳/۳۱ ـ (عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعالی عنه ـ) ئەفەرموێ :
لـە رێی خوادا یـەکێـکم ســــواری ئەســــپێکی باش کـرد ، ئەوەی
کە ئەسپەکەم دایێ ماڵی نەبوو ، ئەسپەکەی بە ضائیع ئەدا ، ئیرادەم کـرد
لێیبکڕمەوە ، ظەنم وابوو کە بە هەرزان ئەیفرۆشێ • پرسم بـە پێغەمـەر
ـ صـلی الله تعالی علیـە وسلم ـ کـرد فەرمووی : بە درهەمێکیش بتداتێ
مەیکڕە ؛ چونکی مەثەلی ئەوەی لە صەدەقەی روجووع بێتەوە وەك مەثەلی
سەگ وایە کە دەم ئەنێتە رشـــانەوەی خۆی ئەیخواتەوە ح ـ ٣٥٠/٤ ،
م ـ ٦٨/٧ •

لە دەرحەقی روجووعبوونەوە لـە هیبـە حەدیثی زۆر هەیە ، مەئالی
هەموویان یەکێکە •

بوخاری ئەفەرموێ : بەعزێ کەسان [ئیمامی ئەعظەم] فەرموویەتی :
بۆی هەیە روجووع بێتەوە لە صەدەقەی • ح ـ ٣٥٧/٤ •

العمری ، والرقبی :

عومرا لە عومرە • روقبا لە روقووبە ، یەعنی ئینتیظار •

مەعنایان یەکێکە ، عومرا ئەوەیە بە یەکێ بڵێ : ئەم ماڵەم دا بـە تـۆ
تـا ماوی • سێ صوورەتی هەیە :

(١) ئەم شتەم دا بە تۆ تـا ماوی ، کە مردیت بۆ واریثەکانت بێ •
ئەمە هیبەیەو دروستە ، عیبارەتەکەی درێژە •

(٢) ئەمەم دا بە تۆ تا ماوی ، هیچی تر نەڵێ • دوو قەولی شـافیعی لەمەدا هەیە • قەولی جەدیدی دروستە •

(٣) ئەمەم دا بە تۆ تا ماوی کە مردیت بۆ من بێ‌و بۆ واریثی من • ئەمەیش دروستە • شەرتی (کە مردی بێتەوە بۆ خۆم) لەغوە ، نایێتەوە بۆ خۆی بۆ واریثی (موهوب لە)ەکە ئەبێ •

ئەحمەد ئەفەرموێ : عومرای موطڵەق دروستە • مووەقەت دروسـت نیە • مالیك ــ رحمه الله ــ ئەفەرموێ : عومرا تەملیـکی مەنفەعەتە ، تەملیـکی رەقەبەی ماڵەکە نیە • مەذهەبی حەنەفی وەك مەذهەبی شافیعی‌یە •

نەســـائی بــە ســــەنەدی صەصیح لە ئیبنوعەباس ــ رضي الله تعالى عنهما ــ وە بــە مەوقووفی ریـوایـەت ئـەکـا عومـــراو روقبا یەکێـکن • (عبدالكريم عن عطاء مرسلا) ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ــ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ــ نەهی کردوە لە عومراو روقبـا • لێم‌پرسی : عومـرا چیــە ؟ فەرمووی : ئەوەیە کە کەسێ بە کەسێ بڵێ : ئەمە بە قەیدی حەیات بۆ تۆ بێ • لە طەریقی ئیبنوجورەیج بە مەرفووعیی ریوایەت ئەکا کــە عومـراو روقبا نیە ، کەسێ بیانکا لە حەیاتاو لــە مەمـاتـا هەرهی خۆیەتی ، فەقەط مەعنای وایە بە شەرتی روجووع لە دوای مردن دروست نیە ، ئەمما بە بێ ئەو شەرتە دروستە • قەسطەلانیی ، ٤/٣٥١ •

٣٢/٣٠٥٤ ــ جابیر ــ رضي الله تعالى عنــه ــ ئەفەرموێ : پێغـەمــەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فەرمووی : هەرکەسێ ، هــەر پیاوێ عومرا بکا بۆ کەسێك‌و بۆ ئەولادی ئەو کەسە ، بۆ ئەو کەسەو ئەولادی ئەو کەسە ئەبێ ، دوای مردنی ئەو کەسە ناچێتەوە بۆ صاحێبەکەی بۆ ئەولادی ئـەو کەسە ئەبێ کە داویەتێ ؛ چونکی عەطاییێکی وای کردوە کە ئیرثی تیا جاری ئەبێ م ــ ٧/٧٥ •

٣٠٥٥/٣٣ ـ جابیر رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عومرایێ کـــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەتوای دروســتبوونی داوە ئــەو عومرایەیە کە بڵێ : ئەمە بـۆ تۆو ئەولادی تۆ بێ ، ئەمما ئەگەر بڵێ : بـە قەیدی حەیات بۆ تۆ بێ ئەوە روجووع ئەکاتەوە بۆ صاحێبەکەی ، یەعنی ئیرثی تیا جاری نابێ م ـ ٧/٧٦ ٠

٣٠٥٦/٣٤ ـ جابیر ـ رضي الله تعالی عنـــه ـ ئەفەرموێ : پێغـەمـەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ دەرحەقی کەسێ کـە بڵێ ئەمە بۆ فلان‌و ئەولادی بێ [یعني نسلا بعد نسل ، نسلا بعد نسل[1]] به قەطعیی حوکمی کردوە بەمە کە بۆ ئەو کەسەو ئەولادی ئەبێ شەرت‌و ئیستیثنای تیا دروست نیە ٠ ئەبوسەلەمە ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : چونکی عەطاییکی کردوە کە ئیرثی تیا جاری ئەبێ ئیرثەکە قەطعی شەرطەکەی ئەکا م ـ ٧/٧٧ ٠

٣٠٥٧/٣٥ ـ جابیر ـ رضي الله تعالی عنـــه ـ ئەفەرموێ : پێغـەمـەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ماڵی خۆتان لەســـــەر خۆتــان موحافەظە بکەن ، بە عومرا بە فەسادی مەبەن ، بە زیندوویی‌و بە مردوویی ئەبێ بە هی ئەو کەسەی کە ئەیدرێنێ‌و بۆ ئەولادی ئەو ئەبێ م ـ ٧/٧٧ ٠

٣٠٥٨/٣٦ ـ جابیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : ئەنصار ماڵی خۆیان ئەکرد بە عومرا بۆ موهاجیر ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێفەرموون : کە ماڵی خۆتان توند بگرن [یەعنی بـە فەســـــادی مەبەن] م ـ ٧/٧٨ ٠

٣٠٥٩/٣٧ ـ ئەبوزوبەیر ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : ژنێ باغێکی بوو لە مەدینەدا کردی بە عومرا بۆ کوڕێکی ، کوڕەکەی وەفـاتی کـرد ،

---

(١) واته پشتاوپشت‌و بەرە لە دوای بەرە ٠

کوڕێکی لە پاش بەجێما ، دایکیشی لە دوای ئەو وەفاتی کرد ، ئەو کوڕە چەند براێکی بوو ئەولادی ئەو ژنە بوون ، ئەم کوڕانە بە کوڕی کوڕە مردوەکەیان وت : ئیتر باغەکە ئەبێتەوە بە ماڵی ئێمە ، کوڕە باوكمردوەکە ئەڵێ : خەیر ماڵی باوکی خۆمانە لە حەیاتاو لە مەماتا • چوونە لای طاریقی مەولای عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ طاريق جابیری بانگ کرد ، جابیر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ شـەهادەتی دا لەسـەر پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ کـە فـەرموویـەتی : عـومـرا مـاڵی ئـەوەیـە کـە ئـەیدرێتێ [یەعنی حیـا ومیتـا][1] طاریـق حوکمی پێکرد ، لە پاشا بۆ عەبدولمەلیکی نووسی ، عەبدولمەلیك وتی : جابیر راستی فەرموە • طاریق حوکمەکەی ئیمضـاکرد[2] • ئەبوزوبەیر ئەفەرموێ : تا ئیمڕۆ ئەو حائیطە[3] • هی ئەولادی ئەوەیە کە عومراکەی بۆ کراوە •

٣٨/٣٠٦٠ ـ جابیر ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حوکمی کردوە بەمە کە عومرا ماڵی ئەوەیـە کە ئەیدرێتێ خ ـ ٣٥١/٤ ، م ـ ٧٨/٧ ، ت ، جە ، ن ، د •

٣٩/٣٠٦١ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : عومرا دروسـتە ح ـ ٣٥١/٤ •

اللقطة ـ ماڵدۆزینەوە ، ماڵی دۆزراوە :

٤٠/٣٠٦٢ ـ عن زيد بن خالد ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء رجل الى رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسـلم ـ فسـأله عن اللـُّقَطـة ؛

(١) واتە : لە ژیاناو لە مردنا .
(٢) واتە : حوکمەکەی رەوا داو چەسپاندی .
(٣) مەبەست لە حائیط باخە .

فقال : أعرف عفاصها [وعاءها] ووكاءها [خيطها الذي يشد به وعاؤها]
ثم عرّفها سنة ؛ فإن جاء صاحبها [فردّها إليه] وإلا فشأنك بها . قـال :
فضالّة الغنم ؟ قال : هي لك ، أو لأخيك ، أو للذئب . قـال : فضـالة
الإبل ؟ [فغضب حتى احمرت وجنتاه ، ٨ - ١/١٨٦] قال : ما لك ولها ؟
معها سقاؤها وحذاؤها [خفها] ترد الماء ، وتأكل الشجر [فذرها ، أخرى]
حتى يلقاها ربها ح - ٤/٢٠٠ ، ٢٤٠ م - ٧/٢٩٠ ، ٢٩٣ . وفي أخـرى
فيه : فإذا جاء صاحبها فعرف عفاصها ، وعددها ، ووكاءها ، فأعطها إيـاه ،
وإلا فهي لك م - ٧/٢٩٥ .

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی خالید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویٚ : پیاویٚ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سـوئالی ماڵی دۆزراوەی لیٚکرد ، فەرمووی : کیسەکەی ، کشـتەکەکەی [عەدەدەکەی] بزانـە ، تـا ساڵیٚ تەعریفی بکە ، ئەگەر صاحێبەکەی هات و کیسـەو کشتەك و عەدەدی زانی بیدەرەوە ، ئەگەر بەو نەوعە لەو ساڵەدا کەسێك نەهات چی لیٚ ئەکەی بیکە . [خەرجی بکە ، لای تۆ ئەمانـەت بیٚ ئەگەر رۆژیٚ لـە رۆژان صاحێبەکەی هـات بۆی بژێرە . م] عەرزیکـرد : ئـەی مـەڕ بدۆزێتەوە ؟ فەرمووی : هی تۆیە [ئەگەر صاحێبی نەهـات] یا هی برای دینی تۆیە [ئەگەر صاحێبەکەی هات] یـا ماڵی گورگە ئەگەر [تۆ نەیگریە لای خۆت] عەرزیکرد : ئەی وشتری ونبوو ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ رقی هەڵسا تا گۆنای سوور بۆوە ، فەرمووی : دەخڵت چیە بەسەر ئەوەوە راویەی[1] خۆیی پێیە ، کەوشی خۆیی پێیە ، ئەچێتە سـەر

(1) مەبەست لە راویە کونەو جەوەنەیە ، لێرەدا مەبەست ئەوەیە . کـە وشـتر کیسـەیەکی تایبەتی هەیە ئاوی تیاهەڵەگریٚو ، بەوە بۆ بیٚ ئاویی خۆی ئەگریٚ .

ئاو ئاوی خۆی ئەخواتەوە ، ئەچێ درەخت ئەخوا ، یەعنی خۆی موحافەظە پێ ئەکرێ لە حەیوانی (مضر) ، خۆی ئەژیێنێ •

٣٠٦٣/٤١ ـ ئوبەیی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی: کیسەیێکم دۆزییەوە ، صەد دیناری تیابوو ، چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ، فەرمووی : ساڵێ تەعریفی بکە ، کردم ، کەسم دەست نەکەوت بڵێ هی منە • تا سێ دەفعە چوومە خزمەتی [دەفعەی چوارەم] فەرمووی : حیفظی عەدەدو کیس‌و کشتەکی بکە ، ئەگەر صاحێبەکەی هات بیدەرەوە ، ئەگەر نەهات ئینتیفاعی پێ بکە ، ئینتیفاعم پێ‌کرد • شوعبە ئەڵێ : سەلەمە ئەفەرموێ : لە پاشا لە مەککەدا بە ئوبەی گەییم • فەرمووی : نازانم ساڵێ یا دوو ساڵ تەعریفم کرد • ح ـ ٤/٢٣٠ ، م ـ ٧/٢٩٧ ، د ، ت ، ن ، جه •

٣٠٦٤/٤٢ ـ ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لە رێ خورمام ئەدۆزیەوە ، ئەگەر لەوە نەترسامایە کە لە صەدەقە بێ ئەمخوارد • ح ـ ٤/٢٣٦ ، م ـ ٥/٣٩ •

٣٠٦٥/٤٣ ـ ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من ئەچمە ماڵەوە خورما ئەدۆزمەوە لەسەر جێگەکەم ئەییەم بۆ دەمم کە بیخۆم ، لە پاشا ئەترسم کە لە صەدەقە بێ فڕێی ئەدەم • ح ـ ٤/٢٣٦ ، م ـ ٥/٣٨ •

٣٠٦٦/٤٤ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ أن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : لا يَحْلُبَنَّ أحد ماشية امرىء بغير إذنه ، أيحب أحدكم أن تؤتى مَشْرُبَتَه فتكسَرَ خزانته ، فينتقل

طعامه [فيُنْتَتَل • م] ؟ فإنما تخزُن لهم ضروع مواشيهم أطعماتهم ، فلا يحلبُنَّ أحد ماشية أحد إلا بإذنه ح ـ ٢٣٩/٤ ، م ـ ٧ ٣٠٠ ، د •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کەس لە ئێوە حەیوانی هیچ کەسێ بە بێ ئیذنی ئەو کەسە نەدۆشێ ، هیچ کامێك لە ئێوە حەزەکا کە بچنە کەنجینەیەوەو خەزێنەی طەعامی بشکێنرێو طەعامەکەی ببرێ ؟ حەیوانیش گوانیان طەعامیان بۆ پەسمەندە ئەکەن ، کە وابێ کەس حەیوانی کەس بە بێ ئیذنی ئەو نەدۆشێ •

٣٠٦٧/٤٥ ـ عن سلمة بن كُهَيل قال : سمعت سُوَيد بن غَفَلة قال : كنت مع سلمان بن ربيعة وزيد بن صُوحان في غزاة ، فوجدت سوطاً ، فقال لي [أحدهما] : ألقِهِ ، قلت : لا ولكن إن وجدت صاحبه [دفعته إليه] وإلا استمتعت به ، فلما رجعنا حججنا ، فمررت بالمدينة ، فسألت أبي بن كعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : وجدت صُرَّة على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيها مائة دينار ، فأتيت بها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : عَرِّفها حولا ، فعرَّفتها حولا ، ثم أتيت [النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] فقال : عرفها حولا ، فعرفتها حولا ، ثم أتيته ، فقال : عرفها حولا ، فعرفتها حولا ، ثم أتيته الرابعة فقال : اعرف عِدَّتها ، ووكاءها ، ووعاءها ، فإن جاء صاحبها [فأدها إليه] وإلا [فهي لك • م] إستمتع بها ح ـ ٢٤١/٤ ، م ـ ٢٩٧/٧ •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی کوهەیل ئەفەرموێ : لـە سوەیدی کوڕی غەفەلەم بیست فەرمووی : لە غەزایێکا لەگەڵ سەلمانی کوڕی رەبیعەو زەیدی کوڕی صوحانا بووم ، قەمچی‌یێکم دۆزیەوە ، یەکێکیان پێی‌وتم : فڕێی‌دە ، وتم : فڕێی‌نادەم ؛ ئەگەر صاحێبەکەیم دەست‌کەوت ئەیدەمەوە ، ئەگەر دەستم نەکەوت پێی مونتەفیع ئەبم • کە گەڕاینەوە حەجمان کرد ، بە لای مەدینەدا رابوردم لە ئوبەیی کوڕی کەعب ـ رضي الله تعالی عنه ـم پرسی ، فەرمووی: کیسەیێکم دۆزیەوە صەد ئاڵتوونی تیا بوو ، بردمە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ســاڵێ تەعریفی بکە ، تەعریفم‌کـرد ، دووبارەو سێ‌بارە چوومەوە خزمـەتی ، هەردوو[1] جارەکـە فەرمووی : ساڵێ تەعریفی بکە ، دەفعەی چوارەم فەرمووی : عەدەدی‌و کیسـەکەیی‌و کشتەکەکەی حیفظ بکە ، صاحێبەکەی هات بیدەرەوە ، نەهات [ئەوە هی تۆیەو ، م] لێی مونتەفیع بیە •

٣٠٦٨/٤٦ ـ عن عبدالرحمن بن عثمان التیمي [رضي الله تعالی عنه] أن رســول الله ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ نهی عن لُقَطَه الحاج م ـ ٧/٢٩٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی کردوە لەمە کە لوقطەی حاجیـان هـەڵبـگیرێ ، بـە نیـەتی تەمەللوك ، ئەمما بۆ حیفظ نەهی لێ نەکـراوە •

---

(١) راست وایە بفەرموێ : هەرسێ جارەکە .

٣٠٦٩/٤٧ ـ عن زيد بن خالـد الجهني [رضي الله تعـالى عنه] عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : من آوى ضالّة فهو ضال ما لم يـُعرِّفها م ـ ٢٩٩/٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ شـتی ونبوو هەڵبگرێو تەعریفی نەکا ئەو کەسە رێی حەقی ونکردوە •

لوقطە بە شەرتی حیفظو تەعریف ئیلتیقاطی دروستە •

تمت الهبة والوقف والرقبى واللقطة ٣٠/٧/١٩٤١

چوار شـەممە

كتـــاب الزكـــاة[1]

بسم الله الرحمن الرحيم

صەدەقە دوو نەوعە : فەرزەو ، سوننەت • صەدەقەی فەرز زەکاتەو ، فیطرەیە • (إن شاء الله) لە سێ فەصلا بەیانیان ئەکەم • لە پێشــــــا صەدەقەی فەرز ئەنووسم •

زكـــاة الأمـــوال[2] :

قـــال الله تعـــالى : « وأقيمـــوا الصـــلاة وآتـــوا الزكـــاة •••»[3]
بە ئەرکانو ئادابو شەرائیطیەوە نوێژ رابگرنو زەکاتی ماڵتان بدەن •
[لە قورئانا زەکات لە نوێژ نازانم جوێ کراوەتەوە یان نا ؟][4] •

١/٣٠٧٠ – عن ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما – قال : قال رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – لمعاذ بن جبل حين بعثه الى اليمن [ســـنة عشر قبل حجة الوداع] : إنك ســـــتأتي قوماً من أهل الكتاب فإذا جئتهم

---

(١) کیتابی زەکات .
(٢) زەکاتی ماڵو دارایی .
(٣) البقـــرة / ١١٠ .
(٤) مەبەستی ئەوەیە کە لە قورئانی پیرۆزدا بـــە زۆری نوێژو رۆژوو بـــە یەکەوە باس دەکرێن . بەڵام وایش ئەبێ جیا دەبن وەك : (فسأكتبهـــا للذين يتقون ويؤتون الزكاة) الأعراف / ١٥٦ .

فادعهم إلى أن يشهدوا أن لا إله إلا الله وأن محمدا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فإن هم أطاعوا لك بذلك فأخبرهم أن الله قد فرض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة ، فإن هم أطاعوا لك بذلك فأخبرهم أن الله قد فرض عليكم [عليهم ، أبو ذر] صدقة تؤخذ من أغنيائهم فترد على فقرائهم ؛ فإن هم أطاعوا لك بذلك فإياك وكرائم أموالهم ، واتق دعوة المظلوم ؛ فإنه ليس بينه وبين الله حجاب ح - ٤٠٥/٦ واللفظ لهذا ، ح - ٣/٣ ، ٤٦ ، م - ٢٦٥/١ ، د ، ت ، ن ، جه .

٣٠٧١/٢ - عن أبي جمرة - رحمه الله تعالى - قال : كنت أقعد مع ابن عباس يُجْلسني على سريره ، فقال : أقم عندي [لترجمة وتبليغ ما عندي بالفارسية] حتى أجعل لك سهماً من مالي . فأقمت معه شهرين . ثم قال : إن وفد عبدالقيس لما أتوا النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : مَنِ القوم ؟ أو مَنِ الوفد ؟ [شك شعبة] قالوا : ربيعة . قال : مرحباً بالقوم أو بالوفد غير خزايا ولا ندامى ، فقالوا : يا رسول الله إنا لا نستطيع أن نأتيك إلا في الشهر الحرام ، وبيننا وبينك هذا الحيّ من كفّار مضر ، فمرنا بأمر فصل نخبر به من وراءنا وندخل به الجنة . وسألوه عن الأشربة فأمرهم بأربع ونهاهم عن أربع : (١) أمرهم بالإيمان بالله وحده . قال : أتدرون ما الإيمان بالله وحده ؟ قالوا : الله ورسوله أعلم . قال : شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمداً رسول الله . (٢) وإقام الصلاة . (٣) وإيتاء الزكاة . (٤) وصيام رمضان . وأن تعطوا من المغنم الخمس . ونهاهم عن : (١) الحَنْتَم [الجرّة الخضرة] . (٢) والدّباء [كووله‌كه] . (٣) والنقير [أصل النخلة المنقورة] . (٤) والمزفت ، وربما قال المقيَّر [ما طلي بالزفت أو القير] وقال : احفظوهن واخبروا بهن من وراءكم ح - ١٨١/١ ، ١٤٢ ، ح-٤١٥/٦ و ٤١٦ ، ٤١٧ ، م - ٢٤٣/١ .

٢٥٠ ، د ، ت ، ن بفرق يسير بينها • م ـ ١/٢٥٥ ، ليس فيه البحث عن الترجمة • وفيه بعد ذكر الظروف :

قالـوا : يا نبي الله ما علمك بالنقير ؟ قال : بلى جذع تنقرونه [فتذيفون فتديفون ، والكل واحد] فتقذفون فيه من القطيعاء [نوع من التمر صغير] قال سعيد [بن عروبة ، أحد الرواة] أو قال : من التمر ، ثم تصبّون فيه من الماء ، حتى إذا سكن غليانه شربتموه ، حتى أن أحدكم ، أو أن أحدهم ليضرب ابن عمه بالسيف • قال : وفي القوم رجل أصابته جراحة كذلك ، قال : وكنت أخبأها حياء من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقلت : ففيم نشرب يا رسول الله ؟ قال : في أسقية الأدم التي يلاث على أفواهها • فقالوا : يا نبي الله إن أرضنا كثيرة الجِرذان ولا تُبقي بها أسقية الأدم • فقال نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وإن أكلتها الجرذان ، وإن أكلتها الجرذان ، وإن أكلتها الجرذان ! قال : وقال نبي الله لأشجّ عبدالقيس : إن فيك لخصلتين يحبهما الله : الحلم ، والأناة م ـ ١/٢٥٥ ، عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [لە ساڵی دەیەمی هیجرەتا لە پێش (حجة الوداع)[١]] موعاذی کوڕی جەبەلی ـ رضـي الله تعالى عنـه ـ نارد بۆ یەمەن ئەمری پێفەرموو : تۆ ئەچیتە لای قەومێ لـە ئەهلی کیتاب ، کـە چوویتـە لایان ئەووەڵ ئیشت ئەوە بێ دەعوەتیان بکەرە سەر ئەمە کە شەهادەت بدەن کە غەیری خوا مەعبوودی بەحەق نیەو ، بەمە کە (محمد رسول الله)یە کە بەم نەوعە ئیطاعەتیان کردی خەبەریان بدەرێ کە خوا ـ عـز وجـل ـ کـوللی

شـــەوو رۆژێ پێنج نوێژی لەســـەر فەرزکردوون • کـــە بـــەوە ئیطاعەنیان کردی خەبەریان بدەرێ کە خوا ـ عز وجل ـ صـــەدەقەی لەســـــــەر فەرزکردوون ؛ لە دەولەمەندەکانیان وەربگیرێ بدرێتەوە بە فەقیرەکانیان• کە بەوە ئیطاعەیان کردی زینهار لە ماڵی خۆشەویستو زۆر بەقیمەتیان لێ مەستێنە ، لە دۆعای مەزڵووم خۆت بپارێزە ؛ چونکی لە بەینی مەزڵوومو خوادا پەردە نیە • یەعنی زوو دۆعاکەیان قەبووڵ ئەکا •

ئەبوجەمرە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت ئیبنوعەباســا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دائەنیشتم ، لەسەر تەختەکەی خۆی دایئەنیشانم • فەرمووی [بۆ تەرجەمەو تەبلیغی ئەو حەدیثانەی لە لامە بـە فارسی][1] : لام دابنیشە حیصصەیێ لە ماڵەکەمت ئەدەمێ • دوو مانگ لـە خزمـەتیـا مامـەوە ژنێ هـات لـە نەبیـذی جەڕڕە ســـــوئالیکرد • فـەرمووی : فروستادەی قەومی عەبدولقەیس کە هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ پرسی : ئەم قەومە یـا ئـەم فروستادانە کێن ؟ عەرزیانکرد : رەبیعەن • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : مەرحەبا لەو قەومە یا فەرمووی : لەو فروستادانە بێ [لەمەدا شوعبەی راویی بە شـك کەوتوە کە کام لەفظی فەرموە] نە ذیللەت نـە پەشیمانییان بەسەرا نەیێ • عەرزیانکرد : (یا رسول الله) ئێمە مومکینمان نابێ کـە لە غەیری شەهری حەراما بێینە خزمەتت لە بەینی ئێمەو تۆدا ئەم قەبیلەیە لە کوففاری موضەر هەیە ، ئەمرێکمان پێ بکە کە حەقمان لە باطیل بۆ جوێ بکاتەوەو خەبـەر بدەین بەوانەی کە لە دەوروپشتی ئێمەنو پێیشی بچینە بەهەشت• سوئالیان

---

(1) ئەبوجەمرە فارسی زانیوەو ، کـە فروســـــتادەکان هاتوونەتە لای ئیبنوعەباسو عەرەبییان نەزانیوە ، ئەبوجەمرە قســـەو حەدیثەکـانی ئەوی بۆ تەرجەمە کردوون •

لە ئەشربیە[1] لێ‌کرد ، ئەمری بە چوار شت پێ‌کردن‌و ، نەهی لە چوارشت لێ‌کردن • ئەمری پێکردن بە ئیمان بە خوا کە تەنهایە ، فەرمووی : ئەزانن کـە بە تەنهایی خـوا ئیمان‌هێنان بـە چی ئەڵێن ؟ عەرزیـان‌کـــرد : خواو رەسوولی خوا ئەزانێ • فەرمووی : ئیمان بە خوا شەهادەتە بەمە کە غەیری خوا مەعبوودی بە حەق نیەو ، شەهادەت بەمە کە (محمد رسول الله)یە • ئەمری پێ‌فەرموون : بە ئیقامەی نوێژو ، زەکات‌دان‌و ، رەمەزان بەڕۆژوو بوون‌و ، لـە غەنیمەت پێنجیەك‌دان • نەهی‌لێ‌کردن لـە چوار شـت : لـە نـەبیـذکردن لـە جەڕەی سـەوزاو لـە کوولەکەداو ، لـە بنەدارخورمای هەڵکۆڵراواو ، لە زەرفی زفتوقیردراوا • فەرمووی : ئەمـە حیفظ بکەن‌و خەبەر بدەن بـەوانـە کـە لـە دواوە ماون‌و نەهاتوون • عەرزیان‌کـــرد : (یا رسول الله) بۆ ئەزانی نەقیر چیە ؟ فەرمووی : بەڵێ کۆتەرە خورماییکە هەڵی‌ئەکۆڵن‌و لەم خورمایەی ئەکەنە ناوو ئاوی بەسەرا ئەکەن ، کە کەفی کردو هەڵچوو لە هەڵچوون نیشتەوە ئەیخۆنەوە ، حەتتا بەعزێکتان بە شیر لە ئامۆزای خۆی ئەدا ، لە ناو قەومەکەدا یەکێکی‌تیا بوو کە بەم نـەوعـە بریندارکرابوو ، وتی : حەیام‌کرد لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ برینەکەم لێ‌ئەشاردەوە • ئەو پیاوە ئەڵێ : عەرزم‌کرد : (یا رســـول الله) ئـەی لە چیبا بیخۆینەوە ؟ فەرمووی : لـەو کونتـە چەرمانەدا کـــە دەمی ئەبەسترێ • عەرزیان‌کرد : (یا نبي الله) ئەرزی ئێمە مشــــکی زۆرە هیچ مەشکە نایێلێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : بـا مشکیش مەشکەکان بخوا ، با مشکیش بیان‌خوا ، با مشکیش بیان‌خوا •

ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە ئەشەججی عەبدولقەیسی فەرموو : تۆ دوو خەصلەتت

(1) واتە : خواردنەوەکان ، ئەو خۆشاوانەی لە خورما دەیانکردن .

هەيە كە خوا ـ عز وجل ـ ئەو خەصلەتانەی خۆش ئەوێ • يەكێكيان حيلمە، يەكێكيان (تأني)يە[1] •

ريوايەتی وەفدی عەبدولقەيس زۆرە • بە بەعزێ كەليمە فەرقيـــان هەيە حەلەل بە مەعنا نادا •

٣٠٧٢/٣ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما توفي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [واستخلف ، م] وكان أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ، وكفر من كفر من العرب [وامتنعوا من الزكـــاة ، وأراد أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ مقاتلتهم] فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : كيف تقاتل الناس وقد قال رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ : أمرت أن أقاتل الناس حتى يقولوا لا إله إلا الله [ولم يستحضر عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ من الحديث إلا هذا القدر ، وفي حديث ابنه : وأن محمـداً رسول الله ، ويقيموا الصلاة ويؤتوا الزكاة] فمن قالها فقد عصم مني ماله ونفسه إلا بحقه ، وحسابه على الله ؟ فقال : والله لأقاتلن من فرّق بين الصلاة والزكاة ؛ فإن الزكاة حق المال ، والله لو منعوني عَنـاقـاً كانوا يؤدونها الى رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسـلم ـ لقاتلتهم على منعها ! قـال عمر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ : فوالله ما هو إلا أن قد شرح الله صدر أبي بكر ـ رضـــي الله تعـالى عنه ـ [للقتـــال] فعرفت أنـه الحق م ـ ٢٧١/١ ، ح ـ ٥/٣ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وەفاتی فەرموو ئەبوبەكـر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بوو بـە خەليفەو ئەوانەی كـە لـە دين گەڕانەوە

(١) لەسەرخۆيیو هێواشی •

[بەعزێکیان بـە تەواوەتی گەڕانەوەو مورتـەد بوون ، بەعزێکیان مورتەد نەبوون وتیان : زەکات مەخصووص بوە بە پێغەمەرەوە ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئیمتیناعیان لە زەکاتدان کرد .. ئەبوبەکر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ ئیرادەی کرد کە لەگەڵ هەموویانا شەڕ بکا] عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ بە حەزرەتی صەدیقی فەرموو : بۆ تۆ تەمات‌وایە کە لەگەڵ خەڵقا شـــەڕ بکەی وەلحاڵ پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرموویەتی : ئەمرم پێ‌کراوە کە لەگەڵ خەڵقا شەڕ بکەم تا ئەڵێن (لا إله إلا الله) کە وتیان ماڵو نەفسیان لە من موحافەظە ئەکەن مەگەر بەحەق ؟ [یەعنی ئەمرێ روو بـدا کە سەبەبی ئەوە بێ کە شەڕیان لەگەڵ بکرێ ، ئەو وەختە شەڕیان لەگـەڵ ئەکەم . ئیمامی عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ لەم حەدیثە هەر ئەوەندەی لە خاطرا[1] بوە ، ئەوەی لـە خاطرا نەبوە کـە لـە حەدیثەکەدا هەیـە تـا (لا إله إلا ا للە محمد رسول الله) ئەڵێن‌و ، نوێژ ئەکەن‌و ، زەکات ئەدەن . ئەگەر بە تەواوەتی حەدیثەکەی حیفظ بکردایە ئینکاری شەڕلەگەڵکردنیانی نەئەکرد] حەزرەتی صەدیق ـ رضي اللە تعالی عنـە ـ فەرمووی : وەڵڵاهی شەڕ لەگەڵ ئەوە ئەکەم فەرق لـە بەینی نوێژو زەکاتـا = بکا = چونکی زەکات حەقی ماڵە . وەڵڵاهی ئەگەر کارژۆڵەیێکم لێ مەنع بکەن لەوەی کە داویانە بە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لەسەر نەدانی شـــەڕیان لەگەڵا ئەکەم ! ئیمامی عومەر ـ رضي اللە تعالی عنە ـ فەرمووی : وەڵڵاهی هەر ئەوەندە بوو کە خوا ـ عز وجل ـ شەرحی صەدری ئەبوبەکری کـرد ـ رضي اللە تعالی عنە ـ بۆ حەق کە شەڕکردنە لەگەڵیانا . ئەو وەختە زانیم کە فەرموودەکەی حەقە .

(١) ئەوەندەی الە دڵا بوو ، ئەوەندەی لە بیر بوو .

ئاخ بۆ ئەو مەردانە هەر بە صەد ساڵ پیاوێکی وەك یەکێ لەو دوانەمان ببوایە !

٣٠٧٣/٤ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تأتي الإبل على صاحبها على خير ما كانت اذا لم يعط فيها حقها تطأه بأخفافها ، وتأتي الغنم على صاحبها على خير ما كانت ، إذا لم يعط فيها حقها تطأه بأظلافها • قال : ومن حقها أن تحلب على الماء • قال : ولا يأتي أحدكم يوم القيامة بشاة يحملها على رقبته لها يُعار" [صوت] فيقول : يا محمد ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد بلغت • ولا يأتي ببعير يحمله على رقبته له رغاء فيقول : يا محمد ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد بلغت ح ـ ٣/٧ •

٣٠٧٤/٥ ـ عبيد بن عمير [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رجل : يا رسول الله ما حق الإبل ؟ قال : حلبها على الماء ، وإعارة دلوها ، وإعارة فحلها ، ومنيحتها ، وحمل عليها في سبيل الله م ـ ٤/٣٥٥ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : [لە رۆژی قیامەتا] وشتر یێتە سەر صاحێبەکەی لە سەر ئەو حاڵەتە بە قووەتو قەڵەوییەی کە لە دنیادا بوویەتی ئەگەر لە دنیادا حەقی ئەو وشترەی نەدابێ [حەقی ئەو وشترە ئەوەیە کە لەسەر ئاو بدۆشرێ تا خەڵقی تر ئیستیفادە لە شیرەکەی بکەن ، ئەو دۆڵکەی کە بەو وشترە ئاوی پێ لە بیر هەڵێنجرێ بە ئەمانەت بدرێ بە موحتاج ، فەحلیان[1] تیا بێ فەحلەکە بە ئەمانەت بدرێ کە وشتری مێی لێ چاك بکرێ ، لەو وشترانە بە خێر بدرێ بە موحتاج کە شیری بدۆشن ، لە

(1) وشتری نێر •

ڕێی خوادا خەڵق سواری ئەو وشترانە بکرێ م ـ ٤/٣٥٥] ئەو وشترە بە خوفڤی ـ پێی ـ صاحێبەکەی ئەشێلێ • مەڕ یێتە لای صاحێبەکەی لەسەر ئەو حاڵەتە بەقووەت‌و قەڵەوییەی کە لە دنیادا بوویەتی ، ئەگەر حەقی نەدرابێ ، لەسەر ئاو دۆشینی لەو حەقەیە ، بە سمورچەکانی صاحێبەکەی ئەشێلێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کەسێ لە ئێوە لە قیامەتا وا نەیێتە لام کە مەڕێکی بە کۆڵەوە بێ‌و بیاڕێنێ بڵێ : (یا محمد) [یەعنی فریام‌کەوە] ! منیش بڵێم : من هیچم بە دەست نیە بۆت بکەم ، لە دنیادا تەبلیغم کردی [کە زەکات بدە] • هیچ کەسێ لە ئێوە [لە قیامەتا] نەیێتە لام وشترێکی بە پرمەو بۆڵەی بە کۆڵەوە بێ بڵێ : (یا محمد) ! منیش بڵێم : هیچم لە دەست نایێ بۆت بکەم لە دنیادا تەبلیغم کردی [و بە قسەت نەکردم] •

٦/٣٠٧٥ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قام فينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [خطيباً] ذات يوم يذكر الغلول ، فعظّمه وعظّم أمره ، ثم قال : لا أُلفينّ أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته بعير له رغاء فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد أبلغتك • لا ألفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته فرس له حمحمة فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد أبلغتك • لا أُلفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته شاة لها ثغاء يقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد أبلغتك • لا ألفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته نفس لها صياح فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد أبلغتك • لا ألفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته رقاع تخفق فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد

أبلغتك • لا ألفين أحدكم يجيء يوم القيامة على رقبته صـــامت فيقول : يا رسول الله أغثني ! فأقول : لا أملك لك شيئاً قد أبلغتك م ـ ٢٤/٨ •

ئەم حەدیثە دائیر بە غولوولە لە غەنیمەت ؛ بە قەرینەی ئەووەڵەکەیو، نەفسو ، ئەوانەی زەکاتی واجیب نیە] •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژێ تەشریفی بە خەطیبیی لە ناومانا وەستا بەحثی لـە غولوول ئەکرد ـ لە ماڵی غەنیمەت شاردنەوە ـ ی زۆر بەگـەورە گـرت ، شەئنی گوناهەکەی بە گەورە بەیانفەرموو ، لە پاشا فەرمووی : تووشـی هیچ کەستان نەبم رۆژی قیامەت بێو وشترێکی بەسەر شـــــانەوە بێ دەنگەدەنگی لێ بێو بڵێ : (یا رســـول الله) فریـام بکەوە ! فەرمووی = منیش بڵێم = : هیچم لە دەستا نیە بۆت بکەم ، لە دنیادا تەبلیغم کردی کە لە ماڵی غەنیمەت لامەدە • بەم نەوعە بەیانی ئەسـپو مەڕو ، نەفسو ، روقعەی ئاڵتوونو ، زیوو ماڵی تری بێ دەنـگو بـە دەنـگی هەموویو پاڕانەوەیانو جوابدانەوەیانی فەرموو بە عەینی ئەوەی کە لە وشـــــترا بەیانی فەرموە •

ئەم شـــەفاعەت نەکردنەی پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ مەخصووصە بە وەقتێکی موعەیینەوە ؛ گینـا لـە شـەفاعەتا رابورد کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پەیدەرپەی شـــەفاعەت بۆ هەموو موسوڵمانێ ئەکا ئەگەر ذەڕڕەیێ ئیمانی لە دڵا بێ •

٣٠٧٦/٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يكون كنز أحدكم يوم القيامة شـجاعاً

أقرع يفر منه صاحبه ، فيطلبه ويقول : أنا كنزك . قال : والله لن يزال يطلبه حتى يبسط يده فيلقمها فاه . وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا ما رب النَّعمِ لم يعط حقها تسلط عليه يوم القيامة تخبط وجهه بأخفافها .

وقال بعض الناس [أبو حنيفة ـ رحمه الله ـ] في رجل له إبل فخاف أن تجب عليه الصدقة فباعها بإبل مثلها ، أو بغنم ، أو ببقر ، أو بدراهم فراراً من الصدقة بيوم احتيالاً : فلا بأس عليه . وهو يقول : إن زكّى إبله قبل أن يحول الحول بيوم أو بسنة جازت عنه ح ـ ١٠/١٠٠ .

[وظني أن الاعتراض لا يرد عليه ؛ لأنها جميلة بالمستحقين . رشيد] .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کەنزی کوللی کەسێکتان لە ڕۆژی قیامەتا ئەبێ بە ئەژدیهایێکی کەچەڵ ، صاحێبەکەی فیراری لێ ئەکا ، ئەویش شوێنی ئەکەوێ . وەڵلاهی لە کۆڵی نابێتەوە تا دەستی بۆ درێژ ئەکاو ئەیخاتە دەمیەوە . هەم فەرمووی : کە صاحێبی بزنو ، مەڕو ، وشترو ، گاجووتو ، گامێش کە حەقی ئەوانەی نەدابێ ، ئەو حەیواناتەی بەسەرا موسەللەط ئەکرێ لە ڕۆژی قیامەتا بە پێ ئەیشێلن .

بەعزێ کەسان کە ئیمامی ئەعظەمە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : پیاوێ کە وشتری ببێ لەوە ترسا کە صەدەقەی لەسەر واجب ببێ ڕۆژێ لە پێش واجببوونی زەکاتا وشترەکانی بە وشتری تر یا بە مەڕو بزن ، بە گاو گاجووت ، بە پارە بفرۆشێ بەو نەوعە حیلە بکا کە زەکاتی لەسەر

واجب نەبێ : زەرەری نیە • كەچی خۆیشی فەرموویەتی : رۆژێ یا ساڵێ لە پێشەوە لە پێش ئەمەدا كە ساڵی بەسەرا بێ زەكاتی لێ بدا دروستە • یەعنی كە لە پێش ئەمەدا زەكاتی لەسەر واجب ببێ بیداو دروست بێ لە پێش حەولیشا بە حیلە لە موڵكی خۆیی بكاتە دەرێ ئەبێ زەكاتی لەسەر بێو لانەچێ !

جوابیان‌داوەتەوە ئەم پێشخستنی زەكاتە وەكو ئەوەیە كە لە پێش حولوولی وەختی قەرزا قەرزەكەی بداتەوە • ئەم جوابە ضەعیفە ؛ چونكی لە پێش حولوولی حەولا زەكاتی لەسەر واجب نیە تا ببێ بە قەرز ، قیاس نە قەرز ناكرێ • هەم حیلەی ئیسقاطی زەكات ئەبێ بە مانیعی دەفعی زەكات ، گینا ئەو كەسە فەسادی نییەتی نەبێ ماڵەكەی با رۆژێكیش لە پێش ساڵ بەسەراهاتنا بێ بیفرۆشی زەكاتی لەسەر نابێ • ئەمما پێشەكی زەكاتدانی ئەگەر مەقصوودی وابێ كە عەجەلە بكا لە دەفعی ئیحتیاجی‌كردنی[1] فەقیران زەكاتەكەی دروستە ، مووجیبی ئەمە نیە كە بە حیلە لە موڵكی خۆی‌كردنەدەرەوەی دروست نەبێ • ئەوی مووجیبی ئەوە بێ حیلەكەیەتی بۆ ئیسقاطی حەقی فەقیران •

٣٠٧٧/٨ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : ما من صاحب إبل لا يفعل فيها حقها إلا جاءت يوم القيامة أكثر ما كانت قط ، وقعد لها بقاع قرقر تستن عليها بقوائمها ، وأخفافها • ولا صاحب بقر لا يفعل فيها حقها إلا جاءت يوم القيامة أكثر ما كانت ، وقعد لها بقاع قرقر تنطحه بقرونها وتطؤه بقوائمها • ولا صاحب غنم لا يفعل فيها حقها إلا جاءت يوم القيامة

(١) ئەگەر بوترێ : « لە دەفعكردنی ئیحتیاجی فەقیران » باشترە .

أكثر ما كانت ، وقعد لها بقاع قرقر تنطحه بقرونها ، وتطؤه بأظلافها ليس فيها جماء ولا منكسر قرنها • ولا صاحب كنز لا يفعل فيه حقه إلا جاء كنزه يوم القيامة شجاعاً أقرع يتبعه فاتحاً فاه ، فإذا أتاه فرَّ منه ، فيناديه : = خذ = كنزك الذي خبأته [هذا مالك الذي كنت تبخل به • أخرى] فأنا عنه غني ، فإذا رأى لا بد له منه سلك يده في فيه فيقضمها قضم الفحل م – ٣٥٤/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – فەرمووی : هیچ صاحێبی وشترێ نیە کە حەقی وشترەکانی نەدابێو رۆژی قیامەت ئەو وشترانەی نەیێن لەسەر ئەو حالەی کە لە هەموو وەختێ زۆرتر بوونو ، ئەو صاحێب وشترە لە مەیدانێکی بەردەلانیدا بۆیان دانەنیشێو بە پێ نەیشێلن• هیچ صاحێبی گاگەلێ نیە کە صاحێبەکەی حەقی نەدابێو ئەو گاگەلە لە رۆژی قیامەتا نەیێن لە دنیادا لە چ وەختێکا زۆرتر بووبوون وەها یێن ئەویش بۆیان دانەنیشێ لە مەیدانێکی بەردەلانیداو صاحێبەکەیان بە سم نەشێلنو قۆچی تێهەڵنەدەن • صاحێبی مەڕیش وەها ، هیچ کۆڵو شاخشکاویان تیا نەبێ • صاحێب غەزنەیش کە زەکاتی نەدا غەزنەکەی لە رۆژی قیامەتا ئەبێ بە مارێکی ئەژدیهای کەچەڵ شوێنی ئەکەوێو دەمی بۆ دائەچەقێنێو ئەویش فیراری لێ ئەکاو = غەزنەکە = ئەڵێ : ئەمە غەزنەکەتە کە شاردبووتەوەو بەخیلیت = تیا = ئەکردو ، زەکاتیت نەئەدا ، من ئیحتیاجییم پێی نیە • کە زانی لە دەستی نەجاتی نابێ دەست ئەخاتە دەمیەوەو ئەویش وەك ئەسپێکی فەحل پیائەگەزێو قەرمەی لێوە ئەهێنێ •

٣٠٧٨/٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من آتاه الله مالاً فلم يؤد زكاته مثل له شجاعاً أقرع ، له زبيبتان [زبدتان : كەف لـە لالەغاوەيـا] يطوقـه يـوم القيامة ، ثم يأخذ بلهزمتيه [لالەغاوە] يعني شدقيه ، ثم يقول : أنا مالك ، أنا كنزك ، ثم تلا (ولا يحسبن الذين يبخلون الآية ••• بما آتاهم الله من فضله هو خيراً لهم بل هو شرٌ لهم ، سيطوقون ما بخلوا بـه يوم القيامة ، القيـامـة ، ولله ميراث الســـموات والأرض ، والله بما تعملون خبير)(١)
ح ـ ٩/٣ ، ح ـ ٦٤/٧ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ خوا ماڵی بداتێ زەکاتی لێ نـەدا ، ئەو ماڵە لـە رۆژی قیامەتا بۆی ئەکرێ بـە ئەژدیهایێکی کەچەڵ [یەعنی لەبەر زەهر زۆری و پیریی تووك بەسـەریەوە نەمابێ] لە هەردوو لالەغاوەیا زەهر کەفی کردبێ ، ئەکرێ بە تەوق لە ملیا ، ئەو مارە هەردوو لالەغاوەی ئـەو زەکـات نەدەرە ئەگەزێ ، ئەڵێ : مـن ماڵەکەتم ، من غەزنەکەتم • لە پاشا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمەی فەرموو ئـەم ئایەتی ئـالی عیمرانەی خوێندەوە کـە مەئالی وایـە : ئەوانەی کە بەخیلیی ئەکەن بەو ماڵەی کە خوا لە فەضلی خۆی پێی عەطـا فەرمووەو زەکاتی لێ نادەن وا تێ‌نەگەن کە ئەو بەخیلی‌یە خێرە بۆیـان ، بەڵکو ئەوە شەڕە بۆیان ، لە رۆژی قیامەتا ئەو ماڵە ئەکرێ بە تەوق لە ملیانا • میراتی ئەرزو ئاسمان هەمووی هی خوایە [چونکی کەسێ نامێنێ کـــە

(١) آل عمران / ١٨٠ • لە کتێبەکەدا تا (يبخلون)و مامۆستا مەلا رەشید تەواوی کردوە •

ئیدیعای موڵکایەتیی شـــتێك بكا] خوا عیلمی هەیە بەوەی كـــە ئێوە ئەیكەن ، هیچ كردەوەیێكتان لە خوا ون نابێ ٠

١٠/٣٠٧٩ ـ عن خالد بن أســــلم قال : خرجنا مع عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقال أعرابي : أخبرني عن قول الله [عز وجل] : (والذين يكنزون الذهب والفضة ولا ينفقونها في سبيل الله [فبشـــرهم بعذاب أليم ٠ يوم يحمى عليها في نار جهنم فتكوى بها جباههم ، وجنوبهم ، وظهورهم : هذا ما كنزتم لأنفســـكم ، فذوقوا ما كنتم تكنزون])(١) قال ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] : من كنزها فلم يؤد زكاتها فويل له ، إنما كان هذا قبل أن تنزل الزكاة ، فلما أنزلت [بعد الهجرة في السنة الثانية قبل فرض رمضان] جعلها الله طهراً للأموال ح ـ ٣/١٠ ، ح ـ ٧/١٤٠ ، ن

تەرجەمە :

خالیدی كوڕی ئەسلەم ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لـە خزمـەت عەبدوڵلای كوڕی ئیمامی عومـەرا ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ لە مەدینـە چووینـە دەرێ ، یەعنی بۆ سەفەرێ ٠ عەرەبێكی بەڕانی عەرزی كـــرد : خەبەرم بدەرێ لەو ئایەتی سوورەتی بەرائەتە كە مەئالی وایە : ئەوانەی كە ئاڵتوونو زیو پەسمەندە ئەكەنو ئەیكەن بە غەزنەو لە ڕێی خوا صـەرفی ناكەن موژدەیان بدەرێ بە عەذابێكی بەژانو ئێش ئەو عەذابە لە ڕۆژێكایە لە ئاگری جەهەننەما ئەو ئاڵتوونو زیوە ئاگری لەسەر گڕ ئەدرێ ، سوور ئەكرێتەوە ، ئەمجا بەوە ناوچاوانیانو تەنیشـــتیانو پشتیان داغ ئەكرێو پێیان ئەڵێن : ئەمە ئەو ماڵەیە كە بۆ مەنفەعەتی خۆتان كردتان بـە غەزنـە ، ئێستە تامو لەذەتی ئەو غەزنەیەتان بچێژن ٠ عەبدوڵلا فەرمووی : هەركەسێ

(١) التوبـة / ٣٤ ٠

بیانک بە غەزنەو زەکاتی لیّ نەدا وای بە حالی ! حوکمی ئەم ئایەتە لە پێش ئەمەدا بوو لە زەکات نازڵبیێ ، کە زەکات نازل بوو خوا زەکاتی کرد بــە پاککەرەوەی ئەو ماڵە •

[زەکــات لە پاش هیجرەت لە ســـــالی دوەما لــە پێش فەرزبوونی رۆژوی رەمەزانا نازل بوو • فەقەط ئەڵێن : بەرائەت ئاخر ســوورەتێکە لە بە تەواویی نازل بوو لە دوای فەتحی مەککە لە پێش (حجة الوداع) ا ، لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەزرەتی ئەبوبەکری ـ رضي الله تعالى عنه ـ کرد بە ئەمیری حــەج ، کــە سوورەتەکە نــازل بــوو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەو سوورەتەوە حەزرەتی عەلی ـ رضـــي الله تعالى عنه ـی ناردە مەککە کە تەبلیغی ئەحکامی بکا •• کە وابێ نوزوولی زەکات لە سالی دوەما چۆن حوکمێك نەسخ ئەکاتەوە کــە لە سالی نۆیەمی هیجرەتا بووبێ ؟ کە وابێ مەعنای ئەمە کە لــە رێی خوادا صەرفی نەکــەن یەعنی زەکاتی لێ نەدەن ، ئیتر حاجەت ناکا بڵێین کە مەنسووخە] •

١١/٣٠٨٠ ـ عن زيد بن وهب قال : مررت بالرَّبَذة ، فإذا أنا بأبي ذر ـ رضـــي الله تعــالى عنــه ـ فقلت لــه : ما أنزلك منزلك هذا ؟ قال : كنت بالشام ، فاختلفت أنا ومعاوية في (والذين يكنزون الذهب والفضـــة ، ولا ينفقونها في سبيل الله) قال معاوية : نزلت في أهل الكتاب • فقلت : نزلت فينا وفيهم • فكان بيني وبينه في ذلك • وكتب الى عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ يشكوني • فكتب إليَّ عثمان [رضـــي الله تعــالى عنــه] أن اقــدَم المدينــة • فقدمتهــا ، فكثر عليَّ النــاس حتى كأنهم لم يروني قبل ذلك ! فذكرت ذلك لعثمان [رضي الله تعالى عنه] فقال لي : إن شـــئت تنحيت فكنت قريباً •• فذاك الذي أنزلني هذا المنزل ، ولو أمَّروا عليَّ حبشـــياً لسمعت وأطعت ح ـ ١١/٣ ، ن •

[أحمد بالسند الى أبي ذر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال له : كيف تصنع إذا أخرجت منه أي من المسجد النبوي ؟ قال : آتي الشام • قال : كيف تصنع اذا أخرجت منها ؟ قال : أعود إليه • قال : كيف تصنع اذا أخرجت منه ؟ قال : أضرب بسيفي • قال : ألا أدلك على ما هو خير لك من ذلك وأقرب رَشَدا ؟ : تسمع وتطيع وتنساق لهم حيث ساقوك • قسطلاني ـ ١٢/٣ •

[تەماشای ئەم موعجیزەیە بکە ! عەینی فەرموودەی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە زەمانی ئیمامی عوثمانا ـ رضي الله تعالى عنه ـ واقیع بوو] •

تەرجەمە :

زەیدی کوڕی وەهەب ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : بەلای رەبەذەدا رابوردم ، ئەبوذەڕم ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوێدا دی ، عەرزمکرد : چی تۆی هێناوەتە ئێرە ؟ فەرمووی : لە شام بووم ، من‌و موعاویەی قەراڵی شام لە ئایەتی (والذين يكنزون •••)دا ئیختیلافمان بوو ، موعاویە وتی : دەرحەقی ئەهلی کیتاب نازڵ بوە ، من وتم : دەرحەقی ئێمەیش‌و ئەوان نازڵ بوە • لە سەر ئەوە لە بەینمانا نیزاع بوو ، موعاویە دەرحەقم نووسی بۆ ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ شکاتی لێ کردم • ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ بۆی نووسیم کە بچمە مەدینە ، چووم ، خەڵقی مەدینە وەك هیچ نەیاندیبم لێم کۆبوونەوە [لێیان‌ئەپرسیم : بۆ لە شام هاتیەدەرێ ؟ لە بەینی تۆو قەراڵی شاما چ واقیعەیێ جاری بوو ؟] ئەوەم عەرزی ئیمامی عوثمان کرد ـ رضي الله تعالى عنه ـ [ئەویش ترسا کە ئیعتیراض لە ئیشی بگرم] فەرمووی : ئەگەر هەوەست هەیە لێرە بچۆرە دەرێ لێمان نزیك بە • ئەوە سەبەبی ئەوەیە کە

منی هێناوەنە ئێرە • ئەگەر عەبدێکی حەبەشیم کەن بە ئەمیر ئەمری ئەبیێم‌و ئیطاعەی ئەکەم •

ئەحمەد بە ئیسنادی خۆی تا ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ریوایەت ئەکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی‌فەرموو : کە لێرە بتکەنە دەرێ چی ئەکەی ؟ عەرزی‌کرد : ئەچم بۆ شام • فەرمووی : ئەگەر لەوێیش بتکەنە دەرێ چی ئەکەی ؟ عەرزی‌کرد : ئێمەوە مەدینە • فەرمووی : دیسان لێرە دەرت‌کەن چی ئەکەی ؟ عەرزی‌کرد : دەست ئەدەمە شیر شەڕیان لەگەڵ ئەکەم • فەرمووی : شتێکت پێ بلێم کە لەوە بۆ تۆ لە هیدایەت نزیکتر بێ گوێ‌بگرەو ئیطاعەی ئەمریان بکە ، بۆ کوێت سەوق بکەن سەوق بیە • یەعنی موخالەفە مەکەو مەبە بە سەبەبی تەفرەقە •

١٢/٣٠٨١ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما من صاحب ذهب ولا فضة لا يؤدّي منها حقها إلا اذا كان يوم القيامة صفحت له صفائح من نار فأحمي عليها في نار جهنم . فيكوى بها جنبه وجبينه وظهره ، كلما بردت أعيدت له في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة حتى يقضى بين العباد فيُرى سبيله إما إلى الجنة وإما إلى النار •

قيل : يا رسول الله فالإبل ؟ قال : ولا صاحب إبل لا يؤدي منها حقها . ومن حقها حلبها يوم ورْدِها ، إلا إذا كان يوم القيامة بطح لها بقاع قرقر أوفر ما كانت ، لا يفقد منها فصيلاً واحداً ، تطؤه بأخفافها ، وتعضه بأفواهها ، كلما مرَّ عليه أولاها ردَّ عليه أخراها في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة حتى يقضى بين العباد فيَرى سبيلَه : إما إلى الجنة ، وإما إلى النار • قيل : يا رسول الله فالبقر والغنم ؟ قال : ولا صاحب بقر ولا غنم

لا يؤدي منها حقها إلا إذا كان يوم القيامه بطح لها بقـاع قرقر لا يـفـقـد منها شيئا ، ليس فيها عقصاء ، ولا جلحاء ، ولا عضباء [شـــاخ خوارو . بێ شاخ و . شاخ شكاو] تنطحه بقرونها وتطؤه بأظلافها كلما مر عليه أولاها رد عليه اخراها [الظاهر أخراها أول أولاها ، كما في روايـة أخرى . انقلب على الراوي] في يوم كان مقداره خمسين ألف سنه حتى يقضى بين العباد ، فيـرى سبيلـه : إما إلى الجنة وإما إلى النار .

قيل : يا رسول الله فالخيل ؟ قال : الخيل ثلاثـة : هي لرجل وزر . وهي لرجل ستر . وهي لرجل أجر . فأما التي هي له وزر ، فرجل ربطهـا رياء وفخرا ونِـواء [معاداة] على أهل الإسلام ، فهي لـه وزر . وأما التي هي له ستر ، فرجل ربطها في سبيل الله ثم لم ينس حق الله في ظهورهـا ولا رقابها ، فهي له ستر . وأما التي هي له أجر ، فرجل ربطها في ســبيل الله لأهل الإسلام في مرج أو روضة ، فما أكلت من ذلك المرج أو الروضـــه من شيء إلا كتب له عدد ما أكلت حسنات ، وكتب له عدد أرواثهـا وأبوالهـا حســـنات ، ولا يقطع طولها فاستنَّت شرفاً أو شرفين إلا كتب الله له عدد آثارها وأرواثها حسنات ، ولا مرَّ بها صاحبها على نهر فشـــــربت منه ، ولا يريد أن يسقيها إلا كتب الله له عدد ما شربت حسنات .

قيل : يا رسول الله فالحمر ؟ قال : ما أنزل علي في الحمر شيء إلا هذه الآية الفاذة الجامعة : (فمن يعمل مثقال ذرة خيراً يره ، ومن يعمل مثقال ذرة شراً يره)(١) م – ٤/٣٤٧ من الخيل ، وبعضه ح ٤/١٩٨ ، ن ، ح – ٧/٤١٧ من الخيل . وأورده أيضاً في الجهاد ح – ٥/٧١ ، وفي علامـــات النبـوة ح – ٥/٧٥ ، والاعتصام ح – ١٠/٣٣٤ .

(١) الزلزلـة / ٨ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : هیچ ساحێبی ئالتوون‌و زیوێ نیە کە زەکاتی لێ‌نەداو [وای لێ نەکرێ لە قیامەتا] بەم نەوعە لە رۆژی قیامەتا ئالتوون‌و زیوەکەی بۆ ئەکرێ بە لەوحەی ئاگر ، لە ئاگری جەهەننەمـا بۆی سوورئەکرێتەوە . تەنیشتی‌و ناوچەوانی‌و پشتی پێ داغ ئەکرێ ، لە رۆژێکا کە میقداری پەنجا هەزار سالە . تا حوکم لە بەینی عیبادا ئەکرێ ، لە پاشا جێی پێ‌نیشان ئەدرێ : یا بۆ بەهەشـــت یـا بۆ جەهەننەم .

عەرزیان‌کرد : ئەی وشتر ؟ فەرمووی : هیچ صاحێبی وشترێ نیە کە حەقی لێ نەدرێ ، کە لە رۆژی بردنەسەرئاوا دۆشیـنی لەو حەقەیە . ئـەو کەسە بەم نەوعە موعەذذەب نەبێ : لە رۆژی قیامەتا ئەو کـەســـە لـە مەیدانێکی بەردەلانیدا بۆ ئەو وشترانە رائەکێشرێ . ئەو وشترە یەکێکیان حەتتا بێچوولەیێکیان کەم نەبێ ، هەموو بە پێ ئەیشێلن‌و گازی لێ ئەگرن. کە نیهایەتی هات دووبارە ئەووەڵەکەی ئەگێڕرێتەوە سەری . عەرزیان‌کرد: ئەی گاگەل‌و مەڕگەل ؟ بۆ ئەویشی وا فـەرموو ، لـە باتی گـەزتن قـۆچ تێ‌هەڵدانی فەرموو ، فەرموویشی : بێ‌شاخ‌و ، شاخ‌خوارو . شاخ‌شکاوی تیا نەبێ . فەرموویشی : لە رۆژێکا (إلخ) .

عەرزیان‌کرد : ئەی رەووگ ؟ فەرمووی : رەووگ سێ نەوعە : بۆ بەعزێ کەس گوناهە . بۆ بەعزێ سەترە . بـۆ بەعزێ ئەجرە ؛ بـۆ ئـەو کەسەی بە ریاو ئیفتیخارو دوشـــمنایەتی ئیسلام بەخێویان بکا گوناهو عەذابە . بۆ ئەو کەسەی کە (في ســـبيل الله) تەنها بۆ خۆی بەخەم بکاو بۆیێ کە ئیحتیاجیی خۆی پێ بەجێ‌بێنێ‌و جارجارێ موعاوەنەتی خەڵقیشـی پێ بکا بۆ ئەو کەسە سەترە . بۆ ئەو کەسە کە (في سبيل الله) بۆ غەزای

بەخێو بکا ئەجرە . لە پاوانێکا یا لە باغچەیێکا بیبەستێتەوە ، لەو پاوانو باغچەیەدا هەرچی بخوا بە قەد ئەوە حەسەناتی بۆ ئەنووسرێ . بە عەدەدی تەرس‌و میزکردنی حەسەناتی بۆ ئەنووسرێ . لە پەتبەربێ‌و بچێ بۆ تەپۆڵکەیێ یا دوو تەپۆڵکە غارێ یا دوو غار بکا بە قەد شوێن پێی خوا حەسەناتی بۆ ئەنووسێ . صاحێبەکەی بە لای نەهرێکا بیباو نییەتی نەبێ کە ئاوی بداو خۆی ئاو بخواتەوە بە قەد ئەوەی کە ئەیخواتەوە خوا خێری بۆ ئەنووسێ .

عەرزیان‌کرد : ئەی گوێدرێژ ؟ فەرمووی : دەرحەقی گوێدرێژ خوا بە خوصووصی هیچی بۆ نەناردووم ، تەنها ئەو ئایەتە جامیعەی[1] ناردوە کە ئەفەرموێ : هەرکەسێ بە قەد مثقاڵە ذەرێ خێر بکا موکافاتی ئەبینێ . هەرکەسێکیش بە قەد مثقاڵە ذەرەیێ شەڕ بکا موجازاتی ئەبینێ !

١٣/٣٠٨٢ ـ عن أبي ذر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجت ليلة من الليالي فإذا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يمشي وحده ليس معه إنسان ، فظننت أنه يكره أن يمشي معه أحد . قال : فجعلت أمشي في ظل القمر ، فالتفت فرآني ، فقال : من هـذا ؟ فقلت : أبو ذر ـ جعلني الله فداك ! ـ فقال : يا أبا ذر تعال . قال : فمشيت معه ساعة ، فقال : إن المكثرين هم المُقِلّون يوم القيامة إلا من أعطاه الله خيرا فنفخ فيه يمينه وشماله ، وبين يديه ، ووراءه ، وعمل فيه خيراً . قال : فمشيت معه ساعة فقال : اجلس ههنا . قال : فأجلسني في قاع حوله حجارة ، فقال : اجلس ههنا حتى أرجع إليك. قال: فانطلق في الحرة حتى لا أراه . فلبث عني، فأطال اللبث ، ثم إني سمعته وهو يقول : وإن سرق وإن زنى . قال : فلما جاء لم أصبر ، فقلت : يا نبي الله جعلني الله فداك ! من تُكلِّمُ في جانب الحرة ؟

(١) واتە هەموو شتێ ئەگرێتەوە .

ما سمعت أحداً يرجع إليك شيئاً • قال : ذاك جبريل ـ عليه السلام ـ عرض لي في جانب الحرة ، فقال بشر أمتك أنه من مات لا يشرك بالله شيئا دخل الجنه • فقلت : يا جبريل وان سرق وان زنى ؟! قال : نعم • قال : قلت : وان سرق وان زنى ؟! قال : نعم • قال : قلت : وان سرق وان زنى ؟! قال : نعم وان شرب الخمر ! م ـ ٣٦٠/٤ ، ح ـ ٢٠٧/٢ • م ـ ٣٥٩/٤ بفرق ما •

١٤/٣٠٨٣ ـ أبو ذر [رضي الله تعالى عنه] قال : كنت أمشي مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في حرة المدينة عشاء ونحن ننظر الى أحد ، فقال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا أبا ذر ! قال : قلت : لبيك يا رسول الله • قال : ما أحب أن أحدا ذاك عندي ذهباً أمسى ثالثة عندي منه دينار إلا دينار أرصده لدين • إلا أن أقول به في عباد الله هكذا : حثا بين يديه ، وهكذا عن يمينه ، وهكذا عن شماله ، ثم مشينا ، فقال : يا أبا ذر ! قال : قلت : لبيك يا رسول الله • قال : إن الأكثرين هم الأقلون يوم القيامة إلا من قال هكذا وهكذا وهكذا مثل ما صنع في المرة الأولى • قال : ثم مشينا ، فقال : يا أبا ذر كما أنت حتى آتيك • قال : فانطلق حتى توارى عني • قال : سمعت لغطا وسمعت صوتاً ، قال : فقلت : لعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عرض له ، قال : فهممت أن أتبعه • قال : ثم ذكرت قوله : لا تبرح حتى آتيك • قال : فانتظرته ، فلما جاء ذكرت له الذي سمعت • قال : فقال : ذاك جبريل ـ عليه السلام ـ أتاني فقال : من مات من أمتك لا يشرك بالله شيئاً دخل الجنة • قال : قلت : وإن زنى وإن سرق ؟! قال : وإن زنى وإن سرق ! م ـ ٢٥٩/٤ •

[يەك حادیثەیە ئەلفاظ موتەقاریبە ، كە وابێ بەسە]

تەرجەمە :

لە حەدیثی (وإن زنی وإن سرق) دوو حەدیث کافیە کە تەرجەمە بکرێ ، ئەوانی تریش مەئالیان وەکوو ئەمانەیە •

(١) ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : شەوێ لە شەوان لە مەدینە چوومەدەرێ ، تێفکریم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە تەنها تەشریفی ئەڕۆیی ، لام وابوو کە حەز ناکا کەسی لەگەڵ بێ ، لەبەر ئەوە من لە سێبەری مانگەشەوا ئەڕۆییم ، یەعنی تا فەرقم پێ نەکا • ئاوڕیدایەوە ، منی بینی ، فەرمووی : ئەوە کێیە ؟ عەرزمکرد : ئەبوذەڕم خوا بمکا بە فیدات ! فەرمووی : ئەی ئەبوذەڕ وەرە • تا سەعاتێ لە خزمەتیا رۆییم ، فەرمووی : ئەوانە کە [لە دنیادا] زۆریان هەیە ئەوانەن کە لە قیامەتا کەمیان هەیە مەگەر یەکێك کە خوا خێری پێ ئیحسان کردبێ‌و بە راستەو چەپەو بۆ پشتەوەی فووی لێ بکا [تەخشانو پەخشانی بکاو] خێری تیا بکا • فەرمووی : ساعەتێکی تر لە خزمەتیا رۆییم فەرمووی : لێرە دابنیشە ، لە مەیدانێکا کە لە دەوروپشتیا بەرد بوو دانیشانم ، فەرمووی : لێرە دانیشە تا دێمەوە ، تەشریفی بە ناو شاخەکەدا رۆیی تا لێم ونبوو ، موددەتێکی چاك بەندبوو ، بەندبوونەکەی توولی کێشا ، لە پاشا گوێم لێبوو ئەفەرموێ : با دزیش بکاو با زینایش بکا • کە تەشریفی هاتەوە تاقەتم نەگرت عەرزمکرد : (يا نبي الله) خوا بمکا بە فیدات ! لە طەرەفی شاخەکەوە قسەت لەگەڵ کێ ئەکرد ؟ هیچ کەسم نەبیست کە هیچ جوابت بداتەوە • فەرمووی : ئەوە جیبریل ـ علیه السلام ـ بوو لای شاخەکەوە خۆی پێشاندام ، فەرمووی : موژدە بدە بە ئوممەتەکەت هەرکەسێ بمرێ‌و هیچ کەس نەکا بە شەریکی خوا ئەچێتە بەهەشتەوە • وتم : یا جیبریل با دزیش بکاو با زینایش بکا ؟! فەرمووی : با دزیش بکاو

با زینایش بکا ! تا سێ جار لێی‌پرسی‌و وای جواب‌دایەوە ، لە جاری سێیەما فەرمووی : با شەرابیش بخواتەوە ! ئەم جوملەیەی لێ زیادکرد ، یەعنی حەتتا شەرابخۆریش بێ کە خاتیمەی لەسەر ئیسلام بێ خوا ئەیخاتە بەهەشتەوە •

لەمە وا دەرەکەوێ کە شەرابخواردنەوە چونکی (أم الخبائث)و (بالنتیجە) هەموو گوناهێکی کەبیرە بە ئینسان ئەکا •• لە دزی‌و زینا دەرەجەی بەشیددەتترە !

(٢) ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە ناو بەردەلانی مەدینەدا وەختی خەوتنان لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەڕۆییم • تەماشای ئوحودمان ئەکرد ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی‌فەرمووم : ئەی ئەبوذەڕ ! عەرزم‌کرد : بەڵێ (یا رسول الله) لە خزمەتتام • = فەرمووی : = حەز ناکەم کە ئەم ئوحودە لای من بێ بە ئاڵتوون‌و ئێوارێی سێیەم دینارێکی لە لام بمێنێ مەگەر دینارێ کە دایبنێم بۆ قەرز ، ئیللا بەو نەوعە نەبێ کە وای لێ بکەم : مستێکی هاویت بۆ بەردەمی وەهای لێ بکەم ، بۆ لای راستی وای لێ بکەم ، بۆ لای چەپی • لە پاشا رۆیین ، فەرمووی : یا ئەبوذەڕ ! عەرزم = کرد = : بەڵێ لە خزمەتتام • فەرمووی : ئەوانەی کە زۆریان لە دنیادا هەیە ئەوانەن کە زۆر کەمیان هەیە لە ئاخیرەتا مەگەر کەسێ کە واو واو وای لێ بکا • ئەووەڵ جار چۆنی کرد ئەمجارەیش وای کرد • لە پاشا رۆیین • فەرمووی : ئەی ئەبوذەڕ لە جێی خۆت بە ، لێی جوێ‌مەبەرەوە تا یێمەوە لات • تەشریفی رۆیی تا لێم ون‌بوو • بەعزێ غەڵبە غەڵب‌و دەنگە دەنگم بیست • وتم : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شتێکی لێ روونەدابێ ؟ تەمام بوو بە شوێنیا بچم ، ئەوەم فکرکردەوە کە فەرمووی : لە جێی خۆت مەبزوو

تـا پێمەوە • مونتەظیری بووم ، کە تەشریفی هاتەوە ئەوەی کە بیستبووم عەرزم‌کرد • فەرمووی : ئەوە جیبریل ـ علیه السلام ـ بوو تەشـــــریفی هاتەلام • فەرمووی : هەرکەسێ لە ئوممەتی تۆ بمرێ [و لە وەختی نەزعا] شەریك بۆ خوا نەگرێ ئەچێتە بەهەشتەوە ، عەرزم‌کرد : با زینایش بکاو با دزیش بکا ؟! فەرمووی : با زینایش بکاو با دزیش بکا !

مورتەکیبی کەبائیر کافر نابێ ، ئەمما ئەگەر تەوبەی لێ نەکا ئەوە لە مەشییەتی ئیلاهایە[1] یا عەفو یا عەذاب •

مەئای دوو حەدیثی تر کە ئەویش لە مەئالی ئەم حەدیثانەدایە :

١٥/٣٠٨٤ ـ ئەبوذەڕ ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : رێم‌کەوتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تەشریفی لە سێبەری کەعبەدا دانیشتبو کە چاوی بـە من کـەوت فەرمووی : قەسەم بـە پەروەردگاری کەعبە ! ئەوانە زۆر زەرەرمەندن • چووم تا دانیشـــــتم قەرارم نەگرت ، هەنسام عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) باوكو دایکم بە فیدات بێ ! ئەوانـە کێن ؟ فەرمووی : ئەوانەن کـە ماڵیان لـە هەموو کەس زیاترە ، مەگـەر کەسێ واو واو وای لێ بکا ؛ ئیشارەتی بۆ بەردەم‌و بۆ پشتەوەی‌و بۆ لای راست‌و لای چەپی‌کرد • ئەوانەی کە وا بکەن زۆر کەمن • هیچ صاحێب وشترو گاگەڵو مەڕگەل نیە کە زەکاتی لێ نەداو ، لە رۆژی قیامەتـا ئـەو وشترو گاگەڵو مەڕگەنە لە حاڵەتێکیانا کە لە هەموو وەقت زۆرتربوونو گەورەو قەڵەوتر بوون •• بە شاخ قۆچی لێ نەدەنو بە پێو سم نەیشێلن ، کە ئاخریان تەواو بوو دووبارە ئەووەڵەکەیان یێنەوە سەری ئەیشێلن تا لە بەینی خەڵقا حوکم ئەکرێ بە بەهەشت یا بە ئاگر ح ـ ٤٧/٣ لە بوخاریدا

(١) واتە لە ئیرادەو ئارەزووی خوادایە •

(هم الأخسرونَ)و ، بەحث لە بلاوکردنەوەی مال لەم حەدیثە نیە •
م - ٣٥٨/٤ •

لەم حەدیثەدا ئەم فەرموودەی لە کەعبەدا فەرموە ، لە حەدیثەکانی پێشوودا لە مەدینەیش فەرموویەتی •

لە (إیمان)یشا حەدیثێکی تر رابورد کە بەحثی لە (وإن زنی وإن سرق)ی تیایە • ئەمما ئەو حادیثەیە لە ناو مەدینەدا بوە ، بە رۆژ ، ئەم حادیثە کە لێرەدا ذیکر = کرا = بە شەو بوە لە دەری مەدینە • لە حەدیثەکەی ئێرەدا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە جیبریل ـ عليه السلام ـ ئەپرسێ : (وإن زنى وإن سرق) لە حەدیثەکەی (إیمان)ا[1] ئەبوذەر لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەپرسێ ، لە جاری سێیەما پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێی ئەفەرموێ : « رغماً على أنف أبي ذر » • (فوفق وفقك الله في الدارين) •

١٦/٣٠٨٥ ـ عن الأحنف بن قيس [رحمه الله تعالى] قال : قدمت المدينة فبينما أنا في حلقة فيها ملأ من قريش إذ جاء رجل أخشن الثياب ، أخشن الجسد ، أخشن الوجه ، فقام عليهم ، فقال : بشر الكافرين برضف [حجارة محماة] يحمى عليه في نار جهنم ، فيوضع على حلَمة ثدي أحدهم حتى يخرج من نُغْض كتفيه [دەفەی شان] ويوضع على نغض كتفيه حتى يخرج من حلمة ثدييه يتزلزل • قال : فوضع القوم رؤسهم • فما رأيت أحداً

(١) دانەر مەبەستی لەم حەدیثە حەدیثی ژمارە (١٥٠/٢٨٢)ی بابی ئیمانە . دانەر ـ خ ـ لێرەدا نووسیویە : « رغما على أنف ابي ذر » بەلام لە حەدیثەکەی ئەوێدا « على رغم انف ابي ذر »ە . داوای تەوفیقەکەیش ، وەك هەموو جارێك ، لە خوالێخۆش بوو مامۆستا مەلا سەلامە ، بەلام دیار نیە مامۆستا هیچی کردبێ .

منهم رجع إليه شيئا . قال : فأدبر واتبعته حتى جلس الى ساريه . فقلت : ما رأيت هؤلاء إلا كرهوا ما قلت لهم . فقال : إن هؤلاء لا يعقلون شيئا ، إن حبيبي ابا القاسم [قال لي خليلي . قال : قلت : من خليك ؟ قال : النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – أخرى] دعاني فأجبته . فقال : أترى احدا ؟ فنظرت ما علي من الشمس وأنا أظن أنه يبعثني في حاجة له ، فقلت : أراه . فقال : ما يسرني أن لي مثله ذهباً أنفقه كله إلا ثلاثة دنانير . ثم هؤلاء يجمعون الدنيا لا يعقلون شيئاً . قال : قلت : ما لك ولإخوتك من قريش لا تعتريهم وتصيب منهم ؟ قال : لا وربك لا أسألهم عن دنيا ولا أستفتيهم عن دين حتى ألحق بالله ورسوله ح – ١٢/٣ ، م – ٣٦١/٤ ، م – ٣٦٤/٤ باختصر . وفيه : فقلت : من هذا ؟ قالوا : هذا أبو ذر . وفيه : قال : قلت : ما تقول في هذا العطاء ؟ قال : خذه فإن فيه اليوم معونة ، فإذا كان ثمنا لدينك فدعه [واللفظ لمسلم] .

تەرجەمە :

ئەحنەف ــ رحمه الله ــ ئەفەرموێ : چوومە مەدینە ، لـە وەختێکا لـە ناو حەڵقەیێکی قورەیشا دانیشتبووم پیاوێ هـات جلی بەری لـە هەموو جلێ . بەدەنی لـە هەموو بەدەنێ ، دەموچاوی لـە هەموو دەموچاوێ .. زبرو گرژتر بوو ، بە سەر ئەو خەڵقەوە راوەستا فەرمووی : موژدە بدە بە کافران کە بەردێکی پانیان لە ئاگری جەهەنەمابۆ سوورئەکرێتەوە ئەیێننە سەر گۆی مەمکی کوللی یەکێکیانەوە تا لە دەفەی شانیەوە ئەچێتە دەرەوە ، ئەیێنینە سەر دەفەی هەردوو شانیەوە[1] تا لە هەردوو گۆی مەمکیەوە بێتە

(١) ئەم دوو رستە : « ئەیێنێنە سەر دەفەی هەردووشانیەوە »و « مەمکی کوللی یەکێکیانەوە » باش نیەو بوترێ « ئەیێنێن بە دەفەی شانی ... »و « ئەیێنێن بە گۆی مەمکی ... » باشترە .

دەردەرە . ئەسێکیانم نەدی جوابی بداتەوە [ئەمناسی پرسـیم : ئەمە لێیە زێیف . ئەبو دەرە] لە پاشا گەڕایەوەو شوێنی ئەوتم تا لە بن لۆیەئەیێکا ئەیێست . عەرزمکرد : وا ئەبینم کـە ئەمانە قسەلەتیان پێخۆش نەبوو . فەرمووی : ئەمانە تێیا ئەن شوعووریان نیە [غەیری ئەوەی کە لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم بیســـتوە هیچی ترم پێ نەوتن . اخری] جەنیم بانگی‌کردم . جوابم دایەوە [وتم : خەلیلی تۆ کێیــە ؟ فەرمووی : پیغەمەرد ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ . آخری] فەرمووی : ئوحود ئەبینی ؟ تەماشام کرد کە چەندەم رۆژ بەســــەرەوە ماوە ، وامزانی کـە ئەمنێرێ بۆ ئیشێ . عەرزمکرد : ئەیبینم . فەرمووی : ئەوە مەســرووڕم بال ئە بە قەد ئەم ئوحودە ئالتوونم بێ کە خەرجی بکەم ، مەگەر ســێ دینار [لە ریوایەتەکەی شەویا : مەگەر دینــارێ نەبێ] ئەمـانـە دنیـا کۆ ئەکەنەوە هیچ شــــوعووریان نیە [کە صەرفی بکەن لە جێی خۆیا] عەرزمکرد : بۆ ناچیە لای برادەرانی قورەیشت ئیســـتیفادەی مالیان لێ بکەی ؟ فەرمووی : خەیر وەللاهی نە لە دنیا شتێکیان لێ داوا ئەکەم ، نــە لـە دینە شتیان لێ ئەپرسم تا بە خواو رەســــوولی خوا ئەگەمەوە [لــە ریوایەتەکەی تریا ئەحنەف ئەفەرموێ لێمپرسی : دەرحەقی ئەو عەطایەی کە ئەوان ئەیکەن ئەفەرمووی چی ؟ فەرمــووی : لێیــان وەربگرە ؛ چونکی موعاوەنەتت ئەکا . ئەگەر بەهای دینت بێ تەرکی کەو وەری‌مەگرە] .

١٧/٣٠٨٦ ـ عن منذر عن ابن الحنفية [محمد بن علي ـ رضـي الله تعـالى عنــه ورحمه الله تعالى ـ حين نال بعض القوم من عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : مه . فقلنا له : أكان أبوك يسب عثمان ؟ فـ]ـقال : لو كان علي ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ذاكراً عثمان ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ [بسوء] ذكره يوم جاءه ناس فشكوا سُعاة عثمان . فقال علي : اذهب الى

عثمان فأخبره أنها صـدقة رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فمر سُعاتك يعملون فيها • فأتيته بها • فقال : أغنها عنا • فأتيت بهـا علياً فأخبرته ، فقال : ضعها حيث أخذتها ح ـ ٥/١٩٤ •

تەرجەمە :

[مونذیر ـ رحمه الله ـ له محەمەدی کوڕی ئیمامی عەلییەوە ، کە لە ژنە حەنەفیەکەی بوو] ریوایەت ئەکا ، ئەفەرموێ : لە لای بووین بەعزێ • لەوانەی کـە لە خزمەتیا بوون بـە خراپـە ناوی ئیمامی عوثمانیان ئەبرد • فەرمووی : وازبێنن لەمـە • عەرزیانکرد : بـاوکت هیچ جوێنی ئەدا بـە عوثمان ؟ فەرمووی : ئەگەر باوکم بە خراپە ناوی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنـه ـی بهێنایـە ئەو رۆژە ناوی ئەبرد کـە بەعزێ خەڵق هاتنـە خزمەتی شکاتیان لـە زەکات کۆکەرەوەکانی عوثمان کـرد ، پێیفەرمووم : ئـەم صەحیفەیە ببەرە لای عوثمان پێی بڵێ : ئەمە صەدەقەی (رسـول الله)یە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمر بکە بـە پیاوەکانت کـە عـەمـەل بـە موندەرەجاتی[1] بکەن • بۆم برد فەرمووی : ئەوەمان لێ لادە ئیحتیاجیمان پێی نیە • بردمەوە خزمەت باوکم خەبەرم دایێ فەرمووی : داینێرەوە لـەو جێیەی کە لێت هەڵگرتوە •

[وەلحاصڵ ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەبەر صـیلەی رەحم لەگەڵ ئەوانە کە قەطعی رەحمیان لازمە موسامەحەی زۆری کردوە ، لە هیچ سەییئاتیانی نەپرسیوەتەوە تا بوون بە سەبەبی شەهادەتی [رضـي الله تعـالى عنـه ـ چونکی پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێی رازی بوە] •

(١) واتە ناوەرۆکەکەیی ، ئەوەی تیایا نووسراوە •

میقداری زەکات . لە چەندە واجب ئەبێ ؟

١٨/٣٠٨٧ ـ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ليس فيما دون خمس أواق صدقة . وليس فيما دون خمس ذَوْد صــــدقة ، وليس فيما دون خمس أوسـق [أوسـاق من تمر ، أو حب م ـ ٣٣٣/٤] . صدقة ح ـ ١٠/٣ . م ـ ٣٣٣/٤ ، ٣٢٨ ، بتقديم بعض على بعض .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لـە پێنج ئووقیـە [زیو : ٤٠ درهەم] کەمترا زەکات نیە ، لە پێنج وشـتر کەمترا زەکـات نیە . لە پێنج ویسق کەمترا زەکات نیە .

ویسق شەصت مەنە ، مەن چوار موددە ، مود ریطلێك‌و سـێیەکی ریطلێکە بە ریطلی بەغدادیی پێنج ویســـقەکە ئەکاتە هەزارو شـەشصەد ریطلی بەغدایی . ریطل صەدوبیست‌و هەشـــت درهەم‌و لـە حەوت بەش چواربەشی درهەمێکە . دینار بیست‌و چوار قیراطە ، مثقـاڵ حەفتـاو دوو دەنکەجۆی بە توێکڵەوەو سەروقنگ‌کراوە . درهەمی بەغەلی هەشـــت دانگە ، درهەمی طەبەری چوار دانگە . (جمعا) دوانزە دانگە . بـە دوو تەقسیم کرا بە دوو درهەم ، هەر درهەمێ شەش دانگ .

٦٠	٢٤٠	١٢٠٠ مودد
٤ ×	٥ ×	٤٠٠ + ثولث
٢٤٠ مودد	١٢٠٠ ویسق	١٦٠٠ ریطل

١٩/٣٠٨٨ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدث أن أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كتب له التي أمر الله رسوله [ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] ومن بلغت صدقته بنت مخاض [لها سنة] وليست عنده وعنده بنت لبون [لها سنتان] فإنها تقبل منه ، ويعطيه المصدِّق عشرين درهماً أو شاتين ، فإن لم يكن عنده بنت مخاض على وجهها وعنده ابن لبون [له سنتان] فإنه يقبل منه وليس معه شيء ح ـ ٣/٤٠ ، د ، ن ، جه ٠

تەرجەمە :

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو صەدەقەی خوا ـ عز وجل ـ ئەمری بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردوە کە بیستێنێ لە صاحێب زەکاتی بۆ ئەنەس نووسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەرکەسێ کە صەدەقەی گەیی بە بینتی مەخاض [بێچووی مێی یەك ساڵەی وشتر] بینتومەخاضی نەبوو ، بینتولەبوونی بوو [بێچوولەی مێی دوو ساڵەی وشتر] ئەو بینتولەبوونەی لێ قەبووڵ ئەکرێ ، ئەوی صەدەقە وەرئەگرێ بیست درهەم یا دوو مەڕ بدا بەوەی کە زەکاتی لێ ئەستێنێ ٠ ئەگەر بینتومەخاضی نەبوو ئیبنولەبوونی بوو [بێچووی نێری دوو ساڵەی وشتر] ئەوەی لێ قەبووڵ ئەکرێ ، ئەمما صاحێب زەکاتەکە هیچی نادرێتێ ٠

٢٠/٣٠٨٩ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدث أن أبا بكر [رضي تعالى عنه] كتب له التي فرض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ولا يجمع بين متفرق ، ولا يفرق بين مجتمع خشية الصدقة ح ـ ٣/٤٣ ٠

تەرجەمە :

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو صەدەقەی کە [بە ئەمری خوا] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرزی کردوە بۆ ئەنەسی نووسی

ـ رضي الله تعالى عنه ـ كە حەیوانی جوێ ـ جوێ كە بە جوێیی زەكاتیان تیا نەبێ ناكرێن بە یەك تا زەكات لە صاحێبەكانیان بستێنرێ [حەیوانی دوو كەس ـ مثلا ـ بە یەكەوە بلەوەڕێنرێن لە مەجموعەكەیانا زەكات ببێ بە جوێ ـ جوێ زەكات نەبێ] لە ترسی زەكات مەجموعەكەی لێك جوێ ناكرێتەوە •

٣٠٩٠/٢١ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كتب له التي فرض رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وما كانا من خليطين فإنهما يتراجعان بالسوية ح ـ ٤٢/٣ •

تەرجەمە :

ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو صەدقەیەی كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە ئەمری خوا فەرزی كردوە بۆ ئەنەسی نووسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ كە دوو كەس ماڵیان تێكەڵ بێ مەئمووری زەكات زەكاتەكەی لە یەكێكیان ـ مثلا ـ سەند ئەوی زەكاتی لێ سەندراوە چەندی زیاد لە حەقی خۆی داوە لەوی تری ئەستێنێتەوە •

٣٠٩١/٢٢ ـ أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ حدث أن أبا بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ كتب له التي أمر الله رسوله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ولا يخرج في الصدقة هرمة ، ولا ذات عوار ، ولا تيس إلا ما يشاء المصدِّق ح ـ ٤٥/٣ •

تەرجەمە :

ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەو صەدەقەیەی كە خوا ئەمری بە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كردوە كە بیستێنێ بۆ ئەنەسی نووسی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : لە زەكاتا نە حەیوانی پیر ، نە كوێر

وەرنەگرێ ، حەیوانی فەحلیش نەستێنرێ مەگەر صاحێبەکەی بە خواهیشی خۆی بیدا .

٢٣/٣٠٩٢ - أنس - رضي الله تعالى عنه - حدث أن أبا بكر - رضي الله تعالى عنه كتب له فريضة الصدقه التي أمر الله رسوله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من بلغت عنده من الإبل صدقة الجَذَعة [لها أربع سنين] وليست عنده جَذَعة وعنده حِقَّة [لها ثلاث سنين] فإنها تقبل منه الحقة ويجعل معها شاتين إن استيسرتا له ، أو عشرين درهماً ، ومن بلغت عنده صدقة الحقه وليست عنده الحقة وعنده الجذعة فإنها تقبل منه الجذعة ويعطيه المُصَدِّق عشرين درهماً أو شاتين ، ومن بلغت عنده صدقة الحقة وليست عنده إلا بنت لبون فإنها تقبل منه بنت لبون ، ويعطي المُصَدِّقُ [أي المالك] شاتين أو عشرين درهماً . ومن بلغت صدقته بنت لبون وعنده حقة فإنها تقبل منه الحقة . ويعطيه المُصْدِق [الساعي] عشرين درهماً أو شاتين . ومن بلغت صدقته بنت لبون وليست عنده وعنده بنت مخاض فإنها تقبل منه بنت مخاض ، ويعطي معها عشرين درهماً أو شاتين ح - ٣/٤٢ .

٢٤/٣٠٩٣ - ثمامة بن عبدالله بن أنس أن أنساً [رضي الله تعالى عنه] حدثه أن أبا بكر - رضي الله تعالى عنه - كتب له هذا الكتاب لما وجهه إلى البحرين :

بسم الله الرحمن الرحيم هذه فريضة الصدقة التي فرض رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - على المسلمين والتي أمر الله بها رسوله [عليه الصلاة والسلام] فمن سُئِلها من المسلمين على وجهها فليعطها ، ومن سئل فوقها فلا يعط : في أربع وعشرين من الإبل فما دونها من الغنم من كل خمس شاةٌ ، إذا [فإذا ، نسخة] بلغت خمساً وعشرين إلى خمس وثلاثين

ففيها بنت مخاض أنثى • فإذا بلغت ستاً وثلاثين إلى خمس وأربعين ففيها بنت لبون أنثى • فإذا بلغت ستاً وأربعين إلى ستين ففيها حقة طَروقة الجَمَل • فإذا بلغت واحدة وستين إلى خمس وسبعين ففيها جذعة • فإذا بلغت يعني ستاً وسبعين إلى تسعين ففيها بنتا لبون • فإذا بلغت إحدى وتسعين إلى عشرين ومائة ففيها حقتان طروقتا الجمل • فإذا زادت على عشرين ومائة ففي كل أربعين بنت لبون ، وفي كل خمسين حقة ، ومن لم يكن معه إلا أربع من الإبل فليس فيها صدقة ، إلا أن يشاء ربها ، فإذا بلغت خمساً من الإبل ففيها شاة •

وفي صدقة الغنم في سائمتها إذا كانت أربعين إلى عشرين ومائة شاة ، فإذا زادت على عشرين ومائة الى مائتين شاتان ، فإذا زادت على مائتين إلى ثلاثمائة ففيها ثلاث ، فإذا زادت على ثلاثمائة ففي كل مائة شاة • فإذا كانت سائمة الرجل ناقصة من أربعين شاة واحدة فليس فيها صدقة إلا أن يشاء ربها •

وفي الرقة [زيو] ربع العشر • فإذا لم تكن إلا تسعين ومائة فليس فيها شيء إلا أن يشاء ربها ح - ٤٣/٣ •

تەرجەمە :

ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - ئەو صەدەقەی خوا ئەمری کردوە بە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە بیستێنێ لە ماڵدار •• بۆ ئەنەسی نووسی - رضي الله تعالى عنه - کە ئەوەی صەدەقەی وشتری گەیی بە وشتری مێی چوار ساڵ فەقەط ئەو وشترەی نەبوو وشتری مێی سێ ساڵی بوو ئەو وشترە مێیەی لێ قەبووڵ ئەکرێ ، ئەگەر مومکینی بوو دوو مەڕیشی لەگەڵ بدا ، ئەگەر مەڕی نەبوو بیست درهەمی لەگەڵ بدا ، ئەوی

زەکاتی ئەیی بە وشتری مێی سێ ساڵ فەقەط ئەو وشترەی نەبوو وشتری مێی چوار ساڵی بوو ، ئەو وشترەی لێ وەرەگیرێ ، لە باتی زیایی‌یەکـەی مەئسووری زەکاتەکە دوو مەڕ یا بیست درهەمی بداتێ . ئەوی زەکاتەکەی ئەیی بە (حقە) وشتری مێی سێ ساڵ ، فەقەط ئەو وشـــــترەی نەبوو بینتولەبوونی بوو ـ وشتری مێی دووساڵ ـ ئەو وشـــــترەی لێ قەبوول ئەکرێ ئەگەر ئەوا دوو مەڕ یا بیست درهەم بدا بـە مەئسوورەکە . ئەوی صەدەقەی بگا بە بینتی لەبوون بینتی لەبوونی نەبوو بینتومەخاضـــی بوو ـ بێچوە وشتری مێی یەك ساڵە ـ ئەوەی لێ قەبوول ئەکرێ لە لەس ئـەوا دوو مەڕ یا بیست درهەم بدا .

وەئحاصڵ لە کوللی دەرەجەیێکا کـە وشتری ئـەو دەرەجەی نەبێ ؛ ئەگەر بەرەوخوارتری بوو ئەوەو دوو مەڕ یـا بیست درهەم بدا ، ئەگـەر بەرەوژوورتری بوو ، ئەوە بداو لە باتی زیایی‌یەکەی دوو مەڕ یا بیســـت درهەم وەربگرێ .

ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنــه ـ کە ئەنەسی نارد بۆ بەحرەین کـە زەکات کۆبکاتەوە ئەم ئەمرەی بۆ نووسی :

(بسم الله الرحمن الرحیم) ئەمە ئەو صەدەقەیە کـە (رســـول الله) ـ صلى الله تعـالى علیـه وسـلم ـ بە ئەمری خوا لەســـــەر موسولمانانی فەرزکردوە . هەرکەسێ ئەمەی کـە نووسراوەی لێ طەڵەب بکەن بیدا ، ئەوی زیاتری لێ داواکـەن نەیـدا ، لـە بیســـــتو چوار وشترو کەمترا زەکاتەکەی مەڕە لە کوللی پێنج وشترێکا مەڕێکە کە گەیی بە بیســـــتو پێنج وشتر تا سی‌و پێنج بینتومەخاضێکی مێی لێ ئەکەوێ . کە گەیی بـە سی‌و شەش تا چل‌و شەش بینتولەبوونێکی مێی لێ ئەکـەوێ لـــە چل‌و شەشەوە تا شەصت (حقە)یێکی لێ ئەکەوێ کە قابیلیەتی ئەوەی پـەیـدا

کردبێ کە وشتری فەحلی لێ بپەڕێ ، لە شەصتو یەکەوە تا حەفتاو پێنـــج جەذەعەییێکی لێ ئەکەوێ ، لە حەفتاو شەشەوە تا نەوەد دوو بینتی لەبوونی ئەکەوێ . لە نەوەدو یەکەوە تا صەدو بیست دوو (حقە)ی لێ ئەکەوێ کە قابیل بێ وشتری لێ بپەڕێ • کە لە صەدوبیست زیاتر بوو لە هـەر چلێکا بینتی لەبوونێ . لە هەر پەنجادا (حقە)ییێکی لێ ئەکەوێ •

[مەثەلا : لە صـــەدو ســـیدا دوو چلو پەنجایێ هەیە ، دوو بینتو لەبوونو حوققەیێ بدا ، لە صەدو چلا دوو پەنجاو چلێ هەیە دوو حوققەو بینتولەبوونێ بدا] ئەوی هەر چوار وشتری بێ هیچی لەسەر نیە مەگەر خۆی ئارەزووی صەدەقەی بێ ، کە گەیی بە پێنج مەڕێکی لێ ئەکەوێ •

صەدەقەی مەڕ ، ئەو مەڕانەی کـە لـە صـــەحرادا بـە دەمی خۆیان بلەوەڕێن . ئالفی نەدرێتێ ، لە چلەوە تا صەدوبیست مەڕێکی یەك ساڵەی ، یا بزنێکی دوو ساڵەی لێ ئەکەوێ [یەعنی مەڕ بێ پێی نابێتە دوو ســاڵ ، بزن بێ پێی نابێتە سێ ساڵ] لـە صەدوبیستەوە تـا دووصـەد دوو مـەڕ [یەعنی لە صەدو بیستو یەکیش دوو مەڕ ، لە صەدو نەوەدو نۆیش دوو مەڕ] لە دووصەد زیاتر بوو تا سێصەد سێ مەڕ • لە چل کەمتر زەکاتی نیە ، لەوە زیاتر بێ هەر صەدی مەڕێکی لێ ئەکەوێ • لە زیوا چلیەك زەکاتیەتی [نیصابی دووصەد درهەمە] ئەگەر صەدو نەوەدی بوو [یەعنی تا صـــەدو نەوەدو نۆ] زەکاتی نیە •

دەرحەق بە نیصابی ئاڵتوونو نیصابی گاو گاجووت لـە موســـلیمو بوخاریا تووشی حەدیث نەبووم ، فەقەط لە حەدیثەکانی پێشووا تەهدیدی بە شیددەت هەیە دەرحەقی مانیعی زەکاتیان •

نیصابی ئاڵتوون بیست مثقاڵە زەکاتی چلیەکە لە فیقهایە •

بوخاری = لە = بابی زەکاتی بەقەرا ئەڵێ : ئەمما هەر حەدیثێ تەهدیدی مانیعی زەکاتی تیایە حەدیثی نیصاب‌و میقداری زەکاتی تیا نیە • ترمذیی لە موعاذەوە - رضي الله تعالى عنه - حەدیثێکی مورسەل ذیکر ئەکاو فەرموویەتی حەسەنە ، حاکم ئەڵێ صەحیحە • مەئالی ئەو حەدیثە : ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ناردمیە یەمەن ، ئەمری پێفەرمووم لە چل گاو مانگا (مسنة)یێ - یەعنی گایێکی دووسالەی ددان‌دەرهاتوو ، لە سی (تبیع)ێ - پارێنێ ، یەعنی یەك سالەیێ - وەربگرم ، دوو تەبیع لە باتی موسیننە قەبووڵ ئەکرێ • قسطلاني •

ئەم حەدیثانی زەکاتی وشترو مەڕو زیوە هەمووی حەدیثێکە ، لە ئەمرنامەیێکی ئەبوبەکرا - رضي الله تعالى عنه - ذیکرکراوە ، بوخاری پارچە - پارچە هەر پارچەیێکی بە طەریقێ ریوایەت ئەکا •

٢٥/٣٠٩٤ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : [ليس في العبد صدقة إلا صدقة الفطر م - ٤/٣٣٧] ليس على المسلم صدقة في عبده [غلامه • أخرى] ولا فرسه ح - ٣/٥٠ ، م - ٤/٣٣٦ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : موسوڵمان لە عەبدو ئەسپیا زەکات نیە ، تەنها بۆ عەبدی صەدەقەی فیطری لەسەرە •

٢٦/٣٠٩٥ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : فيما سقت السماء والعيون ، أو كان عَثَرِيّاً [ما يسقى في السيل الجاري] العشر ، وما سقي بالنضح نصف العشر ح - ٣/٦٧ •

٣٠٩٦/٢٧ ـ جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يذكر أنه سمع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فيما سقت الأنهار والغيم العشور، وفيما سقي بالسانية نصف العشر م ـ ٣٣٥/٤ •

تەرجەمە :

[(سانيەو ناضح) وشترێکە ئاوی لە بیر پێهەڵئەهێنجرێ]

مەئالی هەردوو حەدیثەکە یەکێکە یەعنی زەکاتی ئەو زەراعەتەی کە بە بارانو سەرچاوەو جۆگە ئاو ئەخواتەوە دەیەکە ، ئەوی بە چەرد ئاو ئەدرێ زەکاتی بیستیەکە •

زەکاتی رەزو سائیری شتی تری ذیکر نەکردوە ، بەر حەدیثی (فیما سقت السماء)ی بخەی لە هەموو زەراعەتێکا زەکات لازم یێ • ئەمما لە فیقها بەیانکراوە لە چی ئەکەوێو لە چی ناکەوێ •

٣٠٩٧/٢٨ ـ عن أبي سعيد الساعدي [وهو أبو حميد] قال : خرجنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غزوة تبوك فأتينا وادي القرى على حديقة لامرأة ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اخرصوها ؛ فخرصناها وخرصها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عشرة أوسق ، وقال : أحصيها حتى نرجع إليك ـ إن شاء الله تعالى ـ فانطلقنا حتى قدمنا تبوك ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ستهب عليكم الليلة ريح شديدة ، فلا يقم فيها أحد منكم ؛ فمن كان له بعير فليشد عقاله ، فهبت ريح شديدة فقام رجل فحملته الريح حتى ألقته بجبلي طي ، وجاء رسول بن العلماء صاحب أيلة إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = بكتاب = وأهدى له بغلة بيضاء [دلدل] فكتب له [ببحرهم ، خ] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأهدى

[وكساه ، خ] إليه بردا ، ثم أقبلنا حتى قدمنا وادي القرى ، فسأل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - المرأة عن حديقتها : كم بلغ ثمرها ؟ فقالت : عشرة أوسق [خرص رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بخاري] فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إني مسرع [إني متعجل ، بخاري] فمن شاء منكم [فليعجل ، خ] فليسرع معي ، ومن شاء فليمكث ، فخرجنا حتى أشرفنا على المدينة ، فقال : هذه طابة [فلما رأى أحدا ، خ] وهذا أحد ، وهو جبل يحبنا ونحبه ، ثم قال[1] : إن خير دور الأنصار دار بني النجار ، ثم دار بني عبدالأشهل ، ثم دار بني عبدالحرث بن الخزرج ، ثم دار بني ساعدة ، وفي كل دور الأنصار خير ، فلحقنا سعد بن عبادة ، فقال أبو أسيد : ألم تر أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - خيَّر دور الأنصار فجعلنا آخرا ؟ فأدرك سعد رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : يا رسول الله خيرت دور الأنصار فجعلتنا آخرا ! فقال : أو ليس بحسبكم أن تكونوا من الخيار ؟ م - ١٤٢/٩ واللفظ لهذا ، ح - ٦٥/٣ ، أخرجه البخاري في الحج والمغازي ، وفضل الأنصار ببعضه ، ومسلم في فضل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - في الحج ، وأبو داود في الخراج .

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی ساعیدی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - چووینە غەزای تەبووك ، هاتینە (وادی القری) سەر باغی ژنێك ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -

(١) لێرە بەدواوە وەك حەدیثی (١٠٩٥/٢١٨) وایە كە لە بەرگی چوارەمدا نووسراوە .

فەرمووی : بیخەرصێنن ، ئێمە خەرصانمان[1] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یش خەرصانی بە دە ویسق ، بە ژنەکەی فەرموو : حیسابی رابگرە تا یێینەوە لات (إن شاء الله) رۆیین تا چووینە تەبووك • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئیمشەو بایێکی بەشیددەتتان لێ هەڵەکا ، هیچ کامتان لەو بایەدا هەڵنەستێتە پێیان ، کێ وشتری هەیە ئەشکێڵەکەی مەحکەم بکا •• شەو بایێکی بەشیددەت هات ، پیاوێ هەڵسا ، بایەکە هەڵی گرت تا دای بە شاخی طەییا[2] ، رەسوولی ئیبنولعولەما کە مەلیکی ئەیلەیە هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئێسترێکی سپی [کە دوڵدوڵە] بە دیاریی هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بوردەیێکی بە هەدیە بۆ نارد ، بۆ ئەهلی مەملەکەتەکەیان موعاهەدەیێکی نووسی :

[مەئالی وایە لە دوای بسم الله ئەمە ئەمنییەتنامەیە لە طەرەف خواوەو محمد کە رەسوولی خوایە بۆ یۆحەننای کوڕی روبەو ئەهلی ئەیلەو ئوسقوفیانو غەیری ئەوان لە بەڕاو لە بەحرا ، عەهدی خواو رەسوولی خواو ئەو ئەهلی شامو یەمەنەو ئەهلی بەحرەی کە لە خزمەتیان ، کە لێیان ئەمین بن زەرەریان پێ نەگەیێنن ، ئەگەر یەکێ لەوان لە ئەهلی ئەیلە موعاهەدەکە بشکێنێو شتێکی موخالیف بکا ئەو کەسە ماڵی نابێ بە مانیع کە نەکوژرێو ماڵیان حەڵاڵ ئەبێ بۆ ئەو کەسەی لێیان بستێنێ • حەڵاڵ نیە بۆ موسوڵمان نە لە بەڕاو نە لە بەحرا مەنعی ئاویان لێ بکا ئەمە کیتابی

(١) خەرصاندن : تەخمینو خەملاندنو قەرساندن .

(٢) دانەر ـ خ ـ بە هەڵە لە عەرەبیەکەدا (جبل)ی نووسیبو چاکمان کرد ، کە راستیەکەی (جبلي)یە ، دەبێ لێرەیشدا (دووشاخەی طەی) بنووسرێ •

جوهەیمی کوڕی صەلتو شەرحەبیلی کوڕی حەسەنەیە بە ئیذنی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ (کە ئەمری بە نووسینی کردوە)] •

کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لـە تەشریف گەڕانەوەدیـا هاتە (وادی القری) بە ژنە صاحێب باغەکەی فەرموو : خورماکەت چەند بوو ؟ عەرزی‌کرد : دە ویسق ، میقداری خەرصەکەی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : من عەجەلە ئەکەم لە گەڕانەوەدا ، کێم لەگەڵا پێ لێخوڕێ ، کێ هەوەسی پێنێ بوەستێ • لە (وادی القری) چووینە دەرێ تا لە مەدینە نزیك بووینەوە ، فەرمووی : ئەمە [یەعنی مەدینە] طابەیە • کـە ئوحودی لێ دەرکــــەوت فەرمووی : ئەمە ئوحودە ، شاخێکە ئەمانحوبیێنێو ئێمەیش ئەیحوبیێنین [لە پاشا فەرمووی : خەبەرتان بدەمێ کە لـە بەینی ماڵانی ئەنصارا کامیـان باشـــترە ؟ عەرزیان‌کرد : بەڵێ • بوخاری] فەرمووی : چاکترینی ماڵانی ئەنصــار ماڵانی بەنی نەججارە ، لـە پاش ئەوان بەنی عەبدولئەشــــهەل ، لـە پاش ئەوان بەنی عەبدولحەرثی کوڕی خەزرەج ، لـە پاش ئەوان بەنی ساعیدە ، لە هەموو ماڵانی ئەنصارا خێر هەیە • لە دواییدا ئـەم فەرموودە بە سەعدی کوڕی عوبادە گەیی • ئەبوئوسەید پێی‌فەرموو : نابینی کـــە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لـە بەینی ئەنصــــارا بەیانی ئەمەی فەرموو کە کامیان باشترە ئێمەی خستە دوای هەموویان ؟ سەعد ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەیی‌و عەرزی‌کرد: (یا رسول الله) لە بەینی ئەنصارا بەیانی چاکێتیت فەرموە ، ئێمەت خستۆتە دواوە ! فەرمووی : ئەوەتان بەس نیە کە ئێوەیش لە چاکان بن ؟

بەجوێ ئەم بەیانی چاکیی ئەنصارە لە فەضائیلا بەیان‌کراوە[1] •

---

(١) مەبەستی حەدیثی (١٠٩٥/٢١٨)ی بەرگی چوارەمە •

لـە ســەر خەرص لـە باغو باغـاتو مەزرووعات زەكـات سەندن دروستە •

بۆ ئەهلی خۆی لەبەر مەصلەحەت تەرجیحی بەعزێ بەسەر بەعزێكا ، بەو شەرتە دلشكاننی تیا نەبێ ، دروستە •

ئەهلی بەیت صەدەقەیان لەسەر حەرامە :

٣٠٩٨/٢٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يؤتى بالتمر عنـد صرام النخـل ؛ فيجيء هذا بتمره وهذا من تمره ، حتى يصـير عنـده كوماً = من تمر = فجعـل الحسن والحسين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يلعبان بذلك التمر ، فأخـذ أحدهما [أي الحسن ـ رضي الله تعالى عنه ـ] تمرة فجعله في فيه ، فنظر إليه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأخرجها من فيه ! فقال : أمـا علمت أن آل محمد لا يأكلون الصدقة ؟ وفي أخرى[1] : أخذ الحســن بن علي ـ رضي الله تعالى عنهما ـ من تمر الصدقة فجعلها في فيه [فلم يفطن له النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى قام ولعابه يسيل ، فضرب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شدقه • م] فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كخ ، كخ ! ليطرحها ، ثم قال : أما شعرت أنا لا نأكل الصدقة ؟ ح ـ ٧٢/٣ ، م ـ ٣٧/٥ •

تەرجەمە :

كە خورما پێئەگەیی‌و وەختی بڕینی هێشوەكانی ئەهـات خورمـای زەكاتیان ئەهێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـە وسلم ـ ئـەم خورمای خۆیی ئەهێناو ئەو لە خورمای خۆیی ئەهێنا ، تا ئەبو بە كۆمەڵێ ،

(١) ئەم ریوایەتەو ریوایەتەكەی (مسلم)م بەوشێوە نەدۆزیەوە .

حەسەن‌و حوسەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ یاریـان پێ ئەکـرد • ئیسامی حەسەن ـ رضي الله تعالى عنه ـ خورمایێکی نایە دەمی ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ پێی نەزانی تا لیکاوی بە دەمیا هاتەخوارێ • پێغەمەر[1] ـ صلى الله تعالى علیـه وسـلم ـ لە لالەغاوەیی دا فەرمووی : کخ ، کخ ! تـا فڕێی بـدا لە دەمی دەرهێنـاو پێی‌فەرموو : بۆ نازانی کـە ئالی محمد صەدەقە ناخۆن ؟

٣٠/٣٠٩٩ ـ عن الزهري أن عبدالله بن عبدالله بن نوفل بن الحـرث بن عبدالمطلب حدثه أن عبدالمطلب بن ربيعة بن الحرث حدثه قـال : اجتمع ربيعه بن الحرث والعباس بن عبدالمطلب [رضـي الله تعالى عنهما] فقالا : والله لو بعثنا هذين الغلامين ، قالا لي وللفضل بن عباس [رضي الله تعـالى عنهما] ، إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فكلّماه فأمّرهما على هذه الصدقات فأدّيا ما يؤدّي الناس وأصابا ما يصـيب الناس • قـال : فبينما هما في ذلك جاء علي بن أبي طالب [رضي الله تعـالى عنـه] فوقف عليهما ، فذكرا له ذلك ، فقال علي [رضي الله تعالى عنه] لا تفعلا ، فوالله ما هو بفاعل • فانتحاه ربيعة بن الحرث ، فقال : والله ما تصـــنع هذا إلا نفاسة منك علينا ، فوالله لقد نلت صهر رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فما نفسناه عليك ! قال علي [رضي الله تعالى عنه] : أرسلوهما ، فانطلقا واضطجع علي [رضي الله تعالى عنه] • وفي أخرى نحوها : فألقى علي رداءه ثم اضطجع عليه وقال : أنا أبو حسنٍ القرمُ ، والله لا اريم مكاني

(١) دانەر ـ خ ـ لێرەدا جیاوازیی یەکێ لە ڕیوایەتەکانی لەبیرچوە ، کـە ماناکەی وایە : ... خورمایەکی هەڵگرت خستیە دەمیەوە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ بۆی ڕوانی ، حەسەن ـ خ خورماکەی لە دەمی دەرهێنایەوە .

حتى يرجع إليكما أبناكما بِحَوْر ما بعثتما به الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] •

= قال : = فلما صلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الظهر سبقناه الى الحجرة ، فقمنا عندها حتى جاء فأخذ بآذاننا ، ثم قال : اخرجا ما تصرّران ، ثم دخل ودخلنا عليه وهو يومئذ عند زينب بنت جحش [رضي الله تعالى عنها] قال : فتواكلنا الكلام ، ثم تكلم أحدنا ، فقال : يا رسول الله أنت أبر الناس وأوصل الناس ، وقد بلغنا النكاح فجئنا لتؤمّرنا على بعض هذه الصدقات فنؤدّي إليك كما يؤدّي الناس، ونصيب كما يصيبون • قال : فسكت طويلا ، حتى أردنا أن نكلمه • قال : وجعلت زينب تلمح إلينا من وراء الحجاب أن لا تكلماه • قال : ثم قال : إن الصدقة لا تنبغي لآل محمد ، إنما هي أوساخ الناس ، ادعوا لي مَحْمِيه [بن جزء ، وهو رجل من بني أسد ، كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ استعمله على الاخماس • أخرى] وكان على الخمس ، ونوفل بن الحرث بن عبدالمطلب • قال : فجاآه فقال لمحمية : أنكح هذا الغلام ابنتك للفضل بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فأنكحه • وقال لنوفل بن الحرث : أنكح هذا الغلام ابنتك ، لي ، فأنكحني ، وقال لمحمية : أصدق عنهما من الخمس كذا وكذا • قال الزهري : لم يسمه لي [عبدالله] م ـ ٥/٤٠ •

انتحاه : عرض له وقصده • نفاسة : حسدا • القرم : السيد ، وأصله فحل الإبل • لا أريم : لا أزال • بِحَوْر : بجواب • ما تصـرّران : جعلتماه في الصرة ، تجمعانه في صدوركما • تلمحُ : تشير • من نووي •

تەرجەمە :

عەبدولموطەلیبی کوڕی رەبیعەی کوڕی حەرث ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : رەبیـعەی بـاوکـمو عەبـاسی کوڕی عەبدولموطەلیب

بەیەکەوە دانیشتبوون ، فەرموویان : وەڵلاهی ئەگەر ئەم دوو کوڕەمان [یەعنی عەبدولموطەلیبو فەضل] بناردایە خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - عەرزی بکەن کە بیانکا بە ئەمیر لەسەر صەدەقە ، خەڵقی تر چی لێ ئەبەنە خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - ئەمانیش بیبەن ، خەڵقی چ ئیستیفادەیێکی لێ ئەکەن ئەمانیش بیکەن • لەو بەینەدا عەلی - رضي الله تعالى عنه - تەشریفی هاتو لە لایان وەستا ، ئەو فیکرەیان عەرزکرد • فەرمووی : مەیاننێرن ، وەڵلاهی پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - نایکا • رەبیعەی باوکم لێیهاتە جواب عەرزیکرد : وەللاهی تۆ بۆیە وا ئەڵێی حەسەدمان پێ ئەبەی ! تۆ خۆت بە زاوایەتیی پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - نائیل بووی ئێمە حەسەدمان پێ نەبردی • عەلی - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : بیاننێرن ، ئێمە رۆیین ، عەلی - رضي الله تعالى عنه - ریداکەی لێ راخستو لەسەری پاڵکەوت ، فەرمووی : وەڵلاهی لەم جێی خۆمە نابزووم تا کوڕەکانتان جوابی مەئیووسیتان بۆ بێننەوە ، من ئەبوحەسەنم کە سەییدو صاحێب رەئیم] •

کە پێغەمەر - صلی الله تعالى علیه وسلم - نوێژی نیوەڕۆی کرد ، لە پێش ئەوا چووین لای حوجرەی سەعادەت وەستاین تا تەشریفی هات ، گوێچکەی گرتین فەرمووی : چیتان لە دڵایە دەری بڕن ، لە پاشا تەشریفی چوە ژووریۆ ئێمەیش چووینە ژووریۆ خزمەتی ، ئەو رۆژە تەشریفی لە لای زەینەبی کچی جەحش بوو - رضي الله تعالى عنها - لە خزمەتیا قسەکردنمان حەواڵەی یەکتری کرد ، یەکێکمان عەرزیکرد : (یا رسول الله) تۆ خێرۆمەندترینی هەموو کەسی ، صیلەی رەحم بەجێهێنەرترینی هەموو کەسی ، ئێمەیش باڵغبووین [یەعنی وەختی ئەوەمانە ژن بێنین موحتاجین بە مەداری مەعیشەت] هاتووینە خزمەتت بمانەکەی بە مەئموور

لەسەر بەعزێ لەم زەکاتانە ؛ خەڵق چیت پێننە خزمەت ئێمەیش بیهێنین ، خەلق چی لێ ئیستیفادە ئەکەن ئێمەیش بیکەین • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - دوورو درێژ بێدەنگ بوو ، حەتا تەمامان بوو کە قسەی تری عەرز بکەین • زەینەب - رضي الله تعالی عنها - ئیشارەتی کردین کە قسەی لە خزمەتا نەکەین [ظاهیر وایە لەو وەختەدا حاڵەتی وەحی بەسەرا هاتبێ] لە پاشا پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : ئەم صەدەقانـە چڵکی خەڵقن بۆ محمدو ئالی محمد حـەلاڵ نیە کـە بیخۆن • فەرمووی : مەحمیەی کوڕی جەزئو نەوفەلی کوڕی حەرثم بـۆ بانگ‌کەن ، هـاتـن ، ئەمری بە مەحمیە کرد ، کـە لەسەر خومس‌بوو ، : کچەکەت ئـەم کـوڕە [لە فەضل] مارە بپڕە ، لێی مارەکرد • بە نەوفەلی فەرموو : کچەکەت لەم کوڕە ، لە من ، مارە بکە ، لێی مارەکردم • ئەمجا بـە مەحمیەی فەرموو : ئەوەو ئەوەیان بۆ بکە بە مارەیی • زوهریی راویی ئەفەرموێ : عەبدوڵلای راویی ناوی نەبرد کە مارەیی‌یەکان چین •

٣١/٣١٠٠ - قالت عائشـــــة - رضي الله تعالی عنها - : وأتي النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - بلحم [بقر] فقلت : هذا ما تُصُدِّقَ به علی بريرة ، فقال : هو لها صـدقة ولنا هدية • ح - ٣/٧٤ ، ح - ٤/٣٢٧ عـن أنس • ح - ٩/٤٢٨ بعض هــذا • ح - ٦/١٤١ بعض من هــذا ، في الكفارات (نەمدۆزیەوە) م - ٥/٤٦ ، ن ، د •

تەرجەمە :

عائیشە - رضي الله تعالی عنها - فەرمووی : گۆشتێکی گاجووتیـان هێنایە خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - عەرزم‌کرد : ئەمە ئەو گۆشتەیە کە صەدەقەیان کردوە بە بەریرة ، فەرمووی : بۆ ئەو صەدەقەیە بۆ ئێمە هەدیەیە •

٣١٠١/٣٢ ـ عن أم عطية الأنصارية ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : دخل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فقال : هل عندكم شيء ؟ فقالت : لا إلا شيء بعثت به إلينا نسيبة [أم عطية] من الشاة التي بعثتَ بها [إليها] من الصدقة ، فقال : إنها قد بلغت مَحِلَّها ح ـ ٣/٧٤ ، ٣٧ ، م ـ ٥/٤٧ ، ح ـ ٤/٣٢٧ .

تەرجەمە :

ئوممو عەطییەی ئەنصاریە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی چوە لای عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : هیچتان هەیە ؟ فەرمووی : خەیر ئەوە نەبێ لەو مەڕەی کە لە صەدەقە ناردووتە بۆ نوسەیبە بەعزێ گۆشتی بۆ ناردووین . فەرمووی : [بیهێنە] ئەوە گەییوە بەجێی خۆی .

٣١٠٢/٣٣ ـ جويرية ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أخبرت أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل عليها فقال : هل من طعام ؟ قالت : لا والله يا رسول الله ما عندنا طعام إلا عظم من شاة أعطيتَه مولاتي من الصدقة . فقال : قرّبيه فقد بلغت محلها[1] م ـ ٥/٤٥ .

---

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم حەدیثەی تەرجەمە نەکردوە ، رەنگە لەبەر ئەوە بێ کە وەك حەدیثەکەی پێشوو وابێ جگە لە هەندێ جیاوازیی ناوو ، ئەوە نەبێ لەوێ شتەکە دیاریی نەکراوەو ، لێرەدا ئەفەرموێ : ئێسقانێك نەبێ لەو مەڕەی کە دابووت بە جاریەکەم لە صەدەقە .

باب الركاز والمعدن[1]

٣١٠٣/٣٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : العجماء [جرحها • م] جبار ، والبئر [جرحها • م] جبار ، والمعدن [جرحه • م] جبار ، وفي الركاز الخمس ح-٤/١٨٨ ، ح-٣/٧٩ ، ن ، د ، جه ، ت ، م-٧/٢٦٥ ، ح-١٠/٧٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : برینی حەیواناتو ، بیرو ، مەعادین خوێنیان نیە ؛ بە هەدەر ئەچن • لەوەی کە لە زەمانی جاهیلیەتا لە ئەرزا شارراوەتەوە پێنجیەکی هی (بيت المال)ە •

[ریکاز ئەوەیە لە جاهیلیەتا دفن کرابێ لە زۆرو کەمیا خومس هەیە • مەعدەن ریکاز نیە ؛ چونکی پێغەمەر ـ صلى الله علیه وسلم ـ دەرحەقی مەعدەن فەرموویەتی : زەرەرێ لەوەوە بێ هەدەرە • دەرحەقی ریکاز فەرموویەتی : پێنجیەك هەیە •• جوێ ـ جوێ حوكمی بەیانكردوون ، ئەگەر یەكێ بووایە بەیەكەوە ئەیفەرموون • عومەری كوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مەعدەنا لە دووصەد پێنجی وەرگرتوە •

حەسەنی بەصریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ = ئەفەرموێ = : ریكاز لە ئەرزی حەربا بێ پێنجیەكی لێ ئەدرێ ، لە ئەرزی صولحا بێ زەكاتی لێ

(١) باسی زەكاتی ریكازو مەعدەن ـ كانو شارراوە ـ •

ئەدرێ ، لوقطە[٢] لە ئەرزی عەدووا بدۆزرێتەوە [ئەگەر ئیحتیمالی ئەوەی ببێ کە هی موسوڵمانە] تەعریفی بکا ، ئەگەر هی عەدوو بێ تەعریفی پێ ناوێ ، خومسی ئەدرێ •

بەعزێ کەسان [ئیمامی ئەعظەم ـ رحمه الله تعالى ـ] فەرموویەتی : مەعدەنیش وەك مەدفوونی جاهیلیەت ریکازە خومسی ئەدرێ زەکاتی نادرێ ؛ چونکی عەرەب ئەڵێن : (أركز المعدن) کە شتێکی لێ‌دەربێنن • بە ئیمامی ئەعظەمیان وت : کەسێکیش شتێکی بدرێتێ ، یا لە خریدو فرۆختا قازانجێ بکا ، یا بەری باغو واریداتی زۆر بێ ئەویش پێی ئەڵێن : (آركزت) [یەعنی کە وابێ لەوانەیش ئەبێ خومس لازم بێ ئەوە خیلافی ئیجماعە] مونافی قسەکەی خۆیی فەرموە ، فەرموویەتی : بۆی هەیە مەعدەنەکە بشارێتەوە خومسی لێ نەدا ح ـ ٣/٧٨ •

موحاسەبەی مەئمووری زەکات :

٣١٠٤/٣٥ ـ عن أبي حميد الساعدي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : استعمل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رجلا من الأسد [ويقال الأزد] على صدقات بني سليم يدعى ابن اللتبية ، فلما جاء حاسبه ح ـ ٣/٨٠ م ـ مغازي ، د ، في الخراج •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پیاوێکی ئەزدیی کرد بە مەئموور لە سەر صەدەقەی بەنی‌سولەیم ناوی ئەو پیاوە (ابن اللتبية) بوو ، کە هاتەوە حسابی لەگەڵ کرد •

---

(٢) لوقطە : مالی دۆزراوە •

نيشانەكردنی حەيوانی زەكات :

رەنگە لە فەضائيلا يا لە عەقيقەدا نووسرابێ[1]

٣١٠٥/٣٦ ـ ئەنەسی كوڕی ماليك ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەيانييێ عەبدوڵڵای كوڕی ئەبوطەلحە ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ م بردە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كە ناوی بنێ‌و گۆشی بكا • كە گەييمە خدمەتی داغی بە دەستەوە بوو وشتری صەدەقەی نيشانە ئەكردە لە ريوايەتێكا مەڕی نيشانە ئەكرد ، لە ريوايەتێكا گوێی نيشـانە ئەكرد • م ـ ٤٣٠/٨ ، ح ـ ٨١/٣ •

دۆعاكردن بۆ ئەهلی صەدەقە :

٣١٠٦/٣٧ ـ عن عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قـال : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا أتاه قوم بصدقتهم صـلى عليهم قال : اللهم صل على فلان • فأتاه أبي بصدقته ، فقال : اللهم صل على آل أبي أوفى ح ـ ٧٦/٣ ، ح ـ ١٩٦/٩ ، م ـ ٤٧/٥ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای كوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ **ئەفەرموێ :** قەومێ زەكاتيان بێنايە خزمەت پێغەمـەر ـ صلى الله تعـالى **عليـه وسـلم** ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەيفەرموو : (**أللهم صل على فلان**) باوكم زەكاتی بردە خدمەتی فەرمووی : (أللهم صل على آل أبي أوفى)[2] •

---

(١) نزيك بەم باسە لە لاپەڕە (٣٧)ی بەرگی چوارەمدا **رابورد .**

(٢) واتە : خوايە رەحمەت بڕژێنە بەسەر ئالی ئەبی **ئەوفادا .**

زكـاة الفطر(١) :

٣١٠٧/٣٨ ــ عن ابن عمر ــ رضي الله تعالى عنهما ــ قال : فرض رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ زكاة الفطر صاعاً من تمر أو صاعاً من شعير على العبد والحر والذكر والأنثى والصغير والكبير من المسلمين ، وأمر بهـا أن تؤدى قبل خروج الناس الى الصلاة ح ــ ٨١/٣ ، ٨٦ ، ٨٧ ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ زەكاتی فیطری لەســەر عەبدو حوڕڕو نێرو مێو بچووك‌و گەورە لە موسوڵمانان فەرزكردوە كـــە لـــە خورماو جۆ صاعێ بدرێ • ئەمریشی فەرسوە كـە لـە پێش نوێژی جـەژنـا بدرێ •

أ لە عەبدی كافر لای مالیك‌و شـــــافیعی‌و ئەحمەد ــ رضي الله تعالى عنهم ــ فیطرە ناكەوێ • ئەبوحەنیفە ــ رحمه الله ــ ئەفەرموێ : بۆ ئەویش واجبە أ • یەعنی قەیدی (من المسلمين) ئیحتیرازیی نیە ، قەیدی واقیعی‌یە یـا ئەغلەبی‌یە •

٣١٠٨/٣٩ ــ أبو سعيد الخدري ــ رضي الله تعالى عنه ــ قال : كنـا نُخْرِج إذا كان فينا رسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ زكاة الفطر عن كـل صـــــغير وكبير ، حـر أو مملوك صـــاعاً من طعـــام ، أو صـــاعاً مـن أقـط ، أو صـــــاعـاً من شــــعير ، أو صـــــــاعـاً من تمر ، أو صـــاعـاً من زبيب ، فلم نـزل نخرجـه حتى قـدم علينـا معاويـة بن أبي سفيان ، حاجاً أو معتمراً ، فكلم الناس على المنبر ، فكان فيما كلم به الناس

(١) باسـی ســەرفیترە .

أن قال : إني أرى أن مُدَّين من سمراء الشام تعدل صاعاً من تمر • فأخـذ الناس بذلك • قال أبو سعيد : فأما أنا فلا أزال أخرجه كما كنت أخرجه أبدا ما عشت م ـ ٣٤٤/٤ ، ح ـ ٨٤/٣ و ٨١ و ٨٥ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : كە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـمان لە ناوا بوو لە فیطرەدا لە كوللی بوچووكو گەورەیێ حورِ بێ یا عەبد ، صاعێ طەعاممان ئەدا ، یـا صاعێ لە كەشك ، یا صاعێ لە جۆ ، یا صاعێ لە خورما ، یا صاعێ لە مێوژمان ئەدا [لە زەمـانی ئەبوبەكراو ، لە زەمانی فاروقی ئەكبەراو ، لە زەمانی عوثماناو ، لە زەمانی (أسد الله الغالب)] ـ رضي الله تعالى عنهم ـ هەر بەو نەوعە صاع صاعمان ئەدا ، تا موعاویەی [قەراڵی شـــام] كوڕی ئەبوسوفیان هات بـۆ حەج یا بو عومرە ، لە سەر مینبەر قسەی بۆ خەڵق ئەكرد ، لەو قسانەیا ئەیوت : من لام وایە كە دوو مودد [یەعنی نیو صـاع] لە گەندمی شـام موعادیلی صاعێ لە خورما ئەبێ • خەڵق دەســـــتیانكرد بە عەمەڵكردن بەو رەئیی موعاویەیە • ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەمما من تـا ماوم هەر صاعێك ئەدەم [•• •••] •

٣١٠٩/٤٠ ـ عن السائب بن يزيد [رضي الله تعالى عنه] قال : كان الصاع على عهد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مدا وثلثا بمدكم اليوم ، فزيـد فيه في زمن عمر بن عبدالعزيز ـ رضي الله تعالى عنه ـ ح ـ ٣٩٩/٩ ، ن •

تەرجەمە :

صــــاع لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موددێكو ثولثێ بو بە موددی ئێستەی ئێوە ، لە زەمانی عومەری كوڕی عەبدولعەزیزا

ـ رضي الله تعالى عنه ـ لێی زیاد کرا [ئەمما چەندی لێ زیاد کراوە ؟ موددی ئەو وەختە چەندە بوە ؟ بەیان نەکراوە • موددو صاعو ریطل بەیـانکـرا ، ئیحتیاج بەم نەقلی سائیبە نیە ، کە ئەبێ بە زۆر مەعنای لێ بدرێتەوە] •

٤١/٣١١٠ ـ عن نافع قال : كان ابن عمر [رضـــي الله تعـالى عنهما] يعطي زكاة رمضــــان بمد النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ المد الأول [لا بمُدِّ هشام وهو رطلان] وفي كفارة اليمين بمد النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ [أي أيضاً] قال أبو قتيبة [سَلْم] : قال لنا مالك [رضي الله تعالى عنه] : مدنا أعظم من مدكم [لبركته بدعائه ـ عليه وعلى آلـه الصلاة والسلام ـ وان كان مد هشام أكثر من مد المدينة مقدارا] ولا نرى الفضـل إلا في مد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ • وقال لي مالك : لـو جاءكم أمير فضرب مداً أصغر من مد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بأي شيء كنتم تعطون ؟ قلت : كنا نعطي بمد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أفلا ترى أن الأمر إنما يعود إلى مد النبي ؟ ح ـ ٩/٤٠٠ الحديث غريب ، ما رواه عن مالك إلا أبو قتيبة ، ولا عنه إلا المنذر •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ زەکاتی رەمـەزانو کـەفارەتی سوێنی بە موددی پێغەمەر ئەدا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [بە موددی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکی نەئەدا ، ئەگەرچی موددی هیشام لە موددی پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بە وەزن زیاترە] ئەبوقوتەیبە ئەفەرموێ : مالیك پێیفەرمووین : موددی ئێمە کە موددی پێغەمەرە ـ صلى الله عليـه وسلم ـ لە موددی ئێوە گەورەترە [لە حەقیقەتا چونکی ئیصابەتی بەرەکەتی دۆعای پێغەمەری کردوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ] لە غەیری موددی پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەضـــــیلەت نابینم • مالیك

پێیفەرمووم : ئەگەر ئەمیرێ بێ موددێکتان بۆ دابنێ لە موددی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ میقداری کەمتر بێ بە چ موددێ زەکـاتتـان ئـەدا ؟ عەرزمکرد : بـە موددی پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیه وسلم ـ فەرمووی : نابینی کە ئیش یێتەوە سەر موددی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ ؟ ئەم ئەثەرە غەریبە ، لە ئیمامی مالیکەوە تەنها ئەبوقوتەیبە ، لە ئەبوقوتەیبەوە تەنها مونذیر ریوایەتی کردوە •

ســائر الصــدقات(١) :

٣١١١/٤٢ ـ عن المنذر بن جرير عن أبيـه [رضي الله تعـالى عنهما] قال : كنا عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في صدر النهار فجاءه قوم حفاة عراة ، مجتابي النمار [قوّروها وخرقوا وســـطها] أو العبـاء ، متقلدي السيوف ، عامتهم من مضر ، بل كلهم من مضر ، فتمعّر وجه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لِما رأى بهم من الفاقة ! فدخل ، ثم خرج ، فأمر بلالا ، فأذّن وأقام فصلى [الظهر ثم صعد منبراً صــغيراً ، فحمد الله وأثنى عليـه ، ثم قـال : أما بعـد • أخرى م ـ ٤/٣٩٥] ثم خطب فقال : (يا أيها الناس اتقوا ربكم الذي خلقكم من نفس واحدة •••) إلى آخـر الآية [النساء] (إن الله كان عليكم رقيبا)(٢) والآية التي في الحشـــر : (يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله ولتنظر نفس ما قدمت لغد •••)(٣) تصـدق رجل من ديناره ، من درهمه ، من ثوبه ، من صاع بُرّه ، من صاع تمره •• حتى قال : ولو بشق تمرة • قال : فجاء رجل من الأنصـار بِصـُرّة كادت كفّه تعجز عنها ، بل قد عجزت • قال : ثم تتابع الناس حتى رأيت كومين من

(١) خێرو چاکەکانی تر •
(٢) النســـاء /١ •
(٣) الحشـــر /١٨ •

طعام وثياب ، حتى رأيت وجه رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يتهلل كأنه مذهبة ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من سنّ في الإسلام سنة حسنة فله أجرها وأجر من عمل بها بعده من غير أن ينقص من أجورهم شيء • ومن سنّ في الاسلام سنة سيئة كان عليه وزرها ووزر من عمل بها من بعده من غير أن ينقص من أوزارهم شيء م – ٣٩٢/٤ ، م – ١١٥/١٠ •

تەرجەمە :

جەریر – رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نزیکی نیوەڕۆ لە خزمەتی پێغەمەرا ـ بووین ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەومێ هاتن پێخاوس ، رووت ، عەباکانیان دووقەد کردبوو ، ناوەڕاستیان کونکردبوو [بەو نەوعە لەبەریان کردبوو] شیریان حەمایەڵ کردبوو[1] ، ئەکثەریان ، بەڵکو هەموویان ، لە موضەر بوون • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە بەو فەقیرییە دینی رووی موبارەکی گرژ بوو ، تەشریفی چوە ژووریێو هاتەدەرێ ، ئەمری بە بیلال ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرموو بانگی داو قامەتی کرد ، نوێژی نیوەڕۆی کرد [لە پاشا تەشریفی چوە سەر مینبەرێکی بوچووک] خوطبەی خوێند ، فەرمووی : (يا أيها الناس اتقوا •••) ئەم ئایەتی نیساو ئایەتی سوورەتی حەشری (يا أيها الذين آمنوا اتقوا الله)ی خوێند •

مەئالیان : ئەی ئینسانان تەقوا لەو خوایەتان بکەن کە ئێوەی هەموو لە تاقە نەفسێ خەلقکردوەوەو ژنەکەیشی لەو نەفسە خەلقکردوە ، لەو دوانە پیاوو ژنی زۆری بڵاوکردۆتەوە بە ئەرزا ، تەقوا لەو خوایە بکەن کە ئێوە

---

(١) شیریان لە خۆیان دابوو و کردبوویان بەقەدیانا .

بە ناوی ئەوەوە شت لە یەکتری داوا ئەکەن [ئەڵێن : توو خوا ئەوە وا بکەن و وا بکەن !] تەقوا لە رەحمتان[1] بکەن ، بەجێی بێنن قەطعی مەکەن ، بە تەحقیق خوا لەسەر ئێوە رەقیبە ، چی ئەکەن و چی ناکەن تەفتیشی هەمووی ئەکا •

مەئالی ئایەتەکەی حەشر : ئەی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە تەقوا لە خوا بکەن ، کوللی نەفسێ تێفکرێ کە بۆ سبەینێی قیامەتی چی ناردوە ، تەقوا لە خوا بکەن ، بە تەحقیق خوا خەبەری لەوەی کە ئێوە ئەیکەن هەیە [بەپێی ئەوە موکافات و موجازاتتان ئەداتەوە] وەکو ئەوانە مەبن کە خوایان لە فکر چۆتەوە و خوایش ئەوانی لە فکری خۆیان بردۆتەوە ، ئەوانە هەر فاسقن غەیری فیسق هیچی تر ناکەن • پیاو [بە قەد ئیقتیداری] لە دیناری ، لە درهەمی ، لە جلی ، لە صاعە گەندمی ، لە صاعە خورمای صەدەقە بکا ، حەتتا فەرمووی : با لەتە خورمایێکیش بێ • جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : پیاوێ لە ئەنصار کیسەیێکی هێنا کە دەستی وەختبوو لە هەڵگرتنی عاجز بێ بەڵکو عاجز بوو • فەرمووی : لە دوای ئەو یەك لە دوای یەك شتیان هێنا تا دیم کە دوو کۆمەڵی گەورە لە طەعام و لیباس کۆمەڵکرا ، چاوم بە رووی موبارەکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەوت ئەدرەخشایەوە وەك بە ئاوی ئاڵتوون زەرکەشی کرابێ ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ لە ئیسلامەتیدا طەریقێکی جوان بکاتەوە کە خەڵق پیا برۆن ، هەرکەسێ عەمەلی پێ بکا تا رۆژی قیامەت ئەجرێکیان هەیە بێ ئەمە لە ئەجریان شتێکی لێ کەم بێتەوە بە قەد ئەوان ئەو کەسەیش ئەجری هەیە • هەرکەسێ لە ئیسلامەتیا رێیەکی خراپ

(1) واتە : لە خزمان و رشتەی خزمایەتی •

دامەزرێنێ کێ عەمەلی پێ بکا تا قیامەت بێ ئەمە لە گوناهی ئەوان شتێك کەم بێتەوە بە قەد گوناهی هەموویان گوناهی هەیە •

[مەثەلا : کەسێ مزگەوتێ بۆ خوا دروست بکا بە قەد ئەوانەی نوێژی تیا ئەکەن ئەجری هەیە • کەسێ مەیخانەیێ فەحشخانەیێ بۆ شەیتان دروست بکا بە قەد ئەوانەی شەراب ئەخۆنەوە ، فیسقی تیا ئەکەن گوناهی هەیە] •

٣١١٢/٤٣ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه نهى فذكر خصالا وقال : من منَحَ منيحة غدت بصدقة وراحت بصدقة ؛ صبوحها وغبوقها م ـ ٤/٣٩٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەهی لە بەعزێ شت فەرموو ، ذیکری چەند خەصڵەتێکی کرد • فەرمووی : هەرکەسێ عەطییەیێ ، حەیوان یا غەیری حەیوان ، بە کەسێ ببەخشێ ئێوارێ صەدەقەیێکی هەیە ، بەیانی صەدەقەیێکی هەیە ، کوللی بەیانیو ئێوارێیێ کە لەو عەطییە ئیستیفادە بکا •

٣١١٣/٤٤ ـ وعنه عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : نعم المنيحة اللّقْحة الصفي مِنحةً ، والشاة الصفي تغدو بإناء وتروح بإناء ح ـ ٤/٢٥٣[1] •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەو حەیوانەی تازەزاو بێو شیری زۆر بێو مەڕی باشی شیرزۆر بەیانی ظەرفێكو ئێوارێ

(١) ئەم حەدیثەم لەو شوێنە بۆ دیاریکراوەدا نەدۆزیەوە .

زەرفێ شیری بێ چ عەطییەیێکی باشە کە ئێوارێو سبەینێ ئەجری وەرگرێ لە ئاخیرەتا •

٣١١٤/٤٥ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يبلغ به : ألا رجل يمنح أهل بيت ناقة تغدو بعُس [القدح الكبير] وتروح بعس ؛ إن أجرها لعظيم م ـ ٣٩٦/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کەسێ نیە کە وشترێکی مێی شیردار بکا بە عەطیە بیدا بە ئەهلی ماڵێ سبەینێو ئێوارێ زەرفێکی گەورە شیری لێ بدۆشێ بیبا بۆ ماڵو منالی بە تەحقیق ئەجرێکی گەورەی هەیە •

٣١١٥/٤٦ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من أصبح منكم اليوم صائما ؟ قال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : أنا قال : فمن تبع منكم اليوم جنازة ؟ قال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : أنا • قال : فمن أطعم منكم اليوم مسكيناً ؟ قال أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] : أنا • قال : فمن عاد منكم اليوم مريضاً ؟ قال أبو بكر [[رضي الله تعالى عنه] : أنا • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما اجتمعن في امرىء إلا دخل الجنة م ـ ٤١١/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چوار سوئال ئەکا ئەفەرموێ : ئیمڕۆ کێ بە بەڕۆژوویی ڕۆژی لێ بۆتەوە ؟ کێ ئیمڕۆ شوێن جەنازەیێ کەوتوە ؟ کێ ئیمڕۆ طەعامی داوە بە میسکینێ ؟ کێ ئیمڕۆ عەیادەتی نەخۆشێکی کردوە ؟ ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە هەموویانا

ئەفەرموێ : من • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئەم خەصڵەتانە هیچ کەس نیه کە تیا جەمع بێتەوەو نەچێتە بەهەشت • [هیچ فەضیلەتێ نەبوە کە صەدیقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بە قەد تەوانا نەیکردبێ] •

لە قەبیلی : مووروویێکی زەردو سووروو شینم هەڵدا کێ گرتیەوە[1] ؟ لە کوللی شتێکا کە فەضڵی تیا بێ ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالی عنه ـ لە پێشەوە = بوە = •

٣١١٦/٤٧ ـ عن أنس [رضي الله تعالی عنه] قال : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : لو كان لابن آدم واديان من مال لابتغى وادياً ثالثاً [ولن يملأفاه•م] ولايملأجوف ابن‌آدم إلا التراب،ويتوب‌الله‌على‌من تاب م ـ ٤٣٧/٤ ، ح ـ ٢٣٨/٩ لكن عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بلفظ : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

٣١١٧/٤٨ ـ ابن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ على المنبر بمكة في خطبته يقول : يا أيها الناس إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يقول : لو أن ابن آدم أعطي وادياً = مَـلْأً = من ذهب أحب إليه ثانيا ، ولو أعطي ثانيا أحب إليه ثالثا ، ولا يسد جوف ابن آدم إلا التراب ، ويتوب الله على من تاب ح ـ ٢٣٩/٩ ، م ـ ٤٣٧/٤ وفيه : قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : فلا أدري من القرآن هو أم لا • قال : وسمعت ابن الزبير ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول ذلك على المنبر • والروايات كثيرة ، في بعضها فاه ، في بعضها عينه ، في بعضها نفسه ، والكل كناية عن الحرص •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر بەنی‌ئادەم پڕ

(١) ئەم باسە جارێکی دیکە لە لاپەرە (٤٧)ی بەرگی چوارەمدا رابورد .

بە وادیێ ئاڵتوونی ببێ حەزەكا ببێ بە دوان ، ئەگەر پڕ بە دوو وادیی ببێ حەزەكا بێ بە سیان ، گڵ نەبێ زگی ، چاوی ، نەفسی بەنی ئادەم تێر ناكا ، خوا تەوبەی ئەوانە قەبووڵ ئەكا كە تەوبە لەم حیرص و طەمەعە بكەن • ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ئوبەیی كوڕی كەعب - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : ئەمەمان بە قورئان ئەزانی تا (ألهاكم التكاثر) نازڵ بوو • ح - ٩/٢٤٠ •

٣١١٨/٤٩ - بعث أبو موسى الأشعري [رضي الله تعالى عنه] إلى قراء بصرة ، فدخل عليه ثلثمائة رجل قد قرأوا القرآن ، فقال : أنتم خيار أهل البصرة وقراؤهم ، فاتلوه ولا يطولن عليكم الأمد فتقسو قلوبكم كما قست قلوب من كان قبلكم ، وإنا كنا نقرأ سورة كنا نشبهها في الطول والشدة ببراءة ، فأنسيتها غير أني قد حفظت منها : لو كان لابن آدم واديان من مال لابتغى وادياً ثالثاً ، ولا يملأ جوف ابن آدم إلا التراب • وكنا نقرأ سورة كنا نشبهها بإحدى المسبحات فأنسيتها ، غير أني حفظت منها : يا أيها الذين آمنوا لِمَ تقولون ما لا تفعلون فتكتب شهادة في أعناقكم فتسألون عنها يوم القيامة ؟ م - ٤/٤٣٧ •

تەرجەمە :

ئەبوموسای ئەشعەری - رضي الله تعالى عنه - ناردی بە شوێن حافیظانی بەصرەدا سێصەد كەسی چوە لا هەموویان قورئان خوێند بوون ، پێیفەرموون : ئێوە خیاری ئەهلی بەصرەو قورئان خوێنی ئەهلی بەصرەن[1] • قورئان بخوێنن طوولی زەمانەتان بەسەرا نەیێ [یەعنی زۆر

(١) دانەر لە دەقە عەرەبیەكەدا بە هەڵە لە باتی (أنتم) ، (ألستم)ی نووسیبوو لێرەیشدا بەو پێیە تەرجەمەی كردبوو ، ئێمە هەردوو لایمان چاككرد •

زۆر بیخوێنن فاصیلەی زۆری مەخەنە بەینەوە] مەبادا دڵتان ڕەق بێ وەك چۆن دلی ئەوانەی کە لە پێش ئێوەوە بوون ڕەق بوو • ئێمە سوورەتێکمان ئەخوێند لە درێژیو شیددەتا بە قەد بەرائەت بوو ، لە فکرم برایەوە ، هەر ئەوەندەیم لەفکر ماوە کە ئەفەرموێ : ئەگەر بەنی ئادەم پڕ بە دوو وادیی ماڵی ببێ وادییێکی سێیەم طەلەب ئەکا ، ناوزگی بەنی ئادەم غەیری گڵ هیچی تر پڕی ناکاتەوە • سوورەتێکمان ئەخوێند تەشبیهمان ئەکرد بە یەکێ لە (سبّح)ەکان لە فکرم برایەوە ، هەر ئەوەم لە فکر ماوە کە ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە بۆچی ئەوە ئەڵێن کە نایکەن ؟ بیڵێنو نەیکەن لە گەردنتانا بە شەهادەت ئەنووسرێ لە ڕۆژی قیامەتا لێتان ئەپرسرێتەوە : [بۆچی وتتانو نەتانکرد ؟] •

٣١١٩/٥٠ ـ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أربعون خصلة أعلاهن منيحة العنز ، ما من عامل يعمل بخصلة منها رجاء ثوابها وتصديق موعودها إلا أدخله الله بها الجنة • قال حسان [بن عطية الراوي] : فعددنا ما دون منيحة العنز من : رد السلام ، وتشميت العاطس ، وإماطة الأذى عن الطريق = ونحوه = فما استطعنا أن نبلغ به خمس عشرة خصلة ح ـ ٣٥٤/٤ ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : چل خەصڵەت هەیە گەورەترینیان لە ثەوابا ئیحسانکردنی مەڕی شیردارە بە موحتاج کە بیدۆشێ • هیچ کەسێ نیە کە بە ئومێدی ثەوابو باوەڕکردن بە موکافاتی یەکێ لەو چلە بکا کە خوا ـ عز وجل ـ بە واسیطەی ئەوەوە نەیباتە بەهەشت • حەسانی راویی ئەفەرموێ : ئەوێ لە خوار عەطییەی مەڕەوە بوو وەك : ڕەددی سەلامو ، تەشمیتی ئەوی ئەپژمێ ، شتی (مؤذی) لە

سەرەڕێدا لادانسان حساب کرد نەمان‌گەیان بە پانزە • [رەددی سەلام لە خوار مەنیحەوە نیە ؛ چونکی مەنیحە سونتە رەددی سەلام یا فەرزی عەینە یا فەرزی کیفایەیە] بۆیە خوا ئەو چل خەصلەتانەی شاردۆتەوە لـە خەلق مەبادا خەلق بەوە ئیکتیفا لە عەمەلی تر بکەن •

(زین للناس حب الشهوات [وصله الدارقطني]) : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی: ئێمە مومکینمان نابێ کە مەسروور نەبین بەوەی خوا بۆ ئێمەی موزەیيەن کردوە ، خوایا لە تۆ طەلـەب ئەکەم لـە حەقی خۆیا خەرجی بکەم • ح ـ ٩/٢٤١ ، م ـ ٥/٢ •

٣١٢٠/٥١ ـ عبدالله [بن مسعود ـ رضي الله تعـالى عنه ـ] قـال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أيكم مـال وارثـه أحب إليـه من ماله ؟ قالوا : يا رسول الله ما منا أحد إلا ماله أحب إليه • قال : فـإن مالـه ما قدم ، ومال وارثه ما أخر ح ـ ٩/٢٤٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : کامتان ماڵی واریثتان لە ماڵی خۆی خۆشتر ئەوێ ؟ عەرزیانکرد : (یا رســول الله) هەموومان ماڵی خۆمان لە ماڵی واریث خۆشتر ئەوێ • فەرمووی : کـە وابێ ماڵی ئینسان ئەوەیـە لـە پێش خۆیەوە بینێرێ بۆ ئاخیرەت ، ماڵی واریث ئەوەیە دوای خا تا بە میراتی ئەکەوێ •

٣١٢١/٥٢ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أفضل الصدقة ما ترك غنى ، واليد العليا خير من اليد السفلى ، وابدأ بمن تعـول • [الى هنـا عن حكيم = بن = حـزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ أيضاً • م ـ ٤/٢٠] تقـول المرأة : إما أن تطعمني

وإما أن تطلقني ، ويقول العبد : أطعمني واستعملني ، ويقول الابن : أطعمني ، إلى من تدعني ؟ فقالوا : يا أبا هريرة سمعت هذا من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : لا هذا من كيس أبي هريرة . ح – ٨/١٩٠ ، ن .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەفضەلترینی صەدەقە ئەوەیە دەوڵەمەندیی بۆ ئینسان بێڵێتەوە [ماڵی خۆی بە جارێ نەبەخشێ] دەستی سەرەوە چاترە لە دەستی خوارەوە . لە ئیحسانا ئیبتیدا بەوە بکە کە نەفەقەی لەسەرتە . ژن ئەڵێ : یا نەفەقەم بدەرێ یا تەلاقم بدە . عەبد ئەڵێ : خواردنم بدەرێ ، ئەمجا خزمەتم پێ بکە ، کوڕ ئەڵێ : خواردنم بدەرێ ، بە کێم تەودیع ئەکەی ؟ لە ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ یان پرسیی : تۆ ئەم بەحسی ژن‌و ماڵ‌و عەبدەت لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیست ؟ فەرمووی : خەیر بەڵکو لە کیسەی ئەبوهورەیرەیە یا لە زەکاوەتی ئەبوهورەیرەیە .

ئەم جوابە دوو مەعنا هەڵئەگرێ ، یا ئەفەرموێ : لە حەدیثەکە نیە خۆم لێم ئیستینباط کردوەو دەرجی حەدیثەکەم کردوە . یا ئەفەرموێ : ئەگەر لەوم نەبیستبێ ئەی لە کیسەی خۆمم هێناوەتەدەرێ ؟ یەعنی لەوم بیستوە (والله أعلم) .

٥٣/٣١٢٢ ـ أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله تبارك وتعالى قال لي : أَنفِق أُنفِق عليك . وقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يمين الله ملأى

لا يغيضها سحاء الليل والنهار • أرأيتم ما أنفق منذ خلق السماوات والأرض ؟ فإنه لم يغض ما في يمينه ، قال : وعرشه على المـاء ، وبيده الأخـرى القبض يرفع ويخفض م - ٣٦٦/٤ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ئەمری پێفەرمووم تۆ نەفەقە بەســەر خەڵقا بکە منیش بەسەر تـۆیا بکەم • پێغەمــەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : دەستی قودرەتی راستی خوا پڕە بە لافاو رژاننی لە شەواو لە رۆژا نای‌بڕێنێتەوە • ئەزانن کە خوا لەو رۆژەوە کە ئاســـمانو ئــەرزی خەڵق‌کردوە چەنـدەی ئینفـاق‌کردوە ؟ ئــەو ئینفـاقــە ئــەوەی نەبڕانوەتەوە کە لە دەستی راستی قودرەتی خوادایە • کە عەرشی خوا لــە سەر ئاو بوە بە دەستەکەی تریەوە قەبضی رۆحی تیایە رزق‌و عومر بــەرز ئەکاتەوەو دای‌ئەنەوێنێتەوە • یەعنی (إن الله يبسط الرزق لمن يشـــــاء ويقـدر) •

٣١٢٣/٥٤ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما تصدق أحد بصدقة من طيب ـ ولا يقبـل الله إلا الطيب ـ إلا أخذها الرحمن بيمينه ، وإن كانت تمرة ، فتربو في كف الرحمن حتى تكون أعظم من الجبل كما يربي أحدكم فَلُوَّه أو فصـــيله ح ـ ٣٨٨/١٠ ، م ـ ٣٨٧/٤ واللفظ لهذا •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەســێ لــە طەییب ، یەعنی لە حەڵاڵ ، صەدەقەیێ بکا ؛ چونکی خوا لە غەیری حەڵاڵ

صەدەقە قەبووڵ ناکا ، خوا ـ عز وجل ـ ئەو صەدەقەیە ، یا بە قەد خورماییٚکیش بێ قەبووڵ ئەکا ، بە دەستی قودرەتی راستی وەری ئەگرێ ، لە دەستی خوادا گەورەو پەروەردە ئەبێ تا لە کێو گەورەتر ئەبێ ، وەکو چۆن یەکێ لە ئێوە جوانوولەی خۆی ، یا بێچووله وشتری خۆی پەروەردەو گەورە ئەکا •

موراد لە دەستی راست تەمثیلەو کینایە نیە لە قودرەتو فەضل • موراد لە گەورەکردنو پەروەردەکردن ئەجرو ثەواب زۆرکردنە •

لە حەرام صەدەقە دروست نیە ، گوناهی خۆیو ئەوی ئەیخوا لەسەر ئەوە •

٣١٢٤/٥٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تقوم الساعة حتى يكثر المال ويفيض حتى يخرج الرجل بزكاة ماله فلا يجد أحداً يقبلها منه [فيقول : لا إرب لي ح ـ ١٦/٣] وحتى تعود أرض العرب مروجاً وأنهاراً م ـ ٣٨٦/٤ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تا ماڵ زۆر نەبێو وەك ئاو جاری نەبێ قیامەت هەڵناستێ ، ئەو وەختە ئەوەندە زۆر ئەبێ کە ئینسان زەکاتەکەی ئەباتە دەرێ کە بیدا بە خەڵق کەسی دەست ناکەوێ کە لێی قەبووڵ بکا ئەڵێ : ئیحتیاجیم پێی نیە • قیامەت هەڵناستێ تا ئەرزی عەرەب هەمووی ئەبێ بە مێرغوزارو بە ئەنهار •

٣١٢٥/٥٦ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ليأتين على الناس زمان يطوف الرجل فيه

بالصدقة من الذهب ، ثم لا يجد أحداً يأخذها منه ، ويرى الرجل الواحد يتبعه أربعون امرأة يلذن به من قلة الرجال وكثرة النساء م - ٣٨٥/٤ ، ح - ١٧/٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەفەرموێ : ئینسان زەمانێکیان بەسەرا یێ کە پیاو زەکاتی ئاڵتوونی ئەگێڕێ بە خەڵقەوە کەسی دەست ناکەوێ کە لێی وەربگرێ • تەنها پیاوێك ئەبینی کە چل ژنی شوێن کەوتوەو ئیلتیجای پێ ئەبەن لەبەر پیاو کەمیو ژنزۆری •

٣١٢٦/٥٧ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : تقيء الأرض أفلاذ كبدها أمثال الأسطوان من الذهب والفضة ، فيجيء القاتل فيقول : في هذا قتلت • ويجيء القاطع فيقول : في هذا قطعت رحمي • ويجيء السارق فيقول : في هذا قطعت يدي • ثم يدعونه فلا يأخذون منه شيئا (سبقت نظائره في الاشراط) م - ٣٨٧/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەفەرموێ : ئەرز پارچە - پارچەی جەرگی لە ئاڵتوونو لە زیو وەك پایەو کۆڵەکە فڕێئەداتە دەرێ [یەعنی ئەوەندە ماڵ زۆر ئەبێ] قاتیل یێ ئەڵێ : لەسەر ئەمە من قەتلم کردوە • ئەوی قەطعی رەحمی کردبێ یێ ئەڵێ : من لەسەر ئەمە صیلەی رەحمم نەکردوە • دزی دەستبڕاو یێ ئەڵێ : من لەسەر ئەمە دەستم بڕاوە • هیچیان لەو ئاڵتوونو زیوە هەڵناگرن •

ظاهیر وایە ئەمە لە زەمانێکا بێ کە شەرع زیندوو ببێتەوەو ئیجرای ئەحکامی بکرێ ، دز دەستی ببڕرێ ، لە دوای ئەوە مـاڵ زۆر ببێ خەڵق مەئیووس ببن لە خۆیانو بزانن کە ماڵ فائیدەیان پێ نادا .

٣١٢٧/٥٨ ـ وعنـه قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أيها الناس إن الله طيب لا يقبل إلا طيبا ، وإن الله أمر المؤمنين بما أمـر بـه المرسلين ؛ فقال : (يا أيها الرسل كلوا من الطيبات واعملوا صـالحاً إني بما تعملون عليم)[١] وقال : (يا أيها الذين آمنوا كلوا من طيبات ما رزقناكم)[٢] ثم ذكر الرجل يطيل السفر أشعث أغبر يمد يديه الى السـماء : يـا رب ، يا رب ! ومطعمه حرام ، ومشربه حرام ، وملبسه حرام ، وغـذي بالحـرام فأنّى يستجاب لذلك ؟! م ـ ٤/٣٨٩ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئەی ئینسـانان خوا طەیـیبە ، مونەززەهە لە نەقائیص ، طەیـیب نەبێ قەبووڵی ناکا . خوا ئەمری بە موسوڵمانان بەوە کردوە کە ئەمری بـە پێغەمەران پێ کـردوە . یەعنی بە پێغەمەران چ ئەمـرێـکی کـردوە بـە عەینی ئـەوە ئەمـری بـە موسوڵمانان کردوە ؛ بە پێغەمەرانی فەرموە : ئەی پێغەمەرینە لـە شـتی حەلاڵو پاك بخۆن ، عەمەلی صالیح بکەن ، خوا عیلمی هەیە بەوەی کـە ئێوە ئەیکەن ، بە موسوڵمانانیشی فەرموە : ئەی ئەوانەی کـە ئیمانیـان هێناوە لەو حەلاڵو پاکە بخۆن کە کردوومە بە رزقی ئێوە . لە پاش ئەم فەرموودەی ذیکری ئەحواڵی پیاوی کرد کە سەفەری دوورو درێژ ئەکـا

(١) المؤمنون /٥١ .
(١) البقـرة /١٧٢ .

[مەئەلا بۆ حەج ، بۆ جیهاد] بە مووئالۆزاویی ، لە تۆزو خۆڵا غەرقبوو ، دەست بۆ ئاسمان هەڵەبڕێ ئەڵێ : یاڕەببی ، یاڕەببی ! خۆراکی حەرامە ، خواردنەوەی حەرامە ، لیباسی حەرامە • لەوەپێشیش غەذای[1] لـە حەرام بوە ، بە حەرام پەروەردە بوە ، ئیتر خوا چۆن دۆعای ئەو نەوعە ئینسانانە قەبووڵ ئەکا ؟!

خواردنی حەرام مانیعی قەبووڵی دۆعایە • شـــەرطی قەبووڵی دۆعا ئیطاعەی ئەمری خواو پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

عدي بن حاتم ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ أنه ذكر النار فتعوذ منها وأشاح بوجهه ثلاث مرات ، ثم قال : اتقوا النار ولو بشق تمرة ، فإن لم تجدوا فبكلمة طيبة م ـ ٣٩٠/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەحثی لـە ئاگری جەهەنـــەم کرد ئیستیعاذەی لێ‌کرد ، سێ‌جار رووی موبارەکی بردە دواوە لـە پاشـا فەرمووی : بـا بــە لەتە خورمایێ بێ خۆتان لـە ئاگر بپـارێـزن ، ئەگــەر نەتانبوو بە قسەیێکی خۆش •

٥٩/٣١٢٨ ـ عدي بن حاتم ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : كنت عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فجاء رجلان أحدهما يشكو العَيلة ، والآخر يشكو قطع السبيل ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أما قطع الســـبيل فإنه لا يأتي عليك إلا قليل حتى تخرج العير الى مكة بغير خفير • وأما العيلة فإن الساعة لا تقوم حتى يطوف أحدكم بصدقته لا يجـد من يقبلها منه ، ثم لـيَقِـفَـنَّ أحدكم بين يدي الله ليس بينه وبينه حجاب ولا

(١) واتە خۆراکو پێخۆری حەرامەو بە حەرام پەروەردە بوە •

ترجمان يترجم له • ثم لَيقولَنَّ لـه ألم أوتِكَ مالا ؟ فليقولَنَّ : بلى • ثم ليقولنَّ : ألم أرسل إليك رسولا ؟ فليقولنَّ : بلى • فينظر عن يمينه فلا يرى إلا النار ، ثم ينظر عن شماله فلا يرى إلا النار ! فليتّقينَّ أحدكم [النار ولو بشق تمرة • نسخة] فإن لم يجد فبكلمة طيبة ح-٣/١٦ ، ح-٦/٤٨ • ن في الزكاة • ومر في المعجزات بأبسط فلا حاجة الى ترجمته[1] •

٣١٢٩/٦٠ ـ عن أبي مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما نزلت آية الصدقة كنا نحامل فجاء رجل [عبدالرحمن بن عوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فتصدق بشيء كثير [فتصـــدق بثمانية أو أربعة آلاف] فقالوا : مرائي • وجاء رجل [أبو عقيل الأنصاري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فتصدق بصاع • فقالوا : إن الله لغني عن صاع هـــذا ! فنزلت : (الذين يلمزون المطّوّعين من المؤمنين في الصـدقات ، والذين لا يجدون إلا جهدهم [أي طاقتهم])[1] الآية ح ـ ٣/١٨ ، م ـ ٤/٣٩٦ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەبومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە ئایەتی صەدەقە نازڵ بوو بە ئوجرەت شتمان بەکۆڵ هەڵەگرت کە بیکەین بـە صەدەقە • عەبدورەحمانی بنی عەوف ـ رضي الله تعالى عنه ـ نیوەی ماڵی خۆی یەعنی هەشت هەزار یا چوار هەزاری هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە صەدەقە ، مونافیقان وتیان : ئەوەی بـە ریایی هێنـاوە ! ئەبوعەقیلی ئەنصاریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ صاعێ خورمای هێنا کردی بـە صەدەقە ، مونافیقـان وتیـان : خـوا موحتـاج بـە صـاعی ئەو نیە !

(١) مەبەستی حەدیثی ژمارە (٤٠/٥٧٨)ی بەرگی دوەمە .

(١) التوبـة /٧٩ .

[ئەو رۆژە چووبوو بـە کرێکاریی دوو صـاع خورمای پەیدا کردبوو ، صاعێکی کرد بە صەدەقە] خوا ـ عز وجل ـ لەسەر قسەی ئەو موونافیقانە ئەم ئایەتی بەرائەتەی نازڵکرد کە ئەفەرموێ : ئەوانە کە طەعن ئەدەن لەو موسوڵمانانە کە صەدەقە ئەکەنو [زۆر بێ ئەڵێن ریایـە ، کـەم بێ ئەڵێن خوا موحتاج بە کەم نیە] لەو موسوڵمانانەی ئەمجا هەر ئەوی لە تاقەتیانا بێ ئەیکەن بە صەدەقە .. گاڵتەیان پێ ئەکەن خوایش ـ عز وجل ـ گاڵتە بەوان ئەکا . لەسەر ئەوەو کوفریان عەذابێکی زۆر بە ئێشیان هەیە .

٦١/٣١٣٠ ـ وعنه كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا أمرنا بالصدقة انطلق أحدنا الى السوق فيحامل فيصيب المد ، وإن لبعضـــهم اليوم لمائة ألف ح ـ ١٨/٣ .

تەرجەمە :

ئەبومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کـە ئەمری پێبکردینایە بـە صەدەقە یەکێکمان ئەچوە بازاڕ حەماڵی ئەکرد موودێکی پەیدا ئەکرد . ئیمڕۆ بەعزێکمان صــــەد هەزاری هەیە ! [یەعنی کەچی هیچ صەدەقەی لێ ناکا] .

وەلحاصڵ (اهل الله)و پیاوچاك زۆر تەماعکارن بـە تیجارەتی کـەم رازیی نابن لەگەڵ خوادا خەریدو فرۆخت ئەکا کە لە یەکبەدەوە تـا یـەك بـە حەوصـەد تـا غەیرە موتەناهیی قازانج بکا . فەقەط ئەهلی دنیـا زۆر قەناعـەتکارن بـە قازانجێکی کـەمی دنیـایی ئاخیرەتەکەی ئەگۆڕێتەوە ! پیاوی خوا تا رتبەی لای خوا گەورەتر بێ لـە فەضلو کەرەمی خـوادا بە تەماعترە .

٣١٣١/٦٢ - عن عدي بن حاتم - رضي الله تعالى عنه - قال : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : [من استطاع منكم أن يستترَ من النار ولو بشق تمرة فليفعل م - ٣٩/٤] اتقوا النار ولو بشق تمرة ح - ١٩/٣ .

تەرجەمە :

عەدیی - رضي الله تعالى عنه - چونکی کوڕی حاتەمە هەر پەیڕەوی باوکی ئەکا ئەکثەری ئەحادیثی دائیر بە سەخایە کە شیمەی خۆیو باوکی بوە .. ریوایەت ئەکا ئەفەرموێ : لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م بیست ئەیفەرموو : با بە لەتە خورماییێکیش بێ خۆتان لە ئاگر بپارێزن . لە ریوایەتەکەی موسلیما ئەفەرموێ : هەرکامێ لە ئێوە ئەتوانێ خۆی لە ئاگر پەنا بدا با بە لەتی خورمایێکیش بێ بیکا .

٣١٣٢/٦٣ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : دخلت امرأة معها ابنتان لها تسأل ، فلم تجد عندي شيئاً غير تمرة ، فأعطيتها إياها ، فقسمتْها بين ابنتيها ولم تأكل منها . ثم قامت فخرجت ، فدخل النبي - صلى الله عليه وسلم - علينا فأخبرته . فقال : من ابتلي من هذه البنات بشيء كن له سترا من النار ح - ١٩/٣ ، ح - ١٦/٩ ، م - ٦٣/١٠ .

٣١٣٣/٦٤ - وعنها أنها قالت : جاءتني مسكينة تحمل بنتين لها ، فأطعمتها ثلاث تمرات ، فأعطت كل واحدة منهما تمرة ، ورفعت الى فيها تمرة لتأكلها ، فاستطعمتها ابنتاها ، فشقت التمرة التي كانت تريد أن تأكلها بينهما ، فأعجبني شأنها فذكرت الذي صنَعَتْ لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : إن الله قد أوجبَ لها بها الجنة أو أعتقها بها من النار م - ٦٣/١٠ .

تەرجەمە :

دوو حەدیث لە حەزرەتی عایشەوە - رضي الله تعالی عنها - لە یەکێکیانا ئەفەرموێ : ژنە سوالکەرێ دوو کچی پێبوو هات بۆ سوئال هیچ نەبوو بیەمێ غەیری خورمایێ ، دامێ ، کردی بە دوو لەتەوە هەر یەکە لەتێکی دانێ خۆی لێی نەخواردو هەلساو رۆیی‌یە دەرێ • کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - تەشریفی هاتەوە عەرزم‌کرد ، فەرمووی : هەرکەسێ لەم کچانە موبتەلا ببێ بە بەعزێکیان چاکیان تەماشا بکا بۆی ئەبن بە ساتیر لە ئاگر •

لە حەدیثەکەی ترا ئەفەرموێ : سوالکەرێ هات دوو کچی پێ بوو سێ خورمام دایێ ، کچەکانی هەریەکە خورمایێکی دانێ ، خورمایێکیشی برد بۆ دەمی کە بیخوا ، کچەکانی داوایان لێ‌کرد ، ئەو خورمایەیشی کرد بە دوو لەتەوە هەر یەکە لەتێکی دانێ ! عەجایەبم لە حالی ئەو ژنە ما ، کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - تەشریفی هاتەوە ئەو موعامەلەی دایکە لەگەل کچەکانیم عەرزکرد ، فەرمووی : خوا بەو موعامەلەیە بەهەشتی بۆ واجب‌کردوە ، یا فەرمووی : بەو موعامەلەیە لە ئاگر ئازادی کردوە •

٦٥/٣١٣٤ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من عال جاريتين حتى تبلغا جاء يوم القيامة أنا وهو ، وضم أصابعه م - ١٠/٦٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ دوو کچ بەخێو بکا تا بالغ ئەبن لە رۆژی قیامەتا یێ ئەو لەگەل منا ، پەنجەی

موبارەکی بەیەکەوە نووسان ، یەعنی وەکوو ئەم پەنجانە لەگەڵ منە بەیەکەوە ئەبین •

٣١٣٥/٦٦ ـ وعنه ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أتي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بمال من البحرين فقال : انثروه في المسجد ، وكان أكثر مال أُتي به رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فخرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلى الصلاة ولم يلتفت إليه • فلما قضى الصلاة جاء فجلس إليه ، فما كان يرى أحداً إلا أعطاه ، إذ جاء العباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فقال : يا رسول الله أعطني فإني فاديت نفسي وفاديت عقيلا [أخا علي بن أبي طالب ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يوم أسرا ببدر] فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : خذ ! فحثى في ثوبه ، ثم ذهب يُقلِّه فلم يستطع ، فقال : يا رسول الله اؤمر بعضهم يرفعه إليَّ ، قال : لا • قال : فارفعه أنت علي • قال : لا فنثر منه ، ثم ذهب يُقلِّه ، فقال ، يا رسول الله اؤمر بعضهم يرفعه قال : لا • قال : فارفعه أنت علي ، قال : لا • فنثر منه ، ثم احتمله فألقاه على كاهله ثم انطلق • فما زال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يُتبعه بصره حتى خفي علينا عجبا من حرصه ! فما قام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وثم منها درهم ح - ٤١٥/١ ، ح - ٢٢٦/٥ •

تەرجەمە :

ماڵێکی زۆر لە بەحرەینەوە هێنرایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە مزگەوتا داینێن ، قەت ئەوەندە ماڵی زۆر نەهاتبوە خزمەتی • تەشریفی هاتەدەرێ بۆ نوێژ ، رووی نەکرد بە لای ئەو ماڵەوە ، کە لە نوێژ بۆوە تەشریفی هات لە لای دانیشت ، هیچکەسی

نەئەدی کە نەیداتێ ، عەباسی مامی - رضي الله تعالی عنه - هاتە خزمەتی عەرزیکرد : (یا رسول الله) عەطام لەگەلا بکە چونکی کە لە بەدرا کراین بە ئەسیر فیدیەی خۆمو عەقیلی برازام دا • فەرمووی : بچۆ لێی هەلگرە ، تەشریفی چوو بە مست رای ئەمالیە ناو ئەو جلەی کە پێی بوو تەمای بوو کە هەلیبگرێ نەیتوانی ، فەرمووی : (یا رسول = الله =) ئەمر بکە بە یەکێ بیدا بە کۆلما • فەرمووی : خەیر • عەرزیکرد : خۆت بیدە بە کۆلما ، فەرمووی : خەیر • عەباس - رضي الله تعالی عنه - لێی رۆکرد تەمای بوو هەلیبگرێ نەیتوانی • عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەمر بکە بیدەن بە کۆلما • فەرمووی : خەیر • عەرزی کرد : خۆت بیدە بە کۆلما فەرمووی : خەیر • دووبارە لێی رۆکرد دای بە کۆلیا رۆیی تا لێمان ون بوو پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - چاوی لێ جوێ نەکردەوە ، لە حیرصی موتەعەججیب بوو • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - تا درهەمێکی ما تەشریفی لەو شوێنە هەلنەستا •

دروستە مالی غەنیمەت ، زەکات ، صەدەقە لە مزگەوتا دابنرێو تەقسیم بکرێ •

حیرص لەسەر دنیا بۆ کەس - با خوصووص بۆ ئەهلی فەضل - مەذمومە •

موعاوەنەتی حەریص لە سەر حیرصی دروست نیە •

٣١٣٦/٦٧ - عن ابن عباس - رضي الله تعالی عنهما - قال : قال عمر - رضي الله تعالی عنه - = یوما = لأصحاب النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - : فیم ترون هذه الآیة نزلت (أیود أحدکم أن تکون له جنة ••• ؟) قالوا : الله أعلم • فغضب عمر فقال : قولوا نعلم أو لا نعلم • فقال ابن عباس - رضي الله تعالی عنهما - : في نفسي منها شيء یا أمیر المؤمنین • قال عمر :

يا ابن أخي قل ولا تحقر نفسك • قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : ضربت مثلاً لعمل • قال عمر : أيّ عمل ؟ قال ابن عباس : لعمل • قال عمر : لرجل غني يعمل بطاعة الله ـ عز وجل ـ ثم بعث = الله = له الشيطان فعمل بالمعاصي حتى أغرق أعماله م ـ ٤/٣٧٠ ، ح ـ ٧/٤٣ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی فەرموو : ئەم ئایەتەتان لا لە چیا نازڵ بوە ؟ عەرزیانکرد : خوا ئەزانێ • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەوە توند بوو ، فەرمووی : بڵێن ئەزانین یا نازانین ! ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عەرزیکرد : (يا أمير المؤمنين) شتێکم یێ بە دلا • فەرمووی : بیڵێ خۆت بە حەقیر مەزانە • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : بۆ عەمەلێ بە مەثەل ذیکرکراوە • فەرمووی : بۆ چ عەمەلێ ؟ عەرزیکرد : بۆ عەمەلێ • [لەوەندەی لێ زیاد نەکرد] ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بۆ پیاوێکی دەوڵەمەند کە بە طاعەتی خوا عەمەل بکا لە پاشا شەیتان بێتە سەرەڕێی دەست بکا بە گوناهکردن تا گوناهی ئەوەندە زۆر ئەبێ کە عەمەلە صالحەکانی تیایا غەرق ئەبێ •

مەئالی ئایەتەکە ئەوەیە : هیچ کەس لە ئێوە ئەحوبێنێ کە باغێکی خورماو رەزی بێو لەو باغەدا هەموو نەوعە میوەیێکی بێو پیر بێو منالی وردو زەعیفی بێو باغەکەی گێژەڵووکەیێکی ئاگرلەناوای بۆ بێو هەمووی بسووتێ ؟ خوا بۆ خاتری ئەمەی کە فکرکەنەوە بەرخۆتانو

ئەعمالی صالیحەتان بە ریاو بە ئیذا حەبط[1] نەکەنەوە ئایاتی خۆیتان بۆ بەیان ئەکا •

(بالمناسبە) بەیانی (ما قبل)و (ما بعد)ی ئەم ئایەتە بکرێ خالی لە فائیدە نابێ •

(أولا) خوا – عز وجل – بەیانی موکافاتی صەدەقە ئەکا ئەفەرموێ : مەثەلی ئەوانەی کە ماڵی خۆیان لە رێی خوادا ئینفاق ئەکەن وەك مەثەلی حەببەیێ[2] وایە حەوت گوڵی ببێ ، هەر گوڵێ صەد دەنکی تیا بێ [یەعنی یەك بە حەوصەد ئەجری هەیە • ئەمە لای کەمیەتی] خوا لەوەی زیاتر ئەکا بۆ کەسێ کە ئیرادەی بفەرموێ • خوا دەستی کەرەمی واسیعە دەست تەنگ نیە کە ئەتوانێ زۆری بکا ، عەلیمە بە نییەتی ئەو کەسە کە بۆ ئەوی داوە یا بە نییەتێکی تر •

لە پاشا بەیانی شەرایطی ئەم ئەجرە عەظیمە ئەفەرموێ ؛ ئەفەرموێ : ئەوانەی کە ماڵی خۆیان لە رێی خوادا صەرف ئەکەن لە پاش ئەو صەرفکردنە منەتو ئەذیەتی بەشوێنا نانێرن [یەعنی چاکەکەیان ناکوتنەوە بە چاوی ئەو کەسەدا کە چاکەی لەگەڵ ئەکەن ، بە واسیطەی ئەو چاکەوە دەستدرێژیی بەسەرا ناکەن] ئەو کەسانە لای خوا ئەجری گەورەیان هەیە ، لە ئاخیرەتا ترسیان لە هیچ نیە کە بەسەریانا بێ ، هیچیان لە کیس ناچێ تا بۆی مەحزوون بن •

---

(١) البقرة /٢٦٦ •

(١) (ئیذا) : ئازارو سزا • (حبط ـ حەبط) : پووچبوونەوەو بێخێر بوون •

(٢) حەببە : دەنکە دانەوێڵە ، دەنکی هەرچی ببێ •

ئەفەرموێ : [ئەگەر بە هەر نەوعێ بێ ئیرادەیان نەبێ لە بە سـائیل شتێك بدەن] بە قسەی خۆش رەدیان بکەنەوەو ، عەفوی قوصـــووری سائیلەکە لە سوالکردن چاترە لە صەدەقەیێ کە ئەذیەتی بـە شـوێنەوە بێ [پێی بلێ : بۆ ناچی کرێکاری بکەی لا یێی سوال ئەکەی ! (مثلا)] خوا ئیحتیاجی بەوە نیە کە بە مەنن و[1] ئیذا صەدەقە بکەن ، حەلیمیشە نورج عەذابی ئەو کەسە نادا کە بە مەنن و ئیذا صەدەقە ئەکا [یەعنی ئەو کەسەی کە بە منەتنان و ئەذاو جەفا صەدەقە بکا بە تەمای ثـەواب نەبێ لـە عەذاب بترسێ] •

ئەمجا خوا ـ عز وجل ـ بۆ بەیانی ئەمە کـە بە مەنن و ئـەذا ئەجـری صەدەقە مەحو ئەبێتەوە مەثەلێ بەیان ئەفەرموێ ، ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی کـە ئیمانیان هێناوە صەدەقەی خۆتان بە منەتنان و بـە قســــەی ناخۆش بەتاڵمەکەنەوە وەکوو ئەو کەسەی بە ریا مالی خۆی صەرف ئەکا ، ئیمانی بە خواو رۆژی ئاخیرەت نیـە [کە بـە تەمـای ئەجرو ثەواب بێ] مەثەلی ئەوەی کە بە ریا ماڵی صەرف ئەکا وەك بەردێکی صاف و لووس وایە گڵی بەســـەرەوە بێ و بارانێکی بـە خورەمی لێ بدا بەردەکـە بـە رەق وتەقی بێلێتەوە • ئەو کەسانە قودرەتیان نیە بەسەر ئەمەدا کە صـــەرفیان کردوە خێری لێ ببینن ، خوا هیدایەتی کافران نادا بۆ رێی چاکە [یەعنی ئەوانەی کە بە منەت و بە ئیذا صەدەقە ئەدەن ، صەدەقەکەیان وەك صەدەقەی ئەوانەیە کە بە ریا صەدەقە ئەدەن ، صەدەقەی ئەوانە مەحوە ، چۆن ریـا صـــەدەقە مەحو ئەکاتەوە منەت و ئەذایش صەدەقە مەحو ئەکاتەوە] •

ئەمجا خوا ـ عز وجل ـ صەدەقەی ئیخلاص ذیکر ئەکـا ئەفەرموێ : **ئەوانەی کە ماڵی خۆیان صیرف و مەحض بۆ تەحصیلی رەزای خوا ئەبەخشن**

---

(١) (منّ ـ مەنن) منەتنان بەسەر ئەو کەسەدا کە چاکەی لەگەڵدا دەکرێ .

بە صەدەقەکەیان نەفسی خۆیان لەسەر ئیمان ثابت ئەکەن [یەعنی ئیمانیان ئەوەندە بەقووەتە ئەزانن صەدەقەکەیان بە فیرۆ ناچێ ، صەدچەندان ثەوابی هەیە] مەثەلی ئەو نەوعە کەسانە وەك مەثەلی باغێکە بەسەر تەپۆلکەیێکەوە بێ بارانێکی بە خوڕەمی لێبدا دوو ئەوەندەی پێشوو میوە بدا ، ئەگەر بارانی بەخوڕەمیشی لێ نەدا [جێیەکەی ئەوەندە هەوادارو باشە] شەبنمێکیش کافیە بۆی [یەعنی باران یا شەبنم چۆنە بۆ زەراعەتی جێ باش و پەروەردەی ئەکا ئیخلاصیش بۆ ئەعمالی صالیحە وایە] خوا چاوی لەو عەمەلانەیە کە ئەیکەن [ئەزانێ کامی بە ئیخلاصەو کامی بە ریایە] •

ئەمجا بۆ صەدەقەی بەریا مەثەلێکی تر بەیان ئەکا کە لە فەرموودەکەی ئیمامی عومەرایە - رضي الله تعالى عنه - بۆ ریا دوو مەثەلی بەیانفەرموە • لە دوای ئەوە خوا - عز وجل - بەیانی ئەوە ئەفەرموێ کە صەدەقە لە مالی باش بکرێ ئەفەرموێ : ئەی ئەوانەی کە ئیمانیان هێناوە ئەو مالەی کە کەسبی ئەکەن و ئێمە لە ئەرز بۆتان یێنینە دەرێ [یەعنی لە تیجارەت و صنعەت و زەراعەت] کامی حەلالەو باشە لە رێی خوادا لەوە صەرف بکەن ، مەچن بە لای ئەوەوە کە خراپە لێی صەرف بکەن ، بیکەن بە صەدەقە ، ئەوە ئەگەر یەکێ بیدا بە خۆتان قەبوولی ناکەن مەگەر چاوی لێ بپۆشن • لێتان مەعلووم بێ کە خوا موحتاج نیە بە صەدەقەی ئێوە [یەعنی نە بە چاکی نە بە خراپی لەگەل ئەمەیشا] حەمدتان ئەکا لە سەر نەفەقەو صەدەقەو لێتان قەبوول ئەکا فائیدەکەی بۆ خۆتانە بۆتان پاشەکەوت ئەکا بۆ رۆژێکتان کە پێی موحتاج بن] •

التعفف عن السؤال(١) :

٦٨/٣١٣٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ليس المسكين بهذا الطوّاف الذي يطوف على الناس فترده اللقمة واللقمتان والتمرة والتمرتان [قالوا فما المسكين يا رسول الله ؟ قال : م] ولكن المسكين [المتعفف ، اقرؤا إن شئتم : (لا يسألون الناس إلحافا)[١] • م) الذي [يتعفف ، أخرى • م] لا يجد غنى يغنيه ، ولا يفطن له فيتصدق عليه ، ولا يقوم فيسأل الناس [شيئا •] ح ـ ٣/٦٤ ، ٦٢ ، م ـ ٤/٤٢٥ ، ٤٢٦ • چوار حەديث = وەك = يەك (بفرق كتب) •

٦٩/٣١٣٨ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن ناساً من الأنصار سألوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأعطاهم ، ثم سألوه فأعطاهم حتى نَفِد ما عنده • فقال : ما يكون عندي من خير فلن أدّخره عنكم ، ومن يستعفف يعفّه الله ، ومن يستغنِ يغنهِ الله ، ومن يتصَبَّر يصبِّره الله ، وما أعطي أحد عطاء خيرا وأوسع من الصبر ح ـ ٣/٥٧ ، ٤/٤٤٠ ن ، ح ـ ٩/٢٥٨ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەيرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : میسکین ئەو کەسە گەڕۆکە نیە کە بە ئینسانانەوە ئەگەڕێو سواڵیان لێ ئەکاو لوقمەیێ یا دوو لوقمە ، خورمایێ یا دوو خورمای دەست ئەکەوێ [عەرزیانکرد : ئەی میسکین کێیە

---

(١) البقرة /٢٧٣ •

(١) سواڵنەکردنو خۆگرتن •

(يـا رسـول اللە) ؟ فەرمووی :] میسـكین ئەوەیە دەوڵەتی نیـە كـە ئیحتیاجیی نەیێڵێ ، كەسیش پێی نازانێ كە فەقیرە صـەدەقەی پێ‌بكا ، بەسەر خەڵقیشەوە ناوەستێ سواڵیان لێ بكا • ئەگەر حەز ئەكەی ئەم ئایەتە بخوێنەرەوە [كە لە (البقرە)دایە شەش ئایەت لە دوای ئەو ئایەتانەوە كە نووسیم مەئالی هەموویان ئەوەیە ئەفەرمویٚ :

شەیتان وەعدەی فەقیریتان پێ‌ئەدا ؛ ئەڵێ : دەست بە ماڵی خۆتانەوە بگرن بۆ بە خۆڕایی ئەیدەن بە خەڵق ؟ لە پاشا خۆتان موحتاج ئەبن كەس دەستتان ناگرێ ، ئەمرتـان بـە خراپەكردن پێ‌ئـەكـا خـوا وەعدەتان بـە لێخۆشبوونی گوناهـ پێ ئەدا ، وەعدەی فەضـڵو كەرەمتان پێ ئـەدا ، ئەفەرموێ : صەدەقە بكەن یەك بەوەندە تا حەوصەد تا زیاتر لـە قیامـەتـا ئەجرتان ئەدەمێ ، لـە دنیـادا چەنـد میثلی ئەوەی كە ئەیبەخشن بۆتان ئەهێنمەوە جێی • دەستی قودرەتو عەطای خوا واسیعە ؛ بە تەخشـانو پەخشان كەم نابێتەوە ، عیلمی بە هەموو شتێ هەیە : ئەزانێ كێ فەقیر ئەكا ، كێ دەوڵەمەند ئەكا ؛ بۆ فەقیر ـ فەقیر ئەكا ، بۆ دەوڵەمەند ـ دەوڵەمەنـد ئەكا • هەركەسێ خوا ئیرادەی كردبێ لە عیلمی ئەزەلیا حیكمەتی پێ عەطا ئەكـا ، رێی خێرو شەڕی پێ‌نیشان دا تێی‌ئەگەیێنێ چی چاكـە بیـكا پێی ئەكا ، تێی‌ئەگەیێنێ چی خراپە لێی لادا لێی لائەدا • هەركەسێ لە طەرەف خواوە ـ عز وجل ـ نیعمەتی حیكمەتی پێ عەطا بكرێ بە تەحقیق ئەو كەسە خێرێكی زۆری پێ عەطاكراوە • هەرچی بكا ؛ هەڵسێ ، دانیشێ ، ببەخشێ نەبەخشێ هەمووی بە ترازووی شەریعەت هەڵەكێشێ ئەمجا ئەیكا • ئەمما غەیری ئەوانەی كە صاحێب مەغزن هیچ كەس فكر ناكاتەوە ، تابیعی قسەی شەیتان ئەبێ ، بە ریاو ناموو شوهرەت نەبێو بۆ كارو تەمەتتوعی دنیا نەبێ چاكەی لە دەست نایێ •

هەر نەفەقەیێ ئێوە ئەیکەن ، کەم بێ یا زۆر بێ ، بە ئاشکارا بێ یا بە پەنهانی بێ ، لە حەقا صەرفی بکەن ، لە باطیلا صەرفی بکەن ، هەر نەذرێ کە ئەیکەن ، بە شەرط بێ یا بێ شەرط ، بۆ خێر بێ یا بۆ گوناه (علی العموم) بە تەحقیق بێ شكو شوبهە خوا ـ عز وجل ـ ئەیزانێ ، ئەوانەی کە ظالمن نەفەقەو نەذریان بۆ گوناهەو ، وەفا بە نەذریان ناکەنو مەنعی صەدەقەی واجب ئەکەن • بۆ ئەو زالمانە هیچ کەس نیە کە موعاوەنەتیان بکاو لە عەذابی خوا نەجاتیان بدا • ئەگەر صەدەقەتان ئاشکرا بکەن بەو شەرطە قەصدی ریای تیا نەبێ ئەو ئاشکراکردنە زۆر شتێکی باشە ؛ چونکی خەلق پەیڕەویتان ئەکا رێگە بۆ خەلق ئەکەنەوە • ئەگەر ئیخفاء پەنهانی بکەنو بیدەن بە فەقیران ئەو پەنهانکردنە چاترە بۆ ئێوە ؛ چونکی لە ریا دوورە • فەقەط صەدەقەی فەرز ئیظهارکردنی چاترە بۆ دەفعی توهمەت • خوا ـ عز وجل ـ لە گوناهتان خۆش ئەبێو ، خوا ـ عز وجل ـ خەبەری هەیە لەوەی کە ئێوە ئەیکەن ، با خەلق خەبەری نەبێ •

ئەی محەمەد لە سەر تۆ نیە کە بە زۆر خەلق بێنیە سەر رێی هیدایەت ، هەر ئەوەندەت لەسەرە رێی هیدایەتیان پێ نیشان بدەی (مەثەلا) کە مەنو ئەذاو ریا لە صەدەقەداو ماڵی خراپ بە صەدەقەدان چاك نیەو ، زەرەری ئەوەیان بۆ بەیانبکەی • ئەمما خوا ـ عز وجل ـ هیدایەتی ئەوانەی کە ئیرادەی هیدایەتی کردوون ئەدا ، دڵیان یێنێتە سەر رێی حەق • ئەو نەفەقەی کە ئەیکەن هەر بۆ خۆتانە • خۆتان فائیدەی لێئەبینن ، کە وابێ منەت مەنێن بەسەر خەڵقاو ریایی نیا مەکەن کە خەیرەکەی مەحو بکەنەوە هەر بۆ تەحصیلی رەزای ذاتی پاکی ئەقدەسی خوای بکەن ، ئەو خێرەی کە ئەیکەن بە زیادی ئەتاندرێتەوەو هیچ زوڵمتان لێ ناکرێو ثەوابتان کەم ناکرێ • ئەو صەدەقەی کە ئەیکەن بیدەن بەو فەقیرانە کە

لە ڕێی خوادا بۆ جیهاد حەبس‌کراون[1] کە لەشکری ئیسلامن ، ناتوانن بە ئەرزا بڕۆن بۆ کەسبو تیجارەت • ئینسانی نەزان وایان ظەن ئەبـەنێ کـە دەوڵەمەندن لەبەر تەعەففوف‌کردنیان[2] لە سوالْ ، بە سیمایان ئەیان‌ناسی ، بە زەعیفیو لەڕیو ڕەنگ‌زەردییان ئەزانی کە فەقیرن • لە ئینسان نا ئاڵێن وەك (ترترە)[3] و سواڵیان لێ بکەن ، ئەو خێرەی کە ئەیکەی خوا عیلمی پێی هـەیـە بـە ضـــــایع ناچێ • ئەم ئایەتە ئایەتەکەیە کە لە حەدیثەکەدا ئەفەرموێ ؛ بیخوێنەرەوە : ئەوانەی ماڵی خۆیان ئینفاق ئەکەن بە شـەوو بە ڕۆژ بە پەنهانیو بە ئاشکرا لە لای پەروەردگاری خۆیان ئەجریان هەیەو لە ڕۆژی قیامەتا هیچ ترسیان لەسەر نیە کـە عەذاب بدرێن ، مەحزوونیش نابن کە لە ئەجریان کەم ببێتەوەو شتێکیان لە کیس چووبێ •]

لـە دوای ئـەم ئایەتانەوە خوا ـ عز وجل ـ بەیـانی حوکمی ریبـاو ماڵ‌بەقەرزدان ئەکا ؛ کە ریبا جەڕڕی مەنفەعەتی خەسیسەیە بـە طـەریقی غەیرە مەشرووع کە بە کوللیی مونافیی صـەدەقەیە • شـــــت‌بەقەرزدان دەستـگرتنی خەڵقەو نەوعە صەدەقەیەکە بە موئەججەل بە شـەرتی ئیعادەی بەدەلی کە موددەی تەواو بوو •

تەرجەمەی حەدیثەکەی ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى عنه ـ :

ئەبوســـەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەعزێ ئینسان لە ئەنصار [نەسائی ریوایەت ئەکا کە ئەبوسەعید ـ رضي الله تعالى

(١) واتە کراون بە سەربازو ، ئیشو کاری دیکەیان پێ ناکرێ . مەبەست لە حەبس زیندان نیە .

(٢) نەفس بەرزیو خۆبەدوورگرتن لە داواکردن ، با نەدارایش بن .

(٣) ئەم وشەم وەك خۆی نووسی ، چونکە مەبەستەکەیم نـەزانی ، ڕەنـگە مەبەستی تووڕك بێ ، چونکـە دەگوترێ : « خولکی تووڕکیی » یـان : « وەك تووڕك تێی ئاڵاوە » .

عنه - کە راویی حەدیثەکەیە لەوانە بوو] داوایان لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - کرد پێی عەطا فەرموون ، لە پاشا داوایان لێکردەوە دیسان پێی عەطا فەرموون [دیسان داوایان لێکرد پێی عەطا فەرموون أبوذر] تا ئەوەی لە خزمەت پێغەمەرا بوو - صلی الله تعالی علیه وسلم - برایەوەو • لە پاشا پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : هەر خێرێ لە لام بێ لە ئێوەی پاشەکەوت ناکەم بۆ خۆم یا بۆ خەلقی ترو مەنعی بکەم لە ئێوە ، هەرکەسێ تەعەففوف بکا لە سوالکردن خوا عیففەتی [لە حەرام] پێ ئیحسان بکا یا ئەکا ، هەرکەسێ ئیستیغنا بکا [ئیظهاری دەوڵەمەندیی بکا] خوا دەوڵەمەندی بکا یا ئەکا ، هەرکەسێ صەبر بکا لە سەر ضەیقی مەعیشەتو مەکاریهی دنیایی خوا صەبری پێ ئیحسان بفەرموێ ، یا ئەفەرموێ : هیچ کەسێ نیە عەطایێکی لە صەبر چاترو واسیعتر پێ عەطا کرابێ [چونکی جامیعی مەکاریمی ئەخلاقە] پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە دوای ئەمە کە ماڵەکەی هەموو پێ عەطا فەرموون ئیرشادی رێی فەضیلەتی کردن •

٧٠/٣١٣٩ - عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال وهو على المنبر وذكر الصدقة والتعفف والمسألة : اليد العليا خير من اليد السفلى ؛ فاليد العليا هي المنفقة والسفلى هي السائلة ح - ٣٠/٣ ، م - ٤٢٠/٤ ، د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لەسەر مینبەر ذیکری صەدەقەو عیففەت لە سوالکردنو سوالکردنی کرد ، فەرمووی : دەستی سەرەوە لە دەستی خوارەوە چاترە ، دەستی سەرەوە ئەو دەستەیە کە

عەفیف بێو بەخشش‌و عەطا بكا ، دەستی ژێرەوە ئەو دەستەیە كە سواڵ بكا •

٣١٤٠/٧١ - عن الزبير بن العوام - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لأن يأخذ أحدكم حبله فيأتي بحزمة الحطب على ظهره فيبيعها ، فيكفّ الله بها وجهه خير له [من أن يريق ماءه السؤال] من أن يسأل الناس ، أعطوه أو منعوه ح - ٥٨/٣ ، وعن أبي هريرة نحوه ح - ٦٤/٣ ، ٥٧ ، م - ٤٢٧/٤ بفرق ، وفيه خيرية اليد العليا على السفلى •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : یەكێكتان گوریسی خۆی هەڵبگرێ‌و بە كۆڵ دار بێنێ‌و بیفرۆشێ بەوە خوا رووی لەوە موحافەظە بكا ئاوی بتكێنێ بە سوئالكردن لەوە باشترە كە سواڵ لە خەڵق بكا ، بیدەنێ یا نەیدەنێ •

٣١٤١/٧٢ - عن معاوية قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم -: لا تلحفوا بي في المسألة ؛ فوالله لا يسألني أحد منكم شيئا فتخرج = له = مسألته مني شيئا وأنا له كاره فيبارك له فيما أعطيته م - ٤٢٤/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : بۆ سواڵ تێمەوە مەئاڵێن ، وەڵلاهی هیچ كەسێ نیە لە ئێوە كە بە سواڵ شتم لێ ببچڕێ‌و پێم‌ناخۆش بێ بەرەكەت بكەوێتە ئەوەوە كە ئەیدەمێ •

٣١٤٢/٧٣ - حكيم بن حزام - رضي الله تعالى عنه - قال : سألت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فأعطاني ، ثم سألته فأعطاني ،

ثم سألته فأعطاني ، ثم قال : يا حكيم إن هذا المال خَضِرة حلوة ؛ فمن أخذه بسخاوة نفس [نفسه أو نفس المعطي] بورك له فيه ، ومن أخذه بإشراف نفس لم يبارك له فيه ، وكان كالذي يأكل ولا يشبع • اليد العليا خير من اليد السفلى • فقال حكيم : فقلت : يا رسول الله والذي بعثك بالحق ! لا أرْزَأُ [لا أنقص] أحدا بعدك شيئا حتى أفارق الدنيا • فكان أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ يدعو حكيماً الى العطاء فيأبى أن يقبله منه • ثم إن عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دعاه ليعطيه فأبى أن يقبل منه شيئا ، فقال : إني أشهدكم يا معشر المسلمين على حكيم أني أعرض عليه حقه من هذا الفيء فيأبى أن يأخذه • فلم يرزأ حكيم أحداً من الناس بعد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى توفى [رضي الله تعالى عنه] ح ـ ٣/٥٨ ، م ـ ٤/٤٢١ ت ، ن ، ح ـ ٥/٢١٥ في الخمس ، ١١ في الوصية ح ـ ٩/٢٤٢ الى : من اليد السفلى •

تەرجەمە :

حەکیمی کوڕی حیزام ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ داوامکرد دایمێ ، لە پاشا داوامکرد دایمێ ، لە پاشا داوام لێکرد دایمێو فەرمووی : ئەی حەکیم ئەم ماڵە [لەبەرچاو] سەوزە [و جوانە لە دەما تامی خۆش‌و] شیرینە هەرکەسێ بە سەخاوەتی نەفسی خۆی [بە ئیستیغنا] یا بە سەخاوەتی نەفسی ئەو کەسەی ئەیداتێ [بێ ئیلحاح] وەری‌بگرێ بەرەکەتی بۆ تێ‌ئەخرێ • هەرکەسێ بە سەربۆبەرزکردنەوەو ئیلحاح وەری‌بگرێ بەرەکەتی بۆ تێ‌ناخرێ ، وەکو ئەوە ئەبێ [کە (جوع البقر)ی تووش بووبێ‌و] هەر بخواو تێر نەبێ ، دەستی سەرەوە لە دەستی ژێرەوە خێرترە • حەکیم ئەفەرموێ :

عەرزمكرد : (يا رسول الله) قەسەم بەو ذاتەی كە تۆی بە حەق ناردوە تـا لە دنیا جوێ ئەبمەوە لە دوای تۆ لە ماڵی هیچ كەسێ كەم نەكەمەوە •

ئەبوبەكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بانگی‌كرد كـە عەطای لەگەڵا بكا ئیبای لە قەبووڵكردنی كرد • حەزرەتی عومەر ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ بانگی كرد كە عەطای پێ بكا ئیبای لە قەبووڵكردنی كرد • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ [بە موقتەضـــای عەدالەتی] فەرمووی : ئـەی جەماعەتی موسوڵمانان ئەتانكەم بە شاهید لەسەر حەكیم كـە حەقی خۆیی لەم فەیئە ئەدەمێو ئیبا ئەكا لە قەبووڵكردنی • حەكیم ـ رضـي الله تعـالى عنه ـ لە دوای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تـا وەفاتی كرد لـە ماڵی هیچ كەسی كەم نەكردەوەو دەستی نەخســـتە ژێر دەســتی هیچ پیاوێكەوە •

ئافەرین پیاو وا ئەبێ كە عەمەل بكا بـەو مەكاریمەی كـە پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێكردوە ، نەك وەكوو من كـە بـۆ دنیا تەركی دینو دنیام كردوە • ئەمیشم چوو ••• الخ[1] •

٣١٤٣/٧٤ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان يعطي عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعـالى عنه ـ فيقول له عمر : أعطه يا رسول الله أفقر إليه مني • فقال له رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : خذه فتموله أو تصدق به ، وما جاءك من هذا

(١) ڕەنگە مەبەستی ئەو بەیتەی وەفایی بێ كە ئەڵێ :

هەموو عومری عەزیزم چوو لە ڕێی خەندێك بە خۆڕایی
بــە جارێ ماڵی وێرانم ئەویشم چوو ئەمیشـــم چوو !

بڕوانە : محەمەد عەلی قەرەداغی ، دیوانی وەفایی ، ل : ١٠٦ بـــەغدا ، چاپخانەی كۆڕی زانیاری كورد ، چاپی یەكەم ، ١٩٧٨ .

المال وأنت غير مشرف ولا سائل فخذه ، ومالا فلا تتبعه نفسك . قال سالم : فمن أجل ذلك كان ابن عمر [رضي الله تعالى عنه] لا يسأل أحدا شيئا ولا يرد شيئا أعطيه م - ٤/٤٣٢ ، ح - ٣/٦٠ ن الى : قال سالم .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - عەطای بە عومەری کوڕی خەطاب - رضي الله تعالى عنه - ئەکرد ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - عەرزی ئەکرد : (يا رسول الله) ببەخشە بە فەقیرتر لە من . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێی‌فەرموو : وەری‌بگرە بیکە بە ماڵ بۆ خۆت ، یەعنی پێی موتتەفیع ببە ، یا بیکە بە صەدەقە [رەددی مەکەرەوە] بێ ئەمە خۆتی بۆ بەرزکەیتەوەو ملی بۆ درێژ بکەی‌و تۆ داوای بکەی لەم ماڵە هەرچیت بۆ بێ وەری‌بگرە . ئەگەر بەم نەوعە بۆت نەبێ خۆتی شوێن مەخە . سالمی کوڕی عەبدوڵلا ئەفەرموێ : لەبەر ئەم ئەمری پێغەمەرە - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - لە هیچ کەس شتی طەڵەب نەئەکرد ، رەددی ئەوەیشی نەئەکردەوە کە ئەیدرایە .

٣١٤٤/٧٥ - أبو مسلم الخولاني عن عوف بن مالك الأشجعي [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا عند رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - تسعة ، أو ثمانية ، أو سبعة ، فقال : ألا تبايعون رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ وكنا حديث عهد ببيعة ، فقلنا : قد بايعناك يا رسول الله . ثم قال : ألا تبايعون رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ فقلنا : قد بايعناك يا رسول الله . ثم قال : ألا تبايعون رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ؟ قال : فبسطنا أيدينا وقلنا : قد بايعناك يا رسول الله فعلام نبايعك ؟ قال : على أن تعبدوا الله ولا تشركوا به شيئا ، والصلوات الخمس ، وتطيعوا

الله ، وأسرَّ كلمة خفية ، ولا تسألوا الناس شيئا • فلقد رأيت بعض أولائك النفر يسقط سوط أحدهم فما يسأل أحداً يناوله م ـ ٤/٤٢٨ •

تەرجەمە :

عەوفی کوڕی مالیکی ئەشجەعیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نۆ [ظاهیر وایە نۆ کەس ، یا حەوت کەس ، یا هەشت کەس • ـ مەعنای وا نیە نۆ رۆژ ••• إلخ • نەوەویی ـ رحمه الله ـ قیاسی منی لە خۆی کردوە] یا هەشت ، یا حەوت لە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صلى الله عليه وسلم ـ پێیفەرمووین : بۆ موبایەعەم لەگەڵ ناکەن ؟ ئێمەیش تازە بەیعەتمان لە خزمەتا کردبوو•عەرزمانکرد: (یارسول الله) بەیعەتمان پێ کردی• لە پاشا فەرمووی : بۆ موبایەعەم لەگەڵ ناکەن ؟ عەرزمان کرد : بەیعەتمان پێ‌کردی • دیسان فەرمووی : بۆ موبایەعەم لەگەڵ ناکەن ؟ دەستمان درێژکردو عەرزمانکرد : بەیعەتمان پێکردی ، کە وابێ لەسەر چی بەیعەتت پێ بکەین ؟ فەرمووی : لەسەر ئەمە کە عیبادەتی خوا بکەن هیچ نەکەن بە شەریکی • لەسەر پێنج نوێژ • لەسەر ئەمە ئیطاعەتی خوا بکەن • کەلیمەیێکی سیرڕیی فەرموو • لەسەر ئەمە کە هیچ لە هییچ کەس طەڵەب نەکەن • ئەبوموسلیم ئەفەرموێ : چاوم بە بەعزێ لەوانە کەوت قەمچیی لە دەست ئەکەوتە خوارێ طەڵەبی لە کەس نەئەکرد بیداتەوە دەستی •

٧٦/٣١٤٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من سأل الناس أموالهم تكثراً فإنما يسأل جمراً ، فليستقل أو ليستكثر م ـ ٤/٤٢٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ بۆ زۆرکردنی یێنێ ماڵ لە خەڵق داوا بکا ئەو کەسە هەر داوای پشکۆی ئاگر

ئەکا • کە وابێ هەوەسی یێنێ زۆر داوا بکا یا کەم داوا بکا • یەعنی بـۆ دەفعی ئیحتیاجیو ضەروورەت نەبێ ئەو ماڵەی بە داواکردن دەســـت ئەکەوێ عەینی ئاگرە •

٣١٤٦/٧٧ ـ عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما يزال الرجل يسأل الناس حتى يأتي يوم القيامة وليس في وجهه مِزْعة لحم [قطعة منـه] • إلى هنـا م ـ ٤/٤٣٦ • وقال : إن الشمس تدنو يوم القيامة حتى يبلغ العرق نصف الأذن فبينما هم كذلك استغاثوا بآدم ، ثم بموسى ، ثم بمحمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وزاد عبدالله [بن صالح ، أو بن وهب في روايته] : فيشفع ليقضى بين الخلق فيمشي حتى يأخذ بحلقة الباب ، فيومئذ يبعثه الله مقاماً محمودا يحمده أهل الجمع كلهم ح ـ ٣/٦٠ ، م ـ ٤/٤٣٦ • ن لە (وقال)ەوە لە شەفاعەتا[1] بە موفەصصەلی بەیانکراوە تەرجەمەی لازم نیە • تەرجەمەی ئەووەڵی :

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : ئینســـان هـەر سوئال ئەکا ، وازی لێ ناهێنێ تا وای لێ یێ رۆژی قیامەت یێتە مەحشەر تۆزێ گۆشت بە دەموچاویەوە نەماوە • یەعنی قەترەیێ حەیـای نەمـاوە هەمووی لە دنیادا تکانوە •

ئەمە دەرحەقی کەسێ کە بێ ضەروورەت سواڵ بکا •

لە حەدیثی ئیبنومەســـعوودا ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ کە بەزارو طەبەرانی بە مەرفووعیی ریوایەتیان کردوە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ ئەفەرموێ : عەبدی دەوڵەمەند هەر واز لە سواڵ نایێنێ تا رووی

---

(١) بڕوانە : بەرگی دوەمی ئەم کتێبە .

دائەوەشێ حەیای نامێنێ ، لای خوا هیچ قەدری نامێنێ • توورپەشتی ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : خوا ـ عز وجل ـ بەیانی ئەوەی بۆ فەرمووین کە صوورەتی ئینسان لە رۆژی ئاخیرەتا بە ئیختیلافی ئەخلاقی دونیەویی ئیختیلافیان ئەبێ ؛ بەعزێ رووی سپی ئەبێ ، بەعزێ رەش ، ئەو کەسەی کە رووی خۆی لە دنیادا بۆ دنیا بە بێ فەقرو ضەروورەت هەر بۆ زۆرکردنی مالی بەذلو صەرف ئەکا لە ئاخیرەتا روومەتی فەبیح ئەکرێ هیچ گۆشتی پێوە نامێنێ ، هەر ئێسکە رەقەکەی ئەمێنێ ، ئەوە ئەبێ بە عەلامەتی سوالکەرێتی سوالکەری بە تەماع • (من القسطلاني) •

٣١٤٧/٧٨ ـ عن قبيصة بن مخارق الهلالي [رضي الله تعالى عنه] قال : تحملت حمالة [المال الذي يستدان لإصلاح ذات البين] فأتيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أسأله فيها • فقال : أقم حتى تأتينا الصدقة فنأمر لك بها • قال : ثم قال : يا قبيصة إن المسألة لا تحل إلا لأحد ثلاثة : رجل تحمَّل حمالة فحلت له المسألة حتى يصيبها ثم يمسك ، ورجل أصابته جائحة اجتاحت ماله فحلت له المسألة حتى يصيب قواما من عيش ، أو قال سدادا من عيش • ورجل أصابته فاقة حتى يقوم ثلاثة من ذوي الحجا [أي العقل] : لقد أصابت فلاناً فاقة ، فحلت له المسألة حتى يصيب قواما من عيش ، أو قال سداداً من عيش ، فما سواهن من المسألة يا قبيصة سحتاً يأكلها صاحبها سحتا م ـ ٤/٤٣٠ •

تەرجەمە :

قەبیصە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بۆ ئیصلاحی (ذات البين) قەرزێکم گرتە سەر خۆم ، چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە طەلەبی لێ بکەم بۆ ئەو قەرزە • فەرمووی : دانیشە تا صەدەقەمان بۆ بێ ئەمر بکەین کە لەوە بتدەنێ • لە پاشا فەرمووی :

یا قەبیصە بۆ سێ کەس نەبێ شتداواکردن لە خەڵق دروست نیە : یەکێکیان ئەمەیە بۆ ئیصلاحی بەینی خەڵق قەرزێ بگرێتە سەر خۆی تا قەرزەکە ئەداتەوە بۆی دروستە داوا لە خەڵق بکا ، کە دایەوە واز لە داواکردن بێنێ • یەکێکیان ئەمەیە کە ماڵی بە تەلەف بچێ هیچی نەمێنێ ، ئەمەیش داواکردنی بۆ دروستە تا خۆی ئەگرێتەوە مەعیشەتێکی بۆ رێئەکەوێ • یەکێکی ئەمەیە بە هەر نەوعێ بێ فەقیرییەکی بەسەرا بێ سێ کەس لە ئەهلی خوبرە شەهادەتی بۆ بدەن کە تووشی فەقیری بوە ، ئەویش سواڵی بۆ دروستە تا پوشووی بە بەرا بێتەوە • لە غەیری ئەم سێ حاڵەتەدا لە سواڵکردنا ئەی قەبیصە هەرچی دەست ئەکەوێ حەرامەو ئەوی وەری ئەگرێ حەرام ئەخوا •

٣١٤٨/٧٩ - عبدالله بن السعدي أخبره أنه قدم على عمر - رضي الله تعالى عنه - في خلافته ، فقال له عمر [رضي الله تعالى عنه] : ألم أحدث أنك تلي من أعمال الناس أعمالا فإذا أعطيت العُمالَة كَرِهتَها ؟ فقلت : بلى • فقال عمر [رضي الله تعالى عنه] : ما تريد إلى ذلك ؟ قلت : إن لي أفراسا و [أعتدا • أبو ذر • جمع عتيد ، ذخيرة] وأعبدا ، وأنا بخير وأريد أن تكون عُمالتي صدقة على المسلمين • قال عمر : لا تفعل فإني كنت أردتُ الذي أردتَ ، وكان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يعطيني العطاء ، فأقول : أعطه أفقر إليه مني • حتى أعطاني مرة مالا فقلت : أعطه أفقر إليه مني • فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : خذه فتموّله وتصدق به ، فما جاءك من هذا المال وأنت غير مشرف ولا سائل فخذه ، وإلا فلا تتبعه نفسك • خ - ٢٢٨/١٠ ، م - ٣٣٥/٤ بالمعنى ، ن ، د •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی سەعدیی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : چوومە خزمەت ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە زەمانی خەلافەتیا ، فەرمووی : بۆ خەبەرم نەدراوەتێ کە بەعزێ مەئموورییەتی خەڵقت تەودیع ئەکرێو ئەیکەی کە ئوجرەتەکەتیان دایتێ ئەیکەرهێنی ، وەری ناگری ؟ عەرزم کرد : بەڵێ • فەرمووی : لەمە مەقصـــوودت چیە ؟ عەرزم کرد : ئەسپی زۆرو عەبدی زۆرم ، یا ماڵی زۆرم هەیە مەقسەدم وایە ئوجرەتەکەم ببێ بە صەدەقە بۆ موسوڵمانان • فەرمووی : مەیکە ، منیش وەك تۆم ئەکرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [لە سەر صەدەقە تەعیینی ئەکردم کە لێ ئەبوومەوە ماڵەکەم ئەبردە خزمەتی • م] ئەمری ئەفەرموو ئوجرەتی پێ عەطا ئەفەرمووم ، عەرزم ئەکرد بیدە بە فەقیرتر لە من • تا دەفعەیێ پێی عەطا فەرمووم عەرزم کرد : بیدە بە فەقیرتر لە من ، فەرمووی : وەری بگرە بیکە بە ماڵی خۆت ئەمجا بیدە بە صەدەقە [چی لێ ئەکەی بیکە] لەم ماڵە شـــتێکت هاتەدەستو ملت بۆ بەرزنەکردەوەو داوات نەکرد وەری بگرە ، ئەگەر بەم نەوعە بۆت نەیێ خۆتی شوێن مەخە •

٣١٤٩/٨٠ ـ عن المغيرة بن شعبة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ان الله حرّم عليكم عقوق الأمهات ، ووأد البنات ، ومَنَعَ وهات ، وكرّه لكم قيل وقال ، وكثرة الســؤال ، وإضاعة المال ح ـ ٤/٢٢٠ ، م ـ ٧/٢٨٠ ، ح ـ ٣/٦٢ من (كرّه) •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ چوار شتی لەسەر ئێوە حەرام کردوە : دڵی دایك ئێشـــانن ، کچ زیندە بەچاڵکردن ، حەقی واجب مەنعکردن ، بێ ضەروورەت ســـواڵکردن ،

ماڵی حەرام وەرگرتن • سێ شتی لەسەر مەکرووهـکردوون : فـلاّن وای وتو ، فیسار وای وت ، زۆر سواڵکردن • [چ ســـوئالی عیلم بێ ، چ سوالی ماڵی بێ] ماڵ بەفیڕۆدان •

٨١/٣١٥٠ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إن الله يرضى لكم ثلاثاً ، ويكره لكم ثلاثاً ، فيرضى لكم أن تعبدوه ولا تشركوا به شيئا ، وأن تعتصموا بحبل الله جميعـاً ولا تفرقوا • ويكره لكم : قيل وقال ، وكثرة الســؤال ، وإضــاعة المـال • م ـ ٧/٢٧٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خوا ـ عز وجل ـ بۆ ئێوە بە سێ شت ڕەزایە ، حەز لە سێ شـــت ناکا : ڕازییە بۆتان کـە عیبادەتی بکەن ، کە کەس نەکەن بە شەریکی • هەموو بەیەکەوە لە یـەك جوێ نەبنەوە • دەست بگرنو تەمەسسوك بە قورئان بکەن •

ئیختیلاف لە بەینی ئیسلاما حەرامە ئیتتیفاقیان لەسەر چاکی فەرزە • قسەی فضوولیو بێ فائیدەکردن بەو شەرتە غەیبەتو ئیفتیراو جوێنی تیـا نەبێ مەکرووهە • ئەگەر یەکێ لەوانەی تیابێ حەرامە •

زۆرشـــــتپرسین مەکرووهە ، جەدەل بۆ خەڵق بۆڕدان حەرامە • سوالکردن حەرامە ، ماڵبەفیڕۆدان حەرامە • فەقەط موناظەرە بۆ ئیظهاری حەق ، بە وەجهی مەشرووع ماڵصەرفکردن حەلاڵە ، ســوننەتە ، فەرزە ، بە جێگە ئەگۆڕێ •

٨٢/٣١٥١ ـ عن المِسوَر بن مَخْرمة [رضي الله تعالى عنهما] قال : قسم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أقبية ولم يعط مخرمة شيئاً •

فقال مخرمة : يا بني انطلق بنا الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فانطلقت معه • قال : ادخل فادعه لي = قال : فدعوته له = فخرج إليه وعليه قباء منها [وهو يريه محاسنه ، وهو يقول ، أخرى] فقال : خبأت هذا لك [خبأت هذا لك ، أخرى] قال : فنظر إليه فقال : رضي مخرمة م ـ ٥/٤ ، ٥ ح ـ ٥/٢٠٢ ، ح ـ ٤/٣٣٨ ، ٣٧٣ ، ح ـ ٨/٣٣٨ • د ، ت •

تەرجەمە :

میسوەری کوڕی مەخرومە [رضي الله تعالى عنهما] ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەبای زۆری بۆ هات ، هیچی نەدا بە مەخرومە • مەخرومە وتی : کوڕم بمبە بۆ لای پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵی چووم [لە بەردەرگاکە وەستا • أخرى] وتی : بچۆرە ژوورەوە بۆم بانگ کە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتەدەرێ لای کەواییکی بە شانەوە بوو [جوانی کەواکەی بۆ مەخرومە تەعریف ئەفەرموو] فەرمووی : ئەمەم بۆ تۆ شاردۆتەوە • مەخرومە تەماشای کرد ، عەرزیکرد : مەخرومە رازیی بوو •

مەخرومە (مؤلفة القلوب)[1] بوو قسەڕەقو ناخۆش = بوو = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە قسەی خۆشو ئینعامو کەرەم تەئلیفی قەلبی ئەکرد •

٣١٥٢/٨٣ ـ عبدالله بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قدم عيينة بن حصن بن حذيفة بن بدر ، فنزل على ابن أخيه الحر بن قيس بن حصن ، وكان من النفر الذين يُدنيهم عمر ، وكان القراء أصحاب مجلس عمر ومشاورته كهولاً أو شباناً ، فقال عيينة لابن أخيه : يا ابن أخي هل لك وجه

(١) نۆموسوڵمان .

عند هذا الأمير فتستأذن لي عليه ؟ قال : سأستأذن لك عليه . قال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : فاستأذن لعيينة . فلما دخل قال : يـا ابن الخطاب والله ما تعطينا الجزْل [الكثير] وما تحكم بيننا بالعدل ! فغضب عمر حتى همَّ بأن يقع به . فقال الحر : يا أمير المؤمنين إن الله تعالى قال لنبيه ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ : خــذ العفو ، وأمر بالعرف ، وأعرض عن الجاهلين ، وإن هذا من الجاهلين . فوالله ما جاوزها عمر [رضي الله تعـالى عنـه] حين تلاها عليه . وكان وقافا عند كتاب الله ح ــ ١/٢٩٥ .

ئاخ بـۆ تـۆ يـا عومەر ــ رضي الله تعالى عنك ــ !

مەخرومەيش پيـاوێ بوە وەك عويەينە .

حديث مخرمة في البخاري :

٣١٥١/٨٢[1] ــ عن عبدالله [تابعي جليل ، فالحديث مرسل] بن أبي مليكة [عن المسور ، كما في رواية الأصيلي قال الحافظ ابن حجر : هــذا الوصل وهم ، والصحيح أنه مرسل] أن النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ أهديت له أقبية من ديباج مزرَّرة بالذهب ، فقسمها في الناس من أصـحابه وعزل منها واحداً لمخرمة بن نوفل ، فجاء ومعه ابنه المسور بن مخرمة ، فقام على الباب ، فقال : ادعه لي ، فسمع النبي ــ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ــ صوته ، فأخذ قباء فتلقاه به واستقبله بأزراره ، فقال : يا أبا المسـور خبأت هذا لك ، يا أبا المسور خبأت هذا لك ، وكان في خلقه شدة ح ــ ٥/٢٠٢ ، ح ــ ٨/٤٣٦ وفيه : فأعظمت ذلك فقلت : أدعو لك رسول الله ؟ فقال : يابني إنه ليس بجبار ، فدعوته فخرج وعليـه قبـاء مزرَّر" بالذهب . وهنا رواه ابن أبي مليكة مرفوعاً عن المسور .

(١) دانەر ــ خ ــ لەم ژمارەو ژمارەی دوایيدا هەڵەی كردوەو منيش لە بەر تيك نەدانی ژمارەكان وەك خۆی هێشتمەوە .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبومولەیکە [ـ رحمهما الله تعالى ـ لە طەریقێکا بە مەرفووعیی ، لە طەریقێکا بە مورسەلیی] ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دێبای بەرۆك بە دوگمەی ئاڵتوون گەلێ کەوایان بە هەدییە ناردە خزمەت ، لە بەینی ئەصحابی کیراما تەقسیمی کرد ، یەکێکی لێ جوێ کردەوە بۆ مەخرومەی کوڕی نەوفەل • مەخرومە هات میسوەری کوڕی لەگەڵ بوو ، مەخرومە لەبەر دەرگا وەستا ، بە میسوەری وت : بچۆ پێغەمەرم بۆ بانگ کە • میسوەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئەم قسەی باوکمەم زۆر لە لا بە زەللەیێکی گەورە گرت ، پێم‌وت : بچم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـت بۆ بانگ کەم ؟ وتی : ئەی کوڕی خۆم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جەببار نیە • لە ریوایەتێکا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گوێی لە دەنگی مەخرومە بوو کەوایێکی هەڵگرت‌و بە دوگمە ئاڵتوونەکانیەوە بەرەو مەخرومە تەشریفی هات ، رووی دوگمەکانی بەرەومەخرومە گرت • لە ریوایەتێکا ئەفەرموێ : بۆم بانگ‌کرد ، تەشریفی هاتەدەرێ کەوایێکی دوگمە ئاڵتوونی پێبوو ، بە مەخرومەی فەرموو : (يا أبو المسور) ئەمەم بۆ تۆ شاردبوەوە ، (يا أبو المسور) ئەمەم بۆ تۆ شاردۆتەوە (دوو جار) • لە خوڵقی مەخرومەدا شیددەت بوو ، یەعنی توندو قسەڕەق بوو ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رەئووف‌و رەحیم بوو ، موشفیق بوو لەگەڵ ئوممەتیا قوصووری عەفو ئەکردن •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله عنهما ـ ئەفەرموێ : عویەینەی کوڕی حیصنی کوڕی حوذەیفەی کوڕی بەدر هاتە مەدینە لای حوڕی کوڕی قەیسی کوڕی حیصنی برازای دابەزی • حوڕ [لەبەر عیلم‌و فەضلی] لەوانە بوو کە

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - نزیکی ئەکردەوە لە خۆی • قوڕڕا [و ئەهلی فەضل] پیر بوونایە یا جەهیڵ بوونایە پیاوی مەجلیسی ئیمامی عومەر بوون - رضي الله تعالى عنه - [یەعنی حوڕڕیش لەوانە بوو] عویەینە بە حوڕڕی برازایی وت : ئەی کوڕی برام تۆ لای ئەم ئەمیرە حورمەتت هەیە ، ئیذنم بۆ ناخوازی کە بچمە لای ؟ پێی‌وت : ئیذنت بۆ ئەخوازم • ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ئیذنی بۆ خواست کە چوە خزمەتی وتی : ئەی ئیبنی خەططاب وەڵڵاهی تۆ شتی زۆرمان نادەیتێ ، لە بەینمانا بە عەدالەت حوکم ناکەی • عومەر - رضي الله تعالى عنه - رقی هەڵسا حەتتا تەمای بوو کە بە پێی درشتیەکەی عویەینە موعامەلەی لەگەڵ بکا ، حوڕ [رحمه الله - فریای کەوت] عەرزی حەزرەتی عومەری کرد - رضي الله تعالى عنه - : ئەی (أمير المؤمنين) خوای تەعالا بە پێغەمەری - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرموە : عەفوی قوصوور بکە بە پیشە ، ئەمر بە چاکە بکە ، ئیعراض لە نەفامان بنێ • ئەمە [یەعنی عویەینە] لە نەفامانە [عەقڵی بە قسە ناشکێ] ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : وەڵڵاهی کە حوڕ ئەم ئایەتەی خوێندەوە ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - تەجاوزی لە ئایەتەکە نەکرد [یەعنی دەزبەجێ ئیطاعەی ئایەتەکەی کردو ئینتیقامی لە عویەینە نەستەند] ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - لە لای حوکمی کیتابوڵلا ئەوەستا هیچ موخالەفەی پێ نەئەکرا - رضي الله تعالى عنه - •

عویەینە ئەوەندە نەفام = بوو = ئەووەڵ قسەی وتی : ئەی کوڕی خەطاب ، نەیوت (یا أمير المؤمنين) • وتی : وەڵڵاهی تۆ زۆرمان نادەیتێ ، ئەمەی خیلافی واقیعە • ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - بە قەد ذەڕڕەیێ موخالەفەی ئەمری خواو پێغەمەری نەکردوە • عویەینە بەوە

ئیکتیفای نەکردوە سوێندی لەسەر ئەمە خواردو وتی : تۆ بە عەدالەت لـە بەینمانا حوکم ناکەی ، نیسبەتی ئیمامی عومەری ـ رضي الله تعالى عنـه ـ داوەتە ئەلای زوڵم • حاشا ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە زوڵمەوە زۆر دوور بوە ، حەتتا لە خۆیشی نەکردوە کـە موخالەفەی ئەمـری خواو رەسوولی خوای نەکردوە ـ عز وجل ، وصلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنه ـ کەسێ کە بەو نەوعە قسەدرشت بێ لە رووی خەلیفەییێکی وا عادلا ، ئەم خیطابە نابەجایانە بکا لایەقە بە ئەنواعی موجازات • فەقەط ئەو ئیمامـە عادڵە بەو ئایەتەی کە حورِ ـ رحمه الله تعالى ـ خوێندیەوە نە حیددەتی مـا نە غەضەبی ما ، حورِ ئاوی بە ئاگرا کرد ، مامە نەفامەکەیی لە ســـــووتان نەجات دا •

مودارا لەگەڵ ئەهلی جەهل لە شیمەی سەعادەتە •

٣١٥٣/٨٤ ـ عن سعد [بن أبي وقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال : أعطى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رهطاً وأنا جالس فيهم ، قال : فترك رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ منهم رجلا [هو جعيل بن سراقة ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ] لـم يعطه ، وهو أعجبهم إلي ، فقمت الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فساررته ، فقلت : ما لك عن فلان ؟ والله إني لأُراه مؤمناً • قال : أو مسلماً • فسكتُّ قليلاً ثم غلبني ما أعلم فيه [فعدت لمقالتي • أخرى] فقلت : يا رسول الله ما لك عن فلان ؟ والله إني لأراه مؤمناً • قال : أو مسلماً • قال : فسكتُّ قليلاً ثم غلبني ما أعلم فيـه [فعدت لمقالتي • أخرى] فقلت : يا رســول الله ما لك عن فلان ؟ والله إني لأراه مؤمناً • قال : أو مسلماً يعني • فقال : إني لأعطي الرجـل وغيره أحب إليَّ = منه = خشية أن يكب في النار على وجهه •

فضرب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيده فجمع بين عنقي وكتفي ، ثم قال : إقبل أي سعد [إقبالا أي سعد] إني لأعطي الرجل ح - ٣/٦٣ ، ٦٤ ، ح - ١/١٠٩ ، م - ٢/٢٣ ، ٢٤ ، ٢٥ ، ٢٦ ، م - ٥/٨ •

تەرجەمە :

سەعدی بنی وەقاص - رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە ناو جەماعەتێکا دانیشتبووم ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە هەموویانی عەطیە عەطا فەرموو ، پیاوێکی لێ تەرککردن هیچی نەدایێ ، لام وابوو ئەو پیاوە لە هەموویان باشتر بوو ، هەڵسام چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ بە دزیەوە عەرزمکرد : (یا رسول الله) بۆچی فلانت تەرککرد ؟ وەڵلاهی بە موئمینی ئەزانم ، فەرمووی : یا بە موسلیمی ئەزانی • کەمێ بێدەنگ بووم لە دوایا ئەوەی لەو پیاوەم ئەزانی غەڵەبەی لێکردم خۆمم پێڕانەگیرا قسەکەمم تیکرار کردەوە ، عەرزمکرد: (یا رسول الله) بۆ بە فلانت هیچ نەدا ؟ وەڵلاهی بە موئمینی ئەزانم ، فەرمووی : یا بە موسلیمی ئەزانی • کەمێ بێدەنگ بووم ، لە پاشا ئەو ئیعتیقادەی دەرحەقی ئەو پیاوە بووم غەڵەبەی لێکردم ، قسەکەی پێشووم تیکرار کردەوە ، عەرزمکرد : (یا رسول الله) فلانت بۆ تەرککرد ؟ وەڵلاهی بە موئمینی ئەزانم ، فەرمووی: یا بە موسلیمی ئەزانی • فەرمووی : ئەمجا پێغەمەر ـ صلىالله عليهوسلم ـ دەستیموبارەکی دا بە شانو ملما هەردووکی پێکەوە گرت • فەرمووی : ئەی سەعد تۆ رووم تێ بکە ، بۆ تەماتە شەڕم لەگەڵ بکەی ؟ من عەطا بە پیاوێ ئەکەم کە غەیری ئەو لە لام خۆشەویستترە ، لە ترسی ئەمە کە دەمەوڕوو نەکەوێتە ئاگرەوە [یەعنی (مؤلفة القلوب)ە ئەگەر عەطای لەگەڵ نەکەم چونکی ئیمانەکەی ضەعیفە مورتەد ئەبێتەوە ئەچێتە جەهەننەمەوە ، بە عەطا دڵی رائەگرم تا ئیمانەکەی

بەقووەت ئەبێو لە دڵیا ئەچەسپێ وەك نەمامێ یا شەتڵێ تازە بینێژی تا خۆی ئەگرێ رۆژی دوو سێ جار ئەبێ ئاو بدرێ گینا وشك ئەبێ ، درەختی تر یـا زەراعەتی تر بە هەفتەی جارێ ئاو بدرێ کافیە] •

[ئەو پیـاوە کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەرکی کرد جوعەیلی کوڕی سوراقەیە ـ رضي الله تعالی عنه ـ] •

ئیبنوئیسحاق لە مەغازیدا لە ئیبراهیمی تەیمی ریوایەت ئەکا کە عەرزی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کرا : (یا رسول الله) بـە عویەینەی کوڕی حیصنو ئەقرەعی کوڕی حابیست صەد وشتر ـ صەد وشتر دا کەچی جوعەیلت تەرك کرد ؟ فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسم لـە دەســـــتی قودرەتیایە جوعەیلی کوڕی سوراقە چاترە لە پڕ بە ئەرز لە وەکوو عویەینەو حابیس ! ئەمما من تەئلیفی دڵی عویەینەو حابیس ئەکەم ، جوعەیل ئەسپێرم بـە ئیمانی •

ئەم حەدیثە مورسەلە رەویانیو ئیبنوعەبدولحەکیم لە طەریقی بەکری بنی سەوادەوە لە ئەبوذەڕەوە ریوایەت ئەکەن کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لێی پرسی : جوعەیلت لە لا چۆنە ؟ عەرزمکرد : مســـکێنێکە وەك ئەمثالی خۆی لە خەڵق • فەرمووی : فلانت لە لا چۆنە ؟ عەرزمکرد : گەورەیێکە لە گەورەگەوران • فەرمووی : جوعەیل پڕ بە ئەرز لە میثلی ئەو چاترە • عەرزمکرد : ئەی فلانکەس وایەو کەچی تۆ ئەوەندەی ئینعامو ئیحسان لەگەڵا ئەکەی ! فەرمووی : ئەوە رەئیســـــــی قەومەکەیەتی دڵی بەجێیێنم • ئیسنادی ئەم حەدیثە صەحیحە • ئیبنوحیببان ئـەم حەدیثـەی ریوایەتکردوە ، ناوی جوعەیلی نەبردوە • بوخاریی لە سەهلی ساعیدییەوە ریـوایـەتی ئـەکـا جوعـەیـلو ئـەبـوذەڕی بـە موهیممی نـاوبردوە • قسطلاني ـ ٣/٦٣ •

لەم حەدیثەدا ئیشارەتە بەوە ئینسان (سلمه السلام) تەزکیەی قەطعیی نەکا • موئمینو موسوڵمان فەرقیان هەیە • موئمین ئەوەیە تەصـــــدیقی قەلبیی ببێ ، غەیری خوا کەس موططەلیع نیە بەسەر قەلبـا ، موســـوڵمان ئەوەیە کە تەلەففوظ بە کەلیمەی شەهادەت بکا ، بە دڵ باوەڕی پێ بکا یـا نەیکا ، ئەمما ئینسان لەسەریە کە حوکم بە ظاهیر بکا ، کەشفی دڵ عائیدە بـە خوا •

(لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون ، وما تنفقوا من شيء فإن الله بـه عليم)[1] •

(ئالی عیمران ئەووەڵ ئایەتی جزمی چوارەم)

تا لەوەی کە لاتان خۆشەویستە ئینفاق نەکەن نائیل نابن بـە چاکە ، ئەوی ئینفاقی ئەکەن [چاك یا خراپ ، کەم یا زۆر خوا عیلمی پێی هەیـە ، یەعنی بە پێی ئەوە خوا موکافاتتان ئەداتەوە] •

٨٥/٣١٥٤ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعـالى عنه ـ يقـول : كـان أبو طلحة أكثر الأنصار بالمدينة مالاً من نخل ، وكـان أحبَّ أموالـه إليـه بيرُحاء ، وكانت مستقبلة المسجد ، وكان رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يدخلها ويشرب من ماء فيها طيب • قال أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ: فلما أنزلت هـذه الآية : (لن تنالوا البـر حتى تنفقوا مما تحبون)[1] قـام أبو طلحة [رضي الله تعالى عنه] إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رسول الله إن الله تبارك وتعالى يقول : لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون ، وإن أحب أموالي إليَّ بيرُحاء ، وإنها صدقة لله أرجو برها وذخرها عند الله ، فضعها يا رسول الله حيث أراك الله • قال : فقال رسول الله ـ صلى


(١) آل عمران /٩٢ •

الله تعالى عليه وسلم ـ : بخٍ ذلك مال رابح = ذلك مال = رابح ، وقد سمعتُ ما قلتَ ، وإني أرى أن تجعلها في الأقربين . فقال أبو طلحة : أفْعَلُ يا رسول الله ، فقسمها أبو طلحة في أقاربه وبني عمه ح - ٣/٤٨ ، م - ٤/٣٧١ ، ح - ٥/٢٢ ، ١٧ ، ١٢ ح - ٧/٥٦ ، ن وفيه : ذلك مال ايح ، ذلك مال رايح ، بالياء . وفيه : ولم يجعل لي منها شيئا .

قال أنس : فجعلها لحسان ، وأبي بن كعب ، وكان أقرب إليه مني ، وكان قرابة حسان وأبي من أبي طلحة [رضي الله تعالى عنهم] واسمه زيد بن سهل بن الأسود ، بن حرام ، بن عمرو بن زيد مناة ، بن عدي ، بن عمرو بن مالك بن النجار . وحسان بن ثابت بن المنذر بن حرام ، فيجتمعان الى حرام وهو الأب الثالث . وحرام بن عمرو بن زيد مناة بن عدي بن عمرو بن مالك بن النجار . فهو يجامع حسان وأبا طلحة وأبي الى ستة آباء الى عمر بن مالك. وهو أبي بن كعب بن قيس بن عبيد بن زيد بن معاوية بن عمرو بن مالك بن النجار . فعمرو بن مالك يجمع حسان وأبا طلحة وأبيا [وعمرو جد سادس لأبي ، وسابع لأبي طلحة ، وحسان ـ رضي الله تعالى عنهم ـ [وفي العبارة كما ترى قلق وزيادة وتكرار لا يخفى ، وإذا طرح من العبارة ما تحت الخط استقامت] ح - ٥/١٢ . وفي ح - ٥/١٧ بعد رايح : قبلناه منك ورددناه عليك ، فاجعله في الأقربين فتصدق به أبو طلحة على ذوي رحمه . قال : وكان منهم أبي وحسان . قال : وباع حسان حصته منه من معاوية . فقيل له : تبيع صدقة أبي طلحة ؟ فقال : ألا أبيع صاعاً من تمر بصاع من دراهم ؟ قال : وكانت تلك الحديقة في موضع قصر بني جديلة [امرأة] . [حديلة بطن من الأنصار] الذي بناه معاوية ح - ٥/١٧ .

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : ئەبوطەلحە - رضي الله تعالى عنه - لە مەدینەدا لە خوصووصی ماڵو باغی خورمادا لە هەموو ئەنصاری زۆرتر بوو ، خۆشەویسترینی ماڵی باغی خورمای (بیروحا) بوو بەرابەر مەسجیدی نەبەویی بوو - علیه الصلاة والسلام - پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - تەشریفی ئەچوە ناوی ، ئاوێکی خۆشی تیابوو لێیئەخواردەوە • ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە ئەم ئایەتی (لن تنالوا البر حتى تنفقوا مما تحبون) نازڵ بوو ئەبوطەلحە - رضي الله تعالى عنه - هەڵسا چوە خزمەت پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - عەرزیکرد : (یا رسول الله) خوای تەبارەك وەتەعالا ئەفەرموێ : تا لە خۆشەویسترینی ماڵتان نەکەن بە خێر ناگەنە مەرتەبەی چاکیی ، خۆشەویسترینی ماڵی من بیروحایە بۆ خوا صەدەقە بێ ، بەوە ئەرجووی چاکیی بۆمبوونی بە زەخیرە لە حوضووری خوادا ئەکەم • (یا رسول الله) لەوەدا کە بە مەصلەحەتی ئەزانی صەرفی بکە • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : بەهـ ، بەهـ ، ئەوە ماڵێکی بەفایدەیە ، ماڵێکی بەفایدەیە ، قوبووڵمان کردو ئیعادەمان کردەوە بۆ تۆ ، رەئیم وایە کە لە خزمو کەسو کاری نزیکتا صەرفی بکەی • ئەبوطەلحە - رضي الله تعالى عنه - عەرزیکرد : (یا رسول الله) وەك فەرموودەی تۆ ئەیکەم • لە بەینی ئەقاریبو ئەولادی مامەکانیا تەقسیمکرد ؛ دای بە حەسانو ئوبەییی کوڕی کەعب - رضي الله تعالى عنهما - لە من نزیکتر بوون ، بەشی منی لێ نەدا • وەجهی قەرابەتی حەسانو ئوبەییو ئەنەس بە ئەبوطەلحە - رضي الله عنهم - ئەم شەجەرەیە :


أنس
مالك
نضر
ضمضم
زيد
حرام
عامر
غنم
عدي
حسان
ثابت
منذر
أبي طلحة
سهل
أسود
حرام
عمرو
زيد مناة
عدي
أبي
كعب
قيس
عبيد
زيد
معاوية
عمرو
مالك
نجار

ئەنەس ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : حەسان بەشەکەی خۆی [بە صەد هەزار درهەم] بە موعاویەی ئەبوسوفیان فرۆت • لـە حەسانیان پرسیی : چۆن صـەدەقەی ئەبوطەلحە ئەفرۆشی ؟ فەرمووی : ئـەی بۆچی صاعێ خورما بە صاعێ درهەم نەفرۆشم ؟ ئەو حەدیقەی ئەبو طەلحە نە جێی قەصری بەنیحودەیلە بوو کە موعاویە دروستیکرد •

ئەگەر ئەو حیصصەیە وەقف بووبێ بەیعی بەطال بوە ، قیاسی لە بەیعی خورما بە پارە ناکرێ ، ئەگەر موڵك بووبێ بە وەجهی موڵکییەت درابێتیە دروست بوە ، گینا با [٠٠ ٠٠٠] حەسان نەیئەکرد •

صەدەقەی ماڵی شیرینو خۆشەویست سوننەتە • بە ئەقرىباو کەسو کار ثەوابی زیاترە •

ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ کوڕی بوە • رەنگە کوڕو ژنو ئەولاد پێیان نەڵێن ئەقریبا ، بۆیە بەشی عەبدوڵلای کوڕیو ئومموسولەیمی لێ نەداوە •

٨٦/٣١٥٥ ـ عن أسماء ابنة أبي بكر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : قدمت عليَّ أمي [قتيلة بنت الحرث] وهي مشركة في عهد قريش إذ عاهدوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ومدتهم مع أبيها ، فاستفتت فقالت : يا رسول الله إن أمي قدمت عليَّ وهي راغبة [في العطاء أو في الإســـلام] أفأصلها ؟ قال : نعم صـــليها ح ـ ٥/٢٣٦ ، م ـ ٤/٣٧٦ ، ح ـ ٩/٩ ، ح ـ ٤/٣٤٩ • وفيه : صلي أمك •

تەرجەمە :

ئەســـمای کچی ئەبوبەکر ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : قوتەیلەی دایکم موشریك[1] بوو ، لە عەهدی قورەیشا بوو کە عەهدیـان

(١) دەبوو ـ کە وشەکەی بە عەرەبی نووسی ـ بڵێ (موشریکە) .

لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كـرد ، موددەتی لەگـەڵ موددەتی حەرثی باوكی بوو • هاتە لام ، بۆ صيلە عەرزی پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كرد ؛ كـە دايكم هاتوە رەغبەتی [مالی يـا رەغبەتی ئيسلامەتی] هەيە صيلەی لەگەلا بكەم ؟ فەرمووی : بەڵێ صيلە لـەگـەڵ دايكتا بكە •

صيلەی رەحم بەجێهێنان ، شتپێدانیان لەگەڵ كەس‌وكاری موشريكا دروستە ، بەڵكو ســـونەنيشــە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و قورئان ئەمری پێكردوە •

٣١٥٦/٨٧ ـ عن أبي مسعود البدري ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن المسلم إذا أنفق على أهله نفقة وهو يحتسبها كانت له صدقة[1] ح ـ ٦/٢٥٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : موسوڵمان كە بـە ئومێدی ثەواب نەفەقە بەسەر ماڵو منالیدا بكا بۆی ئەبێ بە صەدەقە •

٣١٥٧/٨٨ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : جاء رجل الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رســـول الله أي الصـــدقة [أفضل • م] أعظم أجرا ؟ قال : أن تصدق وأنت صـحيح شـحيح تخشى الفقر وتأمل الغنى ، ولا تمهل حتى إذا بلغت الحلقوم قلت : لفلان كذا ولفلان كذا ، وقد كان لفلان ح ـ ٣/٢٠ ، م ـ ٤/٤١٨ ، ح ـ ٥/٨ •

---

(١) دەقی ئەم حەديثەم لە شوێنی دياريكراودا نەدۆزييەوە ، بەلام ريوايەتێك لە (أبو مسعود)ەوە نزيك بەم ريوايەتە هەيە • ح ـ ٦/٢٦٨ •

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ عەرزی کرد: (یا رسول الله) چ صەدەقەیێ فەضلی زیاترەو ئەجری زۆرترە ؟ فەرمووی : ئەو صەدەقەیە کە لە وەختی ساغیدا بیکەی حەریص‌و بەخیل بی لەســەر دنیاو جەمعی ماڵ ، لە فەقیریی بترسی‌و بە تەمای دەوڵەمەندیی بی ، تەئخیری نەخەی تا رۆح بێتە قورقوڕاگەت ئەو وەختە بڵێی بۆ فلاَن ئەوەندە ، بـۆ فلاَن ئەوەندە • وەلحاڵ بوە بە ماڵی فلاَن [یەعنی بوە بە هی واریث ، بۆیان هەیە ئەگەر خیلافی فەرائیض وەصیەتەکەت کردبێ هەڵی‌بوەشێننەوە] •

٣١٥٨/٨٩ ـ عن أسماء بنت أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] أنهـا جاءت النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فقالت : يا نبي الله ليس لي من شيء إلا ما أدخل عليَّ الزبير فهل عليَّ جناح أن أرضخ مما يدخل عليَّ ؟ فقال : ارضخي ما استطعت ولا توعي فيوعى عليك م ـ ٤/٤١٢ ، ح-٣/٣٢ في أحاديث من ارضـــخي • وفي أخرى : لا تحصي فيحصي الله عليـك • لا توكي فيوكى عليك •

تەرجەمە :

ئەسمای کچی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) غەیری ئەوەی کە زوبەیر ئەیهێنێتە ماڵەوە لام هیچی ترم نیە ، هیچ گوناهم ئەگاتێ کە کەمێکی لێ بدەم بە خێر ؟ فەرمووی : کەم‌کەمەیێ ببەخشـــە بەقەد ئیقتیدار مەیخەرە ناو کیسەوە خوایش لەسەر تۆ بیخاتە ناو کیسەوە ، گرێی لەسەر مەدە خوایش لەسەر تۆی گرێ بدا •

وفي أخرى عنها : أنفقي ، أو انضحي ، أو انفحي ولا تحصـــي فيحصي الله عليك م ـ ٤/٤١٢ •

مەعنای هەموویان : کەمە ـ کەمە ببەخشە • ظاهیر سوئالەکە وایە بە بێ ئیذنی زوبەیر ـ رضي الله تعالی عنه ـ بۆت دروســـتە کەمکەمەیێ بەخشش بکەی بەسەر ماڵی زوبەیرەوە • هیچ حاجەت بە تەئویلی نەوەویی ـ رحمه الله تعالی ـ ناکا کە ئەفەرموێ : ئەمە وەختێ وایە کـە لەوە نەفەقە بکا کـە درابێتێ بۆ خۆی یا لەوانەبێ کە بە عادەت مێرد پێی رازی بێ • ئەگەر وابێ حاجەت بە ئیستیفتا نامێنێ (والله أعلم) •

٣١٥٩/٩٠ ـ عن عائشة أم المؤمنين ـ رضي الله تعـالى عنها ـ قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسللم ـ : أسرعكن لحاقاً بي أطولـكن يدا • قالت : فكنَّ يتطاولن أيتهنَّ أطولُ يداً قالت : فكان أطولنا يداً زينب لأنها كانت تعمل بيدها وتصدَّق م ـ ٣٦٢/٩[1] ، ح ـ ٢٠/٣ •

وعنها أن بعض أزواج النبي ـصلى الله عليه وسلمـ قلنَ للنبي: أينا أسرع بك لحوقا ؟ قال أطولكن يدا • فأخذوا قصبة يذرعونها ، فكانت ســـودة أطولهن يدا [أي جارحة] فعلمنا بعد [بموت زينب قبلها] إنما كانت طول يدها الصدقة ، وكانت أسرعنا لحوقاً به • وكانت [زينب أي اللاحقة به أولا] تحب الصدقة ح ـ ٢٠/٣ • وبما قدر يجمع بين الحـديثين كما في النووي والقســطلاني •

(ئەم دوو حەدیثەیەك حەدیثەو یەك حادیثەیە)

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعـالی عنهـا ـ ئەفەرموێ : ئەزواجی طاهیرات لـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یان پرسی : کاممان زوو ئەگەین بـە تۆ ؟ فەرمووی : کامتان دەستدرێژتر بێ • قامیشیان هێنا قۆڵی خۆیان پێوا

(١) ئەم حەدیثەم لە موسلیما نەدۆزییەوە •

دەستی سەودە لەدەستی هەموویان درێژتر بوو ، لە دوایيا کە زەینەب لەپێش سەودەدا وەفاتی کرد لێمان مەعلووم بوو کـە موراد لـە دەســـتدرێژیی درێژیی دەستی ئینسان نیە صەدەقەو ئیحسانە • زەینەب صەدەقەی ئەحوبیان بە دەستی خۆی ئیش‌و کاری ئەکرد ئەیکرد بە صەدەقە •

٩١/٣١٦٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قال رجل [من بني إسرائيل • أحمد] : لأتصدقنَّ بصدقة ، فخرج بصدقته فوضعها في يد سارق ، فأصـــبحوا يتحدثون : تُصُدِّق على سارق ! فقال : اللهم لك الحمد ، لأتصـــدقن بصدقة ، فخرج بصدقته فوضعها في يد زانية ، فأصبحوا يتحدثون : تصدق الليلة على زانية ! فقال : أللهم لك الحمد على زانية ، لأتصدقن بصـــدقـة فخرج بصدقته فوضعها في يد غني ، فأصبحوا يتحدثون : تصدق على غني ! فقال : أللهم لك الحمد على ســــارق ، وعلى زانيـة ، وعلى غني • فأتي [في المنام] فقيل له : أما صدقتك على سارق فلعله أن يستعف عن سرقته • وأما الزانية فلعلها أن تســتعف عن زناها ، وأما الغني فلعله يعتبر فينفق مما أعطاه الله ح ـ ٢٢/٣ ، م ـ ٤٠٢/٤ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ ص ـ فەرمووی : پیـاوێ [لـە بەنی ئیسرائیل • أحمد] وتی : ئەبێ صەدەقەیێ بکەم ، شەو صەدەقەکەی بردەدەرێ نایە ناو دەستی دزێکەوە ، کە رۆژ بۆوە خەڵق قسەیان ئەکرد : کـە ئیمشەو خێر بـە دزێ کراوە ، پیاوە وتی : (الحمد لله) خوایە حەمدی تۆ ئەکەم • ئەبێ ئیمشەو صەدەقەیێ بکەم • صەدەقەکەی برد نایە ناو دەستی ژنێکی فاحیشـەوە ، کـــە رۆژ بۆوە خـەڵق ئـەیـانوت : ئیمشـــــەو خێر بـە فاحیشەیێ کراوە ! پیاوەکە وتی : خوایا حەمدی تۆ ئەکەم کە ئیرادە وا بوە بیدەم بـە

فاحیشەیێ • ئەبێ ئیمشەو صەدەقەیێ بکەم ، شەوێ صەدەقەکەی برد نایە ناو دەستی دەوڵەمەندێکەوە ، کە سبەینێ بۆوە وتیان : ئیمشەو خێر بە دەوڵەمەندێ کراوە ! پیاوەکە وتی : خوایا حەمد بۆ تۆ بێ کە ئیرادەت فەرموە صەدەقەکانم بدرێ بە دزو ، فاحیشەو ، دەوڵەمەند • شەو لە خەویا دی پێیان‌وت : ئەو صەدەقەی کە داوتە بە دز بەڵکو بەوە تەوبە لە دزیی بکا • ئەو صەدەقەی داوتە بە فاحیشە = بەڵکو = فاحیشەکە بەوە واز لە فاحیشەیی بێنێ ، دەوڵەمەندیش بەڵکو موعتەبیر بێ ، لەوەی خوا پێی ئیحسان‌کردوە خێر بکا [إنما الأعمال بالنيات] ئەو پیاوە چونکی نیەتی خێر بوە نائیل بە ئەجری هەموو صەدەقەکانی بوە •

٣١٦١/٩٢ - معن بن يزيد - رضي الله تعالى عنهما - قال : بايعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أنا وأبي وجدّي [الأخنس - رضي الله تعالى عنهم -] وخطب [عليه الصلاة والسلام] عليَّ فأنكحني ، وخاصمت إليه [فأفلجني ، زركشي ، أي أظفرني بمرادي] وكان أبي يزيد أخرج دنانير يتصدق بها فوضعها عند رجل في المسجد ، فجئت فأخذتها ، فأتيته بها ، فقال : والله ما إياك أردت ، فخاصمته الى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : لك ما نويت يا يزيد ، ولك ما أخذت يا معن ح - ٢٣/٣ •

تەرجەمە :

مەعنی کوڕی یەزید - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : من‌و باوکم‌و باپیرم [کە ئەخنەسە - رضي الله تعالى عنه -] موبایەعەمان لە خزمەت پێغەمەرا کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - خوازبێنی بۆ کردم ژنی لێ مارەبڕیم ، مورافەعەم بردە خزمەتی حوکمی بە طەرەف منا فەرموو [سێ فەضیلەت] یەزیدی باوکم چەند

ئاڵتوونێکی دەرێنا بیکا بە صەدەقە ، لە مزگەوتا لای پیاوێ داینا ، چووم لە پیاوەکەم وەرگرت هێنامە لای باوکم ، فەرمووی : وەڵلاهی مەقصوود وا نەبوە کە بدرێ بە تۆ • مورافەعەمان بردە خزمەت پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم - پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : ئەی یەزید تۆ بە موکافاتی نیەتەکەت گەییوی [مەقصوودت وا بوە بدرێ بە موحتاج ، مەعنی کوڕت موحتاجە ، خێرەکەت بە جێی خۆی گەییوە] ئەی مەعن ئەوی وەرتگرتوە ماڵی تۆیە [چونکی موحتاجی • خێر بە خوێش نەك بۆ دەروێش] •

٩٣/٣١٦٢ - عمير مولى آبي اللحم [رضي الله تعالى عنهما] قال : كنت مملوكاً فسألت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أأتصدق من مال موالي بشيء ؟ قال : نعم والأجر بينكما نصفان م - ٤/٤٠٧ وقال : أمرني مولاي أن أقدد لحماً ، فجاءني مسكين فأطعمته منه ، فعلم بذلك مولاي ، فضربني ، فأتيت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فذكرت ذلك له فدعاه ، فقال : لم ضربته ؟ فقال : يعطي طعامي بغير أن آمره • قال : الأجر بينكما م - ٤/٤٠٧ •

تەرجەمە :

عومەیری مەولای عەبدوڵلای گۆشتنەخۆر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : مەملووکی (آبی اللحم)[1] بووم لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م پرسیی : دروستە لە ماڵی سەییدەکەم صەدەقە بکەم ؟ فەرمووی : بەڵێ ئەجر لە بەینتانا نیوەیی‌یە • فەرمووی : سەییدەکەم ئەمری پێکردم گۆشتی بۆ لێنێم ، فەقیرێ هات لەو گۆشتە دەرخواردم دا ، مەولاکەم پێی‌زانی لێیدام ، چوومە خزمەت پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه

(١) واتە : گۆشت نەخۆر .

وسلم ـ عەرزمكرد ، بانگیكرد ، فەرمووی : بۆچت لێداوە ؟ عەرزیكرد : بێ ئیذنی من طەعامی من ئەدا بە خەڵق • فەرمووی : ئەجر لـە بەینتانایـە [یەعنی نیوەیییە : ئەجری مولـكیێتیو ، ئەجری ئیحسان] •

٣١٦٣/٩٤ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أم المؤمنين قالت : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا أنفقت المرأة من طعـام بيتهـا [زوجها •] غير مفســـدة كان لها أجرها بما أنفقت ، ولزوجهـا أجـره بما كسب . وللخازن مثل ذلك لا ينقص بعضهم أجـر بعض شيئا ح ـ ٢٧/٣ ، م ـ ٤٠٣/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ژن لەماڵی مێردی خێر بکا بێ ئەمە ماڵی مێردەکەی بە تەلەفا ببا [یەعنی ئیسرافی تیا بکا] بە واسیطەی خێرکردنەکەیەوە ئەجری هەیە ، مێردەکەیشی بە واسیطەی کەسبی ماڵەکەیەوە ئەجری هەیە ، خزمەتکارەکەیش بە واســـیطەی فرمانتیاکردنی ئەوەندەی هەیە ، بێ ئەمە شتێك لە ئەجری یەك کەم بکەنەوە •

خزمەتکار ، ژن ، بە بێ ئەمە ئیسراف بکەن بێ ئەمری صاحێب مـاڵ بۆیان دروستە لە ماڵی ئەو صەدەقە بکەن ئەجریشیان هەیە •

٣١٦٤/٩٥ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : الخازن المسلم الأمين الذي ينفذ وربما = قال = يعطي ما أمر به كاملاً موفراً طيّبٌ به نفسه ، فيدفعه الى الذي أمر لـه بـه أحد المتصدقين ح ـ ٣٤/٣ ، م ـ ٤٠٣/٤ ، د ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوموسای ئەشعەریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : غەزنەداری موســـوڵمانی ئەمین

کە ئەوی ئەمری پێئەکرێ بیدا بە خێر بە تەواوەتی بە رووخۆشی بیدا بەو کەسەی کە ئەمری پێکراوە بیداتێ یەکێکە لە دوو موتەصەددیق • یەعنی ئەویش بە قەد صاحێبەکەی ئەوابی دەست ئەکەوێ •

٣١٦٥/٩٦ ـ عن عقبة بن الحرث ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : صليت مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما سلم قام سريعاً دخل على بعض نسائه ، ثم خرج ورأى ما في وجوه القوم من تعجبهم لسرعته ، [فقلت ، أو قيل له ، ح ـ ٣١/٣ ، ن] فقال : ذكرت وأنا في الصلاة تِبْراً عندنا فكرهت أن يمسي أو يبيت عندنا ، فأمرت بقسمته ح ـ ٣٤٧/٢ •

تەرجەمە :

عقبەی کوڕی حەرث ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : نوێژی عەصرم لە خزمەت پێغەمەرا کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە سەلامی دایەوە تەشریفی بەعەجەلە هەڵسا چوە لای بەعزێ لە حەرەمەکانیو هاتەدەرێ ، چاوی بە رووی خەڵقەکە کەوت کە عەلامەتی تەعەجوبیان لێئەبینرا ، فەرمووی : کە لە نوێژێ بووم پارچەیێ ئالتوونم لە فکر کەوتەوە کە تەقسیم نەکرابوو حەزم نەکرد کە لە لام شەوی بەسەرا بێ ، چووم ئەمرم کرد کە تەقسیمی بکەن ، لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : تەقسیمم کرد •

شەفاعەت بۆ سائیل :

٣١٦٦/٩٧ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا جاءه السائل ، أو طلبت إليه حاجة ، قال : اشفعوا تؤجروا ، ويقضي الله على لسان نبيه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ما شاء ح ـ ٣١/٣ ، ح ـ ٢٧/٩ ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوموسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە سائیلێ بهاتایە خزمەتی یـا یەکێ طەلەبی حاجەتێـکی لێبکردایە ئەیفەرموو : شەفاعەتی بۆ بکەن کـە ئەجرتان بدرێتەوە ، خوا ـ عز وجل ـ لەسەر زمانی پێغەمەری ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ چێ ئیرادە فەرموبێ بەجێی یێنێ •

ئەوی لـە خێـرا دەخلێکی بێ با بـە تکاکردنیش بێ ئەجری هەیە • پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ چ ئیحتیاجیی هـەیـە کـــە خەلق تەشەبی لە خزمەتا بکا ؟ خۆی شەفیعە لای خوا ، بەوە مەقصـــــەدی ئیرشادی عیباد بوە لەسەر خێر •

٣١٦٧/٩٨ ـ عن ثوبان ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : افضل دينـار ينفقه الرجل دينـار ينفقه على عياله ، ودينار ينفقه الرجـل على دابته في سـبيل الله ، ودينـار ينفقـه على أصحابه في سبيل الله • قال : أبو قلابة : وبدأ بالعيال • ثم قال ابو قلابـة : واي رجل أعظم أجراً من رجل ينفق على عيال صغار يُعِفُّهم أو ينفعهم الله بـه ويغنيهم ؟ م ـ ٣٦٧/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەفضـــــەلترینی دیناڕێ کە ئینسان بیکا بە نەفەقە دیناڕێکە ئەیکا بە نەفەقەی عـەیـالو ، دیناڕێکە ئەیدا بە مەصرەفی ئەو حەیوانەی لە ڕێی خوادا بۆ غەزا بەخێوی ئەکاو ، دیناڕێکە ئەیدا بە ڕەفیقانی کە لە ڕێی خوادا غەزا ئەکەن •

ئەبوقەلابە کە راویی حەدیثەکەیە ئەفەرموێ : پێغەمـەر ـ صـلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئەووەڵەوە نەفەقەی عەیالی بەیان فەرموو ، چ پیـاوێ ئەجری گەورەترە = لەو کەسە = کە نەفەقە لەسەر عەیالی زەعیف ئـەکـاو بەوە عەفیفیان ئەکاو لە سواڵکردن خوا بـە واسـیطەی ئـەو کەسـەوە عەیالەکەی موتتەفیع ئەکاو دەوڵەمەندیان ئـەکـا [ئیحتیاجیان نایێڵێ بـە دەستگرتنەوە لەبەر خەڵقا] •

٣١٦٨/٩٩ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : دينار أنفقته في سبيل الله ، ودينار أنفقته في رقبة ، ودينار تصدقت به على مسكين ، ودينار أنفقته على أهلك أعظمها أجراً الذي أنفقته على أهلك م ـ ٣٦٧/٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : دینـارێ لـە رێی خـوادا صـــــەرف بکـەی بـۆ غەزا ، دینـارێ لـە رێی عەبدئازادکردنا صـــەرف بکەی ، دینـارێ بدەی بـە فەقیـرێ ، دینـارێ صـــــــەرفی ئەهلو عەیالی بکەی ، ئەوی ئەجری لە هەموویان گەورەتر بێ ئەو دینارەیە کە صەرفی عەیالی ئەکەی •

٣١٦٩/١٠٠ ـ عن خيثمة قـال : كنـا جلوســاً مع عبدالله بن عمرو [رضي الله تعالى عنهما] إذ جاءه قَهْرَمان له [خازنه القائم بحوائج الناس ، وهو بمعنى الوكيل] فدخل ، فقال : أعطيت الرقيق قوتهم ؟ قال : لا • قال : فانطلق فأعطهم • قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كفى بالمرء إثماً أن يحبس عمن يملك قوته م ـ ٣٦٨/٤ •

تەرجەمە :

خەیثەمە ئەفەرموێ : لای عەبدوڵلای کوڕی عەمر دانیشـتبووین وەکیل خەرجـەکـەی هاتە لای لێیپرسیی : نەفەقەی عەبدەکانت داوە ؟ عەرزیکرد : نەء ، فەرمووی : بچۆ بیاندەرێ • پێغەمەر ـ صلی الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی : بۆ پیـاو ئەو گوناهە کافیە کـە قووت بگرێتەوە لەوەی لە ژێر دەستیایە •

١٠١/٣١٧٠ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أعتق رجل من بني عذرة عبداً له [قبطياً مات عـام أوَّل ح ـ ٩/٤٠١] عن دبر فبـلغ ذلك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ألك مال غيره ؟ فقال : لا • فقال : من يشتريه مني ؟ فاشتراه نعيم بن عبدالله العدوي [رضي الله تعـالى عنه] بثمانمائة درهم ، فجاء بها رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فدفعها إليه ، ثم قال : ابدأ بنفسك فتصدق عليها ، فإن فضل شيء فلأهلك ، فإن فضل عن أهلك شيء فلذي قرابتك ، فإن فضـل عن ذي قرابتك شيء فهكذا وهكذا • يقول فبين يديك وعن يمينك وعن شمالك م ـ ٤/٣٦٩ ، ح ـ ٤/٥٩ الى (ثم قال) د ، ت ، ن ، جه ح ـ ٩/٤٠١ وفيه : فاشـتراه نعيم بن النحام • بشر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بـأنـه من أهـل الجنة • ح ـ ٤/١٠٦ ، ٥٩ ، ٣٠١ مختصراً •

تەرجەمە :

پیاوێ لە ئەنصار عەبدێکی قیبطیی بە مودەبەریی ئازادکرد [یەعنی وتی : کە مردم ئازاد بێ] خەبەری ئەوە گەیی بە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالى علیه وسلم ـ پێیفەرموو : غەیری ئەوە ماڵی ترت هـەیـە ؟ عەرزیکـرد : خەیـر • فەرمووی : کێ لێم ئەکڕێ ؟ نوعەیمی کوڕی عەبدوڵلای نەحجام

ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە هەشتصەد درهەم لێی کڕی • نوعەیم هێنایـە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بانگی‌کرد : پارەکەی دایێ پێی‌فەرموو : دەست بە خۆت بکە صەدەقەی بەسەرا بکە • لێت زیاد بوو بۆ ئەهل‌و عەیالت ، لەوان زیاد بوو بۆ خزمت ، لـەوان زیـاد بوو وای لێ بکەو وای لێ بکە ؛ بۆ بەردەمت‌و راست‌و چەپت [بلاّوی‌کەرەوە] •

١٠٢/٣١٧١ ـ عن أبي هريرة ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : ما من يوم يصـبح العباد فيه إلا ملكان ينزلان ، فيقول أحدهما : أللهم أعط منفقاً خلفا ، ويقول الآخر : أللهم أعط ممسكاً تلفا ح ـ ٣/٣٥ ، م ـ ٤/٣٨٤ ، ن أحمد ابن حبان •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : هیچ رۆژێ نیە کە خەڵق رۆژی تیا بکاتەوەو دوو مەلائیکە نەیێ یەکێکیان ئەڵێ : خوایا ئـەو کەسـە کـە ئینفاق ئەکا بۆی بێنەرەوە شوێنی ، = ئەوەکەیشیان ئەڵێ = : ئەوی کە ماڵ ئەگرێ‌و صەرفی ناکا بە تەڵەفچوونی ماڵەکەی پێ عەطا بکە •

١٠٣/٣١٧٢ ـ عن أبي هـريـرة ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : سبعة يظلهم الله في ظله ، يوم لا ظل إلاّ ظله : ١ ـ إمام عدل • ٢ ـ وشاب نشأ في عبادة الله • ٣ ـ ورجل قلبه معلق في المساجد • ٤ ـ ورجلان تحابـا في الله ، اجتمعا عليـه ، وتفرقـا عليـه • ٥ ـ ورجل دعته امرأة ذات منصِـب وجمال ، فقـال : إني أخـاف الله • ٦ ـ ورجل تصدق بصدقة فأخفاها حتى لا تعلم شـماله ما تنفق يمينـه • ٧ ـ ورجل ذكر الله خاليا ففاضـــت عيناه • ح ـ ٣/٢٣ ، م ـ ٤/٤١٥ ، ح ـ ٢/٢٩ ، ح ـ ٩/٢٦٢ مختصراً •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : حەوت کەس لە ژێر سێبەری عەرشی خوادا ئەبن لە رۆژێکا کە غەیری سێبەری رەحمەتی خوا هیچ سێبەر نیە : ١ ـ پادشای عادل • ٢ ـ عازەبێکە کە لە عیبادەتکردنی خوادا پەروەردە بووبێ • ٣ ـ پیاوێ دلی هەر بە مزگەوتانەوە بێ ، یەعنی بە دەوام موتنەظیری وەختی نوێژ بێو بچێتە مزگەوت • ٤ ـ دوو پیاو کە یەکتریان بۆ مەحضی رەزای خوا خۆش بوێو لەسەر ئەو مەحەبیەتە لەگەل یەك بن ، لەسەر ئەو مەحەبیەتە لێك جوێ ببنەوە[1] • ٥ ـ پیاوێ ژنێکی صاحێب مەنصەبو جوان بانگی بکا بلێ : من لە خوا ئەترسم • ٦ ـ پیاوێ صەدەقە بکا دەستی چەپی بەوە نەزانێ کە دەستی = راستی = ئەیدا ، وای ئیخفا بکا • ٧ ـ پیاوێ کە بە تەنها ذیکری خوا بکا چاوی فرمێسکی لێ هەلڕژێ •

(١) دانەر ـ خ ـ لەسەر ئەم ژمارە ئەمەی نووسیوە :

خوا عەفوم بکەو رەحمت بێ پێم
لە ژێری سێبەری خۆتا بکەی جێم
لە رۆژێکا کە غەیری سێبەری تۆ
پەنا نابێ لە گەرمیی ئاگری تۆ
حەسەنو من لە ژێریا دابنیشین
لە فەضلی تۆوە هیچ زەحمەت نەکێشین
لە یەکتر ئێستە هەرچەند کە دوورین
بەسەر پردی صیراطا رابووورین
وەکوو عەکاشە لەو حەفتا هەزارە
بچین داخل بین بەو مێرغوزارە
قەبوولکەی لێم خوایە ئەم دوعایە
بە فەضلو رەحمەتت لەم دوو برایە

لە قەسطەلانیدا جەڵدی (٣) ص : ٢٧ ئەیگەیێنێ بە حەفتاو پێنج تا هەشتا ، ئەگەر ئارەزوو ئەکەن لێرەدا بینووسن •

١٠٤/٣١٧٣ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : مثل البخيل والمنفق كمثل رجلين عليهما جبتان من حديد [قد اضطرت أيديهما • م أخرى] من ثديّهما إلى تراقيهما ، فأما المنفق فلا ينفق إلا سبغت أو وفرت على جلده حتى تخفى بنانه وتعفو أثره • وأما البخيل فلا يريد أن ينفق شيئاً إلا [وتقلصت عليه وانضمت يداه الى تراقيه • أخرى] لزقت كل حلقة مكانها فهو يوسعها ولا تتسع • ح ـ ٣٦/٣ ، م ـ ٤٠١/٤ ، ٣٩٨ ، ح ـ ٩٨/٥ بفرق أشير •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەثەلی ئینسانی بەخیلو سەخی وەك دوو پیاوە کە یەکی جبەیێکیان لە ئاسن لە بەرا بێ لە مەمکیانەوە تا چۆڵەمەی ملیان ، کە ئینسانی سەخی هەر وەختێ تەمای ئەوەی بێ شت صەرف بکا جبەکەی گەورەو فەرەح ئەبێ تا پەنجەی دەستی دائەپۆشێو شوێنپێی ئەو پیاوە نایێڵێ [یەعنی گوناهی مەحو ئەکاتەوە دایئەپۆشێ] بەخیل کە تەمای بوو شتێ ببەخشێ جبەکەی کوللی حەلقەیێکی لە جێی خۆی بە بەدەنیەوە ئەنووسێ یێتەوە یەك دەستی بە ملیەوە ئەنووسێنێ ، ئەو کەسە جبەکەی ئەکشێنێ کە فەرەح ببێ بۆی فەرەح نابێ •

١٠٥/٣١٧٤ ـ عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : على كل مسلم صدقة • قالوا : يا نبي الله فمن لم يجد ؟ قال : يعمل بيده فينفع نفسه ويتصدق ، قالوا : فإن لم يجد ؟

قال : يعين ذا الحاجة الملهوف • قالوا : فإن لم يجد ؟ قال : فليعمل بالمعروف وليمسك عن الشر فإنها له صدقة ح - ٣٧/٣ ، ح - ٢٦/٩ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەر موسوڵمانێ صەدەقەیێکی لەسەرە ، عەرزیانکرد : (يا رسول الله) ئەوی نەیبێ ؟ فەرمووی : بە دەستی ئیش بکا نەفعی بۆ خۆی بیێتو بیکا بە صەدەقە • عەرزیانکرد : ئەگەر نەیبوو ؟ [یەعنی ئەگەر ئیشی نەبوو بیکا ؟] فەرمووی : موعاوەنەتی موحتاجی مەحزوونو عاجز بکا • عەرزیانکرد : ئەگەر نەیبوو ؟ [یەعنی عاجز بوو لە موعاوەنەت ؟] فەرمووی : عەمەلی مەعرووف بکاو [ئەمر بە مەعرووفو نەهی لە مونکەر بکا] لە شەڕ خۆی مەنع بکا ئەوە صەدەقەیە بۆ ئەو •

١٠٦/٣١٧٥ ـ عن أبي ذر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قالوا للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يا رسول الله ذهب أهل الدثور بالأجور : يصلون كما نصلي ، ويصومون كما نصوم ، ويتصدقون بفضول أموالهم ؟ قال : أو ليس قد جعل الله لكم ما تصدقون ؟ : إن بكل تسبيحة صدقة ، وكل تكبيرة صدقة ، وكل تحميدة صدقة ، وكل تهليلة صدقة ، وأمر بمعروف صدقة ، ونهي عن منكر صدقة ، وفي بُضْعِ أحدكم صدقة ! قالوا : يا رسول الله أيأتي أحدنا شهوته ويكون له فيها أجر ؟ قال : أرأيتم لو وضعها في حرام أكان عليه وزر ؟ فكذلك إذا وضعها في الحلال كان له أجر م - ٣٧٩/٤ ، م - ٤٣٠/٣ بفرق ما •

تەرجەمە :

عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ یان کرد : (يا رسول الله) ئەهلی ئەروەت هەموو ئەجریان برد بۆ خۆیان ؟ نوێژ ئەکەن وەك

ئێمە ، ڕۆژوو ئەگرن وەك ئێمە ، فەضلەی ماڵیشیان ئەکەن بە صەدەقە • فەرمووی : ئەی بۆ ئێوەیش شتی بۆ دانەناون کە بیکەن بە صەدەقە ؟ هەر (سبحان الله)یێ صەدەقەییێکە ، هەر (الله أکبر)کردنێ صەدەقەییێکە ، هەر (الحمد لله)ێ صەدەقەییێکە ، هەر (لا إله إلا الله)ێ صەدەقەییێکە ، ئەمر بەچاکە صەدەقەییێکە ، نەهی لە خراپە صەدەقەییێکە ، لەگەڵ حەلاڵی خۆتا نوستنێ صەدەقەییێکە ••• عەرزیانکرد : (یا رسول الله) ئینسان ئارەزووی خۆی بەجێبێنێ بۆ لەوەدا ئەجری ئەبێ ؟ فەرمووی : نابینن ئەگەر ئارەزووەکەی لە حەراما صەرف بکا گوناهی ئەبێ ؟ بەو نەوعەیش کە لە حەلاڵا صەرفی بکا ئەجری ئەبێ •

لە ئەدەبی موفرەدا بوخاری ریوایەت ئەکا کە پیاو نەفەقەی کرد بەسەر ئەهلو بەیتیا صەدەقەییێکی بۆ ئەنووسرێ • ماڵ صەرف بکا بۆ موحافەظەی ناموسی ئەبێ بە صەدەقە بۆی • لە ئیشی چاکەکردنە کە بە رووی خۆش ڕووبەڕووی برادەرت بیو ، لە دۆڵکەی خۆت ئاو بکەیتە ناو ظەرفی برادەرت • [عن محمد بن المنكدر • قسطلاني – ٩/٢٥] •

١٠٧/٣١٧٦ ـ عائشة [رضي الله تعالى عنها] تقول : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إنه خلق كل إنسان من بني آدم على ستين وثلاثمائة مفصل ، فمن كبر الله ، وحمد الله ، وهلل الله ، وسبح الله ، واستغفر الله ، وعزل حجراً عن طريق الناس ، أو شوكة أو عظماً عن طريق الناس ، وأمر بمعروف أو نهى عن منكر عدد تلك الستين والثلاثمائة السلامى فإنه يمشي [يمسي ، أخرى] يومئذ وقد زحزح = نفسه = عن النار م – ٤/٣٨١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : **هەر ئینسانێ** **سێصەدو شەصت جومگەی هەیە** ، هەر کەسێ (اللە أکبر) بکا ، حەمد بکا ، تەسبیحات بکا ، (لا إلە إلا اللە) بکا ، ئیستیغفار بکا ، بەردێ ، دڕکێ ، ئێسکێ لە سەرەڕێی خەڵق لابدا ، ئەمر بکا بە چاکەیێ ، نەهی بکا لە خراپەیێ ، بە قەد ئەو **سێصەدو شەصت جومگەیە ئەو رۆژە ئێوارەی بەسەرا** بێ ، یا فەرمووی : بەسەر ئەرزا ئەڕوا ، لە ئاگری جەهەننەم دوورخراوەتەوە •

أبو هريرة[1] ـ رضي اللە تعالی عنە ـ عن محمد رسول اللە ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ أحادیث منها : وقال رسول اللە ـ صلی اللە **علیە وسلم** ـ کل سلامی من الناس علیە صدقة کل یوم تطلع الشمس • قال : **تعدل** بین الاثنین صدقة ، وتعین الرجل في دابته فتحمله علیها أو ترفع له علیها متاعه صدقة • قال : والکلمة الطیبة صدقة ، وکل خطوة تمشیها إلی الصلاة صدقة ، وتمیط الأذی عن الطریق صدقة م ـ ٣٨٣/٤ واللفظ لهذا ح ـ ٤١٢/٤ الی (تعدل بین اثنین) بلفظ (یعدل بین الناس) ح ـ ٨٥/٥ لیس فیه (تعدل) وفیه (ودلٌ علی الطریق صدقة) •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : کوللی جومگەیێکی ئینسان کوللی رۆژێ کە رۆژ هەڵبێ صەدەقەیێکی لەسەرە : عەدالەت لە بەینی دوو کەسا بکەی صەدەقەیێکە ، یارمەتی پیاوێ بدەی سواری ولاخەکەیی کەی ، یاخو مەتاعەکەیی بۆ بخەیتە سەر ولاخەکەی

(١) دانەر ـ خ ـ ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

صەدەقەییێکە ، قسەی خۆش لەگەڵ خەڵقا صەدەقەییێکە ، کوللی هەنگاوێ ینێی بۆ نوێژ بچی صەدەقەییێکە ، داروبەرد لە سەرەڕێ لابدەی صەدەقەییێکە ، ڕێ نیشاندان صەدەقەییێکە •

سەرکاری زەکات ڕازی‌کردن بەو شەرتە زوڵم نەکا :

٣١٧٧/١٠٨ ـ عن جرير بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء ناس من الأعراب الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقالوا : إن أناساً من المُصْدِقين يأتوننا فيظلموننا ، قال : فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أرضوا مُصْدقيكم • قال جرير : ما صدر عني مصدق منذ سمعت هذا من رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إلا وهو عني راض م ـ ٣٥٧/٤ •

تەرجەمە :

بەعزێ عەرەب هاتنە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزیانکرد : بەعزێ مەئمووری صەدەقە = یێنە لامان = زوڵمان لێ ئەکەن • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : سەرکارەکانتان ڕازی بکەن [یەعنی تەواو صەدەقەکانیان بدەنێ ، ماڵی خراپیان لە باتی چاك مەدەنێ ، چەندو چوونیان لەگەڵ مەکەن ، ئەمما بەو شەرتە ئەوانیش ئەذیەتی صاحێب صەدەقە نەدەن ، زیاد لە حەق تەکلیفیان لێ نەکەن ، گینا پێی فاسق ئەبن لە مەئموورییەتەکەیان عەزل ئەبن ، دروست نیە صەدەقەکەیان تەسلیم بکرێ (من نووي)] • جەریر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لەو ڕۆژەوە ئەمەم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیست هیچ مەئموورێکی زەکات بە ناڕەزایی لە لام نەگەڕاوەتەوە •

١٠٩/٣١٧٨ ـ أبو سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء أعرابي إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فسأله عن الهجرة فقال : ويحك إن الهجرة شأنها شديد ! فهل لك من إبل ؟ قال نعم . قال : فتعطي صدقتها ؟ قال : نعم . قال : فهل تمنح = منها = ؟ قال : نعم . قال : فتحلبها يوم وردها ؟ قال : نعم . قال : فاعمل من وراء البحار فإن الله لن يترك من عملك شيئاً م ـ ٨/٦٤ ، ح ـ ٦/٢١٩ ، ح ـ ٣/٤٢ .

تەرجەمە :

ئەعرابىیێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە هیجرەتکردنی لێ‌پرسی ، فەرمووی : وای لە تۆ شەئنی هیجرەت بە شیددەتە ! هیچ وشترت هەیە ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ . فەرمووی : زەکاتی لێ ئەدەی ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ . فەرمووی : بە هیبە هیچیان لێ ئەدەی بە فەقیر کە شیرەکەی بدۆشن ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ . فەرمووی : لە رۆژی هێنانەسەر ئاو ئەیاندۆشی [کە بەعزێ کەسیش لە شیرەکەیان ئیستیفادە بکا] ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ . فەرمووی : بچۆ لەوبەر بەحرەوە عەمەلی چاکە بکە [یەعنی باکت نەبێ دوور بی لە ئێمە یا نزیك بی] خوای تەعالا هیچ شتێ لە ئەجری عەمەلەکەت کەم ناکا .

نەصیحەتی مەئمووری زەکات :

١١٠/٣١٧٩ ـ عن أبي بردة [مرسلا في هذا الطريق . وفي أخرى عن أبي بردة عن أبي موسى ـ رضي الله تعالى عنه ـ متصلا] قال : بعث رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أبا موسى ومعاذ بن جبل [رضي الله تعالى عنهما] إلى اليمن ، قال : وبعث كل واحد منهما على مِخْلاف [إقليم] قال : واليمن مخلافان . ثم قال : يسّرا ولا تعسّرا ، وبشّرا ولا تنفّرا . فانطلق

كل واحد منهما الى عمله • قال : وكان كل واحد منهما اذا سار في أرضه وكان قريباً من صاحبه أحدث به عهداً فسلم عليه ، فسار معاذ في أرضه قريباً من صاحبه أبي موسى ، فجاء يسير على بغلته حتى انتهى إليه ، وإذا هو جالس وقد اجتمع إليه الناس ، وإذا رجل عنده قد جمعت يداه إلى عنقه ، فقال له معاذ : يا عبدالله بن قيس أيُّمَ هذا ؟ قال : هذا رجل كفر بعد إسلامه • قال : لا أنزل حتى يقتل • قال : إنما جيء به لذلك ، فانزِلْ ، قال : ما أنزِلُ حتى يقتل ! فأمر به فقتل ، ثم نزل • فقال : يا عبدالله كيف تقرأ القرآن ؟ قال : اتفوّقه تفوّقاً [شيئاً بعد شيء آناء الليل والنهار ، لا أقرأهُ مرة واحدة] قال : فكيف تقرأ أنت يا معاذ ؟ قال : أنام أول الليل فأقوم وقد قضيت جزئي من النوم ، فأقرأ ما كتب الله لي فأحتسب نومتي كما أحتسب قَوْمتي ح – ٤٣/٦ • وفي أخرى مثله • وتطاوعا ، فقال أبو موسى: يا نبي الله إن أرضنا بها شراب من الشعير المِزْر ، وشراب من العسل البِتْع ، فقال : كل مسكر حرام ح – ٤٠٤/٦ وهذا هو الموصول ، م – ٢٥٣/٨ بمعناه •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەبوموساى ئەشعەریی و مەعاذی بنی جەبەلی – رضي الله تعالى عنهما – نارد بۆ یەمەن ، هەر یەکەی نارد بۆ قۆڵێکی یەمەن ، یەمەن دوو ئیقلیمی هەیە • ئەمری پێ فەرموون : ئیش لەسەر ئەهالی بەسووك بگرن بە گرانی مەگرن ، موژدەیان بدەنێ نەفرەتیان لە دین پێمەکەن ، موعاوەنەتی یەکتر بکەن [موتتەفیق بن ئیختیلاف لە بەینتانا نەبێ] • [ئەبوموسا – رضي الله تعالى عنه – عەرزی پێغەمەری کرد – صلى الله تعالى عليه وسلم – : (یا رسول الله) ئەرزی ئێمە

دوو نەوع شەرابی لێ ئەکرێ • نەوعێکی مزره لە جۆ ئەکرێ ، نەوعێـــکی لە هەنگوین ئەکرێ ؟ فەرمووی : هەموو موســـــکیرێ حەرامە • أخری] هەریەکە چوە سەر ئیشی خۆی ، هەر کامێکیان لە ئەرزی خۆیا سەیاحەتی بکردایەو نزیك ببوایەوە لە رەفیقەکەی زیارەتی ئەکردو سەلامی لێ ئەکرد • مەعاذ ـ رضي الله تعالی عنه ـ سەیاحەتێکی کرد نزیك بۆوە لە ئەبومووسا ، بە سواری ئێسترەکەی هات • تێیفکری خەڵق لە ئەبومووسا کۆبوونەوە ، پیاوێکیش دەستی بە ملیەوە بەسترابوو • مەعاذ پرسیی : یا ئەبومووســـا ئەمە چیە ؟ فەرمووی : پیاوێکە لە دوای ئیســــــلامەتی مورتەد بوەتەوە • مەعاذ فەرمووی : تا نەیکوژی دانابەزم • ئەبومووسا فەرمووی : ئێمەیش بۆیێکمان هێناوە ، دابەزە • فەرمووی : دانابەزم تا نەیکوژی ! ئەمـری فەرموو کوشتیان ، ئەمجا مەعاذ دابەزی • مەعاذ لە ئەبومووسای پرســـیی ـ رضي الله تعالی عنهما ـ : تۆ قورئان چۆن ئەخوێنی ؟ فەرمووی : بەشەوو بەرۆژ بە پوشوو ئەیخوێنم [یەعنی کە ماندوو بووم ئەوەستم کە پوشووم هاتەوەبەر ئەخوێنم] ئەو لە مەعاذ ـ رضي الله تعالی عنه ـی پرسیی : ئەی تۆ چۆنی ئەخوێنی ؟ فەرمووی : ئەووەڵی شـــەو ئەنووم ئەڵەستمەوە بەشی خەوم لە شەو تەواو کردوە ، ئەمجا ئەوی خـوا بۆی موقەددەر کردبم لـە قورئان ئەخوێنم ، وەك ئومێدم هەیە بە هەڵسانم بۆ عیبادەت کە ثەوابی بێ وایش ئومێدم هەیە بە خەوەکەم کە ثەوابی بێ [یەعنی چونکی موعاوەنەتم ئەکا لەسەر شەوق بۆ عیبادەت] •

تەبـــدیلی مەئموور :

١١١/٣١٨٠ ـ البراء [بن عازب] ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ بعثنـا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مع خالد بن الوليد [رضي الله تعالى

عنه] إلى اليمن ، قال : ثم بعث علياً [رضي الله تعالى عنه] بعد ذلك مكانه ، فقال [عليه الصلاة والسلام]: من أصحاب خالد من شاء منهم أن يعقّب معك [إلى اليمن] فليعقب ومن شاء فليُقبِل ، فكنت فيمن عقب معه ، قال : فغنمت أواق ذواتِ عدد ح ـ ٦/١٠٦[1] .

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ خالیدی بنی وەلیدا ناردینی بۆ یەمەن ، لە پاشا لە جێی خالید عەلیی نارد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پێی فەرموو : لە ئەصحابی خالید کێ ئارەزووی بێنێ لەگەڵتا بگەڕێتەوە بۆ یەمەن ، کێ ئارەزووی بێنێ بێتەوە بۆ ئێرە . من لەوانە بووم کە لە خزمەتیا گەڕامەوە بۆ یەمەن ، گەلێ ئووقیە ئاڵتوونم دەستکەوت .

صەدەقەی فەرزو سونەتدان بە ئەولادو کەس و کار ، بەم شەرتە نەفەقەی لەسەری نەبێ دروستە .

١١٢/٣١٨١ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ خرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في أضحى أو فطر الى المصلى ، ثم انصرف فوعظ الناس وأمرهم بالصدقة . فقال : أيها الناس تصدقوا ، فمر على النساء فقال : يا معشر النساء تصدقن فإني رأيتكن أكثر أهل النار . فقلن : وبم ذلك يا رسول الله ؟ قال : تكثرن اللعن ، وتكفرن العشير ، ما رأيت من ناقصات عقل ودين أذهب للب الرجل الحازم من إحداكن يا معشر النساء ! ثم انصرف فلما صار إلى منزله جاءت زينب امرأة ابن مسعود تستأذن عليه ، فقيل : يا رسول الله هذه زينب . فقال : أي الزيانب ؟ فقيل :

(١) ئەم حەدیثەم لە شوێنی بۆ دیاریکراودا نەدۆزیەوە .

امرأة ابن مسعود . قال : نعم ائذنوا لها ، فأذن لها . قالت : يا نبي الله إنك أمرت اليوم بالصدقة وكان عندي حلي لي فأردت أن أتصدق به ، فزعم ابن مسعود أنه وولده أحق من تصدقت به عليهم . فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : صدق ابن مسعود زوجك وولدك أحق من تصدقت به عليهم ح - ٣/٤٩ .

٣١٨٢/١١٣ - عن زينب امرأة عبدالله - رضي الله تعالى عنهما - قالت : كنت في المسجد فرأيت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال : تصدقن ولو من حليكن ، وكانت زينب تنفق على عبدالله وأيتام في حجرها . فقالت لعبدالله : سل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أيجزىء عني أن أنفق عليك وعلى أيتامي في حجري من الصدقة ؟ فقال : سلي أنت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فانطلقت إلى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فوجدت امرأة من الأنصار على الباب حاجتها مثل حاجتي ، فمر علينا بلال ، فقلنا : سل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أيجزىء عني أن أنفق على زوجي وأيتام لي في حجري [وفي رواية النسائي : على أزواجنا وأيتام في حجورنا لإحداهما فضل مال وفي حجرها بنو أخ لها أيتام ، وللأخرى فضل مال وزوج خفيف ذات اليد - أي فقير -] وقلنا : لا تخبر بنا ، فدخل فسأله : فقال : من هما ؟ قال : زينب . قال : أي الزيانب ؟ قال : امرأة عبدالله . قال : نعم ، ولها أجران : أجر القرابة وأجر الصدقة ح - ٣/٥٣ ، م - ٤/٣٧٣ . ن ، جه .

عن أم سلمة - رضي الله تعالى عنها - قالت : قلت : يا رسول الله ألي أجر إن أنفقت على بني أبي سلمة [ولست بتاركهم هكذا وهكذا . م] : [سلمة ، وعمر ، ومحمد ، وزينب ، ودرة] إنما هم بني . فقال : أنفقي عليهم فلك أجر ما أنفقت عليهم . ح - ٣/٥٤ ، م - ٤/٣٧٥ .

تەرجەمە :

١ ـ ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جەژنێکی قوربان یا رەمەزان تەشریفی چوو بۆ (موصەللا)[1] کە لە نوێژ سەلامی دایەوە فەرمووی : ئەی ئینسانینە صەدەقە بکەن • ئەمجا تەشریفی بە لای ژنانا رابورد ، فەرمووی : ئەی ژنینە صەدەقە بکەن • من وام ئێوە دی کە زۆرترینی ئەهلی جەهەننەم ئێوەن ! عەرزیانکرد : ئەوە لەبەرچی (یا رسول الله) ؟ فەرمووی : زۆر لەعنەت ئەکەن‌و ناشوکریی مێرد ئەکەن ، لەوانەی کە عەقلیان‌و دینیان نوقصانە نەمدیوە لە ئێوە زیاتر عەقلی پیاوی عاقڵ لابەرێ ، ئەی جەماعەتی ژنان [یەعنی کە پێتان لێ کردنە کەوش بیانوویان پێ ئەگرن ، چێ‌ئ بێ‌و خراپ بێ پێیان ئەکەن] لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ گەڕایەوە کە تەشریفی گەیی‌یە ماڵێ ، زەینەبی ژنی ئیبنو مەسعوود ـ رضي الله تعالی عنهما ـ تەشریفی چوە خزمەتی ئیستیذانیکرد ، عەرزی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کرا کە ئەمە زەینەبە ئیستیذان ئەکا بێتە خزمەتت • فەرمووی : کام زەینەب ؟ عەرزیانکرد : زەینەبی ژنی ئیبنومەسعوود • فەرمووی : بەڵێ ئیذنی بدەن بێ ، ئیذن درا تەشریفی چوە خزمەتی ، عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئیمڕۆ ئەمرت بە صەدەقە فەرموو ، بەعزێ خشڵم لایە تەمام بوو بیکەم بە صەدەقە ، ئیبنومەسعوود فەرمووی : من‌و ئەولادی من لە هەموو کەس موستەحەقترین کە صەدەقەیان پێ بکەی • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئیبنومەسعوود راستی وتوە مێردەکەت‌و ئەولادت موستەحەقترینی ئەوانەن کە صەدەقەیان پێ بکەی •

---

(١) جێگەی نوێژی جەژن‌و جومعە .

٢ ـ زەینەبی ژنی عەبدوڵلا [رضي الله تعالى عنهما] ئەفەرموێ : لە مەسجیدی نەبەویدا بووم پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەی جەماعەتی ژنان با لە خشڵەکانیشتان بێ صەدەقە بکەن • زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەفەقەی بەسەر عەبدوڵلاو ئەو هەتیوانەی کە لە حیجریا بوون ئەکرد ، بە عەبدوڵلای وت :ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بپرسە : ئایا دروستە بۆم کە صەدەقە بکەم بە تۆو ئەو هەتیوانەی کە لە حیجرمان ؟[١] عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : تۆ لێی بپرسە • زەینەب ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ژنێکی تریش لە ئەنصار [زەینەبی ژنی ئەبومەسعوود] لەبەر دەرگاکە بوو ، ئەویش وەك من بۆ پرسی ئەوە هاتبوو بیلالمان بە لادا رابورد ، بە بیلالمان وت : عەرزی پێغەمەر کە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [دوو ژن یەکێکیان فەضلەی ماڵی هەیەو کوڕانی برای لە حیجریان ، یەکێکیان ماڵی زیادەی هەیەو مێردێکی فەقیری هەیە] دروستە بۆمان لە صەدەقە مەصرەفی مێردەکانمانو هەتیوەکانمان بکەین ؟ ئەمما ناومان مەبە لە خزمەتیا • بیلال ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی چوە خزمەتیو عەرزیکرد : فەرمووی : کێن ؟ عەرزیکرد : زەینەبە • فەرمووی : کام زەینەب ؟ عەرزیکرد : زەینەبی ژنی ئیبنومەسعوود [تەنها ناوی ئەمی برد ، ئەویش چونکی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێی پرسی] فەرمووی : دروستە دوو ئەجری هەیە : ئەجری صیلەی رەحمو ، ئەجری صەدەقە •

---

(١) حیجر : کۆشو باوەش ، کینایەیە لەوە کە هان لە ژێر چاودێری ئەودا .

ئەم دوو حەدیثە ئەگەر دوو حادیثە بن دەفعەی ئەووەڵ کە پرسیی پێی ناوی دەفعەی دواییش بپرسێ • ئەگەر یەك حادیثە بن لە حەدیثی ئەووەلا ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چوو بۆ موصەللا لە موصەللا وەعظی بۆ ژنان دادا • لە حەدیثی دوەما ئەفەرموێ: لە مەسجیدی نەبەوییا ـ علیه الصلاة والسلام ـ وەعظی بۆ دادان • رەنگە موصەللا لە دەورو پشتی مزگەوت بووبێ (كأنه) وەعظەکە لە مزگەوتا بوە •

لە حەدیثی ئەووەلا ئەفەرموێ : زەینەب ـ رضي الله تعالی عنها ـ رووبەڕوو خۆی لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـی پرسی ، لەم حەدیثەدا ئەفەرموێ : بە واسیطەی بیلالەوە لێی پرسی • رەنگە لە دوای ئەمە کە بیلال عەرزیکرد زەینەب هاتوەو ئیذنی دابێ کە بچێتە خزمەتی ئەویش (بالذات) لیی پرسی • (والله علم) •

٣ ـ ئوموموسەلەمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرم کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) بۆم دروستە صەدەقە بکەم بەسەر کوڕانی ئەبوسەلەمە [و کچانیا : سەلەمەو ، عومەرو ، محەمەدو ، زەینەبو ، دوڕە ؟] ئەوانە ئەولادی منن‌و خۆ واو وا بەرەڵلایان ناکەم ! فەرمووی : نەفەقەیان بەسەرا بکە ، ئەجری ئەوەت هەیە کە بۆیان صەرف ئەکەی •

صەدەقەی مەندووب دیارە کە دروستە • صەدەقەی واجب بەو شەرتە دروستە کە نەفەقەیان لەسەر باوکیان یا دایکیان نەمابێ ، گەییبنە حەددی روشد • ئەولادی ئوموموسەلەمە هەموو مناڵ بوون ، لەو وەختەدا ـ رضي الله تعالی عنها وعنهم ـ کە وابێ موراد صەدەقەی سوننەتە ، یا با مەوریدەکەیشی خاص بێ‌و لە جوابی سوئالا واقیع بووبێ لەفظەکەی عامە •

١١٤/٣١٨٣ - أبو سعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه يحدث أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - جلس ذات يوم على المنبر ، وجلسنا حوله ، فقال : إني مما أخاف عليكم من بعدي ما يفتح عليكم من زهرة الدنيا وزينتها [قالوا : وما زهرة الدنيا يا رسول الله ؟ قال : بركات الأرض• أخرى] فقال رجل يا رسول الله أو يأتي الخير بالشر ؟ فسكت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقيل له : ما شأنك تكلم رسول الله - صلى الله عليه وسلم - ولا يكلمك ؟ فرأينا أنه ينزل عليه • قال [قال : فأفاق • أخرى] : فمسح عنه الرحضاء ، فقال : أين السائل ؟ وكأنه حمده • فقال : إنه لا يأتي الخير بالشر ، وإن [كل ما أنبت الربيع يقتل حبطا ، إلا أخرى] مما ينبت =البقل= يقتل أو يلم [أي يقرب من القتل] إلا آكلة الخضراء أكلت حتى = إذا = امتدت خاصرتاها استقبلت عين الشمس ، فثلطت وبالت ورتعت • وإن هذا المال خضرة حلوة ، فنعم صاحب المسلم ما أعطى منه المسكين واليتيم وابن السبيل • أو كما قال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - [شك من يحيى بن أبي كثير] [فمن أخذه بحقه ووضعه في حقه فنعم المعونة هو • م و خ] وإنه من يأخذه بغير حقه كان كالذي يأكل ولا يشبع ويكون شهيداً عليه يوم القيامة ح - ٥٣/٣ ، م - ٤٣٩/٤ ، ح - ٦٢/٥ ، ٧١ ، ح - ٢٣٣/٩ ، ن

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژێ تەشریفی لەسەر مینبەر دانیشت ، ئێمەیش لە دەوری دانیشتین ، فەرمووی : لەوانەی کە من لێی ئەترسم لەسەر ئێوە جوانی دنیاو زینەتیەتی • عەرزیانکرد : جوانی دنیا چیيە ؟ فەرمووی : بەرەکاتی ئەرزە • پیاوێ عەرزیکرد : (یا رسول الله) خێر هیچ شەڕ ئەهێنێ ؟ [یەعنی دنیا خێرە شتی شەڕی لێ پەیدا ئەبێ تاکوو

دەرحەق ئێمە لێی بترسی ؟] پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بێدەنگ بوو ، بەو پیاوەیان وت : تۆ بۆچی قسە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەکەیتو ئەو قسەت لەگەڵ ناکا ؟ چاومان پێیکەوت کە وەحی بۆ نازڵ ئەبوو • کە لە وەحیەکە ئیفاقەی بوو عەرەقی ناوچاوانی سڕیو فەرمووی : سائیلەکە لە کوێیە ؟ (کأنه) پێغەمەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ حەمدی ئەو سائیلەی کرد [کە بە واسیطەی سوئالەکەی وەحی بۆ نازڵ بوو] فەرمووی : خێر شەڕ ناهێنێ ، ئەوی کە بارانی بەهار ئەیڕوێنێ هەر ئەو حەیوانە ئەکوژێ کە زۆر بخواو هەموو نەوعە گیایێ بخوا ، ئەو حەیوانە ناکوژێ کە سەوزیی باش بخوا تا هەردوو کەلەکەی هەڵئاوسیو روو ئەکاتە رۆژو تەرس ئەکاو میز ئەکا [یەعنی ئاوساوییەکەی زگی ئەنیشێتەوەو رەحەت ئەبێ] لە پاوانەکەدا بە گژو گیاوە ئەگەڕێو ئەلەوەڕێ • ئەم ماڵە سەوزەو مەنظەرەی جوانە ، شیرینو تام خۆشە ، چەندە باشە ماڵی موسوڵمان کە لێی بدا بە میسکینو هەتیوو رێبوار ! یا وەك ئەوەی کە پێغەمەر = ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی = : [یەحیا بە شك کەوتوە کە لەفظی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ چۆن بوە] ئەو کەسەی بە حەق وەری بگرێو لە حەقا صەرفی بکا ئەو صەرفکردنو وەرگرتنەی بۆ دنیاو قیامەتی یارییەیێکی زۆر باشە ، ئەوی بە ناحەق بێ ئیستیحقاق وەریبگرێ [یا لە ناحەقا صەرفی بکا] وەك ئەوەیە هەر بخواو تێر نەبێ لە رۆژی قیامەتا ئەو ماڵە ئەبێ بە شاهید لە (علیه)ی ئەو [ئەیکوژێ وەك ئەو حەیوانەی کە گیای خراپ ئەخوا] •

١١٥/٣١٨٤ ـ عن عبدالله بن عمرو بن العاص [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : قد أفلح من أسلم ورزق كفافا وقنعه الله بما آتاه م ـ ٤/٤٤٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەو کەسـەی کـە موسوڵمان بێو ، خوا ـ عز وجل ـ رزقی کافیی بداتێو ، بەوەی کـە پێی عەطا کردوە قانیعی بکا فەلاحی دەست ئەکەوێ .

١١٦/٣١٨٥ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [بعث رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ عمر على الصدقة] [ان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ندب الناس على الصدقة . عبدالرزاق] بالصدقة فقيل [القـائل عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ] منع ابن جميل ، وخالـد بن الوليـد ، وعبـاس بن عبدالمطلب [رضي الله تعالى عنهم] فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما يَنقِمُ ابن جميل إلا انه كان فقيراً فأغناه الله ورسوله . وأمـا خالد فإنكم تظلمون خالدا قد احتبس أدراعه وأعتِـده في سبيل الله . وأما العباس بن عبدالمطلب فعم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فهي عليه صدقة ومثلها معهـا ح ـ ٣/٥٥ ، م ـ ٤/٣٣٧ وفيه : وأما العباس فهي علي ومثلها = معهـا = ثم قال : يا عمر أما شعرت أن عم الرجل صنو أبيه ؟ م ـ ٤/٣٣٧ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـی تەعیین‌کرد لەسەر صەدەقە [کە لێ‌بۆوە] عەرزی پێغەمەری کـرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە ئیبنوجەمیلو ، خالیدو ، عەباس ـ رضـي الله تعالى عنهم ـ صەدەقەیان نەدا . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ

فەرمووی : ئیبنوجەمیل ئینتیقامی ئەوەی ئەستێنێ کە فەقیر بوو خواو پێغەمەری خوا دەوڵەمەندیان کرد • خالیدیش زوڵمی لێ ئەکەن ، زرێکانیو تفاقی ناوماڵی لە رێی خوادا کردوە بە صەدەقە • یەعنی هیچی نەماوە صەدەقەی لێ بکەوێ • عەباس‌مامی پێغەمەرە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ صەدەقەکەی لەسەرەو ئەوەندەی تریش •

لە موسلیما : صەدەقەکەی لەسەر منەو ئەوەندەی تریش • یا مەعنای وایە صەدەقەکەی صەدەقە بێ لەسەر ئەو • لە پاشا فەرمووی : یا عومەر نازانی کە مامی پیاو هاولقی باوکە ؟ [یەعنی عەباس صەدەقەکەی لەسەر منە بۆی بدەم لەگەڵ ئەوەندەی تر ؛ چونکی صەدەقەی دووساڵم پێشەکیی لێ سەندوە • (والله أعلم بهذه المعاني)] •

ئەگەر صەدەقەی سونەت بووبێ ئیشکالی تیا نیە • ئەمما پیاو ناتێرن بۆ صەدەقەی سونەت • [بۆچی بەلکو بۆ ئیمانە بووبێ !] •

٣١٨٦/١١٧ ـ عبدالله بن مسعود ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما كان يوم حنين آثر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أناساً في الغنيمة ؛ فأعطى الأقرع بن حابس مائة من الإبل ، وأعطى عيينة مثل ذلك ، وأعطى أناساً من أشراف العرب وآثرهم يومئذ في القسمة • فقال رجل : والله إن هذه لقسمة ما عدل فيها ، وما أريد = فيها = وجه الله ! قال : فقلت : والله لأخبرن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال فأتيته فأخبرته بما قال ، قال : فتغير وجهه حتى كان كالصرف [صبغ أحمر] ثم قال : فمن يعدل إن لم يعدل

الله ورسوله ؟! قال : ثم قال : يرحم الله موسى قد أوذي بأكثر من هـــذا •
قال : قلت : لاجرم لا أرفع إليه بعدها حديثاً م ـ ١٦/٥ ، ح ـ ٣٩٩/٦ •

ئەم حەدیثەو حەدیثێکی تر لەم صەحیفەداو حەدیثێکی تر لە موسلیما ص ٩/١٨ ئەگەر لە فیتنەداو لە جیهادا نەمنووسیبێ لەوێ بیان نووســـن‌و تەرجەمەی بکەن ؛ چونکی نەظائیری لەوێدا نووسراوە[1] •

تمت الزكاة ١٩٤١/٨/١٧ یەك شەنبە • رەمەزانیش نزیکە

(١) حەدیثێك‌نزیك بەم‌حەدیثە لەگەڵ جیاوازیدا لە ل:١٢١ی بەرگی سێیەمدا رابورد . ئەو باسانەیش دانەر ــ خ ــ باسیان دەکا لە بەرگەکانی سێ‌و چواردا چاپ‌کران ، بۆیە ناگونجێ کە داواکەی دانەر بە گواستنەوەی ئەم حەدیثە بۆ ئەوێ جێ‌بەجێ بکەین . وا لێـــرەدا تــەرجــمەکــەی دەنووسم :

عەبدوڵڵای کوڕی مەسعوود ــ خ ــ ئەفەرموێ : کە رۆژی حونەین بوو پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ لە ماڵی تاڵانی جەنگ بەشی چەند کەسێکی زیاتر دا ؛ لەوانە : ئەقرەعی کوڕی حابیس صەد وشتری دایێ ، ئەوەندەیشی دا بە عویەینە ، بەشی چەند کەسێکیشی لە ناودارانی عەرەب داو ، لەو رۆژەدا لە خەڵقی تری جیاکردنەوەو زۆری پێدان . پیاوێ وتی:وەڵڵاهی‌ئەمە بەشکردنێکە دادگەریی تیانەکراوەو رێگەی‌خوای تیا رەچاونەکراوە ! پیاوێك وتی : وەڵڵاهی هەواڵ بە پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ دەدەم . وتی : چووم هەواڵەکەیم بە پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ وت . پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليــه وسلم ــ دەموچاوی وەك خوێن سوور داگیرســا . دوایی فەرمووی : ئەگــەر خواو پێغـەمـــەری خـــوا دادگەریی نەکەن کێ ئــەیــکا ؟! لــە پاشـــا فەرمووی : خوا رەحم لــە مووســا بکا لەمەیشی زیاتر پێ کرا ! پیاوەکە ئەڵێ : وتم : قەیدی نیە ئیتر دوای ئەمە هیچ قسەیێکی بــۆ نــابــەم .

كتــاب الصــوم [1]

١٨/٨/١٩٤١ دوو شەممە

لە حەدیثی (بني الاســـلام)[2] دوو ریوایەت هەیە ؛ لە ریوایەتێکدا حەج لە پێش صەومەوەیە ، بوخاریی بەو تەرتیبەی ذیکر کــردوە • لــە ریوایەتێکا صـــەوم لــە پێش حەجەوەیە ، موسلیم صـــەومی لە حەج پێش‌خستوە •

رەمەزان هەموو ساڵێ تەکەڕوڕ ئەکا ، حەج بۆ ماڵدارو ئینســانی بە قووەت لە موددەی عومرا دەفعەیێ واجبە • ئەوی رۆژووی لەســەر بێ زۆر زۆرترە لەوانەی کە حەجیان لەسەر بێ • رۆژوو لەســـــەر فەقیرو دەوڵەمەند لازمە ، حەج لەسەر فەقیر نیە • رەمەزانیش نزیکە ، پارەیشـم نیە پێی بچم بۆ حەج ، کە وابێ تابیعی ریوایەتەکەی دوایی (مسلم) ئەبم‌و (بتوفیق الله تعالى) دەست بە رۆژوو ئەکەم ، خوا بــە رەحمەت تەوفیقمان بدا لــە سەری •

ئیبتیدای فەرزبوونی رۆژوو :

قال الله ـ تعالى ـ : (یا أیها الذین آمنوا کتب علیکم الصیام کما کتب على الذین من قبلکم لعلکم تتقون • أیاماً معدودات ، فمن کان منکم مریضاً

---

(١) باسی رۆژوو •
(٢) بۆ ئەم حەدیثە بڕوانە سەرەتای بەرگی یەکەمی ئەم کتێبە .

أو على سفر فعدة من أيام أخر ، وعلى الذين يطيقونه فدية طعام مسكين • فمن تطوع خيراً فهو خير له ، وأن تصوموا خير لكم • إن كنتم تعلمون • شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن هدى للناس وبينات من الهدى والفرقان ؛ فمن شهد منكم الشهر فليصمه ، ومن كان مريضاً أو على سفر فعدة من أيام أخر، يريد الله بكم اليسر، ولا يريد بكم العسر، ولتكملوا العدة ولتكبروا الله على ما هداكم ولعلكم تشكرون)[1] البقرة •

تەرجەمە :

ئەی ئەوانەی ئیمانیان هێناوە وەك لەسەر ئەنبیاو ئوممەتانی پێش ئێوە رۆژوویان لەسەر نووسراوەو فەرزکراوە ئێوەیش رۆژووتان لەسەر نووسراوە کە بیگرن [یەعنی مەڵێن بۆچی تەنها ئێمە ئەم بارە قورسەمان لێنراوە ؟ ئوممەتی پێش ئێوەیش ئەم بارەیان لێنراوە ، بارەکەتان (في الواقع) قورسە ئەمما هەمووی نانو پێخۆری خۆتانە پاشەکەوتی ئەکەن بۆ رۆژی تەنگانە کە برسیی‌و تینوو نەبن] بۆیێکتان رۆژوو لەسەر فەرز کراوە تا خۆتان لە گوناھ بپارێزن [چونکی زگ‌تێریی نەفس‌و ئارەزوو بە خەم ئەکا کە مەنشەئی هەموو شەڕێکن ، کە ئینسان خۆی برسیی‌و تینوو کرد نەفس‌و شەهوەت زەعیف ئەبن دەستەڵاتیان کەمەبێ بۆ گوناهکردن] ئەو رۆژووەی کە لەسەرتانە بیگرن وە نیە زۆر بێ چەند رۆژێکی کەمە هەڵژماردنی سووکە • ئەگەر لە ئێوە یەکێکتان نەخۆش بێ یا لەسەر سەفەر بێ [رۆژوو زەحمەتی پێ بدا رەمەزان نەگرێ کە چاك بۆوە ، یا لە سەفەر هاتەوە لە باتی ئەو رۆژانەی کە لەسەری فەرز بوەو نەیگرتوون] لە رۆژانی تر بە قەد ئەو رۆژانەی کە نەیگرتوە بەرۆژوو

(١) البقرة / ١٨٢ – ١٨٥ .

بێ • لەسەر ئەو کەسانەی کە ئەتوانن ڕۆژوو بگرن‌و نایگرن‌و فیدیە لازمە [کە صاعێکە لە غەیری گەندم ، نیو صاعە لە گەندم] ئەو فیدیە بکرێ بە طەعامی فەقیر [بۆ کوللی ڕۆژێ صاعێ ، بەوە ڕۆژووەکەی لەسەر لائەچێ] هەرکەسێ بە خێری خۆی زیاتر لە صـاع بدا ئەوە چاترەبێ بۆی • بەڕۆژووبوونتان ، ئەگەر فائیدەی ڕۆژوو بزانن‌و عەقڵتان بێ ، چاترە لە فیدیەدان لە زۆری‌و لە کەمی •

ئەو ڕۆژووانەی کە لەسەر ئێوە نووسراوە ئەییامی قەلیلەیە ، ڕۆژووی مانگێکە قورئانی تیا نازڵکراوە [لە شەوی (لیلة القدر)] قورئان هیدایەتە بۆ ئینسان ڕێی چاکەیان پێ‌نیشان ئەدا ، دەلائیلی هیدایەتی تیایە حەق‌و باطیل لێك جوێ‌ئەکاتەوە ، هەرکەسێ حازری ڕەمەزان بێ • لە ڕەمەزانا موقیم‌و ساغ بێ •• ڕەمەزان بگرێ • هەرکەسێ نەخۆش بێ یا لەسەر سەفەر بێ بە عەدەدی ئەو ڕۆژانەی کە لە نەخۆشییاو لە سەفەرا نەیگرتوە لە ڕۆژانی ترا ئەو ڕۆژوانە بگرێتەوە • [خوا ـ عز وجل ـ بۆیە ڕۆژووی لەسەر نووسیون‌و ، کە نەخۆش بوون‌و لەسەفەرا بن ڕوخصەتی داون کە نەیگرن لە پاشا بە قەد ئەوە بگرنەوە] چونکی خوا ـ عز وجل ـ ئیرادەی وا فەرموە کە ئیشتان لەسەر سووك‌و ئاسان بکا تەکلیفتان لەسەر گران نەکا • عەدەدی ڕەمەزانتان تەواو بکەن ، تەعظیم‌و تەکریمی خوا بکەن ، لەسەر ئەمە هیدایەتی داون لەسەر خێر ، لەسەر نیعمەتی ڕوخسەت‌و ئیش لەسەر سووککردن شوکری خوا بکەن •

٣١٨٧/١ ـ عن سلمة بن الأكوع ـ رضي الله عنه ـ أنه قال : كنا في رمضان على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من شاء صام ومن شاء أفطر ، فافتدى بطعام مسكين حتى أنزلت هذه الآية : (فمن شهد منكم الشهر فليصمه •••) [فنسخها • أخرى] م ـ ١٢٨/٥ •

تەرجەمە :

سەلەمەی کوڕی ئەکوەع - رضي الله تعـالى عنه - ئەفەرموێ : لـە رەمەزانا لە زەمانی پێغەمەرا - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - هەرکەســێ ئیرادەی بوایە بەڕۆژوو ئەبو ، هەرکەسێ ئیرادەی بوایە بەڕۆژوو نەئەبوو فیدیەی ئەدا تا ئایەتی (فمن شهد منكم الشهر) نازڵ بوو بەڕۆژوو نەبوون و فیدیەدان نەسخ بۆوە •

٣١٨٨/٢ - عن ابن أبي ليلى [قال] : حدثنا أصحاب محمد - صلى الله تعالى عليه وسلم - نزل رمضـــان فشق عليهم ، فكان من أطعم كل يوم مسكيناً ترك الصوم ممن يطيقه ، ورخص لهم في ذلك ، فنســختها : (وأن تصوموا خير لكم) فأمروا بالصوم ح - ٣٧٣/٣ •

تەرجەمە :

ئیبنو ئەبی لەیلا - رحمه الله - ئەفەرموێ : ئەصحابی محمد - صلى الله تعالى عليه وسلم - خەبەریان داومێ کە رەمەزان نازڵ بوو لەسەر ئەصحاب زەحمەتی بوو ، ئەوی لەوانەی ئەیتوانی رۆژوو بگرێ بـۆ کوللی رۆژێ تێر طەعامی دەرخواردی فەقیرێ بدایە روخصەتی بۆ درابوو کـــە رۆژوو تەرك بکا • ئایەتی (وأن تصوموا خير لكم) ئەو روخصەتەی نەسخکردەوە ، ئەمریان بە = رۆژووگرتن = پێکرا [ئەمما خەیرییەت مووجیبی نەســخ نیـــە] •

٣١٨٩/٣ - (أثر) قال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : ليست بمنسوخة ؛ هو الشيخ الكبير والمرأة الكبيرة لا يستطيعان أن يصوما فيطعمان مكان كل يوم مسكيناً ح - ٢٣/٧ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : نەسخ نەبۆتەوە ؛ پیاوی پیرەو ژنی پیر ، ناتوانن بەرِۆژوو بین بۆ کوللی رۆژێ فیدیە ئەدەن [ئەوەیش تەخصیصە بە بێ موخەصیص • تەئویلی زۆر لە عەقڵ دوورترینی لە جەلالەینا ئەفەرموێ : ئەتوانێ بە مەعنا ناتوانێیە • وەلحاصڵ ئەم فیدیەدانە حەڵنەکراوە نە نەسخی نە تەخصیصی • ئەمما بە ئیجماعو ظاهیری (فمن شهد منكم الشهر) رۆژوو فیدیەی نەسخکردۆتەوە] •

رۆژووی عاشوورا :

حەدیثی عاشوورا زۆرە ، مەئالی هەموویان یەکێکە کە لە پێشا فەرز بوە کە رەمەزان فەرز بوو لە عاشووراداا خەڵق موخەییەر کرا • سێچوار حەدیثێك لە عاشوورا ئەنووسم بەسەو کافیە •

٣١٩٠/٤ ـ **عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ** قالت : كانوا يصومون عاشوراء قبل أن يفرض رمضان ، وكان يوماً تستر فيه الكعبة ، فلما فرض الله رمضان قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من شاء أن يصومه فليصمه ، ومن شاء أن يتركه فليتركه ح ـ ٣/١٥١ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێش ئەمەدا رەمەزان فەرز بێ رۆژی عاشوورا بەرِۆژوو ئەبوون ، رۆژی عاشوورا رۆژێ بوو کەعبەیان تیا سەتر ئەکرد • کە خوا رەمەزانی فەرزکرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەوی هەوەسی یێنێ بیگرێ ، ئەوی هەوەسی یێنی تەرکی بکا •

عەطا لە نەخۆشیدا ئیفطاری ئەکردەوە ، حەسەنی بەصرییو ئیبراهیمی نەخەعیی فەرموویانە : ژنی شیردەرو حامیلە لە خۆیان یا لە منالّیان بترسـن ئیفطار بکەنەوە ، لـە پاشا بـە قەزای بکێڕنەوە • ئەنەسی کوڕی مـالیـك - رضي الله تعالى عنه - کە پیر بوو یەك دوو سالّ لە پێش وەفـاتیـا کوللی رۆژێ طەعامی مسکینێکی ئەدا : نانو ، گۆشتو ، کەشك ح - ۲۲/۷ •

۳۱۹۱/٥ - عن [عائشـــــة و] ابن عمر - رضي الله تعالى عنهم - [بعبـارة متقاربـة واللفظ لابن عمر - رضي الله تعـالى عنهما -] أن أهـل الجاهلية كانوا يصومون يوم عاشوراء ، وأن رسول الله - صـلى الله تعـالى عليه وسلم - صامه والمسلمون قبل أن يفترض رمضان ، فلما افترض رمضان قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إن عاشوراء يوم من أيام الله ، فمن شـــاء صامه ومن شـــاء تركه م - ١١٢/٥ ، ١١٣ • ح - ٢٣٢/٣ ، ح - ١٠/٣٤ عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - •

تەرجەمە :

ئەهلی جاهیلییەت رۆژی عاشـــوورا بەڕۆژوو ئەبوون ، پێغەمەریش - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەڕۆژوو ئەبوو ، موسوڵمانانیش بـەڕۆژوو ئەبوون ، لە پێش ئەمەدا کە رەمەزان فەرز بوو ، کـــە رەمەزان فەرز بوو پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : رۆژی عاشوورا رۆژێکە لـە رۆژان = ی خوا = هـەر کـەسێ هـەوەسی یێنێ بـەڕۆژوو بێ • هەر کەسێ هەوەسی یێنێ بەڕۆژوو نەبێ •

عن سلمة بن الأكوع [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : **بعث رسول الله** - صلى الله تعالى عليه وسلم - رجلا من أسلم يوم عاشوراء [ولفظ البخاري « أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بعث رجـلا ينادي في الناس يـوم

= عاشوراء = : أن من أكل فليتم أو [قال] فليصم ، ومن لم يأكل فلا يأكل ح ـ ٣/٣٥٢ » وهذا أوضح مما في مسلم] فأمره أن يؤذن في الناس : من كان لم يصم فليصم ، ومن كان أكل فليتم صيامه إلى الليل م ـ ٥/١٢[1] ، ح ـ ٣/٣٥٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژی عاشوورا پیاوێکی لە ئەسلەم نارد ئەمری پێ فەرموو کە بە ناو خەڵقا بانگ بدا : هەرکەسێ شتی خواردبێ ئیمساك بکا ، رۆژوەکەی تەواو کا ، هەرکەسێ شتی نەخواردبێ نەخواو بەرۆژوو بێ .

٧/٣١٩٣ ـ عن الربيع بنت معوذ قالت : أرسل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غداة عاشوراء إلى قرى الأنصار [التي حول المدينة . م] : من أصبح مفطرا فليتم بقية يومه ، ومن أصبح صائماً فليصم . قالت : فكنا نصومه بعد ، ونُصوِّم صبياننا [الصغار ، ونذهب بهم الى المسجد . م] ونجعل لهم اللعبة من العِهن [الصوف المصبوغ] فإذا بكى أحدهم على الطعام أعطيناه ذاك حتى يكون عند الإفطار ح ـ ٣/٣٨٠ ، م ـ ٥/١٢٠ .

تەرجەمە :

روبەییعی کچی موعەوویذ ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بەیانییێکی عاشوورا ناردیە دێهاتی = ئەنصاری = دەوری مەدینە کە بانگ بدەن : هەر کەسێ بە موفطیری رۆژی لێبوویێتەوە باقیەکەی تەواو بکا هیچ نەخوا ، هەرکەسێ بە

---

(١) ئەم حەدیثەم لە موسلیمدا نەدۆزیەوە . دانەریش ژمارەی بۆ دانەناوە .

بەڕۆژوویی رۆژی لێبوەتەوە ، یەعنی هیچی نەخواردبێ بەڕۆژوو بێ •
روبەییع - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : ئیتر ئێمە رۆژووی عاشوورامان ئەگرت ، بە منالە وردەکانیشمان ئەگرت ، لە لۆکەی رەنگاوڕەنگ شتێك کـە یاریی پێبکەن‌و پێوە بخلافین بۆمان دروست ئەکردن ، ئەمان‌بردنـە مزگەوت ، کە بگریاتایە بۆ خواردن ئەو لۆکەیەمان ئەدانە دەست تا وەختی ئیفطار •

عیبادەت بە منال‌کردن بۆ خاطری = ئەوە = ئولفەتی پێوەبگرن کـە گەورە بوون تەرکی نەکەن سوننەتە •

٨/٣١٩٤ - عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - [رسول الله • م - صلى الله تعالى عليه وسلم -] لما قدم المدينة وجدهم يصومون يوماً ، يعني يوم عاشوراء [فقال لهم رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ما هذا اليوم الذي تصومونه ؟ م] فقالوا : هذا يوم عظيم [صالح • أخرى] وهو يوم نجى الله فيه [بني إسرائيل من عدوهم • خ آخرى] موسى [وقومه • م] وأغرق آل فرعون فصام موسى شكراً لله [فنحن نصومه • م] فقال : أنا أولى بموسى منهم ، فصامه وأمر بصيامه ح - ٣/٤١١ ، ح - ٥/٣٧٥ ، م - ٥/١١٥ ، د ، ن• ریوایات بە عیباراتی موختەلیفە زۆرە ، ئەمە کافیە •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە تەشریفی هیجرەتی کرد بـۆ مەدینە جوولەکەکانی دی رۆژی عاشوورا بەڕۆژوو بوون ، فەرمووی : ئەم رۆژە چیە کە تیا بەڕۆژوو ئەبن ؟ عەرزیان‌کرد : ئـەوە رۆژێکی گەورەیە ، لەم رۆژەدا خوا مووساو قەومەکەی نەجات داوە ئالی فیرعەونی غەرق‌کردوە ، مووسا بۆ شوکری خوا بەڕۆژوو بوو = ئێمەیش ئەیگرین • پێغـەمـەر

ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێمە لە ئێوە لەپێشترین بە موسا ، جا خۆی رۆژووی عاشوورای گرتو = ، ئەمریشی فەرموو کە خەڵق بیگرن •

٣١٩٥/٩ ـ عن أبي موسى [رضي الله تعالى عنه] قال : كان أهل خيبر يصومون يوم عاشوراء يتخذونه عيداً ، ويلبسون نساءهم حليهم وشارتهم [جلی جوان] فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : = فصوموه أنتم = م ـ ١١٦/٥ واللفظ له ، ح ـ ٤١٢/٣ ، ن ، وليس فيه (الإلباس) •

تەرجەمە :

ئەهلی خەیبەر رۆژی عاشوورا بەڕۆژوو ئەبوونو ئەیانکرد بە جەژنو جلی جوانیان ئەکردە بەر ژنانیان خشڵیان پیا ئەکردن • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێوەیش بەڕۆژوو بن •

٣١٩٦/١٠ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : ما رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يتحرى صيام يوم فضله على غيره إلا هذا اليوم ، يوم عاشوراء ، وهذا الشهر ، يعني شهر رمضان ح ـ ٤١٢/٣ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : نەمدی کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ غەیری رۆژی عاشووراو مانگی رەمەزانی تەفضیل دابێ بەسەر رۆژی تراو زیاتری بەتەنگەوە بووبێ = بۆ رۆژوو تیایاندا = •

٣١٩٧/١١ ـ عن جابر بن سَمُرة [رضي الله تعالى عنهما] قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يأمر بصيام يوم عاشوراء ويحُثنا

علیه ؛ ویتعاهدنا عنده ، فلما فرض رمضان لم یأمرنـا ولم ینهنـا عنـه ولم یتعاهدنا عنده م – ٥/١١٤ •

تەرجەمە :

جابیری کوڕی ســـــەمورە – رضي الله تعـالی عنهما – ئەفەرموێ : پێغەمـەر – صـلی الله تعـالی علیـــه وسـلم – ئەمری پێ ئەفەرموین بـە بەرۆژووبوونی رۆژی عاشوورا ، تەرغیبو تەشویقی ئەکردین لەسـەریو لێیئەپرسینەوە • کە رەمەزان فەرز کرا نـە ئەمری پێکردین [یەعنی بـە ئەمری وجووبی] نە نەهی لێئەکردین = نـە = لە وەختی عاشـــووورادا تەحقیقی حاڵی ئەکردین •

١٢/٣١٩٨ – عبدالله بن عباس [رضي الله تعالی عنهما] یقـول : حین صام رسول الله – صلی الله تعالی علیه وسلم – یوم عاشوراء وأمر بصـــیامه قالوا : یا رسول الله إنه یوم تعظمه الیهود والنصاری • فقـال رســـول الله – صلی الله تعالی علیه وسلم – فإذا کان العام المقبل – إن شاء الله – صمنا الیوم التاسع • قال : فلم یأت العام المقبل حتی توفی رسول الله – صــلی لله تعـالی علیه وسلم – م – ٥/١١٨ •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – کە رۆژووی عاشوورای گرتو ئەمری بە رۆژووگرتنی کرد ، عەرزیانکرد کە : ئەوە رۆژێکە گاورو جوو تەعظیمی ئەکەن • فەرمووی : ســـاڵی دوایی بێ (إن شـــاء الله) رۆژی نۆیەمیش بەڕۆژوو ئەبم = ئەفەرموێ = : ســـــــاڵی دوایی نەهات تـا = پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – = وەفاتی فەرموو •

فضـــــل الصــــوم(١) :

٣١٩٩/١٣ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنــه ـ يقول : قــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : قال الله ـ عز وجل ـ : كــل عمل ابن آدم له إلا الصيام ، فإنه لي وأنا أجزي به ، والصيام جنة ، فإذا كان يوم = صوم = أحدكم فلا يرفث = يومئذ = ولا يسخب ؛ فإن سابه أحــد أو قاتله [أو شاتمه • خ] فليقل : إني امرؤ صــائم ، والذي نفس محمد بيــده لخلوف فم الصائم أطيب عندالله يوم القيامة من ريح المسك ، وللصـــــائم فرحتان يفرحهما : إذا أفطر فرح بفطره ، وإذا لقي ربه فرح بصـــــــومه م ـ ١٤١/٥ ، ح ـ ٣٣٣/٣ الى (للصائم فرحتان) م ـ ١٣٨/٥ •

وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : الصيام جنة فلا يرفث ولا يجهل ، وإن امرؤ قاتله أو شاتمه فليقل : إني صــائم (مرتين) • والذي نفسي بيده لخلـوف فم الصائم أطيب عند الله [يوم القيامة] من ريح المسك [يقول الله • مالك] يترك طعامه وشرابه وشهوته من أجلي ، الصيام لي وأنا أجزي به ، والحسنة بعشر أمثالها ح ـ ٣٣٣/٣ ، م ـ ١٣٨/٥ـ١٤٢ ريوايات متقاربة •

تەرجەمە : مەئالی هەردوو حەدیثەکە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : رۆژوو قەڵغــانــە [بۆ ئینسان لە گوناھ] کە وابێ ئینســـــــان شتی خراپ نەڵێ بە کەس ، جاهیڵێتی نەکا ، نەڕەنەڕ نەکا ، ئەگەر یەکێ شـــەڕی لەگەڵ کرد یا جوێنێ پێدا بڵێ : من بەڕۆژووم ، من بەڕۆژووم دووجار [یەعنی موقابەلەی نەکا ،

(١) گەورەیی رۆژوو •

ئەو قسەیەیش[1] بکا ، بەڵکو شەڕی لەگەڵا نەکەن ، قەسەم بـەو ذاتـەی نەفسم لە دەستی قودرەتیایە بۆنی دەمی ئینســـانی رۆژوەوان بە رۆژی قیامەتا لای = خوا = لە بۆنی میســـك خۆشترە [یەعنی بە حورمەتو ثەوابو مەقبوولترە] •

خوا - عز وجل - ئەفەرموێ : هەموو عەمەلی بەنی ئادەم بۆ خۆیەتی ، ئەمما رۆژووی بۆ منە من موکافاتی ئەدەمەوە [یەعنی بە بێ حیســـاب [حەسەناتی تر بە دە میثلە بۆی زیاد ئەکرێ تا حەوتصەد میثل [یەعنی رۆژوو وا نیـە] خوا - عز وجل - ئەفەرموێ : خۆراكو خواردنەوەو ئارەزووی خۆی بۆ من تەرككردوە • ئینسانی رۆژوەوان دوو فەرەحی هەیە : یەکێکی لـە وەختی ئیفطارکردنەوەدا [کـە ئـەو رۆژەی گـرتـوەو ئیفطـاری نێ کردۆتەوە] ، یەکێکی کە مولاقاتی بوو بە حوضـــووری خوا بە [ثەوابی زۆری] رۆژوەکەی فەرەحناك ئەبێ •

١٤/٣٢٠٠ - عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ما من عبد يصوم يوماً في سـبيل الله إلا باعد الله بذلك اليوم وجهه عن النار سبعين خريفاً م - ١٤٣/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەر کەسێ لە رێی خوادا رۆژێ بەڕۆژوو بێ خوا - عز وجل - رێی حەفتا پایز لـە ئاگــری جەهەنەمی دوورئەخاتەوە •

---

(1) ئەم وشەم باش بۆ نەخوێنرایەوە . دەبێ ئەوەیش بڵێم : دانەر - خ - لە سەرەتای باسی رۆژووەوە کەم کەمە هەڵەو لەبیرچوونی هەیە ، کە تـا ئێستە وام نەدیوە . ئومێدەوارم درێژەدار نەبێ .

ئەم تەعبیرە تەمثیلەو موبالەغە لە مەحفووظبوونیدایە •

١٥/٣٢٠١ ـ عن سهل [بن سعد الساعدي] ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = قال = : إن في الجنة باباً يقال له : الريان ، يدخل منه الصائمون يوم القيامة ، لا يدخل منه أحد غيرهم ، يقال : أين الصائمون فيقومون [فيدخلون • م] لا يدخل منه أحد غيرهم ، فإذا دخلوا أغلق فلم يدخل منه أحد ح ـ ٣٣٥/٣ ، م ـ ١٤٣/٥ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : لە بەهەشتا دەرگایێ هەیە ناوی رەییانە [یەعنی تێراو] لەو دەرگایە ئینسانی رۆژووداری لێ ئەچێتە ژوورێ لە رۆژی قیامەتا ، غەیری ئەوان کەسی تری لێ ناچێتەژوورێ ، بانگ ئەکرێ : رۆژووەوان لە کوێن ؟ هەموو هەڵەستن ئەچنە ژوورێ ، کە هەموویان چوونو دوایی‌یان هات دەرگاکە دائەخرێ ئیتر کەسی تری لێ‌ناچێتە ژوورێ •

[کە مردم بە خوا هیچ تاقەتم نیە تا رۆژی قیامەت ، کە خوا ئەزانێ کەی ئەبێ ، صەبرکەم • (إن شاء الله) چوونەقەبرمانو چوونەبەهەشتمان یەك ئەبێ • بەدەن ئەچێ ناچێ کەیفی خۆیەتی با بمێنێتەوە تا حەشر • توو خوا وا نیە ؟ بەڵێ وەڵلا !] •

١٦/٣٢٠٢ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من أنفق زوجين [من أي شيء كان] في سبيل الله نودي من أبواب الجنة : يا عبدالله هذا خير • فمن كان من أهل الصلاة دعي من باب الصلاة ، ومن كان من أهل الجهاد دعي من باب الجهاد ، ومن كان من أهل الصيام دعي من باب الريان [وعند أحمد : لكل أهل عمل باب يدعون منه

بذلك العمل ، فلأهل الصيام باب يدعون منه يقال له : الريان [ومن كان من أهل الصدقه دعي من باب الصدقه • فقال أبو بكر ـ رضي الله تعالى عنه ـ : بابي أنت وأمي يا رسول الله [وفي أخرى من مسلم : فقال ابو بكر [رضي الله تعالى عنه] : يا رسول الله ذاك الذي لا توى عليه [أي لا هلاك عليه [م ـ ٤/٤١٠] ما على من دعي من تلك الأبواب من ضرورة [ضرر] فهل يدعى احد من تلك الابواب كلها ؟ قال : نعم وأرجو أن تكون منهم ح ـ ٣/٣٣٥ ، م ـ ٤/٤٠٩ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ جووتێ ـــت [هەرچێێ بێ کەم بێ یا زۆر] ئینفاق بکا لە ڕێی خوادا لە هەموو قاپیی بەهەشـــــتەوە بانگئەکرێ : ئەی عەبدوڵلاّ ئەمە خێرێکە کە کراوە • هەرکەسێ لە ئەهلی نوێژ بێ لە دەرگای نوێژەوە بانگ ئەکرێ ، هەرکەسێ لە ئەهلی جیهاد بێ لــە دەرگای جیهادەوە بانگ ئەکرێ ، هەرکەسێ لــە ئەهلی ڕۆژوو بێ لــە دەرگــای ڕەییانــەوە بانگئەکــرێ ، هەرکەسێ لــە ئەهلی صەدەقە بێ لە دەرگای صەدەقەوە بانگ ئەکرێ [وەلحاصڵ دەرگا هەر ئەوەندە نیە ، بە قەدەر ئەعمالی خێر دەرگا هەیە ، هەرکەسێ کام ئەعمالی خێری زۆرو غالب بێ لەو دەرگایەوە بانگ ئەکرێ • تەماشـــای قەسطەلانیی کە] ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ: (يا رسول الله) باوکو دایکم بە فیدات بێ هیچ زەرەر هەیە لەسەر کەسێ کە لە هەموو دەرگاکانەوە بانگ بکرێ [یەعنی کە هەموو عەمەلێکی باشی زۆر بێ] ئایا کەس لە هەموویانەوە بانگ ئەکرێ ؟ فەرمووی : بەڵێ ئومێدم هەیە تۆ لەوانە بی •

فەقەط ئینســـــــان دیـارە هەر لە یەکێکیانەوە ئەچێتە ژووریْ ئەو بانگکردنە لە هەموو لایێکەوە بۆ ئیکرامو ئیحتیرامە •

١٧/٣٢٠٣ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا دخل رمضان فتحت أبواب [الرحمة • م] السماء [الجنة • أخرى خ] وغلقت أبواب جهنم ، وسلسلت [وصفدت • م] الشياطين ح ـ ٣/٣٣٧ ، م ـ ٥/٥٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە رەمەزان هـات دەرگای ئاسمان ، رەحمەت ، بەهەشـــــــت هەموو ئەکرێنەوە ، دەرگای جەهەننەم دائەخرێ ، شەیتانان پێوەندو زنجیر ئەکرێن [موراد لە دەرگای بەهەشتو جەهەننەمو پێوەند چیە ؟ ظاهیر وایـە (والله أعلم) موراد لـەو دەرگای بەهەشتە ئەو دەرگایانە بێ کە لە حەدیثەکەی پێشـــەوە بـەیـانی فەرموو ، کە نوێژەو رۆژوەو زەکاتو سائیری ئەعمالی صالیحەن • ئینسان لە رەمەزانا قولی لێ هەڵەکا بۆ ئەنواعی عەمەلی خێر (کأنه) قاپی بەهەشتی کردۆتەوە ، کە خۆی لە گوناه مەنع کرد (کأنـه) دەرگای جەهەنـــەمی لـە خۆی داخستوە ، کە ئەوانەی کرد (کأنه) شەیاطینی پێوەند کردوە ، زۆر ئیشی خراپەی پێ ناکەن • یەعنی لە رەمەزانا ئەعمالی چاکە ئەکاو خۆی لـە خراپە مەنع ئەکا ، بەو واسیطەیە لە ئاخیرەتا ، یا کە مرد دەرکی بەهەشتی بۆ ئەکرێتەوەو دەرکی جەهەنەمی لێ پێوەئەدرێ • گینـا بـە من چی هەموو ساڵێ دەرکی بەهەشت بکرێتەوەو نەچمە ناوی ؟ (والله أعلم) تەماشـــای قەسطەلانیو نەوەویش بکە • ئەم حەدیثەی دواییش وا ئەگەیێنێ] •

١٨/٣٢٠٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من لم يدع قول الزور والعمل به فليس لله حاجة في أن يدع طعامه وشرابه ح ـ ٣/٣٤٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئینســـان ئەگەر قسەی خراپو عەمەلپێکردنی تەرك نەكا خوا موحتاج نیە کـە نانو ئاوی تـەرك بكا • یەعنی خوا ـ عـز وجـل ـ قیمەت نـادا بـە نـاننەخواردنو ئاونەخواردنەوەیو ثەوابی ناداتێ • گینا خوا بە چ شتێکی ئێمە ، یا بە چ شتێ بە کام مەلائیکەو موقەڕڕەبێ ئیحتیاجی هەیە ؟ هـەر ماســـیوا بەو موحتاجە • مەقصەد لەو رۆژووی ئێمە ئیصلاحی حالی ئێمەو چڵکی گوناه لە خۆمان شتنو جلی جوانی تەقوا لەبەرکردنە بۆ رۆژی حوضوور •

عـەلامـەتی دوخـولو خورووجی رەمەزان حەدیثی زۆرە ، چـوار پێنجێکی کافیە ، بە مەئال هیچ فەرقیان نیە :

١٩/٣٢٠٥ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : إنا أُمَّةٌ أميَّةٌ لا نكتب ولا نحسُب ، الشهر هكذا وهكذا [فسره الراوي] يعني مـرة تســـعة وعشرين ومـرة ثلاثين ح ـ ٣/٣٤٦ ، م ـ ٥/٥٤ ، د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئێمە ئوممەتێـکی نەخوێندەوارین [وەك چۆن لەدایك بووین واینە ؛ فێری خەتو خوێنـدن نەکراوین] نە نووسین ئەزانینو ئەنووسین ، نە نوجوومیش ئـەزانین بـە نوجووم حساب راگرین • مانگ وایەو وایە ، یەعنی مانگێ بیسـتو نۆو مانگێ سی •

٣٢٠٦/٢٠ ـ وعنه قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إذا رأيتموه فصوموا ، وإذا رأيتموه فأفطروا ، فإن غم عليكم فاقدروا له قدرا ح ـ ٣٣٨[1] = م ـ ٥١/٥ = •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کە چاوتان بە مانگ کەوت بەڕۆژوو بن ، کە چاوتان پێکەوت ئیفطار بکەنەوە • یەعنی بیکەن بە جەژن • لەسەرتان بوو بە هەور بۆی فەرز بکەن بە سی [یەعنی رۆژی سییەمیش پێ‌بن ئەمجا بیکەن بە جەژن] •

٣٢٠٧/٢١ ـ وعنه أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذكر رمضان فضرب بيده ، فقال : الشهر هكذا وهكذا وهكذا ثم [خنس• أخرى] عقد إبهامه في الثالثة فصوموا لرؤيته ، وأفطروا لرؤيته ، فإن أغمي عليكم فاقدروا له ثلاثين م ـ ٥٢/٥ ، ح ـ ٣٤٣/٣ ، ن • وعن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أيضاً ، وقال : فإن غبي عليكم فأكملوا عدة شعبان ثلاثين ح ـ ٣٤٤/٣ ، م ـ ٥٥/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ قسەی لە رەمەزان فەرموو هەردوو دەستی دا بە یەکا فەرمووی : مانگ ئەوەندەیەو ، ئەوەندەیە دوو دەفعە بە هەردوو پەنجەی موبارەکی ، لە دەفعەی سێیەما پەنجەی گەورەی نوشتانەوە [یەعنی دەو دەو نۆ ، بیستو نۆ] کە چاوتان پێکەوت بەڕۆژوو بن ، کە چاوتان پێکەوت رۆژووتان بشکێنن ، بیکەن بە جەژن • ئەگەر

---

(١) دانەر ئەم ژمارەی بە هەڵە نووسیوە ، ئەم ریوایەتەی لە موسلیم وەرگرتوە .

هەوری لێ‌کردن عەدەدی شەعبان بکەن بە سی تەواو [یەعنی بۆ جەژنیش بۆ هەموو حسابێکتان وا بکەن] •

٣٢٠٨/٢٢ ـ عن أم سلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ آلى من نسائه شهراً ، فلما مضى تسعه وعشرون يوماً غدا أو راح [والشك من الراوي] فقيل له : إنك حلفت أن لا تدخل شهراً ؟ فقال : إن الشهر يكون تسعة وعشرين يوماً ح ـ ٣٤٤/٣ ، م ـ ٦/٥ ، ن ، جه ويأتي في الإيلاء (إن شاء الله تعالى) •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە ئەزواجی طاهیرات رقی هەڵسا ، سوێنی لێ خواردن تا مانگێ نەچێ بەلایانا ، کـە بیست‌و نۆ رۆژ رابورد ئێوارێ یا بەیانی تەشریفی چوە لای عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ عەرزی‌کرا : تۆ سوێنت خوارد کە مانگێ نەچیە لایان ئەمە بیست‌و نۆ رۆژە ؟ فەرمووی : مانگ بیست‌و نۆ رۆژ = ئەبێ = •

٣٠٩/٢٣ ـ عن أبي بكرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : شهران لا ينقصان ؛ شهرا عيد : رمضان ، وذو الحجة م ـ ٦٣/٥ ، ح ـ ٣٤٥/٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = فەرمووی = : دوو مانگ هەردووکیان بە یەکەوە نوقصان نابن [یەعنی هەرکامێکیان نوقصان بێ لە سیی رۆژ ئەوی تر سیی تەواو ئەبێ] : دوو مانـگی جەژنی رەمـەزان‌و ، (ذو الحجة) •

ڕۆژووی کەراهەت یا حەرام :

٢٤/٣٢١٠ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه قال : لا يتقدمن أحدكم رمضان بصوم يوم أو يومين إلا أن يكون رجل كان يصوم صومه فليصـــم ذلك اليوم م ـ ٥/٥٨[1] ، ح ـ ٣/٣٤٦ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : هیــچ کەس بـە ڕۆژێ یا بە دوو ڕۆژ لە ڕەمەزان پێش نەکەوێ ، بڵێ : مەبادا ڕەمەزان بێ ، مەگەر پیاوێ کە عادەتەکەی تەصادوفی ئەو ڕۆژانە بکا ، ئــەو وەختــە پێ بێ • مەثەلا : (أيام البيض ، أيام السود)[2] عادەتی بوە ، یا شەعبان گرتن عادەتی بووبێ ئەو وەختە زەرەری نیە •

[حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بەعزێ خەڵق لە پێش پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەســـتیان ئەکـــرد بـە بەڕۆژووبوون لە پێش ڕەمەزانا • خوا ـ عز وجل ـ ئەو ئایەتەی نازڵ کرد کە ئەفەرموێ : لە ئەووەڵ ئایاتی (حجرات)ا : ئەی ئەوانەی ئیمانتان هەیە مەکەونە بەردەمی خواو پێغەمەرەوە ، لێیان پێش‌مەکەون ، تەقواتان لـــە خوا ببێ (البتة) خوا سەمیعو عەلیمە بەوەی ئەیڵێنو ئەیکەن • القسطلاني عن الطبراني] ئەگەر وایش بێ بۆ هەموو شتێك وایە کە ئینسان نابێ لـە

(١) ئەم ڕیوایەتەم لە موسلیمدا نەدۆزییەوە .

(٢) (أيام البيض وأيام السود) مەبەست ڕۆژانێکە کە شەوەکانیان ڕووناك یا تاریك بێ ، وەك (أيام البيض) مەبەست ڕۆژانی سیازدەو چواردەو پازدەی مانگە کە مانگ تیایانا شەوەکان ڕووناك ئەکاتەوە .

هیچ شتێکا دەستپێشکەریی بکا لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەرچی نەفەرموویێ نابێ بکرێ •

٣٢١١/٢٥ ـ عن جويرية بنت الحرث ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل عليها يـوم الجمعة وهي صائمة • فقال : أَصُمتِ أمس ؟ قالت : لا • قال : أتريدين أن تصـــومين غداً ؟ قالت : لا • قال : فأفطري ح ـ ٣/٤٠٢ ، م ـ ٥/١٢٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ڕۆژی جومعە تەشریفی ئەچێتە لای جوەیریە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ کـە تێ ئەفکرێ بەڕۆژوو ئەبێ • ئەفەرموێ : دوێنێ پێ بووی ؟ عەرزی ئەکـا : خەیـر • ئەفەرموێ : ئێنت هەیە سبەینێ پێ بی ؟ عەرزی ئـەکـا : خەیـر • ئـەفـەرموێ : کــە وابێ بیشکێنە •

٣٢١٢/٢٦ ـ أبو هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قـال : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا يصومن أحدكم يوم الجمعة إلا يوماً قبله أو بعده ح ـ ٣/٤٠٢ ، م ـ ٥/١٢٦ ، جه • وعن جابر ـ رضـــي الله تعالى عنه ـ رواية النهي م ـ ٥/١٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ڕۆژێ لە دواوە یا لە پێشەوە بەڕۆژوو نەبێ کەس تەنها ڕۆژی جومعە بەڕۆژوو نەبێ •

٣٢١٣/٢٧ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : لا تختصوا ليـلة الجمعة بقيام من بين الليالي ،

ولا تخصوا يوم الجمعة بصيام من بين الأيام إلا أن يكون في صوم يصومه أحدكم م ـ ٥/١٢٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەفەرموێ : هیچ کامتان بە خوصووصی شەوی جومعە لە بەینی شەوانی ترا تەخصیص مەکەن بە شەونوێژەوە ، رۆژی جومعەیش لە بەینی رۆژانی ترا تەخصیص مەکەن بە رۆژووەوە مەگەر لە رۆژوویێکا بێ کە ئەیگرن [مەثەلا وەك صەومی داوودی کە بەر جومعە کەوێ] •

رۆژی جەژن بەرۆژووبوون :

٣٢١٤/٢٨ ـ عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : نهى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [عن صيام يومين • م] : صوم يوم الفطر والنحر ، وعن الصمّاء ، وأن يحتبي الرجل في ثوب واحد ، وعن صلاة بعد الصبح والعصر ح ـ ٣/٤٠٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نەهی فەرموە لە رۆژووی رۆژی جەژنی رەمەزانو جەژنی قوربان ، لەوەیش کە جلێ سەرتاپا لە خۆیەوە بپێچێ رێی نەبێ دەستی لێبێنێتەدەرێ • یا لە تەنها جلێکا لەسەر لاتە سمتی دابنیشێ ئەژنۆی هەڵنێ کە فەرجی دانەپۆشێ • لە نوێژکردن لە دوای نوێژی سبەینێ تا رۆژ بەرزئەبێتەوە ، لە نوێژکردن لە دوای نوێژی عەصر تا رۆژ ئاوا ئەبێ •

٣٢١٥/٢٩ ـ عن عائشة وأبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نهى عن صيام يومين : يوم الأضحى ويوم الفطر م ـ ٥/١٢٣ ، واللفظ للثاني •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ نەهی فەرموە لە رۆژووی = رۆژانی = جەژنی قوربانو رەمەزان •

٣٢١٦/٣٠ ـ كانت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تصــوم أيام منى [أي أيام التشريق بمنى] وكان أبوها يصومها ح ـ ٤٠٧/٣ •

تەرجەمە :

عیشەو ئەبوبەکر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەییامی تەشریق(١) لـە مینادا بەرۆژوو ئەبوون •

٣٢١٧/٣١ ـ عائشة وابن عمر ـ رضـي الله تعـالى عنهم ـ قالا : لـم يرخص في أيـام التشـــريق أن يُصَمن إلا لمن = لـم = يجــد الهـدي ح ـ ٤٠٧/٣ •

تەرجەمە :

عایشەو ئیبنوعومەر ـ رضـي الله تعـــالى عنهم ـ ئەفەرموون : ئیذن نەدراوە کە لە ئەییامی تەشریقا بەرۆژوو بێ بۆ غەیری ئەوەی کـــە هەدیی نەبێ کە لە قیرانی حەجو عومرەدا سەری ببرێ •

٣٢١٨/٣٢ ـ عن نبيشة الهذلي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أيام التشريق أيام أكل وشرب • وفي رواية : وذكر الله م ـ ١٢٥/٥ •

تەرجەمە :

ئەییامی تەشریق رۆژی خواردنو خواردنەوەو ذیکری خوایە •

---

(١) مەبەست لە ئەییامی تەشریق سێ رۆژی دوای جەژنی قوربانە •

٣٢١٩/٣٣ ـ عن كعب بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعثه وأوس بن الحدثان أيام التشريق فنادى : أنه لا يدخل الجنة إلا مؤمن ، وأيام منى أيام أكل وشرب م ـ ٥/١٢٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کەعبی بنی مالیكو ، ئەوسی بنی حەدثانی لە ئەییامی تەشریقا نارد بانگیان دا : کە موئمین نەبێ ناچێتە بەهەشت ، ئەییامی مینا کە ئەییامی تەشریقە رۆژی خواردنو خواردنەوەیە •

٣٢٢٠/٣٤ ـ عن عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [أسلم عام خيبر] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنه سأله أو سأل رجلاً [شك مطرف] وعمران يسمع ، فقال : يا أبا فلان أما صمت سرر [شعبان • م] هذا الشهر [أي آخره لاستتار القمر فيها] ؟ قال [أبو نعمان الراوي] : أظنه قال يعني رمضان ، قال الرجل : لا يا رسول الله • قال : فإذا أفطرت فصم يومين • لم يقل الصلت أظنه يعني رمضان =ح ـ٣/٤٠٠=•

٣٢٢١/٣٥ ـ وعن مطرف عن عمران عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من سرر شعبان ح ـ ٣/٤٠٠ ، وشعبان أصح لأن رمضان كله فرض م ـ ٥/١٦٥ ، د ، ن • وفي روايات مسلم كلها سرر شعبان •

تەرجەمە :

عیمرانی کوڕی حوصەین ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە عیمرانی پرسی ، یا لە پیاوێکی پرسی عیمران ئەیبیست ، فەرمووی : ئەی ئەبوفلان تۆ لە ئاخری ئەم مانگەدا ، یەعنی ئاخری مانگی شەعبان ، بەڕۆژوو نەبووی ؟ عەرزیکرد :

خەیر • فەرمووی : کە لە رەمەزان ئیفطارت‌کردەوە [دوای جـەژن] دوو رۆژ بەڕۆژوو بە •

ئەو پیاوە ، یا عیمران ، ئەبێ عادەتی بووبێ کە (أیـام البیض وأیـام السود) بەڕۆژوو بووبێ ، کە وابێ مونافیی نیە لەگەڵ حەدیثەکەی پێشوو کە فەرمووی : کەس بە رۆژێ یا بە دوو رۆژ لـە رەمەزان پێش‌نەکەوێ • (من القسطلاني) •

٣٢٢٢/٣٦ ـ عن أبي قتادة [رضي الله تعـالى عنـه] رجل أتى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : كيف تصوم ؟ فغضب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من قوله • فلما رأى عمر [رضي الله تعالى عنه] غضبه قال : رضينا بالله ربا ، وبالإسلام دينا ، وبمحمد [صلى الله تعالى عليه وسلم] نبيا ، [وببيعتنا بيعة • أخرى م] نعوذ بالله من غضب الله وغضـب رسوله ، فجعل عمر يردد هذا الكلام حتى سكن غضبه • فقال عمر [رضي الله تعـالى عنه] : يا رسول الله كيف بمن يصوم الدهر كله ؟ قال : لا صام ولا أفطر ، أو قال : لم يصم ولم يفطر • قال : كيف من يصوم يومين ويفطر يوماً ؟ قال : ويطيق ذلك أحد ؟ قال : كيف من يصوم يوماً ويفطر يوماً ؟ قال : ذلك صوم داود ـ عليه السلام ـ قال : كيف من يصوم يوماً ويفطر يومين ؟ قال : ودِدت أني طُوِّقت ذاك • ثم قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ثلاث من كل شهر ، ورمضان الى رمضان، فهذا صيام الدهر كله ، وصيام يوم عرفة أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله والسنة التي بعده ، وصـيام يـوم عاشوراء أحتسب على الله أن يكفر السنة التي قبله م ـ ٥/١٦٢ •

٣٢٢٣/٣٧ ـ وفي أخرى[1] مثلها [في كل منها قال ، وسئل] قـال : وسئل عن صوم يوم الإثنين • قال : ذاك يوم ولدت فيه ، ويوم بعثت أو أنزل

(١) دانەر ـ خ ـ ئەم ریوایەتەی کەمێك دەسکاری‌و کورت کردۆتەوە •

علي ً فيه • قال مسلم : وفي هذا الحديث من رواية شعبة قال : وسئل عن صوم يوم الإثنين والخميس فسكتنا عن ذكر الخميس لما نراه وهما م - ٥/١٦٢ •

تەرجەمە :

پیاوێ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـی پرسیی : تۆ چۆن بەرۆژوو ئەبێ ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو سوئالە عەضەبی هەلسا • ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ کە وای دی فەرمووی : بە رەبووبیەتی خوا ، بە دینی ئیسلامو ، بە پێغەمەرێتی محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و بە بەیعەتمان رازین ، پەنا بە خوا ئەگرین لە غەضەبی خواو رەسوڵی خوا •• ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ هەر ئەم کەلامەی تیکرار ئەکردەوە تا تەسکینی غەضەبی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هات • ئەمجا خۆی عەرزیکرد : (یا رسول الله) چۆنە کەسێ کە بە دەوام بەرۆژوو بێ ؟ فەرمووی : ئەو کەسە نە بەرۆژوو بوەو نە ئیفطاری کردۆتەوە ! یەعنی هیچ ثەوابی نیە ، یا دۆعای لێکردوە ئەو کەسە نە بەرۆژوو بێو نە ئیفطار کاتەوە • عەرزیکرد : یەکێ دوو رۆژ بەرۆژوو بێو رۆژێ ئیفطار کاتەوە ؟ فەرمووی : بۆ کەس ئەوە ئەتوانێ ؟ عەرزیکرد : رۆژێ پێبێو رۆژێ پێنەبێ ؟ فەرمووی : ئەوە رۆژووی داوودە ـ عليه السلام ـ عەرزیکرد : یەکێ رۆژێ پێبێو دوو رۆژ پێنەبێ ؟ فەرمووی : حەزم ئەکرد کە ئەوەم بتوانیایە •

[عەرزی کرا : رۆژی دووشەنبە چۆنە ؟ فەرمووی : لەو رۆژەدا بەوەلەد بووم ، لەو رۆژەدا نێرراوم یا قورئانم بۆ نازڵ کراوە • أخرى م]
لە پاشا فەرمووی : سێ رۆژ لە کوللی مانگێکو رەمەزانو رەمەزان رۆژووی دەهرە • رۆژووی عەرەفە ئومێدم لای خوا وایە ئەبێ بە کەفارەتی

گوناهی ساڵێکی پێشوو ساڵێکی پاشووی • رۆژووی عاشـــوورا ئومێدم لای خوا وایه که ببێ به کەفارەتی ساڵی پێشووی •

لەم حەدیثەدا له ریوایەتی شـــوعبەدا رۆژی پێنشـــەمەیشی لەگەڵ دووشەمەدا ذیکرکردوه • موسلیم ئەفەرموێ : ئەوه غەڵەطه ؛ چونکی بـۆ دوو شەمه فەرموویەتی : تیا بوومو ، تیا نێرراوم ، له پێنجشەمەدا ئەوه نیەو بەیانی شتی تریشی بۆ نەکردوه • قازی عەیاض ئەڵێ : لازم ناکا لەمــه کـه وەلادەتو بەعثەت له پێنج شەمەدا نەبووبێ ، ریوایەتەکەی شوعبه غەڵەط بێ • نەوەویی ئەم قسەی قازییەی تەصویب کردوه [ذیکری پێنجشـــەمه ئەگەر چی هیچ بەیانی فەضیلەتی تیا نـەکـراوه لـه موقارەنـەی لـەگەڵ دووشەنبەدا فەضیلەت بۆ ئەویش به موجمەلیی ئیستیفاده ئەکرێ • ئەمــه ئەهوەنتره له نیسبەتدانی شـــوعبه که عەدلەو مەوثووقو ضابیطه ئەلای غەلەط (والله أعلم)] •

صـــوم محـــرم(١) :

٣٨/٣٢٢٤ - عن أبي هريرة - واللفـظ له - وأبي أيوب [رضي الله تعالى عنهما] قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أفضـــل الصيام بعد رمضان شهر الله المحرم ، وأفضل الصلاة بعد الفريضة صلاة الليل [الصلاة في جوف الله • أخرى] م - ٥/١٦٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : له دوای رەمەزان به فەضلترینی رۆژوو رۆژووی مانگی موحەڕەمه ، به فەضلترینی نوێژ دوای فەرز نوێژی شەوه •

---

(١) رۆژووی مانگی موحەڕەم •

٣٢٢٥/٣٩ - عن أبي أيوب الأنصاري - رضي الله تعالى عنه - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : من صام رمضان ثم أتبعه ستاً من شوال كان كصيام الدهر م - ٥/١٦٢ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ رەمەزان بەرۆژوو بێ و شەش رۆژیش لە شەووال بەشوێنیا بنێرێ وەك رۆژووی[1] دەهری گرتبێ وایە [چونکی ئەقللی ثەواب یەك بە دەیە ٣٦×١٠=٣٦٠] .

معاذة[2] العدوية سألت عائشة [رضي الله تعالى عنها] = زوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أكان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يصوم من كل شهر ثلاثة أيام ؟ قالت : نعم . فقلت لها : من أي أيام الشهر كان يصوم ؟ قالت : لم يكن يبالي من أي أيام الشهر يصوم م - ٥/١٦٠ .

تەرجەمە :

مەعاذەی عەدەوییە - رحمها الله تعالى - لە حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها -ی پرسیی : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە کوللی مانگێ سێ رۆژ بەرۆژوو ئەبوو ؟ فەرمووی : بەلێ . عەرزی‌کرد : لە کام رۆژیانا بەرۆژوو ئەبوو ؟ فەرمووی : موبالاتی نەکردوە لە هەر کامێکیانا بووبێ [یەعنی رۆژی موعەییەنی نەبوە] .

رۆژووی عەبدوللای بنی عەمری بنی عاص - رضي الله تعالى عنهما - :

حادیثەیێکە ئەحادیثی موتەقاریبەی مەئالیەکی زۆرە ، بەعزێکی کافیە :

---

(١) وەك سالێ بەرۆژوو بووبێ .

(٢) دانەر - خ - ژمارەی بۆ ئەم حەدیثە دانەناوە .

٣٢٢٦/٤٠ ـ مجاهد عن عبدالله بن عمرو [رضـي الله تعـالى عنهما] قال : أنكحني أبي امرأة ذات حسب ؛ فكان يتعاهد كَنَّتَه [زوجه ابنه] فيسألها عن بعلها ، فتقول : نعم الرجل من رجل ؛ لم يطأ لنـا فراشا ، ولـم يفتش لنا كَنَفا مـذ أتينـاه [وعنـد أحمـد : فأقبل عليَّ يلومني : فقال : أنكحتك امرأة من قريش فعضلتها !] فلما طال ذلك عليه ذكر [ذلك] للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : القَني به ، فلقيته بعد • فقـال : كيف تصوم ؟ قال : كل يوم • قال : وكيف تختم [القرآن] ؟ قـال : كـل ليلة • قال : صم في كل شهر ثلاثة ، واقرأ القرآن في كل شهر • قال : قلت : أَطيق أكثر من ذلك • قال : صم ثلاثة أيام في الجمعة • قال : قلت : أُطيق أكثر من ذلك • قـــال : أفـطر يومين وصم يوماً • قال : قلت أطيق أكثر من ذلك [الظاهر هذا أولَ الأول لأنه أخف منه] قال : صم أفضل الصوم صـــوم داود : صيام يوم ، وإفطار يوم • واقرأ في كل سبع ليال مرة • فليتني قبلت رخصة رســـول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ وذاك أني كبِرت وضعفت ! وكان يقرأ على بعض أهله الســـبع من القرآن بالنهار ، والذي يقرأه [أي بالليل] يعرضه من النهار ليكون أخف عليه بالليل • وإذا أراد أن يتقوى أفطر أياماً وأحصى ، وصام مثلهن كراهية أن يترك شـيئاً فـارق النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = عليه = ح ـ ٧/٤٧٣ •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص ـ رضـي الله تعـالى عنـــه ـ ئەفەرموێ : باوکم کچێکی صـــاحێب حەسەبی لێ مارەکردم • بـاوکـم جارجارێ سەری بووکەکەیی ئەدا ئەحواڵی مێردەکەیی لێ ئەپرســـــی • لە جوابیا پێی‌ئەوت : عەبدوڵڵا چ پیاوێکی باشە ؟ پێی نەناوەتە ســـــەر فەرشمان ، پەردەی لەســـــەر لانەداوین [یەعنی لەگەڵما نەنوســـتوە •

عەبدوللاّ ئەفەرموێ : باوکم طەعنەی لێ ئەدام • فەرمووی : کچە قورەیشییەکم لێ مارەکردووی کەچی حەقی ژنو مێردیی لەگەڵ بەجێ ناهێنێ !] کە ئەم حاڵە طوولی کێشا لەسەر عەمر چوو عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : مولاقاتمان پێ بکە • مولاقاتم لە خزمەتیا بوو فەرمووی : چۆن بەڕۆژوو ئەبێ ؟ عەرزمکرد : هەموو ڕۆژێ • فەرمووی : قورئان لە چەندا خەتم ئەکەی ؟ عەرزمکرد : هەموو شەوێ • فەرمووی : مانگی سێ ڕۆژ بەڕۆژوو ببەو خەتمێ بکە • عەرزمکرد : زیاتر ئەتوانم • فەرمووی : دوو ڕۆژ بخۆو ڕۆژێ پێبە • عەرزمکرد : زیاتر ئەتوانم • فەرمووی : کوللی هەفتەیێ سێ ڕۆژ بەڕۆژوو بە • عەرزمکرد : زیاتر ئەتوانم • فەرمووی : ئەفضەلی ڕۆژوو بگرە کە ڕوژووی داوودە ـ علیه السلام ـ : ڕۆژێ پێبەو ڕۆژێ بخۆ ، قورئانیش بە حەوت شەو جارێ خەتم بکە •

عەبدوللاّ ـ رضي الله تعالی عنه ـ فەرمووی : کاشکی ڕوخصەتی پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قەبووڵ بکردایە ، وا ئێستە پیرو زەعیف بووم ! موجاهید ئەفەرموێ : لە ئاخریا (سوبعی)[1] قورئانی بە ڕۆژ بۆ بەعزێ لە عەیالی ئەخوێند ، بۆ خاتری = ئەوەی = بۆ شەوی سووك بێ • کە ئیرادەی بوایە قووەتی ببێ بۆ ڕۆژوو چەند ڕۆژێکی ئەخوارد ئەیژمارد ، لە پاشا بە قەزای ئەگێڕایەوە مەبادا شتێك لەوە تەرك بکا کە لەسەری لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ جوێ بۆتەوە •

٣٢٢٧/٤١ ـ أبو سلمة ـ رحمه الله تعالی ـ عبدالله بن عمرو بن العاص [رضي الله تعالی عنهما] قال : كنت أصوم الدهر وأقرأ القرآن كل

---

(١) سوبع : حەوتیەك ، واتە : بەشێك لە حەوت بەشی قورئان ، یان یەك لەسەر حەوتی قورئانی •

ليله . قال : فإما ذكرت للنبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - وإما أرســل إلي . فأتيته . فقال لي : ألم أخبَرْ أنك تصــوم الدهر وتقرأ القرآن كـل ليله ؟ فقلت : بلى يا نبي الله ، ولم أرد بذلك إلا الخير . قال : فإن بحسبك أن تصوم من كل شهر ثلاثة أيام . قلت : يا نبي الله ، إني أطيق أفضــل من ذلك . قال : فإن لزوجك عليك حقا ، ولزورك عليك حقا ، ولجسدك عليك حقا ؛ وإن نعينك عليك حقا . خ] قال : فصم صوم داود نبي الله - صــلى الله تعالى عليه وسلم - فإنه كان أعبد الناس . قال : قلت : يـا نبي الله ومـا صوم داود ؟ قال : كان يصوم يوماً ويفطر يوماً . واقرأ القرآن في كل شهر . قال : قلت : يـا نبي الله إنى أطيق أفضل من ذلك . قـال : فاقرأه في كـل عشرين . قال : قلت : يا نبي الله إني أطيق أفضل من ذلك . قال : فاقرأ في كل عشرة . قال : قلت : يا نبي الله إني أطيق أفضــل من ذلك . قــال : فاقرأه في كل ســبع ولا تزد على ذلك ؛ فإن لزوجك عليك حقــا ، ولزورك عليك حقا ، ولجسدك عليك حقا . قال : فشــــدّدت فشــدّد عليّ . قال : وقال لي رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إنـك لا تدري لعلك يطول بك عمر . قال : فصرت إلى الذي قال لي النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فلما كَبِرتُ ودِدْت أني كنت قبلت رخصة نبي الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - م - ١٥٣/٥ وفي بعض الروايات : وإن لولدك عليك حقا بدل ولزورك م - ١٥٦/٥ وفي بعضها : لا تكن مثل فلان كان يقـوم الليل فترك قيام الليل م - ١٥٥/٥ .

تەرجەمە :

ئەم دوو حەدیثە بەســە ، هەموو یەك حادیثەن كەمێ فەرقی لەفظیـیان هەیە . مەئالی هەمووی ئیقتیصادە لە عیبادەتا . پێغەمەر - صــلى الله تعـالى

علیه وسلم ـ بە تەدریج بۆ عەبدوڵلای زیادکردوە تا حەددی ئەعظەم • موعەللیمو مورەببی وا خوا خەلقی نەکردوە ـ علیه الصلاة والسلام ـ •

عەبدوڵلای کوڕی عەمری = کوڕی = عاص ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ڕۆژووی دەهرم ئەگرت • هەموو شەوێ خەتمێکی قورئانم ئەکرد • یا خەبەریان لێدام بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یا ناردی بە شوێنما • چوومە خزمەتی ، فەرمووی : بۆ خەبەرم نەدراوەتێ کە تۆ ڕۆژووی دەهر ئەگریو ، هەموو شەوێ هەموو قورئان ئەخوێنی ؟ عەرزمکرد : بەڵێ (یا رسول الله) بەوە هەر خێرم پێ ئیرادە کردوە • فەرمووی : کافیە بۆ تۆ کە هەر مانگی سێ ڕۆژی لێ بگری • عەرزمکرد : (یا نبي الله) تاقەتی لەوە باشترم هەیە • فەرمووی : حەقی ژنەکەت بەسەرەوەیە ، حەقی منداڵەکانت بەسەرەوەیە ، حەقی میوانت بەسەرەوەیە ، حەقی بەدەنت بەسەرەوەیە ، حەقی چاوت بەسەرەوەیە [یەعنی حەقی حەقدار بدەرەوە چی مایەوە صەرفی عیبادەتی بکە] بە ڕۆژووی پێغەمەری خوا کە داودە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بەڕۆژوو بیە • عەرزمکرد : (یا نبي الله) ڕۆژووی داوود چیە ؟ فەرمووی : داوود ڕۆژێ پێئەبوو ڕۆژێ ئەیخوارد • مانگی جارێکیش قورئان بخوێنە • عەرزمکرد : لەو باشترم تاقەت هەیە • فەرمووی : لە بیست ڕۆژا بیخوێنە • عەرزمکرد : لەوە باشترم تاقەت هەیە• فەرمووی : هەر بە دە ڕۆژ جارێکی بخوێنە • عەرزمکرد : لەوە باشتر ئەتوانم • فەرمووی : هەفتەی جارێکی بخوێنە لەوە لێی زیاد مەکە • ژنت حەقی بەسەرتەوە هەیە ، میوان حەقی بەسەرتەوە هەیە ، بەدەنت حەقی لەسەرتە • وەك فلان مەبە ؛ بۆ شەونوێژ هەڵەستا لە پاشا تەرکی کرد • من لەسەر خۆمم گرانکردو ئەویش لەسەری گرانکردم • پێیفەرمووم :

بەڵکو عومرت طوولی ئەبێ ، تۆ نازانی ! ئێستە وا گەییمە ئەو حاڵەی کـە پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیـە وسلم - پێی فەرمووم ، کـــە پیـر بووم حەزم ئەکرد ئەو روخسەتی پێغەمـەرەم - صـلی الله تعـالی علیـە وسـلم - قەبووڵ کردایە •

ویصال ، دوو رۆژ لەسەریەك بەرۆژووبوون بێ ئەمە شـەو لـە بەینیانا شتێ بخوا یا بخواتەوە • ئەحادیثی ئەمیش بـە ریوایـاتی موختەلیفە زۆرە ، مەئالی هەمووی یەکێکە ، سێ چوارێکی بەسە حادیثەیش یەکێکە :

٣٢٢٨/٤٢ - عن أبي سعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه - أنه سمع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : لا تواصلوا ، فأيكم إذا أراد أن يواصل فليواصل حتى السحر • قالوا : فإنك تواصل يا رسول الله ؟ قـال : إني لســــت كهيئتكم ، إني أبيت لي مطعم يطعمني ، وســاق يسقيني • ح - ٣/٣٨٢ •

٣٢٢٩/٤٣ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : نهى رســول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - عن الوصـــال رحـمة لهم ، فقالوا : إنك تواصل • قال : إني لســـــت كهيئتكم ؛ إني يطعمني ربي ويســـــقيني ح - ٣/٣٨٢ ، م - ٥/٨٠ عن أنس ح - ٣/٣٨١ عن ابن عمر ح - ٣/٣٨١ ، ٣٥١ ، م - ٥/٧٦ ، ٧٧ ، ٨٠ • وعن أبي هريرة ح - ٣/٣٨٤ ، م - ٥/٧٨ وفيه : فاكلفوا من العمل ما تطيقون •

موراجەعەتیان بکە هەموو وەکوو یەکن

٣٢٣٠/٤٤ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : نهى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - عن الوصال في الصوم • فقال له رجل من المسلمين : إنك تواصـــل يا رســـول الله ! قال : وأيـّـكم مثلي ؟ إني أبيت

يطعمني ربي ويسقيني ، فلما أبوا أن ينتهوا عن الوصال واصل بهم يوما ، ثم يوما ، ثم رأوا الهلال ، فقال : لو تأخر لزدتكم كالتنكيل لهم حين أبوا أن ينتهوا ح - ٣٨٣/٣ ، م - ٧٨/٥ • (مەعنای ئەم حەدیثە کافییە) •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله عليه وسلم - نەهی لە ویصالی رۆژوو کرد ، پیاوێ عەرزیکرد : (يا رسول الله) تۆ ئەیکەی ! فەرمووی : ێوە ئامتان وەکوو منن ؟ من کە ئەکەومە شەو خوا طەعامم ئەداتێ ئاوم ئەداتێ [یەعنی هوومتم ئەداتێ = نـە = بە برسێتی ئەزانم ، نە بە تینوێتی • مەعنای وا نیە نـانو ئاوم ئەداتێ گینا رۆژوەکەی رۆژوو نابێ] کە هەر وازیان نەهێنا ئەوانیش ویصالیان ئەکرد پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بۆ تەنکیلیان رۆژێ ویصالی پێکردن ، رۆژێکی تریشی پێکردن ، ئێوارێی رۆژی سـێیەم ، یەعنی شـەوی چوارەم مانگ دەرکـەوت • فـەرمووی : ئەگـەر مانـگ دەرنەکەوتایە بۆم لێ زیاد ئەکردن [شتێك بکەن کە دەرەقەتی بێن] •

٣٢٣١/٤٥ - عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قـال : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يصلي في رمضان ، فجئت فقمت إلى جنبـه ، وجاء رجل آخر فقام أيضاً حتى كنا رهطاً ، فلما حس النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أنا خلفه جعل يتجوز في الصلاة ، ثم دخل رحله فصلى صـلاة لا يصليها عندنا • قال : قلنا له حين أصـبحنا : أفَطِنْتَ لنـا الليلة ؟ قال : = فقال = : نعم ذاك الذي حملني على الذي صنعت • قال : فأخذ يواصـل رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وذاك في آخر الشهر • فأخذ رجال من أصحابه يواصلون • فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : ما بـال رجال يواصلون ؟ إنكم لستم مثلي • أما والله لو تمادّ لي الشهر لواصـلت وصالاً يدع المتعمقون تعمقهم م - ٧٩/٥ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە رەمەزانا نوێژی ئەکرد چووم لە تەنیشتیەوە راوەســـتام یەکێکی تریش هات راوەستا تا بووین بە جەماعەتێ • پێغەمــەر ـ صلى الله تعـالی علیه وسلم ـ کــە فەرقی پێکردین نوێژەکەی لــە کورتیی بڕیــەوە ، تەشریفی چوە ژوورەوە ، کە سبەینێمان لێبۆوە عەرزمانکرد : شەو فەرقت پێکردین ؟ فەرمووی : ئا منیش بۆیە وام کـــرد • یــەعنی چوومـــە مالێ نوێژەکەم کرد • ئەنەس ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دەستی‌کرد بە مواصەلە لە بەینی رۆژوودا ، لە ئاخری مانگا بوو ، بەعزێ لە ئەصحابیش دەستیانکرد بە مواصـــەلە • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ فەرمووی : خەلق چ ئەحوالێکیان هــەیــە کــە مواصەلە ئەکەن ؟ ئێوە وەك من نین • وەللاهی ئەگەر مانگ طوولی ببوایــە ویصـالێکم پێ ئەکردن کە ئەوانەی زۆر لە عیبادەت ئەکۆڵنەوە واز لە کۆڵینەوەیان بێنن • [یەعنی هەموو شت بە خوێو خوێیش بــە تــام • عیبــادەت هــەر نوێژو رۆژوو و قورئان خوێندن نیە • ئینسان مەرام بکا بە نییەت هەموو کارێکی ئەکا بە عیبادەت ، بەو شەرتە پێنج‌فەرزە بکاو سونتەتە موئەککەدەکان بکاو رەمەزان بگرێو خۆی لە حەرام لابداو بەعزێ رۆژیش بەڕۆژوو بێ ئیتر (إنما الأعمال بالنيات) ئاڵبەندیو ، ئاسنگەریو ، بەقاڵیو ، بازرگانیو ، دەبباغ‌چێتیو ، پینەگەریو ، جـووتیاریو ، شـوانیو ، کـرێکـاریو ، تیجارەتو ، نانو ئاوخواردنو خواردنەوە ••• ئەمثالی ئەمــانــە هەمووی ئەکا بە عیبادەتو ئەجری گەورەیان ئەبێ • مەعلووم گەلێ پینەچی هەیــە لەگەلێ عالمی زۆر باش لای خوا بەقیمەتترە] •

(وفقنا الله لصالح أعماله) •

ڕۆژوو عیبادەتی پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - یەك دوو حەدیثی کافیە مەثالی ئەوی تریانیش(١) هەر یەکە :

٣٢٣٢/٤٦ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يصوم حتى نقول : لا يفطر ، ويفطر حتى نقول : لا يصوم • فما رأيت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - استكمل صيام شهر إلا رمضان ، وما رأيته أكثر صياماً = منه = في شعبان ح - ٣٨٧/٣ ، م - ١٤٧/٥ •

٣٢٣٣/٤٧ - وعنها قالت : لم يكن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يصوم شهراً أكثر من شعبان ، فإنه كان يصوم شعبان كله ، وكان يقول : خذوا من العمل ما تطيقون ، فإن الله لا يَمَل حتى تَمَلّوا ، وأحب الصلاة إلى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ما دووم عليه وإن قلّت ، وكان إذا صلى صلاة داوم عليها ح - ٣٨٧/٣ ، م - ١٤٨/٥ ، عن ابن عباس مثل الأول بدون ذكر شعبان ح - ٣٨٩/٣ ، وعن أنس م - ١٥٠/٥ •

تەرجەمە :

(١) عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەڕۆژوو ئەبوو تا ئەمانوت : ئیتر نایشکێنێ ، پێ‌نەئەبوو تا ئەمانوت : ئیتر قەت پێ‌نابێ • نەمدیوە غەیری رەمەزان هیچ مانگێکی تەواو گرتبێ ، نەمدیوە کە زیاتر بەڕۆژوو بووبێ لەوەندەی کە لە شەعبانا پێ‌ئەبوو •

---

(١) راستتر وایە بفەرموێ : مەثالی ئەوانی تریش ...

(٢) وا ئەبوو شـــەعبانی هەموو ئەگرت ئەیفەرموو : ئەوەندەی دەرەقەتی بێن عەمەلی عیبادەت بکەن • تا ئێوە ماندوو نەبن خوا نافەرموێ : بەس • مەحبووبترینی عیبادەت لای پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەو عیبادەتەیەکە دەوامی لەسەر بکرێ با کەمیش بێ • خۆی کە نوێژێکی بکردایە دەوامی لەسەر ئەکرد •

لـە بەینی ئـەم دوو حەدیثەدا مونافات هـەیـە • بـە ســێ جواب دەفعکراوە :

١ - موراد لە هەموو شەعبان ئەکثەریەتی •

٢ - بەعزێکی لە ساڵێکاو بەعزێکی لە ساڵێکی ترا •

٣ - بەعزێ وەقت لە ئەوەڵەوە ، بەعزێ وەقت لە ناوەڕاســـتەوە ، بەعزێ وەقت لە ئاخرەوە بە سێ ساڵ •

ترمذیی لە ئیبنومومبارەکەوە جوابی ئەوەڵی ذیکرو ریوایەت کردوە • بەم جوابانە رازیی نین تەماشای قەسطەلانی کە •

٤٨/٣٣٣٤ - عن حميد [الطويل] قال : سألت أنســاً - رضــي الله تعالى عنه - عن صيام النبي - صلى الله تعـالى عليــه وسلم - فقال : ما كنت أحب أن أراه من الشهر صائما إلا رأيته ، ولا مفطرا إلا رأيته ، ولا من الليل قائما إلا رأيته ، ولا نائما إلا رأيته ، ولا مَسِسْتُ خزّةً ولا حريـرة ألين من كف رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ولا شمِمْتُ مســـكة ولا عبيرة أطيب رائحة من رائحة رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ٣٩٠/٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس[1] ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : قەت حەزم نەکردوە کە لە مانگێکا پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ بە بەڕۆژوویی ببینمو نەیبینم ، یا بە موفطیری بیبینمو نەیبینم ، نەمویستوە کە لە شەوا بۆ نوێژ بە راوەستاوی بیبینمو نەیبینم ، یا بە نووســتوویی بیبینمو نەیبینم ... یەعنی هەرچۆنێکم ویستبێ کە بیبینم بینیومە . دەستم لە هیچ ئاوریشمو کەژیێ نەداوە کە لە دەستی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نەرمتــر بووبێ ، بۆنی هیچ میسكو عەنبەرێکم نەکردوە کە بۆنی لە بۆنی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خۆشتر بووبێ .

ئەبێ هەر وابێ ؛ چونکی خوا ـ عز وجل ـ بە مووسا ـ عليه الصلاة والســـــلام ـ ئەفەرموێ : (واصـــطنعتك لنفســـي)[2] : تۆم بۆ خۆم دروستکردوە . دیارە ئەبێ پێغەمەریشی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بــە طەریقی ئەولا بۆ خۆی دروســـــــتکردبێو کەســـێ کــە خوا بۆ خۆیی دروستکردبێ ئەبێ لە هەموو صیفاتی کەمـالا لە هەموو مەخلووق زیاتــر بووبێ . ئاوریشمو سورمەو میسكو عەنبەرچیە ؟

٤٩/٣٢٣٥ ـ عن عائشــة [رضي الله تعـالى عنهـا] قالت : ما رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صائماً في العشـــــــر = قط = م ـ ٥/١٨٦ .

(١) دانەر ـ خ ـ ســەرەتای حەدیثەکەی تەرجەمە نەکردوە کــە ئەمەیە : حەمیدی طەویل ئەفەرموێ : دەربارەی رۆژووی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئەنەسم پرسی ...

(٢) ســـوورەتی طــە / ٤١ .

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەرم - صلی الله تعالی علیه وسلم - نەدیوە لە دەی (ذي الحجه)دا بەڕۆژوو بووبێ •

٣٢٣٦/٥٠ - عن علقمه [رحمه الله تعالى] قلت لعائشه - رضي الله تعالى عنها - : هل كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يختص من الأيام شيئاً ؟ قالت : لا • كان عمله ديمة وأيكم [يستطيع • م] يطيق ما كان رســـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - [يســـتطيع • م] يطيق ؟ ح - ٤٠٣/٣ ، م - ٧٢/٥ ، د •

٣٢٣٧/٥١ - أم الفضل بنت الحرث [وأم ابن عباس آخت ميمونة - رضي الله تعالى عنهم -] أن ناساً تماروا عندها يوم عرفة في صـــوم النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فقال بعضهم : هو صائم ، وقال بعضهم : ليس بصائم ، فأرسلت [مع ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما -] إليه بقدح لبن وهو واقف على بعيره [بعرفة • م] فشربه ح - ٤٠٣/٣ ، د ، ن ، م-١٠٨/٥ وعن أختها ميمونة أم المؤمنين - رضـي الله تعالى عنها - ح - ٤٠٤/٣ ، م - ١١٠/٥ ، ن •

تەرجەمە :

بەعزێ لە عەرەفەدا لە ڕۆژووی پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - نیزاعیان بوو ، بەعزێ وتیان : بەڕۆژووە ، بەعزێ وتیـان : بەڕۆژوو نیـە • (أم الفضل) - رضي الله تعالى عنها - لە ڕیوایـەتی مەیسوونەدا مەیسوونـە - رضي الله تعالى عنها - قەدەحێ شیری بـە ئیبنوعەباسا - رضي الله تعالى عنه - بۆ نارد لە عەرەفاتا بە سواریی ئوشترەکەیەوە بوو خواردیەوە •

عەلقەمە ئەفەرموێ :لە حەزرەتی عایشـــە - رضي الله تعالى عنها -م پرسیی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هیچ ڕۆژێکی تەخصیص

کردوە بە رۆژووەوە ؟ فەرمووی : خەیر عەمەلی ئەو بارانی لێزمە بوو کێ تاقەتی ئەوەی هەیە کە ئەو ئەیتوانی ؟

اختلاف المطالع(١) :

عن كريب ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن أم الفضل بنت الحرث ـ رضي الله تعالى عنها ـ بعثته إلى معاوية بالشام • قال : فقدمت الشام فقضيت حاجتها ، واستهل عليّ رمضان وأنا بالشام ••• إلخ (پێی ناوێ) م ـ ٥/٦١ ئافەرین ئیبنوعەباس !

٣٢٣٨/٥٢ ـ عن أبي البحتري قال : خرجنا للعمرة ، فلما نزلنا ببطن نخلة [بذات عرق • أخرى م] قال : تراءينا الهلال ؛ فقال بعض القوم : هو ابن ثلاث ، وقال بعض القوم : هو ابن ليلتين • قال : فلقيت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقلنا : إنا رأينا الهلال • فقال بعض القوم : هو ابن ثلاث ، وقال بعض القوم : هو ابن ليلتين ، فقال : أي ليلة رأيتموه ؟ فقلنا : ليلة كذا وكذا • فقال : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن الله مده للرؤية ، فهو لليلة رأيتموه م ـ ٥/٦٢ •

تەرجەمە :

=ئەبو= بوحتوریی ئەفەرموێ : بۆ عومرە چووینە دەرێ لە بەطنی نەخلە هیلالمان دی ، بەعزێ وتی : سێ شەوەیە•بەعزێ وتی: دوو شەوەیە• بە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ گەیین عەرزمانکرد : فەرمووی : کەی دیوتانە ؟ عەرزمانکرد : فلآن شەو • فەرمووی : کە پێغەمەر ـ صلی

(١) جیاوازیی ئاسۆو شوێنی بینینی مانگ لە ولآتێکەوە بۆ ولآتێکی تر .

الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : ئەوە خوا بۆ بینین عومری درێژ کردوە ، یەك شەوە بوە ، هی ئەو شەوە بوە کە دیوتانە .

[چونکی رۆژوو موعەللەقە بە بینینەوە مانــگ تــا دوانزە دەرەجــە نەکەوێتە پشت رۆژەوە بە چاو نابینرێ ، با لە وەختی غورووبیشا لەســەر ئوفوق بێ . مەثەلا ئەم ئێوارەیە یانزە دەرەجە بکەوێتە ســـــەر ئوفوق نابینرێ ئەو رۆژە نابێ بە رەمەزان یا بە جەژن ، یا ئێوارێی دوایی دوانــزە دەرەجەی تر ئەکەوێتە پشت رۆژەوە ئەبێ بە بیستو سێ دەرەجە ، کــە مانگ بیســـتوسێ دەرەجە کەوتە ســـــەر ئوفوق بەرز ئەبێ ، مەعنای عومردرێژبوونەکەی ئەوەیە] .

٣٢٣٩/٥٣ - عن أبي جحيفة [رضي الله تعالى عنه] قال : آخى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بين ســـلمان وأبي الدرداء ، فزار ســـلمان أبا الدرداء ، فرأى أم الدرداء مبتذلة . فقال لها : ما شأنك ؟ قالت : آخــوك أبو الدرداء ليس له حاجة في الدنيا [يصوم النهار ويقوم الليل . ابن خزيمة] فجاء أبو الدرداء فصنع له طعاماً ، فقال : كل . قال : فإني صائم . قــال : ما أنا بآكل حتى تأكل . قال : فأكل . فلما كان الليل ذهب أبو الدرداء يقوم قال : نم فنام ثم ذهب يقوم . فقال : نم . فلما كــان من آخر الليــل قــال سلمان : قم الآن . فصلّيا . فقال له سلمان : إن لربك عليــك = حقا = ، ولنفسك عليك حقا ، ولأهلك عليك حقا ... فأعط كل ذي حق حقه . فأتى النبي - صلى الله تعــالى عليه وسلم - فذكر ذلك له ، فقال النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : صــدق ســلمان ح - ٣/٣٨٥ ، ت . (رەنگە ئەدەبــا نووسرابێ)[١] .

---

(١) نەخەیر لە (ئەدەب)دا نەمدۆزییەوە .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ دەستەبرایەتی لە بەینی سەلمان‌و ئەبو دەردادا گرت ، سەلمان زیارەتی ئەبودەردای کرد ، ئومموودەردای پەژموردە دی ، لێی پرسیی : ئەمە چ حاڵێکە ؟ فەرمووی : ئەبودەردا =ی برات = ئیحتیاجیی بە دنیا نیە رۆژبەڕۆژووەو شەو لە نوێژایە • ئەبودەردا هاتەوە ، ئەمری کرد طەعامیان بۆ دروست = کرد = سەلمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : بخۆ • فەرمووی : بەڕۆژووم • فەرمووی : تا نەخۆی ناخۆم • خواردی • کە شەو بوو ئەبودەردا هەڵسا نوێژ بکا پێی فەرموو : بنوو • نوست • دووبارە تەمای بوو هەڵسێ بۆ نوێژ پێی فەرموو : بنوو • لە ئاخری شەوا فەرمووی : ئەمجا هەڵسە نوێژ بکە • نوێژیان‌کرد • سەلمان پێی‌فەرموو: خوا حەقی لەسەرتە • نەفسـت حەقی لەسـەرتە • ئەهل‌و عەیالت حەقیان لەسەرتە [میوانت حەقی لەسەرتە • ترمذی] حەقی کوللی صاحێب حەقێك بدەرەوە • ئەبودەردا ئـەمـەی عـەرزی پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیە وسلم ـ کرد • فەرمووی : سەلمان راستی کردوە •

رۆژووی سونەت شکانن بۆ خاطری دڵی برادەری دینی دروستە •

ئیتمامی رۆژووی سونەت لازم نیە • ترمذیی ریوایەت ئەکـا کـە : رۆژووی سونەتگر ئەمیری نەفسی خۆیەتی • هەوەسی بێ بەڕۆژوو ئەبێ ، هەوەسی بێ ئەیشکێنێ • نوێژی سونەتیش وایە •

بێ‌عوذر ئیبطالی عیبـادەت مەکرووهـە حەرام نیـە • بـە مەعذرەرەت (إلى)[1] سونەتە •

(١) واتە : ئەگەر عوزری هەبێ بۆ شـکاننی رۆژوەکەی تا سـونەتیش بەدەمیەوەیە •

٥٤/٣٢٤٠ - عن أنس - رضي الله تعالى عنه - دخل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - على أم سليم ، فأتته بتمر وسَمْن . قال : أعيدوا سمنكم في سقائه وتمركم في وعائه فإني صائم . ثم قام إلى ناحية من البيت فصلى غير المكتوبة . فدعا لأم سليم وأهل بيتها . فقالت أم سليم : يا رسول الله إن لي خويصة . قال : ما هي ؟ قالت : خادمك أنس [فادع له دعوة] فما ترك خير آخرة ولا دنيا إلا دعا لي به : اللهم ارزقه مالا وولدا ، وبارك له ؛ فإني لَمِنْ أكثر الأنصار مالا ، وحدثتني ابنتي أُمَينة : أنه دفن لصلبي مقدم حجاج البصرة بضع وعشرون ومائة [وكان عمره نيفاً وثمانين] ح - ٣٩٩/٣ .

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هاتە لای ئوممو سولەیم خورماو رۆنی هێنایە خزمەت . فەرمووی : رۆنەکەتان بکەنەوە هیزەکەیەوەو خورماکەیش بخەنە ناو زەرفەکەیەوە ، بەرۆژووم . لە پاشا لە گۆشەیێکی ماڵەکەمانا دوو رکات نوێژی سوننەتی کرد . دۆعای بۆ ئوممو سولەیمو ئەهلی بەیتی کرد ، ئوممو سولەیم عەرزی کرد : (يا رسول الله) خۆشەویستێکم هەیە دۆعای بۆ بکە . فەرمووی : کێیە ؟ عەرزی کرد : ئەنەسی خادیمتە . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هیچ خێرێکی دنیاو ئاخیرەتی نەهێشتەوە کە دۆعام بۆی بۆ نەکا ؛ فەرمووی : خوایە ماڵو وەلەدی بۆ بکە بە رزقو بەرەکەتی بۆ تێبخە . ئەنەس ئەفەرموێ : ئێستە لە هەموو ئەنصار ماڵم زۆرترە . ئومەینەی کچیشم = بۆی گێرامەوە = لەو وەختەوە کە منالم بوە تا حەججاج بە ملی شکاوی هاتۆتە بەصرە صەدو بیستو ئەوەندە منالم[1]

(١) دانەر ئەگەر بیفەرموایە : صەدو بیستو ئەوەندە کەس لە پشتی من بەخاك سپێرراوە .. راستتر ئەبوو .

دفن‌کراوە • ئەمە بەرەکەتی خێری ئاخیرەتە • = ئەنەس هەشتاو ئەوەندە ساڵ ژیاوە = •

٣٢٤١/٥٥ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : قال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذات يوم : يا عائشة هل عندكم شيء ؟ قالت : فقلت : يا رسول الله ما عندنا شيىء • قال : فإني صائم • قالت : فخرج رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأهديت لنا = هدية = ، أو جاءنا زَوْر [وذلك في يوم آخر كما في الحديث الاتي] قالت : فلما رجع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قلت : يا رسول الله أهديت لنا هدية ، أو جاءنا زور ، وقد خبأت لك شيئاً • قال : ما هو ؟ قلت : حيس • قال : هاتيه • فجئت به فأكل • فقال : قد كنت أصبحت صائما • قال طلحة : فحدثت مجاهدا بهذا الحديث فقال : ذلك بمنزلة الرجل يخرج الصدقة من ماله فإن شاء أمضاها وان شاء أمسكها م ـ ٥/١٤٤ •

٣٢٤٢/٥٦ ـ وعنها قالت : دخل عليَّ = النبي = ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ذات يوم فقال : هل عندكم شيىء ؟ فقلنا : لا • قال : فإني إذا صائم • ثم أتانا يوماً آخر فقلنا : يا رسول الله أهدي لنا حيس • قال : أرينيه ، فلقد أصبحت صائماً ، فأكل م ـ ٥/١٤٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ڕۆژێ تەشریفی چوە لای حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێی‌فەرمووم : یا عایشە هیچتان هەیە ؟ عەرزم‌کرد : خەیر (یا رسول الله) فەرمووی : کە وابێ بەڕۆژووم ، تەشریفی چوە دەرێ ڕۆژێکی تر دیارییێکیان بۆ هێنابن یا فەرمووی : زیارەتکەرێکمان هات • کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه

وسلم ـ تەشریفی هاتەوە عەرزمکرد : (یا رســول الله) هەدیەیێکمان بـۆ هاتوە ، یا فەرمووی : زائیرێکمان هاتۆتە لا شـــتێکم بۆ هەلگرتووی • فەرمووی : چیە ؟ عەرزمکرد : خورماورۆنی بە کەشـــکە • فەرمووی : بیهێنــە • بـۆم هێنـا ، خواردی‌و فەرمووی : بەیـانی نیـەتی رۆژووم لێ هێنابوو • طەلحەی راویی ئەفەرموێ : ئەم حەدیثەم بـە موجـاهیــد وت فەرمووی : ئەوە ئەشوبهێ بەوە کە پیاو صـــەدەقە دەرهێنێ هەوەسی بێ ئەیدا هەوەسی بێ ئەیخاتەوە جێی خۆی • مەعنای حەدیثەکەی تریش وایە ؛ چونکی یەکێکن •

دروســتە بۆ رۆژووی سونەت بە رۆژ نیەت بێنرێ ، دروســتیشــە بشکێنرێ •

ئوممودەرداء ئەفەرموێ : ئەبودەرداء لێی‌ئەپرسین : هیچتان هەیە ؟ بمان‌وتایە : نــەء ئەیفەرموو : کـــە وابێ ئیمڕۆ بەڕۆژووم • ئەبوطەلحــە ، ئەبوهورەیرە ، ئیبنوعەباس ، حوذەیفەیش ـ رضي الله تعالى عنهم ـ وایـان کردوە • ح ـ ٣٥٢/٣ •

پارشێوو وەختی پارشێو :

٣٢٤٣/٥٧ ـ أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تسحروا فإن في السحور بركة ح ـ ٣٥١/٣ ، م ـ ٧١/٥ ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : پارشـــێو بکەن ؛ چونکی لە پارشێوکردنا بەرەکەت هەیە • [چونکی ئینســـــان کە برسیی زۆری نەبوو حوضووری قەلبی ئەبێ بۆ عیبـادەت ، زۆر لـە خەڵق توورە

نابێ ، قسه به کەس ناڵێ • ئەوابی رۆژوەکەی به ضایع ناچێ ، لە رۆژوو ناسڵەمێتەوە ، شەوقی لەسەری ئەبێ ، قووەتی فرمانی ئەبێ ••• ئەمانە هەمووی بەرەکەتن] •

٣٢٤٤/٥٨ ـ عن عمرو بن العاص [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب : أكلة السحر م ـ ٥/٧٢ • الأكلة ، بالفتح المرة ، وبالضم اللقمة ، نووي •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : فەرقی رۆژووی ئێمەو رۆژووی کیتابیی پارشێوە •

٣٢٤٥/٥٩ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن بلالا كان يؤذن بليل ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كلوا واشربوا حتى يؤذن ابن أم مكتوم ، فإنه لا يؤذن حتى يطلع الفجر • قال القاسم : ولم يكن بين أذانهما إلا أن يرقى ذا وينزل ذا ح ـ ٣/٣٥٠ ، ح ـ ٢/١٠ عن ابن عمر ، وفي آخره : كان رجلا أعمى لا ينادي حتى يقال = له = : أصبحتَ ، أصبحتَ ح ـ ٢/١٠ ، م ـ ٥/٦٨ عن ابن عمر •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بیلال بەشەو بانگی ئەدا ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : تا ئیبنوئوممی مەکتووم بانگ ئەدا بخۆن و بخۆنەوە ، چونکی ئەو تا فەجر طولووع نەکا بانگ نادا [ئەو پیاوێکی ئەعما بوو تا نەیانوتایە بەیانی بوو ، بەیانیبو ، بانگی نەئەدا ، = دەگێڕنەوە بەو کوێرییەی خۆی کاتی بەیان و بانگی بەیانیی لێ تێك

نەچوەو لە چاوساغ باشتر کاتەکەی زانیوە = [قاسم ئەفەرموێ : بەینیـان
ئەوەندە بوو ئیبنوئوممی مەکتووم ســەرەکەوتو بیلال ئەهاتەخوارێ •
قسەی قاسم مورسەلە چونکی لەو وەختەدا نەبوە •

٣٢٤٦/٦٠ - عن سهل بن سعد - رضي الله تعالى عنه - قال : كنت أتسحر في أهلي ، ثم تكون سرعتي أن أدرك السجود مع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ٣٥٠/٣ •

تەرجەمە :

سەهلی بنی سەعدی ساعیدیی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە مالەوە پارشێوم ئەکرد عەجەلەم ئەکرد کە بگەم بە نوێژا لەگەڵ پێغەمـەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - •

٣٢٤٧/٦١ - عن أنس عن زيد بن ثابت - رضي الله تعالى عنهما - قال : تسحرنا مع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ثم قام إلى الصلاة • قال [أنس] قلت [لزيد] : كم كان بين الأذان والسحور ؟ قال : قدر خمسين آية ح - ٣٥١/٣ ، ح - ٣٠٣/٢ بالمعنى وفرق لفظي •

تەرجەمە :

ئەنەس - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : زەیدی بنی ثابیت - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - پارشێومانکردو تەشریفی هەڵسا بۆ نوێژ • ئەنەس ئەفەرموێ : لە زەیـدم پرسیی : بەینی پارشێوو بانگ چەند بوو ؟ فەرمووی : بە قەد ئەوە کـە ئینسان پەنجا ئایەت بخوێنێ •

٣٢٤٨/٦٣ - عن ابن مسعود - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : لا يمنعن أحدكم أو أحداً منكم أذان

بلال من ســـحوره ؛ فإنـه يؤذن أو ينادي بليـل ليرجع قـائمكم ولينبـه [ويوقظ • م] نائمكم ، وليس أن يقول الفجرُ • أو [هكذا ، وهكـذا ، وصــوب يده ورفعها حتى يقول هكذا ، وفرّج بين أصبعيه م ـ ٥/٦٩] الصبح ، وقال بأصابعه ورفعها إلى فوق ، وطأطأ إلى أسفل حتى يقول هكذا • وقال زهير بسبابتيه إحداهما فوق الأخرى ، ثم مدهما عن يمينه وشـــماله ح ـ ٢/١٢ ، م ـ ٥/٦٩ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـصلى الله عليه وسلمـ فەرمووی : بانگی بیلال ئێوە لە خواردنی پارشێو مەنع نەکا ؛ چونکی ئەو شــەو بانگ ئەدا بۆ خاتری ئەوە ئەوەی شەو لە نوێژا بێ بیگێڕێتەوە بۆ خەو ، یا بۆ پارشێو ، ئەوی نوستبێ هەڵسێ پارشێو بکاو خۆی بۆ نوێژ حازر بکا • فەجر ئەوە نیە کە وا بکا ، پەنجەی موبارەکی هەڵبڕی‌و هێنایەوە خوارێ [یەعنی لە شەرقی ئوفوقەوە درێــژو بەرزبێتەوە بۆ ئاسمان وەکوو کلکی گورگ کە فەجری کاذیبــە] فەجــر ئەوەیە وا بکا • زوهەیری راویی لە تەصویری فیعلی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ هەردوو پەنجەی شەهادەتی نایە سەر یەك لـە دواییا بۆ لای راست‌و لای چەپ پەنجەی هەردوو دەستی بڵاوکردەوە لەیـەك هــەر یەك بۆ لایێ [یەعنی فەجری صادق ئەوەیە بەسەر ئوفوقا لە شیمالەوە بـۆ جەنووب پانبێتەوە] •

٣٢٤٩/٦٣ ـ سمرة بن جندب [رضي الله تعـالى عنــه] قـال : قـال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لا يغرنكم من سَـحوركم أذان بلال ولا بياض الأفق المســتطيل هكذا حتى يستطير هكذا ، وحكاه حماد بيديه : قال يعني معترضا م ـ ٥/٧٠ •

(بەسە ، تێـیانفکرە هەموو وەکوو یەکن)

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ فەرمووی : بانـگی بیـلاڵ مەغروورتان نەکا بەوە لە پارشێوتان بکا ، ئەو سپیایەی کە بۆ ئاسـمان درێژبۆتەوە ، ئەویش مەنعتان لە پارشێو نەکا تا وا بە کەناری ئوفوقا بـاڵ پان ئەکاتەوە وەك بفرێ • حەمماد بە هەردوو دەستی حیکایەتی‌کرد پەلی بە لای راستو چەپا پان‌کردەوە ، یەعنی ئەو رووناکییەی بەسـەر ئوفوقـا راکشـاوە • (بەسە) •

تـا فەجری صادق هەموو موفطیرێ دروسنە •
تەئخیری پارشـێو وەك پارشـێو سونتەتە •
تەعذیبی نەفس بە نییەتی عیبادەت دروست نیە یەکی عیبادەت ئەخا •
لە ئیبتیدای ئیسلاما رۆژوو قورس بوو لە پاشا تەخفیف کرا •

قال الله ـ تعالی ـ : (أحل لکم لیلة الصیام الرفث إلی نسـائکم ؛ هن لباس لکم وأنتم لباس لهن ، علم الله أنکم کنتم تختانون أنفسـکم فتاب علیکم وعفا عنکم ، فالآن باشـروهن وابتغوا ما کتب الله لکم ، وکلوا واشربوا حتی یتبین لکم الخیط الأبیض من الخیط الأسـود من الفجر ، ثم أتموا الصیام الی اللیل ، ولا تباشروهن وأنتم عاکفون في المساجد ، تلك حدود الله فلا تقربوها ، کذلك یبین الله آیاته للناس لعلهم یتقون)[1] •

تەرجەمە :

خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : ئەو شەوەی کە لە سبەینێی‌دا بەرۆژوو ئەبن بۆتان دروستە لەگەڵ ژنەکانتانا دروست بین • ئەوان لیباسی ئێوەن‌و

(١) البقـرة /١٨٧ .

ئێوە لیباسی ئەوانن [یەعنی بە واسیطەی یەکترییەوە خۆتان لە گوناه سەتر ئەکەن] خوا عیلمی هەیە کە ئێوە لەگەڵ نەفسی خۆتانا خەیانەت ئەکەن [یەعنی کە لە شەوا بۆتان دروست نەبوەو کەچی لەگەڵیانا دروست بوون] خوا لەوەتان تەوبەی لێ قەبووڵ کردنو لەو گوناهەتان بورد ، ئیتر لەگەڵیانا بنوون ، طەڵەبی ئەوە بکەن کە بۆتان نووسراوە ، وەك وەلەدی صالحو ئەوی خوا بۆی موباح کردوون • بخۆنو بخۆنەوە تا خەتی سپیی فەجرتان لە خەتی رەشی شەو بۆ لێك جوێ ئەبێتەوە ، لە دوای ئەوە تا شەو رۆژوەکانتان تەواو بکەن • لە وەختێکا کە ئیعتیکافتان گرتبێ لە مزگەوتا لەگەڵ ژنەکانتان مەنوون • ئەم ئەحکامی رۆژوە کە بۆتان بەیان کرا سنووری خوایە نزیکی مەبنەوە [نەکو بیشکێنن] بەم نەوعە کە بۆتان بەیان کرا خوا ئایاتی ئەحکامی بۆ خەڵق بەیان ئەکا تا [حەڵاڵو حەرامو واجبو فەرز لێك بناسنو] خۆیان [لە موخالەفەی ئەمرو نەهی خوا] بپارێزن •

٦٤/٣٢٥٠ ـ عن البراء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان أصحاب محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذا كان الرجل صائماً فحضر الإفطار فنام قبل أن يفطر لم يأكل ليلته ولا يومه حتى يمسي ، وإن قيس بن صِرمة الأنصاري كان صائماً ، فلما حضر الإفطار أتى امرأته فقال لها : أعندك طعام ؟ قالت : لا ، ولكن أنْطَلِقُ فأطلب لك • وكان يومه يعمل ، فغلبته عيناه فجاءته امرأته ، فلما رأته قالت : خيبة لك ، فلما انتصف النهار غشي عليه • فذكر ذلك للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فنزلت هذه الآية : (أحل لكم ليلة الصيام الرفث إلى نسائكم •••) ففرحوا بها فرحاً شديداً ، ونزلت : (وكلوا واشربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود) • ح ـ ٣/٣٤٣ ، د ، ت •

تەرجەمە :

ئەصحابی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە ئینسان بەڕۆژوو بوایە کە وەختی ئیفطار حازر بوو لە پێش ئەمەدا شـــتێکی بخواردایەو بنوستایە ئەو شەوەو ڕۆژی دوایی هیچی نەئەخوارد قەیسی کوڕی صیرمەی ئەنصاریی بەڕۆژوو بوو کە وەختی ئیفطار هات چوە لای ژنەکەی پێی‌وت : هیچ طەعامت لایە ؟ وتی : نەء ئەمما ئەچم شتێکت بۆ پەیدا ئەکەم • ئەویش بەڕۆژا فرمانی ئەکرد ، چاوی غەڵەبەی لێ‌کرد ، کە ژنەکەی هاتەوەو دی ، وتی : مەحروومی بۆ تۆ بێ [خەبەری کردەوەو حەزی نەکرد کە بێ‌ئەمریی خوا بکا ، نەیخوارد • مورســـەلی (ســـدي) بـە بەڕۆژوویی کـەوتـە سبەینێ • أحمد] کە نیوەڕۆ بوو لەسەر خۆی چوو عەرزی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـکرا ، ئەم ئایەتە نازڵ بوو : کە حەڵاڵە بۆتان شـەوی ڕۆژوو لەگەڵ ژنـا بنوون • ئەصـحاب بـە نوزوولی ئـەم ئایەتە زۆر پێی دڵخۆش بوون • ئەوەیش نازڵ بوو کە بخۆن‌و بخۆنەوە تا خەتی سپیی لـە خەتی ڕەش جوێ‌ئەبێتەوە •

٣٢٥١/٦٥ ـ براء ـ رضي الله تعالی عنه ـ لما نزل صوم رمضان کانوا لا یقربون النساء رمضان کله ، وکان رجال یخونون أنفسهم [منهم عمر بن الخطاب ، وکعب بن مالك ، وقیس بن صـــرمة ـ رضي الله تعالی عنهم ـ] فأنزل الله ـ تعالی ـ : (علم الله أنکم کنتم تختانون أنفســـکم فتاب علیکم وعفا عنکم) خ ـ ٧/٢٤ •

تەرجەمە :

بەراء ـ رضي الله تعـالی عنه ـ ئەفەرموێ : کـــە ڕەمەزان نـازڵ بوو ئەصحابی کیرام هەموو ڕەمەزان نزیکی ژن نەئەکەوتن بەعزێ پیاو [وەك حەزرەتی عومەرو ، کەعبی کوڕی مالیك‌و ، قەیسی کوڕی صیرمە ـ رضي

الله تعالى عنهم ـ] خەیانەتیان لەگەڵ نەفسی خۆیان کرد • ئـەم ئایەتە نـازڵ بوو • ئەفەرموێ : خوا ئەزانێ کە خەیانەتتان لەگەڵ نەفسی خۆتـانکرد • تەوبەی لێ قەبووڵکردنو عەفوی گوناهی کردن •

٦٦/٣٢٥٢ ـ عن عدي بن حاتم ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : لما نزلت : (حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود) عمدت إلى عقال أسود وإلى عقال أبيض فجعلتهما تحت وسادتي ، فجعلت أنظر في الليل فلا يستبين لي • فغدوت الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فذكرت له ذلك ، فقال : إنما ذلك سواد الليل وبياض النهار ح ـ ٣/٣٤٩ ، م ـ ٥/٦٤ ، د ، ت

٦٧/٣٢٥٣ ـ عن الشعبي عنه قال : أخذ عدي عقـالا أبيض وعقـالا أسود ، حتى كان بعض الليل نظر فلم يستبينا ، فلما أصبح قال : يا رسـول الله جعلت تحت وسادتي [عقالين] قال : إن وسادك إذاً لعريض أن كان الخيط الأبيض والأسود تحت وسادتك ح ـ ٧/٢٥ •

٦٨/٣٢٥٤ ـ وعنه قلت : يا رسول الله ما الخيط الأبيض من الخيط الأسود ؟ أهما الخيطان ؟ قال : إنك لعريض القفا إن أبصرت الخيطين • ثم قال : لا بل هو سواد الليل وبياض النهار ح ـ ٧/٢٦ •

تەرجەمە :

عەدی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە ئایەتی (حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأســـود) نـازڵ بوو ئەشـــکێڵێکی رەشو ئەشکێڵێکی سپیم خستە ژێر سەرینەکەمەوە کە شەو ئەهات تەماشام ئەکرد تـا بزانم لێکیان جوێئەکەمەوە یـان نـا ؟ بۆم مەعلووم نـەئـەبوو کامی رەشەکەیەو کامی سپیەکەیە • بەیانی چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزمکرد ، فەرمووی : پشـــتملت پانە کە ئەو خەیطە

ڕەشەو ئەو خەیطە سپیە ئەنێتە ژێر سەرینەکەتەوە ! مەقصوود لە خەیطی ئەسوەدو ئەبیەض بەنی ڕەش و سپیی نیە سپێتی ڕۆژو ڕەشێتی شەوە •

٣٢٥٥/٦٩ - عن ســـهل بن ســـعد [رضي الله تعالى عنه] قال : وأنزلت : (وكلوا واشـــربوا حتى يتبين لكم الخيط الأبيض من الخيط الأسود) ولم ينزل (من الفجر) وكان رجال إذا أرادوا الصوم ربط أحدهم في رجليه الخيط الأبيض والخيط الأسود ، ولا يزال يـأكـل حتى يتبين له رؤيتهما • فأنـزل الله بعده (من الفجر) فعلموا أنما يعني الليــل = من = النهار ح - ٢٦/٧ ، ح - ٣٤٩/٣ ، ن •

تەرجەمە :

سەهلی ساعیدیی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە ئەو ئایـەتـە نازڵ بوو کە ئەفەرموێ : تا خەیاطەی سپیی و ڕەشتان بۆ لێك جوێ ئەبێتەوە بخۆن و بخۆنەوە ئێشـــتا (من الفجر) نازڵ نەبووبوو بەعزێ لـە پیـاوان خەیاطەیێکی سپیی و خەیاطەیێکی ڕەشی بە هەردوو پێیەوە ئەبەست ، هـەر ئەیخوارد تا بۆی لێك جوێ ئەکرایەوە ! کە ئەو ئایەتە نازڵ بوو زانییان کە موراد سپێتیی و ڕەشی شەوو ڕۆژە •

زوو ئیفطارکردنەوەو عەلامەتی شەوو ڕۆژ :

٣٢٥٦/٧٠ - عن عمر - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رســـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : إذا أقبل الليل من ههنا وأدبر النهار من ههنا = وغربت الشمس = فقد أفطر الصـــــائم ح - ٣٧٧/٣ ، م - ٧٤/٥ ، د ، ت ، ن •

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : کە شـــەو لەوێوە [لە مەشریقەوە] هات و ، ڕۆژ لەوێوە [لە مەغریبەوە] پشـــتی هەڵکرد = و ڕۆژ ئاوا بوو = ڕۆژووەوان ڕۆژووەکەی بشکێنێ •

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ زوو رۆژووی شكانوەو زوویش نوێژی شێوانی كردوە • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەریش ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای كردوە • ئەبوموسای ئەشعەریی ئیفطاریشو نوێژیشی دواخستوە م ـ ٥/٧٣ •

٧١/٣٢٥٧ ـ عن سهل ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر ح ـ ٣/٣٧٩ ، م ـ ٥/٧٣ ، ت ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئینسان قەت لە خێر لانادا مادام زوو ئیفطار بكاتەوە •

٧٢/٣٢٥٨ ـ عن عبدالله بن أبي أوفى ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في سفر [في شهر رمضان ، في غزوة الفتح] وهو صائم ، فلما غربت الشمس قال لبعض القوم : يا فلان [هو بلال] قم فاجدح لنا [أي حرك السويق بالماء أو باللبن] فقال : يا رسول الله [الشمس • ح] : لو أمسيت ؟ قال : انزل فاجدح لنا • قال : يا رسول الله [الشمس •ح أخرى] فلو أمسيت ؟ قال : انزل فاجدح لنا • قال : إن عليك نهارا • قال : انزل فاجدح لنا • فنزل فجدح لهم • فشرب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثم قال : إذا رأيتم الليل قد أقبل من ههنا فقد أفطر الصائم ح ـ ٣/٣٧٨ ، ح ـ ٣/٣٦٩ وفيه : الشمس بدل (لو أمسيت) وفيه : ثم رمى بيده ههنا ثم قال ••• إلخ • م ـ ٥/٧٥ وفيه : قد أقبل ههنا وأشار بيده نحو المشرق ، د ، ن •

---

(١) البقرة /١٨٧ .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئەبوئەوفا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لـە سەفەرێکا [لـە سەفەری فەتحا ، لە مانگی رەمەزانا] لـە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بەڕۆژوو بوو کـە رۆژ ئاوا بوو بـە بەعزێ لە قەومەکەی فەرموو [کـە بیـلال بوو] : ئەی فلان هەڵســــە [لە ریوایەتەکەی ترا : دابەزە] قاوتەکەمان بۆ تـەڕ بکە • عەرزی کـرد : (یا رسول الله) بـا رۆژ ئاوا بێ • ســێ دەفعــەی پێ فەرموو وای جواب دایەوە ، دەفعەی چوارەم دابەزیو قاوتەکەی تەڕکردو پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خواردیەوە ، لە پاشا فەرمووی : کە چاوتان بە شــــەو کـەوت لەوێوە هات ، ئیشارەتی مەشریقی کـرد ، ئـەو وەختە رۆژووەوان ئیفطار ئەکاتەوە •

بیلال وا تێ نەگەییوە کە رۆژ ئاوا بوە •

٣٢٥٩/٧٣ ـ عن أســـماء بنت أبي بكر الصـديق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : أفطرنا على عهد النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ يـوم غيم ، ثم طلعت الشمس • قيل لهشام : فأمروا بالقضاء ؟ قال : بدٌ من قضاء ؟ وقال مَعْمَر : سمعت هشاماً : لا أدري أقضوا أم لا ؟ ح-٣/٣٧٩ ، د ، جه

تەرجەمە :

ئەسمای کچی ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى علیـه وسلم ـ ئیفطارمانکردەوە لـە رۆژێکی هەورا ، لە پاشا رۆژ دەرکەوت • بـە هیشامی کوڕی عوروەیـان وت : بە قەزایانگێڕایەوە ؟ فەرمووی : ئەی چارە هەیە لـە بەقەزاگێڕانەوە = بەولاوە = ؟ مەعمەر ئەڵێ : لە هیشـــــامم بیســـت ئەیوت : نازانم بەقەزایانگێڕایەوە یان نا ؟

[لە موجاهیدو عەطاو عوروە ریوایەتکراوە کــە قەزا لازم نابێ وەك لە فکری بچێو شتێك بخوا • لــە ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعــالی عنهما ـ هەردوو لای ریوایەتکراوە] •

موجتەهید کە لە ئیجتیهادا بەخەطا بچێ لەوەدا گوناهبار نابێ •

چی رۆژوو ئەشکێنێو چی نایشکێنێ ؟

ئاثارو موعەللەقات :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعــالی عنهما ـ بەڕۆژوو بوو جلێکی تەڕکــرد دای بەسەر خۆیا • شەعبی بەڕۆژوو بوو چوە حەمام •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله عنهما ـ ئەفەرموێ : خوێی چێشــتچێشــتن زەرەری نیە [ئەگەر قووتی نەدا] حەســــەنی بەصریی ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : ئاو لە دەموەردان ، خۆفێنككردنەوە زەرەری نیە •

ئەنەس ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : ئابزەنێکم هەیە [لەگەن ، سوێنە ، مەڵکانە ، ئەوی ژن ئاوی ئەکاتە ناوو ئەچێتە ناوی • لە ئەستەمووڵ بانیۆی پێ ئەڵێن] کە بەڕۆژوو ئەبم ئەچمە ناوی •

لە پێغەمەرەوە ریوایەتکراوە ـ صلی الله تعــالی علیــه وسلم ـ کــە سیواکی کردوە • ئەبوداود • ئەمما نەوەویی ئەفەرموێ : عاصــمی کوڕی عوبەیدیللا ضەعیفە • ترمذیی ئەفەرموێ : حەسەنە •

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەفەرموێ : بەشەو ســەری داهێنێو رۆنی لێبدا بەڕۆژا پاكو تەمیز بێ •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : بەیانیــانو ئێواران ســــیواك بکا [تفی قووت نــەداتــەوە] عەطــا ئەفەرموێ : ئەگــەر تفی

قووت‌دایه‌وه ناڵێم كه ڕۆژووه‌كه‌ی ئه‌شكێ [ئه‌گه‌ر تفه‌كه‌ی پاك بێ‌و هیچی تری پێوه نه‌بێ] •

ئیبنوسیرین ئه‌فه‌رموێ : به سیواكی ته‌ڕ سیواك بكا زه‌ره‌ری نیه • پێیان‌وت : سیواك تامی هه‌یه ؟ فه‌رمووی : ئاویش تامی هه‌یه‌و تۆ له ده‌متی وه‌رئه‌ده‌ی •

ئه‌نه‌س‌و حه‌سه‌ن‌و ئیبراهیمی نه‌خه‌عیی [رضي الله عنه ورحمهما الله] ئه‌فه‌رموون : چاوڕشتن زه‌ره‌ری نیه بۆ ڕۆژووه‌وان •

عه‌طا ئه‌فه‌رموێ : كه ئاوی له لووت وه‌رداو بێ‌ئیختیار په‌ڕییه گه‌رووی زه‌ره‌ری نیه •

حه‌سه‌نی [به‌صری - رحمه الله -] ئه‌فه‌رموێ : مێش چوه گه‌روویه‌وه هیچی له‌سه‌ر نیه •

حه‌سه‌ن‌و موجاهید [رحمهما الله تعالى] ئه‌فه‌رموون : ئه‌گه‌ر له فكری چوو جیماعی كرد هیچی له‌سه‌ر نیه •

عه‌طاو قه‌تاده [رحمهما الله تعالى] ئه‌فه‌رموون : تف قووت بداته‌وه •

من ح - ٣/٣٥٦ إلى ٣٥٩ •

٣٢٦٠/٧٤ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - يرفعه : من أفطر يوماً من رمضان من غير عذر ولا مرض لم يقضه صيام الدهر ، وإن صامه [حق الصيام] ح - ٣/٣٦١ •

ته‌رجه‌مه :

ئه‌بوهوره‌یره - رضي الله تعالى عنه - به مه‌رفووعیی ئه‌فه‌رموێ : كه‌سێ بێ عوزرو نه‌خۆشی ڕۆژێ له ڕه‌مه‌زان بخوا هه‌موو عومری خۆی به‌ڕۆژوو بێ بۆی به‌قه‌زا ناگێڕێته‌وه [یه‌عنی ئه‌و ثه‌وابه كامڵه‌ی نابێ •

وە ئیللا دیارە کە ڕۆژەکەی بەسەرەوە نامێنێ • ئەمە زەجرە لە ڕۆژووخواردن] ، (وصله أصحاب السنن الأربعة) •

ئیبنومەسعوودیش ڕەئیی وایە ، سەعیدی کوڕی موسەییب ، شەعبی ، ئیبنوجوبەیر ، قەتادە ، حەمماد ، ئیبراهیمی نەخەعیی •• ئەفەرموون : تەنها ڕۆژێکی لە باتی بگرێتەوە [یەعنی ئەگەر بە جیماع نەیشکانبێ] •

٧٥/٣٢٦١ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا نسي فأكل وشرب فليتم صومه ، فإنما أطعمه الله وسقاه ح ـ ٣٥٨/٣ ، م ـ ١٤٦/٥ ، د ، ت ، جه ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئینسان لە فکری چوو خواردیو خواردیەوە ڕۆژووەکەی تەواو بکا ، ئەوە خوا ـ عز وجل ـ پێیخواردوەو پێیخواردوەتەوە •

[لە ئەبوهورەیرە ـ رضي لله تعالى عنه ـ وەوە بە طەریقێکی تر ریوایەت کراوە کە ئەو کەسە نە قەزای لە سەرە نە کەفارەتی لەسەرە] •

٧٦/٣٢٦٢ ـ (معلق) عن عامر بن ربيعة قال : رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستاك وهو صائم ما لا أحصي أو أعد [وصله أبو داود والترمذي] ح ـ ٣٥٩/٣ •

= عامیری کوڕی ڕەبیعە ئەڵێ : = پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە بەڕۆژوو بوو چەند جار سیواکی کرد ، ئەوەندە زۆر بوو ناتوانم حسابی بکەم •

٣٢٦٣/٧٧ - (معلق) وقال أبو هريرة [وصله النسائي] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لولا أن أشق على أمتي لأمرتهم بالســـواك عند كل وضوء • ويروى نحوه عن جابـر [رضي الله تعـالى عنه - وصـــله أبو نعيم] وزيد بن خالد [وصله أحمد وأصحاب الســنن بلفظ عنـد كـل صلاة] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ولم يخص الصائم من غيره ح - ٣٥٩/٣ •

٣٢٦٤/٧٨ - وقالت عائشة [رضي الله تعالى عنها] عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - : السواك مَطهرة للفم ، مرضـاة للرب ح - ٣٥٩/٣ وصله أحمد والنسائي وابنا خزيمه وحبان - رحمهم الله تعالى - •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ، جابیر ، زەیدی کوڕی خالید - رضي الله تعالى عنهم - لە پێغەمەرەوە - صلى الله تعالى عليه وسلم - ریوایەت ئەکەن کە فەرموویەتی: ئەگەر بە زەحمەتم نەزانیایە لەســـەر ئوممەتم ئەمرم پێ‌ئەکردن لـە کوللی دەزنوێژێکا • لە ریوایەتەکەی ترا : لە وەختی کوللی نوێژێکا سیواك بکەن [یەعنی بە ئەمری وجووبی ، گینا بە ئەمری نەدبیی ئەمری پێ‌فەرموە] •

بوخاریی ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - لـەم فەرموودەیا فەرقی لە بەینی رۆژووەوانو غەیری ئەوا نەکردوە [یەعنی لـە عومومی ئەم حەدیثەوە دەرەکەوێ کە بۆ ئینسانی بەڕۆژوویش ســـیواك سوننەتە] •

حەزرەتی عایشـــە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : سیواککردن دەمپاککەرەوەیـەو خوایش لە ئینسان رازیی ئەکا •

بە جونوبی ئینسان ڕۆژی لێبێتەوە زەرەر بە ڕۆژوو ناگەیێنێ :

٦٢٦٥/٧٩ ـ عن عائشة وأم سلمة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ زوجي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنهما قالتا : إن كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليصبح جنباً من جماع [من] غير احتلام في رمضان ثم يصوم م ـ ٥/٩٠ ، ح ـ ٣/٣٥٧ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ •

تەرجەمە :

عایشەو ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ڕەمەزانا بە جونوبیی ـ جونوبی جیماع نەك ئیحتیلام ـ ڕۆژی لێئەبۆوە ڕۆژووەکەی ئەگرت [یەعنی خەڵەلی پێ نەئەگەیی] •

٣٢٦٦/٨٠ ـ أبو بكر بن عبدالرحمن قال : سمعت أبا هريرة يقص يقول في قصصه : من أدركه الفجر جنباً فلا يصم • قال : فذكرت ذلك لعبدالرحمن بن الحرث لأبيه فأنكر ذلك ، فانطلق عبدالرحمن وانطلقت معه حتى دخلنا على عائشة [أولا] وأم سلمة [بعدها] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فسألهما عبدالرحمن عن ذلك قال : فكلتاهما قالت : كان النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يصبح جنبا من غير حلم ، ثم [يغتسل و • ح] يصوم • قال : فانطلقنا حتى دخلنا على مروان فذكر ذلك له عبدالرحمن • فقال مروان : عزمت عليك إلا ما ذهبت إلى أبي هريرة فرددت عليه ما يقول [ومروان يومئذ على المدينة • فقال أبو بكر : فكره ذلك عبدالرحمن • ثم قدّر لنا أن نجتمع بذي الحليفة ، وكانت لأبي هريرة هنالك أرض ، فقال عبدالرحمن لأبي هريرة : إني ذاكرٌ لك أمراً ولولا مروان أقسم عليَّ فيه لم أذكره لك • فذكر قول عائشة وأم سلمة ح ـ ٣/٣٥٣] قال : فجئنا

آبا هريرة ، وأبو بكر حاضر ذلك كله ، قال : فذكر له عبدالرحمن • فقـال أبو هريرة : أهما قالتاه لك ؟ قال : نعم • قال : هما أعلم • ثم رد أبو هريرة ما كان يقول في ذلك إلى الفضـل بن عباس [رضي الله تعـالى عنهم] فقـال أبو هريرة : سمعت ذلك من الفضل ولم أسمعه من النبي – صلى الله تعـالى عليه وسلم – قال : فرجع أبو هريرة عما كان يقول في ذلك [قال ابن جريج] قلت لعبدالملك [الراوي عن أبيه أبي بكر] : أقالتا في رمضان ؟ قال : كذلك كان يصبح جنبا من غير حلم ثم يصوم م – ٨٦/٥ ، واللفظ له ح – ٣٥٣/٣ بفرق لا يضر •

تەرجەمە :

ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : ئەبوهورەیرە – رضـي الله تعالى عنه – قسەی ئەکرد لە قسەکانیا ئەیفەرموو : هەرکەسێ بە جونوبی طلووعی فەجری لێ ببێ بەڕۆژوو نەبێ • چووم ئەوەم بە عەبدوڕەحمانی بـاوکم وت • عەبـدوڕەحمان ئینـکاری ئەوەی کرد ، لێیدا ڕۆیی‌و منیش لەگەڵی چووم ، لە پێشـا بۆ لای عایشەو لـە دوایيا بۆ لای ئومموسەلەمە – رضي الله تعالى عنهما – عەبدوڕەحمان ئەوەی لێ‌پرسـین ، هەردوکیـان فەرموویان : پێغەمەر – صلى الله تعـالى عليـه وسلم – بە جونوبیی ڕۆژی لێ‌ئەبۆوەو بێ ئیحتیلام [یەعنی بە جیماع] غوسڵی ئەکردو بەڕۆژوو ئەبوو • لەدوای ئەوە چووین بۆ لای مەروان•باوکم ئەو قسەی عایشەو ئومموسەلەمە – رضي الله عنهما – ی بە مەروان وت ، مەروان پێی وت : بە خوات سوێند ئەدەم ئەبێ بچیتە لای ئەبوهورەیرە ئەوی کە ئەیڵێ ڕەددی‌کەرەوە بەسەریا [مەروان لەو ڕۆژانەدا موسەللەط بوو بەسـەر مەدینـەدا • ئەبوبەکـر ئەفەرموێ : باوکم ئـەو تەکلیفی مەروانـەی کەرهان ، لـە پاشا وامان بۆ موقەددەر بوو ، کـە لە (ذو الحليفة)دا بـە خزمەت ئەبوهورەیرە گەیین ،

باوكم عەرزیكرد : شتێكت عەرز ئەكەم ئەگەر مەروان سوێندی نەدامایە عەرزم نەئەكردی • قسەكەی عایشەو ئوموسەلەمە ـ رضي الله تعالى عنهما ـی عەرزكرد • = ئەبوهورەیرە = فەرمووی : ئەوەم لە فەضلەوە بیستوە لە پێغەمەرم نەبیستوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە دواییا ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لەو قسەیەی روجووع بۆوە] •

٨١/٣٢٦٧ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] أن رجلا جاء الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستفتيه وهي تسمع من وراء = الباب = فقال : يا رسول الله تدركني الصلاة وأنا جنب فأصوم ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : وأنا تدركني الصلاة وأنا جنب فأصوم • فقال : لستَ مثلَنا يا رسول الله قد غفر الله لك ما تقدم من ذنبك وما تأخر • فقال : والله = إني = لأرجو أن أكون أخشاكم لله وأعلمكم بما أتّقي م ـ ٥/٩١ •

تەرجەمە :

پیاوێ هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیستیفتای لێ ئەكرد عایشەیش ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە پشتی = دەرگاوە = ئەیبیست • عەرزیكرد : (يا رسول الله) نوێژم بەسەرا یێو [یەعنی نوێژی سبەینێ] منیش جونوبم بەرۆژوو ئەبم ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : منیش نوێژم بەسەرا یێو جونوبم‌و بەرۆژوویش ئەبم • عەرزیكرد : (يا رسول الله) تۆ وەك ئێمە نیت خوا لە هەموو گوناهی پێشوو پاشووت خۆش بوە [یەعنی لەمەوپێش لە گوناه حیفظی كردوویت‌و لەمەولایش حیفظت ئەكا] فەرمووی : وەڵلاهی ئومێدم وایە كە لە هەمووتان زیاتر لە خوا بترسم ، لە هەموویشتان عالمترم بەوەی كە ئەبێ خۆمی لێ بپارێزم •

ماچو دەستبازیو یاریکردنی ئینسانی بەڕۆژوو لەگەڵ ژنی خۆی دروستە :

٣٢٦٨/٨٢ - عن عائشـة [رضي الله تعالى عنها - قالت] : أن كـان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ليقبِّلُ بعض أزواجه وهو صـائم ثم ضحكت [وفي أخرى : كان يقبلها وهو صائم • وفي أخـرى : يقبـل في رمضان] وكان أملككم لإربه ح - ٣/٣٥٤ ، ٣٥٥ • م - ٥/٨٤ ، ٨٥ •

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسلم - لە ڕەمەزانا بەعزێ لە ژنەکانی ماچئەکردو بەڕۆژوویش بوو • لە دواییا پێکەنی [یەعنی منی ماچئەکرد] لە ریوایەتەکەی ترا تەصـریحی پێکردوە فەرمووی : بەڕۆژوو بوو ماچیئەکردم • ئەمما ئەو لە ئێوە زیاد قودرەتی بەسەر نەفسی خۆیا ئەشکا •

٣٢٦٩/٨٣ - عن عمر بن أبي سلمة [ربيب النبي - صـلى الله تعـالى عليه وسلم -] أنه سأل رسول الله - صـلى الله تعـالى عليه وسلم - أيُقَبِّل الصائم ؟ فقال رسول الله - صلى الله تعـالى عليه وسلم - : سـل هذه ، لأم سلمة [رضي الله تعالى عنها] فأخبرته أن رسول الله - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - يصنع ذلك • فقال : يا رسول الله قد غفر الله لك ما تقدم من ذنبك وما تأخر • فقال رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أما والله إني لأتقاكم لله وأخشاكم له م - ٥/٨٦ •

تەرجەمە :

عومەری کوڕی ئەبوسەلەمە - رضي الله تعـالى عنهما - لـە پێغەمەری پرسیی - صلى الله تعالى عليه وسلم - دروستە ئینسانی بەڕۆژوو ژن مـاچ بکا ؟ فەرمووی : لەمە بپرسە ، ئیشارەتی ئوممو سەلەمەی کرد - رضي الله

تعالى عنها ـ خەبەری دایێ کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیکا • عەرزیکرد : (یا رســـول الله) تۆ خوا لە گوناهی بەرودواوەت حیفظی کردووی • فەرمووی : وەڵڵاهی بزانە کە لە هەمووتان تەقواو ترسـم لـە خوا زیاترە •

٣٢٧٠/٨٤ ـ عن زينب ابنة أم سلمة عن أمها ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قالت : بينما أنا مع رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ في الخميلة إذ حضت فانسللت فأخذت ثياب حيضتي • فقال : ما لكِ أنَفَسـتِ ؟ قلت : نعم • فدخلت معه في الخميلة ، وكانت هي ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يغتسلان من إناء واحد ، وكان يقبلها وهو صائم[1] ح ـ ٣/٣٥٥ ، م ـ ٢/٣٦٢ ، ح ـ ١/٣٣٧ بدون التقبيل وقد مر في الحيض •

حەجامەت بۆ رۆژوەوان لەگەم قووەتی نەترسێ دروستە بۆ رۆژوو زەرەری نیە :

٣٢٧١/٨٥ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ احتجم وهو محرم ، واحتجم وهو صائم ح ـ ٣/٣٦٨

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە ئیحراما بوەو حەجـامـەتی گرتوە ، بەرۆژوو بوەو گرتوویەتی •

---

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی ئەم حەدیثەی نەنووسیوە ، وەك ئیشـارەی بۆکرد ، لە بەر ئەوەیە کە لە باسی حەیزدا نووسراوە هەرچەند لە نێوان ئـەم ریوایـەتـەو ریوایەتەکەی ئەوێدا کـەمێك جیـاوازیی هەیـە . بڕوانە ل : ٢٩٥ی بەرگی پێنجەم .

ثابیتی بەنانی ئەفەرموێ : لە ئەنەس - رضي الله تعالى عنه -م پرسیی : حەجامەتتان ئەکەرهان بۆ پیاوی بەڕۆژوو ؟ فەرمووی : خەیر ، مەگەر لەبەر زەعیفیی • ح - ٣/٣٦٨ •

ئەبوهورەیرە - رضي الله عنـه - ئەفەرموێ : ئینسان ئیستیفراغی[1] کرد رۆژوەکەی ناشکێ ؛ چونکی رۆژوو بە شت خستنە ناوەوە ئەشکێ بە شت لێدەرهێنان ناشکێ • ئیفطاریشی لێ ریوایەت کراوە ئەمما ئەوەڵەکەی صەحیحترە •

ئیبنوعەبـاس - رضي الله تعـالى عنهما - ئەفەرموێ : بـەڕۆژووبوون لەشتچوونەژوورەوەیە لە هاتنەدەرەوە نیە • ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - حەجامەتی ئەگرتو بەڕۆژوویش ئەبوو ، لە دواییا تەرکی کرد بـە شەو ئەیگرت •

حەسەنی بەصریی - رحمه الله تعالى - لە زۆر کەســەوە بە مەرفووعیی ریوایەت ئەکـا کـە حەجامەتگریش و حەجامـەتلێگیراویش رۆژوویـان ئەشکێ • وصله النسائي ح - ٣/٣٦٧ •

ئەم حەدیثە ئەگەر زەعیف بێ ئیستیدلالی پێ ناکرێ ، ئەگەر صەحیح بێ جوابی دراوەتەوە بەوە کە مەعنای وایە کەسێ حەجامەت بگرێ ئەمین نیە لەوەی کە خوێن لە کەڵەشاخەکەوە بچێتە گەرووییەوە • ئەوی حەجامەتی لێ ئەگیرێ ئیحتیمالی هەیە پێی زەعیف بێ و مەجبوور بێ کە رۆژوەکەی بشکێنێ • یەعنی مەعنای (أفطر) ئەوەیە کـە هەردوکیان خۆی ئەخاتە[1]

(١) (إستفراع - ئیستیفراع) رشانەوە .

(١) راستوایە بفەرموێ : « خۆیان ئەخەنە مەعرەضی ئەوەوە کـــە ئیفطار بکەنەوە » .

مەعرەضی ئەوەوە کە ئیفطار بکاتەوە ، مەعنای وا نیە کە رۆژوەکەیان ئەشکێ • ئەم جوابە زۆر زۆر زەعیفە ، حەدیثەکەیش موعاریضە لەگەڵ حەدیثی ئیبنوعەباسا کە پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – بەڕۆژوو بوەو حەجامەتی گرتوە •

رۆژووشکان بەحەجامەت تەنها مەذهەبی ئیمامی ئەحمەدە ، لەبەر ئەم حەدیثە • لای ئەئیممەی ثەلاثە حەجامەت رۆژوو ناشکێنێ • لەبەر حەدیثەکەی ئیبنوعەباس – رضي الله تعالى عنهما – ئەم حەدیثە موضطەریبە ئیختیلاف لەسەر عەطاو یونس هەیە کە هەر کەسە بە نەوعێکیان لێ ریوایەت ئەکا •

رۆژووی نەذر تەصادوفی رۆژی جەژن بکا :

٣٢٧٢/٨٦ – زياد بن جبير قال : كنت مع ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] فسأله رجل فقال : نذرت أن أصوم كل يوم ثلاثاء أو أربعاء ما عشت فوافقت هذا اليوم يوم النحر [يوم أضحى أو فطر • م] فقال : أمر الله بوفاء النذر ونهينا أن نصوم يوم النحر ، فأعاد عليه • فقال مثله لا يزيد عليه ح – ٩/٣٩٤ ، م – ٥ /١٢٣ بدون فأعاد •

تەرجەمە :

زیادی کوڕی جوبەیر ئەفەرموێ : لە خزمەت ئیبنوعومەرا بووم – رضي الله تعالى عنهما – پیاوێ لێی‌پرسیی : لەسەر خۆمم نەذرکردوە کە هەموو سێشەمەیێ ، یا وتی هەموو چوار شەمەیێ بەڕۆژوو بم = لەو رۆژەدا رێکەوتی رۆژی جەژنی قوربان یا رۆژی جەژنی رەمەزانم کرد ؟ = فەرمووی : خوا ئەمری کردوە بە بەجێهێنانی نەذر ، نەهی‌کردوە لە رۆژووی ئەم رۆژە • دووبارە لێی‌پرسیەوە هەر وای جوابدایەوە لێی زیاد نەکرد •

له ریوایه‌تێکی ترا ئه‌فه‌رموێ : ئیقتیدای باشت بۆ هه‌یـه به پێغه‌مه‌ر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نه له قوربانا نه له جه‌ژنی ره‌مه‌زانا به‌ڕۆژوو نه‌ئه‌بوو ره‌ئیی رۆژوویشی نه‌بوو •

ئه‌مما دروست نیه نه بۆ نه‌ذر نه بۆ غه‌یری نه‌ذر ئینسان له‌و رۆژانه‌دا به‌ڕۆژوو بێ ، ئیختیلاف له قه‌زادا هه‌یه ؛ لای ئیمامی ئه‌عظه‌م ئه‌گه‌ر بیگرێ به‌ری نه‌ذره‌که‌ی ئه‌که‌وێ •

له رۆژی ره‌مه‌زانا موجامه‌عه‌و که‌فاره‌تی :

٣٢٧٣/٨٧ ـ أبو هريرة ـ رضـي الله تعـالى عنــه ـ قال : بينما نحن جلوس عند النبي ـ صلى الله تعـالى عليــه وسـلم ـ إذ جاءه رجـل فقــال : يا رسول الله هلكت • قال : ما لك ؟ قال : وقعت على امرأتي وأنا صـائم • فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هل تجد رقبة تعتقها ؟ قال : لا • قال : فهل تستطيع أن تصوم شهرين متتابعين ؟ قال : لا • فقال : فهل تجد إطعام ستين مسكيناً ؟ قال : لا • قال : فمكث عنـد النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فبينما نحن على ذلك أُتي النبي ـ صلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ بعَرَق فيه تمر ، والعَرق المكتل [يسع خمسة عشر صاعا] قال : أين السائل ؟ فقال : أنا • قال : خذها فتصدق به • فقال الرجل : على أفقر مني يا رسول الله ؟! فوالله ما بين لابتيها يريد الحرّتين أهـل بيت أفقر من أهـل بيتي • فضـــحك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى بدت أنيابه ، ثم قال : أطعمه أهلك ح ـ ٣/٣٦٣ ، م ـ ٥/٩١ أخرجه البخاري في الأدب والنفقات ، والنذور ، والمحاربين د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە وەختێکا لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دانیشتبووین پیاوێکی هاتەخزمەت عەرزیکرد : (یا رسول الله) بەهیلاك چووم • فەرمووی : بۆچی ؟ عەرزیکرد : بەڕۆژوو بووم و لەگەڵ ژنەکەما دروست بووم • فەرمووی : عەبدێکت هەیە ئازادی بکەی ؟ عەرزیکرد : خەیر • فەرمووی: ئەتوانی دوو مانگ لەسەریەك لێکی نەبچڕیەوە بەڕۆژوو بی ؟ عەرزیکرد : خەیر • فەرمووی : هەتە ئیطعامی شەصت میسکین بدەی ؟ عەرزیکرد : خەیر • ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پیاوەکە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مایەوە ، کە ئێمە لەسەر ئەو حاڵە بووین زەنبیلێکیان خورما هێنایە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پانزە صاع خورمای تیا بوو • فەرمووی : سائیلەکە لە کوێیە ؟ عەرزیکرد : منم • فەرمووی : ئەو خورمایە وەرگرە بیدە بە صەدەقەدا • عەرزیکرد : بە لەخۆم فەقیرتری بدەم بە صەدەقە (یا رسول الله) ؟ وەڵڵاهی لە بەینی ئەم دوو شاخی مەدینەدا ئەهلی بەیتێ لە ئەهلی بەیتی من فەقیرتری تیا نیە ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێکەنی تا ددانی تەنیشتی دەمی سەعادەتی دەرکەوت • ئەمجا فەرمووی : دەرخواردی مناڵەکانتی بدە •

٣٢٧٤/٨٨ ـ حمزة بن عمرو الأسلمي سأل النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إني رجل أسرد الصوم أفأصوم في السفر ؟ فقال : صم إن شئت ، وأفطر إن شئت م ـ ٥/١٠٦ ، ح ـ ٣/٣٧٠ •

٣٢٧٥/٨٩ ـ ••• ولفظه : قال للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : آأصوم في السفر ؟ وكان كثير الصيام ، فقال : إن شـئت فصم وإن شـئت فأفطر ح – ٣٧٠/٣ ، ن م – ١٠٧/٥ •

٣٢٧٦/٩٠ ـ وعنه قال : يا رسول الله أجد بي قوة على الصـيام في السفر ، فهل عليّ جناح ؟ فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : هي رخصة من الله ؛ فمن أخذ بها فحسن ، ومن أحب أن يصوم فلا جنـاح عليـه م – ١٠٧/٥ •

[وروى أبو داود والحاكم من طريق محمد بن حمزة عن أبيه أنه قال : يا رسول الله إني صاحب ظهر أعالجه أسافر عليه وأكريه ، وإنه ربما صادفني هذا الشهر ، يعني رمضان ، وأنا أجد القوة ، وأجدني أن أصوم أهون عليّ من أن أؤخـره فيـكون دينـاً عليّ ، فقال : أي ذلك شـــئت يا حمزة ، قسـطلاني – ٣٧٠/٣] •

تەرجەمە :

چوار ریوایەت هەمووی یەك حادیثەیە •

حەمزەی کوڕی عەمری ئەسلەمیی عەرزی پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کرد : (یا رسول الله) من صاحێب وڵاخم لە عەمەلیان یێنم ، سەفەریان پێوە ئەکەم ، ئەیاندەم بـە کرێ زۆر جار وا ئەبێ ئـەم مانـگی رەمەزانەم لە سەفەرا بە سەرا بێ ، قووەتم هەیە ئەوەیشم لـە لا ئەهوەنترە کە بەڕۆژوو بم لەوەی دوای بخەمو بەسەرمەوە ببێ بە قەرز • فەرمووی : کامیانت هەوەس یێنێ = ئەی حەمزە = یەعنی وا بکە (أبو داود) •

ریوایەتەکەی موسلیم عەرزیکرد : (یا رسول الله) لە سەفەرا ئەتوانم رۆژوو بگرم گوناهم ئەگاتێ ؟ فەرمووی : روخصـــەتێکە خوا عەطای

فەرموە ، هەرکەسێ بەو روخصەتە عەمەل بکا جوانە ، ئەوی هەر حەز بکا بیگرێ گوناهی نیە •

لە بوخاریشا عەرزیکرد : (یا رسول الله) لـە سەفەرا بەڕۆژوو بیم ؟ فەرمووی : حەزەکەی پێبە ، حەزەکەی بیخۆ •

٩١/٣٢٧٧ ـ عن أبي سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] قال : كنا نغزو مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في رمضان فمنا الصائم ومنا المفطر [فلم يعب ، عن أنس ح ـ ٣/٣٧٢ ، م ـ ٥/١٠٤] فلا يجد الصائم على المفطر ، ولا المفطر على الصائم • يرون أن من وجد قوة فصام فإن ذلك حسن ، ويرون أن من وجد ضعفاً فأفطر فإن ذلك حسن م ـ ٥/١٠٣ •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە رەمەزانا لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ غەزامان ئەکرد ، بەعزێکمان بەڕۆژوو بوو ، بەعزێکمان پێنەبوو ، نە رۆژوەوان عەیبی لە رۆژوونەگر ئەگرت ، نە ئەوەی کە بەڕۆژوو نەبوو عەیبی لە رۆژووگر ئەگرت • وایان ئەبینی ئینسان قووەتی لە خۆیا ئەدیو بەڕۆژوو بوو ئەوە باشە ، ئەوی ضەعفی لە خۆیا ئەبینیو پێنەئەبوو ئەوەیش باشە •

٩٢/٣٢٧٨ ـ عن أبي الدرداء ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : خرجنا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في بعض أسفاره [في شهر رمضان • م] في يوم حار [شديد • م] حتى يضع الرجل يده على رأسه من شدة الحر ، وما فينا صائم إلا ما كان من النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وابن رواحة ح ـ ٣/٣٧١ ، م ـ ٥/١٠٧ ، د •

تەرجەمە :

ئەبودەرداء ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە سەفەرێکا لە مانگی رەمەزانا ، لە رۆژێکی گەرمی زۆر گەرما لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چووینە دەرێ ، ئەوەندە گەرم بوو لەبەر شیددەتی گەرما خەڵق دەستی ئەنایە سەرســـەری ، پێغەمەر نەبێ ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ و ئیبنورەواحە هیچ کەس پێ نەبوو .

ئیبنورەواحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە غەزای مۆتەدا لە پێش فەتحـا شەهیدکرا ، کە وابێ ئەم غەزایە غەیری غەزای فەتحە .

٣٢٧٩/٩٣ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ في سفر [في غزوة الفتح . ترمذي] فرأى زحاماً ورجلا قد ظُلّلَ عليه ، فقال : ما هذا ؟ فقالوا : صائم . فقال : ليس من البر الصوم في الســـفر ح ـ ٣٧١/٣ ، م ـ ١٠٢/٥ ، د ، ن . وفي رواية أحمد : ليس من امبر امصيام في امسفر .

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ لـە ســـەفەری فەتحا کۆمەڵێ خەڵقی دی پیـاوێکیشی دی ، ســـێبەری لەســـەر کرابوو ، فەرمووی : ئەمـە چیە ؟ عەرزیـانکـرد : رۆژوەوانێکە . فەرمووی : لە سەفەرا رۆژووگرتن [یەعنی بەم نەوعە کـە خۆی بخاتە مەعرەضی هەلاکەتەوە] خێر نیە . ئەمما ئەگەر نەگاتە دەرەجەی هەلاکەتەوە[1] ، وەك لە حەدیثەکانی پێشەوەدا رابوردو ئەگەر قووەت لـە

(١) راست وایە بگوترێ : « نەگاتە دەرەجەی هەلاکەت » یا « نەکـەوێتــە دەرەجەی هەلاکەتەوە » .

خۆیا ببینێ موخەییەرە ؛ هـەوەسی یێنێ پێ بێ ، هەوەسی یێنی پێ نەبێ • خۆی پێیش بوەو شکانوویشیەتی •

٣٢٨٠/٩٤ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خرج عام الفتح الى مكة في رمضـــان ، حتى بلغ [الكديد ، عسفان = أخرى • م =] كراع الغميم ، فصـام الناس ثم دعـا بقدح من ماء فرفعه حتى نظر الناس إليه ، ثم شرب ، فقيل له بعد ذلك : إن بعض الناس قد صام • فقال : أولائك العصاة ، أولائك العصاة م ـ ٥/١٠٥ وعن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ولكنه لم ير الحادثة فحديثه مرسل صحابي ح ـ ٣/٣٧٢ ، م ـ ٥/١٠١ وفيه : فكان ابن عباس يقول : قـد صام رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأفطر ، فمن شاء صـام ومن شاء أفطر • قال الزهري بالإسناد : وكان الفطر آخر الأمرين ، وإنما يؤخذ من أمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالآخر فالآخر ، قال الزهري : فصبح رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مكة لثلاث عشرة ليلة خلت من رمضان • وفي أخرى عن الزهري : فكانوا يتبعون الأحدث فالأحدث من أمره ويرونه الناسخَ المحكَمَ م ـ ٥/١٠٠ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ ساڵی فەتحی مەککە لــە رەمەزانا تەشریفی لە مەدینە چوە دەرێ [بۆ فەتحی مەککە] بەڕۆژوو بوو تا گەیی‌یە عوسفان ، لە ریوایەتێکا (کەدید) لە ریوایەتێکا (كراع الغميم) [کەدید : سەرچاوەیێکی جارییە لە عوسفان نزیکترە بە مەدینە • کوراع : شاخێکی رەشە • غەمیم وادی‌یێکە کە ئەو شـــاخەی لێیە لـە بەردەمی عوسفانەوە • ئەم مەواقیعە نزیك بە یەکن • عوسفان دێییێکە شـــاملی هەموویانە] خەڵقیش بەڕۆژوو بوون ، لە پاشا پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ قەدەحێ ئاوی طەڵەب کرد بەرزی کردەوە تا خەڵق ببینێ ،

ئەمجا نۆشی‌کرد • ئیبنوشەهاب ئەفەرموێ : ئیشی پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - کامی لە ئاخرەوەیە عەمەل بەوەیە ، ئەوە ناسیخی پێشوەکەیەتی‌و موحکەمە • لە پاش ئەوە کە پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیــه وسلم - ئــەو ڕۆژە ئــەو ئاوەی عافێت‌کـرد عەرزی‌کرا : کـە بـەعزێ خەڵق بەڕۆژوون فەرمووی : ئەوانە عاصین ، ئەوانە عاصین •

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەو ڕۆژەی کـە تەشریفی لـە مەدینە چوە دەرێ نەگەیی‌یە عوسفان ، ئەو ئاوەی لە عوسفان کـە حەوت میلە بۆیە نۆشی گیانی کرد کە خەڵق تێ‌بگەیێنێ کە بەڕۆژوو نیە •

بەعزێ ئەڵێن : ئینسان کە بە بەڕۆژوویی دوای سبەینێ بۆ ســـەفەر لەجێی خۆی بێتەدەرێ بۆی دروستە کە ڕۆژوەکەی بشکێنێ ، بـە دەلیلی ئەم فیعلی پێغەمەرە - صلی الله تعالی علیه وسلم - شافیعیی‌و جومهوور ئەڵێن ئەو ڕۆژە بۆی دروست نیە بیشکێنێ • ئـەم حەدیثە نابێ بـە دەلیلی ئـەو بەعزە ؛ چونکی عوسفان حەوت ڕۆژە لـە مەدینەوە • پێغەمـەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ڕۆژی سێنزەی ڕەمەزان بەیانی تەشریفی بە فاتیحی داخلی مەککە بوو • ڕیوایاتی دوخوول لە ئەبوسەعیدەوە - رضي الله تعالی عنه - (١٢ ، ١٧ ، ١٨ ، ١٩ ، ١٦)ی ڕەمەزان • نەوەویی تەمای بوە تەوفیقی ئەم ڕیوایەتانە بکاو جێگەکەی بە سپێتی ماوەتەوە جلد (٥) ص (١٠٥) •

٣٢٨١/٩٥ - عن أنس - رضي الله تعـالی عنه - قال : كنـا مـع النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - [في رمضان • أخرى م] في السفر فمنا الصائم ومنا المفطر ، قال ، فنزلنا منزلا في يوم حار أكثرنا ظلا صاحب الكساء ، ومنا من يتقي الشمس بيده • قال : فسقط الصوام [فلم يعملوا شيئاً • خ] وقام المفطرون فضربوا الأبنية وسقوا الركـاب [وامتهنوا وعالجوا • خ] فقـال

رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ذهب المفطرون اليومَ بالأجـر • ٥/١٠٤ واللفظ له ح ـ ٥/٨٥ ، ن •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە ڕەمەزانا لـە سەفەرێکا لە خزمەت پێغەمەرا بووین ـ صلى الله عليـه وسلم ـ بەعزێکمان بەڕۆژوو بوو بەعزێکمان پێ‌نەبوو لە ڕۆژێکی گەرمادا لە مەنزلێکا بارمان خســـت ئەوی زۆر سێبەری بیوایە ئەوە بوو کەوای بیوایە • بەعزێکمان بە دەست خۆی لە ڕۆژ موحافەظە ئەکرد ، ڕۆژووەوان لێی‌کـەوتن ، هیچیـان نەکرد ، ئەوانەی بەڕۆژوو نەبوون هەڵســـان خێوەتیان هەڵدا ، وڵاخیـان ئاودا ، خزمەتیان کرد ••• پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ فەرمووی : ئەوانەی بەڕۆژوو نین ئیمڕۆ ئەجریان برد بۆ خۆیان •

٣٢٨٢/٩٦ ـ عن قزعة قال : أتيت أبا سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] وهو مكثور عليه ، فلما تفرق الناس قلت : إني لا أسألك عما يسألك هؤلاء عنه • سألته عن الصوم في السفر فقال : سافرنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الى مكة ونحن صيام قال : فنزلنا منزلا فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إنكم قـد دنوتم من عدوكـم والفطر أقوى لكم ، فكانت رخصة ، فمنا من صام ومنا من أفطر • ثم نزلنـا منزلا آخـر فقال : إنكم مصبحو عدوكم والفطر أقوى لكم فأفطروا ، وكـانت عزمـــة فأفطرنا ، ثم لقد رأيتنا نصوم مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ = بعد = في السفر م ـ ٥/١٠٥ •

تەرجەمە :

قەزعە ئەفەرموێ : چوومە خزمەت ئەبوسەعیدی خدریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ خەڵقی زۆری لێ کۆبووبووەوە ، کـە خەڵقەکە بڵاوەیان کـرد ،

عەرزمکرد : من لەوەت لێ ناپرسم کە ئەمانە لێت ئەپرسن ، لە بەڕۆژووبوون لە سەفەرا لێمپرسی ، فەرمووی : لە خزمەت پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیه وسلم - سەفەرمان کرد بۆ مەککە ، هەموو بەڕۆژوو بووین ، لـە مەنزڵێکا دابەزین بارمان خست ، پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیه وسلم - فەرمووی : لـە دوشمن نزیكبوونەوە ، ئیفطارکردنەوە بـۆ ئێوە چاکە پێی بـەقووەتتر ئەبن ، بەعزێکمان پێ‌بوو ، بەعزێکمان پێ‌نەبوو ، ئەو فەرموودەی روخسەت بوو ئەمری وجووبی نەبوو • لە پاشا لە مەنزڵێکی ترا خستمان فەرمووی : سبەینێ ئەچنە سەر دوشمن بە ئیفطار زیاتر قووەتتان ئەبێ ، هەموو رۆژی دوایی ئیفطاریان کردەوە ، بەڕۆژوو نەبوون • ئـەو ئەمرە ئەمری وجووبی بوو • لە پاشا فەرمووی : چاومان بە خۆمان ئەکەوت لـە خزمەت پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە سەفەرا بەڕۆژوو ئەبووین لـە دوای ئـەو سـەفەرە •

بۆ مردوو رۆژوو بەقەزاگێڕانەوە با وەصیەتیشی پێ نەکـا دروسـتە ، تەئخیری قەزای رۆژوو تا شەعبان دروستە :

٣٢٨٣/٩٧ - عائشة - رضي الله تعالى عنها - تقول : كان يكون عليَّ الصوم من رمضان فما أستطيع أن أقضي إلا في شعبان ، قال يحيى [قالت : يمنعني] الشـــــغل من النبي أو بالنبي - صلى الله تعـالى عليـه وسـلم - ح - ٣٧٥/٣ ، م - ١٢٩/٥ ، ن ، د ، جه •

تەرجەمە :

عایشـــە - رضي الله تعـالی عنهـا - ئەفەرموێ : رۆژووی رەمـەزانم ئەکەوتە سەر لەبەر ئەمە مەشغووڵ ئەبووم بە فرمانی پێغەمەرەوە - صلی الله تعالی علیه وسلم - تا مانگی شەعبان نەمەپەرژا بیگرمەوە • ئەمما لـە مانگی

شەعبانا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەبەر رۆژوو نەیەپەرژایە سەر من پێمەوە مەشغووڵ بێ‌و وەقتیش تەنگەبوو لەو تەنگەدا رۆژوەکانم بە قەزا ئەگێڕایەوە • فەقەط حەزرەتی عایشە بە رۆژی سەودەوە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دوو رۆژی لە نۆ رۆژا بەرکەوتوە حەوت رۆژی بە بەتاڵ ماوەتەوە ئیتر بۆچی نەیتوانیوە بیگێڕێتەوە ؟ (الجواب) ئەڵێن : هەموو ئەزواجی طاهیرات با نۆبەی خۆیشی نەبووبێ بە دەوام موهەییا بوون مەبادا لە وەختێکا بە ئیذنی ئەوانی تر بچێتە لای ، یا ئیذنی حەزرەتی عایشەی نەداوە تا وەقت تەنگ نەبووبێ بەڕۆژوو بێ مەبادا زەعیف بێ •

٩٨/٣٢٨٤ ـ وعنها ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من مات وعليه صيام صام عنه وليه ح ـ ٣٧٦/٣ ، م ـ ١٣٢/٥ ، د ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ بمرێ‌و رۆژووی لەسەر بێ وەلیەکەی بۆی بەڕۆژوو بێ • ئەجنەبیش بە ئیذنی وەلیەکەی بە ئوجرەت یا بە بێ ئوجرەت بۆی پێ‌بێ دروستە • ئەمە قەولی قەدیمی شافیعی‌یە • نەوەویی تەصویبی ئەم قەولەی کردوە • قەولی جەدید = ی شافیعی = و مالیك‌و ئەبوحەنیفە دروست نیە ؛ چونکی عیبادەتی بەدەنییە • ئەم قەولە هیچ دەلیلی نیە ، بەڵکو مونافی‌یە بۆ حەدیثی دروستبوونی •

[ئەحادیثی فیدیە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە دەرحەقی ژنێ بمرێ‌و رۆژووی لەسەر بێ فەرمووی : ئیطعامی بۆ بدرێ • لە حەدیثێکی تریا فەرموویەتی : لە بری مردووتان بەڕۆژوو مەبن فیدیەیان بۆ بدەن (بەیهەقی) •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرحەقی پیاوێکی مردوو کـە رەمەزانی بەسەرەوە بوو فەرموویەتی : ئیطعامی سی میســـکین بکەن • فەرموویـەتی : کـەس لـە بـاتی کـەس بـەڕۆژوو نەبێ (ن) • فـەقـەط ئیبنوعەباسیش‌و عایشەیش ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بە خیلافی ریوایەتەکەیان فتوایان داوە • ئەوە دەلالەت لەســـەر نەسخی وجووبی ئیطعام ئـەکـا • قسطلاني] •

٣٢٨٥/٩٩ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : جاء رجل إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : يا رســـول الله إن أمي ماتت وعليها صوم شهر [أ • م] فأقضيه عنها ؟ قال [فقال : لو كان على أمك دين أكنت قاضيه عنها ؟ قال : نعم • م] : نعم • قال : فدين الله أحق أن يقضـــى ح ـ ٣/٣٧٦ • وفي أخرى عنه : قالت امرأة للنبي ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ : إن أمي ماتت وعليها صوم نذر • وفي أخرى عنه : صوم خمســـة عشر يوماً • وفي أخرى : أختي ماتت ح ـ ٣/٣٧٧ ، م ـ ٥/١٣٢ ، ١٣٣ •

تەرجەمە :

پیاوێك لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەپرسـێ : دایـکم مردوە رۆژووی مانگێکی بەسەرەوەیە بۆی بەقەزا بگێڕمەوە ؟ فەرمووی : ئەگەر دایکت قەرزی بەسەرەوە بوایە بۆت ئەدایەوە ؟ عەرزی‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : قەرزی خوا لازمترە کە بدرێتەوە • لە ریوایەتێکا : ژنێ هات عەرزی = کرد = : دایکم مردوە پانزە رۆژی لەســەرە • لـە ریوایەتێکا : رۆژووی نەذری لەسەرە ، لە ریوایەتێکا خوشکم مردوە • بۆ هەموو ئـەم سوئالانە فەرمووی : بەڵێ دروستە •

١٠٠/٣٢٨٦ ـ عن بريدة قال : بينا أنا جالس عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إذ أتته امرأة فقالت [يا رسول الله] : إني تصدقت على أمي بجارية وانها ماتت ، قال : فقال : وجب أجرك وردها عليك ، قالت : يا رسول الله إنه كان عليها صوم = شهر = أفأصوم عنها ؟ قال : صومي عنها • قالت : إنها لم تحج قط أفأحج عنها ؟ قال : حجي عنها م ـ ٥/١٣٣ •

تەرجەمە :

ژنێ ئەچێتە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەرزی ئەكا : (یا رسول الله) جاریەیێکم دا بە دایکم دایکم مرد • فەرمووی : ئەجرت بۆ بە واجب گەڕاوەو ، خوا جاریيەكەی بۆ ئیعادەكردووینەوە • عەرزیكرد : دایکم = مانگێ = رۆژووی بەسەرەوە بوە بۆی بەڕۆژوو بیم ؟ فەرمووی : بۆی پێبیە • عەرزیكرد : قەت حەجی نەكردوە حەجی بۆ بكەم ؟ فەرمووی : بۆی بكە •

وەلحاصڵ بۆ مردوو دروستە هەموو قەرزی بۆ بدرێتەوە لە سەری لائەچێ ، ماڵبێ ، نوێژ بێ ، رۆژوو بێ ، حەج بێ ••• فەرموودەی تاجی سوبوكیی بۆ نوێژ راستو حەقە •

دەعوەتی رۆژوەوانی سوننەت :

١٠١/٣٢٨٧ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إذا دعي أحدكم إلى طعام وهو صائم فليقل : إني صائم م ـ ٥/١٣٧ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : كەسێ بانگ بكرێتە سەر دەعوەتو بەڕۆژوو بێ بڵێ : بەڕۆژووم •

= باسی (ليلــة القــدر) = :

٣٢٨٨/١٠٢ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رجالا من أصحاب النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أُروا ليلة القدر في المنام في السبع الأواخر ، فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أرى رؤياكم قد تواطأت في السبع الأواخر فمن كان متحريها فليتحرها في السبع الأواخر ح ـ ٤٢١/٣ ، م ـ ١٧٢/٥ •

٣٢٨٩/١٠٣ ـ وعنه قال : رأى رجل = أن = ليلة القدر ليلة سبع وعشرين • فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : أرى رؤياكم في العشر الأواخر فاطلبوها في الوتر منها م ـ ١٧٢/٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : بەعزێ لـە ئەصحابی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە حەوت شەوی ئاخری رەمـەزانـا لە خەوا (ليلة القدر) یان پێ‌نیشان‌درا [لە ریوایەتەکەی ترا : پیـاوێ لـە شەوی بیست‌و حەوتی مانگا (ليلة القدر)ی پێ‌نیشان‌درا] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وا ئەبینم خەوەکانتان لە حەوتی ئاخریدا تەوافوقی کردوە ، ئەوی بۆی بگەڕێ لـە حەوتی ئاخریدا [لـە تاقەکانیا] بۆی بگەڕێ •

لە ریوایەتێکی تریا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەعزێ لە ئێوە لە حەوتی ئەوەڵی [دوای بیستەوە] بەعزێکتان لـە حەوتی ئاخریا (ليلة القدر)ی پێ‌نیشان‌دراوە ، لە حەوتی ئاخریدا بۆی بگەڕێن • م ـ ١٧٣/٥ •

١٠٤/٣٢٩٠ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : أريت ليلة القدر ثم أيقظني بعض أهلي فنسيتها ، فالتمسوها في العشر الغوابر • قال حرملة : فنَسِيتُها م - ٥/١٧٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : (ليلة القدر)م پێ نیشان‌درا ، بەعزێ لە ئەهل و عەیالم خەبەری کردمەوە لە فکرم برایەوە • حەرمەلە ئەڵێ : لە فکرم چۆوە •

١٠٥/٣٢٩١ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : تحرّوا ليلة القدر في الوتر من العشر الأواخر من رمضان ح - ٣/٤٢٣ ، م - ٥/١٨١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لە تاکی دەی ئاخری رەمەزانا بۆ (ليلة القدر) بگەڕێن •

= ئیعتیکاف لە رەمەزانا = :

١٠٦/٣٢٩٢ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - إذا دخل العشر [الأخير] شد مئزره ، وأحيا ليله ، وأيقظ أهله ح - ٣/٤٢٨ ، م - ٥/١٨٥ ، جه ، د •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - = کە = دەی دوایی رەمەزان ئەهات ئیزاری لێ ئەبەست [یەعنی سەعیی زۆری ئەکرد ، بە ئیصطلاحی ئێمە : پشتێنی لێ ئەبەست] شەوی ئیحیا ئەکردەوە ، ئەهل و عەیالی [بۆ نوێژو عیبادەت] خەبەرئەکردەوە •

١٠٧/٣٢٩٣ - وعنها أن النبي - صلى الله تعـالى عليه وسلم - كـان يعتكف العشر الأواخر من رمضان حتى توفاه الله تعالى ، ثم اعتكف أزواجه من بعده ح - ٤٣٠/٣ ، م - ١٨١/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تـا وەفـاتی فەرموو لـە دەی ئاخری رەمەزانا تەشریفی ئەچوە ئیعتیکافـەوە ، لـە دوای ئـەو ئەزواجی طاهیراتیش هەموو ئەچوونە ئیعتیكافەوە •

١٠٨/٣٢٩٤ - وعنها قالت : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يُصغِي إليَّ رأســـه [وأنا في حجرتي • م] وهو مجاور في المســـجد [فأغسله •] فأرجله وأنا حائض [وكان لا يدخل البيت إلا لحاجة إذا كـان معتكفاً • أخرى خ] ح - ٤٣١/٣ ، م - ٣٦٥/٢ قالت : كان النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يباشرني وأنا حائض ، وكان يخرج رأسه من المسـجد وهو معتكف فأغسله وأنـا حائض ح - ٤٣١/٣ •

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - سەری بۆ خوارئەكردمەوەو من لە حوجرەی خۆما بووم ئـەو لە مەسجیدا موعتەكیف بوو سەریم ئەشتو دامئەهێنا من لە حەیزا بووم • كە تەشریفی لە ئیعتیكافا بوایە بۆ ئیحتیاجییێ نەبێ نەئەچوە ماڵێ [لە غەیری ئیعتیكافیشـــا كە لە حەیزا بوومایە بـە بێ جیماع] موباشـــەرەی لەگەڵ ئەكـردم •

١٠٩/٣٢٩٥ - عن ابن عباس - رضـي الله تعـــالى عنهما - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : التمسوها في العشر الأواخر من رمضان

ليلة القدر في تاسعة تبقى [وهي ليلة إحدى وعشرين] في سابعة تبقى [وهي ليلة ثلاث وعشرين] = في خامسة تبقى [وهي ليلة خمس وعشرين] = ح - ٣/٤٢٥ وعنه التمسوا في أربع وعشرين ح - ٣/٤٢٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : لە دەی ئاخریدا بۆ (ليلة القدر) بگەڕێن لە ئەوەڵی ئەو نۆیەی کە ماوەتەوە کە بیستویەکەمە ، یا لە ئەوەڵی ئەو حەوتەی ماوەتەوە کە بیستوسێیەمە = لە ئەوەڵی ئەو پێنجەیا کە بیستو پێنجەمە = •

عەرەب کە لە نیوەی مانگ تێپەڕین لە ئاخرەوە بۆ ئەووەڵ حسابی ئەکەن •

١١٠/٣٢٩٦ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن عمر [رضي الله تعالى عنه] سأل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : كنت نذرت في الجاهلية أن أعتكف ليلة في المسجد الحرام ! قال : أوف بنذرك ح - ٣/٤٣٢ ح - ٥/٢١٦ ، م - ٧/١٤١ ، د ، ت ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عومەر - رضي الله تعالى عنه - عەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - : لە زەمانی جاهیلییەتا ئیعتیکافی شەوێکم لە (مسجد الحرام) ا نەذر کردوە ! فەرمووی : نەذرەکەت بەجێ بێنە •

ئەم ئەمرە بۆ نەدبە ئینسان لە زەمانی کوفرا خێرێکی نەذرکرد ، کە ئیسلام = بوو = سونەتە بەجێی بێنێ •

١١١/٣٢٩٧ – عن عائشة – رضي الله تعالى عنها – قالت : كـان النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – يعتكف في العشر الأواخر من رمضـــــان ، فكنت أضرب له خباء فيصلي الصبح ثم يدخله ، فاستأذنت حفصةُ عائشـة أن تضرب خباء فأذنت لها فضربت خباء • فلما رأته زينب ابنةجحش ضربت خباء آخر • فلما أصبح النبي – صلى الله تعـالى عليه وسلم – رأى الأخبيـة فقـال : ما هـــذا ؟ فأخبر • فقال النبي – صلى الله تعـالى عليـه وسـلم – : [ما حملهن على هذا ؟ أخرى] آلبِرَّ ترونَ بهنَّ ؟ [انزعوها فلا أرهـا ، فنزعت • أخرى] فترك الاعتكاف ذلك الشهر ثم اعتكف عشراً من شـــوال.

ح – ٣/٤٣٢ ، ٤٣٤ ، ٤٣٨ ، م – ٥/١٨٤ ، د ، ت ، ن •

تەرجەمە :

عایشە – رضي الله تعالى عنها – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – لە دەی ئاخری ڕەمەزانا ئیعتیکافی ئەکێشا ، خێوەتێـکم بـۆ هەڵئەدا نوێژی صوبحی ئەکردو تەشریفی ئەچوە ناوی ، حەفصە ئیذنی لـە عائیشـــــە خواست ئیذنی دا ئەویش خێوەتێـکی هەڵدا ، زەینەبی کچی جەحشیش کە ئەوەی دی ئەویش خێوەتێکی هەڵـدا [خێوەت بوون بـە چوار ، خێوەتی پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – خێوەتی عایشـــــەو حەفصەو زەینەب – رضي الله تعالى عنهن –] کە ڕۆژ لە پێغەمەر بۆوە – صلى الله تعالى عليه وسلم – چاوی بەو خێوەتانە کەوت فەرمووی : ئەمە چیـە ؟ عەرزیانکرد ، فەرمووی : بۆ وایان کردوە ؟ بۆ وا ئەزانن ئەمەیان بۆ خێر کردوە ؟ دەی تێکیاندەن نەیانبینم • تێکدران ، ئەو مانگە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – تەرکی ئیعتیکافی کرد لە دواییا دە ڕۆژ لە شـــەوال تەشریفی چوە ئیعتیکافەوە •

پێغەمەر ـ صلی اللە تعـالی علیە وسلم ـ بۆیەکی پێ تێـك‌دان مەبـادا ئیعتیـکافەکەیان بە ئیخلاص نەبووبێ چاویان لە حەزرەتی عایشە کردبێ بۆ ئیفتیخارو موباهاتو غیرەتکەشی •

۱۱۲/۳۲۹۸ ـ عن علي بن الحسين ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أخبرته صفية زوج النبي ـ صلى الله عليه وسلم ورضي عنها ـ أنها جاءت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [وعنده أزواجه فرحن • أخرى] تزوره في اعتكافه في المسجد في العشر الأواخر من رمضان ، فتحدثت عنـده ســاعه ثم قامت تنقلب ، فقام النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ معها يقلبهـا [الى بيتها في دار أسامة] حتى بلغت باب المسجد عند باب أم سلمة مرَّ رجلان من الأنصار [أسيد بن حضير ، وعباد بن بشر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] فسلما على رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـال لهما النبي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ : على رسلكما إنما هي صفية بنت حيي ً فقالا : سـبحان الله ! يا رسول الله • وكبُر عليهما • فقال النبي ـ صـلى الله تعـالى عليـــه وسلم ـ إن الشيطان يبلغ من الانسان مبلغ الدم ، وإني خشيت أن يقذف في قلوبكما شيئاً ح ـ ١٩١/٥ ، ح ـ ٤٣٧/٣ ، ٤٣٦ • م ـ ٤٧٧/٨ ، ن •

تەرجەمە :

عەلی کوڕی ئیمامی حسـەین ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ ئەفەرموێ : صـــــەفیەی حەرەمی پێغـەمـەر ـ صلی اللە تعـالی علیـە وسـلم ورضي اللە عنها ـ خەبەری داومێ کە تەشریفی چوەتە خزمەت پێغەمەر ـ صـلی اللە تعالی علیە وسلم ـ زیارەتی بکا پێغەمەر ـ صلی اللە تعـالی علیـە وســلم ـ تەشریفی لە ئیعتیـکافا بوو لە دەی ئاخری رەمەزانا ، تا سەعاتێ لە خزمەتیـا قسەی کرد ، حەرەمەکانی تریشی لە خزمەتیا بوون ، ئەوان گەڕانەوە بـۆ جێی خۆیان ، ئەمیش هەڵســـا بچێتەوە ماڵی خۆیان ، ماڵیان لە خاریجی

مەسجیدا بوو لە ماڵی ئوسامەدا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسـلم ـ تەشریفی لەگەڵیا چوو کە رەوانەی بکا تا تەشریفیان گەیی‌یە لای حوجرەی ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعالی عنها ـ کە لای دەرگای مزگەوتەکەوە بوو دوو پیاوی لە ئەنصار پێگەیی : ئوسەیدی کوڕی حوضـــەیرو ، عوببادی کوڕی بیشر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ سەلامیان لە پێغەمەر ـ کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێی‌فەرموون : جارێ راوەستن ئەمە صەفیەی کچی حوەیەییە [یەعنی نامەحرەم نیە لەگەڵما شتی خراپ بە دڵتانا نەیێ] عەرزیان‌کرد : سوبحانەڵلا (یا رســـول الله) ! ئەوەیـان لـەبـەر گـران بوو ، پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ فەرمووی : شەیتان لە ئینسانا ئەگاتە ئەو جێیەی کە خوێنی ئەگاتێ ، لەوە ترسام کە شتێکی خراپتان بە دڵا بێنێ •

بۆ ئیحتیاجیی لە ئیعتیکاف چوونەدەرەوە دروســـتە • موحافەظەی ئەهل‌و عەیاڵ لازمە ، دەفعی توهمەت لازمە با ئەو کەسەیش لەوانە بێ لـە مەظەنەی توهمەت دوور بێ •

پێنج حەدیث لە ئەبوسەعیدی خودرییەوە ـ رضـي الله تعـالی عنـه ـ دائیر بە ئیعتیکافی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و (لیلة القـدر) یەك حادیثەن کەمێك فەرقی لەفظییان هەیە دوانیان نەقڵ ئەکەم‌و صەحیفەو جەڵدی ئەوانی تریش ئەنووسم •

٣٢٩٩/١١٣ ـ عن أبي سلمة عن أبي سعيد الخدري ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يجاور في رمضان العشر التي في وسط الشهر ، فإذا كان حين يمسي من عشرين ليلة تمضـــي ، ويستقبل إحدى وعشرين رجع إلى مسكنه ورجع من كان يجاور معه ، وأنـه

أقام في شهر جاور فيه الليلة التي كان يرجع فيها ، فخطب الناس فأمرهم ما شاء الله ثم قال : كنت أجاور هذه العشر ، ثم قد بدا لي أن أجاور هذه العشر الأواخر ، فمن كان اعتكف معي فليثبت في معتكفه ، وقد رأيت هذه الليلة ثم أنسيتها ، فابتغوها في العشر الأواخر ، وابتغوها في كل وتر ، وقد رأيتني أسجد في ماء وطين ، فاستهلّت السماء [وما نرى في السماء قَزَعة [سحابة] • أخرى خ] في تلك الليلة فأمطرت ، فوكف المسجد [دلۆپەی کرد] في مصلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليلة إحدى وعشرين ، فبَصُرَتْ عيني نظرتُ إليه انصرف من الصبح ووجهه ممتلىء طيناً وماء ح ـ ٣/٤٢٤ ، م ـ ٥/١٧٤ •

١١٤/٣٣٠٠ ـ وعنه عنه قال : اعتكف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [في قبة تركية على سدتها حصير ، قال : فأخذ الحصير بيده فنحاها في ناحية القبة م ـ ٥/١٧٥] عشر الأوَلِ من رمضان واعتكفنا معه فأتاه جبريل [عليه الصلاة والسلام] فقال : إن الذي تطلب أمامك • فاعتكف العشر الأوسط • فاعتكفنا معه ، فأتاه جبريل [عليه الصلاة والسلام] فقال : إن الذي تطلب أمامك [فـ]قام النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خطيباً صبيحة عشرين من رمضان ؛ فقال : من كان اعتكف مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فليرجع فإني أُريت ليلة القدر [وإني خرجت لأخبركم بها فجاء رجلان يحتقّان معهما الشيطان • أخرى] وإني نُسيتها ، وإنها في العشر الأواخر في وتر ، واني رأيت كأني أسجد في طين وماء ، وكان سقف المسجد جريد النخل ، وما نرى في السماء شيئا ، فجاءت قَزَعة [پەڵەیێ هەور] فأمطرنا ، فصلى بنا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حتى رأيت أثر الطين والماء على جبهة رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأرنبته ، تصديق رؤياه ح ـ ٢/١١٥ ، م ـ ٥/١٧٥ ، ١٧٧ ، ١٠ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعـالی عنــه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسـلم ـ لـه دەی ئەوەڵی رەمەزانـا لـه خێوەتێـکی تورکیەدا تەشریفی چوە ئیعتیکافەوە ، لە خێوەتەکەدا حەسیرێکی تیابوو ، بە دەستی موبارەکی حەسیرەکەی لادایە کەنارێکەوە جیبریل ـ علیه الصلاة والسلام ـ تەشریفی هاتە خزمەتی فەرمووی : ئەوی تۆ بۆی ئەگەڕێی وا لە بەردەمتەوە • دەی ناوەڕاستیشی چوە ئیعتیکافەوە • جیبریل ـ علیه الصلاة والســـلام ـ تەشـــریفی هات فەرمووی : ئەوی تۆ بۆی ئەگەڕێی وا لــه بەردەمتەوە • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی هەڵســـایە سەرپێیان • لە سبەینێی بیستەما بوو لە رەمەزانا فەرمووی : هــەرکەسێ لەگەڵ رەسوولوڵلادا ـ صلی الله تعـالی علیــه وسلم ـ لــه ئیعتیکافا بــوە بگەڕێتەوە بۆ ئیعتیـکاف من (لیلة القدر)م پێ‌نیشـــاندرا [هاتمە دەرێ خەبەرتان بدەمێ دوو پیاوهاتن دەستیان بە شەڕەقسە کرد لەســەر قەرز] لە فکرم برایەوە (لیلة القدر) لە دەی ئاخریدایە لە رەمەزان [فەرمووی : لــە نۆیەمـا (٢٢) ، لــە حەوتــەمـا (٢٤) ، لـە پێنجـەمـا (٢٦) بۆی بگەڕێن • أخری م ـ ١٧٧/٥] لە تاکایە ، وامدی کــە لــە نــاو ئاوو قوڕا سوجدەم ئەبرد • سەقفی مەسجیدی پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ لە شوڕلی دارخورما بوو ، لە ئاسمانا هیچ‌هەورمان نەئەدی، پەلەیێ هەوری تەنك هات ، بارانمان لێ باری ، لە جێ نوێژی پێغەمەر مەسجید دلۆپــەی دادا ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نوێژی پێ‌کردین ئەثەری قوڕم بە ناوچاوانو سەرلووتی موبارەکیەوە = بینی = بۆ تەصدیقی روئیاکــەی ـ علیه الصلاة والسلام ـ •

١١٥/٣٣٠١ ـ ذر بن حبيش يقول : سألتَ أبيَّ بن كعب [رضي الله تعالى عنه] فقلت : إن أخاك ابن مسعود [رضي الله تعـالى عنه] يقول : من يَقُم الحول يصب ليلة القدر • فقال : رحمه الله أراد أن لا يَتَّكِل الناس • أما إنه قد علم أنها في رمضان ، وأنها في العشر = الأواخر = وأنها ليلة سبع وعشرين ، ثم حلف لا يستثني أنها ليلة سبع وعشرين ، فقلت : بأي شـيء تقول ذلك يا أبا المنذر ؟ قال : بالعلامة أو بالآية التي أخبرنا رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنها تطلع يومئذٍ لا شعاع لها م ـ ١٧٩/٥ •

تەرجەمە :

زەڕی کوڕی حوبەیش ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : لە ئوبـەیی کوڕی کەعبم پرسیی ؛ وتم : ئەبومەسعوودی برادەرت ئەڵێ : ئینسان ســاڵێ بە شەو لە عیبادەتا رۆژ بکاتەوە ئەمجا بـە لەیلەی قەدر ئەگا • فەرمووی : خوا رەحمی پێ بکا ، ئیرادەی وا بوە کە ئینسان بە تەنهـا ئیعتیماد نەداتـە سەر شەوێك هەر لەو شەوەدا عیبادەت بکا • لێی مەعلووم = بوە = کـە زانیویەتی لە رەمەزانایەو ، لە دەی ئاخرییایەو ، شەوی بیســتوحەوتە • لە پاشا سوێنی خواردو هیچ ئیستیثنای تیا نەکرد فەرمووی : کە شـەوی بیستوحەوتە • عەرزمکرد : ئەی ئەبومونذیر بە چی تۆ ئەم ســوێندە ئەخۆی ؟ فەرمووی : بەو عەلامەتەی کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وســلم ـ خەبەری پێداوین کـە رۆژی ئـەو شەوە هەڵێ شوعاعی نیـە [یەعنی زەعیفە] •

١١٦/٣٣٠٢ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : تذاكرنـا ليلة القدر عند رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أيكم يذكـر حين طلع القمر وهو مثل شق جفنة ؟ م ـ ١٨٠/٥ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ - لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەحشمان لە (ليلة القدر) ئەکرد فەرمووی : کامتان لە فکرتانە لەو وەختەدا کە مانگ هەڵات وەك لەتە لەگەن - دەوریی وابوو ؟ [لە شەوی دوای بیستەمەوە وای لێ یێ] •

شك نیە کە لە رەمەزانایە ؛ چونکی (إنا أنزلناه في ليلة القدر) ، (شهر رمضان الذي أنزل فيه القرآن)[1] کە وابێ (ليلة القدر) لە رەمەزانایە •

(بحمد الله) لە پێش رەمەزانا لە رۆژوو بووینەوە دروست بێ ، یا خوا نەکردە دروست نەبێ خوا ئەیزانێ •

۱۹٤۱/۸/۲۷ ، چوارشەمە

ئەمجا خوا بە قسمەتی بکاو ئیستیطاعەتمان بداتێ (إن شاء الله) دەست بە مەناسیکی حەج ئەکەین •

---

(۱) البقرة /۱۸٥ . دانەر - خ - تەفسیری ئایەتەکانی نەکردەوەو هیچیشی لەسەر نەنووسین . مەبەستی ئەوەیە خوا لە ئایەتی یەکەما ئەفەرموێ : قورئانمان لە شەوی (ليلة القدر)دا ناردەخوارەوە . لە ئایەتەکەی سوورەی بەقەرەیشدا ئەفەرموێ : مانگی رەمەزانێکی ئەوتۆیە کە قورئانی تێدا نێرراوەتە خوارێ . واتە قورئان لە (ليلة القدر)او لە رەمەزانا هاتوەتە خوارەوەو کە وابێ (ليلة القدر) لە رەمەزاندایە .

چوارشەمە ١٩٤١/٨/٢٧

باسی حــەج

الآيـــات :

(وإذ جعلنا البيت مثابة للناس وأمنا ، واتخذوا من مقام إبراهيم مصلى ، وعهدنا إلى إبراهيم وإسماعيل أن طهرا بيتيَ للطائفين والعـاكفين والركـع السـجود)(١) .

تەرجەمە :

ئەی محمد فكر لەو وەقتە كەرەوە كە كەعبەت كرد بە جێیێ كە لـە هەموو لایێكەوە زوووارى بۆ بێو ، بـە زیـارەتو طەوافی خەڵق ئەوابێ بگاتێو ، كردمان بـە جێیێ کـە هەركەسێ ئیلتیجای پێ بكا بۆی بێ بـە مـەئمەنو خـەوفو ترسی نەمێنێ . لـەو جێگەیـەی ئیبراهیم لـە وەختی بیناكردنیا لێی راوەستا بوو شـــــوێنپێی پێوەیە جێیەكی لێ بكەن بـە مزگەوت بۆ نوێژلێكردن . ئەمرمان كرد بە ئیبراهیمو ئیسماعیل كە بەیتی من تەمیز رابگرن بۆ ئەوانەی طەوافی بە دەورا بكەنو بۆ ئەوانەی کـە بۆ عیبادەت تیا دابنیشنو نوێژی تیا بكەن روكووعو سوجوودی تیا بەرن .

(وأتموا الحج والعمرة لله ـ إلى ـ واعلموا أنكم إليه تحشرون)(٢) .

---

(١) البقـرة /١٢٥ .
(٢) البقـرة /١٩٦ .

تەرجەمە :

حەجج‌و عومرەتان بـە ئەفعـاڵ‌و ئەرکانیەوە بە تەواوەتی بەجێ‌بێنن ، ئەگەر لە طەرەف دوشمنەوە لە تەواوکردنی مەنع‌کران ئەو هەدیەی کە بۆتان مومکین ئەبێ مەڕ بێ ، وشتر بێ بینێرن بۆ مەکە تا سەری ببڕن بۆ خواو لە ئیحرام بێنەدەرێ ، تا هەدیەکە نەگاتە جێی خۆی سەرتان مەتاشن ، موو لە بەدەنتان مەکەنەوە ، ئەوی کە نەخۆش بێ ، یا برینێ بەســـەریەوە بێ ، ئەسپێی تێــدابێ فیدیەیێ بداو ســەری بتاشـێ ، فیدیـەکـە یـا رۆژووە ، یا صەدەقەیە ، یا حەیوانی سەربڕینە [رۆژوو سێ رۆژە ، صەدەقە ئیطعامی شەش میسکینە] کە ئەمین‌بوونەوەو رێتان بۆ بەرەڵلا کرا کەسێ تەمەتوع بە عومرە بکا بۆ حەج ، یەعنی لـە پێشا لـە ئەشهوری حەججا ئیحرام بـە عومرە دابەستێ‌و ئەرکانی عومرە بەجێ بێنێ‌و لە ئیحرام بێتەدەرێ ، لە پاشا کە وەختی حەج نزیك بۆوە ئیحرام بـە حەج دابەستێ‌و دوای تەواوبوونی حەج لە ئیحرام بێتەدەرێ .. حەیوانێکی لەسەرە کە سەری ببڕێ ، ئەوی نەیبێ سێ رۆژ لە حەججاو حـەوت رۆژ کـــە گەڕایەوە مەملەکەتی خۆی بەڕۆژوو بێ ئەوە دە رۆژی تەواو ، ئەو دە ڕۆژ بەڕۆژووبوونە بۆ کەسێکە لە (مسجد الحرام)و مەککەدا موقیم نەبێ ، یەعنی مەســــــافەی قەصر دووربێ ، ئەگەر ئەوەندە دوور نەبێ نـە خوێنی لەســــەرە نـە رۆژوو . تەقوا لە خوا بکەن ، موخالەفەی ئەحکامی مەکەن . لێتان مەعلووم بێ کە عەذابی خوا بە شیددەتە .

وەقتی حەج چەند مانگێکی مەعلوومە [شەوواله ، ذولقەعدەیە ، نـۆ رۆژی ذیلحەججەیە . لەم موددەدا نەبێ ناکرێ] هەر کەسێ لەم مانگانەدا ئیحرام بـە حەج دابەستێ‌و حەج لەسەر خۆی فەرز بکا لـە موددەی ئـەو ئیحرامە تا لە ئیحرام بێتەدەرێ لەگەڵ ژنا دروست‌بوون دروســـت نیە ،

فیسق‌و فوجوور نیە ، شەڕو شۆڕ نیە ، لە ئەییامی حەججا هەر خێرێ بیکەن خوا ئەیزانێ موکافاتتان ئەدرێتەوە • یەعنی کە وابێ ئەعمالی خێر بکەن لـە شەڕ خۆتان لادەن ، کـە ئیرادەی حەجتان بوو بۆ رێو ئەوێ تـا یێنەوە تێشوو هەڵبگرن ، لەو سەفەرەدا دەست لە خەڵق پان مەکەنەوە ، چاکترینی هەموو تێشوویێ تەقوایە لە خوا لە رۆژی قیامەتا بە ئیمدادی ئینســـانەوە یێ • ئەی ئەوانەی کـە مەغزدارن تـەقـوا لـــە من بکەن • ص ٣٠ ئـالی عیمران[1] •

١/٣٣٠٣ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان أهـل اليمن يحجون ولا يتزودون ويقولون : نحن المتوكلون ، فإذا قدمـوا مكـة ســــــــألوا الناس •• فأنزل الله : (وتزودوا فإن خير الزاد التقوى)[2]
ح ـ ٩٥/٣ ، د •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئـەهلی یـەمـەن حەجیان ئەکرد تێشوویان بۆ رێ نەئەکرد کە ئەهاتنە مەککە ســـوئالیان لە خەڵق ئەکرد • خوا ئایەتی (وتزودوا فإن خير الزاد التقوى)ی نازڵکرد •

نازانم بەیضاوی بۆچی ئەم سەبەبی نوزوولەی بە (قیل) داناوە لەگەڵ ئەمەدا بـە ســــەنەدی صـــەحیح بوخاریو ئەبوداود لـە یەکێـکی وەك ئیبنوعەباسیەوە ریوایەت ئەکەن ؟!

مەدلوولەکەی با عامیش بێ لە زادی دنیاو ئاخیرەت نابێ بە مانیع لەمە کە دەرحەق بە ئەهلی یەمەن نازڵ بووبێ •

(١) دانەر ـ خ ـ ئیشارەی سوورەتی ئالی عیمرانی کردوە ، بەڵام هەڵەیەو ، راست (البقرة)یە .
(٢) البقـرة /١٩٧ .

تەوەککول بەوە نالێن کـە ئینســـان دەم بۆ هەوا بگرێتەوەو بلێ : « زەردالوو بیا بە گەلوو » تەوەککول ئەمەیە ئینســـــان تەشەبوس بـە ئەسبابی عادییە بکاو موسەبیبەکەی لـە خواوە بزانێ لـە ســـەبەبەکەیەوە نەزانێ‌و ئیعتیمادی هەر بـە خوا بێ • خۆلـەتـەهلوکە پـارازتن فـەرزە ، پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - و ئەصـــــحابی کیرام دیارە کــە تەوەکولیان لە دەرەجەی ئەقصای تەوەککولا بوە ، لەگەڵ ئـەمـەدا بـــە رووتی‌و بێ سیلاح نەچوون بۆ حەرب ، تەشەبوسیان بە ئەسـبابی عـادیـە کردوە ، تیجارەت‌و کەسبیان کردوە •

٢/٣٣٠٤ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - أم المؤمنين أنها قالت : يا رسول الله نرى الجهاد أفضل العمل أفلا نجاهد ؟ قال : لا لكن أفضــــل الجهاد حج مبرور ح - ٣/٩٣ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئوممولمۆئمینین حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : عەرزی پێغەمەرم کرد - صلی الله تعالی علیه وسلم - : (يا رسول الله) لامان وایە کـــە غەزا چاترینی هەموو عەمەلێکە ئێمە غەزا نەکەین ؟ فەرمووی : خەیر ، چاترینی غەزا بۆ ئێوە حەججی مەقبوولە •

٣/٣٣٠٥ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : ســـمعت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : من حج [هـذا البيت • أخرى] فلم يرفث ولم يفســق رجع كيوم ولدته أمه ح - ٣/٩٣ • م - ٦/٥١ وفيـه : من أتى هذا البيت •

٣٣٠٦/٤ ـ عبدالله بن مَعْقِل قال : قعدت إلى كعب بن عُجرة في هذا المسجد ، يعني مسجد الكوفة فسألته عن (فدية من صيام ...)[1] فقال : حملت إلى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والقمل يتناثر على وجهي ، فقال : ما كنت أُرى أن الجَهد قد بلغ بك هذا ، أما تجد شاة ؟ قلت : لا . قال : صم ثلاثة أيام ، أو أطعم ستة مساكين لكل مسكين نصف صاع من طعام ، واحلق رأسك . فنزلت في خاصة وهي لكم عامة . ح - ٢٨/٧ .

تەرجەمە :

١ ـ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : هەرکەسێ بۆ خوا حەجی ئەم بەیتە بکاو لەگەڵ ئەهلیدا موعامەلەی ژنو مێردی نەکاو ، قسەی پیس نەکاو ، فیسقو فوجوور نەکا ، وەك ئەو رۆژەی کە دایکی بەوەلەدی هێناوە لە حەج ئەگەڕێتەوە ، یەعنی هیچ گوناهی نامێنێ .

٢ ـ عەبدوڵلای کوڕی مەعقیل ئەفەرموێ : لەم مزگەوتی کووفەدا لە تەنیشت کەعبی کوڕی عوجرەدا ـ رضي الله تعالى عنه ـ دانیشتم ، لە (فدية من صيام) سوئالم لێکرد ، فەرمووی : هەڵیانگرتم بۆ خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەسپێ لە سەرم هەڵەوەری بەسەر دەموچاوما . فەرمووی : ظەنتم وا نەبوو کە مەشەققەتو نارەحەتی تۆی گەیانوەتە ئەم حاڵە . مەڕێکت هەیە ؟ عەرزمکرد : خەیر . فەرمووی : سێ رۆژ بەڕۆژوو بە ، یا طەعامی شەش میسکین بدە هەر یەکی نیوصاع

---

(١) البقـــرة / ١٩٦ .

[دوو مودد] ئەمجا سەرت بتاشە • ئەم ئایەتە بـە خوصووصیی دەرحەقی من نازڵ بوە ، بە عومووميی بۆ ئێوەیشە •

٣٣٠٧/٥ ـ عن عمران بن حصين ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : أنزلت آية المتعة = في كتاب الله = ففعلناها مع رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ولم يُنْزل قرآن يحرمه ، ولم ينه عنها حتى مات ، قال رجل برأيـه ما شاء يقال : إنه عمر [رضي الله عنه] ح ـ ٢٨/٧ ، ن ، م ـ في الحج •

تەرجەمە :

عیمرانی کوڕی حوصەین ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئایەتی موتعە [ی حەج] = لە قورئانا = نازڵبوو ، لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ کردمان ، قورئانێ کـە حەرامی بکا نـازڵ نەکرا • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ یش تـا وەفـاتی فەرموو نەهی لێ نەکرد ، پیاوێ بە رەئیی خۆی ، بـە هەوەسی خۆی قسەی لێکرد [یەعنی مەنعی کرد] بوخاریی ئەفەرموێ : ئەڵێن : ئەو پیاوە عومەرە [ـ رضي الله تعالى عنه ـ لام وایە عومەر زۆر زەحمەتە بەخەطا بچێ] •

ئایەت : گوناهتان[1] لەسەر نیە کە طەلەبی فەضلی [تیجارەت] لـە پەروەردگاری خۆتان بکەن ، کە لە عەرەفات رژانەخوارێ لە (مشـــعر الحرام) ا ذیکری خوا بکەن ، چۆن ئـەو هیدایەتی ئێوەی داوە [و رێی راستی پێ نیشانداون] ئێوەیش وا ذیکری [جەمیلی] خوا بکەن • بـە تەحقیق ئێوە لە پێش ئەمەدا کـــە هیدایەتی دان لەوانە بوون کـــە رێیان ونکردبوو •

---

(١) ئەمە تەفسیری ئایەتی (ليس عليكم جناح ان تبتغوا فضـلا من ربكم ، فاذا افضتم من عرفات . . .)ه البقرة /١٥٨ .

٦/٣٣٠٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كانت عكاظ ، وذو المجاز أسواقاً في الجاهلية فتأثموا أن يتّجروا في المواسم ، فنزلت : (ليس عليكم جناح أن تبتغوا فضلا من ربكم) [قال ابن عباس : أي] في مواسم الحج ح ـ ٧/٢٩ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : عوكاظو ذولمەجاز بازاڕ بوون لە زەمانی جاهیلیەتا ، موسوڵمانان بە گوناهیان ئەزانی كە لە وەختی حەجا تیجارەت بكەن ، خوا ئەو ئایەتەی نازڵكرد ، یەعنی لە حەجا تیجارەتی بۆ موباحكردن •

ئایاتی دائیر بە حەج لە ئالی عیمرانو حەجایە موراجەعەتی بكەن ، ئیتر من هەر حەدیثەكان ئەنووسمو ئەو ئایەتانەی كە لە بوخاریدایە ئیشارەتی ئەكەم • (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس)[1] •

٧/٣٣٠٩ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ كانت قريش ومن دان دينها [بنو عامر بن صعصعة ، ثقيف ، خزاعة] يقفون بالمزدلفة ، وكانوا يُسَمَّون الحُمْس [من الحماسة ، الشدة والصلابة] وكان سائر العرب يقفون بعرفات ، فلما جاء الإسلام أمر الله نبيه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يأتي عرفات ثم يقف بها ثم يُفيض منها ، فذلك قوله تعالى : (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس) [سائر العرب] ح ـ ٧/٢٩ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : قورەیشو ئەوی لەسەر دینی قورەیش بوایە لە موزدەلیفە رائەوەستان بۆ حەج ، قورەیشو

(١) البقـرة /١٩٩ •

هاودینی به حومس ناوئەبران [یەعنی ئازاو شـــەجیع] دەعیەیان نەئەهێنا لەگەڵ خەڵقی ترا لە عەرەفاتا رابوەستن کـە ئیسلام هات خوا ـ عز وجل ـ ئەمری بە پێغەمەری خۆی کرد ـ صلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ کە بچێتە عەرەفات لێی‌بوەستێ‌و لەوێوە هێرش بکا ئەمە ئەو ئایەتەیە کە ئەفەرموێ : خەڵقی تر لە کوێوە لافاو یـێنن ئێوەیش لەوێوە = لافاو بێنن = •

٨/٣٣١٠ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ قال : تَطوَّف الرجل بالبيت ما كان حلالا حتى يهلَّ بالحج ، فإذا ركب إلى عرفة فمن تيسَّر له هديَّة من الإبل أو البقر أو الغنم ماتيسر له من ذلك أيَّ ذلك شاء ، غير أن لم يتيسر له فعليه ثلاثة أيام في الحج وذلك قبل يوم عرفة ، فإن كان آخرُ يوم من الأيام الثلاثة يومَ عرفة فلا جناح عليه ، ثم لينطلق حتى يقف بعرفات من صلاة العصر إلى أن يكون الظلام ، ثم ليدفعوا من عرفات اذا أفاضوا منهـا حتى يبلغوا جَمْـعـا [مزدلفـة] الذي يبيتون بـه ثم ليـذكُر اللهَ كثيرا ، وأكثروا التكبير والتهليل قبل أن تصبحوا ، ثم أفيضوا فإن الناس كـانـوا يفيضون • قال الله تعالى : (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس ، واستغفروا الله إن الله غفور رحيم) حتى ترجموا الجمرة [التي عند العقبة] خـ٧/٢٩ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەرحەق موتعەی حەج ئەفەرموێ : لەو موددەیەدا کە لە ئیحراما نەبێ پیاو طەوافی بەیت ئەکا تا ئیحرام بە حەج دائەبەستێ ، کە ئیحرامی دابەست‌و سوار بوو بۆ عەرەفە ئەوی بۆی مومکین بێ لە هەدیە : وشتر بێ ، گاو گۆلك بێ ، مەڕو بزن بێ ••• هەر کامێکی هەوەس بێنێ ســـــەری ئەبڕێ ، ئەگەر مومکین نەبێ سێ رۆژ رۆژووی لەسەرە لە حەججا لە پێش رۆژی عەرەفەدا بێ‌بێ ، ئەگەر رۆژی سێیەم رۆژی عەرەفە بێ گوناهی نیە کە عەرەفەیش

پێ بێ ، لە پاشا بڕوا تا ئەچێتە عەرەفەو لێی رائەوەستێ لە نوێژی عەسرەوە تا تاریکی شەو دایێ لە پاشا لە عەرەفاتەوە ، کە خەڵق لە عەرەفاتەوە هێرشیانکرد ، ئەوانیش لەوێوە بێن تا ئەگەنە جومەع کە موزدەلیفەیەو شەوێ لێی ئەمێننەوە ، لە پاشا زۆر ذیکرو تەهلیلەی خوا بکەن لە پێش ڕۆژەوەبوونەوە لەوێیش هەڵسن ؛ چونکی خەڵق لەوێوە شیلاو ئەهێنن .
خوا ئەفەرموێ : لە پاشا خەڵق لە کوێوە گلۆرئەبنەوە ئێوەیش لەوێوە گلۆربنەوەو ئیستیغفار لە خوا بکەن ؛ چونکی خوا غەفوورو ڕەحیمە تا یێنە جەمرەی عەقەبەو ڕەجمی شەیتان ئەکەن .

ئینسان تا نەچێ و نەیکا تێ ناگا

لە ریوایەتی عایشەدا ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەڵق لە عەرەفاتەوە .
لە ریوایەتی ئیبنوعەباسا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێشا لە عەرەفاتەوەو لە دوایا لە موزدەلیفەوە هێرش یێننە خوارێ مونافاتیان نیە ؛ چونکی قورەیش نەچوونە عەرەفات لە موزدەلیفە وەستاون ، ئەمان ڕۆژ تا ئێوارێ لە عەرەفاتا بوون ئەمجا لەوێوە هاتوونە موزدەلیفە ، شەو لە موزدەلیفەدا ماونەوە تا نزیکی سبەینێ بە ذیکرو تەهلیلەوە لەوێوە هاتوونە جەمرەی عەقەبە ڕەمی جیماریان کردوە .

([وأذّن في الناس بالحج] يأتوك رجالا وعلى كل ضامر يأتين من كل فج عميق ، ليشهدوا منافع لهم [ويذكروا اسم الله في أيام معلومات على ما رزقهم من بهيمة الأنعام ، فكلوا منها وأطعموا البائس الفقير]) الحج ح - ٣/٩٠ .

تەرجەمە :

خوا ئەمر بە حەزرەتی ئیبراهیم ئەکا ئەفەرموێ : بانگی خەڵق بکە بۆ حەج ، کە بانگتکردن یێنە لات بە پێیانو بە سواری هەموو حەیوانێکی

لەڕەوە [کـە لەڕ بوون ؛ چونـکی] لـە هـەموو ڕێیەکی دوورەوە یێن ، بۆیێکیان بانگ بکە تا حازری کەلێ مەنفەعەتی دینیو دنیایی خۆیان بن • هەم بۆیە کە لە ئەییامی مەعلوومەدا [کە لە ئەوەلی ذي الحجەوە تا ئاخری ئەییامی تەشریقە] ذیکری خوا بکەن لەسەر ئەو حەیوانانە لە مەڕو گـاو گامێشو وشترن • کە سەرتان بڕی خۆتان لێی بخۆنو ئیطعامی فەقیـری برسیی بکەن •

٩/٣٣١١ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يركب راحلته بذي الحُلَيفة ، ثم يُهلّ حتى تستوي به قائمة ح ـ ٣/٩١ وعن جابر وأنس وابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ح ـ ٣/٩١ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم دی لە (ذو الحليفة) سواری وشترەکەی بوو ئیهلالی[1] بە حەجکرد بە ئیحرامەوە تا وشترەکەی هەڵسایە پێیان • جابیرو ئەنەسو ئیبنوعەباسیش بەم نەوعەیان ڕیوایەت کردوە •

ئیحـــرامو میقـــات :

١٠/٣٣١٢ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : إن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقت لأهل المدينة ذا الحليفة ، ولأهل الشـام الجحفة ، ولأهل نجد قرن المنازل ، ولأهل اليمن يلَمْلَم ، هن لهن ولمن أتى

(١) مەبەست لە ئیهلال ئەوەیە کاتێ حاجی ئیحرام ئەبەستی بە دەنگی بەرز (لبيك اللهم لبيك) ئەڵێ •

عليهن من غيرهن ممن أراد الحج والعمرة ، ومن كان دون ذلك فمن حيث أنشأ حتى أهل مكة من مكة ح - ٩٦/٣ ، ٩٨ ، م - ٢٠٢/٥ ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ذولحولەیفەی بۆ ئەهلی مەدینەو ، جوحفەی بۆ ئەهلی شامو ، (قرن المنازل)ی بۆ ئەهلی نەجدو ، یەلەملەمی بۆ ئەهلی یەمەن کردوە بە میقات بۆ حەجدابەستن ، ئەوانە بۆ ئەو جێیانەو دوای ئەوانە بۆ هەرکەسێ کە ئیرادەی حەج یا عومرەی کردبێ ئەوانی لەملای ئەوانەوەن لەو جێیەوە ئیحرام دابەستن کە لێوە دێن ، حەتتا بۆ ئەهلی مەککە- مەککەیە •

١١/٣٣١٣ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : لما فتح هذان المصران [البصرة والكوفة] أتوا عمر [رضي الله تعالى عنه] فقالوا : يا أمير المؤمنين إن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - حدَّ لأهل نجد قرناً وهو جَوْر عن طريقنا ، وأنا إن أردنا قرناً شق علينا • قال : فانظروا حَذْوها من طريقكم فحدَّ لهم ذات عِرْقٍ ح - ٩٨/٣ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : کە ئەم دووشارە یەعنی کووفەو بەصرە فەتحکران هاتنە خزمەت ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنه - عەرزیانکرد : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بۆ ئەهلی نەجد قەرەنی کردوە بە میقات ، ئەو لایە لە رێی ئێمە ، ئەگەر بێینە ئەوێ زەحمەت ئەبێ بۆمان • فەرمووی : تەماشا بکەن کوێ لە رێی ئێوە بەرابەری ئەوێیە ، زاتی عیرقی بۆ کردن بە میقات •

١٢/٣٣١٤ ـ عن عبدالله بن عباس [عن الفضل ، أخرى] قال : كان الفضل [رضي الله تعالى عنهم] رديف رسـول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ فجاءت امرأة من خثعم ، فجعل الفضل ينظر إليها وتنظر إليه [وكان الفضل رجلا وضيئاً ... إلخ] .

عن عبدالله بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أردف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الفضل بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يوم النحر خلفه على عجز راحلته ، وكان الفضل رجلا وضـــيئاً ، فوقف النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ للناس يفتيهم ، وأقبلت امرأة من خَثْعَم وضيئة تستفتي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فطفق الفضل ينظر إليها وأعجبه حسنها [وتنظر إليه . أخرى] فالتفت النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ والفضل ينظر إليها ، فأخلف بيده فأخذ بذقن الفضل ، فعدل وجهه عن النظر إليها . فقالت : يا رسول الله إن فريضة الله في الحج على عباده أدركت أبي شيخاً كبيراً لا يستطيع أن يستوي على الراحلة .. فهل يُقضى عنه أن أحج عنه ؟ قال : نعم [وذلك في حجة الوداع . أخرى] مرســـل صحابي ، وفي أخرى عن الفضل (بهوه ئهبێ به مهرفووع) ح ـ ٦/٤٣١ ، ح ـ ٣/٩٠ ، ح ـ ٩/١٢٧ ، م ـ ٦/٢٥ . د ، ت ، ن ، جه .

تهرجهمه :

پێغهمهر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژی جهژنی قوربان فهضـلی کوڕی عهباسی سواری پاشکۆی کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فهضـــل پیاوێکی جوانو صاحێب جهمال بوو ، پێغهمهر ـ صـــلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ تهشریفی بۆ خهڵق راوهســـتا فتوای بۆ ئهدان ، ژنێکی جوانی صاحێب جهمالی لـه عهشیرهتی خهثعهم هاتـه خزمـهت ، طهڵهبی فتوای لێ ئهکرد . فهضل ـ رضي الله تعالى عنه ـ لـه جوانییهکهی موتهعهججیب بوو

هەر تێی ئەفکری ، = هەروەها ژنەیش تەماشای فەضلی ئەکرد = پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئاوڕی دایەوە چاوی پێکەوت کە فەضل تەماشای ژنەکە ئەکا ، دەستی موبارەکی بردەدواوە چەناگەی فەضلی گرت و رووی وەرگێڕا لە تەماشاکردنی • ژنەکە عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله) باوکم حەجی لەسەر واجب بوە ناتوانێ خۆی بەسەر وڵاخەوە بگرێ •• بری ئەکەوێ کە حەجی لە باتی بکەم ؟ فەرمووی : بەڵێ [ئەوە لە حەجی ویداعا بوو][1] •

ئینسان کە حەجی لەسەر واجب بوو (بالذات) نەیتوانی بچێ بۆ حەج ، واجبە بەدەلی بۆ بگیررێ ، تا خۆی (بالذات) پێی بکرێ ئەبێ خۆی بێ بەدەل دروست نیە •

تەماشای ژن = ی نامەحرەم = دروست نیە ، نەهی‌لێکردنی ئەگەر ئیقتیداری بێ و مەنع‌کردنی فەرزە • زەروورەت بێ ، وەك تەعلیم و تەعەللوم تەماشاکردن موباحە • ئیلتیذاذ بە نەظەرکردنەکەی لە حینی حاجەتا بە بێ ئیختیار موعاتەب نیە •

۳۳۱۵/۱۳ ـ عن جعفر بن محمد عن أبیه قال : دخلنا علی جابر بن عبدالله [رضي الله تعالی عنهما] فسأل عن القوم حتی انتهی إلي فقلت : أنا محمد بن علي بن حسین ، فأهوی بیده إلی رأسي فنزع زِرِّي الأعلی ، ثم نزع زري الأسفل ، ثم وضع کفه بین ثدیيَّ ، وأنا یومئذ غلام شاب ، فقال : مرحبا بك یا ابن أخي سل عما شئت ، فسألته ، وهو أعمی ، وحضر وقت الصلاة ، فقام في نساجة ملتحفاً بها ، کلما وضعها علی منکبه رجع طرفاها

(۱) مەبەست لە حەجی ویداع ئەو حەجەیە کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دوای ئەوە حەجی نەکردو ، خوتبەی بۆ موسوڵمانان خوێندەوەو گەلێ رێبازی پیشاندان ... وەك لەمەولا دێت .

إليه من صغرها ، ورداؤه إلى جنبه على المِشْجَبِ [أعواد يوضع عليها الثياب] فصلى بنا •

تەرجەمە :

جەعفەرى كوڕى محەمـەدى كوڕى عەلى كوڕى ئيمامى حســەين ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لـە محەمـەدەوە ريوايەت ئەكـا كـە فەرمووى : چووينە خزمەت جابيرى كوڕى عەبدوڵلا ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ لـە خەڵقەكەى پرسيى كە : كێن ؟ تا نەوبە هاتە سەر من ، وتم : من محەمەدى كوڕى عەلى كوڕى حسەينم ، دەستى هێنا بۆ سەرم دوگمەكانى سەرەوەى كردمەوە ، لە دواييا دوگمەكانى خوارەوەى كردمەوە ، دەستى نايە بەينى هەردوو مەمكمەوە لـەو وەختـەدا من منـاڵ بووم • ئەمجـا فەرمووى : مەرحەبات لىَ بىَ ئەى كوڕى براى خۆم چيم لىَ ئەپرسى بپرسە • ســوئالم لىَ كرد لەو وەختەدا ئەعما[1] بوو ؛ وەختى نوێژ داهات هەڵســا عەباييـكى بچووكى لەخۆيەوە پێچابوو ، لەبەر بوچووكى كــە ئەيخستە ســەرشانى لـكەكانى ئەهاتەدواوە بۆ لاى خۆى ، بەرماڵەكەى كۆڵى لـە ســـــەر دارجلەكەى[2] بوو نوێژى پێـكردين •

فقلت : أخبرني عن حجة رسول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فقال بيده ، فعقد تسعاً ، فقال : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مكث تسع سنين لم يحج ، ثم أذّنَ في الناس في العاشر أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حاج ، فقدم المدينة بشـــر كثير كلهم يلتمس أن يأتم برسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ويعمل مثل عمله ، فخرجنا معه حتى أتينا ذا الحليفة فولدت أســـماء بنت عميس محمد بن أبي بكر [رضي الله

---

(١) ئەعما : كوێر •

(٢) لێرەدا ئەگەر هەرزاڵەى بنووسيايە جوانتر بوو •

عنهما] فأرسلَتْ الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : كيف أصنع ؟ قال : اغتسلي واستثفري بثوب [الاستثفار : أن تشد في وسطها شيئاً ، تأخذ خرقة عريضة تجعلها على محل الدم ، وتشد طرفيها من قدامها ومن ورائها في المشدودة في وسطها (وەك بەرتەنگەی ولاخ)] وأحرمي • فصلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ركعتين في المسجد •

تەرجەمە :

عەرزی جابیرم کرد : خەبەری حەجی پێغەمەرم بدەرێ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دەستی عەقدی عەدەدی نۆی بەست ، فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نۆ ساڵ لە مەدینەدا بەند بوو حەجی نەکرد ، لە ساڵی دەیەما خەبەری نارد بۆ خەڵق کە (رسول الله) حەج ئەکا ، خەڵقێکی زۆر هاتنە مەدینە ، هەموویان ئەوەیان ئەویست کە لە تەفعال‌و ئەرکانی حەجا ئیقتیدا بە پێغەمەر بکەن ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەوی ئەو لە حەجا ئەیکرد ئەوانیش وا بکەن • لە خزمەتیا لە مەدینە هاتینەدەرێ ، تا هاتینە (ذو الحليفة) ئەسمای کچی عومەیس ، حەرەمی ئەبوبەکری صەدیق ـ رضي الله تعالى عنهما ـ محەمەدی کوڕی ئەبوبەکری صەدیقی بوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ناردیە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە چۆن موعامەلە بکەم ؟ فەرمووی : غوسڵ بکە [بۆ ئیحرام] ، پشتێن ببەستەرە پشت ، پەڕۆیێکی پان بخەرە سەر ئەو جێیەی کە خوێنی لێ یێ ، هەردوو سەری ئەو پەڕۆیە لە پێشەوەو لە پشتەوە بە پشتێنەکەتەوە ببەستە ، ئیحرام بە حەج دابیەستە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە مزگەوتی ذولحولەیفەدا دوو رکات نوێژی کرد •

ثم ركب القَصْواء حتى إذا استوت به ناقته على البيداء نظرتُ الى مد بصري بين يديه من راكب وماش ، وعن يمينه مثل ذلك ، وعن يساره

مثل ذلك ، ومن خلفه مثل ذلك • ورسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بين أظهرنا وعليه ينزل القرآن وهو يعرف تأويله • وما عمل به من شـــيء عملنا به • فأهل بالتوحيد : لبيك اللهم لبيك ، لبيك لا شريك لك لبيـك ، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك • وأهل الناس بهذا الذي يهلّون بـه ، فلم يردّ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شـيئاً منـه ، ولـزم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تلبيته •

تەرجەمە :

له پاشا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سوارى وشـــترەكەى بوو كە ناوى قەصوايە تا وشترەكەى هێنايە بەيداء ، تا چاوم بڕكا تەماشام كرد لە بەردەميەوە هەر سوارەو پيادە بوو ، لە لاى راستيەوە ئەوەندە ، لە لاى چەپيەوە ئەوەندە ، لە پشتيەوە ئەوەندە •

پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ لـە نـاومـانـا بوو قورئانى نازڵ ئەبوەسەر تەئويلو مەعناى ئەزانى ، ئەو شتەى كە ئەو عەمەلى پێ كردوە ئێمەيش عەمەلمان پێ ئەكرد • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ بـە تەوحيد تەهليلى كرد ، فەرمووى : (لبيك اللهم لبيك ، لبيك لا شريك لـك لبيك ، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك) خەڵقيش بەو تەهليلەى كە ئێستە ئەوان تەهليلى پێ ئەكەن تەهليلەيان كرد • پێغەمەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ هيچ رەددى لێ نەدان بفـەرموێ : وا مەڵێن ، وا بڵێن ، خۆى ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لازمى (لبيك)كەى خۆى بوو •

قال جابر [رضي الله تعالى عنه] : لسنا ننوي إلا الحج ، لسنا نعـرف العمرة ، حتى إذا أتينا البيت معه استلم الركن فرمل ثلاثاً ومشى أربعاً ، ثم تقدم إلى مقام إبراهيم فقرأ : (واتخذوا من مقام إبراهيم مصلى) فجعل المقام بينه وبين البيت ، فكان أبي يقول ، ولا أعلمه ذكره إلا عن النبي ـ صلى الله

تعالى عليه وسلم ـ ، : كان يقرأ في الركعتين (قل هو الله أحد) و (قل يا أيها الكافرون) ثم رجع الى الركن فاستلمه ، ثم خرج من الباب الى الصفا ، فلما دنا من الصفا قرأ : (ان الصفا والمروة من شعائر الله) أبدأ بما بدأ الله به ، فبدأ بالصفا فرقي عليه حتى رأى البيت ، فاستقبل القبلة فوحد الله وكبره ، وقال : لا إله إلا الله وحده لا شريك له ، له الملك وله الحمد وهو على كل شيء قدير ، لا إله إلا الله وحده أنجز وعده ، ونصر عبده ، وهزم الاحزاب وحده • ثم دعا بين ذلك فقال : مثل هذا ثلاث مرات • ثم نزل المروة حتى إذا انصبت قدماه رمل في بطن الوادي [سعى حتى خرج منه • موطأ] حتى إذا صعدتا مشى حتى أتى المروة ، ففعل على المروة كما فعل على الصفا حتى إذا كان آخر طواف على المروة •

تەرجەمە :

جابير ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئێمە حەج نەبێ بیبەتی هیچی ترمان نەبوو ، نەمانئەزانی کە عومرە چیە هاتینە بەیت لە خزمەتیا ، روکنی مەس[1] کرد ، سێ دەفعە بە دەوری بەیتا هەرودڵەی کرد ، چوار دەفعە بە رۆیین بەدەوریا رۆیی لە پاشا تەشریفی پێشکەوت بۆ مەقامی ئیبراهیم ، ئایەتی (واتخذوا من مقام ابراهیم مصلی)ی خوێندەوەو ، مەقامی خستە بەینی خۆیەوەو بەینی بەیتەوە • جەعفەر ئەفەرموێ : باوکم فەرمووی : هەر وا ئەزانم کە جابیر هەر لە پێغەمەرەوە ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ریوایەت ئەکا [یەعنی قسەی خۆی نیە] لە دوو رکاتی طەوافا (قل هو الله) و (قل یا أیها الکافرون)ی خوێند • لە دواییا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی چۆوە بۆ لای روکن دیسان دەستی لێداو ماچیکرد ، لە دواییا لە دەرگاکەوە تەشریفی چوەدەرێ بۆ صەفا ، کە نزیك

(١) مەسکردن : دەستلێدان .

بۆوە لە صەفا ئایەتی : (إن الصـفا والمروة)ی خوێنـــدەوە ، فەرمووی : دەستئەکەم بەوەی کە خوا دەستی پێکردوە ، دەستی کرد بـە صـــەفـا سەرکەوت تا چاوی بە بەیت کەوت ، ڕووی‌کردە قیبلە تەوحیدو تەکبیـری خوای کـرد ، ئـەو دۆعایەی فەرموو کـە تەرجەمەی وایە : غەیری خـــوا مەعبوودی بە حەق نیە ، تەنھایە شەریکی نیە ، موڵك هەر هی ئەوە ، حەمد هەر بۆ ئەوە ، ئەو قودرەتی بەسەر کوللی شـــــتێکا هەیە ، غەیری ئەو مەعبوودی بە حەق نیە ، تەنھایە ، وەعدی خۆی بەجێ هێنا ، نەصـــرەتی عەبدی خۆیی دا ، بە تەنھا لەشکری ئەحزابی شکان • لە پاشـــا لە بەینی ئەوەدا دۆعای کردو سێ جار بەم نەوعە تەکبیرو تەوحیدی کرد • لە پاشـا تەشریفی هاتەخوارێ بۆ مەروە تا گەیی‌یە ناوەڕاستی وادی‌یەکە هەروەڵەی کرد ، لەوێوە تەشریفی بە ڕۆیین ڕۆیی تا تەشریفی گەیی‌یە مەروە ، لە صەفا چی‌کرد لە مەروەیش کردی تا ئاخر طەوافی لەسەر مەروە بڕایەوە [لە حەوت دەفعەی سەعیی لە بەینی صەفاو مەروەدا وای‌کرد] •

جابر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ أهلّ وأصحابه بالحج وليس مع أحد منهم هَدْيٌ غير النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وطلحة وكـان عليٌ [رضي الله تعالى عنهما] قدم من اليمن ومعه الهدي [فســأله النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بما أهللت ؟] فقال : أهللت بما أهل به رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أذن لأصحابه أن يجعلوها عمرة : يطوفوا ، ثم يقصروا ويحلوا [من إحرامهم] إلا من معـه الهـــدي [فكبر ذلك علينا وضاقت به صدورنا ، فبلغ ذلك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فما ندري أشيء بلغه من السماء ، أم شيء من قبل الناس ؟ فقـال : أيها الناس حلوا ، فلولا الهدي الذي معي فعلت كما فعلتم • قال : فأحللنـا ووطئنا النساء ، وفعلنا ما يفعل الحلال ، حتى إذا كان يوم التروية = وجعلنا

مله بظهر = آهللنا بالحج م ـ ٥/٣٠٠] فقالوا : ننطلق الى مِنى ودكر أحدنا يقطر [بالمني] ؟ فبلغ النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : لو استقبلت من أمري ما استدبرت ما أهديت ، ولولا أن معي الهدي لأحللت • وإن عائشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ حاضت فنسكت المناسك كلها غير انها لم تطف ، قال : فلما طهرت وطافت [للافاضة وسعت] قالت : يا رسول الله أتنطلقون بعمرة وحجة وأنطلق بالحج [من غير عمرة] ؟ فأمر عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] أن يخرج معها الى التنعيم • فاعتمرت بعد الحج في ذي الحجة [ليلة المُحَصَّب] وأن سراقة بن مالك بن جعشم لقي النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالعقبة وهو [صلى الله تعالى عليه وسلم] يرميها • فقال : ألكم هذه خاصة يا رسول الله ؟ قال : لا بل للأبد ح ـ ٣/٢٥٨ ، ١٨٣ ، وفي التمني ، د في الحج •

(مەلا سەلام خوا سەلامەتی بکا تەرجەمەی بکا)[1]

تەرجەمە :

= جابیر = ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و یارانی ئیحرامیان بە حەج بەست ، پێغەمەرو طلحە نەبێ کەس قۆچی پێ نەبوو • عەلیش ـ رضي الله عنه ـ لە یەمەنەوە هاتبوو قۆچی لەگەڵ خۆی هێنابوو • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لێی پرسیی : ئیحرامت بە چی بەستوە ؟ عەرزی کرد : ئیحرامم بەوە بەستوە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیحرامی پێ بەستوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رێگەی بە یارانی دا کە حەجەکەیان بکەن بە

(١) دانەر ـ خ ـ نازانم لەبەر چی ئەم پارچەی تەرجەمە نەکردوەو ، ئەمە خۆیشی حەدیثێکی سەربەخۆی بوخاری یە ژمارەیشی بۆ دانەناوە ، داوای لە مامۆستا مەلا سەلام کردوە کە تەرجەمەی بکا ، ئەویش تەرجەمەی نەکردوە . وا لێرەدا ، لە سەرەوە تەرجەمەی دەکەم .

عومرە : طەوافی بەیت بکەنو ، مووی ســـەریان کورتبکەنەوەو ئیحرام بشـکێنن ، ئەوانە نەبێ کە قوچیان پێبوو ، [ئەفەرموێ : ئێمەیش ئەمەمان لە لا گران بوو ، دلمان پێی تەنگ بوو ، ئەمەیش بــە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ گەیی‌یەوە ، ئیتر نازانین بە وەحی لــە ئاســــــــمانەوە پێیـنەیێنرا یا خەلق قسەیان بۆ کرد • پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فەرمووی : ئەی خەلقینە ئیحرام بشـکێنن ، ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە لـــە قوچم پێیە ئێوە چی ئـەکـەن منیش وام ئەکـرد ، ئەفەرموێ : ئیحرامسان شکانو چووینە لای خێزانسانو ، ئەوەی پیاوی بێ ئیحرام ئەیکا کردمان ، هەر وا ماینەوە تا رۆژی تەرویە ـ کە رۆژی هەشـــتی ذیلحەججەیە ـ ئەو رۆژە کە لە مەککە پشتمان هەلکرد ئیحرامسان بە حەج بەســت [یارانی پێغەمــەر ـ صــلی اللە تعــالی علیــە وســلم ـ] لــەو رۆژە پیرۆزانــەدا چوونەلای‌ئافرەت‌و ئیحرام‌شکانیان بە لاوە کارێکی ناشیاوو نادروســت بوو و وایان ئەزانێ کــە نابێ شتی وا بیێ ، بۆیە [فەرموویان : بچین بــۆ میناو چووکمان ئاوی تۆوی لێ بتکێ ؟! پێغەمەر ـ صــلی اللە تعــالی علیــە وسلم ـ کە ئەمەی بیست فەرمووی : ئەگەر ئەوەی ئێســـتە ئەیزانم زوو بمزانیایە قوچم لەگەل خۆم نەئەهێنا • ئەگەر ئەم قوچەیشـــم پێ نەبوایــە ئیحرامم ئەشـــکان •

هەر لەو ناوەدا حەزرەتی عایشــە ـ رضي اللە تعــالی عنهــا ـ کەوتــە بێنوێژییەوە ، (طواف الافاضة) نەبێ هەموو فرمانەکانی حەجی کرد ، کە پاک‌بۆوەو طەوافی کردو هاتوچۆی صــەفاو مەروەی تەواوکرد •• عەرزی پێغەمەری کــرد : ئەی پێغەمەری خــوا ئێوە هەموو بــە حــەج‌و عومرەوە بگەڕێنەوەو من تەنها بە حەجی بێ عومرەوە بگەڕێمەوە ؟! پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ فرمانی بە حەزرەتی عەبدوڕەحمانی کوڕی حەزرەتی

ئەبوبەکر دا کە لەگەڵ حەزرەتی عائیشەدا بچێ بۆ تەنعیم ، تا لەوێوە عومرە بکا ، حەزرەتی عایشە دوای حەج لە مانگی ذیلحەججەدا عومرەی کرد ٠

سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم لای جەمرەی عەقەبەدا بـە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـە وسـلم ـ گەیی دی کـە پێغەمەر بەردبارانی ئەکا عەرزی کرد : ئەی پێغەمەری خوا ئەمە [کردنی حەج بـە عومرە ، یا قیران ، یا کردنی عومرە لە مانگی حەجدا] هەر بۆ ئێوەیە یـا بۆ هەموو کەسێکە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : خەیـر بۆ هەتاهەتایە [واتە بۆ هەموو کەسە] ٠

★ ★ ★

فقال : إني لو استقبلت من أمري ما استدبرت لم أسق الهدي ، وجعلتها عمرة ، فمن كان منكم ليس معه هدي فليحلل ويجعلها عمرة ٠ فقام سراقة بن مالك بن جعشم فقال : يا رسول الله ألِعامنا هذا أم لأبد ؟ فشبك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أصابعه واحـــدة في الأخرى ، وقال : دخلت العمرة في الحج مرتين ، لا بل لأبد أبد ٠

تەرجەمە :

فەرمووی : ئەگەر ئەوی لـە ئاخریا ئەمزانی لـە ئەوەڵەوە بمزانیایـە هەدیم سەوق نەئەکرد بۆ مەککە [یەعنی منیش ئیحرامم ئەشکان] ئەمکرد بە عومرە ٠ هەرکەسێ لە ئێوە هەدیی لەگەڵ نیە لـە ئیحرام بێتەدەرێ بیکا بە عومرە [یەعنی لـە دواییـدا ئیحرام بـە حەج دابیەسـتێ لـە مەککەدا] سوراقەی کوڕی مالیکی کوڕی جوعشوم ـ رضي الله تعالى عنه ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : (یا رسول الله ئەمە هەر بـۆ ئیمساڵ وایە یا بۆ ئەبەدە ؟ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پەنجەی

موبارەکی هەردوو دەستی سەعادەتی تێكپەڕان ، فەرمووی : عومرە چوە ناو حەجەوە دوو جاری فەرموو : لە پاشا فەرمووی : خەیر هەر بۆ ئیمسان نیە بۆ ئەبەدە بۆ ئەبەدە •

[ئەم سوراقەیە ئەو سوراقەیە کە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەبوبەکری لە خزمەتا بوو تەشریفی هیجرەتی کرد بۆ مەدینە • موشریکان بۆ کوللێ لە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم -و ئەبوبەکر هەر یەکە صەد وشتریان وەعدە دا بەو کەسەی ئەسیریان بکا یا بیانکوژێ ، سوراقە - رضي الله تعالی عنه - هەلساو سیلاحی لە خۆیداو سوار بوو شوێنیانکەوت ، کە لێیان نزیك بۆوە ئەسپەکەی بە ئەرزا تا سنگی داچوو ، هاواری کردە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - دۆعای بۆ کرد نەجاتی بوو ، ئیتر هەر لەو رۆژەوە لە (لە)ی پێغەمەر بوو - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە (علیه)ی حەرەکەتی نەکرد تا خوا هیدایەتی دا بە شەرەفی ئیسلامەتی موشەڕڕەف بوو - رضي الله تعالی عنه - لە هیجرەتا کەیفیەتەکەی رابورد][1] •

وقدم عليٌّ من اليمن ببُدْنِ النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فوجد فاطمة ممن حل ولبست ثياباً صبيغاً واكتحلت ، فأنكر ذلك عليها ، فقالت : إن أبي أمرني بهذا • قال : فكان علي [رضي الله تعالى عنه] يقول بالعراق : فذهبت إلى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - محرِّشاً على فاطمة [رضي الله تعالى عنها ، وروحي فداها بعد أبيها وأمها] للذي صنعت مستفتياً لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فيما ذكرتْ عنه ، فأخبرته أني أنكرت ذلك عليها فقال : صدقَتْ ، صدَقَتْ • ماذا قلت حين فرضت

(١) بڕوانە : بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە لاپەڕە (٢٥٤)و دوای ئەوە .

الحج ؟ قال : قلت اللهم إني أهلّ بما أهلّ به رسولك . قال : فإن معي الهدْيَ فلا تحل .

تەرجەمە :

ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی لە یەمەنەوە هاتەوە وشترانی پێغەمەری ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ بوو ، چاوی بە فاطیمەی نازدار کەوت ـ رضي الله تعالى عنها ـ کە ئیحرامی شکانبوو ، جلێکی رەنگاورەنگی لەبەرابوو ، چاوی رشتبوو ، ئینکاری ئەوەی لەسەر کرد ، فەرمووی : باوکم ئەمری پێکردووم . جابیر ئەفەرموێ : عەلی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لە عیراقا ئەیفەرموو : چوومە خزمەت پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە تەحریکی بکەم لە فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەوەی لێ بپرسم کە فاطیمە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لەوەوە ئەیوت . عەرزمکرد : کە ئینکاریم کرد لە سەری بۆچی لە ئیحرام هاتۆتە دەرێ . فەرمووی : راستی وتوە ، راستی وتوە . تۆ کە ئیحرامت بە حەج دابەست چیت وت ؟ فەرمووی : عەرزمکرد وتم : خوایا رەسوولی تۆ بە چی ئیحرامی دابەستوە منیش بەوە ئیحرام دائەبەستم : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من هەدیم پێیە [بۆم دروست نیە لە ئیحرام بێمە دەرێ] تۆیش مەیشکێنە .

قال : وكان جماعة الهدْي الذي قدم به علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ من اليمن والذي أتى به النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مائة . قال : فحل الناس كلهم وقصروا إلا النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ومن كان معه هدي ، فلما كان يوم التروية [رۆژی هەشتەمی ذیلحەججە] توجهوا الى منى فأهلّوا بالحج وركب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فصلى بها الظهر والعصر والمغرب والعشاء والفجر ثم مكث قليلا حتى طلعت

الشمس ، وأمر بقبة من شعر تضرب له بنمرة [خارج من عرفه] فسار رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ولا تشك قريش إلا أنه واقف عند المشعر الحرام ، كما كانت قريش تصنع في الجاهلية ، فأجاز رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - حتى أتى عرفة فوجد القبة = قد = ضربت بنمرة ، فنزل بها حتى إذا زاغت الشمس أمر بالقصواء فرُحِلَت له فأتى بطن الوادي •

تهرجهمه :

جابير - رضي الله تعالى عنه - ئهفهرموێ : مهجمووعی ئهو ههدیهی که عهلی - رضي الله تعالى عنه - له یهمهن هێنابووی‌و ئهوی پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - هێنابووی صهد وشتر بوو • فهرمووی : ههموو خهڵق ، غهیری پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - و ئهوانهی که ههدیان پێ‌بوو ، له ئیحرام هاتنهدهرێ‌و سهریان ههڵپاچی‌و مووی سهریان گرت ، که رۆژی تهرویه بوو ، یهعنی رۆژی ههشتهمی مانگی قوربان بوو روویان‌کرده مینا ئیحرامیان به حهج دابهست ، پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تهشریفی سوار بوو بۆ مینا له مینا نوێژی نیوهڕۆو عهصرو شێوان‌و خهوتنان‌و سبهینێی کرد • له پاشا نهختێ وهستا تا رۆژههڵات ئهمری فهرموو له نهمیره قوببهیێکی مووی بۆ ههڵدهن • پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تهشریفی لێیدا رۆیی بۆ نهمیره ، قورهیش هیچ شکیان نهبوو وایان‌ئهزانی که پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - له (مشعر الحرام)ا وقووف ئهفهرموێ ، وهك قورهیش له زهمانی جاهیلییهتا لهوێ ئهوهستان • پێغهمهر - صلى الله تعالى عليه وسلم - له (مشعر الحرام) تێپهڕی‌کرد لێی نهوهستا تا تهشریفی هاته عهرهفه ، چاوی پێکهوت که قوببهکهی له نهمیرهدا بۆ ههڵدراوه ، تهشریفی لهوێ دابهزی تا رۆژ بهلادا

هات ئەمری فەرموو قەصوایان[1] بۆ حازرکرد تەشریفی هاتە (بطن الوادي) وادیی عەرەفە ٠

فخطب الناس فقال : إن دماءكم وأموالكم حرام عليكم كحرمة يومكم هذا ، في شهركم هذا ، في بلدكم هذا ٠ (مەعنای ئەمە رابورد)[2] ٠

تەرجەمە :

خوێنتان ماڵتان حەرامە لە سەرتان وەك حەرامی ئەم رۆژەتـان لـەم مانگەتانا لەم شارەتانا ٠

(ألا) : خەبەرتان بێ (كل شيء من أمر الجاهلية) هەموو شـتێكی ئیشی جاهیلییەت ، هەموو ئەخلاق و عادەتی قەبیحەیان (تحت قدمي) : لـە ژێر پێمایە (موضوع) بەتاڵكراوەتەوەو ساقیط كراوە (ودماء الجاهلية) : ئەو خوێنانەی لە زەمانی جاهیلییەتا لە بەینتانا رژێنراوە (موضوعة) ساقیط كراوە نە قیصاصی هەیە نە دیەی هەیە (وإن أول دم أضـع من دمائنا) : ئەوەڵ خوێنێ لە خوێنی ئێمە كە ئیسقاطی ئەكەم (دم ابن ربيعة بن الحرث): خوێنی كوڕی رەبیعەی كوڕی حەرثە ، كە ئامۆزامە (كان مسترضعا في بني سعد فقتله هذيل) : ئەو كوڕی رەبیعە لە بەنی سـەعدا شـیری ئەخوارد هوذەیل كوشتیان (وربا الجاهلية) : سـوودی زەمـانی جاهیلییەت (موضوعة) : ساقیطە (وأول ربا أضع) : ئەوەڵ سوودێ كە ئیلغای ئەكەم (= ربانا = ربا عباس بن عبدالمطلب) : = ریبای خۆمانە = سوودی ئـەو

(1) قەصوا : ناوی ئەو وشترەی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ كە سواری بوە ٠

(2) ئەم نووسراوەی لە راستی (فخطب الناس فقال)دا نووسیوە ٠ واتە : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبەی بۆ خەڵق خوێندەوەو فەرمووی ٠٠٠

ماڵەیە کە عەبباسی کوڕی عەبدولموطەلیب داویەتی بە سوود (فإنه موضوع كله) : ئەو ریبایە بە تەواودتی بەتاڵ‌کراودتەوە (فاتقوا الله في النســـاء) : دەرحەقی ژنان تەقواو ترستان لە خوا بێ (فإنكم أخذتموهن بأمان الله) : چونکی ئێوە ئـەو ژنانەتان بـە زامنیو کەفیلی خـوا گرتوتە لای خۆتـان (واستحللتم فروجهن) : فەرجی ئەوانتان حەلاڵ‌کردوە (بكلمة الله) : بـە ئەمری خوا کـە لـە قورئانا بۆتان بەیان‌کراوە (ولكم عليهن أن لا يواطئن فرشكم أحدا تكرهونه) : بۆ ئێوە لەسەر ژنەکانتان ئەو حەقەتان هەیە کـە هیچ کەسێ کە ئێوە حەزی لێ ناکەن نەهێننە ســـەر فەرشتان (فإن فعلن ذلك) : ئەگەر ئەوەیان‌کرد (فاضربوهن): لێیان بدەن (ضرباً غير مبرح) بە لێدانێ کە موهلیك نەبێ زەرەر بـە ئەعزایان ، بـە صـیحەتیان نەگەیێنێ (ولهن عليكم رزقهن وكسوتهن بالمعروف) : ئەوانیش لەســـەر ئێوە بـە عورفو عادەت وەکوو ئەمثالتان رزقیانو لیباسیان بۆ فەرزە •

(وقد تركت فيكم ما لن تضلوا بعده إن اعتصمتم به : كتاب الله) : بە تەحقیق لە ناوتانا شتێکم بۆ بەجێ‌هێشتوون ئەگەر توند دەستی پێوەبگرنو بــەری نەدەنو پـەیـڕەوی بکەن قـەت رێ ون نـاکـەن ، ئەوە کـە بۆم بەجێ‌هێشتوون : کیتابوڵلایە [وەڵلاهی وایە هەرکەسێ عەمەل بـە قورئان بکا لە دنیاو ئاخیرەتا مەسعوودو پایەدار ئەبێ قەت نشستی بەسەرا نایێ ، سا خوا رەحممان پێ بکا] • (وأنتم تسألون عني فما أنتم قائلون ؟) : لە ئاخیرەتا ئێوە لە منتان لێ ئەپرسرێ دەرحەقی من چی ئەڵێن ؟ (قـالـوا : نشهد أنك قد بلغت وأديت ونصحت) : عەرزیان‌کرد : شـــــەهادەتت بۆ ئەدەین کە ئەحکامی خوات بـە تەواوەتی تەبلیغ‌کردووین ، ئەوامیرێ لـە سەرت لازم بوە هەمووت بەجێ‌هێناوە ، نەصـــــیحەتی هەموو ئوممەتت کردوە (فقال بأصبعه السبابة يرفعها إلى السماء وينكتها [ينكبها • ذ] الى

الناس : اللهم اشهد ، اللهم اشهد = ثلاث مرات =) : ئەمجا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە پەنجەی شەهادەتی ئیشارەتی فەرموو هەڵیئەبڕی بۆ ئاسمانو وەری‌ئەگێڕایەوە بۆ لای خەڵق ، سێ جار فەرمووی : خوایە تۆ شاهید بە [یەعنی لەسەر ئەمە کە خەڵق ئیقراریان بەمە کردوە کە تەبلیغی ئەحکامم کردوون] (ثم أذن ثم أقام فصلی الظهر ، ثم أقام فصلی العصر • = ولم یصل بینهما = شیئا) : لە پاشا ئەمری فەرموو بە بانگ‌و قامەت ، نوێژی نیوەڕۆی کرد ، لە پاشا ئەمری کرد بە قامەت نوێژی عەصری کرد ، یەعنی بانگێك‌و دوو قامەت = لە نێوانیانا هیچ نوێژی نەکرد = •

ثم رکب رســـول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حتی أتی الموقف فجعل بطن ناقته القصواء الی الصخرات ، وجعل حبل [جبل • نسخة] المشاة بین یدیه ، واستقبل القبلة فلم یزل واقفاً حتی غربت الشمس وذهبت الصفرة قلیلا حتی غاب القرص •

تەرجەمە :

لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ سوار بوو تا تەشریفی هاتە ئەو جێگەیەی کە بۆ حەج لە عەرەفاتا لێی رائەوەستن ، ســـــنگی وشترەکەی کردە ئەو بەردانەی کە = لـە = پایینی شـــــاخی رەحمەتا تەفریش‌کراون ، موعظەمی پیادە ، یا رێی (جبل)ی[1] پیادە لە بەردەمیەوە بوون • رووی کردە قیبلە تەشریفی لەوێ بە راوەستاویی لەسەر ســواریی مایەوە تا رۆژ ئاوا بوو قورصی رۆژ لە ئوفوق چوەخوارێ کەمێ زەردایی رۆژ غایب بوو •

(1) ئەم وشـــــە بە (حبل) و (جبل) ریوایەت کراوەو بۆ سێ مانایش دەستدەدات : 1 ــ بە مانا کۆمەڵی پیادە • 2 ــ بە مانا تەپۆلکە لی جوانو بچکۆلە • 3 ــ بە مانای رێگەی هاتوچۆی پیادە •

وأردف أسامة خلفه ودفع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وقد شنَّق [دەستە جلەوەکەی گورج کردەوە] للقصواء الزمام حتى أن رأسها ليصيب قوٗرِكْ رحله [ئەو جێگەیەی کۆپانی وشتر نە سوار لە سواریی ماندوو ببێ پێی جووت ئەکاو لە سەری دائەنێ] ويقول بيده اليمنى : أيها الناس السكينة ، السكينة كلما أتى حبلا [تەپۆلکە] من الحبال أرخى لها قليلا حتى صعد ، حتى أتى المزدلفة ، فصلى بها المغرب والعشاء بأذان واحد وإقامتين ، ولم يسبح بينهما شيئا ، ثم اضطجع = رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - = حتى طلع الفجر ، فصلى الفجر حين تبين له الصبح بأذان وإقامة .

تەرجەمە :

ئوسامەی سواری پاشکۆی خۆی کرد ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لەوێ رۆیی دەستەجلەوەکەی بۆ قەصوا گورج کردبوەوە وای گورج کردبوەوە تا سەری قەصوا لەو جێگەیە ئەکەوت کە وشترسوار بۆ رەحەتی پێی لەسەر دائەنێ ، بەدەستی راستی ئەیفەرموو: ئەی خەلقینە بە ئاهیستەیی ، بە ئاهیستەیی ، یەعنی پەلەپەل مەکەن . تەشریفی بگەیی‌یایە هەر تەپۆلکەیێ دەستەجلەوەکەی کەمێ بۆ شلەکردەوە تا سەربکەوێ تا تەشریفی گەیی‌یە موزدەلیفە نوێژی مەغریب‌و عیشای بە بانگێک‌و دوو قامەت لەوێ کرد ، سوننەتی لە بەینا نەکردن ، لە پاشا تەشریفی راکشا تا فەجر طولووعی کرد ، کە صوبحی لێ دیاری‌دا ، بە بانگێک‌و قامەتێ نوێژی سبەینێی کرد .

ثم ركب القصواء حتى أتى المشعر الحرام ، فاستقبل القبلة فدعاه وكبره وهلله ووحده ، فلم يزل واقفاً حتى أسفر جدا ، فدفع قبل أن تطلع الشمس . وأردف الفضل بن عباس [رضي الله تعالى عنهما] وكان رجلا حسن الشعر ،

أبيض ، وسيما ، فلما دفع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مرّت به ظُعُن يجرين ، فطفق الفضل ينظر إليهن ، فوضع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده على وجه الفضل ، فحول الفضل وجهه الى الشق الاخر ينظر فحول رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يده من الشق الآخر على وجه الفضل فصرف وجهه من الشق الاخر ينظر ، حتى أتى بطن مُحَسِّر [ئەو جێیەی کە (أصحاب الفيل)ی لێ ماندووکرا] فحرك قليلا ثم سلك الطريق الوسطى التي تخرج على الجمرة الكبرى حتى أتى الجمرة عند الشجرة ، فرماها بسبع حصيات ، يكبر مع كل حصاة منها حصى الخذف ، رمى من بطن الوادي ، ثم انصرف الى المنحر ، فنحر ثلاثاً وستين بيده ، ثم أعطى عليا [رضي الله تعالى عنه] فنحر ما غبر وأشركه في هديه • ثم أمر من كل بدنة ببضعة فجعلت في قدر ، فطبخت فأكلا من لحمها ، وشربا من مرقها • ثم ركب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فأفاض الى البيت ، فصلى بمكة الظهر ، فأتى بني عبدالمطلب يسقون على زمزم ، فقال : انزعوا بني عبدالمطلب فلولا أن يغلبكم الناس على سقايتكم لنزعت معكم • فناولوه دلوا فشرب منه م ـ ٣٠٤/٥ الى ٣٢٩ ، د ، ط •

تەرجەمە :

لە دوایيا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی سواری قەصوا بوو تا تەشریفی هاتە (مشعر الحرام) ، لەوێ دۆعای کرد ؛ تەکبیرو ، تەهلیلو ، تەوحیدی خوای کرد • تەشریفی لە (مشعر الحرام) وەستا تا دنیا تەواو رووناك بۆوە ، لە پێش رۆژهەڵاتنا تەشریفی لەوێ رۆیی ، فەضلی کوڕی عەباسی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سواری پاشکۆی خۆی کرد • فەضل پیاوێکی مووجوانو سپیو صاحێب سەرو سیما بوو ،

که پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تەشریفی لەوێ رۆیی چەند ژنێکی وشترسواری پێکەیی وشترەکانیان لێئەخوڕی . فەضل ـ رضي الله تعالی عنه ـ تەماشای ئەکردن ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەستی موبارەکی نایە سەر دەموچاوی فەضل که تێیان نەفکرێ ، فەضل رووی بۆ ئەولا وەرگێڕا تەماشای ئەکردن ، لەولاوەیشەوە دەستی نایە سەر دەموچاوی فەضل ، فەضل ـ رضي الله تعالی عنه ـ رووی بەملاوە وەرگێڕا تەماشای ئەکردن . هەر بەم نەوعە تاگەییە موحەسیر ؛ که ئەو جێیەیە فیلی (أصحاب الفیل)ی مانگوو کرد ، یەعنی تیا بەهیلاك چوون . لەوێوە کەمێ لێی خوڕی ، تەشریفی بە رێی ناوەڕاستا که لە جەمرەی کوبرادا یێتە دەرێ تا تەشریفی هاتە ئەو جەمرەی لای شەجەرە [که ئەهلی ئەوێ ئەیناسن] حەوت بەردی هاویتە جەمرەکەوە ، لەگەڵ کوللی بەردێکا (الله أکبر)ی ئەکرد ، بەردەکان بەردی پەلەپیتکە بوو ، یەعنی وردەبەرد بوو ، لە ناو جەرگەی وادییەکە ئەیهاویشتن ، لە پاشا تەشریفی چوو بۆ (منحر) ئەو جێیەی که حاجییان قوربانی لێسەرەبڕن ، خۆی بە دەستی موبارەکی خۆی لەو صەد وشترە شەصتو سێ وشتری سەربڕی ، باقیەکەیشی که سیوحەوتە دا بە ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعالی عنه ـ ئەو سەری بڕی . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لەو قوربانیانەدا حەزرەتی عەلیی ـ رضي الله تعالی عنه ـ کرد بە شەریك . لە پاشا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری فەرموو لەو صەد وشترە هەر لە یەکەی کەمێکیان بڕی خرایە دیزەیێکەوە کوڵێنرا . دوو ئامۆزا ؛ یەکێ پێغەمەر ـ علیه الصلاة والسلام ـ ئەوی تریشیان ئامۆزای پێغەمەرو مەحبووبی خواو پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لێیان خوارد لە گۆشتاوەکەیان نۆشی گیان کرد .

ئەمجا تەشریفی لەوێوە هێرشی هێنـا بۆ بەیت ، نوێژی نیوەڕۆی لـە مەککە کرد ، تەشریفی چوە لای بەنی (عبدالمطلب) لەسەر زەمزەم ئاویـان ئەدا بە خەڵق • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێیفەرموون : ئەی بەنی عەبدولموطەلیب ئاو هەڵێنجن ، لەبەر ئەوە نەبوایـە کـە خەلق [لەبەر حەسەد] لەسەر ئاودانی زەمزەم بەخەڵق غەڵەبەتان بەسـەرا بکەن لەگەڵم هەڵەهێنجان ، دۆڵکەیێکیان تەقدیم کرد لێی خواردەوە •

بوخاریی ئەم حەدیثە درێژەی پارچە ـ پارچە بە بەعزێ فەرقی لەفزیی بەیان کردوە •

فەوائیدی ئەم حەدیثە وەك نەوەویی ـ رحمه الله ـ بەیانی فەرموە بـە وەجهی ژێرە :

قاضی عەیاض ئەفەرموێ : تەصنیفێکی گەورەی تیا تەئلیف کراوە لـە طەرەف ئەبوبەکری کوڕی مونذیرەوە صەدو پەنجاو ئەوەندە مەسئەلـەی فیقهیی لێ ئیستینباط کراوە ، ئەگەر بە تەواوەتی تەتەبیوع بکرێ نزیـك بەوەندەی تریشی لێ ئیستینباط ئەکرێ • نەوەویی ـ رحمه الله ـ بەعزێکی ذیکر کردوە •

١ ـ سوننەتە کەسێ کە میوانو موسافیری هات یەکە یەکە ئەحواڵیان بپرسێ ، خۆشیو چۆنییان لەگەڵا بکا وەك جابیر ـ رضي الله تعالى عنـه ـ کردی ، بۆ خاتری ئەمە هەرکەسێ بە قەد قەدری خۆی ئیکرامی بگـرێ • حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صـلی الله تعالى علیه وسلم ـ ئەمری پێ فەرمووین هەرکەسێ لـە جێیێ دابنێین کـە لایەق بەو بێ •

٢ ـ ئیکرامی ئەهلی بەیت ســـوننەتە وەك جابیر بە محەمەدی کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٣ ـ مەرحەباکردن لە میوان •

٤ ـ تەلطیفی میوانی منـــاڵ وەك جابیر - رضـي الله تعـالی عنــه - دوگمەی محەمەدی کردەوەو دەستی خستە بەینی مەمکی ، ئەگەر منـــاڵ نەبوایە نەیەکرد •

٥ ـ ئیمامەتی ئەعما دروستە وەك جابیر - رضي الله تعالی عنه - بـۆ ئەو زائیرانەی کرد • خیلاف لەمەدا نیە کە ئیمامەتی ئەعما دروستە ، لەمەدا خیلاف هەیە کە ئەفضەل ئیمامەتی ئەعمایە یا ئیمامەتی چاوســـاغە • سێ مەذهەبی تیایە :

أ ـ ئیمامەتی ئەعما ئەفضەلە ؛ چونکی چاوی نابینێ مەشـــغوولبێ بەوانەوە کە ببینێ ، خوشووعی زیاتر ئەبێ لە چاوساغ •

ب ـ ئیمامەتی چاوساغ ئەفضەلە چونکی خۆی لـە نەجاسەت زۆرتر ئەپارێزێ •

ج ـ ئەصـــەح ئەوەیە کـە هیچ فەرقیان نیە ؛ چونکی هـەر یەکـە فەضیلەتێکی هەیە • شافیعی نەصصی بەمەدا ناوە •

٦ ـ صاحێب ماڵ ئەولایە بە ئیمامەت لە غەیر •

٧ ـ با لیباسی زۆریشی ببێ دروستە لە تەنها لیباســـێکا نوێژکردن ، سەتری عەورەتی ببێ کافیە •

٨ ـ خەبەردان بە خەڵق کە حازر بنە سەر ئیشـــــی خەیری دینیو دنیەوی سونەتە بۆ تەعمیمی ئومووری خەیریە •

٩ ـ پەیڕەوی ئەهلی فەضل لە فەرزا فەرزەو لە سونەتا سونەتەو ، لە موباحا موباحە •

١٠ – بۆ حەیزدارو زەییستان ئیحرام بە حەج‌و عومرە دروستە •

١١ – ژنی صاحێب حەیزو زەییستان سونەتە بەوەی بۆیان مومکین ببێ نەیەڵێ خوێنەکەیان تەلویشی[1] شتی تر بکا •

١٢ – بە پێیان‌و بە سواریی حەج دروستە ، بە سواریی ثەوابی زیاترە ، ئیقتیدا بە فیعلی پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – ، مەذهەبی شافیعیی‌و مالیکیی‌و جومهووری عولەما وایە ؛ چونکی زیاتر قووەتی ئەبێ بۆ بەجێهێنانی مەناسیکی حەج مەصرەفی حەیوانیشی عەلاوە ئەبێ ، زۆر پارە صەرفی حەج ئەکا • داود ئەفەرموێ : بە پێیان ئەفضەلە ؛ چونکی مەشەققەتی زۆرترە • ئەمما خۆئەزیەتدان بە عیبادەت مەحسوب نیە ، ئەصلی فەضل هی عیبادەتەکەیە هی زەحمەتەکەی نیە ، گینا ئەبێ لەخۆدان فەضیلەت بێ •

١٣ – ئینسان وەعظ دابدا سونەتە تەقویەی قسەکەی بکا بە ئایەتێ ، بە حەدیثێ ، بە قەولی پیاوێکی گەورە تا ئیعتیمادی بدەنە سەر وەکوو جابیر فەرمووی پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – چی کردوە ئێمەیش کردوومانە ، ریوایەتەکەم فیعلی ئەوە •

١٤ – لە حەججا پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – بە چ لەفظێ تەلبییەو تەکبیرو تەحمیدو تەوحیدی کردوە ئەفضەل ئەوەیە بە عەینی ئەو لەفظانە ئێمەیش بیکەین ، دروستیشە بە غەیری ئەوانە بکرێ‌و لێی‌زیاد بکرێ ، بۆیە پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – لە تەلبییەی خۆیا ثابت بوەو مەنعی ئەوانەیشی نەکردوە کە بە نەوعێکی تریان کردوە •

---

(١) واتە : خوێناوی بوون‌و پیس‌بوون •

١٥ - بۆ حاجی ســـــوننەتە لـە پێش هەموو شـــــتێکا (طواف القدوم) بکا •

١٦ - طەواف حەوتە لە سییانی ئەوەڵا لە (حجر الاســـــود)ەوە دەست پێ ئەکا بە لۆقەکردنی هەنگاو ورد بـە دەوری بەیتاهاتن ، چواری دوایی بە رۆیینی عادەتی سوننەتە • لۆقە هەر لە طەوافێکا ئەکرێ لە دوای ئەو سەعی لە بەینی صەفاو مەروە ببێ وەك (طواف القدوم) وەك (طواف الافاضة) کە لە عەرەفاتەوە ئەگەڕێنەوە لـە (طواف الوداع)ا نیە ، لـــە هەموو طەوافێکی حەجا نیـە لە طەوافێکا نەبێ لەوانی ترا هەر بـە عادەتی بڕوا • لە طەوافی عومرەدا لۆقە هەیە ؛ چونکی هەریەك طەوافی هەیە لـەو طەوافانەی کە لە غەیری عومرەو حەجا ئەکرێ گورگەلۆقە نیە • لە طەوافـا شانی راستی دەربخا ، پەشتەماڵەکەی کە ئەیدا بە سەرشانیا حەمایەڵی بکـا ناوەڕاستەکەی بخاتە بنباخەڵی راستی ، لکەکانی بهاوێتە ســـەرشـــانی چەپی •

١٧ - سوننەتە ئەوی کە طەواف بکا لە دوای طەوافەکەی دوو رکات نوێژی طەواف بکا ، بەعزێك ئەڵێن واجبە ، بەعزێ ئەڵێن : لە دوای طەوافی سوننەت سوننەتە • واجب بێ یا سوننەت ئەگەر نەیکرد طەوافەکە بەطـاڵ نابێتەوە •

١٨ - سوننەت وایە کە دوو رکاتی طەواف لە مەقامی ئیبراهیم - علیه الصلاة والسلام -ا بکا ، مومکین نەبوو لە حیجرا بیکا ، یا لە (مســـجد الحرام)ا بیکا ، یا لە مەککەدا بیکا ، یا لە مەملەکەتی خۆی بیکا • تا لە حەیاتا بێ ، وەختی ئەو نوێژە ناچێ • ئەمما لە غەیری مەقـاما بیـکا فەضیلەتی لـە کیس ئەچێ ، ئیرادەی گەلێ طەوافی بوو دوای کوللی طەوافێکی ئەو دوو

رکاتە سوننەتە • دوای هەموو طەوافەکانیشی بۆ کوللی طەوافێکی دوو رکات بکا (بلا کراهة) دروستە ، فەضیلەتی لە کیس ئەچێ •

١٩ - لە رکاتی ئەوەڵی ئەو نوێژەدا سوننەتە (قل یا أیها الکوفرون) لە رکاتی دووەما (قل هو الله) بخوێنێ •

٢٠ - سوننەتە لە دوای طەوافو نوێژی طەواف دەست بدا لە (حجر الاسود) •

٢١ - لە بابی صەفاوە بچێتەدەرێ •

٢٢ - بۆ سەعی بەینی صەفاو مەروە ئەبێ لە صەفاوە دەست پێ بکا بۆ مەروە •

٢٣ - سوننەتە لە سەعیا سەربکەوێ بۆ صەفاو مەروە بەرەوقیبلە بوەستێ دۆعاو تەکبیرو تەوحید بکا ، سەرکەوتنی صەفاو مەروە شەرط نیە ، تەرکی ، تەرکی فەضیلەتە •

٢٤ - لە سەعیا نابێ هیچ لە بەینی صەفاو مەروەدا تەرك بکا ، لە صەفاوە پاشنەی پێی بنووسێنێ بە پێپیلکەی صەفاوە کە گەیی‌یە مەروە پەنجەی پێی بنووسێنێ بە مەروەوە ، کە لەوێ گەڕایەوە بۆ صەفا بەو نەوعە پاشنەی پێی بنووسێنێ بە پێپێلکەی مەروەوە ، کە گەیی‌یە صەفا پەنجەی پێی بە پێپیلکەکەیەوە بنووسێنێ ••• بەم نەوعە لە هەر حەوت دەفعەی سەعیا وا بکا •

٢٥ - لە صەفاوە تا مەروە جارێکە ، گەڕانەوەی جارێکە ، ئاخری سەعیەکانی لە مەروەوە ئەبڕێتەوە •

٢٦[١]- سوننەتە لە پێش وادی‌یەکەوەو دوای وادی‌یەکە بە ڕۆیینی عادەتی بڕوا ، لە وادی‌یەکەدا تا تیایەتی هەڕا بکا ، لە هەر حەوت دەفعەکەدا ، ئەگەر لە هەموو سەعیەکانیا بڕوا یا هەڕا بکا دروستە ، ئەمما فەضـــیلەتی لە کیس ئەچێ •

٢٧ - **بۆ مێرد هەیە کە خیلافی ئوصوولی ژنی خۆیی دی عیتابی لێ بگرێ ، مەنعی بکا یا شکاتی لێ بکا لای (أولو الأمر) ئەویش بۆی هەیـە** بەیانی ئیعتیذار بکا ، دەفعی توهمەت لـە خۆی بکا ، وەك لـە بەینی عەلی‌و فاطیمەدا - رضي الله تعالى عنهما - واقیع‌بوە •

٢٨ - دروستە تەعلیقی ئیحرام بە ئیحرامی کەسێکی ترەوە ، وەکوو بەعزێ ئەصحابی کیرام فەرموویانە : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە چی ئیحرامی دابەستوە منیش بەوە ئیحرام دائەبەستم • لە نوێژو ڕۆژوودا ئەوە دروست نیە جەزم شەرتە •

٢٩ - کە حەجی گێڕا بە عومرەو لە ئیحرامی هاتەدەرێ ئەبێ سەری هەڵپاچێ • ئەگەر بیتاشێ بۆ حەج هیچ نامێنێتەوە بیتاشێ یا بیبڕێ • ئەمما ئەگەر بیشی‌تاشێ‌و مووی بۆ حەج نەما گوێزانی بەسەرا بگێڕێ •

٣٠ - **ئەوی لە مەککەدا بێ ئەفضەل وایە ڕۆژی تەرویە کە هەشتەمی** ذیلحەججەیە ئیحرام بە حەج دابیەستێ •

٣١ - ســـونەتە کـە هیچ کەسێ لـە پێش ڕۆژی تەرویـەدا نەچێ بـۆ مینـا •

٣٢ - لای بەعزێ ئەصحاب لەو جێگانەدا نەبێ کە مەناسیکی تیایـە وەك مەککەو میناو موزدەلیفەو عەرەفات‌و هاتوچۆ لەو بەینەدا ســواربوون

---

(١) دانەر بە هەڵە ژمارە (٢٦)ی دووپات‌کردبوەوە ڕاستم‌کردەوە •

ئەفضەلە ، لەو جێگانەدا رۆیین ئەفضەلە ، فەقەط لە هەموویانا سواربوون ئەصەححە •

٣٣ ـ پێنج فەرز لە نیوەڕۆوە تا بەیانی لە مینادا کردنی سوننەتە •

٣٤ ـ شەو لە میناداماندوە سوننەتە روکن نیە ، یەعنی شەوی نۆیەم •

٣٥ ـ سوننەت وایە تا رۆژ هەڵنەیێ لە مینا نەچنە دەرێ •

٣٦ ـ سوننەتە لە نەمیرەدا دابەزین •

٣٧ ـ سوننەتە نەچنە ئەرزی عەرەفات تا زەوالی رۆژی نۆیەم •

٣٨ ـ لە پێش زەوالا سوننەتە غوسڵ بکرێ بۆ عەرەفە •

٣٩ ـ دوای زەوال سوننەتە ئیمام بیانبا بۆ مەسجیدی ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسلام ـ بەوانەی مەسافەی قەصر دوورن نوێژی نیوەڕۆو عەصریان بە جەمع بە بانگێکو دوو قامەت پێ بکا ، لە پێش نوێژا دوو خوطبەی کورتیان بۆ بخوێنێ ، خوطبەی دوەم کورتتر بێ ، لە پێشا خوطبە ئەمجا نوێژ •

٤٠ ـ کە لە نوێژو خوطبە بوونەوە بچن بۆ مەوقیف •

٤١ ـ دروستە لە بەر سێبەری خێوەتا دابنیشن • مالیكو ئەحمەد ئەفەرموون : بۆ سوار لە بەر سێبەرا بوون مەکرووهە • خێوەت لە موو بێ لە هەرچی بێ ئەبێ • نەمیرە لە عەرەفات نیە لە تەنیشت عەرەفاتە •

٤٢ ـ رۆژی عەرەفە خوطبە خوێندن بۆ حاجیان سوننەتە واجب نیە لای شافیعیی لە چوار جێدا خوطبە سوننەتە :

أ ـ رۆژی حەوتەم لای کەعبە دوای نیوەڕۆ •

ب ـ لە رۆژی عەرەفەدا لە بەطنی عورەنە کە لای عەرەفەوەیە •

ج ـ رۆژی نەحر •

د ـ رۆژی نەفری ئەوەڵ ، رۆژی دوەمی (أيام التشـــــريق) ئەم خوطبانە هەموو یەکە یەکەن • خوطبەی رۆژی عەرەفە نەبێ ئەو دوانە •

٤٣ ـ لەو خوطبانەدا ئەوی موحتاج بن پێی بۆیان بەیان بکا •

٤٤ ـ قەتلی زەمانی جاهیلییەت ، ئەخلاقی جاهیلییەت باطیلە •

٤٥ ـ ئەوی ئەمر بە مەعرووفو نەهی لـە مونکەر بکا لـە پێش خەڵقا خۆی بیکا وەك پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە پێشا خوێنی خزمی خۆیو ریبای مامی خۆیی ئیسقاط کرد •

٤٦ ـ حوسنی موعاشەرە لەگەڵ ژنا سوننەتە •

٤٧ ـ تەعزیریان دروستە بە قسەو بە لێدانی بێ زەرەر •

٤٨ ـ ریعایەتی حوقووقیان بە عورفو عادەت لازمە •

٤٩ ـ بۆ ژن دروست نیە بێ ئیذنی مێردی کەس بێنێتە ماڵیەوە ، ژن بێ یا پیاو بێ ، مەحرەم بێ یا نامەحرەم •

٥٠ ـ نەفەقەی ژن لازمە •

٥١ ـ کە لە نوێژو خوطبەکان بۆوە عەجەلەکردن بۆ چوونەمەوقیف سـوننەتە •

٥٢ ـ لە عەرەفەدا بە سواریی راوەستان ئەفضەلە •

٥٣ ـ سوننەتە لای ئـەو بەردانەوە کـە تەفریش کراون لـە پایینی (جبل الرحمة) ا رابوەستن ، ئەو شاخەی لە ناوەڕاستی ئەرزی عەرەفاتایە ، لازم نیە بچنە سەر گردی عەرەفات • لە هەموو جێیێکی عەرەفاتا راوەستان دروستە • ئەفضەلی ئەو جێگەیە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ لێی راوەستاوە ئەگەر بۆی مومکین نەبوو لە نزیکی ئەوێوە رابوەسـتێ ، هەموو عەرەفە مەوقیفە •

٥٤ ـ لە راوەستانا رووکردنە قیبلە سونەتە •

٥٥ ـ تا بە تەواوی جورمی رۆژ ئاوا ئەبێ رابوەستن ئەمجا بچن بۆ موزدەلیفە ، ئەوەندە نەوەستێ حەجەکەی دروستە • ئەمما ئەگەر بلێین رۆژو تۆزێ لە شەووەستان واجبە ، واجبە خوێنێ بڕێژێ ، ئەگەر بلێین جەمع لە بەینی شەوو رۆژا واجب نیە خوێنڕژانن سونەتە ، ئەصەح ئەمەیە •

وەقتی وقووف مابەینی زەوالی رۆژی عەرەفەیە تا طوولووعی فەجری رۆژی جەژن ، هەرکەسێ لە جوزئێ لەم وەقتەدا رابوەستێ حەجەکەی دروستە ، ئەوی رانەوەستێ حەجەکەی دروست نابێ •

٥٦ ـ حەیوان بەقووەت بێ دووپشتەکیی سواربوونی دروستە •

٥٧ ـ بە ئاهیستەیی رۆیین بۆ پێیانو سوار سونەتە •

٥٨ ـ کە لە عەرەفە هاتنەخوارێ نوێژی مەغریب بێننە لای خەوتنان ، لە وەختی خەوتنانا بە (جمع التأخیر) کردنی سونەتە بۆ ئەوەی کە مەسافەی قەصر دوور بێ لای حەنەفیی بۆ هەرکەس ؛ چونکی ئەڵێن سەبەبی قەصر سەفەر نیە نوسوکی حەجە بە (جمع التقدیم)یش بە ئینفیرادیش دروستە ، فەقەط (جمع التقدیم)ی کرد موالات فەرزە ، لە (جمع التأخیر)ا سونەتە •

٥٩ ـ لە موزدەلیفەدا شەومانەوە لە شەوی جەژنا لای ئەصەح واجبە بە خوێن جەبر ئەکرێتەوە • بەعزێ لە ئیمە ئەڵێن روکنە نەمێنێتەوە حەجەکەی تەواو نابێ ، بەعزێکمان ئەڵێ سونەتە •

٦٠ ـ تا نوێژی سبەینێ مانەوە سونەتە ، بۆ ضەعەفە پێش فەجر بڕۆن •

٦١ ـ زۆر زوو نوێژی سبەینێ‌کردن سونەتە لە موزدەلیفەدا •

٦٢ ـ بانگ‌و قامەت بۆ ئەم نوێژی سبەینێ‌یە سونەتە •

٦٣ ـ راوەستان لە (مشعر الحرام) کە شاخی (قزح)ە لە مەناسیکی حەججە ، تا دنیا رووناك ئەبێتەوە لێ‌راوەستانی‌و دۆعاکردن سونەتە •

٦٤ ـ نەظەری =نامەحرەم= پیاو هی ژنو ، ژن هی پیــاو گوناهی صەغیرەیــە •

٦٥ ـ ئینکاری مونکەر لازمە •

٦٦ ـ کە لە موزدەلیفە هاتنەخوارێ سونەتە لە وادیی موحەسسیرا نەختێ خێرا بڕۆن بەو رێی ناوەڕاستەدا بڕۆن کە بەسەر جەمرەی کوبرادا بێ تــا بێتــە لای جەمرەی لای شــــەجەرەوە ، یەعنی لــە گەڕانەوەدا رێ بگــۆڕن •

٦٧ ـ حەوت بەرد کە ئەوەندەی ئــەو بەردەیە کــە بــە پەلەپیتــکە ئەهاوێژرێ گرتنە جەمرەی عەقــەبــە فــەرزە • لــەگــەڵ کــوللی بــەردێ (الله اکبر)کردن سونەتە •

٦٨ ـ بەردەکان یەکەیەکە بهاوێ ، بە جارێ بیانهاوێ بــە جــارێ حسێبە ، ئەبێ شەش بەردی تر بهاوێ •

٦٩ ـ سونەتە لە (بطن الوادي) بوەستێ‌و بەردەکان بهاوێ ، میناو عەرەفات‌و موزدەلیفە بخاتە لای راستیەوە ، مەککە بخاتــە لای چەپیەوە ، ئەمما اچۆنی ئەهاوێ دروستە •

٧٠ ـ ئەوی ئەیهاوێ هەر ئەبێ بەرد بێ ، غەیری بەرد دروست نیە •

٧١ ـ بەردهاوێتنە جەمرەی عەقەبە واجبە نوسوکە ئەمما روکن نیــە لای ئێمە ، ئەگەر نەیهاویت تا رۆژی رەمی رائەبوورێ گوناهبــار ئەبێ ، بە خوێن‌ڕژان جەبر ئەکرێتەوە • مالیك ئەفەرموێ : روکنە نەهاوێتنی حەج بەتــاڵ ئەکاتەوە •

٧٢ ـ جێی سەربڕین جێیەکی مەعلوومە لە مینا ، لەوێدا یا لە مەککەدا سەربڕینی دروستە •

٧٣ ـ هەدی چەندە زۆر بێ باشترەو سوننەتە •

٧٤ ـ سوننەتە ئینسان بە دەستی خۆی سەری ببڕێ ، ئیستینابەیش[1] دروستە ، خۆی لە وەختی سەربڕینا نییەت بێنێ •

٧٥ ـ سوننەتە عەجەلە لە سەربڕینیا بکا لە رۆژی جەژنا بێ نەیخاتە (أيام التشريق)ەوە •

٧٦ ـ تەشریکی[2] غەیر دروستە •

٧٧ ـ لە کوشتو کوشتاری قوربانیو هەدی خواردن سوننەتە ، ئەگەر گەلێ بن سوننەتە لە هەموویان بخوا •

٧٨ ـ طەوافی ئیفاضە کە لە عەرەفاتەوە بێنەوە بۆ مەککە روکنی حەجە • وەختی لە نیوەشەوی جەژنەوەیە ، وەختی ئەفضەل دوای رەمی (جمرة العقبه)و سەربڕینی هەدیەکەیو سەرتاشینیەتی (بلا كراهة لە هەموو) رۆژی نەحرا دروستە • بێ عوذر تەئخیری لەو رۆژە مەکرۆهە (ما دام الحياة !)[3] وەختی رانابورێ •

٧٩ ـ طەوافولئیفاضە ئەبێ لە دوای راوەستان لە عەرەفاتا بێ لە پێشا دروست نیە • لە طەوافولئیفاضەدا نە لۆقە نە بەرماڵەکەی بە حەمایەڵی پۆشینی شەرت نیە ئەگەر لە (طواف القدوم)ا کردبێتی •

٨٠ ـ لە ئاوی زەمزەم خواردنەوە سوننەتە •

---

(١) وەکیلو جێگرگرتن •

(٢) بەشداریکردنی خەڵقی دیکە •

(٣) هەتا هەتایە •

٨١ - ئاو هەڵێنجان لە زەمزەم‌و ئیش‌تیاکردنی سونەتە • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - بۆیە نەیکرد مەبادا خەڵق وا تێ‌بگەن ئەویش لە مەناسیکی حەجەو لەسەری کۆبنەوەو مەنعی بەنی عەبدولموطەلیبی لێ بکەن •

(مختصرا من النووي) •

ئەم حەدیثە بەم نەوعە هەر لە موسلیمایە فەقەط پارچەپارچەی بە طوروقی موختەلیفە لە هەردوکیانا زۆرە •

١٤/٣٣١٦ - براء بن عازب - رضي الله تعالی عنهما - يقول : نزلت هذه الآية فينا ، كانت الأنصار اذا حجوا فجاؤا لم يدخلوا من قبل أبواب بيوتهم ولكن من ظهورها ، فجاء رجل من الأنصار فدخل من قبل بابه ، فكأنه عُيِّر بذلك فنزلت (وليس البرّ بأن تأتوا البيوت من ظهورها ، ولكن البر من اتقى ، وأتوا البيوت من أبوابها)[1] ح - ٢٦٩/٣ •

تەرجەمە :

بەرای کوڕی عازیب - رضي الله تعالی عنهما - ئەفەرموێ : ئەم ئایەتە دەرحەق ئێمە نازڵ بوو ؛ ئەنصار کە حەجیان بکردایە لە حەج بهاتنایەوە نە دەرگاوە نەئەچوونە ژووریٚ لە پشت خانوەکانیانەوە ئەچوونە ژووریٚ • پیاوێ لە حەج هاتەوە ، لە دەرگاوە چوە ماڵێ • بەوە عەیبیان لێ گرت ، ئەم ئایەتە نازڵ بوو کە مەئالی وایە : ئەوە خێر نیە کە لە پشت خانوەکانتانەوە بچنەژووریٚ ، خێر ئەوەیە کە ئینسان لە خوا تەقوا بکا ، لە دەرگای خانوەکانتانەوە بچنەماڵەوە ، عادەتی جاهیلییەت تەرك بکەن تەقوا لە خوا بکەن بەڵکو فەلاحتان[2] بۆ ببێ •

---

(١) البقـرة /١٨٩ •

(٢) واتە : رزگاربین . دانەر تەرجەمەی ئایەتەکەی تەواوکردوە .

٣٣١٧/١٥ - أنس [رضي الله تعالى عنه] يقول : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : لبيك عمرة وحجا م - ٥/٣٦٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەیفەرموو : ئیحرامم بە حەج و عومرە دابەست •

٣٣١٨/١٦ - أبو هريرة [رضي الله تعالى عنه] يحدث عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : والذي نفسي بيده ليُهِلّنّ ابن مريم [عليه الصلاة والسلام] بفج الروحاء حاجاً أو معتمراً أو ليثنّيَنّهما م - ٥/٣٦٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسم بە دەستی قودرەتی ئەوە ئیبنومەریەم - عليه الصلاة والسلام - لە (فج الروحا)وە ئیهلال بە حەج یا عومرە ، یا بە هەردوکیان ئەکا ، یەعنی لە ئاسمان نوزوول ئەکاو حەج ئەکا •

٣٣١٩/١٧ - عن نافع عن عبدالله ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] كان لا يدخل مكة إلا بات بذي طوى حتى يصبح ويغتسل ثم يدخل مكة نهارا ، ويذكر عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أنه فعله م - ٥/٣٦٨ •

وحدث عبدالله - رضي الله تعالى عنه - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان ينزل بذي طوى ويبيت به حتى يصلي الصبح حين يقدم مكة ، ومصلى رسول الله ذلك على أكمة غليظة ليس في المسجد الذي بني ثَمّ ، ولكن أسفل من ذلك م - ٥/٣٦٨ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە حەجی ئەکرد لە (ذی طوی) تەشریفی دائەبەزی غوسڵی ئەکرد ، شەوێ تەشریفی لەوێ ئەمایەوە تا نوێژی سبەینێی ئەکرد ، بە رۆژ تەشریفی ئەچوو بۆ مەککە • موصەلای پێغەمەر - صلى الله عليه وسلم - لە سەر تەپۆلکەیێکی گەورەیە ، لەو مەسجیدەدا نیە کە بەوێ دروستکراوە ، لە خوار ئەوەوەیە •

١٨/٣٣٢٠ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان يخرج [من المدينة] من طريق الشجرة [التي عند مسجد ذي الحليفة] ويدخل [المدينة] من طريق المعرس وأن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كان إذا خرج الى مكة يصلي في مسجد الشجرة ، واذا رجع صلى بذي الحليفة ببطن الوادي وبات حتى يصبح ح - ٩٩/٣ • واذا دخل مكة دخل من الثنية العليا ويخرج من الثنية السفلى م - ٣٦٦/٥ العليا التي بالبطحاء م - ٣٦٧/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی لە مەدینە بچوایە دەرێ، لە رێی شەجەرەوە ئەچوە دەرێ [کە لە لای مەسجیدی ذولحولەیفەیە] لە رێی موعەڕەسەوە تەشریفی داخڵی مەدینە ئەبوو ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە تەشریفی بچوایە بۆ مەککە لە مەسجیدی شەجەرەدا نوێژی ئەکرد ، کە تەشریفی بگەڕایەوە لە ذولحولەیفە لە بەطنولوادییا نوێژی ئەکرد ، تەشریفی شەو لەوێدا ئەمایەوە تا سبەینێ [بە شەو داخڵی مەدینە نەئەبوو] • [کە تەشریفی بچوایە مەککە لە کەلی لای ژووروەوە ئەچوە

مەککە ، کــە تەشــــــــریفی لــە مەککە بچوایە دەرێ لــە کەلی خوارووەوە ئەچوەدەرێ ، کەلی سەروو لە بەطحایە • م] •

٣٣٢١/١٩ ـ عمر [بن الخطاب] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بوادي العقيق [واد بقرب البقيع ، بينه وبين المدينــة أربعة أميال] يقول : أتاني الليلة آت من ربي فقال : صل في هــذا الوادي المبارك وقل عمرةً في حجة ح ـ ٣/٩٩ ، د ، جه ، أخرجه أيضاً في المزارعــة والاعتصـــام •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست تەشریفی لە (وادی العقیق)ا بو [کــە لــە نزیکی بەقیعە] ئەیفەرموو : ئیمشەو یەکێ لە طەرەف پەروەردگارمەوە هاتە لام پێی‌فەرمووم : لەم وادی‌یە موبارەکەدا نوێژ بکە بلێ : لە ناو حەجا عومرە دائەبەستم یەعنی بەیەکەوە ئەیانکەم •

٣٣٢٢/٢٠ ـ عەبدوللای کوڕی عومەر ـ رضـــي الله تعـــالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليه وســلم ـ کــە تەشــریفی لــە ذولحولەیفە لە (وادی العتیق)ا بە شەو لێی‌نوستبو پێیان فــەرمووبــوو : تۆ لە ئەرزێکی بەردەلانیی موبارەکای • سالمی کوڕی عەبدوللا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە رێی حەجا لەو جێگەیە ئەیخست کە باوکی لێی ئەخست ، بۆ ئەو جێگەیە ئەگەڕا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشــــــریفی بەشەو لێی مابووەوە ئەو جێیە لە خوار ئەو مزگەوتەوەیە کــە لەوێــدا لــە (بطن الوادی)ایە لە ناوەڕاستی ئەوێ‌و رێگەکەدایە ح ـ ٣/١٠٠ •

يعلى قال لعمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ [وعنه] : أرني النبي ـ صــلى الله تعالى عليه وسلم ـ حين يوحى إليه • قال : فبينما النبي ـ صلى الله تعالى

ـليه وسلم ـ بالجِعْرانة ومعه نفر من أصحابه •• جاءه رجل فقال : يا رسول الله كيف ترى في رجل أحرم بعمرة وهو متضمخ بطيب ؟ فسكت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ساعة فجاءه الوحي ، فأشار عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ الى يعلى ، فجاء يعلى [رضي الله تعالى عنه] وعلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثوب قد أظل به ، فأدخل رأسه فإذا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ محمر الوجه وهو يغط ، ثم سُرِّي عنه ، فقال : أين الذي سأل عن العمرة ؟ فأتي برجل [فقال له النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ما كنت صانعاً في حجك ؟ قال : أنزع عني هذه الثياب ، وأغسل عني هذا الخلوق • م] فقال [له النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ] : اغسل الطيب الذي بك ثلاث مرات ، وانزع عنك الجبة ، واصنع في عمرتك كما تصنع في حجتك [قال ابن جريج] : قلت لعطاء [الراوي عن صفوان بن يعلى] : أراد الإنقاء حين أمره أن يغسل ثلاث مرات ؟ قال : نعم
ح ـ ٣/١٠١ ، م ـ ٥/١٩٣ الى ١٩٧ ، د ، ت ، ن أحاديث متقاربة •

تەرجەمە :

ئیبنوجورەیج لە عەطاوە عەطا لە صەفوانەوە صەفوان لە یەعلای باوکیەوە •• یەعلا بە عومەری وت ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێ‌نیشان بدە لەو وەختەدا کە وەحی بۆ یێ • لە بەینێکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لە جیعرانە بوو بەعزێ ئەصحابی کیرامی لە خزمەتا بوو ، پیاوێ هاتەخزمەتی عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) چ ئەفەرمووی : دەرحەق پیاوێ کە ئیحرامی بە عومرە دابەستبێ‌و خۆی لە شتی بۆن‌خۆشەوە تلانبێ ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ جوابی نەدایەوە ساعەتێ بێدەنگ بوو ، ئەمجا وەحی بۆهات • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئیشارەتی یەعلای فەرموو ، یەعلا

ـ رضي الله تعالى عنه ـ تەشریفی هات ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ بە ئەوبێ سێبەری بۆ کرابوو [لە ژێریا بوو] یەعلا سەری بردە ناو ئەو سایەبانەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ وەجهی موبارەکی سوورهەڵگەڕابوو پرخەپرخی سنگی ئەهات ، لە پاشا ئەو حاڵەی لەسەر لادرا • فەرمووی : ئەوی لە عومرەی پرسی لە کوێیە ؟ ئەو پیاوەی برایەخزمەت [لێی پرسیی لە حەجا چیت ئەکرد ؟ عەرزیکرد : ئەم جلانەم دائەکەندو ، ئەم بۆنەم لە خۆم ئەشت] فەرمووی : بۆنەکەت سێ دەفعە بشۆ ، جبەکەت داکەنە ، لە حەجا چیت ئەکرد لە عومرەکەیشتا وا بکە • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : لە عەطام پرسیی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ ئایا بۆیەکی ئەمر پێفەرموە سێ جار بیشوا تا تەواو بۆنەخۆشەکەی پێوە نەمێنێ ؟ عەطا فەرمووی : بەڵێ •

ما يلبس المحرم وما يمنع من الطيب(١) :

٣٣٢٣/٢١ ـ عن ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو يخطب يقول : السراويل لمن لم يجد الإزار ، والخفاف لمن لم يجد النعلين ، يعني المحرم م ـ ١٩٢/٥ وعن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بتقديم وتأخير •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ خوطبەی ئەخوێندو ئەیفەرموو : دەرپێ بۆ کەسێکە ئیزاری نەبێ ، کەوش بۆ کەسێکە نەعلەینی نەبێ •

٣٣٢٤/٢٢ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : كنت أطيب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه

(١) ئەوەی لە ئیحراما بێ چی لەبەر ئەکاو ، چی لە بۆن بەکار ئەهێنێو چی بەکار ناهێنێ •

وسلم - لإحرامه حين يحرم ، ولحلّه قبل أن يطوف بالبيت ح - ١٠٣/٣ ، م - ٢١٩/٥ ، ن •

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها -ی حەرەمی پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم ئیرادەی چوونە ئیحرامی ئەکرد بۆنی خۆشم لێئەدا بۆئیحرامی ، کە ئەچوە ئیحرامەوە ، بۆ حیللیشی[1] کە لە ئیحرام تەشریفی ئەهاتە دەرێ [لە دوای رەمیو حەلق] لە پێش طەوافی بەیتا •

دروستە لە پێش ئیحراما بۆنی خۆش لەخۆدان با لە ئیحرامیشا رەنگو بۆنی بمێنێ لە ئیحراما دروست نیە •

کە سەری تاشیو رەجمی کرد لە پێش طەوافا بۆنلەخۆسوون دروستە •

معلقات :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : موحریم بۆنی رێحانەئەکا ، تەماشای ئاوێنە ئەکا ، تەداویی ئەکا بەوەی کە ئەخورێ وەك رۆنو رۆنزەیتوون • (وصله سعيد بن منصور) ح - ١٠٢/٣ •

عەطای کوڕی رەباح ئەفەرموێ : ئەنگوستیلە لەدەست ئەکا ، کەمەربەندی پارە لەپشت ئەبەستێ • (وصله ابن أبي شيبة) ح - ١٠٢/٣

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - بە موحریمیی طەوافی ئەکرد بە جلێ زگی خۆی توند بەستبوو • (وصله إمامنا الشافعي - رضي الله تعالى عنه - ح - ١٠٢/٣ •

---

(١) حیل : بێئیحرامیو ئیحرامشکاندن .

عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ بە زەرەری نەزانیوە بۆ ئەوانەی لە کەژاوەکەیان ئەخستە سەرپشتی وشتر ، دەرپێی کورت لە هەر ـ ـەتری فەرجبکا ، وەك دەرپێی دەباغ ، لەپێ بکەن • (وصله سعيد بن منصور) ح ـ ٣/١٠٢ •

٢٣/٣٣٢٥ ـ كان ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يدهن بالزيت [احترازاً عن الطيب • قال منصور الراوي] : فذكرته لإبراهيم [النخعي] فقال : ما تصنع بقوله حدثني الأسود عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : كأني أنظر الى وبيص الطيب في مفارق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهو محرم ح ـ ٣/١٠٣ ، د ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بۆ ئیحرام بە رۆنزەیتوون خۆیی ئەهەنوو [بۆنی خۆشی لە خۆی نەئەسوو] مەنصووری راویی لە سەعیدی کوڕی جوبەیرەوە ئەفەرمویٚ : ئـەم موعامەلەی ئیبنوعومەرە ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـم بـۆ ئیبراهیمی نەخـەعیی ـ رحمه الله تعـالى ـ گێڕایەوە ، فەرمووی : چیتە لە قسەی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کە خیلافی ئەو لە پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ثابتە ؟ ئەسوەد لە حەزرەتی عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ قسەی بۆ کردووم کە فەرمووی : (کأنە) تەماشای بریقەی عەتر ئەکەم بەسەرو لاجانگی پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە حاڵی ئیحرامیا •

لە پێش ئیحراما بۆنی خۆش لەخۆسوون دروستە •

٢٤/٣٣٢٦ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رجلا قال : يا رسول الله ما يلبس المحرم من الثياب ؟ قال رســول الله ـ صلى الله

تعالى عليه وسلم ـ : لا يلبس القمص ، ولا العمائم ، ولا الســـــراويلات [شەڵوار] ولا البرانس [جبەی کڵاودار] ولا الخفاف إلا أحد لا يجـد نعلين ، فليلبس خفين وليقطعهما أسفل من الكعبين ، ولا تلبسوا من الثياب شيئاً مسه الزعفران أو ورس ح - ٢١٩/١ ، ح - ١٠٥/٣ ، ٢٩٩ وفيـه ولا تنتقب المرأة المحرمة ، ولا تلبس القفازين ح - ٣٠٣/٣ • ئـەم حەدیثە چونکی زیادەی هەیە بەسەر ئەوانی ترا تەرجەمەی ئەمە ئەکەم •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پیـاوێ هەڵســـا عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يـا رســـول الله) بەچی ئەمرمان پێ ئەفەرمووی لە ئیحرامـا بیپۆشین ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : کراس لەبەر مەکەن ، دەرپێ لەپێ مەکـەن ، [ئەم دوانە ئیشارەتە بە هەموو شتێکی دووراو] هیچ مێزەر بەســـەرەوە مەبەستن ، زاخۆی کڵاودار لەسەر مەکەن [بەم دوانە ئیشارەتی فەرموەتە ئەوە کە بە هیچ شتێ سەردانەپۆشرێ] کەوش لە پێ مەکەن مەگەر کەسێ نەعلەینی نەبێ ، ئەو کەســـــە کەوش لەپێ بکا لەخوار قولەپێوە بیبڕێ [ئەمە ئیشارەتە بەمە کە پشتی پێیو تەنیشتی دانەپۆشێ] شــــتێك کـە زەعفەرانو وەرسی لێکەوتبێ مەیپۆشن [یەعنی شتی بۆنخۆش لەهەر جلێ کەوتبێ ئەمانە بێ ، میسك بێ ، عەنبەر بێ ، عەطریاتی تر بێ] لـە بـەری مەکەن ، ژن پەچە نەگرێتەوە دەسکێش لە دەس نەکا ، گۆرەویش وایە •

٣٣٢٧/٢٥ ـ عن عروة قال : ســـألت عائشة [رضي الله تعالى عنها] بأي شيء طيبت رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ عنـد حرمـه [أي إحرامه] ؟ قالت : بأطيب الطيب م - ٢٢٢/٥ •

٣٣٢٨/٢٦ ـ وعنها قالت : كنت أطيب رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بأطيب ما أقدر عليه قبل أن يحرم ثم يحرم م ـ ٥/٢٢٢ •

٣٣٢٩/٢٧ ـ وعنها قالت : طيبت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيدي بذريرة في حجه الوداع للحل والإحرام م ـ ٥/٢٢١ • وفي أخرى : كأني أنظر الى وبيص المسك في مفرق رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وفي أخرى قالت : كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اذا أراد أن يحرم يتطيب بأطيب ما يجد ، ثم أرى وبيص الدهن في رأسه ولحيته بعد ذلك م ـ ٥/٢٢٣ ، ح ـ ٨/٤٦١ • بەسە •

تەرجەمە :

مەئالی هەمووی ئەمەیە حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : بۆ ئیحرامو بۆ حیل هەموو نەوعە بۆنێکم لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سوە : میسك بێ ، عەنبەر بێ ، هەر عەطرێ کە دەستم کەوتبێ ، لە پێش ئیحراماو لە دوای لە ئیحرام هاتنەدەردوە •

تەلبییە :

٣٣٣٠/٢٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : كان المشركون يقولون : لبيك لا شريك لك ، فيقول رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : ويلكم قدقد • فيقولون : إلا شريكاً هو لك تملكه وما ملك • يقولون هذا وهم يطوفون بالبيت م ـ ٥/٢٠٩ •

تەرجەمە :

موشریکان کە طەوافیان ئەکرد ئەیانوت : (لبيك لا شريك لك) پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : بەسە ، بەسە بە هیلاکا بچن

لێیزیاد مەدەن • لە پاشا ئەیان فلتان : شەریکێکت نەبێ لە تۆ مایەی تەوی ئەو مولکی نیە ، ئەمەیان ئەفلتانو طەوافی بەیتیان تەکرد •

۳۳۳۱/۲۹ - عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : سمعت رسول الله - صلى الله عليه وسلم - يهل مُلَبِّداً [بالصمغ • اخرى • خ] يقول : لبيك اللهم لبيك ، لبيك لا شريك لك لبيك ، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك ، لا يزيد على هؤلاء الكلمات ، وأن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] كان يقول : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يركع بذي الحليفة ركعتين، ثم اذا استوت به الناقة قائمة عند مسجد ذي الحليفة أهل بهؤلاء الكلمات • وكان عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يقول : كان عمر بن الخطاب يهل بإهلال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم- من هؤلاء الكلمات ، ويقول : لبيك أللهم لبيك وسعديك والخير في يديك ، لبيك والرغباء إليك والعمل م - ۲۰۸/٥ ، ح - ۳/۱۰ الى ملبدا ، وفي اللباس ، د ، ن ، جه والتلبية ح - ۳/۱۱۰ •

تەرجەمە :

سالم لە عەبدوڵلای باوکیەوە - رضي الله تعالى عنه - ریوایەت ئەکا کە فەرمووی : لە پێغەمەرم - صلى الله تعالى عليه وسلم - بیست سەری موبارەکی بە صەمغ ئەکرد[1] بە لبادو دەنگی بە (لبيك ، لبيك) بەرزئەکردەوە ئەیفەرموو : (لبيك اللهم لبيك ، لبيك لا شريك لك لبيك ، إن الحمد والنعمة لك والملك لا شريك لك) لەسەر ئەمە لێی زیاد نەئەکرد • عەبدوڵلای کوڕی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەیفەرموو : پێغەمەر

(۱) جۆرە صەمغێکیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی قژی سەریان بەیەکەوە بلکێنن تا لە ماوەی ئیحراما پاكو تەمیز بێو قژیان هەڵنەوەرێ .

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ له ذولحولەیفه دوو ركـاتی ئەكـرد (نوێژی ئیحـرام) كـه وشترەكەی لای مزگەوتی ذولحولەیفه هەڵەستایه پێیان • پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ بـەو كەلیمانه دەنگی هەلەبڕی • عەبدوڵلای كوڕی عومەر ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ ئەیفەرموو : ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بـه ئیهلالی پێغەمەر ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ دەنگی هەڵەبڕیو ئـەم كەلیماتەیشی لێزیاد ئـەكـرد ئەیفەرموو : (بيك اللهم لبيك وسعديك ••• إلخ) له حەدیثی جابیرا ئـەم (لبيك)ی ئیمامی عومەرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئیشارەتی كرایه •

٣٠/٣٣٣٢ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن أســـامة ـ رضي الله تعالى عنه ـ كان ردف النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ من عرفة الى مزدلفة ، ثم أردف الفضل [رضي الله تعالى عنه] من المزدلفة الى منى قال : فكلاهما قال : لم يزل النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ يلبي حتى رمى جمرة العقبة ح ـ ٣/١٠٦ ، م ـ ٥/٣٨٦ بمعناه •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئوسامەی له پاشكۆدا بوو تا موزدەلیفه ، لەوێوە فەضلی سواری پاشكۆی كرد تا مینا ، له هەردوكیانم بیسـت ئەیانوت : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ [لـە عەرەفاتەوە] تـا جەمرەی عەقەبـەی رەجمكرد هەر (لبيك ، لبيك)ی ئەكرد •

٣١/٣٣٣٣ ـ عن نافع أن عبدالله [رضي الله تعالى عنه] أخبـــره أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اســـتقبل فُرْضتي الجبل [كەلی بەرز] التي بينه وبين الجبل الطويل نحو الكعبة يجعل المسجد الذي بني ثمّ

يسارَ المسجد الذي بطرف الأكمة ، ومصلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ آسفل منه على الأكمة الســـــوداء يدع من الاكمة عشرة ادرع أو نحوها ، ثم يصلي مستقبل الفرضـــتين من الجبل الطويل الذي بينك وبين الكعبه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٥/٣٦٨ •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای كوڕی عومــەر ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رووی‌ئەكردە ئەو كەبەرزەی كە لە بەينی ئەوو ئــەو شاخە درێژەی بەرەوكەعبەیە ئــەو مزگەوتەی كــە ســەوێ دروستكراوەی ئەخســتە لای چەپی ، ئــەو مزگەوتەی كــە لــە سەردفی تەپۆڵكەكەیە جێ نوێژی پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عيه وسلم ـ لــە خوار ئەوەوەیە لەسەر تەپۆڵكە رەشەكە ، لــە تەپۆڵكەكە بــە قــەد دە گەزی لێ بەجێ‌ئەهێشت لە پاشا بەرەوگردەكەی شاخەدرێژەكەی بەينی تۆو كــەعبــە نوێژی ئەكرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [ئەوانەی خوا بە قسمەتيان بكا بچن تێی‌ئەگەن] •

٣٣٣٤/٣٢ ـ (عن منتشر) ئەفەرموێ : لە عەبدوڵڵای كوڕی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـم پرسيی : پياو عەطر لە خۆی‌داو سبەينێ بچێتــە ئيحرامەوە [يەعنی دروســـتە يــان نــا ؟] فەرمووی : حەزناكەم بــە بۆنی عەطرەوە بچمە ئيحرامەوە ، ئەگەر قەتران لە خۆم هەڵسووم لام خۆشـــترە لەوە كــە عەطر لەخۆم سووم‌و بچمە ئيحرامــەوە • مونتەشير ئەفەرموێ : چوومە خزمەت حەزرەتی عايشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەوەم عەرزكرد ، فەرمووی : من پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كە ئيرادەی ئيحرامی

کرد عەطرم لە بەدەن سوو[1] ئەمجا تەشریفی چوە لای هەموو حەرەمەکانی بۆ سبەینێ چوە ئیحرامەوە [یەعنی لەپێش ئیحراما عەطرلەخۆدان بۆ ئیحرام سونەتی پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموودەی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خیلافی سونەتە] •

٣٣/٣٣٣٥ ـ عن عبدالله بن عباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ قال : انطلق النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من المدينة [بين الظهر والعصر يوم السبت] بعد ما ترجل وادّهن ولبس إزاره ورداءه هو وأصحابه فلم ينـه عن شيء من الأردية والأزر تلبس إلا المزعفرة التي تَردَع [ينفض الزعفران] على الجلد ، فأصبح بذي الحليفة [صلى = رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الظهر بذي الحليفة ثم دعا بناقته فأشعرها في صفحة سنامها الأيمن ، وسلت الدم ، وقلدها نعلين ، ثم م ـ ٥/٣٥٧] ركب راحلته حتى استوى على البيداء أهلّ هو وأصـــحابه ، وقلد بدنته ، وذلك لخمس بقين من ذي القعدة ، فقدم مكة لأربع ليال خلون من ذي الحجة ، فطاف بالبيت وسعى بين الصفا والمروة ولم يَحلّ من أجل بُدْنه لأنه قلدها ، ثم نزل بأعلى مكة عند الحجون [جبل مشرف على المحصب حذاء مسجد العقبة] وهو محل بالحج • ولم يقرب الكعبة بعد طوافه بها حتى رجع من عرفة ، وأمر أصـــحابه أن يطّوّفوا بالبيت وبين الصفا والمروة ، ثم يقصـوا من رؤسهم ، ثم يحلّوا ، وذلك لمن لم يكن معه بدنة قلدها ، ومن كانت معه امرأته فهي لـه حـلال ، والطيب والثياب ح ـ ٣/١٠٧ •

(١) ئەم رســـتە باش تەرجەمە نەکراوە ، ئاوا بوایە باشتر بوو : « کـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیرادەی ئیحـــرامی کرد من عەطرم لە بەدەنی سوو .. » .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عەباس – رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم – [رۆژی شـــەمە لە بەینی نیوەڕۆو عەصرا] دوای ئەمە کە سەری داهێناو رۆنی عەطری لە خۆی سوو ، ریداو ئیزاری لەبەرکرد ، خۆی‌و ئەصحابی لـە مەدینـەوە حەرەکەتیان فەرموو ، نەهی لە هیچ شتێك لە ئیزارو ریدا نەکرد کـە بپۆشرێ ، تەنهـا نەهی لـەو لیباسە کرد کە زۆر زەعفەرانی لێدرابێ کـە هەموو پێستی ئینســـان لـە زەعفەرانەوە بدا • ئەو رۆژە تەشریفی گەیی‌یە ذولحولەیفە شــــەو لەوێ مایەوە تا سبەی نیوەڕۆ [نوێژی نیوەڕۆی لێکرد ، ئەمری فەرموو وشتری هەدیەکەیان بۆ هێنا لە تەنیشتی راستی کۆپارەکەی پشتی ئیشعاری کرد ، یەعنی برینداری کرد ، خوێنی لێ جاریی بوو دوو نەعلی بـە ملا هەڵاوەسی لە پاشا • م] سواری وشترەکەی بوو تا تەشریفی لەســـەر شــاخی بەیدا راوەستا خۆی‌و ئەصحابی کیرامی دەنگیان بە (لبیك ، لبیك) بەرزکردەوە ، بـودنـەکـەی قـەلادەی پیـاکـــرد ، دوو نـەعلی هـەڵاوەســـــــی بـە ملیـــــا ، ئـەوە لـــەو وەختـــەدا بـو کــــە پێنـج رۆژی ذیلقـەعـــدە مابوو چـوار شـــــەو لـە ذیلحەججە رابوردبوو تەشریفی گەیی‌یە مەککە ، طەوافی بەیتی کرد ، سەعی بەینی صەفاو مەروەی کـرد ، ئیحرامەکەی نەشکان ؛ چونکی بودنەکەی تەقلید[1] کردبوو [کەسێ کـە هەدیی تەقلید کرد تا نەگا بە جێی خۆی ، یەعنی لە رۆژی جەژنا سەرنەبڕێ دروست نیە لە ئیحرام بێتەدەرێ] لە پاشـــا تەشریفی چوە ژوور مەککەوە لای شاخی حەجوون ، بە حەج ئیحرامی دابەستبوو لە دوای ئەو طەوافەی ئیتر نزیك بە بەیت نەکەوت بۆ طەواف تـا تەشریفی لە عەرەفات گەڕایەوە ،

(۱) واتە : قۆچی قوربانیی دیاریی کرد .

فەقەط ئەمری بە ئەصحابی کرد ، ئەو ئەصحابەی کە هەدیان نەبوو کە طەوافی بەیت بکەن ، سەعیی بەینی صەفاو مەروە بکەن ، سەریان هەلپاچن . لە ئیحرام بچنەدەرێ • ئەوانەی کە ژنیان پێبوو ژنیان بۆ حەلال بوو . هەموویان لیباس‌و عەطرو هەرچی لە ئیحراما حەرام بوو بۆیان حەلال بوو •

٣٤/٣٣٣٦ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : صلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ونحن معه بالمدينة الظهر أربعاً والعصر [أي عصر ذلك اليوم] بذي الحليفة ركعتين ، ثم بات بها حتى أصبح ، ثم ركب حتى استوت به على البيداء [تەپۆلکەی بەرابەر بە ذولحولەیفە] حمد الله وسبح وكبر ، ثم أهلّ بحج وعمرة ، وأهل الناس بهما ، فلما قدمنا [مكة] أمر الناس فحلوا ، حتى كان يوم التروية أهلوا بالحج ، قال : ونحر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بدنات بيده قياماً ، وذبح رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالمدينة كبشين أملحين ح ـ ١١٢/٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئێمەی لە خزمەتا بووین لە مەدینە چوار رکات نوێژی نیوەڕۆی کرد [هەر ئەو رۆژە نوێژی عەصری قەصرکرد] لە ذولحولەیفە دوو رکاتی کرد ، شەو تەشریفی لە ذولحولەیفە مایەوە تا سبەینێ ، لە پاشا تەشریفی سوار بوو تا لە سەر بەیدا راوەستا ، لەوێ حەمدی خوای کرد ، تەسبیحی‌کرد ، تەکبیری‌کرد ، ئیحرامی بە حەج‌و عومرە دابەست ، خەلقیش بە هەردوکیان ئیحرامیان دابەست ، کە گەیینە مەککە ئەمری بە خەلق‌کرد لە ئیحرام هاتنەدەرێ • تا رۆژی تەرویە هەشتەمی ذیلحەجە ، ئیحرامیان بە حەج دابەست ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دەستی موبارەکی

بودنەکانی ســــەربڕی بەپێوە ، پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لـە مەدینەدا دوو مەڕی[1] چاوجوانی شاخداری سەربڕی •

ئیختیلافی ئەنەس‌و ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهم ـ :

٣٣٣٧/٣٥ ـ عن بكر عن أنس [رضي الله تعالى عنه] قال : سـمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يلبي بالحج والعمرة جميعاً • قال بكر : فحدثت بذلك ابن عمر [رضي الله تعالى عنه] فقال : لبى بالحج وحـــده • فلقيت أنســاً فحدثته بقول ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ فقال أنس : ما تعدوننا إلا صبياناً ! سمعت رسول الله ـ صلى الله تعـــالى عليه وسلم ـ يقول : لبيك عمرة وحجا م ـ ٥/٣٤٧ •

تەرجەمە :

بەکری کوڕی عەبدوڵڵا ئەفەرموێ : ئەنەس ـ رضي الله تعـالی عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بـە جارێ ئیحرامی بـە حەجیش‌و بە عومرەیش دابەسـت = بەکر ئەفەرموێ = : ئـەمــەم عەرزی ئیبنوعومەر کرد ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ فەرمووی : تەنهـا بـە حـەجی دابەست • بە ئەنەسیش گەییمەوە فتواکەی ئیبنوعومەرم عەرزکرد ـ رضي الله تعالی عنهم ـ فەرمووی : ئێوە ئێمە بە مناڵ حسێب ئەکەن ! لـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم بیست فەرمووی : (لبيك عمرة وحجا) •

ئیختیلافی ئیبنوعەباس‌و ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهم ـ :

٣٣٣٨/٣٦ ـ عن وبرة قال : سأل رجل ابن عمر : أطوف بالبيت وقد أحرمت بالحج ؟ فقال : وما يمنعك ؟ قال : إني رأيت ابن فلان [ابن عبـاس

(١) راستەوایە بینووسیایە : دوو بەرانی ...

كما صرح به في آخرى | يكرهه وأنت أحب إلينا منه ؛ رأيناه قد فتنته الدنيا • فقال : وأينا أو أيكم لم تفتنه الدنيا ؟ ثم قال : رأينا رسول الله ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ أحرم بالحج وطاف بالبيت وسعى بين الصـــفا والمروة ؛ فسنه الله وسنة رسوله أحق أن نتَّبع من سنة فلان إن كنت صـــادقاً •

م ـ ٥/٣٤٨ •

تەرجەمە :

وەبرە ئەفەرموێ : لای ئیبنوعومەر بووم ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ پیاوێ هات لێیپرسیی : ئیحرامم بە حەج دابەستوە بۆم دروستە لـە پێش عەرەفەدا طـەوافی بـەیت بکـەم ؟ فەرمووی : چی لـەوە مەنعت ئـەکـا ؟ عەرزیکـرد : ئیبنوفـلان . یەعنی ئیبنوعەبـاس ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : نابێ ، تۆمان لاخۆشەویستری ؛ چونکی ئەو مەفتوونی دنیـا بوە • فەرمووی : کاممان ، یا فەرمووی : کامتان دنیا تووشـــــی فیتنەی نەکردوون ؟ لەپاشا فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مان دی ئیحرامی بە حەج دابەست ، طەوافی بەیتیکرد ، سەعی بەینی صـــەفاو مەروەی کرد • سوننەتی خواو پێغەمەری خوا لایەقترە کە ئیتباع بکرێ لە سوننەتی فلان ، ئەگەر راست بکەی •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ بەعزێ مەئمووریيەتی لە بەنی ئومەییە قەبووڵکردوە ، بەوە مەفتوون نەبوە • ئەو قسـەیە دەرحەق ئـەو زەللەیە • ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ هیچ تێکەڵ بە مەئموورییەت نەبوە • ئەو طەوافەی کە مەحەللی نیزاعیان بوە (طواف القدوم)ە ، ئەوە سوننەتە نەیشکرێ ئەبێ پێی ناوێ بە خوێن جەبر بکرێتەوە ، ئەگەر دوای عەرەفات بکرێ ئەبێ بە (طواف الافاضه) نابێ بە (طواف القدوم) عەمەل لە سەر قسەی ئیبنوعومەرە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ •

٣٣٣٩/٣٧ ـ عن عائشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : خرجنا مـع رســول الله ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ في حجه الوداع موافين [موافين ٠ ح ٠ م] لهلال ذي الحجه ، قالت : فقال رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من اراد منكم أن يهل بعمرة فليهل ، فلولا اني اهديت لاهللت بعمرة . قالت : فكان من القوم من اهـل بعمرة ، ومنهم من اهـل بالحج . قالت : فكنت أنا ممن أهل بعمرة فخرجنا حتى قدمنا مكه ، فادركني يوم عرفه وانا حائض لم احل من عمرتي ، فشكوت ذلك الى النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ فقال : دعي عمرتك ، وانقضي رأسك ، وامتشـطي ، واهلي بالحج • قالت : ففعلت ، فلما كانت ليله الحصبه [التي بعـد ايام التشريق] وقد قضى الله حجنا أرسل معي عبدالرحمن بن أبي بكر [أخيها ـ رضي الله تعالى عنهم ـ] فأردفني وخرج بي الى التنعيم ، فأهللت بعمرة فقضى الله حجنا وعمرتنا . ولم يكن في ذلك هدي ولا صــدقه ولا صوم م ـ ٥/٢٧٦ ، ح ـ ٣/٢٦٠ واللفظ لمسلم •

تەرجەمە :

عایشه ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : له حەجی ویداعا له خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـه مەدینه چووینەدەرێ بۆ حەج ، نزیکی هیلالی ذیلحەجه بووین ، پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ ئیرادەی هەیه که به عومره بچێته ئیحرامەوەو بەو نییەته دەنگ به (لبیك) بەرزبکاتەوه بەو ناوەوه بچێته ئیحرامەوه ، ئەگەر من هەدیـەم پێ نەبوایه منیش به عومره ئیحرامم دائەبەست، بەعزێ له قەومەکه به عومره، بەعزێ به حەج ئیحرامیان دابەست • من لەوانه بووم که به عومره چووبوونه ئیحرامەوه [ئەو جێیەی کـه ئیحراممان لێ دابەســتبوو کـه (سرف)ه] چووینه دەرێ تا هاتینه مەککه رۆژی عەرەفەم لێ هات لـه حەیـزا بووم ،

ئێشتا لە عومرەکەم نەهاتبوومە دەرێ ، ئەو حالەم عەرزی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کرد ، فەرمووی : واز لە عومرەکەت بێنە ، سەرت بکەرەوە ، دای هێنە ، بە حەج ئیحرام دابەستە • فەرمووی : کردم کە رۆژی حەصبە هات [رۆژی دوای (أيام التشريق) پێنجەمی جەژن] خوا حەجەکەی بۆ بەجێ هێنابووین [یەعنی لە حەج بووبووینەوە] پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عەبدوڕەحمانی [برامی] کوڕی ئەبوبەکر ـ رضي الله تعالى عنهما ـی لەگەڵ ناردمە تەنعیم ، سواری پاشکۆی خۆیی کردم ، لە تەنعیم ئیهلالم بە عومرە کرد ، لە باتی ئەو عومرەیەی کە هەڵم وەشان و کردم بە حەج خوا حەج و عومرەکەی بۆ بەجێ هێناین لەوەدا نە صەدەقە بوو نە هەدییە بوونە رۆژوو بوو •

[ئەمەی کە ئەفەرموێ : نە هەدییە نە صەدەقە نە رۆژوو بوو •• نەوەویی و قەسطەلانی ئەفەرموون : مودرەجە لە کەلامی هیشامی کوڕی عورووەیە لە کەلامی عایشە نیە • سیاقی ریوایەتی بوخاریی کە ئەفەرموێ : عەبدوڕەحمان عایشەی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ سواری پاشکۆ کردو لە باتی عومرەکەی عومرەی لە تەنعیم دابەست و ، خوا هەم حەجەکەی هەم عومرەکەی پێکهانی و لەوەدا نە هەدی نە صەدەقە ، نە رۆژوو نەبوو وا دەرەکەوێ کە مودرەج بێ لە کەلامی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ نەبێ • لەو ریوایەتی موسلیمەدا کە ئەفەرموێ : سواری پاشکۆی کردم و بردمی بۆ تەنعیم و ئیحرامم بە حەج دابەست و خوا حەج و عومرەکەی بۆ جێ بەجێ کردم ••• وا دەرەکەوێ کە لە کەلامی = عایشە = ـ رضي الله تعالى عنها ـ بێ ، [والله أعلم] •

٣٨/٣٣٤٠ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالت : خرجنا مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

في حجة الوداع فأهللنا بعمرة [أي أدخلناها على الحج] ثم قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من كان معه هدي فليهل بالحج مع العمرة ثم لا يحل حتى يحل منهما جميعاً ، فقـدمت مكة وأنـا حائض ولم اطف بالبيت ولا بين الصفا والمروة . فشكوت ذلك الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : انقضي رأسك وامتشطي وأهلي بالحج ودعي العمرة ففعلت ، فلما قضـينا الحج أرسلني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مع عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] الى التنعيم ، فاعتمرت ، فقال : هذه مكانَ عمرتك . قالت : فطاف الذين كانوا أهلوا بالعمرة بالبيت وبين الصفا والمروة ، ثم حلوا ثم طافوا طوافاً واحداً [آخر . كش] بعد أن رجعوا من منى . وأما الذين جمعوا الحج والعمرة فإنما طافوا طوافاً واحداً ح ـ ٣/١١٥ ، م ـ ٥/٢٦٠ . د . ت . ن في الحج جه . أخرجه البخاري في المغازي أيضاً .

تەرجەمە :

عايشە ـ رضي الله تعالى عنها ـى حەرەمى نازدارى پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : لـە حەجى ويداعا لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە مەدينە چووينەدەرێ بۆ حەج ، بـە عومرە ئیحرامان دابەست ، لـە پاشـا پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ فەرمووی : ئەوی کە هەدیی پێیە بە حەجو عومرە ئیحرام دابەستێ ، لـە پاشا تا لە هەردوکیان نەیێتە دەرێ ئیحرامەکەی نەشکێنێ من هاتمە مەککە لە حەیزا بووم ، نە طەوافی بەیتم کردبوو ، نە سەعی بەینی صـەفاو مەروەم کردبوو ، شەکوام بردە بەر پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ فەرمووی : پرچت بکەرەوە دایهێنە ، بە حەج ئیحرام دابەستە ، واز لە عومرەکەت بێنە ،

کردم • کە حەجمان تەواوکرد پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکرا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ناردمی بۆ تەنعیم [کە مەشهوورە بە مەسجیدی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ] لەوێ ئیحرامم بە عومرە دابەستو عومرەم کرد ، فەرمووی : ئەم عومرەیە لە باتی عومرەکەت [کە تێکتدا] عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : ئەوانەی کە تەنها بە عومرە ئیحرامیان دابەست طەوافی بەیتیان کردو سەعیی‌بەینی صەفاو مەروەیان کرد لە پاشا لە عومرە هاتنەدەرێ ، لە پاشا طەوافێکی تریشیان کرد بۆ حەج لە دوای ئەمە کە لە مینا گەڕانەوە • ئەمما ئەوانەی کە بە حەجیش‌و بە عومرەیش ئیحرامیان دابەستبوو تەنها طەوافێکیان کرد •

٣٩/٣٣٤١ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : خرجنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في أشهر الحج وليالي الحج وحُرُم الحج ، فنزلنا بسرف [عشرة أميال من مكة] قالت : فخرج الى أصحابه فقال : من لم يكن منكم معه هدي فأحب أن يجعلها عمرة فليفعل ، ومن كان معه الهدي فلا [يفعل] قالت : فالآخذ بها والتارك لها من أصحابه • قالت : فأما رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ورجال من أصحابه ، فكانوا أهل قوة ، وكان معهم الهدي ، فلم يقدروا على العمرة • قالت : فدخل عليَّ رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأنا أبكي • فقال : ما يبكيك يا هَنْتاه ؟ قلت : سمعت قولك لأصحابك فمنعت العمرة • قال : وما شأنك ؟ قلت : لا أصلي • قال : فلا يضيرك إنما أنت امرأة من بنات آدم ، كتب الله عليك ما كتب عليهن ، فكوني في حجتك فعسى الله أن

يرزقكيها . قالت : فخرجنا في حجته حتى قدمنا منى ، فطهرت [يوم النحر] ثم خرجت من منى فأفضت بالبيت ، قالت : ثم خرجت معه في النفر الآخر [في اليوم الثالث عشر من ذي الحجة] حتى نزل المحَصَّب [موضع بين مكة ومنى] ونزلنا معه فدعا عبدالرحمن بن أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] فقال : اخرج بأختك من الحرم [إلى أدنى الحل] فلتُهلّ بعمرة ، ثم أفرغا ، ثم أتيا ههنا ، فإني أنظركما حتى تأتياني . قالت : فخرجنا حتى إذا فرغت وفرغت من الطواف ، ثم جئته بسحر [في جوف الليل . أخرى] فقال : هل فرغتم ؟ فقلت : نعم . فآذن بالرحيل في أصحابه ، فارتحل الناس [قبل صلاة الصبح ح - ٣/٢٦٢] فمر متوجهاً إلى المدينة ح - ٣/١٢٠ ، ٢٦٢ ، م - ٥/٢٨١ ن ، ح - ٣/١٢٣ .

تەرجەمە :

عايشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە زەمانی حەجا [کە شەوال‌و ذیلقەعدەو دەی ذیلحەجەیە ، یەعنی لەو موددەیەدا] لە شەوانی ئەو موددەیەداو لە مەکان‌و ئەحواڵی حەجا [یەعنی بۆ ئەو جێیانەی کە حەجی تیا ئەکرێ‌و ئەفعالی حەجی تیا ئیجرا ئەکرێ ، یەعنی لە غەیری ئەو زەمانانەدا نەبوو ، بۆ غەیری ئیجرای حەج نەبوو] لە مەدینە چووینە دەرێ لە سەریفەدا بارمان لێخست . پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی لە خێوەتەکەی هاتەدەرێ بۆ لای ئەصحابی کیرامی فەرمووی : هەرکامێکتان هەدیی پێ نەبێ [یەعنی حەیوانی تەعیین‌و نیشانە نەکردبێ کە لە حەجا سەری ببڕێ بە

قوربانی] ئەگەر هەوەسی یێنێ کە حەجەکەی بکا بە عومرە بیکا ، ئەوی کە هەدیی پێیە [یەعنی عەلامەتی ئەمەی کە هەدیەیە پێوە هەڵئاوەسی بێ] ئەو کەسە حەجەکەی نەکا بە عومرە •

عایشە ـ رضي اللە تعالی عنها ـ فەرمووی : بەعزێ لە ئەصحابی وایانکردو بەعزێ نەیانکرد ، فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ و بەعزێ پیاو لە ئەصحابی بە قودرەت بوون ، هەدییان پێ بوو نەیانتوانی حەجەکەیان بکەن بە عومرە • فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ تەشریفی هاتە لای من ئەگریام ، فەرمووی : ئەی هین بۆچی ئەگریت ؟ عەرزمکرد : گوێم لەوە بوو کە بە ئەصحابت فەرموو ، ئیستە من یەکی عومرەم کەوتوە ، پێمناکرێ • فەرمووی : بۆ چیت لێ قەوماوە ؟ عەرزمکرد : نوێژ ناکەم • فەرمووی : زەرەرت پێ نادا تۆ زنێکی لە کچانی ئادەم ، ئەوی بۆ ئەوان نووسرابێ بۆ تۆیش نووسراوە [یەعنی بە تەنها هەر تۆ وا نیت] لە حەجەکەتا بمێنەرەوە مەیکە بە عومرە ، ئومێدم وانە کە خوا عومرەیشت بە نصیب بکا • فەرمووی : لە حەجی پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لە خزمەتیا رۆیین تا گەیینە مینا لەوێ پاکبوومەوە ، لە مینا هاتینەوەو (طواف الافاضە)م کرد •

[لە ئەوەڵی شەعبانا لێرەدا وەستابوومو ئیمرۆ بە تەوفیقی خوا دەستمپێکردەوە • پێنج شەمە ٢٥ تشرینی ثانی ١٩٤١] •

حەزرەتی عایشە ـ رضي اللە تعالی عنها ـ فەرمووی : لە دوایا لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ لە نەفری ئاخیرا کە

سێنزەی ذیلحەجەیە لەگەڵ ئەوانەی کە لە مینا ئەگەڕێنەوە چووەمەدەرێ تا پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە موحەصصەب دابەزی ، ئێمەیش لە خزمەتیا دابەزین [نەفر : ئەوەڵی دوانزەی ذیلحەجەیە کە خەڵق لە مینا ئەگەڕێنەوە] پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەبوبەکری صەددیقی [رضي الله تعالی عنهما] بانگ‌کرد ، ئەمری پێ‌فەرموو خوشکەکەت لە ئەرزی حەرەم بیەرە دەرێ تا ئەرزی حیل ، لەوێدا ئیحرام بە عومرە دابیەستێ ، کە لە عومرەکەتان بوونەوە بێنەوە ئێرە من تا یێنەوە لێرە موتتەظیرتان ئەبم • فەرمووی : لە موحەصصەب چووینەدەرێ بۆ تەنعیم ، ئیحرامەمان بە عومرە دابەست تا لە عومرە بوومەوەو لە طەواف بوومەوە ، لە پاشا لە وەختی سەحەرا لە پێش فەجرا هاتمەوە خزمەتی • فەرمووی : لێ‌بوونەوە ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ • ئەمجا ئەمری فەرموو بە بارکردن ،خەڵق باریان‌کردو رۆیین ، پێغەمەریش - صلی الله تعالی علیه وسلم - تەشریفی رۆیی‌و رووی کردە مەدینە •

(ضير من ضار يضير ضيراً ، ويقال : ضار يضور ضوراً ، وضرّ يضرّ ضراً) ح - ٣/١٢٢[1] •

٤٠/٣٣٤٢[2] - وفي أخرى عنه نحوه ، وزاد في الحديث : وكانت العرب يدفع بهم أبو سيارة على حمار عري ، فلما أجاز رسول الله - صلى الله تعالى

(١) دانەر - خ - بەم دێرە مانای وشەی (لا ضير عليك) کە لە حەدیثەکەدا رابورد روون‌ئەکاتەوە • ئەمە زیاتر بۆ روونکردنەوەی مانای عەرەبییەکە دەگونجێ •

(٢) دانەر - خ - بە هەڵە دوو جار (٣٣٤٢)ی نووسیوە ، لەبەر تێك‌نەچوونی ژمارەکانی تر چاکمان نەکرد •

علیه وسلم ـ من المزدلفة بالمشعر الحرام لم تشك قریش أنه سیقتصر علیـــه ویكون منزله ثَمَّ ، فأجاز ولم یعرض له حتی أتی عرفات فنزل م ـ ٣٢٩/٥

٣٣٤٢/٤١ ـ وعنه في حدیثه ذلك أن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : نحرت ههنا ومنی كلها منحر فانحروا في رحالكم ، ووقفت ههنا وعرفة كلها موقف ، ووقفت ههنا وجمع كلها موقف م ـ ٣٣٠/٥ •

تەرجەمە :

لە حەدیثێکی ترا ئەفەرموێ : عەرەب ئەبوسەیارە لەسەر گوێدرێژێکی رووت سەوقی ئەكردن ، کـە پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ لـە موزدەلیفە لە (مشعر الحرام)ی تێپەڕ کرد قورەیش شکیان نەبوو کـــە ئیقتیصار لە سەر (مشعر الحرام) ئەكا لێیدائەبەزێو ئەیكا بـە مەنـزڵ ، لەوێ تێپەڕ بوو نەیكرد بە مەنزڵو تەعەڕوضی ئەوێی نەكرد تـا تەشریفی هاتە عەرەفات ، لێی دابەزی • هەر لەم حەدیثەدا جابیر ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : لێرەدا هەدیم سـەربڕی ، مینـا هەمووی جێی سەربڕینە ، لە بارخانەی خۆتان سەربڕن • لەوێدا وەســتام عەرەفە هەمووی جێی لێڕاوەستانە • لەوێدا وەستام جومەع هەمووی جێی لێڕاوەستانە [یەعنی قورەیش لـە پێش ئیســـــلامەتیدا لـە موزدەلیفـە ئەوەستان ، موزدەلیفە لە ئەرزی حەرەمە ، لە عەرەفاتا نەئەوەستان ، عەرەبی تر لە عەرەفات ئەوەستان • قورەیش ئەیانوت : ئێمە ئەهلی حەرەمین لـە حەرەم ناچینە دەرێ • کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ حەجی کردو تەشریفی گەییە موزدەلیفە وایـان زانی ئـەویش تەشـریفی لـە موزدەلیفـە

ئەوەستێ ، نەوەستا تەجاوزی فەرموو ؛ چونکی لە قورئانا خوا ئەفەرموێ : جومهووری خەڵق لە کوێهێرش بێنن بۆ طەواف ئێوەیش لەوێوە هێرش بەن ، نەوەویی] .

٤٢/٣٣٤٣ ـ عن أبي نضرة قال : كان ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] يأمر بالمتعة [موتعەی نیکاحو حــەج] وكـان ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] ينهى عنها . قال : فذكرت ذلك لجابر بن عبدالله فقـال : على يدي دار الحديث : تمتعنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلما قام عمر [رضي الله تعالى عنه] قال : ان الله كان يُحِلّ لرسوله [صلى الله تعالى عليه وسلم] ما شـاء بما شـاء ، وأن القرآن قد نزل منازلـه ، فأتموا الحج والعمرة لله كما أمركم الله [تعالى] وأبتّوا نكاح هذه النسـاء ، فلن أوتى برجل نكح امرأة الى أجل إلا رجمتـه بالحجـارة م ـ ٥/٣٠٢ . وفي حديث قتادة بهذا الإسناد زيادة : فافصلوا حجكم من عمرتكم ، فإنه أتـم لحجكم وأتم لعمرتكم م ـ ٥/٣٠٣ .

تەرجەمە :

ئەبو نەضرە ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعەباس ـ رضـي الله تعالى عنهما ـ ئەمری بە موتعە ئەکرد [موتعەی نیکاحو حەج] ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ نەهی لێ کرد ، ئەمەم عەرزی جابیر کرد فەرمووی: ئەم حەدیثە لەسەر دەستی من ئەگەڕا ، لەگەڵ پێغەمەرا ـ صـلى الله تعـالى عليه وسلم ـ یەعنی لە زەمانی سەعادەتیا موتعەمان ئەکـرد ، کــە عومـەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بوو بــە خەلیفە فەرمووی : خـوا ـ عز وجل ـ بۆ

پێغەمەری خۆی ئەوی ئیرادە بکردایە بەو نەوعەی کـە ئیرادەی کـردبوو حەڵاڵ ئەکرد ، قورئان لە جێی خۆیا نازڵ ئەبێ‌و حەمل‌ئەکرێتە سـەر ئـەو مەعنایەی کە موناسب بێ بە مەقامی نوزوولی • ئەفەرموێ : حەج‌و عومرەتان تەواو بکەن ئێوەیش وەکوو خوا ئەمری پێ‌فەرموون حەج‌و عومرەتان بـە جوێ ـ جوێ تەواو بکەن ، ئەو ژنانەیش کە موتعەی ئەکەن بە موددەتێکی موعەییەن مارەیان ئەکەن نیکاحەکانیان بکەن بە قەطعیی بە موددە مەیکەن ، هەر پیاوێکم بێنرێتە لا کـە نیـکاحی مووەقەتی کردبێ بـە بـەرد رەجمی ئەکەم • لە ریواتەکەی ترا ئەفەرموێ : حەجەکەتان لـە عومرەکەتان جوێ بکەنەوە ؛ چونکی ئەوە بۆ حەجیشتان‌و بۆ عومرەیشتان تەواوترو کامڵترە [لەم فەرموودەی وا دەرەکەوێ کـە موتعەی حەجی لا موباح بوە ، ئەمما لەبەر ئیکمالی حەج‌و عومرە نەهی‌لێ‌کردوە ، فەقەط موتعەی ژنانی لا حەرام بوە ، چونکی بە نەص لە (حج الوداع)ا حەرام‌کراوە] •

٣٣٤٤/٤٣ ـ عن أبي موسى [الأشـــعري ـ رضي الله تعالى عنه ـ] قال قدمت على رســـــول الله ـ صلى الله تعـالى عليــه وسلم ـ وهو منيخ بالبطحاء • فقال : بم أهللت ؟ قال : قلت : أهللت بإهلال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : هل ســـقت من هدي ؟ قلت : لا • قـال : فطف بالبيت وبالصفا والمروة = ثم حل ، فطفت بالبيت وبالصـــــفا والمروة = ثم أتيت امرأة من قومي فمشطتني وغسلت رأسي ، فكنت أفتي الناس بذلك في إمارة أبي بكر وإمارة عمر [رضي الله تعالى عنهما] فإني لقائم بالموسم إذ جاءني رجل فقـــال : [رويدك ببعض فتياك • م أخرى] إنـك لا تـدري ما أحدث أمير المؤمنين في شأن النسك • فقلت : أيها الناس من كنا أفتيناه

بشيء فليتئد ، فهذا أمير المؤمنين قادم عليكم فبه فائتموا . فلما قدم قلت : يا أمير المؤمنين ما هذا الذي أحدثت في شأن النسك ؟ قال : إن نأخذ بكتاب الله ، فإن الله ـ عز وجل ـ قال : وأتموا الحج والعمرة لله ، وإن نأخذ بسنة نبينا ، فإن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لم يحل حتى نحر الهَـدْي م ـ ٥/٣٣٤ ، ح ـ ٣/١١٨ وفي أخرى في أوله كان رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بعثني الى اليمن ، قال : فوافقته في العام الذي حج فيه . فقال لي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : يا أبـا موسى كيف قلت حين أحرمت ؟ ... الحديث م ـ ٥/٣٣٥ . وفي أخرى أخصر : فقال عمر : قد علمت أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قد فعله وأصحابه [أي أمر أصحابه به وإلا لم يفعله بنفسه] ولكن كرهت أن يظلوا معرسين بهن في الأراك ثم يروحون في الحج تقطر رؤسهم م ـ ٥/٣٣٥ .

تەرجەمە :

ئەبوموساى ئەشعەريى ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەو ساڵەدا كە حەجى تياكرد ناردمى بۆ يەمەن كە هاتمەوە خزمەتى فەرمووى : (يا أبا موسى) چلۆنت ئيحرام بـە حـەج دابەستوە ؟ عەرزم‌كرد : بەوەى كە پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ ئيحرامى پێ‌دابەستوە . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووى : هەديت سەوق‌كردوە ؟ عەرزى‌كرد : خەير . فەرمووى : طـەوافى بـەيت‌و صەفاو مەروە بكە ، لە پاشا چوومە لاى ژنێكى خزمم ســـــەرى داهێنام‌و شتى ، بەوە لە زەمانى ئەبوبەكرو عومەرا ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ فتوام

ئەدا • لەو وەختەدا لە مەوسیما وەستابووم پیاوێکم هاتە لا وتی : واز لەم فتوایەت بێنە ؛ چونکی نازانی (أمير المؤمنين) دەرحەقی نوسوك چی ئیحداث کردوە • منیش بە خەڵقم وت : ئەی خەڵقینە ئەوی کە لە دەرحەقی نوسوك فتوام بۆ داوە صەبر بکا ئەوا ئەمیرولمؤئمینین ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ تەشریفی ئێ ئیقتیدا بـەو بکەن • کـە تەشریفی هات عەرزم کـرد : (يا أمير المؤمنين) ئەوەی کە دەرحەقی مەناسیك ئیحداثت کردوە چیە ؟ فەرمووی : ئەگەر بە قورئان عەمەل بکەین ئەفەرموێ : حەج‌و عومرە تەواو بکەن بۆ خوا • ئەگەر بە سونەتی پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ عەمەل بکەین پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تا هەدیەکەی سەرنەبڕی لە ئیحرام نەهاتە دەرێ •

لە ریوایەتەکەی ترا ئەفەرموێ : عومەر ـ رضي الله عنه ـ ئەفەرموێ : ئەزانم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بە ئەصحابی کرد کـە بیکەن ، ئەمما حەز ناکەم کە خەڵق بچن لـە ناو داری ئیراکا لەگـەڵ ژنـا دروست بین لە دواییا ئیحرام بە حەج دابەستن‌و ئاو لەسەریان بچۆڕێتەوە •

ئەبوسەعیدی خودریش ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ ریوایەت ئەکا لـە مەدینە هاتینە دەرێ ئیحراممان بە حەج دابەست پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ ئەمری پێ‌فەرمووین کـە حەجەکەمان بکەین بـە عومرە ، بەوانەمان کە هەدیی پێ نیە م ـ ٥/٣٦١ •

٤٤/٣٣٤٥ ـ عن يحيى وهو ابن سعيد عن عَمْرةَ قالت : سمعت عائشة [رضي الله تعالى عنها] تقول : خرجنا مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ لخمس بقين من ذي القعدة لا نرى إلا أنه الحج ، حتى إذا دنونا من

مكة أمر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من لم يكن معه هدي إذا طاف بالبيت وبين الصفا والمروة أن يحل • قالت عائشة : فدخِلَ علينا يوم النحـر بلحـم بقـر ، فقلت : مـا هـــذا ؟ فقيــل : ذبـح رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن أزواجه • قال يحيى : فذكرت هـــــذا الحديث للقاسم بن محمد فقال : أتتك والله بالحديث على وجهه م ـ ٥/٢٨٤

تەرجەمە :

یەحیای کوڕی سەعید لە عەمرەی کچی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف ـ رضي الله عنه ـ ریوایەت ئەکا کـە فەرمووی : لە عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـم بیســـــــت ئەیفەرموو : پێنج رۆژ لە ذیلقەعدە مابوو لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە مەدینە چووینەدەرێ ، هەر وامان ئەزانی کە هەر بۆ حەج ئەچین ، تـا نزیـك بووینەوە لە مەککە ، پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بەوانەی کە هەدیان پێ نەبوو کرد لـە دوای طەوافی بەیتو سەعی بەینی صـەفاو مەروە کـە لە ئیحرامەکـەیـان بێنەدەرێ • عایشــــە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ فەرمووی : رۆژی جەژن گۆشتی گایان بۆ هێناین ، پرسیم : ئەمە چیە ؟ وتیان : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە بری حەرەمەکانی حەیوانی ســـــەربڕیوە • یەحیـا ئەفەرموێ : کە ئەم ریوایەتی عەمرەیەم عەرزی قاسـمی کوڕی محمد کرد فەرمووی : وەڵلاهی عەمرە حەدیثەکەی بـە راســــــــتو تەواویی بۆ نەقڵ کردووی •

[ئەنواعی مەناسیك چوارە : موتعە ، قیران ، ئیفراد ، فەسخی حەج •

١ ـ موتعە ئەوەیە کە لە مەسافەی قەصر لە حەرەمی مەککەوە لە میقاتی خۆی لە ئەشهوری حەجا کە شەوالەو ، ذیلقەعدەیەو ، دەی ذیلحەجەیە ئیحرام بە عومرە دابەستێ‌و کە لە عومرە بۆوە هەر لەو ساڵەدا هەر لە مەککەدا ئیحرامیش بە حەج دابەستێ‌و نەچێتەوە بۆ میقات موتعەی بۆیە پێ‌ئەڵێن چونکە لە بەینی عومرەو حەجا ئەوی لە ئیحراما بۆی حەرام بوە بۆی حەلاڵ ئەبێ‌و ئینتیفاعی پێ ئەکا • ئەم نەوعە موتعەیە پێی ناوێ بە خوێن جەبر بکرێتەوە • ئەگەر لە پێشا ئیحرام بە حەج دابەستێ یا بە عومرە دابەستێ لە غەیری ئەشهوری حەجا یا ئەعمالەکانیشی لە ئەشهوری حەجا بێ ، یا لە ئەشهوری حەجا لە حەرەما ، یا لە کەمتر لە مەسافەی قەصرا ، یا لە زیاتر لە مەسافەی قەصرا ئەمما ئەو ساڵە حەج نەکا ، یا حەج بکاو لە پێش ئیحراميا یا لە دوای ئیحرامی‌و پێش ئەمە کە شورووع بکا بە نوسوك بگەڕێتەوە بۆ میقات یا بۆ میثلی مەسافەی میقات •• لەم موتعانەدا ئەبێ خوێنێ بڕێژێ •

٢ ـ قیران ئەوەیە لە ئیحراما نییەتی حەج‌و عومرە بهێنێ کە وای کرد ئەفعالی عومرە دەرج ئەبێتە ناو ئەفعالی حەج ، یا ئیحرام بە عومرە دابەستێ‌و لە پێش دەستکردن بە طەواف حەجی بەسەرا بێ •

٣ ـ ئیفراد ئەوەیە کە بە جوێ حەج بکاو لە دوایيا عومرە • یا لە پێشا عومرە بکا لە غەیری ئەشهوری حەجا ، یا لە ئەشهوری حەجاو نەچێتە مەسافەی قەصر ، یا لە مەسافەی قەصرا بێ‌و ئەو ساڵە حەج نەکا • یا حەج بکاو بچێتەوە بۆ میقات •• ئەوەڵی ئەمانە نەبێ باقیەکانی موتعەیەو خوێنی پێ ناوێ •

٤ ـ فەسخی حەج : حەجەکەی بکا بە عومرە ، ئەوە ئەبێ بە موتعە [من القسطلاني - ٣/١٢٢] •

٣٣٤٦/٤٥ ـ سعيد بن المسيب [رحمه الله تعالى ، ورضي عن أبيه] قال : اجتمع علي وعثمان [رضي الله تعالى عنهما] بعســـفان فكان عثمان [رضي الله تعالى عنه] ينهى عن المتعة أو العمرة • فقال علي [رضي الله تعالى عنه] : ما تريد إلى أمر قد فعله [أي أمر به] رسول الله ـ صلى الله تعــالى عليه وسلم ـ تنهى عنه ؟ فقال له عثمان [رضي الله تعالى عنه] دعنــا منك • فقال : إني لا أســـتطيع أن أدعك فلما رأى عليٌ ذلك أهـلّ بهما جميعــاً م ـ ٣٣٦/٥ • وعن مروان نحوه ح ـ ٣/١٢٥ •

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی موسەییب ـ رضي الله تعالى عن أبيه ورحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : عوثمانو عەلی [رضي الله تعالى عنهما] لـە عوسفان یەکدیگیر بوون . ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعــالى عنــه ـ نەهی لـە موتعە ئەکرد • ئیمامی عەلی فەرمووی : مەقصەدت چیە نەهی لە شتێك ئەکەی کە پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليــه وسـلم ـ کـردوویەتی ؟ یەعنی ئەمری پێ‌کردوە • ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعــالى عنــه ـ فەرمووی : وازمــان لێ بێنــە • حەزرەتی عەلی ـ رضي الله تعــالى عنه ـ فەرمووی : ناتوانم وازت لێ‌بێنم • ئیمامی عەلی ـ رضي الله تعــالى عنــه ـ کە ئەوەی دی ئیحـــرامی بە حەجو عومرەیش بەیەکەوە بەست •

٣٣٤٧/٤٦ ـ عن أبي ذر [رضي الله تعالى عنه] قال : كانت المتعة في الحج لأصحاب محمد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خاصة م ـ ٥/٣٣٧ .

تەرجەمە :

موتعە لە حەجا مەخصووص بوە بە ئەصحابی پێغەمەرەوە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ . لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : موتعەی حەج و نیکاحی موتعە هەر بۆ ئێمە دروســـت بوە . ئەبوذەڕیش وای فەرموە ـ رضي الله تعالى عنه ـ .

٣٣٤٨/٤٧ ـ غونەیسی کوڕی قەیس ئەفەرموێ : موتعـەی حەجم لە سەعدی کوڕی وەقاص ـ رضي الله تعالى عنه ـ پرسیی . فەرمووی : ئێمە لە وەختێکا کە ئەمە ، یەعنی موعایە ، لە عورش ، یەعنی لـە نـاو خانوانی مەککەدا کافر بوو ئەمانکرد .

٣٣٤٩/٤٨ ـ ئەبوحەســـــانی ئەعرەج ئەفەرموێ : پیـاوێ لـە ئیبنوعەباسی پرسیی : ئەم فتوایە چیە ئەیدەی کە خەڵقت پێوە مەشـغووڵ کردوە ؟ لە جوابیا فەرمووی : سوننەتی پێغەمەری ئێوەیە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ با لووتیشتان پێی بکەوێتە ســـەر ئەرزی . [... ...] م ـ ٥/٣٥٨ .

٣٣٥٠/٤٩ ـ عەطا ئەفەرموێ : ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : حاجی بێ حاجی نەبێ کە طەوافی بەیتی کرد هەموو شـتی بـۆ حەڵاڵە . ئیبنوجورەیجی راویی ئەفەرموێ : لـە عەطام پرسیی ئەمەی نـە

کوێ هێناوه ؟ عەطا فەرمووی : لە ئایەتی (ثم محلها إلى البيت العتيق)ی، ئیستینباطکردوه • وتم : ئەوه دوای عەرەفەیه ؟ فەرمووی : دوای عەرەفەو پێش عەرەفه • ئەوەی لە ئەمری پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - ئیستیخراج کردوه کـه فەرموویەتی له (حج الوداع)ا بە خەڵق کـه : حەجەکەیان بکەن به عومرەو لە ئیحرام بێنه دەرێ م - ٣٥٩/٥ •

٣٣٥١/٥٠ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : كانوا يرون أن العمرة في أشهر الحج من أفجر الفجور في الأرض ، ويجعلون المحرم صفر ، ويقولون : إذا برأ الدَّبرَ ، وعفا الأثر ، وانسلخ صفر حلت العمرة لمن اعتمر • فقدم النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - وأصحابه صبيحة رابعة مهلين بالحج ، فأمرهم أن يجعلوها عمرة • فتعاظم ذلك عندهم ، فقالوا : يا رسول الله أي الحل هذا ؟ قال : حل كله ح - ١٢٦/٣ ، م - ٣٥٤/٥ ، ن •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : ئەهلی جاهیلییەت لـه ئەشهوری حەجـا عومرەیان بـه خراپترینی هەموو فیسق‌و فوجووری ئەزانی کە لە ئەرزا بێ ، موحەڕڕەمیان ئەکرد بـه سەفەر ، ئەیانوت : کـه برینی پشتی وڵاغ چابۆوه [یەعنی لە سەفەری حەج ماندوویان حەسایەوەو رەحەت بوون‌و برینیان نەما]و ، شوێن‌پێی حاجییان نەما ، مانگی سـەفەر [یەعنی موحەڕڕەم] رابورد •• بۆ ئەوەی ئیرادەی عومره بکا عومرەکردن حەڵاڵه • پێغەمەر - صلی الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی ئەوو ئەصحابی

[رۆژی یەك شەنبە] لە سبەینێی چوارەمی موحەڕەما بە حەج (لبیك)یان دادا ، ئەمری پێ فەرموون کە حەجەکەیان بکەن بە عومرەو لە ئیحرام بێنەدەرێ ، ئەوە لە لای ئەصحاب زۆر گران بوو ، عەرزیانکرد : (یا رسول الله) ئەمە چ حەڵاڵبوونێکە ؟ یەعنی هەموو شت بۆ ئینسان حەڵاڵە ؟ فەرمووی : حەڵاڵبوونی هەموو شتە • یەعنی حەتتا لەگەڵژن دروستبوونیش •

٥١/٣٣٥٢ ـ عن حفصة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أنها قالت : يا رسول الله ما شأن الناس حلوا بعمرة ولم تَحْلِلْ أنت من عمرتك ؟ قال : إني لبدت رأسي ، وقلدت هدي • فلا أحل حتى أنحر ح ـ ٣/١٢٧ ، م ـ ٥/٣٤٤ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

حەفصەی حەرەمی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنها ـ عەرزی پێغەمەری کرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : (يا رسول الله) بۆچی خەڵق هەموویان بە عومرە لە حەج هاتنەدەرێو تۆ نەهاتیە دەرێ ؟ فەرمووی : سەرمکردوە بە لەباد ، هەدیم سەوقکردوە ، تا وشتر سەرنەبڕم لە ئیحرام نایێمەدەرێ •

٥٢/٣٣٥٣ ـ أبو جمرة نضر بن عمران الضُّبَعي قال : تمتعت ، فنهاني ناس ، فسألت ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فأمرني ، فرأيت في المنام كأن رجلا يقول لي : حج مبرور وعمرة متقبلة • فأخبرت ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] فقال : [الله أكبر سنة أبي القاسم • أخرى] سنة

النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – فقال لي : أقم عندي فأجعل لك سهماً من مالي • قال شعبة [الراوي عنه] فقلت : لِمَ ؟ فقال للرؤيا التي رأيت ح – ۱۲۹/۳ ، م – ۳٥٦/٥ ، بلا حديث الإقامة •

تەرجەمە :

ئەبوجەمرە ، نەضری کوڕی عیمرانی ضوبەعیی ئەفەرموێ : موتعەی حەجم‌کرد ، خەڵق نەهیان لێ‌کردم ، لـە ئیبنوعەباس – رضي الله عنهما – م پرسی ، ئەمری پێکردم بیکەم • [کـە کردم] لـە خەومـا = دیم = وەك پیـــاوێ پێم بڵێ : حەجێکی بـەخێـر ، عومرەیێکی مەقبوول • عـەرزی ئیبنوعەباسم کرد – رضي الله تعالى عنهما – فەرمووی : ئەوە ســـــونەتی پێغەمەرە [الله أكبر سوننەتی ئەبولقاسمە] – صلى الله تعـالى عليـه وسلم – فەرمووی : لام دابنیشە بەشێ لە ماڵەکەمت بدەمێ • شــوعبە ئەفەرموێ : لە نەضرم پرسیی : بۆ چیت ئەداتێ ؟ وتم : لـە بەر ئەو خەوە کـە دیـم • [لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : لە ئیبنوعەباس – رضي الله تعالى عنهما – م پرسیی بۆ موتعە ، فەرمووی بیکە • بـۆ هەدیش لێم‌پرسیی ، فەرمووی : وشتر ، گاجووت ، مەڕ یا شەریکیی لە خوێنێکا • ئەبوجەمرە ئەفەرموێ : بەعزێ خەڵق موتعەیان کەرهان ، نوستم لە خەوما •••]

٥٣/٢٣٥٤ – أبو شهاب الأكبر [موسى بن نافع ، مســـلم] قال : قدمت متمتعاً مكة بعمرة فدخلنا قبل التروية بثلاثة أيام ، فقال لي أناس من أهل مكة : تصير الآن حجتك مكية • فدخلت على عطاء أستفتيه • فقال : حدثني جابر بن عبدالله – رضي الله تعالى عنهما – أنه حج مع النبي – صلى

الله تعالى عليه وسلم ـ يوم ساق البدن معه ، وقد أهلوا بالحج مفردا • فقال لهم : أحِلّوا من إحرامكم بطواف البيت وبين الصفا والمروة وقصروا ، ثم أقيموا حلالا حتى إذا كان يوم التروية فأهلوا بالحج واجعلوا التي قدمتم بها متعة • فقالوا : كيف نجعلها متعة وقد سمينا الحج ؟ فقال : افعلوا ما أمرتكم ، فلولا أني سقت الهدي لفعلت مثل الذي أمرتكم ، ولكن لا يحل مني حرام حتى يبلغ الهدي محله ، ففعلوا ح ـ ٣/١٣٠ ، م ـ ٥/٣٠١ •

تەرجەمە :

ئەبوشەهابی ئەکبەر ، کە مووسای کوڕی نافیعە فەرمووی : بە عومرە موتعەم دابەستو هاتمە مەککە بە سێ ڕۆژ لە پێش تەروییەدا ، بەعزێ لە ئەهلی مەککە پێیان وتم : حەجەکەتان ئەبێ بە مەککەیی [چونکی ئەبێ لە مەککەدا ئیحرام بە حەج دابەستن ، ئەوابێ میقاتتان لە کیس ئەچێ] چوومە لای عەطاو فتوام لێ طەلەبکرد • فەرمووی : جابیری کوڕی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قسەی بۆ کردم کە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەجمکرد لە ڕۆژێکا کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سەوقی هەدیی کرد ئەصحابیش ئیحرامیان بە حەج دابەستبوو ، بە موفریدی • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پێیفەرموون : لە ئیحرامەکەتان بە طەوافی بەیتو سەعی بەینی صەفاو مەروە بچنە دەرێ • سەر هەڵپاچنو بەحوڵلالی[1] بمێننەوە ، تا ڕۆژی تەروییە ، ئەو وەختە ئیحرام بە حەج دابەستن ، ئەوی لە پێشەوە کردتان بیکەن بە عومرە •

(١) واتە : بە حەلاڵیو بێ ئیحرام •

عەرزیانکرد : چۆنی بکەین = بـە = عومرە ئێمە ناوی حەجمان لێ هێناوە ؟ فەرمووی : ئەوی ئەمرتان پێ ئەکەم بیکەن ؛ ئەگەر من هەدیم ســـــەوق نەکردایە منیش وام ئەکرد کە ئەمرم پێکردوون ، ئەمما من نابێ لە ئیحرام بێمەدەرێ تا هەدیەکەم بە جێی خۆی ئەگا ، ئەو وەختە ئەصحاب کردیـان [مەقصوودی جابیر - رضـي الله تعـالى عنــه - لەگەڵ عەطـاء ئەوەیـە بـا حەجەکەی ببێ بـە مەککی ئـەوابی کـەم نابێ لەوەی کـە لـە میقـاتـەوە دای بیەستێ] •

٥٤/٣٣٥٥ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أنه سئل عن متعة الحج ، فقال : أهلَّ المهاجرون والأنصـــار وأزواج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - في حجة الوداع وأهللنا ، فلما قدمنا مكة [أي قريباً منها] قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : اجعلوا إهلالكم بالحج عمرة إلا من قلد الهدي ، طفنا بالبيت وبالصفا والمروة ، وأتينا النســاء [أي أتى الأصحاب النساء ؛ لأن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - لم يكن احتـلم يومئذ ، لأنه تولد بثلاث سنين قبل الهجرة] ولبسنا الثياب ، وقال : من قلد الهدي فإنه لا يحل له حتى يبلغ الهدي محله • ثم أمرنا عشية التروية أن نهل بالحج ، فإذا فرغنا من المناسك جئنا فطفنا بالبيت وبالصفا والمروة ، فقد تم حجنا [من هنا إلى آخر الحديث موقوف] وعلينا الهـدي كما قـال [الله] تعالى : (فما استيسر من الهدي ، فمن لم يجد فصيام ثلاثـة أيـام في الحج وسبعة إذا رجعتم)[1] الى أمصاركم ، الشاة تجزي • فجمعوا النســكين في

(١) البقــرة /١٩٦ •

عام بين الحج والعمرة ، فإن الله تعالى أنزله في كتابه ، وسنه نبيه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأباحه للناس غير أهل مكة . قال الله ـ تعالى ـ (ذلك لمن لم يكن أهله حاضري المسجد الحرام)[1] وأشهر الحج التي ذكر الله تعالى : شوال وذو القعدة ، وذو الحجة . فمن تمتع في هذه الأشهر فعليه دم أو صوم . والرفث : الجماع . والفسوق : المعاصي . والجدال : المراء . ح - ٣/١٣١ .

تەرجەمە :

لە ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرحەقی موتعەی حەج پرسرا . فەرمووی : موهاجیرینو ئەنصارو ئەزواجی طاهیرات ـ رضي الله تعالى عنهم ـ لە (حجة الوداع)ا ئیحراممان بە حەج دابەست [سێ فیرقە بوون ؛ فیرقەیێکیان ئیحرامیان بە حەجو عومرە بەیەکەوە دابەست ، یا تەنها بە حەجو هەدیان پێبوو ، فیرقەیێکیان لە پێشا ئیحرامیان بە عومرە دابەست کە لێبوونەوە ئیحرامیان بە حەج دابەست . فیرقەیێکیان ئیحرامیان بە حەج دابەست هەدیان پێ نەبوو . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێفەرموون بیکەن بە عومرە . قسطلاني] کە هاتینە نزیك مەککەوە کە سەریفەیە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری پێفەرموون کە حەجەکەیان بکەن بە عومرە [یەعنی بە فیرقەی دوایی] غەیری ئەوەی کە هەدیی پێیە . طەوافی بەیتمانکرد . طەوافی[2] صەفاو مەروەمان کرد ، ئەوی ژنی لەگەڵ بوو لەگەڵ ژنەکانیان دروستبوون ، جلی دووڕراویان لەبەرکرد . پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووبووی هەرکەسێ هەدیی پێ بێ دروست نیە ئیحرامەکەی بشکێنێ تا هەدیەکەی نەگا بەجێی

---

(١) البقـــــرة / ١٩٦ .

(٢) ئەگەر بگوترێ : سەعیی بەینی صەفاو ... باشترە .

خۆی • یەعنی لە رۆژی نەحرا سەری نەبڕێ • لە پاشا ئێوارەی تەرویيە ئەمری پێفەرمووین ئیحرامان بە حەج دابەست کە لە مەناسیك بووینەوە (طواف الإفاضة)مان کرد ، طەوافی بەینی صەفاو مەروەمان کرد • هەدیمان لەسەر بوو ، وەك خوا ـ عز وجل ـ لە سوورەی (البقرة)دا فەرموویەتی • ئەوی خوێنڕژانی بۆ مومکین بێ ، ئەوی هەدیی بۆ مومکین نەبو سێ رۆژ لە حەجا بەرۆژوو بێ ، حەوت رۆژیش دوای ئەوە چووەوە مەملەکەتی خۆی • مەڕکردن بە هەدی دروستە • لە سالێکا جەمعیان لە بەینی نوسوکی حەج‌و عومرەدا کرد • خوا ـ عز وجل ـ لە قورئاناو سونەتی پێغەمەرا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ نازلی کردووەو ئەمری پێ فەرموە • حەلاڵبوونی تەمەتتوع بۆ غەیری ئەهلی مەککەیە • خوا ـ عز وجل ـ فەرموویەتی : ئەو تەمەتتوعە بۆ ئەوانەیە کە حازری (مسجد الحرام) نەبن‌و ماڵیان لە مەککەدا نەبێ • ئەو ئەشهوری حەجەی کە خوا ـ عز وجل ـ لە قورئانا فەرموویەتی : شەوال‌و ، ذولقەعدەو ، [دەی] ذیلحەجەیە • رەفەث : جیماعە • فوسووق : گوناهکردنە • جیدال : شەڕەقسەیە • هەرکەسێ لەم سێ مانگەدا تەمەتتوع بکا خوێنڕژانن ، یا بەرۆژووبوونی لەسەرە •

٥٥/٣٣٥٦ ـ نافیع ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە (ذي طوی) تا سبەینێ مایەوە ئەمجا تەشریفی چوە مەککە • ئیبنوعومەریش ـ رضي الله تعالی عنهما ـ وای ئەکرد م ـ ٥/٣٦٨ ، ح ـ ٣/١٣٤ •

٥٦/٣٣٥٧ ـ ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە کەلی بەرەوژوور تەشریفی داخلی

مەککە ئەبوو ، لە کەلی خوارەوە تەشـریفی ئەهاتە دەرەوە ح ـ ٣/١٣٤ ، م ـ ٥/٣٦٦ •

٣٣٥٨/٥٧ ـ ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـو عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرموویانە : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لـە سالّی فەتحا لە کەدائەوە تەشریفی داخلّی مەککە بوو لـە کوداوە لـە ژوور مەککەوە تەشریفی هاتەدەرێ ح ـ ٣/١٣٤ ، م ـ ٥/٣٣٧ •

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : موعاویە [••• ••] پێیوتم : ئەزانی تۆ کە لای مەروەوە سەری پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە تیری دەمپان هەڵپاچی ؟ پێمـوت : ئەوە بە غەیری حوججەت لـە (عليه) تۆ بە هیچی تر نازانم م ـ ٥/٣٦٠ •

ئەم سەرهەڵپاچینە لە عومرەی قەزادا نەبوو ؛ چونکی موعاویە دوای فەتح موسوڵمان بوو •

ئەم حەدیثانەی کە لە دەرحەقی بینـای بەیت ئەیاننووسم رەنگە لـە بەحثی مەساجیدا نووسیبێتم • (إحتیاطا) هەر تەرجەمەکەیان ئەنووسم[1] •

٣٣٥٩/٥٨ ـ عایشەی دایکمان ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیسـت ئەیفەرموو : ئـەگـەر قەومەکەت تازە عەهد نەبوونایە بـە زەمانی جاهیلییەت ، یـا فەرمووی بـە کوفر خەزنەی کەعبەم لە رێی خوادا صەرف ئەکرد ، دەرگاکەم ئەخسـتە سەر ئەرز ، لە حیجرم ئەخستە سەر ح ـ ٣/١١٨ ، ح ـ ٣/١٤١ •

٣٣٦٠/٥٩ ـ عایشە ـ رضي الله تعـالى عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەی عایشـــە ئەگەر قەومەکەت

---

(١) ئەم حەدیثانە ـ وەك دانەر ئەفەرموێ ـ لە بەرگی پێنجەمی ئەم کتێبەدا نووسراون • بڕوانە ل : ٣٥٥ی بەرگی پێنجەم •

تازەعەهد نەبوونایە بە شیرك کەعبەم تێك ئەدا ئەمنووســان بە ئەرزەوە ، دوو دەرگام بۆ ئەکرد ؛ یەکێکی مەشریقیی ، یەکێکی مەغریبیی ، شــەش ذیراعم لە حیجر ئەخستەسەر ، قورەیش کـە بینایان‌کرد دەست‌کورت بوون. م - ٦/١٨ ، ح - ٣/١٤٢ •

٣٣٦١/٦٠ ـ عایشە ـ رضي الله تعـالی عنهـا ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : ئەزانی کە قەومەکەت کـە بینـای بەیتیان کرد لـە قەواعیــدی ئیبراهیم [علیـه الســلام] کورتیان هێنا ؟ عەرزم‌کرد : (یا رسول الله) بۆ نایخەیتەوە سەر قەواعیدی ئیبراهیم [علیـه السلام] ؟ فەرمووی : ئەگەر قەومەکەت تازەعەهد نەبوونایە بـە زەمـانی شــیرك ئەمکـرد • عەبدوڵلای کوڕی عومەر ـ رضي الله تعــالی عنهما ـ فەرمووی : کە عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ ئەوەی لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بیستبێ هەر وا ئەزانم کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بۆیە تەرکی دەست‌لێدانی ئەو دوو روکنەی کردوە کـــە لـە لای حیجرەوەیە ؛ چونکی لەسەر قەواعیدی ئیبراهیم [علیـه الســلام] تەواو نەکراوە ح - ٣/١٣٩ ، م - ٦/١٦ •

٣٣٦٢/٦١ ـ عایشە ـ رضي الله تعالی عنها ـ فەرمووی : لە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـم پرسیی : دیواری بەیت لە بەیتە ؟ فەرمووی : بەڵێ • عەرزم‌کرد : بۆچی نەیانخســــــتوەتە ناو بەیتەوە ؟ فەرمووی : قەومەکەت دەستیان‌کورت بوە مەصــرەفیان نەبوە • عەرزم‌کـرد : بۆچی دەرگاکەی بەرزە ؟ [بە پەیژە ئەچنە ناوی ؟ أخری] فەرمووی : قەومەکەت وایان کردوە بۆ خاتری = ئەوە = ئەوی هەوەســیان بێنێ بێڵن بچێتـــە بەیتەوە ، ئەوی هەوەسیان نەبێ نەیێڵن • ئەگەر قەومەکەت تازەموسوڵمان نەبوونایە [یەعنی ئەم‌خستە بەیتەوە] ئەترسم قەلبیان ئینـکاری بکـا کـە

جیدارەکەی بخەمە بەینەوەو دەرگاکەی بنووسێنم بە ئەرزەوە ح-٣/١٤٠ ، م - ٦/٢٤ ٠

(وفيه في الصحيفة المقابلة : فذلك الذي حمل)[1] : ئەوەیە ئیبنوزوبەیری ـ رضي الله تعالى عنهما ـ حەملکردە سەر ئەوە کە تێکیدا ، یەزید کە یەکێکە لە راوییان ئەفەرموێ : لای ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بووم کە تێکیداو بینایکردەوە لە حیجری خستە سەر ٠ چاوم کەوت بە ئەساسی حەزرەتی ئیبراهیم [عليه الصلاة والسلام] بەردی وەك کۆپارەی پشتی وشتربوو ٠ جەریری راویی لە یەزیدەوە ئەفەرموێ : لێمپرسیی لە کوێوە بوو ؟ فەرمووی : ئێستە پێنیشانت ئەدەم ٠ لەگەڵی چوومە حیجرەوە ئیشارەتی ئەلای جێیەکەیی کرد ، وتی : ئەمەیە ٠ جەریر ئەفەرموێ : تەخمینم کرد لە حیجر بە قەدد شەش زیراع بوو ح - ٣/١٤٢ ٠

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : سەعی لە (بطن الوادي) لە بەینی صەفاو مەروەدا سوونەت نیە ، ئەهلی جاهیلییەت لەوێدا سەعیان ئەکرد ئەیانوت : بەهەڕاکردن نەبێ لە بەطحا تێپەڕنابین ٠

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : ئەی خەڵقینە گوێ لەوە بگرن کە ئەیڵێم بیخەنە گوێی خەڵقیشەوە ، مەڕۆنو بڵێن ئیبنوعەباس وای وتوە ٠ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئەوی طەوافی بەیت بکا لە پشتی حیجرەوە طەوافی بکەن ، ناوی مەبەن بە حەطیم ؛ چونکی لە جاهیلییەتا کە سوێنیان بخواردایە قەمچیەکانیان ، یا پەیکانی تیرەکانیان ، یا کەوانەکانیان فڕێئەدایە ئەوێ بۆیە ناویان ناوە حەطیم ، یەعنی شتی تێفڕێ ئەدرێ ، ئەوە عەلامەتی سوێنیان بوە ٠

---

(١) ئەم قسە حەدیث نیەو ، شوێنەکەیشیم نەدۆزییەوە ٠

٦٢/٣٣٦٣ ـ عن أسامة ـ رضي الله تعالى عنه ـ أنه قال : يا رسـول الله أين تنزل [غدا] في دارك بمكة ؟ فقال : وهل ترك [لنا • م] عقيل من رباع أو دور ؟ وكـان عقيل ورث أبا طالب هو وطالب ، ولم يرثه جعفر ولا علي ـ رضي الله تعالى عنهما ـ شيئاً لأنهما كانا مسلمين ، وكان عقيل وطالب كافرين • فكان عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ يقول : لا يرث المؤمن الكافر • قال ابن شهاب وكانوا يتأولون قول الله ـ تعـالى ـ [عـز وجل] : (إن الذين آمنوا وهاجروا وجاهدوا بأموالهم وأنفسهم في سـبيل الله ، والذين آووا ونصروا أولائك بعضـــهم أولياء بعض •••)[1] الآيـة ح ـ ٣/١٤٧ ، م ـ ٦/٥٢ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئوسامەى كوڕى زەيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : عەرزى پێغەمەرم كرد ـصلى الله عليه وسلمـ : (يا رسول الله) سبەينێ له مەككەدا له ماڵى خۆت دائەبەزيت ؟ فەرمووى : بۆ عەقيـل هيچ جێو رێو ماڵى بـۆ هێشتوومەوە ؟ بۆيە واى فەرموو كە ئەبوطاليب وەفاتى كـرد چوار كوڕى بوو : عەقيلو ، طاليبو ، جەعفەرو ، عەلى ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ ئـەو وەختە عەلىو جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ موسوڵمان بوون ، عەقيلو طاليب كافربوون ئێشتا موسوڵمان نەبووبوون •

عومەرى = كوڕى = خەطاب ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ ئەيفەرموو : موئمين ئيرثى كافر ناگرێ ، لـە بـەر ئەوە عەلىو جەعفەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئيرثى ئەبوطاليبيان نەئەگرت هەر طاليبو عەقيل ئيرثيـان گـرت ، بۆيە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووى : عەقيل ماڵى بۆ من نەيێشتۆتەوە •

(١) الانفـال /٧٢ •

ئیبنوشەهابی راویی ئەفەرموێ : تەئویلی ئـەو ئایەتەی ئەنفالیان وا ئەکرد کە خوا ـ عز وجل ـ ئەفەرموێ : بە تەحقیق ئەوانەی کـە ئیمانیـان هەیەو هیجرەتیان کردوەو بە ماڵو نەفسیان لە رێی خوادا جیهادیان کردوەو، ئەوانەی کە جێیان بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ و بە موهاجیر داوە لـە مەدینـەداو ، نوصرەتیان داون •• ئەوانـە بەعزێکیان ئەولیـــای بەعزێکیانن • یەعنی ئیرثی یەکتری ئەگرن ، ئیرث لە کافر ناگرن •

٦٣/٣٣٦٤ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من الغد يوم النحر وهو بمنى : نحن نازلون غدا [يعني ثالث عشر ذي الحجة ، لا الغد الحقيقي وهــو ثاني العيـــد] بخيف بني كنانة حيث تقاسموا على الكفر ، يعني ذلك المحصب ، وذلك أن قريشاً وكنانة تحالفت على بني هاشـــــم وبني عبدالمطلب ، أو بني المطلب [بالشك] أن لا يناكحوهم ولا يبايعوهم حتى يُسْلموا إليهم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وقال سلامة عن عقيل [بن خالد الأيلي] ويحيى عن الضــــحاك عن الأوزاعي : أخبرني ابن شـــهاب = وقالا بني هاشم وبني المطلب = قال أبو عبدالله [البخاري] : بني المطلب أشبه [بالصواب من بني عبدالمطلب] ح - ٣/١٤٩ ، م - ٥/٤١٥ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ فەرمووی بەیانیی رۆژی نەحر تەشریفی لە مینا بو سبەینێ [یەعنی رۆژی سێیەمی نەحر ، نەك سبەینێی حەقیقی کە رۆژی دوەمە] : ئێمە سبەینێ لە خیفی بەنی کەنانەدا دائەبەزین ، لەو جێگەدا کە لەسەر کوفر سوێنیان خوارد ، یەعنی لە موحەصصەبا ، ئەو حادیثەی ســــوێنە وابوو قورەیشو کەنانە لە موحەصصەبا سوێندیان خوارد لە ســــەر بەنیهاشمو

بەنیعەبدولموطەلیب ، یا بەنی موطەلیب ، سوێندیان خوارد کە ژن نەدەن بە بەنیهاشمو موطەلیبو ژنیان لێ نەهێنن ، موعامەلەیان لەگـەڵ نەکـەن تـا پێغەمەریان ـ صلی الله تعـالی علیـە وسـلم ـ تەسـلیمئەکەن کـە بیکوژن [بە خەطی مەنصووری کوڕی عەکرەمە یـا بـە خەطی بەغیضی کوڕی عامیر عەهدنامەیان نووسی لە کەعبەدا هەڵیان ئاوەسی ، بەنیهاشمو بەنیموطەلیب چوونە شیعبەوە زۆر کەوتنە زەحمەتو مەشـــەقەتەوە • خوا ـ عز وجل ـ مۆرانەی بەسەر ئەو شەرطنا مەدا موسەللەط کرد غەیری ناوی‌خوا هەرچیێکی تیا نووسرابوو هەمووی خوارد • خوا ـ عز وجل ـ خەبەری دا بە پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـە وسـلم ـ ئەویـش خـەبـەری دا بە ئەبوطالیب ، ئەبوطالیب بە قورەیشی وت : محمدی برازام خەبەری داومێ کە قەط درۆی لەگەڵ نەکردووم کە خوا ـ عز وجل ـ مۆرانەی بەســـــەر صەحیفەکەتانا موسەللەط کردوە غەیری ذیکری خوا هەمووی خواردوە • ئەگەر برازاکەم لەوەدا راست بێ واز لەم بەدموعامەلەییتیە بێنن ، ئەگەر درۆ بکا تەسلیمتان ئەکەم ، ئەیکوژن یا نایکوژن • وتیان : قســـەییکی بە ئینصاف ئەکەی • چوون ئەو صەحیفەیان لە کەعبە هێنایەدەرێ ، تێفکرین صادقی مەصدووق ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ چۆنی فەرمووبوو وا بوو ، قورەیش‌و کەنانە خەجاڵەت بوون سەریان دانەوی •

پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیە وسلم ـ بۆیە لە خیفی بەنیکەنانە دابەزی بۆ شوکری خوا کە موسەللەطی فەرموو بەسەر قورەیشاو فەتحی مەککەی کرد ، خواهوناخواە دینی ئیسلامیان قەبووڵ کرد • قەسطەلانی •

ئەبوعەبدوڵلای بوخایری ئەفەرموێ : لـە حەدیثەکەدا بەنی هاشـــمو بەنی موطەلیب موناسبترە لە بەنوعەبدولموطەلیب ؛ چونکی بەنی هاشـــمو بەنی عەبدولموطەلیب یەکێکن ، عەبدولموطەلیب کوڕی هاشـــمە ، یەعنی

ســـوێندیان لە ئەولادی عەبدی مەناف لە ئەولادی ئەودووبرایە خوارد ، قەسطەلانی ح - ٣/١٤٩ .

٣٣٦٥/٦٤ - عن أبي ســعيد الخدري - رضي الله تعالى عنه - عن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : ليُحَجَّنَّ البيت وليُعتمرنَّ بعد خروج يأجوج ومأجوج ، وقال شعبة : لا تقوم الساعة حتى لا يحج البيت والأول أكثر [ولا منافاة بينهما] ح - ٣/١٥١ .

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : دوای خورووجی یەئجووج و مەئجووج حەجی بەیت ئەکرێ و عومرە ئەکرێ . شوعبە ئەڵێ : قیامەت هەڵناستێ تا وا ئەبێ کە حەجی بەیت نەکرێ . ریوایەتی ئەوەڵ لە شوعبەوە زیاترە ؛ چونکی ئیتتیفاق لەسەر حەجی تیایە ، شوعبە بە تەنهایە [ئەمما مونافاتیان نیە ؛ چونکی دوای یەئجووج و مەئجووج حەزرەتی عیســـاو - عليه الصلاة والسلام - موسوڵمانانی تر ئەمێنن مومکینە ئەوان حەج بکەن ، دوای ئەوە کە هیچ موسوڵمانان نامێنن و قیامەت لەســەر کافران هەڵەستێ حەج ناکرێ] .

٣٣٦٦/٦٥ - عن أبي وائل قال : جلست مع شـيبة على الكرسي في الكعبة . فقال : لقد جلس هذا المجلس عمر - رضي الله تعالى عنه - فقال : لقد هممت أن لا أدع فيها صفراء ولا بيضاء إلا قسمته . قلت : إن صاحبيك لم يفعلا . قال : هما المرآن أقتدي بهما ح - ٣/١٥٢ ، د ، جه .

تەرجەمە :

ئەبو وائیل [شەقیق] ئەفەرموێ : لە کەعبەدا لەسەر کورسیی لەگەڵ شـەیبە دانیشتبووم فەرمووی : لەم جێگەدا لـە خزمەت عومەری خەطابـا

ـ رضي الله تعالى عنه ـ دانیشـــتبووم فەرمووی : نییەتم وایە کـە هەرچی زەردو سپی هەیە [یەعنی ئالتوونو زیو] لە بەیتا هەمووم تەقسیم ئەکرد[1] عەرزمکرد : رەفیقەکانت یەعنی پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ و حەزرەتی صەدیق ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەیانکردوە ٠ فەرمووی : مـەرد هەر ئەوانن ، ئیقتیدایان پێ ئەکەم ٠

٦٦/٣٣٦٧ ـ عن ابن عباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ عـن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : كأني به أسود أفج [متكبرا] يقلعهـا حجراً حجرا ح ـ ٣/١٥٤ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرمووێ : (کأنە) چاوم لەو پیاوە رەشو موتەکەبیرو هەنگاو وردەیە کە بەردی بەیت یـەکـەیـەکـە هەڵەکەندێ ٠

٦٧/٣٣٦٨ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : قـــدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [في عمرة القضاء] وأصـحابه ، فقال المشركون : إنه يقدَم عليكم وقد وهنهم حمّى يثرب ٠ فأمرهـم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يرملوا الأشـواط الثلاثـة ، وأن يمشوا ما بين الركنين ، ولم يمنعه أن يأمرهم أن يرملوا الأشـواط كلها إلا الإبقـاء عليهم ح ـ ٣/١٥٨ ، م ـ ٥/٣٧٤ وفيه : ليرى المشركون جلدهم ٠ فقال المشـــركون : هؤلاء الذين زعمتم أن الحمى قد وهنتهم ؟ هؤلاء أجلد من كـذا وكذا ! م ـ ٥/٣٧٤ ٠

(١) لێرەدا باشتر وایە کە بنووسرێ : لە بەیتا هەمووی تەقسیم بکەم .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ له عومرەی قەزادا تەشریفی هـاتـه مەککه ، موشریکان وتیان : یێنه ئێره لاتان لەرزوتای مەدینه سستی کردوون • پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری به ئەصحابی کیرامی فەرموو که له سێ طەوافی ئەووەڵی بەیتا به هەڕاکردن طەواف بکەن ، لـه بەینی دوو روکنـا بڕۆن ، ئەوه لەوەی مەنع‌کرد کـه لـه هەموو طەوافەکانـا ئەمریان پێ بکا کـه بـه ڕاکردن طەواف بکەن مەبادا زۆر ماندوو ببن ح ـ ١٥٨/٣ ، م ـ ٥/٣٧٤ •

٣٣٦٩/٦٨ ـ عن جابر [رضي الله تعالی عنه] أنه قال : رأیت رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ رمل من الحجر الأســـود حتی انتهی إلیه ثلاثة أطواف م ـ ٥/٣٧١ وعن ابن عمر ـ رضي الله تعـــالی عنهما ـ مثله وفیه : ومشی أربعاً[1] م ـ ٥/٣٧١ •

٣٣٧٠/٦٩ ـ عبدالله بن سرجس قال : رأیت الأصـــلع یعني عمر بن الخطاب [رضي الله تعالی عنه] یقبّل الحجر ویقول : والله إني لأُقبّلك ، وإني أعلم أنك حجر وأنك لا تضر ولا تنفع ، ولولا أني رأیت رســـول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قبّلك ما قبلتك م ـ ٥/٣٧٨ • وعن ســوید وابن عمر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ مثله •

تەرجەمە :

عومەری کوڕی خەطاب ـ رضي الله تعالی عنه ـ حەجەرولئەســـوەدی ماچ‌ئەکرد ئەیفەرموو : وەڵلاهی من ماچت ئەکەم ئەزانم که تۆ بەردی هیچ

---

(١) دانەر ـ خ ـ تەرجەمەی ئەم حەدیثەی نەنووسی ؛ چونکه لـه حەدیثه پێشووەکه دەچێ •

زەرەر نادەيتو مەتفەعەت ناگەيێنی ، ئەگەر پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسلم ـم نەدیایە کە ماچی ئەکردی ماچم نەئەکردی •

٣٣٧١/٧٠ ـ عن ابني عباس وعمر ـ رضي الله تعالى عنهم ـ أنه قال [أي كل منهما] : لم أر[1] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستلم من أركان البيت إلا الركن الأســـــود والذي يليه من نحو دور الجمحيين م ـ ٥/٣٧٥ (دوو حەدیثن) •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ: پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئەرکانی بەیت هەر روکنی ئەسوەد کە (حجر الاسود)ی تیایەو ئەو روکنەی کە لای ئەوەوەیە دەستی موبارەکی لێ ئـەدا کـە روکنـەکـەی تر لـە طـەرەفی خانوانی جەمەحییوونن[2] • [ئەو روکنانە پێـیان ئەڵێن : یەمانی ، دوو روکنەکـەی تـر پێیان ئەڵێن : شامی • روکنی ئەسوەد دوو فەضیلەتی هەیە : حەجەرولئەسوەدی تیایەو ، لەسەر قەواعیدی حەزرەتی ئیبراهیمە ـ علیه الصلاة والسلام ـ بۆیە (حجر الأسود) هەم دەستیشی بەسەرا یێنرێو هەم ماچیش ئەکرێ ، روکنەکەی تر هەر دەستی لێئەدرێ ، دوو روکنە شامییەکان نە دەستیان لێ ئەدرێ نە ماچ ئەکرێن ؛ چونکی لەو دوو فەضیلەتەیان هیچ تیا نیە • (من النووی)] •

٣٣٧٢/٧١ ـ عن جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] قال : طاف رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالبيت [وبالصفا والمروة • أخرى] في حجة الوداع على راحلته يستلم الحجر بمحجنه لأن يراه الناس وليشرف

---

(١) ریوایەتەکەی تریان (لم یکن)ە .

(٢) ئەگەر بگوترێ : جەمەحییوونەوەیە .. راستترە . تەرجەمەکەیشـــی لەم حەدیثەدا زۆر رەوان نیە .

وليسألوه ، فإن الناس غشوه م ـ ٥/٣٧٩ ، وعن عائشة [رضي الله تعـالى عنها] نحوه وفيه : كراهية أن يضرب عنه الناس م ـ ٥/٣٨٠ •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بە سواریی طەوافی بەیتو صـــــــەفاو مەروەی کـرد ، بـە دارعەصاکەی ئیستیلامی حەجەری ئەسوەدی ئـەکرد ، بـۆخاطری خەڵق بیبینێو نزیك بێتەوەو لێیبپرســـن ؛ چونکی خەڵق ئیحاطەیـان دابوو • حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ لـە ریوایەتەکەیا ئەفەرموێ : بـۆ خاطری خەڵقی لێ لانەدرێو لێی دوورنەخرێتەوە تا شتی لێ بپرسن •

٣٣٧٣/٧٢ ـ عن عبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ كان اذا طاف في الحج أو العمرة أول ما يقدَم سعى ثلاثة أطواف ومشى أربعة ، ثم سجد سجدتين ، ثم يطوف بين الصفا والمروة ح ـ ٣/١٦٥ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە حەجا یا لە عومرەدا طەوافی بکردایە کە تەشریفی ئەهات لە پێش هەموو شتا سێ جار بەدەوری بەیتا بە راکردن طەوافی ئەکرد چوار جار بە رۆیین ئەڕۆیی ، لە دوای طەواف دوو رکات نوێژی ئەکرد ئەمجا لـە بەینی صەفاو مەروەدا سەعی ئەکرد م ـ ٥/٣٦٩ ، (وفيه) : لە مەســـیلی وادی‌یەکەدا[1] کە طەوافی بەینی صەفاو مەروەی ئەفەرموو سەعیی ئەکرد • (وفي م ـ ٥/٣٧٠ عينه ، وفيه روايات عينه أو نحوه) •

---

(١) واتە : ئاوەڕۆگەی شیوەکە •

٧٣/٣٣٧٤ ـ عن أسلم أن عمر بن الخطاب ـ رضي الله تعـالى عنه ـ قال للركن : أما والله إني لأعلم أنك حجر لا تضر ولا تنفع ، ولولا أني رايت رسول الله استلمك ما استلمتك ، فاستلمه • ثم قال : فما لنـا والرمل ؟ إنما كنا راءَينا به المشركين وقد أهلكهم الله • ثم قال : شيء صنعه النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فلا نحب أن نتركه ح ـ ٣/١٦٠ ، م ـ ٥/٣٧٦ ، ن •

تەرجەمە :

ئەسلەم ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : عومەری بنی خەطاب ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە روكنی وت : خەبەرت بێ وەڵڵاهی من ئەزانم كە تۆ بەردی زەرەر نادەیتو مەنفەعەت نادەی ، ئەگەر پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليـه وسلم ـ نەدیایە كە دەستی بەسەرا هێناویو ماچی‌كردووی دەستم بەسەرا نەئەهێنایتو ماچم نەدەكردیت ، دەستی بەسەرا هێناو ماچی كرد • لە پاشا فەرمووی : ئێمە لە هەڕاكردنمان چیە لە طەوافا ؟ ئێمە لـە طەوافی عومرەی قەزادا بۆیەكمان بـە هەڕاكردن طـەواف ئەكـرد قووەتو تەواناى خۆمان پێ‌نیشانی موشریكەكان ئەدا وا خوا ـ عز وجل ـ موشریكانی بە هیلاكا برد [یەعنی ئەو سەبەبە نەماوە] لە پاشا فەرمووی : ئەمـە شتێكە كـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كردوویەتی حەز ناكەین تەركی بكەین •

٧٤/٣٣٧٥ ـ عن نافع عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قـال : ما تركت استلام هذين الركنين [اليمانيين] في شدة ولا رخاء منذ رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستلمهما [إلى هنا مسلم] • [قال عبيدالله] : فقلت لنافع : أكان ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يمشي بين الركنين ؟ قال : إنما كان يمشي ليكون أيسر لاستلامه ح ـ ٣/١٦٠ ، م ـ ٥/٣٧٧ •

تەرجەمە :

نافیع ـ رحمه الله تعالی ـ ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ فەرمووی : لەو وەختەوە کە پێغەمەرم ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دیوە کـە دەستی موبارەکی سوە لـە دوو روکنی یەمانیی [یـەعنی روکنی حەجەرولئەسوەدو روکنی عیراقیی] نە لە فەرەحییا نـە = لـە = تەنگانەدا تەرکی دەستبەسەراهێنانم نەکردوون [عوبەیدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی حەفص راوییلە نافیعەوە] ئەفەرموێ : لـە نافیعم پرسـیی : ئیبنوعومـەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەڕۆیی یا هەڕای ئەکرد ؟ فەرمووی : بۆیە ڕۆیی کە دەستلێدانی روکنەکانی بۆ سەهل بێ •

٣٣٧٦/٧٥ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعـالی عنهما ـ قـال : طاف النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ في حجة الوداع علی بعير يسـتلم الركن [أشار إليه • أخری خ] بمحجن ح ـ ٣/١٦١ ، م ـ ٥/٣٧٩ ، وفيه د ، جه ، وفي أخری : أشار إليه بشيء كان عنده وكبر ح ـ ٣/١٦٣ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە (حجة الوداع)ا بەسەر وشترەوە = طەوافی کردو = بە عەصاکەی ئیشارەتی روکنی حەجەری ئەکردو [سەری عەصـــــاکەی ماچئەکرد • م] م ـ ٥/٣٨٠ عن أبي الطفيل وفيه : ويقبل المحجن •

٣٣٧٧/٧٦ ـ عن أبي الطفيل [رضي الله تعالی عنه] قال : قلت لابن عباس [رضي الله تعالی عنهما] : = أراني = قد رأيت رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : فصفه لي • قلت : رأيته عند المروة علی ناقة وقـد

كثر الناس عليه • قال : ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : ذاك رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إنهم كانوا لا يدعون ولا يكرهون م ـ ٥/٣٧٤

تەرجەمە :

ئەبوطوفەيل ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرمویّ : بە ئیبنوعەباسم وت ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : = وابزانم = کە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دیوە • فەرمووی : تەعریفی بکە • عەرزمکرد : چاوم پێکەوت کە تەشریفی لای مەروەوە سواری وشـــترێ بوو خەڵق دەورەیان گرتبوو ، فەرمووی : ئەوە پێغەمەرە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خەڵق لـە دەوری دەرناکەن زۆریان لێ ناکەن •

٣٣٧٨/٧٧ ـ عن أبي الطفيل [صحابي صغير ـ رضي الله تعالى عنه] قال : قلت لابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : أرأيت هذا الرمل بالبيت ثلاثة أطواف ومشي أربعة أطواف أســـنة هو ؟ فإن قومك يزعمون = أنــه سنة = قال : فقال : صدقوا وكذبوا • = قال : = قلت : ما قولك صدقوا وكذبوا ؟ قال : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قدم مكة فقال المشركون : إن محمداً وأصحابه لا يستطيعون أن يطوفوا بالبيت من الهزل ، وكانوا يحسدونه • قال : فأمرهم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يرملوا ثلاثاً ويمشوا أربعاً [فصدقوا في أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فعله ، وكذبوا في قولهم إنه سنة مقصودة متأكدة• فلما زال السبب زال المسبب • فليس بسنة أي عند ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ خلافاً لمن عداه فإنه عندهم سنة متأكدة مستمرة • من النووي] قال : قلت لـه : أخبرني عن الطواف بين الصفا والمروة راكباً أسنة هو ؟ فإن قومك يزعمون أنه سنة • قال : صدقوا [في أنه طاف راكباً • نووي] وكذبوا [في أن الركوب أفضل ، بل المشي أفضل ، وركوبه ـ عليه الصلاة والسلام ـ للعذر ، وهـذا

متفق علیه • النووي] قال : قلت : وما قولك صدقوا وكذبوا ؟ قال : إن رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ كثر علیه الناس یقولون : هـــذا محمد ، هذا محمد ، حتی خرج العواتق من البیوت • قال : وكان رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لا یضرب الناس بین یدیه [أي كالملوك] فلما كثر علیه ركب ، والمشي والسعي أفضل م ـ ٥/٣٧٢ •

تەرجەمە :

ئەبوطوفەیل ـ رضـي الله تعـالی عنــه ـ ئەفەرموێ : لـە ئیبنوعەباس ـ رضي الله عنهما ـم پرسیی : لە طەوافا ئەم سێ دەورە هەڕاكردنەو ئەم چوار دەفعە ڕۆیینە چیە ؟ ئایا سونەتن ؟ قەومەكەت ئەڵێن: سونەتن• فەرمووی : [لەوەدا كە ئەڵێن : پێغەمەر ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ كردوویەتی] راستن [لەوەدا كە ئەڵێن : سونەتی دائیمییە بە تەركی خوێنڕژانن واجب ئەبێ] درۆ ئەكەن • عەرزمكرد : هەم راســـــت ئەكەنو هــەم درۆ ئەكەن مەعنای چیە ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ صـلی الله تعـالی علیـه وسـلم ـ لـە عومرەی قەزادا تەشریفی خۆیو ئەصحابی هاتنە مەككە ، موشـــریكەكان وتیان : محمد ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ و ئەصـــحابی لەبەر لەڕێتی ناتوانن طەواف بكەن • حەسەدیان پێ ئەبرد لەبەر ئەوە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری بە ئەصحاب فەرموو كە سێ دەفعە بە دەوری بەیتا بە هەڕاكردن رەمەل بكەن [یەعنی شانهەڵتەكێننو هەڕا بكەن بۆ خاتری موشریكەكان بزانن كە بە قووەتن] عەرزمكرد : خەبەرم بدەرێ سواربوونی بەینی صەفاو مەروە سونەتە یان نـا ؟ قەومەكەت ئەڵێن : ســـــــونەتە • فەرمووی : هــەم راست ئەكەنو هــەم درۆ • عەرزمكرد : مەعنای چیــە ؟ فەرمووی : [راست ئەكەن پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ســـوار بوە ، لەوەدا كە ئەڵێن سونەتە درۆ ئەكـەن] چونكی پێغەمەر ـ صلی الله

تعالى عليه وسلم - خەڵقی زۆری لێ کۆبوەوە ، ئەیانوت : ئەوە محمدە ، ئەوە محمدە ، تا ئەو ژنانەیش کە پەردەنشین و موخەددەر بوون هاتنە دەرێ • پێغەمەریش - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە بەردەستیا [وەك مولووك] لە خەڵق نەئەدراو دووربخرێنەوە ، لەبەر ئەوە کە خەڵق زۆربوون سوار بوو ، فەقەط بە پێیان رۆیین و سەعیکردن خێرترە •

[جوابی ئەوەڵی ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - موخالیفی هەموو عولەمایە • جوابی دوەمی (مجمع عليه)ە (من النووي)] •

٧٨/٢٣٧٩ - عن أبي الشعثاء [جابر بن زيد • أحمد] أنه قال : ومن يتقي شيئاً من البيت ؟ وكان معاوية يستلم الأركان [كله امخالفاً للنبي - عليه الصلاة والسلام -] فقال له ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - : إنه لا يستلم هذان الركنان [الشاميان ؛ لأنهما لم يتمما على قواعد إبراهيم - على بانيها الصلاة والسلام -] فقال : ليس شيء من البيت [متروكاً] مهجوراً [أخطأ معاوية ورده الإمام الشافعي أحسن رد فقال : لا يلزم من تركِ الاستلام لتركِه - عليه الصلاة والسلام - هجرُه • ونحن نطوف به لكنا نتبع السنة فعلا وتركاً • من القسطلاني] وكان ابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] يستلمهن كلهن [لأنه - رضي الله تعالى عنه - لما بناه ثانياً ••••• بناه على قواعد إبراهيم - عليه الصلاة والسلام - فأدخل فيه الحجر بتمامه ، فلم يكن مانع من استلام الأركان كلها •••] ح - ١٦١/٣ •

تەرجەمە :

ئەبوشەعثا ئەڵێ : کێ خۆی لە بەیت ئەپارێزێ و ئیستیلامی ناکا ؟ موعاویە ئیستیلامی هەموو ئەرکانی بەیتی کرد • ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - پێیفەرموو : ئەم دوو روکنە [لە بەیت نین] دەستیان

لێ نادرێ • وتی : هیچ شتێك لە بەیت مەهجوور نیە [ئیمامی شافیعی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : ئێمە تەرکی دەستلێدانی بۆیە ناکەین کە تەرکی بەیت بکەین ؛ چۆنی تەرك ئەکەین ، ئێمە طەوافی ئەکەین ، ئێمە تابیعی سونەتی پێغەمەر ئەبین ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە فیعلو لە تەرکا • ئەگەر دەستلێنەدانی ئەو دوو روکنە هیجرانی بەیت بێ لازم بێ مابەینی روکنەکان کە هیچ دەستیان لێ نادرێ ئەویش هیجرانی بەیت بێ • هیچ کەس نیە کە وا بلێ] •

ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەستی لە هەموو روکنەکان ئەدا = چونکی کاتێ ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دووبارە ماڵی خوای دروستکردەوە لە سەر بناغەی حەزرەتی ئیبراهیم ـ عليه السلام ـ دروستی کردەوەو حیجری خستەوە ناو بەیت ، بەوە مانیعی دەستلێدانی روکنەکان نەما] •

٧٩/٣٣٨٠ ـ عن الزّبير بن عربي قال : سأل رجل ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن استلام الحجر [الأسود] فقال : رأيت رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ يستلمه ويُقَبِّله• قال : قلت : أرأيت ان زُحِمتُ ؟ أرأيت إن غُلِبْتُ ؟ قال [ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] : اجعل أرأيت باليمن• رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يستلمه ويقبله

ح ـ ١٦٢/٣ ، ت ، ن •

تەرجەمە :

زەبیری کوڕی عەرەبی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئیبنوعومەری پرسیی ـ رضي الله تعالى عنهما ـ دەرحەقی دەست لە (حجر الاسود)دان سونەتە یان نا ؟ فەرمووی : پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى

علیه وسلم ـ دی دەستی موبارەکی بەسەرا ئەهێناو ماچیئەکرد • پیاوەکـە عەرزیکرد : ئەگەر زەحمەتم بوو ئیزدیحامو غەڵەبە مانیعم بوو [یەعنی چی بکـەم] ؟ ئیبنوعومـەر ـ رضـي الله تعـالی عنهما ـ فەرمووی : واز لـەم تەردیداتە بێنە فڕێیدەرە یەمەن • من دیم کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەستی موبارەکی لێ ئەداو ماچیئەکرد •

٣٣٨١/٨٠ ـ عن ابن المسیب [رحمه الله تعالی] قال : قالت عائشـة [رضي الله تعالی عنها] : ان رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ قال : ما من یوم أكثر من أن یعتق الله ـ عز وجل ـ فیه عبداً من النار من یوم عرفة ، وإنه لیدنو ثم یباهي بهم الملائكة ، فیقول : ما أراد هؤلاء ؟ م ـ ٦/٤٩ •

تەرجەمە :

عایشە ـ رضـي الله تعالی عنها ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : هیچ رۆژێ نیـە کـە خوا ـ عز وجل ـ زیاتر لـە رۆژی عەرەفە عەبدی تیا ئازاد بکا • رۆژی عەرەفە رەحمەتی لە عەبد نزیك ئەبێتەوە ، بە عیبادی خۆی ئیفتیخار بەسەر مەلائیکەدا ئەکـا ئەفەرموێ : ئەمانە چییان ئەوێ ؟ [یەعنی هاتوون رجای رەحمەتی من ئەکەن لە عەذابی من ئەترسن (كما ذكره عبدالرزاق في مسنده • النووي)] •

٣٣٨٢/٨١ ـ عن عبید بن جُریج ـ رحمه الله ـ أنـه قال لعبدالله بن عمر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ : یا أبا عبدالرحمن رأیتك تصنع أربعاً لم أر = أحداً = من أصحابك یصنعها ! قال : وما هي یا ابن جُریج ؟ قال : رأیتك لا تمس من الأركان إلا الیمانیین • ورأیتـك تلبس النعـال السِّـبتیة [المدبغة] • ورأیتك تصبغ بالصفرة • ورأیتك اذا كنت بمكة أهلَّ النـاس اذا رأوا الهلال ولم تُهِلَّ أنت حتی كان یوم الترویة • قال عبدالله [رضي الله تعالی عنه] • أما الأركان فإني لم أر رسول الله ـ صلی الله تعـالی علیـه

وسلم - يمس إلا اليمانيين • وأما النعال السبتية فإني رأيت رسـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يلبس النعال التي ليس فيها شعر ويتوضأ فيها ، فأنا أحب أن ألبسها • وأما الصفرة فإني رأيت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم- يصبغ بها ، فأنا أحب أن أصبغ بها • وأما الإهلال فإني لم أر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يهل حتى تنبعث به راحلته ح - ١/٢٤٦ وفي اللباس ، م - ٥/٢١٤ ، د ، ن ، جه •

تەرجەمە :

ئیبنوجورەیج ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : عەرزی ئیبنوعومەرم کرد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : ئەی ئەبوعەبدوڕەحمان چاوم پێت ئەکەوێ چوار شت ئەکەی نابینم ئەصحابەکانت وا بکەن ؟ فەرمووی : ئەوە چیە ئەی ئیبنوجورەیج ؟ عەرزم‌کرد : ئەتبینم کە هەر دوو روکنی یەمانیی مەس ئەکەی • ئەتبینم کەوشی بێ‌موو ئەکەیتە پێ • ئەتبینم سەرو لیباسـت بە رەنگی زەرد رەنگ ئەکەی • ئەتبینم کە لە مەککەدا بووی خەڵق لە ئەووەڵی مانگەوە تەکبیر دائەدەن تۆ هەر رۆژی تەرویە دەسـت ئەکەی بە تەکبیردادان • فەرمووی ـ بە موختەصەریی ـ : بۆیە وا ئەکەم پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمانەی هەموو وا کردوە •

٣٣٨٣/٨٢ ـ ابن جريج أخبرنا عطاء [بن أبي رباح] إذ منع [إبراهيم] ابن هشام النساء الطواف مع الرجال • قال : كيف تمنعهن وقد طاف نساء النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ مع الرجال ؟ [قال ابن جريج] : قلت [لعطاء] : أبعد الحجاب أو قبل ؟ قال [عطاء لابن جريج] : أي لعمري لقد أدركته [أي طوافهن معهم] بعد الحجاب • قلت : كيف يخالطن الرجال ؟ قال : لم يكن يخالطن ، كانت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تطوف

حَجْرة [ناحية] من الرجال لا تخالطهم • فقالت امرأة [دِقْرة] : انطلقي نستلم يا أم المؤمنين • قالت : عنك ، وأبت [الاســـــتلام] فكن يخرجن متنكرات بالليل فيطفن مع الرجال ، ولكنهن كن إذا دخلن البيت قمن حتى يدخلن وأخرج الرجال • [قال عطاء :] وكنت آتي عائشة [رضي الله تعـالى عنها] وعبيد بن عمير ، وهي مجاورة في جوف ثبير • قلت : وما حجابهـا ؟ قال : هي في قبة تركية لها غشاء ، وما بيننا وبينها غير ذلك • ورأيت عليهـا درعاً مورّداً خ - ٣/١٦٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : عەطا خەبەری داوم کە ئیبراهیمی کوڕی هیشام کە ئەمیری حەج بوو مەنعی ژنانی کـرد کـە لەگـەڵ پیاوان طەواف بکەن ، کە بە ئیبراهیمی وت : چۆن مەنعی ژنان ئەکەی لـە طەواف لەگەڵ پیاوان کە حەرەمانی پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسلم ، ورضي عنهن - لەگەڵ پیاوان بە یەکەوە طەوافیان ئەکرد ؟ ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ: لەعەطام پرسیی : لە پێش ئایەتی حیجابا یا دوای ئایەتی حیجاب ؟ فەرمووی : بەڵێ بە حەیاتی خۆم من هەر لە دوای حیجاب بە طەوافیانا گەییوم [چونکە عەطا تابیعینە چۆن ئەکەوێتە پێش ئایەتی حیجابەوە] • ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : لێمپرسیی : چۆن ژنان تێکەڵ بـە پیاوان ئەبوون ؟ فەرمووی : تێکەڵیـان نەئەبوون ، حەزرەتی عایشە - رضي الله تعـالى عنها - لا لـە پیاوان طەوافی ئەکـرد ، ژنێـکی لە خزمـەتـا بوو ناوی دیقەرە بـوو عـەرزی کـــرد : (یا أم المؤمنين) پێش‌کەوە طەواف[1] کە • فەرمووی : واز بێنە ، ئیبای لە

---

(١) لە دەقە عەرەبی‌یەکەدا دەفەرموێ : (نستلم) واتە دەست لـە روکن بدەین ، بەڵام دانەر بە طەواف مانای لێداوەتەوە ، قەسطەلانیش مانای ئەم وشەی نەکردوە . هەروەها تەماشای (عمدة القاري)شم بۆ کرد ، ئەویش هەر وەك قەسطەلانیی مەعنای لێکدابوەوە .

طەوافکردن کرد • ژنان بە مەستوورەیی بە شەو ئەچوونە دەرێ ، لەگــەڵ پیاوانا طەوافیان ئەکرد ، ئەچوونە بەیتەوە رائەوەستان تا ئەچوونە ژوورێ پیاوان ئەکرانە دەرێ ، منو عوبەیدی کوڕی عومەیر ئەچووینە خزمــەت عایشە ــ رضي الله تعالى عنها ــ لــە ناو شاخی ثەبیرا موجاویــرە بوو[1] • ئیبنوجورەیج ئەفەرموێ : لێمپرسی : حیجابی عایشە ــ رضي الله تعالى عنها ــ چی بوو ؟ فەرمووی : لە خێوەتێکی تورکیدا بوو لــە لبــاد پــەردەیێــکی بەســـەرا کێشرابوو [من مناڵ بووم] کراسێکی گوڵەباغیم لەبەریا دی • [خۆیشی ــ رضي الله تعالى عنها ــ لە حەیاتیاو لە مەماتیا تــا ئــەبــەد هــــەر غونچەی گوڵ بوەو ئەبێ ، چونــکە بەدەنی موبارەکی پێغەمەری ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ لە بەدەن کەوتوەو رەفیقەیشی ئەبێ رووی دوشمنی رەش بێ !] •

٨٣/٣٣٨٤ ــ عن أم سلمة ــ رضي الله تعالى عنها ــ [وروحي فداها] زوج النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ قالت : شكوت إلى رســـــول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ أني أشـــتكي ، فقال : طوفي من وراء الناس وأنت راكبة ، فطفت ورسول الله ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ حينئذ يصلي الصبح إلى جنب البيت وهو يقرأ والطور وكتاب مســـطور ح ــ ٣/١٦٦ ، م ــ ٥/٣٨١ وليس فيه (الصبح) •

تەرجەمە :

ئوممو سەلەمە ــ رضي الله تعالى عنها ــ ئەفەرموێ : **شەکوام بردە بەر** پێغەمەر ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ کە ناســـاغم • فەرمووی : **لە دوای** خەڵقەوە طەواف بکە بە سواریی • فەرمووی : بە ســـواریی طەوافم کرد

(١) واتە خەریکی ئیعتیکافو خواپەرستیی بوو •

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە تەنیشت بەیتەوە نوێژی سبەینێی ئەکردو (والطور وكتاب مسطور)ی ئەخوێند •

٨٤/٣٣٨٥ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - مرَّ وهو يطوف بالكعبة بإنسان ربط يده إلى إنسان بسَيْر ، أو بخيط ، أو بشيء غير ذلك ، فقطعه النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بيده ، ثم قال : قدْ بيده ح - ٣/١٦٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - طەوافی بەیتی ئەکرد ، لـە طەوافەکەدا تەشریفی بـە لای ئینسانێکا رابورد دەستی بە پیاوێکەوە بەستبوو بە سەیرێ[1] ، یا بە پەتێ ، یا بە شتێکی تر ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە دەستی موبارەکی پەتەکەی بڕی ، فەرمووی : دەستی رابکێشە •

[طەبەرانی بە سەنەد لە بیشری باوکی حوذەیفەوە ریوایەت ئەکا کـە بیشر - رضي الله تعالى عنه - موسوڵمان بوو پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ماڵو ئەولادەکەی کە لێیسەنرابوو دایەوە ، لە پاشا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێیگەیی ئەوو طەلقی کوڕی بەیەکەوە بەسـترابوون فەرمووی : ئەوە چیە ؟ عەرزیکرد : ســوێندم خواردوە ئەگەر خوا ماڵو ئەولادەکەم بداتەوە وەك گای گێرە خۆم بە یەکێکەوە ببەســتمو حەجی بەیتوڵلا بکەم • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پەتەکەی گرتو بڕی پێیفەرموون : حەج بکەن ، ئەمەی کە ئێوە کردووتانە لە عەمەلی شەیتانە • قەسطەلانی •

---

(١) واتە : سیرمەیێ ، یا پارچە چەرمێکی بڕراو .

یەعنی خۆئـەذیـەتـدان عیبـادەت نیـە عیبـادەت ئیطاعـەی خوایە ـ عز وجل ـ •

٣٣٨٦/٨٥ ـ عن عمرو بن دينار [رحمه الله تعالى] سـألنا ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : أيقع الرجل على امرأته في العمرة قبل أن يطوف بين الصفا والمروة ؟ قال : قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فطاف بالبيت سبعاً ، ثم صلى خلف المقـام ركعتين ، وطاف بين الصـفا والمروة [سبعاً • م] وقال : (لقد كان لكم في رسول الله [صـلى الله تعـالى عليـه وسلم] أسوة حسنة)[1] [انتهى مسلم] قال : وسـألت جابـر بن عبدالله ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فقال : لا يقرب امرأته حتى يطوف بين الصـفا والمروة ح ـ ٣/١٦٩ ، م ـ ٥/٣٤ •

تەرجەمە :

عەمری کوڕی دینـار ـ رحمه الله ـ ئەفەرموێ : لـە ئیبنوعومەرمـان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پرسیی : ئایا دروستە ئینسان لە عومرەدا لە پێش طەوافی بەینی صەفاو مەروەدا سواری ژنی خۆی بێ ، جیماعی لەگەڵ بکا ؟ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هات ، حەوت جار طەوافی بەیتی کرد ، لە پاشا دوو رکات نوێژی لـە پشـت مەقامەوە کرد ، طەوافی بەینی صەفاو مەروەیشی حەوت جار کرد [یەعنی ئەمجا لـە ئیحرام هاتەدەرێ] ئێوەیش لە ئەفعالی پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ دا شـتێکی باشتان بۆ هەیە کـە ئیقتیدای پێبکەن • عەمر ئەفەرموێ : لـە جابیری کوڕی عەبدوڵلایشم ـ رضي الله تعالى عنهما ـ پرسی ، فەرمووی : تا طەوافی بەینی صەفاو مەروە نەکا نزیکی ژن نەکەوێ •

(١) الاحـزاب /٢١ •

٣٣٨٧/٨٦ - عن بكر بن عبدالله المزني قال : كنت جالساً مع ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عند الكعبة فأتاه أعرابي فقال : ما لي أرى بني عمكم يسقون العسل واللبن وأنتم تسقون النبيذ أمن حاجة بكم أم من بخل ؟ فقال ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] : الحمد لله ما بنا من حاجة ولا بخل ، قدم النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - على راحلته وخلفه أسامة = فاستسقى = [رضي الله تعالى عنه] فأتيناه بإناء من نبيذ فشرب وسقى فضله أسامة [رضي الله تعالى عنه] وقال : أحسنتم وأجملتم كذا فاصنعوا ، فلا نريد تغيير ما أمر به رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - م - ٤١٨/٥

تەرجەمە :

بەکری کوڕی عەبدوڵلای موزەنیی - رحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : لای کەعبە لە خزمەت ئیبنوعەباسا - رضي الله تعالى عنهما - دانیشتبووم ئەعرابییێ هاتە خزمەتی عەرزیکرد : بۆچی وا ئەبینم ئامۆزاکانت هەنگوینو شیر ئەدەن بە خەڵق بیخۆنەوە ، ئێوە هەر نەبیذیان ئەدەنێ ؟ لە بەر ئیحتیاجیتانە یا لەبەر بەخیلیتانە ؟ فەرمووی : (الحمد لله) نە ئیحتیاجین نە بەخیلین ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی بە سواری وشترەکەی هات ، ئوسامەی لە پاشکۆدا بوو کاسەیێ نەبیذمان بۆ هێنا خواردیەوە ، پاشماوەکەی دا بە ئوسامە فەرمووی : جوانو باشتان کردوە ، هەر وا بکەن ، ئیرادەمان نیە شتێ بگۆڕین کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری پێکردوە ٠

٣٣٨٨/٨٧ - عن عبدالله بن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : قدم النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - مكة فطاف وسعى بين الصفا والمروة ، ولم يقرب الكعبة بعد طوافه بها حتى رجع من عرفة ح - ١٦٩/٣ ٠

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى علیه وسلم ـ تەشریفی هاتە مەکە طەوافی بەیتیکرد [بۆ طواف القدوم] سەعی بەینی صـەفاو مەروەی کرد ، دوای طەوافولقودووم تـا لە عەرەفـە تەشریفی گەڕایەوە تەریکی بەیت نەکەوت •

طەوافولقوودووم سوننەتە لە ئەرکانی حەج نیە قەسطەلانی •

٨٨/٣٣٨٩ ـ عن عروة عن أم سـلمة ـ رضي الله تعالى عنها ـ زوج النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ [وروحي فداهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال وهو بمكة وأراد الخروج ولم تكن أم سـلمة [رضي الله تعالى عنها] طافت بالبيت وأرادت الخروج ، فقال لها رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إذا أقيمت صلاة الصبح فطوفي على بعيرك والناس يصلون ففعلت ذلك فلم تصـل [ركعتي الطواف] حتى خرجت ح ـ ٣/١٧٠ •

تەرجەمە :

ئوممو سـەلەمە ـ رضـي الله تعـالى عنهـا ـ ئەفەرموێ : پێغـەمـەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ تەشـریفی لـە مەککە بوو قەیلوولەی کرد ئیرادەی فەرموو تەشریفی لە مەککە دەرچێ • ئوممو سەلەمە ـ رضي الله تعـالى عنهـا ـ طەوافی بەیتی نـەکـردبوو تەمـای بوو ئەویش لە مەککە بڕواتە دەرێ • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئـەمـری پێفەرموو : کە قامەتی نوێژی سبەینێ کرا بەسەر وشترەکەتەوە ، کە خەڵق لە نوێژا بوون ، طەواف بکە ، طەوافیکرد ، تا لە مەککە چوە دەرێ نوێژی طەوافی نەکرد •

نوێژی طەواف تا نیهایەتی عومری ئینسان ناچێ وەختی ئەمێنێ •

٨٩/٣٣٩٠ ـ كان ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يصـــلي ركعتي الطواف ما لم تطلع الشمس • وطاف عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ بعد صلاة الصبح فركب حتى صلى الركعتين بذى طوى ح ـ ٣/١٧٠ (معلق) •

تەرجەمە :

ئيبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ تا رۆژ هەڵنەهاتايە نوێژی طەوافی ئەكرد • عومەر ـ رضي الله تعالى عنه ـ دوای نوێژی سبەینێ طەوافی كرد ، لە دواییا سوار بوو تا نوێژی طەوافی لە ذو طوا كرد •

٩٠/٣٣٩١ ـ عروة عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن ناساً طافوا بالبيت بعد صـلاة الصبح ثم قعدوا إلى المذكِّر[1] ، حتى إذا طلعت الشمس قاموا يصلون [سنة الطواف] فقالت عائشـــــة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : قعدوا حتى إذا كانت الساعة التي تكره فيها الصـــلاة قاموا يصـــلون ! ح ـ ٣/١٧١ •

تەرجەمە :

عوروە لە عایشەوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ كە بەعزێ خەڵق طەوافیان كرد دوای نوێژی سبەینێ ، ئەمجا دانیشتن بۆ = گوێ گرتن لە ئامۆژگاریی واعیظ = تاهەتاوكەوت ئەمجا هەڵسان بۆ نوێژی طەواف • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ فەرمووی : هەر دانیشتن تا وەختی مەكرووه داهاتو لـە دواییا هەڵەستن نوێژ ئەكەن ؟!

٩١/٣٣٩٢ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : اســـتأذن العباس بن عبدالمطلب ـ رضي الله تعالى عنه ـ رسول الله ـ صلى الله تعـالى

---

(١) دانەر ـ خ ـ بە هەڵە لە باتی ئەمە (الذكر)ی نووسیبوو ، بەو پێیـە تەرجەمەكەیشی بە هەڵە كردبوو ، لە هەردوو لادا چاكم كرد .

عليه وسلم ـ أن يبيت بمكة ليالي منى من أجل سقايته ، فأذن له
ح - ٣/١٧٢ ، م - ٥/٤١٧ •

تەرجەمە :

عەباس - رضي الله تعالى عنه - ئیذنی لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - خواست کە شەوانی مینا لە مەککەدا بمێنێتەوە ، لەبەر ئەمە ئاوی زەمزەم بدا بە حاجییان ، ئیذنی دا • [سێ شەوی مینا : یانزەو ، دوانزەو ، سێنزە هەم لە مینادا مانەوە بۆ غەیری مەعذوور واجبە ، تەرکی کرد خوێنڕژان لازمە ، بۆیە حەزرەتی عەباس - رضي الله تعالى عنهما ئیذنی خواست •

حەنەفیی ئیذنی عەباس - رضي الله تعالى عنه - ئەکەن بە دەلیلی ئەمە کە شەو لەمینا مانەوە سونەتە (من القسطلاني)] •

٩٢/٣٣٩٣ ـ عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - جاء إلى السقاية فاستسقى ، فقال العباس : يا فضل اذهب إلى أمك فأت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بشراب من عندها • فقال : اسقني • قال : يا رسول الله إنهم يجعلون أيديهم فيه • قال : اسقني • فشرب منه ، ثم أتى زمزم وهم يسقون ويعملون فيها ، فقال : اعملوا فإنكم على عمل صالح • ثم قال : لولا أن تغلبوا لنزلت حتى أضع الحبل على هذه ، يعني عاتقه ، وأشار إلى عاتقه ح - ٣/١٧٣ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - ضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هاتە لای سیقایە[1] ، داوای شەربەتی کرد کە

(١) واتە : هاتە لای ئەوانەی ئاویان بە حاجییان ئەداو داوای ئاوی لێ کردن •

تۆشی بكا • عەباس ـ رضي الله تعالى عنه ـ فەرمووی : ئەی فەضل بچۆرە لای دایكت شەربەتی بێنەرە خزمــەت • فەرمووی : بمدەرێ بیخۆمەوە • عەرزیكرد : (یا رسول الله) خەڵق دەســتی ئەخەنە ناوەوە • فەرمووی : بمدەرێ بیخۆمەوە • خواردیەوە ، تۆشی فەرموو ، لە پاشا تەشریفی هاتــە لای زەمزەم ئاویان بە خەڵق ئەداو ئیشیان تیا ئەكرد ، فەرمووی : ئیشكەن لەسەر عەمەلێكی خێرن • لە پاشا فەرمووی : لەبەر ئەوە نەبوایە كە خەڵق غەڵەبەتان بەسەرا بكەنو لێتان بستێنن دائەبەزیمو گوریسەكەم ئەخســتە سەر ئەمەم ، ئیشارەتی ملی موبارەكی خۆی كرد •

ئاودان بە خەڵق خێرێكی عەظیمە •

٩٣/٣٣٩٤ ـ عن نافع أن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أراد الحج عام نزل الحجاج بابن الزبير [رضي الله تعالى عنهما] فقيل له [أي قـال لـه ابناه عبدالله وسالم • م] : إن الناس كائن بينهم قتـال ، وإنـا نخــاف أن يصدوك • فقال : لقد كان لكم في رسول الله [صلى الله تعـالى عليه وسلم] أسوة حسنة ، إذاً أصنع كما صنع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ إني أشهدكم أني قد أوجبت عمرة ، ثم خرج حتى إذا كان بظاهر البيداء قال : ماشأن الحج والعمرة إلا واحد ، أشهدكم أني قد أوجبت حجاً مع عمرتي ، وأهدي هدياً اشتراه بقديد ، ولم يزد على ذلك فلم ينحر ولم يحل من شيء حرم منه ، ولم يحلق ولم يقصر حتى كان يوم النحر فنحر وحلق ورأى أن قــد قضى طواف الحج والعمرة بطوافه الأول [الذي طافه يوم النحر] وقـال ابن عمر [رضي الله تعالى عنه] : كذلك فعل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ

ح ـ ١٧٧/٣ ، م ـ ٣٤٥/٥ بفرق لفظي •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ ئیرادەی حەجکردنی بوو لەو ساڵەدا بوو کە حەججاجی کوڕی یوسف بە ئەمری عەبدولمەلیکی فەرانی شام لەشکری هێنابوە سەر ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالی عنهما ـ عەبدوڵلاو سالمی کوڕی عەبدوڵلا عەرزی باوکیان کرد : لە ئیمساڵ صەبر بکە مەچۆ بۆ حەج ؛ لە بەینی خەڵقا شەڕو شۆڕ هەیە ، ئەترسین مەنعت بکەن لە حەج . فەرمووی : ئیقتیدایێکی باشتان هەیە کە بیکەن بە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە لە عومرە مەنع کرا چی کرد منیش ڕوا ئەکەم ، ئێوە شاهید بن کە عومرەم واجب کرد . **لە پاشا** تەشریفی چوە دەرێ تا هاتە بەیداء ، لەوێ فەرمووی : شەئنی عومرەو حەج یەکێکە بە شاهید بن لەگەڵ عومرەکەما حەجێکیشم واجب کرد . لە قودەید هەدییێکی کڕی لەوە هیچی تری لێ زیاد نەکرد ، نە حەیوانی سەربڕیو نە لە عومرەکەی هاتەدەرێو نە ئەوی لێی حەرام بووبوو حەڵاڵی کرد ، نە سەری تاشیو نە هەڵیپاچی تا ڕۆژی نەحر ، ڕۆژی نەحر سەری تاشی ، ڕەئیی وابوو کە بەو طەوافە لە ڕۆژی نەحرا کردوویەتی طەوافی حەجیشو عومرەیشی بەجێهێناوە . ئیبنوعومەر ـ رضي الله عنهما ـ فەرمووی : ڕەسوولوڵلا ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وای کردوە .

٩٤/٣٣٩٥ ـ عمرو وهو ابن الحرث عن محمد [هو أبو الأسود النوفلي يتيم عروة . القسطلاني] بن عبدالرحمن أن رجلا من أهل العراق قال له : سل لي عروة ابن الزبير [رضي الله تعالى عنه] عن رجل يُهِلّ بالحج فإذا طاف بالبيت أيحل [قبل السعي] أم لا ؟ فإن قال لك لا يحل فقل له : إن رجلا يقول ذلك . قال : فسألته فقال : لا يحل من أهلّ بالحج إلا بالحج . قلت : فإن رجلا كان يقول ذاك . قال : بئس ما قال ، فتصداني

[اي تصدى لي] الرجل فسألني ، فحدثته ، فقال : فقل له : فإن رجلا كان يخبر أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قد فعل ذلك ، وما شأن أسماء والزبير [رضي الله تعالى عنهما] قد فعلا ذلك ؟ قال : فجئته فذكرت له ذلك ، فقال : من هذا ؟ فقلت : لا أدري ، قال : فما باله لا يأتيني بنفسه يسألني أظنه عراقياً ؟ قلت : لا أدري ، قال : إنه قد كذب ، قد حج رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - فأخبرتني عائشة [رضي الله تعالى عنها] إنه أول شيء بدأ به حين قدم مكة أنه توضأ ، ثم طاف بالبيت ، ثم حج أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] فكان أول شيء بدأ = به = الطواف بالبيت ثم لم يكن غيره ، ثم عمر مثل ذلك ، ثم حج عثمان [رضي الله تعالى عنهما] فرأيته أول شيء بدأ به الطواف بالبيت ثم لم يكن غيره ، ثم معاوية وعبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] ثم حججت مع أبي الزبير بن العوام - رضي الله تعالى عنه - فكان أول شيء بدأ به الطواف بالبيت ، ثم لم يكن غيره ، ثم رأيت المهاجرين والأنصار يفعلون ذلك ، ثم لم يكن غيره ، ثم آخر من رأيت فعل ذلك ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] ثم لم ينقضها بعمرة، وهذا ابن عمر عندهم أفلا يسألونه ؟ ولا أحد ممن مضى ما كانوا يبدأون بشيء حين يضعون أقدامهم أول من الطواف بالبيت ثم لا يحلون ، وقد رأيت أمي وخالتي حين تقدمان لا تبدآن بشيء أول من البيت تطوفان به ثم لا تحلان ، وقد أخبرتني أمي أنها أقبلت هي وأختها والزبير وفلان وفلان بعمرة قط ، فلما مسحوا الركن حلوا وقد كذب فيما ذكر من ذلك م - ٥/٣٥٠ ، ح - ٣/١٧٨ من : حج رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وحذف الأول ، وفيه بدل : ثم لم يكن غير ذلك ، ثم لم تكن عمرة في المواضع كلها ، ح - ٣/١٦٤ .

تەرجەمە :

محەمەدی کوڕی عەبدوڕەحمانی [یەتیمی عوروە کە لونیەی ئەبولئەسوەدی نەوفلیە] ئەفەرموێ : پیاوێ لە ئەهلی عیراق پێی وتم : سوئالم بۆ لە عوروە بکە دەرحەقی پیاوێ ئیحرام بە حەج دابیەستێ کە طەوافی بەیتی کرد لە پێش سەعیا بۆی دروستە کە لە ئیحرام بێتەدەرێ یبکا بە عومرە ؟ ئەگەر وتی : دروست نیە پێی بلێ : پیاوێ [لە ئیبنوعەباسە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] ئەلێ دروستە • محەمەد ئەلێ : چووم لێم پرسی فەرمووی : دروست نیە ، هەرکەسێ ئیحرامی بە حەج دابەست بە حەج نەبێ لە ئیحرام نایێتە دەرێ • عەرزم کرد : پیاوێ ئەلێ : بۆی دروستە • فەرمووی : خراپی وتوە • لە پاشا ئەو عیراقیەم کە تووش بوو ـ تووش بوو لێی پرسیم جوابەکەی عوروەم بۆ گێڕایەوە • وتی پێی بلێ : پیاوێك ئەلێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کردوویەتی ئەی بۆ ئەسماء زوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ کردوویانە ؟ محەمەد ئەلێ : چوومەوە لای عوروە عەرزم کرد • فەرمووی : ئەو پیاوە کێیە ؟ وتم : نازانم • فەرمووی : ئەی بۆ خۆی نایێ لێم بپرسێ ؟ وا بزانم ئەوە عیراقییە • عەرزم کرد : نازانم • عوروە فەرمووی : ئەو پیاوە درۆ ئەکا • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حەجی کرد • عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ خەبەری داومێ لەو وەختەدا کە تەشریفی هاتە مەککە ئەووەڵ شتێ کە دەستی پێ کرد دەزنوێژی شت ئەمجا طەوافی بەیتی کرد ، لە پاشا هیچی تر نەبوو ، نەیکرد بە عومرە [بە موختەصەری عومەرو عوثمان ـ رضي الله تعالى عنهما ـ و موعاویەو عەبدوڵڵای کوڕی عومەر حەجیان کردو ، من خۆم لەگەڵ زوبەیری بارکما حەجم کرد • موهاجیرین و ئەنصار ـ رضي الله تعالى عنهم ـ حەجیان کرد • ئاخر کەسێ کە دیم حەجی کرد ئیبنوعومەر بوو ـ رضي الله تعالى عنهما ـ

ئەمانە هیچیان حەجەکانیان نەکرد بە عومرە • ئەوە ئیبنوعومەرە - رضي الله تعالی عنهما - نە لایانە بۆ لێی ناپرسن ؟ ئەوانە کە ناویان رابورد هیچیان لـە پێش طەوافی بەیتا پێیان لە هیچ جێیێ دانەناوە دوای طەواف تا سـەعیی بەینی صەفاو مەروەی نەکردبێ لە ئیحرام نەهاتوونە دەرێ • دایکم و پوورمم دیوە کە هاتوون بۆ مەککە لە پێش کوللی شتێکا طەوافی بەیتیان کردوەو تا حەجیان تەواو نەکردبێ لە ئیحرام نەهاتوونە دەرێ • دایکم خەبەری داومێ خۆی و خوشـکی و فلان و فلان بۆ عومـرە هاتوون ، کـە مەسسی (حجـر الاسود) یان کردوە ئەرکانی عومرەکەیان بەجێهانیوە ، ئەمجا لـە ئیحرام هاتوونەدەرێ • ئەمما عایشە - رضي الله تعـالی عنها - چونکی حەیزی بوو دوای عەرەفە طەوافی بەیتی کرد لە (حجة الوداع) [ئەوی هەدیی پێ نەبێ بۆی دروستە بیکا بە عومرە ، ئەوی پێی بێ بۆی دروست نیە] •

۳۳۹۶/۹۵ - عن أسماء بنت أبي بكر [رضي الله تعالى عنهما] قالت : خرجنا محرمين ، فقال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : من كان معه هدي فليقم على إحرامه ، ومن لم يكن معه هـدي فليحلل ، فلـم يكن معي هدي فحللت ، وكان مع الزبير هدي فلم يَحْلِـل • قالت : فلبست ثيابي ثم خرجت فجلست الى الزبير • فقال : قومي عني فقلت : أتخشـــــى أن أثب عليك ؟ م - ۳۵۲/۵ • وفي أخرى : استرخي عني ، استرخي عني • •

تەرجەمە :

ئەسـمای کچی ئەبوبەکر - رضي الله تعـالی عنهما - ئەفەرموێ : بـە موحریمیی لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - چووینەدەرێ • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - فەرمووی : هەرکەسێ هەدیی پێ بێ لەسەر ئیحرامی بمێنێ ، ئەوی پێی نەبێ ئیحرام بشـــکێنێ • من هەدیم پێ نەبوو ئیحرامم شکان • زوبەیری مێردم هەدیی پێبوو لە ئیحرام نەهـاتـە

دەرێ ، چووم جلەکانم لەبەرکرد ، چوومە لای زوبەیر دانیشـــــــــتم . وتی : لێم دوورکـــەوەرەوە . وتـم : بۆ ئەترسی کـــە پەلامـارت بـدەم ، سوارت بم ؟

٣٣٩٧/٩٦ ـ عن الزهري قال عروة : سألت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ فقلت لها : أرأيت قول الله (إن الصفا والمروة من شـعائر الله ، فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه أن يطوف = بهما =)[1] ؟ فوالله ما على أحد جناح أن لا يطوف بالصفا والمروة . قالت : بئسما قلت يا ابن أختي . إن هذه لو كانت كما أولتها عليه كانت لا جنـاح عليـه أن لا يتطوف بهما ، ولكنها أنزلت في الأنصار ؛ كانوا قبل أن يسلموا يهلّون لمنـاة الطاغية التي كانوا يعبدونها عند المشـــلّل [من قديد . م] فكان من أهلّ يتحرج أن يطّوف بالصفا والمروة . فلما أسلموا سألوا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ عن ذلك قالوا : يا رسول الله إنا كنا نتحرّج أن نطوف بين الصـــفا والمروة . فانزل الله ـ تعالى ـ (ان الصفا والمروة من شعائر الله ...) الآية . قالت عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : وقد سنّ [أي فرض . قسطلاني] رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ الطواف بينهما ، فليس لأحـــد أن يترك الطواف بينهما [قال الزهري :] ثم أخبـرت أبـا بكر بن عبدالرحمن [بن الحرث] فقال : إن هذا لَعِلْمٌ ما كنت سمعته . ولقد سمعت رجالا من أهل العلم يذكرون الناس إلا مَن ذكرت عائشة [رضي الله تعالى عنها] ممن كان يهل بمناة كانوا يطوفون كلهم بالصفا والمروة . فلما ذكر الله تعـالى الطواف بالبيت ، ولم يذكر الصفا والمروة في القرآن قالوا : يا رسول الله كنا نطوف بالصفا والمروة وان الله [عز وجل] أنزل الطواف بالبيت فلم يذكـــر الصفا ، فهل علينا من حرج أن نطّوف بالصـــفا والمروة ؟ فأنزل الله تعالى :

(١) البقـرة /١٥٨ .

(إن الصفا والمروة من شعائر الله •••) الآية قال أبو بكر : فاسمع هـذه الآيـة نزلت في الفريقين كليهما : في الذيـن كـانوا يتحرجون أن يطوفوا في الجاهلية بالصفا والمروة ، والذين يطوفون ثم تحرجوا أن يطَّوفوا بهما في الإسلام من أجل أن الله تعالى أمر بالطواف بالبيت ، ولم يذكر الصـــــفا [والمروة] حتى ذكـــر ذلك بعـدمـا ذكـر الطواف بالبيت ح - ٣/١٧٩ ، م - ٥/٣٨٣ بفرق لفظي غير مغير •

تەرجەمە :

زوهریی ئەفەرموێ : عوروە فەرمووی : لە عایشە - رضي الله تعـالى عنها -م پرسیی : خەبەرم بدەرێ لە ئایەتی (إن الصفا ••• الأیە) کە مەئالی وایە : صەفاو مەروە لە شەعائیری خوایە هەرکەسێ حەجی بەیت بکا ، یـا عومرە بکا گوناهی نیە کە طەوافیـان بکا ، وەڵلاهی هیچ کەسێ گونـاهی ناکاتێ کە طەوافیان نەکا [یەعنی مەعنـای ئایەتەکە وایە نـە طەوافیان نـە طەوافنەکردنیان گوناه نیە] • حەزرەتی عایشــە - رضي الله تعـالى عنها - فەرمووی : چ تەئویلێکی خراپتکرد ئەی کوڕی خوشکی خۆم ! ئەگـەر وەکوو تۆ تەئویلت کرد وا بوایە ئایەتەکە وا نەئەبوو ، ئەیفەرموو : گوناه نیە کە طەوافی نەکا نەیئەفەرموو : گوناە نیە کە طەوافی بکا • ئەمما ئـەم ئایەتە دەرحەق ئەنصار نازڵ بوو لە پێش ئەمەدا کە موسوڵمان ببن ئیهلالیان بە مەناتی بت ئەکرد کە عیبادەتیان ئەکرد لای موشـــــــەللەلی قودەیدەوە [یەعنی بە ناوی ئەوەوە ئەچوونە ئیحرامەوە] ئەوی کە بەو ناوەوە ئیحرامی دائەبەست بە گوناهی ئەزانی کە طەوافی صەفاو مەروە بکا • کە ئەنصـــار موسوڵمان بوون لە پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - يـان پرسی : (یا رسول الله) ئێمە بە گوناهمان ئەزانی کە طەوافی بەینی صــەفاو مەروە بکەین • خوا ئایەتی (إن الصفا والمروة)ی نازڵکرد • عایشــە - رضي الله

تعالى عنها ـ فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ طەوافی بەینی صەفاو مەروەی فەرزکردوە ، بۆ هیچ کەس نیە تەرکی طەوافیان بکا •

زوهریی ئەفەرموێ : ئەم قسەیەی عوروەم بۆ ئەبوبەکری کوڕی عەبدوڕەحمان کرد وتی : ئەمە عیلمێکە نەمبیستوە • یەعنی ئەم ئایەتە کە دەرحەقی ئەنصار نازڵبووبێ لە گەلێ پیاو لە ئەهلی عیلمم بیستوە غەیری ئەوەی حەزرەتی عایشە فەرموویەتی لەوانەی کە بە ناوی مەناتەوە ئیهلال ئەکەن هەموو طەوافی صەفاو مەروەیان ئەکرد • کە خوا ـ عز وجل ـ ذیکری طەوافی بەیتی کردو ذیکری صەفاو مەروەی نەکرد لە قورئانا وتیان: (یا رسول الله) ئێمە طەوافی صەفاو مەروەمان ئەکرد خوا ـ عز وجل ـ طەوافی بەیتی نازڵ کردوەو ذیکری صەفاو مەروەی نەکردوە ئایا گوناهمان ئەگاتێ کە صەفاو مەروە طەواف بکەین ؟ خوا ـ عز وجل ـ ئایەتی (إن الصفا والمروة)ی ئینزال فەرموو • ئەبوبەکر فەرمووی : ئێستە ئەبینم کە ئەم ئایەتە دەرحەقی هەردوو فیرقە نازڵ بوە : ئەوانەی کە لە زەمانی جاهیلیەتا بە گوناهیان ئەزانی کە طەواف بکەن و ، ئەوانەیش کە لە پێشا طەوافیان ئەکردو لە دواییدا کە ئیسلام بوون بە گوناهیان ئەزانی ؛ چونکی کە خوا ـ عز وجل ـ ئەمری بە طەوافی بەیت کردو بەحثی لە صەفاو مەروە نەفەرموو تا لە دواییدا دوای ذیکری طەوافی بەیت ذیکری طەوافی بەینی صەفاو مەروەیشی فەرموو •

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : سەعی لە ماڵی بەنی عوبادەوەیە تا کۆلانی بەنی (أبي الحسين) ح ـ ٣/١٨١ •

٣٣٩٨/٩٧ ـ قال عاصم [بن سليمان الأحول] : قلت لأنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أكنتم تكرهون السعي بين الصفا والمروة ؟ قال : نعم لأنها كانت من شعائر الجاهلية حتى أنزل الله : (إن الصفا والمروة من

شـــــعائر الله فمن حج البيت أو اعتمر فلا جناح عليه أن يطوف بهما ﴾
ح ـ ٣/١٨٢ ، م ـ ٥/٣٨٤ بفرق غير فارق .

تەرجەمە :

عاصیمی کوڕی سولەیمانە خێل ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لـە ئەنەسم پرسیی ـ رضي الله تعالى عنه ـ : ئایا سەعی بەینی صەفاو مەروەتـان ئەکەرهان ؟ فەرمووی : بەڵێ ، چونکی لـە شیعاری جاهیلییەت بوو ، تـا خوا ـ عز وجل ـ ئایەتی (إن الصفا والمروة)ی نازڵکرد .

٩٨/٣٣٩٩ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : إنما سعى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بالبيت وبين الصفا والمروة ليُري المشركين قوته ح ـ ٣/١٨٢ .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : بۆیـە پێغـەمـەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە طەوافی بەیتاو صەفاو مەروە سەعی کرد بۆ خاتری قووەتی خۆیو [ئەصحابی] پێنیشانی موشریکان بدا .

٩٩/٣٤٠٠ ـ عبدالعزيز بن رُفَيع قال : سألت أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ قلت : أخبرني بشيء عقلته عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أين صلى الظهر والعصر يوم التروية ؟ قال : بمنى . قلت : فأين العصر يوم النفر [الأول من منى] ؟ قال : بالأبطح . ثم قال : افعل كما يفعل أمراؤك ح ـ ٣/١٨٦ ، م ـ ٥/٤١٥ ، ن ، د ، ت .

تەرجەمە :

عەبدولعەزیزی کوڕی رەفەیع ئەفەرموێ : لە ئەنەسم پرسیی ـ رضي

الله تعالى عنه ـ خەبەرم بدەرێ رۆژی تەرویە[1] = پێغەمـەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ نوێژی نیوەڕۆو عەصری لە کوێ کرد ؟ فەرمووی : لـە مینا • وتم : ئەی رۆژی نەفری یەکەم ـ رۆژی گەڕانەوە لە مینا ـ نوێژی عەصری لە کوێ کرد ؟ فەرمووی : لە ئەبطەح • لە پاشا ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ پێیفەرموو : ئەمیرو فەرماندەکانت چی ئەکەن تۆیش وا بکە = •

١٠٠/٣٤٠١ ـ عن نافع عن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أفاض يوم النحر ثم رجع فصلى الظهر بمنى • قال نافع : فكان ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يفيض يوم النحـــر ، ثم يرجع فيصلي الظهر بمنى ، ويذكر أن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ فعله م ـ ٤١٣/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژی نەحر ئیفاضـــــەی ئەفەرموو بۆ طەواف لە دواییدا تەشریفی ئەگەڕایەوە نوێژی نیوەڕۆی لـە مینا ئەکرد • ئیبنوعومەریش ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ وای ئەکرد = و ئەیوت • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای کردوە = •

١٠١/٣٤٠٢ ـ عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] قالت : كانت قريش ومن دان دينها يقفون بالمزدلفة ، وكان يســـمّون الحمس [بەردی رەق] وكان سائر العرب يقفون بعرفة ، فلما جاء الإسلام أمر الله ـ عز وجل ـ نبيه ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن يأتي عرفات فيقف بها ، ثم يفيض منهـا ، فذلك قوله ـ عز وجل ـ : (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس) م ـ ٣٣١/٥

(١) لەم شوێنەدا بەشێکی دەفتەرەکانی دانەر تەواو بوەو لـە سـەرەتای بەشی دواییدا تەرجەمەی ئەمەودوای حەدیثەکەی لـە بیر چوە ، ئێمە وەك خۆی تەرجەمەمان کرد .

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالی عنها - ئەفەرموێ : قورەیش‌و ئەوی لەسەر دینی قورەیش بوو لە موزدەلیفە ئەوەستان ، پێیان ئەوتن : حومس (یەعنی بەردی رەق ، ئەوەندە مەتینن] عەرەبی تر لە عەرەفە ئەوەستان • لە دینی ئیسلام هات خوا - عز وجل - ئەمری بەپێغەمەری خۆی کرد - علیه الصلاة والسلام - کە بچێتە عەرەفە لەوێ بوەستێ لە پاشا لەوێوە ئیفاضە بکا بۆ طەواف • ئەوە ئەوەیە کە خوا فەرموویەتی : لەو جێیەوە لێشاو بەرن کە خەڵق لەوێوە لێشاوی ئەڕوا •

١٠٢/٣٤٠٣ - جبیر بن مطعم [رضي الله تعالی عنه] قال : أضللت بعیراً فذهبت أطلبه یوم عرفة ، فرأیت النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - واقفاً بعرفة ، فقلت : هذا والله من الحُمْس فما شأنه ههنا ؟ [وکانت قریش تعد من الحُمْس • م] ح - ٣/١٩٢ ، م - ٥/٣٣٢ ، ن •

تەرجەمە :

جوبەیری کوڕی موطعیم - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : وشترێکم ونکردبوو ، رۆژی عەرەفە چووم بۆی ئەگەڕام ، پێغەمەرم دی - صلی الله تعالی علیه وسلم - لە عەرەفەدا تەشریفی وەستابوو ، وتم : وەڵلاهی ئەمە لە حومسە ، ئیشی چییە لێرە ؟

[قامووس ئەڵێ : حومس بە جێی رەق‌و سەخت ئەڵێن (حماسة)یش لەوە دروستکراوە ، بە قورەیش‌و ، کەنانەو ، جودەیلەو ئەتباعیان ئەڵێن حومس ؛ چونکە لە دینی خۆیانا صەلابەتیان بوە • یا لەبەر ئەوە کە ئیلتیجایان بردوە بۆ بینایێکی لەبەرد دروستکراو کە بەیتە ، چونکی بەردەکانی سپییەو بە رەشا ئەڕوانێ • (من القسطلاني)] •

(عن ابن عمر – رضي الله تعالى عنهما –) کە پێغەمەر – صلی الله تعالی علیه وسلم – سبەینێی رۆژی عەرەفە تەشریفی چوە عەرەفە لە نەمیرەدا تەشریفی دابەزی ، ئەوێ مەنزلی ئیمامە کە لە عەرەفەدا لێی دائەبەزێ ، تا زەختی نوێژی نیوەڕۆ هات لە وەختی هەجیرا – گەرمادا – رۆیی جەمعی لە بەینی نیوەڕۆو عەصرا کردو خوطبەی بۆ خەڵق خوێندو تەشریفی رۆیی و وەستا (أبو داود ، من القسطلاني)] •

١٠٣/٣٤٠٤ – هشام قال عروة : كان الناس يطوفون في الجاهلية عراة إلا الحُمْس ، والحمس قريش وما ولدت ، وكانت الحمس يحتسبون على الناس ، يعطي الرجلُ الرجلَ الثياب يطوف فيها ، وتعطي المرأةُ المرأةَ الثياب تطوف فيها ؛ فمن لم تعطه الحمس طاف بالبيت عرياناً ، وكان يفيض جماعة الناس من عرفات ، وتفيض الحمس من جَمْع ، قال [هشام بن عروة] : وأخبرني أبي عن عائشة – رضي الله تعالى عنها – أن هذه الآية نزلت في الحمس : (ثم أفيضوا من حيث أفاض الناس) [إبراهيم الخليل – عليه أفضل الصلاة والسلام – ت حسن صحيح] قال : كانوا يفيضون من جمع فدفعوا إلى عرفات ح – ٣/١٩٢ ، م – ٥/٣٣٢ بفرق لفظي فقط •

تەرجەمە :

هیشام لە عوروەی باوکیەوە ریوایەت ئەکا کە : خەڵق غەیری حومس هەموو لە زەمانی جاهیلییەتا بە رووتیی طەوافیان ئەکرد • حومس ئیحسانیان بە خەڵق ئەکرد : پیاو جلی ئەدا بە پیاو کە طەوافی پێوەکەن • ژن جلی ئەدا بە ژن کە طەوافی پێوەکا • ئەوی کە حومس جلی نەدادایێ بە رووتیی طەوافی ئەکرد • جەماعەتی خەڵق لە عەرەفاتەوە ئەڕۆیین بۆ (طواف الافاضة) حومس لە جەمع – موزدەلیفە – وە ئەچوون بۆ طەواف • هیشام ئەفەرموێ : عوروەی باوکم لە عایشە – رضي الله تعالى عنها – وە

خەبەرن داوی کە ئەم ئایەتە کە ئەفەرموێ لەو جێیەوە کە خەلق [وەکوو ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسـلام ـ و ئەوانەی کە پەیڕەویی ئاتاری ئەو ئەکەن] بڕۆن بۆ طەواف دەرحەقی حومس نازل بوە ، عوروە ئەفەرموێ : [کـە عائیشــــە ـ رضي الله تعـالى عنها ـ فەرمووی] حومس لە جەمعەوە هێرشیان ئەبرد بۆ طەواف دەفعکران بۆ عەرەفات .

جەمعو موزدەلیفە : ئادەم ـ علیه السلام ـ لـەکـەن حەوادا جـەمـع بوو لەبەر ئادەم ـ علیه السلام ـ تەقەڕوبی بە حەوا کرد . یا دوو نوێژی تیا جەمع ئەکرێتەوەو بە عیبادەت لە خوا نزیك ئەبێتەوە . (القسطلاني) .

١٠٤/٣٤٠٥ ـ عن سالم قال : كتب عبدالملك إلى الحجاج أن [يأتـم بعبدالله بن عمر . أخرى] لا تخالف ابن عمر [رضـي الله تعـالى عنهما] في الحج فجاء ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وأنا معـه يوم عرفة حين زالت الشمس ، فصاح عند سرادق الحجاج [أين هذا ؟ أخرى خ] فخرج وعليـه ملحفة معصـفرة [إزار كبير مصبوغ بالعُصـــفر] فقـال : ما لـك يـا أبا عبدالرحمن ؟ فقال : الرواح إن كنت تريد السنة . قال : هذه السـاعة ؟ قال : نعم. قال : فانظرني حتى أفيض على رأسي ثم أخرج. فنزل حتى خرج الحجاج فسار بيني وبين أبي، فقلت : إن كنت تريد السنة فاقصر الخطبة وعجل الوقوف [الصلاة مالك] فجعل ينظر إلى عبدالله فلما رأى ذلك عبدالله قال : صـــدق ح ـ ٣/١٩٠ ، ١٩٢ ، ن .

تەرجەمە :

سالم ئەفەرموێ : عەبدولمەلیکی قەراڵی شام نووسی بۆ لای حەججاج کـە لـە حەججا موخالەفەی ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ مەکە . ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ رۆژی عەرەفە وەختی زەوال منی لـە

خزمەتا بووم ، تەشریفی چوو بۆ لای حەججاج لای سەراپەردەی حەججاج بانگی‌کرد ، حەججاج هاتەدەرێ ئیزارێکی گەورەی بـە عوصـــــــفور رەنگکراوی بەسەر خۆیـا دابوو ، فلّتانی : ئـەی ئەبوعەبدورەحمان چیت ئەوێ ؟ فەرمووی : ئەگەر سوننەتت ئەوێ بێ بڕۆین ، یەعنی بۆ وقووف • = وتی = : لەم ساعەتەدا ؟ فەرمووی : ئا • = وتی = : مونتەظیر بـەتائـاو ئەکەم بەسەر خۆما لە دواییدا یێمە دەرێ ، بـاوکم دابەزیی تـا حەججاج هاتەدەرێ ، لـە بـەینی من‌و بـاوکما ئەڕۆیی ، پێم‌وت : ئـەگـەر ئیرادەی سوننەتی نەبەویت هەیە خوطبە کورت بکەو عەجەلە بکە لە وقووفا [مالیك لە ریوایەتیدا ئەفەرموێ : عەجەلە لە نوێژا بکە] حەججاج تەماشای باوکمی کـرد • بـاوکم کـە چاوی بـە حـەججاج کـەوت تێی‌ئەفکرێ فەرمووی : راست‌ئەکا •

١٠٥/٣٤٠٦ ـ هشام عن أبيه [عروة] أنه سُئِل أسامة [رضي الله تعالى عنه] وأنا جالس كيف كان رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ يسير في حجة الوداع حين دفع [من عرفات] ؟ قال : كان يســـير العَنَق [بين الإبطاء والاسراع] فإذا وجد فَجْوة [متسعاً] نصّ • قال هشـام : والنص فوق العَنَق • فجوة متســـع ، والجميع فجوات وفجاء ، وكذلك ركوة ورِكاء ، مناصٌ [في ولات حين مناص] ليس حين فرار ح ـ ١٩٣/٣ وفي الجهاد والمغازي م ـ ٣٩٢/٥ ، ن ، جه ، د •

تەرجەمە :

عوروە ئەفەرموێ : دانیشتبووم لە ئوسامەی خۆشـەویستی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ورضي عنه ـ پرسرا : کـە پێغەمەر ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی لـە عەرەفات ئەگەڕایەوە لـە (حجة الوداع)ا چۆن ئەڕۆیی ؟ فەرمووی : بە ڕۆیینێکی نە خێرا نە سەبر تەشریفی ئەڕۆیی ،

ئەگەر کەلەبەرێکی لە خەڵقەکە دەستبکەوتایێ خێراتر ئەڕۆیی • هیشـــام ئەڵێ : (نص) لە (عنق) خێراتر ڕۆیینـە • فەجوە جێیێکە چۆڵ بێ لـە خەڵق ، جەمعی ئـەو فەجەوات‌و فیجائـە وەك رەکوەو رەکـەوات‌و ریکـاء [مەعنای (ولات حين مناص)] مەناصـە ، وەختی فیرارکردن نیە [یەعنی ڕێی فیرار نیە] •

١٠٦/٣٤٠٧ ـ ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنه دفع مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يوم عرفة ، فسمع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وراءه زجراً شديداً وضرباً للإبل فأشار بسوطه إليهم وقـال : أيهـا الناس عليكم بالسكينة ، فإن البر ليس بالإيضاع • (أوضـــعوا) أسرعوا (خلالكم)[١] من التخلل بينكم • (وفجرنا خلالهما)[٢] بينهما ح ـ ١٩٥/٣

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : کـە لـە خزمـەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ڕۆژی عەرەفە لە عەرەفە هاتەخوارێ لە دوایەوە گوێی لە دەنگی لێخوڕین‌و لێدانی وشـتر ئەهات[٣] • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە قەمچیەکەی ئیشـــارەتی خەڵقەکەی کرد فەرمووی : ئەی خەڵقینە بـە ئاهســـتەیی بڕۆن خێر لە خێرالێخوڕینا نیـە (أوضـــعوا خلالكم) : خێرایی ئەکەن کە بۆ فیتنە تێتان خزێن (وفجرنـا خلالهما) : لـە بەینی دوو باغەکـەیـا (نَهَرا) : نەهرێکمان هەڵقوڵان • لە (الكهف)ا •

(١) التوبة /٤٧ . (ولاوضعوا خلالكم يبغونكم الفتنة وفيكم سماعون ...)
(٢) الكهف /٣٣ .
(٣) ئەمە بەم شێوە هەڵەیەو ، دەبێ یان لە باتی (ئەهات) (بوو) بێت ، یان ئەبێ بگوترێ : (گوێی لێ بوو ...) .

١٠٧/٣٤٠٨ ـ عن عبدالرحمن بن يزيد قال : خرجنا مع عبدالله [بن مسعود] ـ رضي الله تعالى عنه ـ إلى مكة ، ثم قدمنا جَمْعًا ، فصلى الصلاتين [المغرب والعشاء] كل صلاة وحدها بأذان وإقامة ، والعشاء بينهما ، ثم صلى الفجر حين طلع الفجر ، وقائل يقول : طلع الفجر ، وقائل يقول : لم يطلع الفجر • ثم قال : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : إن هاتين الصلاتين حوّلتا عن وقتهما في هذا المكان [في هذا اليوم • خ أخرى] المغربَ والعشاءَ ، فلا يقدم الناس جَمْعًا حتى يُعتِموا • وصلاة الفجر هذه الساعة [في هذا اليوم • خ أخرى] ثم وقف حتى أسفر ، ثم قال : لو أن أمير المؤمنين أفاض الآن أصاب السنة • فما أدري أقوله كان أسرع أم دفع عثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ فلم يزل يلبي حتى رمى جمرة العقبة يوم النحر ح ـ ٣/٢٠٠ ، ٢٠١ ، ١٩٧ • مختصراً جداً بالمعنى ن ، م ـ ٥/٣٩٥ •

تەرجەمە :

عەبدورەحمانی کوڕی یەزید ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت عەبدوڵلای ئیبنی مەسعوودا ـ رضي الله تعالى عنه ـ چووین بۆ مەککە ، لە پاشا چووینە جەمع لەوێدا نوێژی مەغریبو عیشای کرد ، کوللێکی بە جوێ کرد ، بە بانگو قامەتێ ، شێویشی لە بەینیانا کردوە ، لە پاشا = نوێژی بەیانیی کرد = کە فەجر طولووعی کرد بەعزێ ئەیوت : طولووعی نەکردوە ، بەعزێ ئەیوت : طولووعی کردوە • لە پاشا فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : ئەم دوو نوێژە لە وەختی خۆیان لادراون لەم جێگەیەدا ، مەغریبو عیشا ، هیچ کەس تا وەختی خەوتنان نەیێ نەیێتە جەمع [کە موزدەلیفەیە] نوێژی فەجریش ئەم ساعەتەیە • لە پاشا ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعالى عنه ـ نەوێ وەستا تا دنیا رووناك بۆوە ئەمجا فەرمووی : ئەگەر (أمير المؤمنين) ئێستە ئیفاضە

بە موتابیعی سوننەت عەمەلی ئەکا . عەبدوڕڕەحمان ئەفەرموێ : نازانم قسەکەی ئیبنومەسعوود لە پێشتر بوو یا کەوتنەڕێی ئیمامی عوثمان - رضي الله تعالى عنه - ئیبنو مەسعوود - رضي الله تعالى عنه - ئیتر هەر (لبیك . لبیك)ەی بوو تا (جمرة العقبة)ی هاویت لە ڕۆژی نەحرا .

١٨٠/٣٤٠٩ - عن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - قال : جمع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - بين المغرب والعشاء بِجَمْعٍ ، كل واحدة منهما بإقامة . ولم يسبح بينهما ولا = على = إثر كل واحدة منهما .
ح - ١٦٦/٣ ، د ، ن .

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە جەمعا جەمعی لە بەینی مەغریب و عیشادا کرد بە تەنها قامەتێ . سوننەتی نە لە بەینا نە لە دوادا نەکرد .

١٠٩/٣٤١٠ - قال سالم : وكان عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - يقدم ضعفة أهله ، فيقفون عند المشعر الحرام بالمزدلفة بليل ، فيذكرون الله - عز وجل - ما بدا لهم ، ثم يرجعون قبل ان يقف الإمام وقبل ان يدفع [إلى منى] فمنهم من يقدم منى لصلاة الفجر ، ومنهم من يقدم بعد ذلك ، فإذا قدموا رموا الجمرة [الكبرى وهي جمرة العقبة] وكان ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - يقول : أرخص [رخّص . نسخة] في أولائك رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ١٩٨/٣ ، م - ٣٩٨/٥ .

تەرجەمە :

سالم - رحمه الله - ئەفەرموێ : عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی عومەر - رضي الله تعالى عنهما - بەشەو ژن و منالی زەعیفی خۆی لە پێشەوە ئەناردە

لای (مشعر الحرام) له موزدەلیفەدا ئەوەستان [مەبادا بە واسیطەی ئیزدیحام موتەئەذذی بین] لەوێ بەوەی کە بە دڵیانا ئەهات ذیکری خوایان ئەکرد ، لە پاشا لە پێش ئەمەدا کە ئیمام لە (مشعر الحرام)ا بوەستێ‌و لە پێش ئەمەدا کە بچێ بۆ مینا ئەگەڕانەوە بەعزێ لە خەڵق بۆ نوێژی سبەینێ ئەچوە مینا ، بەعزێ دوای نوێژی سبەینێ ئەچوو ، کە گەیینە ئەوێ بەردیان ئەگرتە جەمرە [ی کوبرا کە جەمرەی عەقەبەیە] ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئیذنی داوە بۆ ضوعەفا [لە پێش خەڵقا بچنە موزدەلیفە بوەستن‌و ئەمجا بێنەوە رەجمی جەمرە بکەن] •

٣٤١١/١١٠ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : بعثني رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من جمع بليل ح ـ ٣/١٩٩ • وفي رواية عطاء عنه : بسحر بدل بليل ، وأصرَّ عليه لما سئل م ـ ٥/٣٩٨ •

٣٤١٢/١١١ ـ وعبيدالله بن يزيد سمع ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ يقول : أنا ممن قدم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ليلة المزدلفة في ضعفة أهله [إلى منى] = ح ـ ٣/٢٠٧ = •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە شەو منی لە جەمعەوە نارد [بو مینا] • لە ریوایەتەکەی ترا : من لەوانەم کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لەگەڵ ضەعەفەی عەیالی خۆی شەوی موزدەلیفە ناردمی بۆ مینا • لە ریوایەتی عەطادا ئەڵێ : لە وەختی سەحەرا •

١١٢/٣٤١٣ ـ عبدالله [بن كيسان] مولى أسماء بنت أبي بكر حدث [أبا الأسود محمد عبدالرحيم يتيم عروة] أنه كان يسمع أسماء تقول كلما مرت بالحجون [جبل بالمعلى مقبرة أهل مكة] : صلى = الله = على محمد [صلى الله عليه وسلم] لقد نزلنا معه ههنا ونحن يومئذ خفاف ، قليل ظهرنا ، قليلة أزوادنا ، فاعتمرت أنا وأختي عائشة = والزبير = وفلان ، وفـلان • فلما مسحنا البيت = أحللنا = [أي غير عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ لأنها كانت حائضاً] ثم أهللنا من العشي بالحج ح ـ ٣/٢٦٦ ، م ـ ٥/٣٥٣ •

تەرجەمە :

ئەسما ـ رضي الله تعالى عنها ـ هەروەختێ کـە بە لای حەجوونا کـە مەقبەرەی مەککەیە رابیوردایە صەڵەواتی ئەدا لـە محمد ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ ئەیفەرموو : لێرەدا = لـە خزمەت پێغەمەرا ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ = دابەزین ، ئەو وەختە حەیوانی سواریمان ، نانو تێشوومان کەم بوو منو عایشەی خوشکمو [رۆحم بـە فیدایان بێ] زوبەیرو فلانو فلان [رضي الله تعالی عنهم] ئیحرامان بە عومرە دابەسـت کە طەوافي بەیتمانکرد [یەعنی غەیری عایشە ـ رضي الله تعـالی عنهـا ـ چونکی لـەو وەختەدا حەیزی بوو عومرەکەی کرد بە حەج لە دوای عەرەفە طەوافی کرد (کما مر)] = ئیحرامان شکان = لـە پاشـا بۆ ئێواری ئیحرامان بـە حەج دابەست •

١١٣/٣٤١٤ ـ ابن شوال دخل على أم حبيبة [رضي الله تعالى عنها] فأخبرته أن النبي ـ صلى الله تعـالى عليه وسلم ـ بعث بها من جمـع بليـل م ـ ٥/٣٩٧ •

تەرجەمە :

ئوممو حەبیبە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : پێغەمبەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە شەو لە جەمعەوە ناردوویەتی بۆ مینا .

١١٤/٣٤١٥ - عن عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : نزلنا المزدلفة ، فاستأذنت النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - سودة [رضي الله تعالى عنها] أن تدفع [إلى منى] قبل حطمة الناس ، وكانت امرأة بطيئة [انها كانت امرأة ثقيلة ثبطة . أخرى خ] فأذن لها فدفعت قبل حطمة الناس وأقمنا حتى أصبحنا نحن ثم دفعنا بدفعه [صلى الله تعالى عليه وسلم] فلأن أكون استأذنت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - كما استأذنت سودة أحبّ إلي من مفروح به ح - ٣/٢٠٠ .

تەرجەمە :

عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : لە موزدەلیفە دابەزین سەودە ئیذنی لە پێغەمبەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - خواست کە لە پێش هێرشی خەڵقا بچێ بۆ مینا ، سەودە ژنێکی گرانو گۆشتن بوو سستڕەو بوو ، پێغەمبەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیذنی دا ، ئەو لە پێش هێرشو لافاوی خەڵقا چوو بۆ مینا ، ئێمە ماینەوە تا کەوتینە سبەینێ لە خزمەت پێغەمبەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - چووین ، ئەگەر منیش وەکوو سەودە ئیذنی خواست ئیذنم بخواستایە لە هەموو شتێ لەوانەی کە ئینسان دڵی پێی خۆش ئەبێ لام خۆشتر ئەبوو .

١١٥/٣٤١٦ - عبدالله بن كيسان مولى أسماء [رضي الله تعالى عنها] عن أسماء أنها نزلت ليلة جمع عند المزدلفة ، فقامت تصلي فصلت ساعة ، ثم قالت : يا بني هل غاب القمر ؟ قلت : لا فصلت ساعة ، ثم قالت : هل غاب

القمر ؟ قلت : نعم • قالت : فارتحلوا • فارتحلنا ومضينا حتى رمت الجمرة ثم رجعت فصلت الصبح في منزلها ، فقلت لها : يا هَنْتَاه [يا هذه] ما أرانا إلا قد غَلّسنا • قالت : يا بني إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أذن للظُّعُن [المرأة في الهودج] ح ـ ٣/١٩٩ ، م ـ ٥/٣٩٧ بالمعنى •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی کەیسان مەولای ئەسماء لـە ئەسماوە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ریوایەت ئەکا شەوی جەمع لای موزدەلیفە باریان خســـت ، هەلسا نوێژ بکا ، ساعەتێ نوێژی کرد لە پاشا فەرمووی : ئەی کوڕی خۆم بزانە مانگ ئاوا بوە ؟ عەرزم‌کرد : خەیر • ســـــاعەتێکی تر نوێژی کرد دیسان فەرمووی : تێفکرە مانگ ئاوا بوە ؟ عەرزم‌کرد : بەڵێ • فەرمووی : بارکەن باریان‌کرد رۆیین تا رەمیی جیماری عەقەبەی کرد ، لە پاشا گەڕایەوە لە جێی خۆی نوێژی سبەینێی کـرد • عەرزم‌کرد : ئەی فلانـە وا بزانم لـە شەوا رەمیمان‌کرد • فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بۆ کەژاوەنشین روخصەتی داوە •

١١٦/٣٤١٧ ـ عمرو بن ميمون يقول : شهدت عمر ـ رضي الله تعالى عنه ـ صلى بجمع الصبح ، ثم وقف [بالمشعر الحرام] فقال : إن المشركين كانوا لا يفيضـــون حتى تطلع الشمس ، ويقولون أشرق ثبير ، وأن النبي ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ خالفهم ثم أفاض قبـــل أن تطلع الشمس ح ـ ٣/٢٠٢ •

١١٧/٣٤١٨ ـ عن أبي هريرة [وأنس] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأى رجلا يســوق بدنـة فقـال : اركبها • فقال : إنها بدنة • فقال : اركبها • فقال : إنها بدنة • فقال : اركبها

[ثلاثاً • أنس] ويلك في الثالثه ، أو في الثانيه ح - ٣/٢٠٥ ، ٢١٣ قـال : فلقد رأيته يساير النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - والنعـل في عنقهـا ح - ٣/٢١٣ ، م - ٥/٤٣٣ •

تەرجەمە :

عەمری کوڕی مەیموون ئەفەرموێ : حازری خزمەتی حەزرەتی عومەر بووم - رضي الله تعالى عنه - لە جەمعا نوێژی سبەینێی کرد لە (مشـــعر الحرام)ا وەستا ، فەرمووی : موشریکان تا رۆژ هەلنەبێ[1] ئیفاضـــەیان نەئەکرد ، ئەیانوت : ئەی ثەبیر - شـــاخێکە - رووناك بەرەوە ، یەعنی هەتاوت لێ بکەوێ • پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - موخالەفەی کردن ، عومەر - رضي الله تعالى عنه - لە پێش طولووعا ئیفاضەی کـرد بۆ طەواف •

ئەبوهورەیرەو ئەنەس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموون : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پیاوێکی دی وشترێکی گەورەی لێ‌ئەخوڕی• پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - سێ جار پێی فەرموو : سواری بە • عەرزی‌کرد : بودنەیە [یەعنی هەدیەیـە بۆیـە سواری نابم] ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : لە جاری سێیەما یا دوەما = فەرمووی = : ماڵوێران سواری بە ! = ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ = : چاوم‌پێی‌کەوت لـە خزمـەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەسواری وشترەکە ئەڕۆیی‌و لنگەکەوشـەکە لە ملی وشترەکەدا بوو •

سواربوونی وشتری هەدی دروستە •

١١٨/٣٤١٩ - (عن سالم بن عبدالله أن ابن عمر - رضـي الله تعـالى عنهما -) : ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە (حجة

(١) راست وایە بگوترێ : هەڵنەهاتایە .

الوداع)! تەمەتتوعی بە عومرە کرد بۆ حەج ، هەدیی سەوقکرد ، لە (ذو الحليفة)وە ئیهلالی بە عومرە کردو لە پاشا بە حەج خەڵقیش لەگەڵ ئەوا تەمەتتوعیان کرد بە عومرە بۆ حەج • بەعزێ لە خەڵق هەدیی سەوق کردبوو ، بەعزێ نەیکردبوو ، کە تەشریفی گەیییە مەککە ئەمری بە خەڵق فەرموو ، ئەوی هەدیی سەوقکردبێ هیچ شتێك لەوانەی بە ئیحرام لێی حەرام بووبێ بۆ حەڵاڵ نابێ ، ئەوی هەدیی سەوق نەکردبێ طەوافی بەیتو صەفاو مەروە بکا ، مووی هەڵپاچێو ئەوی لێی حەرام بووبێ حەڵاڵ ئەبێ بۆی ، لە پاشا ئیحرام بە حەج دابەستێ • ئەوی هەدیی نەبێ مومکینی نەبوو تەدارەکی بکا سێ رۆژ لە حەجا بەڕۆژوو بێ ، حەوت رۆژ کە چوەوە بۆ جێی خۆی • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە گەییە مەککە لە پێش هەموو شتێکا طەوافی کرد ، دەستی هێنا بە روکنی ئەسوەدا ، سێ جار بە هەڕاکردن بە دەوری بەیتا ، چوار جار بە رۆیینی عادەتیی ، کە لە طەواف بۆوە لای مەقامەوە دوو رکات نوێژی کرد ، سەلامی دایەوەو گەڕایەوە تەشریفی چوو بۆ صەفا ، حەوت جار طەوافی بەینی صەفاو مەروەی کرد ، تا حەجەکەی تەواو نەبوو هیچ شتێکی حەڵاڵ نەکرد • رۆژی نەحر هەدیەکانی سەربڕی طەوافی ئیفاضەی کرد ، ئەمجا هەموو شتێکی کە حەرامی کردبوو حەڵاڵی کرد ، ئەوی هەدیان پێ بوو هەموو وایان کرد • عوروەیش لە عایشەوە - رضي الله تعالى عنها - وای ریوایەتکردوە •

بۆیە هەر تەرجەمەکەم نووسی چونکی نەظائیری رابوردوە •

ح - ٣/٢٠٦ •

١١٩/٣٤٢٠ - عن مسلم القُرّي قال : سألت ابن عباس عن متعة الحج ، فرخص فيها ، وكان الزبير ينهى عنها ، فقال : هـذه أم ابن الزبير

تحدث أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رخص فيها ، فادخلوا عليها فاسألوها • قال : فدخلنا عليها فإذا امرأة ضخمة عمياء ، فقالت : قد رخص رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فيها م ـ ٥/٣٥٤ •

تەرجەمە :

موسليمی قوڕڕی ئەفەرموێ : دەرحەقی موتعەی حەج لە ئیبنوعەباسم پرسی روخصەتی ئەدا ، ئیبنوزوبەیر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ نەهی لێ ئەکرد • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئەوە دایکی ئیبنوزوبەیرە ـ رضي الله تعالى عنهم ـ بچن لێی بپرسن • چووین ژنێکی قەڵەوی ئەعما بوو ، لێمان پرسی ، فەرمووی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ روخصەتی داوە •

١٢٠/٣٤٢١ ـ ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أتى على رجل وهو ينحر بدنته باركة ، فقال : ابعثها قياما مقيدة سنة نبيكم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٥/٤٢٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە لای پیاوێکدا رابورد وشتری هەدیەکەی بە پێوە سەرئەبڕی ، پێیفەرموو : هەڵی ستێنەرە سەر پێیان پێوەندی بکە ئەمجا سەری بڕە ، ئەوە سوننەتی پێغەمەری ئێوەیە ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •

١٢١/٣٤٢٢ ـ عمرة بنت عبدالرحمن أن زياد بن أبي سفيان [الذي استلحقه معاوية لأبيه ويقال له : زياد بن أبيه •••] كتب إلى عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن عبدالله بن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : من أهدى هدياً حرم عليه ما يحرم على الحاج حتى ينحر هديه • قالت عمرة : فقالت

عائشة - رضي الله تعالى عنها - : ليس كما قال ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أنا فتلت قلائد هدي رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بيديّ ، ثم قلدها رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بيديه ، ثم بعث بها مع أبي [رضي الله تعالى عنه] فلم يحرم على رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - شيء أحله الله [تعالى] حتى [غاية ليحرم لا للم يحرم] نحر الهدي ح - ٣/٢١٠ ، ٢١١ ، م - ٥/٤٣٠ ، ن • وفي هذه الحادثة في مسلم روايات أخر مآل الكل أن الهدي لا يُحرم بدون الإهلال •

تەرجەمە :

عەمرەی کچی عەبدوڕەحمانی کوڕی عەوف - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : زیادی کوڕی باوکی خۆی نووسـیی بۆ خزمەت حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - کە ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : هەرکەسێ هەدیی نارد وەکوو حاجی هەموو شتێکی لێ حەرام ئەبێ • حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : وا نیە وەك ئیبنوعەباس ئەفەرموێ : من خـۆم بـە دەسـتی خۆم گەڵاحەی هەدیی پێغەمەرم - صلى الله تعالى عليه وسلم - باداوە بە دەسـتی موبارەکی خستوویەتە ملی هەدیەوە هیچ تا ئەو وەختە شتی لێ حەرام نەبوە = کـە خوا حەڵاڵی کردبێ = • لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : ئەوی پیاو لە ژنی خۆیی ویستبێ ویستوویەتی •

١٢٢/٣٤٢٣ - لـە جابیری بنی عەبدوڵلا - رضـي الله تعالى عنـه - پرسرا : دروستە ئینسـان سواری هەدی بێ ؟ فەرمووی : لـە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - م بیسـت مەجبوور بێ تا حەیوانێکی تری دەست ئەکەوێ بە عادەت سواری بێ م - ٥/٤٣٣ •

١٢٣/٣٤٢٤ ـ قاسم عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ تقول : فتلت قلائد بدن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بيدي ثم أشعرها وقلدها ، ثم بعث بها الى البيت وأقام بالمدينة ، فما حرم عليه شيء كان له حلالا م ـ ٥/٤٢٨ .

١٢٤/٣٤٢٥ ـ وفي أخرى عنه قالت : أنا فتلت تلك القلائد من عهن كان عندنا فأصبح فينا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ حلالا يأتي ما يأتي الحلال من أهله ، أو يأتي ما يأتي الرجل من أهله م ـ ٥/٤٢٩ .

١٢٥/٣٤٢٦ ـ وعنها قالت : لقد رأيتني أفتل القلائد لهدي رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ من الغنم فيبعث به ثم يقيم فينا حلالا م ـ ٥/٤٢٩ . ومن هذا النوع في مسلم كثير ، وفي البخاري أيضاً من ح ـ ٣/٢١١ الى ٢١٢ د ، ن ، جه .

تەرجەمە :

مەئالی هەموویان ئەوەیە کە ئینسان لە جێی خۆی هەدیی نیشانەکردو ناردی بۆ مەککە هیچ شتی لێ حەرام نابێ ، عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ ئەفەرموێ : لە لۆکەیێك کە لە مالاّ بوو گەلاّحەی هەدیی پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەهۆنیەوەو = پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ = لە ناومانا ئەبوو هیچی لە خۆی حەرام نەئەکرد ، ئەوی پیاو لە ئەهلی خۆیی طەڵەب ئەکرد ئەویش ئەیکرد . تا (بالفعل) بە تەکبیر ئیحرام دانەبەستێ هیچی لێ حەرام نابێ .

وكان ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لا يشق من الجلال إلا موضع السنام ، واذا نحرها نزع جلالها مخافة أن يفسدها الدم ، ثم يتصدق بها خ ـ ٣/٢١٣ . موقوف ومعلق .

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی ئیمامی فارووقی ئەکبەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ جلی هەدیی غەیری جێی دووگەکەی سەرپشتی هەڵئەدڕی کـە سەریشی ئەبڕی مەبادا خوێن جلەکەی لە عەمەل بخا ، جلەکەی لێ لا ئەدا لە پاشـــا ئەیکرد بە صەدەقە •

١٢٦/٣٤٢٧ ـ موسى بن سلمة الهذلي قال : انطلقت أنا وسـنان بن سلمة معتمرين ، قال : وانطلق سنان معه ببدنة يســـــوقها فأزحفت عليه بالطريق [وقفت من الكلال] فعيي بشـأنها ان هي أبدعت [كلت وأعيت] كيف يأتي بها ؟ فقال : لئن قدمت البلد لاستحفين [لأبالغن في السؤال] عن ذلك • قال : فأضحيت [صرت في وقت الضحى] فلما نزلنا البطحاء قـال : انطلق إلى ابن عباس نتحدث إليه • قال : فذكر له شأن بدنته ، فقـال : على الخبير سقطتَ ؛ بعث رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بست عشرة بدنة مع رجل وأمّره فيها ، قال : فمضى ثم رجع فقـال : يا رسول الله كيف أصنع بما أبدع علي [أعيي وتعب] منها ؟ قال : انحرها ثم اصبغ نعليها في دمهـا ، ثم اجعله على صـفحتها ولا تأكـل منها أنت ولا أحد من أهل رفقتك م ـ ٥/٤٣٧ •

تەرجەمە :

مووسای بنی سەلەمەی هوذەلیی ئەفەرموێ : منو ســـینانی کوڕی سەلەمە بۆ عومرە چووینەدەرێ ، ســـینان بەدەنەیێکی پێبوو ئەیبرد بـە هەدی ، لە رێ بەدەنـەکـەی ماندوو بوو لەپێ‌کەوت ، ســـینانیش بـە دەستیەوە کەوتە زەحمەتەوە کە چی لێ بکا ؟ چۆنی بێنێ بۆ مەککە ؟ وتی : ئەگەر چوومە شار تەحقیقێکی تەواوی ئەکەم • کەوتمە وەختی چێشـــت هەنگاو ، کە لە بەطحا خستمان وتی : ئەچمە لای ئیبنوعەباس لێی ئەپرسم ،

چوه خزمەتی عەرزی کرد : وشترەکەم وای لێ هاتوه ، فەرمووی : هاتووێتە لای یەکێکی خەبەردار لە ئەحواڵی شت ؛ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ شانزە بەدەنەی بە پیاوێکا نارد ، ئەمری پێفەرموو : وایان لێ بکەو ، وایان لێ بکە • پیاوەکە رۆییو لە پاشا گەڕایەوە عەرزیکرد : (یا رسول الله) ئەوی ماندوو بوو پەکیکەوت چی لێ بکەم ؟ فەرمووی : سەری ببڕە ، نالەکانی لەخوێنەکەی هەڵبکێشە ، لە پاشا خوێن لە هەردوو لاکۆپارەکەی بدە ، نە خۆت نە ئەوانەی کە رەفیقن لە کاروانەکەدان لێی مەخۆن • لە ریوایەتێکا : هەژدە وشتری نارد •

١٢٧/٣٤٢٨ ـ عن علي ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بعثني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقمت على البدن • فأمرني ـ عليه الصلاة والسلام ـ فقسمت لحومها ، ثم أمرني فقسمت جلالها وجلودها • وفي أخرى : قال : أمرني النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أن أقوم على البدن ولا أعطي عليها شيئاً في جزارتها [وقال : نحن نعطيها من عندنا • م] ح ـ ٢١٨/٣ (سێ حەدیث) م ـ ٤١٩/٥ ، ٤٢٢ ، د ، جه •

تەرجەمە :

عەلی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ناردمی بەسەر وشتری قوربانیەکانیەوە وەستام ، ئەمری پێفەرمووم گۆشتەکانم بەشکرد ، لە پاشا ئەمری پێفەرمووم جلەکانیانو پێستەکانیانم بەشیەوە ، ئەمری پێفەرمووم ؛ هیچ لەوانە نەدەم بە ئوجرەتی قەصابیانا ، فەرمووی : من لای خۆم ئەیان دەمێ •

حەلقی مووی موبارەکی پێغەمەر ـ صلی الله علیه وسلم ـو بەشینەوەی :

١٢٨/٣٤٢٩ ـ عن أنس بن مالك [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أتى منى فأتى الجمرة فرماها ، ثم أتى منزلـه بمنى ، ونحر ، ثم قال للحلاق : خذ وأشار بيده إلى جانبه الأيمن ثم الأيسر ، ثم جعل يعطيه الناس م ـ ٥/٤٠٨ •

وأبو بكر قال في روايته : قال للحلاق : ها ، وأشـار بيده إلى الجانب الأيمن هكذا فقسم شعره بين من يليه قال : ثم أشار الى الحلاق والى الجانب الأيسر فحلقه ، فأعطاه أم سليم [رضي الله تعالى عنها] و = أما = في روايـة أبي كريب قال : فبدأ بالشق الأيمن فوزعه : الشّعرة والشعرتين بين الناس ، ثم قال بالأيسر فصنع به مثل ذلك ، ثم قال : ههنا أبو طلحة ، فدفعه الى أبي طلحة م ـ ٥/٤٠٨ ، ٤٠٩ وفي أخرى مثله •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تەشریفی هاتـە مینـا ، ئەمجـا تەشریفی هاتە لای جەمرە رەمی جەمرەی کرد ، لە پاشا تەشریفی چووەوە بۆ مەنزڵی شەریفی خۆی ، وشتری هەدیی ســـەربڕی • دەلاك لەوێ بوو ، فەرمووی : ها لای راستی دایێ ، لـە پاشـا ئیشـارەتی لای چەپی کـــرد ئەی‌بەشی‌یەوە بە خەڵق • لـە ریوایەتی ئەبوبەکرا بـە حەلاقەکەی فەرموو : ها ئیشارەتی لای راستی کردو فەرمووی : وا ، مووەکانی بەشی‌یەوە بەوانەی لایەوە بوون • لە پاشا ئیشــــارەی حەللاقەکەو لای چەپی سەری کرد ، تاشی‌و مووەکانی دا بە ئوممومسولەیم ـ رضي الله تعالى عنها ـ • لە ریوایەتی ئەبوکورەیبا دەستی بە لای راستی کرد ، موو دوو موو ئەی‌بەشی‌یەوە لـە بەینی خەڵقا ، لە پاشـــا ئیـــشارەی لای چەپی فەرموو بەو نەوعە تاشی‌و فەرمووی : ئەبوطەلحە لێرەیە ، دای بە ئەبوطەلحە •

لە ریوایەتێکی ترا ئەفەرموێ : کە رەمیی جەمرەی کردو نوسوکی سەربڕیو سەری تاشی ، لای راستی دا بە دەلاکەکە تاشیو ئەبوطەلحەی بانگفەرموو موەکانی دایێ ، لە پاشا لای چەپی دا بە دەلاکەکەو فەرمووی بیتاشە ، تاشیو دای بە ئەبوطەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەمری پێفەرموو: بیبەشەرەوە بە خەڵقا •

١٢٩/٣٤٣٠ ـ عن عبدالله بن عمرو بن العاص قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأتاه رجل يوم النحر وهو واقف [على راحلته ، أخرى ، في حجة الوداع] عند الجمرة فقال : يا رسول الله إني حلقت قبل أن أرمي ، فقال : ارم ولا حرج • وأتاه آخر فقال : إني ذبحت قبل أن أرمي ، قال : ارم ولا حرج • وأتاه آخر فقال : = إني أفضت = الى البيت قبل أن أرمي ، قال : ارم ولا حرج • قال : فما رأيته سئل يومئذ عن شيء إلا قال افعلوا ولا حرج م ـ ٥/٤١١ ، ٤١٠ ، ح ـ ٣/٢٠٨ •

١٣٠/٣٤٣١ ـ عن ابن عباس ـ رضـي الله تعـالى عنهما ـ قال رجل للنبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : زرت قبل أن أرمي قال : لا حرج • قال : حلقت قبل أن أذبح ، قال : لا حرج • قال : ذبحت قبل أن أرمي • قال : لا حرج • ح ـ ٣/٢٢١ • وعنه قال : سُئِلَ النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : رميت بعد ما أمسيت • فقال : لا حرج • قال : حلقت قبل أن أنحر ، قال : لا حرج ح ـ ٣/٢٢٢ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عەمری کوڕی عاص ـ رضـي الله تعـالى عنـه ـ فەرمووی : لە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیست پیاوێ هاتبوە خزمەتی لە رۆژی نەحرا ، لە سەر وشترەکەی تەشریفی لای جەمرە وەستابوو

عەرزی‌کرد : (یا رسول الله) لە پێش رەمیا سەرم تاشی • فەرمووی : بیهاوە گونـاهی نیـە • یەکێکی تر هـاتـە خزمەتی عەرزی‌کرد : لـە پێش رەمیـا سەرم‌بڕیوە • فەرمووی : بیهاوە زەرەری نیە • یەکێکی تـر هاتە خزمـەتی عەرزی‌کرد : (طواف الإفاضه)م کردوە لە پێش رەمیا • فەرمووی : بیهاوە زەرەری نیە • عەبدوڵلا - رضي الله تعالى عنـە - فەرمووی : ئەو رۆژە لـە هەرچیێ لێیان پرسی فەرمووی : بیکەن زەرەری نیە •

ئیبنوعەباس - رضـي الله تعـالى عنهما - ئەفەرموێ : پیاوێ عـەرزی پێغەمەری کرد - صلى الله تعالى عليه وسلم - : زیارەتی بەیتم لە پێش رەمیا کردوە • فەرمووی : زەرەری نیە • عەرزی‌کرد : لە پێش هەدی‌ســەربڕینا سەرم‌تاشیوە • فەرمووی : زەرەری نیە • عەرزی‌کرد : لە پێش رەمیا هەدیم سەربڕیوە • فەرمووی : زەرەری نیە • لە ریوایەتەکەی تریـا ئەفەرموێ : عەرزی‌کرد : لە ئێوارێ داهات رەمیم‌کردوە • فەرمووی : زەرەری نیە • عەرزی‌کرد : لە پێش سەربڕینا سەرم‌تاشی • فەرمووی : زەرەری نیە [یەعنی تەقدیم و تەئخیر لە بەینی ئەم ئەفعالانەدا کـە لـەم سێ حەدیثەدایە زەرەری نیـە] •

١٣١/ ٣٤٣٢ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - (فەرمووی) : أللهم ارحم المحلقين • قالوا : والمقصرين يـا رســـــول الله ؟ قال : أللهم ارحم المحلقين • قالوا : والمقصرين يا رسول الله ؟ قال : والمقصرين • وفي رواية قال نافع : قـال في الرابعه : والمقصرين ح - ٣/٢٢٤ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومـەر - رضـي الله تعــالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله عليه وسلم - لە [حجة الوداع]ا یا لە حودەیبییەدا یـا

له هەردوکیانا] فەرمووی : خوایا رەحم بکه بەوانەی سەریان ئەتاشن عەرزیانکرد : ئەوانەیش کـه هەڵیئەپاچن (یا رسول الله) ؟ نەرمووی : خوایا رەحم بکه بەوانەی که سەریان ئەتاشن • عەرزیانکرد : لەوانەیش که هەڵیئەپاچن (یا رسول الله) ؟ له ریوایەتێکی ترا نافیع ئەڵێ : لـه دەفعەی چوارەما فەرمووی : لەوانەیش که هەڵیئەپاچن •

١٣٢/٣٤٣٣ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – قال : قال رسول الله – صلى الله عليه وسلم – : اللهم اغفر للمحلقين ، قالوا : وللمقصرين ؟ قال : اللهم اغفر للمحلقين • قالوا : وللمقصرين ؟ قال : اللهم اغفر للمحلقين • قالوا : وللمقصرين ؟ قالها ثلاثاً [وفي الرابعة] قال : وللمقصرين ح – ٣/٢٢٥ ، م – ٥/٤٠٨ وليس فيه : قالها ثلاثاً • م – ٥/٤٠٤ مختصراً •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – [له (حجة الوداع)ا یـا لـه حودەیبییەدا] فەرمووی : خوایا لەوانەی که سەریان ئەتاشن خۆش بیه • عەرزیانکرد : لەوانەیش که هـەڵی ئەپـاچن • فەرمووی : خـوایـا ••• الخ تـا سێ جار لـه چوارەما فەرمووی : لەوانەیش که هەڵی ئەپاچن • یەعنی سەرتاشین بۆ لـه ئیحرام هاتنەدەرەوە خێری زیاتره له هەڵپاچین به سێ دەرەجه ح – ٣/٢٢٤ •

١٣٣/٣٤٣٤ – عن جابر [رضي الله تعالى عنه] قال : ذبح رسول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – عن عائشة [رضي الله تعالى عنها] بقرة يوم النحر م – ٥/٤٢٥ •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمبەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رۆژی نەحر گاجووتێکی لە باتی حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - سەربڕی •

۱۳٤/۳٤۳٥ - ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - كان يبعث بهديه من جمع من آخر الليل حتى يُدخِل به منحر النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - مع حجاج فيهم الحر والمملوك ح - ۳/۲۱٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - لە ئاخری شەوا هەدیی خۆی ئەنارد لەگەڵ بەعزێ حاجییان کە حورڕیش و عەبدیشیان لە ناوا بوو بۆ ئەو جێیەی لە پێغەمبەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - حەیوانی لێ سەرئەبڕی •

۱۳٥/۳٤۳٦ - وعنه لا يؤكل من جزاء الصيد والنذر ، ويؤكل مما سوى ذلك ح - ۳/۲۲۰ ، معلق وموقوف •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لە جەزای صەیدو[1] نەذر ناخورێ ، لە غەیری ئەوانە ئەخورێ •

۱۳٦/۳٤۳۷ - وقال عطاء يأكل ويطعم من المتعة ح - ۳/۲۲۰ •

تەرجەمە :

عەطا ئەفەرموێ : لە موتعە ئەخورێ و دەرخوارد ئەدرێ •

۱۳۷/۳٤۳۸ - جابر - رضي الله تعالى عنه - يقول : كنا لا نأكل من

(۱) مەبەستی ئەوەیە حەیوانێکی لە کەفارەتی نێچیری حەرەما سەربڕیبێ ، یا بۆ نەذر سەری بڕابێ .. خۆی لێی ناخوا .

لحوم بُدْنِنا فوق ثلاث منى فرخص = لنـا = النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقـال : كلوا وتزودوا ، فأكلنا وتزودنا [قـال ابن جريج] : قلت لعطاء : أقال حتى جئنا المدينة ؟ قال : لا • وفي مسـلم : نعم ح ـ ٣/٢٢٠ ، م ـ ٨/٢٠٩ ، ن •

تەرجەمە :

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : له سێ رۆژی مینا زیاتر له گۆشتی بەدەنەکانمان نەئەخوارد پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ روخصەتی بۆ داین کە بیخۆین و بیکەین بە تێشوو و زەخیرە • ئیبنوجورەیج ئەڵێ : لە عەطام پرسی : ئایا جابیر فەرمووی : تا مەدینە ؟ وتی : خەیر • لـە موســـــلیما : بەڵێ • یەعنی لە پێشـا لـە فکری چوو وتی : خەیر ، لـــە کەوتەوە فکری وتی : بەڵێ (فلا منافاة ـ قسطلاني) •

وعنه قال : كنا نتزودها الى المدينة على عهد رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسـلم ـ م ـ ٨/٢٠٩[1] •

= هەروەها لە جابیرەوە ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ریوایەت کراوە کـە فەرمویەتی : لە زەمانی پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ گۆشـــتی قوربانیمان ئەکرد بە توێشوو تا مەدینە = •

عایشـەو ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهم ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ زیارەتی بەیتی تەئخیر خست تا شـــــەو • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ئەییامی مینا ، یەعنی تەشریقا ، زیارەتی بەیتی ئەکرد (معلق) ح ـ ٣/٢٢٧ •

(١) دانەر ـ خ ـ مانای ئەم حەدیثەی نەکردووە و ژمارەیشی بۆ دانەناوە . لە سەرەوە تەرجەمەکەیم نووسی •

١٣٨/٣٤٣٩ - عائشة - رضي الله تعالى عنها - قالت : حججنا مع النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - فأفضنا يوم النحر ، فحاضت صفية [رضي الله تعالى عنها] فأراد النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - منها ما يريد الرجل من أهله ، فقلت : يا رسول الله إنها حائض [قال : عقرا حلقا • أخرى ح - ٣/١٢٣ ، م - ٥/٢٨٥ ، د ، ن] قال : حابستنا هي • قالوا : يا رسول الله أفاضت يوم النحر • قال : اخرجوا ح - ٣/٢٢٥ ، م - ٦/٤-٦

تەرجەمە :

عايشه - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - حەجمانکرد رۆژى نەحر (طواف الإفاضـه) مان كرد ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئیرادەى فەرموو كـه لەگـەڵ صـفيه - رضي الله تعالى عنها - ئیشى ژنومێردیى بكا ، عەرزمكرد : (يا رسول الله) لە حەیزایە فەرمووى : لە مەككەدا ئەمانهێڵێتەوەو حەبسمان ئەكا • عەرزیانکرد : كـه (طواف الإفاضة)ى كردوه لـه رۆژى نەحـرا • فەرمووى : كە وابێ باركەن لە مەككە بچنەدەرێ • لە ریوایەتەكـەى تـرا فەرمووى : بەهیلاكا چێ ! سەرى تاشن ئەمان یێڵێتەوە •• الخ •

١٣٩/٣٤٤٠ - عن الأعمش قال : سمعت الحجاج بن يوسف يقول ، وهو يخطب على المنبر : ألفوا القرآن كما ألفه جبريل [عليـه السـلام] السورة التي يذكر فيها البقرة ، والسورة التي يذكر فيها النساء ، والسورة التي يذكر فيها آل عمران [لا تقولوا : سورة البقرة • م أخرى] قال : فلقيت إبراهيم [النخعي] فأخبرته بقوله ، فسبه وقال : حدثني عبدالرحمن بن يزيد أنه كان مع عبدالله بن مسعود ، فأتى جمرة العقبة فاستبطن الوادي فاستعرضها ، فرماها من بطن الوادي بسبع حصيات يكبر مع كل حصاة • قال : فقلت : يا أبا عبدالرحمن ان الناس يرمونها من فوقها • فقال : هـذا ،

والذي لا إله غيره ! مقام الذي أنزلت عليه سورة البقرة م ـ ٥/٤٠٠ ، ٤١١ ، ح ـ ٣/٢٣٨ ، ٢٣٩ • وليس فيه : فسبه • وكيفية التكبير كما نقله الماوردي عن الشافعي ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن يقول : الله أكبر ، الله أكبر ، لا إله إلا الله والله أكبر ولله الحمد ، القسطلاني •

وفي أخرى : وجعل البيت عن يساره ومنى عن يمينه • وقال : هذا مقام الذي أنزلت عليه سورة البقرة م ـ ٥/٤١١ ، ٣٩٩ ، ح ـ ٣/٢٣٨ ، ٢٣٩ ن ، جه •

تەرجەمە :

ئەعمەش ئەفەرموێ : لە حەججاجی کوڕی یوسفم بیست لە سەر مینبەر خوطبەی ئەخوێن ئەیوت : تەئلیفی قورئان بکەن وەك جیبریل ـ عليه الصلاة والسلام ـ تەئلیفی =کردوە=[1] ئەو سوورەتەی کە بەقەرەی تیا ذیکرکراوە ، ئەو سوورەتەی کە نیسای تیا ذیکرکراوە ، ئەو سوورەتەی کە ئالی عیمرانی تیا ذیکرکراوە • ئەعمەش ئەڵێ : بە ئیبراهیمی نەخەعیی گەییم قسەکەی حەججاجم عەرزکرد ، جوێنی دا بە حەججاجو فەرمووی : عەبدوڕەحمانی کوڕی یەزید قسەی بۆ کردووم کە لە خزمەت ئیبنومەسعوودا بووم تەشریفی هاتە (جمرة العقبة) تەشریفی چوە ناو (وادی)یەکەوە مەککەی خستە لای چەپی ، مینای خستە لای ڕاستی ، لە بەطنی وادییەکەوە[2] حەوت بەردی گرتە جەمرەکەو ، لەگەڵ کوللی بەردێ (الله أكبر)ی ئەکرد [لای ئیمامی شافیعی صوورەتی تەکبیرەکە ئەمەیە : الله أكبر ، الله أكبر لا إله إلا الله والله أكبر ، ولله الحمد] عەبدوڕەحمان ئەفەرموێ : عەرزمکرد : خەڵق لە لای سەرووی وادییەکەوە بەردی

(١) دانەر لێرەدا پاشوپێشێکی لە تەرجەمەکەدا کردبوو چاکمان کرد .
(٢) واتە لە ناو شیوەکەوە ...

تێئەگرن ؟ فەرمووی : قەســەم بەوەی کــە غەیری ئەو خوا نیە ئەمە جێی راوەستانی ئەو زاتەیە کە سورەتی بەقەرەی نازڵ بوەتە سەر •

جابیر ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليه وسلم ـ رۆژی نەحر لە وەختی ضوحادا بەردەبارانی جەمرەی عەقەبەی کــرد • دوای ئەوە لــە دوای زەوالیش بەردەبارانی کــرد • ح ـ ٢٣٧/٣ (معلق وصله مسلم) •

١٤٠/٣٤٤١ ـ عن وبرة قال : سألت ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ متى أرمي الجمار ؟ قال : إذا رمى إمامك فارمه • فأعدت عليه المســـألة • قال : كنا نتحين ، فإذا زالت الشمس رمينا ح ـ ٢٣٧/٣ ، د •

تەرجەمە :

وەبرە ئەفەرموێ : لە ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـم پرسی : کەی بەرد بگرمە جەمرە ؟ فەرمووی : کــە ئەمیری حەجت تێی گرت تۆیش تێی بگرە • سوئالەکەم لێ دووبارەکردەوە ، فەرمووی : وقتمان بۆ تەعیین ئەکرد کە رۆژ زەوالی بوو بەردمان ئەهاویتێ •

١٤١/٣٤٤٢ ـ عن سالم عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أنــه كان يرمي الجمرة الدنيا [إلى مسجد الخيف] بسبع حصيات يكبر على إثر كل حصاة ، ثم يتقدم حتى يُسْهِل • فيقوم مستقبل القبلة =فيقوم= طويلا ويدعو ويرفع يديه ، ثم يرمي الوسطى ثم يأخذ ذات الشمال ، فيستهل ويقوم مستقبل القبلة ، فيقوم طويلا ويدعو ويرفع يديه ويقوم طويلا ، ثم يرمي جمرة ذات العقبة من بطن الوادي ولا يقف عندها ، ثم ينصـــرف فيقول : هكذا رأيت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يفعله ح ـ ٢٤٠/٣ ، ٢٤١ •

تەرجەمە :

سالم ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ بە حەوت بەرد جەمرەی نزیکی مەسجیدی خیفی بەردەباران ئەکرد ، حەوت بەردی تێئەگرت لەگەڵ کوللی بەردێ تەکبیری ئەکرد ، لە پاشا ئەچوە پێشەوە تا ئەچوە دەشت بەرەو قیبلە رائەوەستا دوورو درێژ دۆعای ئەکرد ، دەستی هەلەبڕی ئەمجا جەمرەی ناوەڕاستیشی بەردەباران ئەکرد ، ئەمجا تەشریفی ئەچوە لای چەپ بۆ دەشت بەرەو قیبلە رائەوەستا دوورو درێژ دۆعای ئەکرد ، دەستی هەڵەبڕی ، دوورو درێژ رائەوەستا ، لە ناو وادییەکەوە جەمرەی عەقەبەیشی بەردەباران ئەکرد لێی نەئەوەستاو ئەگەڕایەوە ئەیفەرموو : پێغەمەرم دی ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای ئەکرد .

١٤٢/٣٤٤٣ ـ وعنه قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : الاستجمار توّ ، ورمي الجمرات توّ ، والسعي بين الصفا والمروة توّ ، وإذا استجمر أحدكم فليستجمر بتوّ م ـ ٥/٤٠٥ [التوّ الوتر . نووي] .

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی ئیمامی عومەر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئیستینجا بە بەرد تاقە ، بەردگرتنە جەمرە تاقە ، سەعیی بەینی صەفاو مەروە تاقە ، کە بە بەرد ئیستینجاتان کرد بە تاق بیکەن .

١٤٣/٣٤٤٤ ـ عن ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأبا بكر وعمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ كانوا ينزلون الأبطح م ـ ٥/٤١٤ .

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - و ئەبوبەكرو عومەر - رضي الله تعالى عنهما - لە ئەبطەح باريان ئەخست •

١٤٤/٣٤٤٥ - قال أبو رافع [- رضي الله تعالى عنه - وكان على ثقل النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أخرى • م] : لم يأمرني رسـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أن أنزل الأبطح حين خرج من منى ، ولـكني جئت فضربت فيه قبته ، فجاء فنزل م - ٥/٤١٤ •

تەرجەمە :

ئەبوڕافيع مەولاى پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - كە تەشريفى لە مينا هاتەدەرێ ئەمرى پێ نەفەرمووم كە لە ئەبطەحا بار بخەم ، ئەمما من چووم لەوێ قوببەكەم بۆ هەڵدا تەشريفى لێى دابەزى •

١٤٥/٣٤٤٦ - عن نافع أن ابن عمر - رضي الله تعـالى عنهما - كـان يرى التحصيب سنة ، وكان يصلي الظهر يوم النفر بالحصبة م - ٥/٤١٤ • وقال نافع : قد حصب رسول الله - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - والخلفاء بعده • وعن سالم أن أبا بكر وعمر وابن عمر - رضي الله تعالى عنهم - كانوا ينزلون الأبطح م - ٥/٤١٤ عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قـال : ليس التحصيب بشيء إنما هو منزل نزله رسول الله - صلى الله تعـالى عليـه وسلم - ح - ٣/٢٤٧ ، م - ٥/٤١٤ عن عائشة - رضي الله تعـالى عنها - قالت : إنما كان [المحصب] منزلا ينزله النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ليكون أسمح لخروجه ، تعني بالأبطح ح - ٣/٢٤٦ ، م - ٥/٤١٤ وعنهـا أنها لم تكن تفعل ذلك •

تەرجەمە :

ئەحادیثی تەحصیب مەئالیان ئەمەیە : کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لە ئەبطەحا تەشریفی ماوەتەوە ، کــە بۆ چوونەدەرەوەی رەحــەت بێ ، بۆیە نەبوە کە بکرێ بە سوننەت ، لای عایشەو ئیبنوعەباس ـ رضــي الله تعــالی عنهم ـ وا بــوە ، لای ئیبنوعومــەر ـ رضــي الله تعــالی عنهما ـ سوننەتە ، چونکی پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ لێی ماوەتەوە[1] •

١٤٦/٣٤٤٧ ـ عن طاوس قال : كنت مع ابن عباس [رضي الله تعــالى عنهما] إذ قال زيد بن ثابت [رضي الله تعالى عنه] : تفتي أن تصدر الحائض قبل أن يكون آخــر عهدهــا بالبيت ؟ فقال له ابن عباس [رضــي الله تعــالى عنهما] : أمَّا لا فسل فلانة الأنصارية هل أمرها بذلك رسول الله ـ صــلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : فرجع زيد بن ثابت إلى ابن عبــاس [رضــي الله تعالى عنهم] يضحك وهو يقول : ما أراك إلا قد صدقت م ـ ٣/٦ •

١٤٧/٣٤٤٨ ـ وعنه قال : أمر الناس أن يكون آخر عهــدهم بالبيت إلا أنه خفف عن الحائض ح ـ ٢٤٢/٣ ، م ـ ٢/٦ ، ن •

١٤٨/٣٤٤٩ ـ وعنه قال : كان الناس ينصرفون في كل وجه • فقــال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لا ينفرن أحد حتى يكون آخر عهده بالبيت م ـ ٢/٦ •

تەرجەمە :

طاوس ئەفەرموێ : لە خزمەت ئیبنوعەباسا بووم زەیدی کوڕی ثابیت ـ رضي الله تعالی عنهم ـ بە ئیبنوعەباسی وت ـ رضي الله تعالی عنهما ـ : تــۆ

(١) مەبەست لە (تحصیب)و (محصب) مانەوەیە لەو شوێنەدا کە ناوی (محصب)ە •

فتوا ئەدەی کـە ژنی حەیزدار لـە پێش (طواف الوداع)ا بکەڕێتـەوە بۆ مەملەکەتی خۆی ؟ ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فەرمووی : ئەگەر باوەڕت نیە لە فلانە ژنی ئەنصارییە بپرسە ئایا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وای بۆ فتوا داوە ؟ زەید چوە لایو بە پێکەنینەوە گەڕایەوە لای ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعـالى عنهم ـ عەرزیکـرد : وات ئـەبینم کـە تەصدیقکراوی • ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : خەلق دوای حەج لە هەموو لایێکەوە ئەگەڕانەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی: تا طەوافی بەیت نەکا هیچکەس نەگەڕێتەوە• ئەفەرموێ : ئـەمـرکـراوە کـــە خـەلـق (طواف الوداع) بکەن ژنی حەیزدار بۆی تەخفیفکراوە •

١٤٥٠/١٤٩ ـ عن قتادة أن أنس بن مالك ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ حدثه أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ صلى الظهر والعصر والمغـرب والعشاء [بعد أن رمى الجمار ونفر من منى] ثم رقـد رقدة بالمحصب ، ثم ركب الى البيت فطاف به ح ـ ٢/٢٤٣ •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نوێژی نیوەڕۆو عەصرو شێوانو خەوتنانی کرد ، لە پاشا لـە موحەصصەب سەرخەوێکی شکانو سـوار بوو بۆ بەیتو طەوافی کرد بۆ ویداع • (وعن ابن عمر نحوه وبمعناه ح ـ ٣/٢٤٨) •

٣٤٥١/١٥٠ ـ عن عكرمة أن أهل المدينة سألوا ابن عباس ـ رضـي الله تعالى عنهما ـ عن امرأة طافت ثم حاضت • قال لهم : تنفر • قالوا : لا نأخذ بقولك وندع قول زيد • قال : اذا قدمتم المدينة فاسألوا • فقدموا المدينة ،

فسألوا ، فكان فيما سألوا أم سليم ، فذكرت حديث صفية • وعنه عن ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما – قال : رخص للحائض أن تنفر اذا فاضت• قال [طاوس] : وسمعت ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] يقول : إنها لا تنفر [حتى تطهر وتطوف للوداع] ثم سمعته يقول بعدُ : إن النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – رخص لهن ح – ٣/٢٤٤ •

تەرجەمە :

عەكرەمە ئەڵێ : ئەهلی مەدینە لە ئیبنوعەباسیان – رضي الله تعالى عنهما – پرسی : ژنێ طەوافی ئیفاضەی كرد لە پاشا كەوتە حەیزەوە چی بكا ؟ فەرمووی : [بێ طەوافی ویداع] بڕوا • وتیان : بە قسەی تۆ تەركی قسەی زەیدی كوڕی ثابیت ناكەین – رضي الله تعالى عنه – فەرمووی : كە چوونە مەدینە بپرسن • لە مەدینە پرسییان ، ئوممو سولەیم – رضي الله تعالى عنها – لە ناو ئەوانەدا بوو كە لێیان پرسرا ، حیكایەتی قسەی صەفیەی[1] بۆ كردن – رضي الله تعالى عنها – • ئیبنوعەباس – رضي الله تعالى عنهما – ئەفەرموێ : ئیذن‌دراوە بۆ ژنی حەیزدار كە بێ ئەمە (طواف الوداع) بكا بگەڕێتەوە ، بەو شەرتە (طواف الإفاضه)ی كردبێ • طاوس ئەڵێ : لە ئیبنوعومەر – رضي الله تعالى عنهما – م بیست ئەیفەرموو : تا (طواف الوداع) نەكا نەگەڕێتەوە لە پاشا لێم بیست فەرمووی : روخسەتیان بۆ دراوە كە (طواف الوداع) نەكەن •

١٥١/٣٤٥٢ ـ عن نافع أن ابن عمر – رضي الله تعالى عنهما – كان يبيت بذي طوى بين الثنيتين ، ثم يدخل من الثنية التي بأعلى مكة ، وكان اذا

(١) مەبەست لە بەسەرهاتی صەفیە حەدیثی (١٣٨/٣٤٣٩)ی ئەم باسەیە .

قدم حاجاً أو معتمراً لم ينخ ناقته إلا عند باب المسجد [الحرام] ثم يدخل فيأتي الركن الأسود فيبدأ به • ثم يطوف سبعاً ، ثلاثاً سعياً ، وأربعاً مشياً ، ثم ينصرف فيصلي سجدتين ، ثم ينطلق قبل أن يرجع الى منزله فيطوف بين الصفا والمروة • وكان اذا صدر عن الحج أو العمرة أناخ بالبطحاء التي بذي الحليفة التي كان النبي – صلى الله تعالى عليه وسلم – ينيخ بها [وهذا النزول ليس من المناسك] ح – ٣/٢٤٧ •

تەرجەمە :

نافیع ئەفەرموێ : ئیبنوعومەر – رضي الله تعالى عنهما – له ذوطوا بەو ئەمايەوە له بەينی هەردوو ئەنيەكەدا [كه رێی عەقەبەيە] لـه دوايیدا لەو كەلەی كه له ژوور مەككەوەيە تەشريفی ئەچوە مەككەوە كه به حاجييەتی يا كه بۆ عومرە بچوايە بۆ مەككە وشترەكەی هـــەر لــه لای دەرگـــای (مسجد الحرام)ەو ييخ ئەدا له پاشا ئەچوە ژوورەوە ئەچوو بۆ لای روكنی ئەسوەد لەوێوە دەستی پێئەكرد حەوت جار طەوافی ئەكرد ، سێ جار بــه هەروەڵە ، سێ جار به رۆيينی عادەتی ئەمجا ئەگەڕايەوە دوو ركات نوێژی ئەكرد ، له پێش ئەمەدا بچێتەوە مەنزڵی خۆی طەوافی بەينی صەفاو مەروەی ئەكرد ، كــه لــه حەج يــا له عومرە بگەڕايەوە له بەطحای (ذو الحليفــة) وشترەكەی ييخ ئەدا كه پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – وشتری لێ ييخ ئەدا • [ئەم نوزوولی بەطحايە له مەناسيكی حەج نيە] •

٣٤٥٣/١٥٢ ـ قال ابن عباس – رضي الله تعالى عنهما – كان ذو المجاز وعكاظ متجر الناس في الجاهلية فلما جاء الاسلام كأنهم كرهـوا ذلك حتى نزلت : (ليس عليكم جناح أن تبتغوا فضلا من ربكم)[1] في مواسم الحج ح – ٣/٢٤٨ •

---

(١) البقــرة /١٩٨ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرمویٚ : ذو مەجازو عەکاظە لە زەمانی جاهیلیەتا تیجارەتگاە بوون ، کە ئیسلامەتی هات وەکوو پیکەرهێنن وا بوو تا ئەم ئایەتی (البقرە)یە نازڵ بوو کە مەئالی شەریفی ئەفەرمویٚ : لە مەواسیمی حەجا گوناهتان ناگاتێ کە طەلەبی فەضل بکەن لە خوای پەروەردگاری خۆتان •

فەضلی عومرەو حەج :

٣٤٥٤/١٥٣ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : العمرة إلى العمرة كفارة لما بينهما والحج المبرور ليس له جزاء إلا الجنة ح ـ ٣/٢٥١ ، م ـ ٦/٥٠ ت •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : عومرە تا عومرە کەفارەتی مابەینیانە ، حەجی مەقبوول غەیری بەهەشت جەزای نیە •

٣٤٥٥/٥٤ ـ عكرمة [غەیری عەکرەمەی مەولای ئیبنوعەباسە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەم قورەیشی‌یە ، ئەو کوڕی عەبدوڵلای بەربەری‌یە] بن خالد [کوڕی عاصی کوڕی هیشامی مەخزوومی] سأل ابن عمر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ عن العمرة قبل الحج ، فقال : لا بأس • قال عكرمة : قال ابن عمر : اعتمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قبل أن يحج ح ـ ٣/٢٥٢ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە پێش حەججا عومرەی کردوە •

عومره له پێش حهججاو حهج له پێش عومرهدا بێ دروسته •

١٥٥/٣٤٥٦ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : دخل رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على ضباعة بنت الزبير [بن عبدالمطلب] فقال لها : أردت الحج ؟ قالت : والله ما أجدني إلا وجعة • فقال لها : حجي واشترطي وقولي : اللهم محلي حيث حبستني • فكانت تحت المقداد م ـ ٢٥٧/٥ ، ٢٥٨ •

تهرجهمه :

پێغهمهر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ تهشريفى چوه لاى ضوباعهى كچى زوبهيرى [كوڕى عهبدولموطهليب] پێىفهرموو : ئیرادهى حهجت ههيه يان نا ؟ عهرزىكرد : وهڵلاهى من نهخۆشم • فهرمووى : حهج بكهو شهرت بكه بڵێ : خوايا له ههر جێيێ كه حهبستكردم له حهج ، مانيعێكت بۆ ناردم ، لهو جێيهدا بۆم بێ كه له ئيحرام بێمهدهرێ •

= ضوباعه خێزانى ميقداد بوو =

١٥٦/٣٤٥٧ ـ عن مجاهد قال : دخلت أنا وعروة بن الزبير [رضي الله تعالى عنه] المسجد ، فإذا عبدالله بن عمر جالس الى حجرة عائشة [رضي الله تعالى عنهم] واذا أناس يصلون في المسجد صلاة الضحى ، قال : فسألناه عن صلاتهم ، فقال : بدعة • ثم قال له : كم اعتمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أربع ، إحداهن في رجب • فكرهنا أن نرد عليه • قال : وسمعنا استنان عائشة [رضي الله تعالى عنها] أم المؤمنين في الحجرة • فقال عروة : يا أماه ألا تسمعين ما يقول أبو عبدالرحمن ؟ قالت : ما يقول ؟ قال : يقول : إن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ اعتمر أربع عمْرات [بسكون الميم وفتحها ، وضمها والتحريك] إحداهن في رجب • قالت : يرحم الله أبا عبدالرحمن ما اعتمر عمرة إلا وهو شاهده ، وما اعتمر في رجب قط

ح – ٣/ ٢٥٢ ، م – ٥/ ٣٦٥ • وفيه : وابن عمر يسمع فما قال لا ولا نعم • سكت •

٣٤٥٨/ ١٥٧ ـ عن قتادة سألت أنساً ـ رضي الله تعالى عنه ـ : كم اعتمر النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : أربع : الحديبية في ذى القعدة حيث صده المشركون ، وعمرة من العام المقبل في ذي القعدة حيث صالحهم ، وعمرة الجعِرّانة [وبتخفيف الراء وسكون العين] إذ قسم غنيمة ، أراه حنين [وفي ح – ٣/ ٢٥٤ بلا شك] قلت : كم حج ؟ قال : واحدة ح – ٣/ ٢٥٣ ، ٢٥٤ • وفيه : وعمرة مع حجته • م – ٥/ ٣٦٣ •

تەرجەمە :

موجاهید ئەفەرموێ : منو عوروەی کوڕی زوبەیر چووینە مەسجیدی نەبەویی (على بانيه الصلاة والسلام] عەبدوڵلای کوڕی عومەریش ـ رضي الله تعالى عنهما ـ لەوێ لای حوجرەی حەزرەتی عایشە ـ رضي الله تعالى عنها ـ وە دانیشتبوو ، خەڵق لە مزگەوتا نوێژی ضوحایان ئەکرد • لە ئیبنوعومەریان پرسی دەرحەقی ئەو نوێژە کە ئەیکەن • فەرمووی : بیدعەتە • لە پاشا عوروە لێی پرسی : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەند عومرەی کردوە ؟ فەرمووی : چوار عومرەی کردوە ، یەکێکی لە رەجەبا بوو • حەزمان نەکرد رەددی لێ بدەین • دەنگی سیواککردنی حەزرەتی عایشەمان بیست ـ رضي الله تعالى عنها ـ لە حوجرەکەیا • عوروە وتی : دایە گوێت لێیە ئەبوعەبدوڕەحمان ئەڵێ چێ ؟ فەرمووی : ئەڵێ چی ؟ عەرزیکرد : ئەڵێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چوار عومرەی کردوە یەکێکیان لە رەجەبا بوە • فەرمووی : خوا رەحم بکا بە ئەبوعەبدوڕەحمان ! پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ هیچ عومرەیێکی نەکردوە کە ئەبوعەبدوڕەحمانی لە خزمەتا نەبووبێ ،

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قەت لـە رەجەبا عومرەى نەكردوە • ئيبنوعومەر ـ رضي‌الله تعالى‌عنهما ـ گوێى لە فەرمودەكەى ئوممولموئمينين بوو نـە (لا) نـە (نعم)ى نەوت • يەعنى ئيبنوعومەر ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ لە فكرى چوەتەوە •

قەتادە ئەفەرموێ : لە ئەنەسم پرسى ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ : كـە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ چەند عومرەى كردوە ؟ فەرمووى : چوار • عومرەى حودەيبيية لە (ذي القعده)دا كە موشريكان مەنعيانكرد • عومرەى سالّى دوايى لە (ذي القعده)دا كـــە صــــولّحى لەگەلّكردن • عومرەى جيعرانە كـــە غەنائيمى حونەينى تەقســــــيم‌كرد • وتم : چەند حەجى‌كردوە ؟ فەرمووى : حەجێك •

لە ريوايەتەكەى دواييدا ئەفەرموێ : عومرەيەكێش لەگەلّ حەجەكەى لە (ذي الحجة)دا •

٣٤٥٩/٥٨ ـ ابن جريج عن عطاء قال : سمعت ابن عباس ـ رضي الله عنهما ـ يخبرنا يقول : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لامرأة من الأنصار [أم سنان • م] سماها ابن عباس [قال ابن جريج] فنســيت اسمها : ما منعك أن تحجين‌معنا؟ قالت: كان‌لنا ناضح فركبه أبو فلان [سنان] وابنه لزوجها وابنها ، وترك ناضحاً تنضح عليه • قال [صلى الله تعالى عليــه وسلم] : فإذا كان رمضان اعتمري فيــه ، فإن عمــرة فيه تعدل حجة • وفي أخرى في مسلم : فعمرة في رمضان تقضي حجة أو حجة معي م ـ ٣٦٥/٥ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە ژنێ لە ئەنصـــارى فەرموو [كە ئومموسينانە] جورەيج ئەلّێ : ئيبنوعەباس ناوى بردو من لـە فكـرم

چۆوە : بۆچی لەگەڵ ئێمە حەجت نەکرد ؟ عەرزی کرد : وشترێکمان بوو ئاومان پێ هەڵئەهێنجا ، باوکی فلان ، یەعنی باوکی سینان ، سواری بوو لەگەڵ کوڕەکەی ، وشترێکی بەجێهێشت ئاوی پێ‌هەڵەهێنجین . پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرمووی : کە رەمەزان هات عومرەی تیا بکە ؛ عومرە لە رەمەزانا بە قەد حەجێکە ، یا فەرمووی : بە قەد حەجێکە لەگەڵ منا .

١٥٩/٣٤٦٠ ـ عن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : لما قدم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ مكة استقبله أغيلمة بني عبدالمطلب فحمل واحداً [عبدالله بن جعفر ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] بين يديه وآخر خلفه [قثم بن العباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ] ح ـ ٣/٢٦٧ وفي اللباس ، ن في الحج .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە تەشریفی هاتە مەککە کوڕانی بەنی عەبدولموطەلیب ئیستیقبالیان کرد ، یەکێکی لە بەردەمیەوە سوارکرد [ئەڵێن : ئەوە عەبدوڵلای کوڕی جەعفەرە ، فەقەط عەبدوڵلا لەگەڵ باوکیا هیجرەتی کردبوو بۆ حەبەشە ، گەڕاوەتەوە بۆ مەککە یان نا ؟ مەعلووم نیە] یەکێکیشی لە پشتیەوە سوار کرد [کە قەثمی کوڕی عەباسە] .

الحصار وجزاء الصيد(١) :

١٦٠/٣٤٦١ ـ قال ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ : قد أحصر رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فحلق رأسه ، وجامع نساءه ، ونحر هديه ، حتى اعتمر عاماً قابلا ح ـ ٣/٢٧٣ .

---

(١) باسی مەنعکردن لە حەج و عومرەو کەفارەتی نێچیری حەرەمی مەککە .

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە عومرە مەنع كرا سەری تاشیو ، موجامەعەی لەگـەڵ ئەزواجی طاهیراتا كردو هەدیەكەی سەربڕی ، تا ساڵی دوایی عومرەكـەی بە قەزا گێڕایەوە .

١٦١/٣٤٦٢ ـ عن المسور ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رســـول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ نحر قبل أن يحلق وأمر أصـــحابه بذلـك ح ـ ٢٧٣/٣ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە پێش سەرتاشینیا هەدیەكەی سەربڕی ئەمریشی بە ئەصحابی فەرموو كە بیكەن .

(معلقــات ح ـ ٢٧٣/٣) :

ئیبنوعەباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : بەقەزاگێڕانەوەی عومرەو حەج وەختێ لازمە كە خۆی بـە ئیختیار بـە جیماع تێكی بـدا . ئەمما حەبس بكرێ لە حەج یا عومرە عوذری بێ تێــكی بـدا گێڕانەوەی لەسەر نیە ، یەعنی هی سوننەت . هی فەرز ئەوە لەسەری ثـابتـە ئەگـەر مەنعكراو هەدیی پێ بوو لە كوێ مەنعكراوە لەوێ سەری ببڕێ ، ئەگـەر نەیتوانی بینێرێ بۆ مەككە . ئەگەر توانی بینێرێ تا هەدیەكەی نەگاتە جێی خۆی دروست = نیە = ئیحرامەكەی بشكێنێ .

مالیكو غەیری مالیك ئەفەرموون : لە هەر جێیێ مەنعكرا بیشـــكێنێ قەزای نیە . ئەفەرموێ : چونكی پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ و

ئەصحابی لە حودەیبییەدا هەدیان سەربڕی سەریان تاشی لە پێش طەوافاو لە پێش ئەمە کە هەدیەکە بگا بە جێی خۆی هەدیەکانیان سەربڕیو سەریانتاشی ، کەسیش نەیوتوە کە پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئەمری بە کەسێ کردبێ کە شتێك بە قەزا بگێڕێتەوەو ئیعادەی بکاتەوە ، حودەیبییەیش خاریجە لە حەرەم ح ـ ٣/٢٧٥ • لە ئیمامی شافیعیش وا ریوایەت کراوە •

فیدیە :

١٦٢/٣٤٦٣ ـ عن عبدالله بن معقِل قال : جلست إلى كعب بن عُجْرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ فسألته عن الفدية • فقال : نزلت فيَّ خاصة ، وهي لكم عامة : حملت الى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ والقمل يتناثر على وجهي ! فقال : ما كنت أرى الوجع بلغ بك ما أرى ، أو ما كنت أرى الجُهْد بلغ بك ما أرى • تجد شاة ؟ فقلت : لا • فقال : فصم ثلاثة أيام ، أو أطعم ستة مساكين لكل مسكين نصف صاع ح ـ ٣/٢٧٧ ، ٢٧٦ ، ٢٧٨ عن عبدالرحمن بن أبي ليلى عن كعب ـ رضي الله تعالى عنه ـ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی مەعقەل ئەفەرموێ : لای کەعبی کوڕی عوجرە دانیشتم لە فیدیەی حەجم لێپرسی • فەرمووی : بە خوصووصیی دەرحەقی من نازڵ بوە بە عوموومیش بۆ ئێوە : هەڵگیررام برامە خزمەت پێغەمەر ـ صلی اللە تعالی علیە وسلم ـ ئەسپێ بەسەر دەموچاوما هەڵەوەری ! فەرمووی : ظەننم نەئەبرد کە نارەحەتیو مەشەقەتت گەییوەتە ئەو دەرەجەی کە ئەیبینم ! مەڕێکت هەیە ؟ عەرزمکرد : خەیر • فەرمووی :

سێ رۆژ بەڕۆژوو ببە ، یا ئیطعامی شەش میسکین بدە ، بە هەر میسکینێ نیو صاع •

لە ریوایەتەکانی ترا ئەمری پێکرد یا سێ رۆژ بەڕۆژوو بێ ، یا ئیطعامی شەش میسکین بکا ، یا مەڕێ سەرببڕێ •

١٦٣/٣٤٦٤ - عن ابن أبي أوفى - رضي الله تعالى عنهما - يقول : لما اعتمر رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - سترناه من غلمان المشركين ومنهم أن يؤذوا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - ح - ٣٦٧/٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوئەبیئەوفا - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - کە عومرەی [قەزای] کرد لە موشریکانو کوڕانیان موحافەظەمان ئەکرد مەبادا ئەذیەتی بدەن •

١٦٤/٣٤٦٥ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - قال : تزوج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - ميمونة [بنت الحرث - رضي الله تعالى عنها -] وهو محرم ، وبنى بها وهو حلال ، وماتت بالسرف [في الموضع الذي بنى بها فيه] ح - ٣٦٨/٦ •

تەرجەمە :

ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه - بە موحریمی مەیموونەی نیکاح کرد - رضي الله تعالى عنها - کە لە ئیحرام هاتەدەرێ لە سیرف چوە لای • مەیموونە - رضي الله تعالى عنها - هەر لە سەرف وەفاتیکرد •

صەیدو قەتلی حەیوان لە حەرەما :

١٦٥/٣٤٦٦ - عن عبدالله بن عمر - رضي الله تعالى عنهما - أن رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - أمر بقتل الكلاب ح - ٣٠٥/٥ ،

م – ٦/٤٥٤ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەمری فەرموە بـە کوشـتنی سـگ •

١٦٦/٣٤٦٧ – وعنه قال : كان رسول الله – صـلى الله تعـالى عليـه وسلم – يأمر بقتل الكلاب فننبعث في المدينة وأطرافها فلا ندع كلباً إلا قتلناه ، حتى لنقتل كلب المرأة من أهل البادية يتبعها م – ٦/٤٥٥ وفي رواية يحيى بن سعيد زيادة : ورخص في كلب الغنم والصيد والزرع م – ٢/٣٣٤ •

١٦٧/٣٤٦٨ – عن ابن عمر – رضي الله تعالى عنهما – أن رسـول الله – صلى الله تعالى عليه وسلم – أمر بقتل الكلاب إلا كلب صـيد ، أو كلب غنم ، أو ماشـية • فقيل لابن عمر : إن أبا هريرة يقول : أو كلب زرع • فقال ابن عمر : ان لأبي هريرة زرعاً م – ٦/٤٥٥ •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر – رضي الله تعالى عنهما – ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – ئەمری فەرموو کە سەگ بکوژین • لە مەدینەو ئەطرافی مەدینەدا ئەگەڕاین هیچ سەگمان نەئەهێشتەوە ، هەرچیمان تووش بوایـە ئەمانکوشت ، حەتتا سەگی ئەو ژنانەیش کە لە لادێوە ئەهاتن و شـوێنیان ئەکەوتن ئەمانکوشتن • لە ریوایەتی یەحیای کوڕی سـەعیدا ئەوەی لێ زیاد کراوە کە : ئیذندراوە بـۆ سـەگی مەڕو راوو زەراعەت • هـەم ئەفەرموێ : پێغەمەر – صلى الله تعـالى عليـه وسـلم – ئەمری فەرموە بـە کوشتنی سـەگی غەیری راوو مەڕو حەیوانات • عەرزی ئیبنوعومەریـان کرد : کە ئەبوهورەیرە ئەڵێ : هەم غەیری سەگی زەراعەت • ئیبنوعومـەر

فەرمووی : ئەبوهورەیرە زەراعـەتی هـەیـە • یەعنی بۆیـەکی ئـەوە لێ زیادکردوە •

١٦٨/٣٤٦٩ ـ عن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من أمسك كلباً ينقص من عمله كل يوم قيراط إلا كلب حرث أو ماشية ح ـ ٣٠٦/٥ ، ح ـ ١٦٦/٤ •

١٦٩/٣٤٧٠ ـ وعنه عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : من اقتنى كلباً ليس بكلب صيد ، ولا ماشية ، ولا أرض فإنه ينقص من أجره قيراطان كل يوم م ـ ٤٥٨/٦ ، وعن ابن عمر م ـ ٤٥٦/٦ ، وفي أخـــرى قيراط ح ـ ٢٤٩/٨ •

١٧٠/٣٤٧١ ـ عن سفيان بن أبي زهير [الشني [الشنوي ـ رضي الله تعالى عنه ـ] أنه سمع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : من اقتنى كلباً لا يغني عنه زرعاً ولا ضرعاً نقص من عمله كل يوم قيراط • فقـال السائب بن يزيد : آنت سمعت هذا من رسول الله ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ ؟ قال : إي ورب[1] = هذه القبلة = [إي ورب هذا المسجد ! م] ح ـ ٣٠٦/٥ ، ح ـ ١٦٦/٤ ، م ـ ٤٦٠/٦ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هەرکەسێ ســـەگێ رابگرێ ســەگی راوو حـەیوانو هی پاسی ئـەرز نەبێ کوللی رۆژێ لـە ئەجری دوو قیراط لـە ریـوایەتەکـەی تریا قیراطێ کەم ئەبێتەوە • ئیبنوعومەریشو ســـوفیـانی ئیبنوزوهەیری شەنەویش ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وا ریوایەت ئەکـەن •

---

(١) بەهەڵە (ورب الكعبة) نووسرابو ، وەك خۆیمان لێ کردەوە •

لە ریوایەتی سوفیانا سائیبی کوڕی یەزید لێی ئەپرسێ : تۆ ئەوەت لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بیستوە ؟ فەرمووی : ئا قەسەم بە خوای = ئەم قیبلە = یا بە خوای ئەم مزگەوتە .

١٧١/٣٤٧٢ - جابر بن عبدالله [رضي الله تعالى عنهما] يقول : أمرنا رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بقتل الكلاب حتى إن المرأة تَقْدم من البادية بكلبها فنقتله ، ثم نهى النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - عن قتلها وقال : عليكم بالأسود البهيم ذي النقطتين ؛ فإنه شيطان م - ٦/٤٥٥ .

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری بە کوشتنی سەگ کرد ، حەتتا ژن لە دەشتەوە ئەهات سەگی لەگەڵ بوو ئەمانکوشت . لە پاشا نەهیلێکرد ، فەرمووی : هەر سەگی رەشی چوارچاو بکوژن ؛ چونکی ئەوە شەیتانە .

١٧٢/٣٤٧٣ - عن سعيد بن المسيب أن أم شريك غزيَّة أخبرته أن النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم - أمرها بقتل الأوزاغ ح - ٥/٣٠٠ ، ح - ٥/٣٤٤ وفيه : وقال : كان ينفخ النار على إبراهيم - عليه الصلاة والسلام - م - ٩/٨٨ ، ن ، جه .

تەرجەمە :

سەعیدی کوڕی موسەییب - رضي الله تعالى عنه ورحمه الله تعالى - ئەفەرموێ : ئوممو شورەیك غوزەییە - رضي الله تعالى عنها - فەرمووی : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - ئەمری بە کوشتنی وەزەغە : سەرمازوولە فەرموو ؛ چونکە ئاگری حەزرەتی ئیبراهیمی - عليه السلام - خۆش کردوە .

١٧٣/٣٤٧٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : من قتل وزغة في أول ضربة فله كذا وكذا حسنة [كتبت له مائة حسنة ، أخرى م • سبعين حسنة • م ـ ٩/٩٠] ومن قتلها في الضربة الثانية فله كذا وكذا حسنة لدون الأولى • ومن قتلهـــا في الضربة الثالثة فله كذا وكذا حسنة لدون الثانية م ـ ٩/٨٩ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەفەرموێ : هەرکەسێ بە ئەووەڵ لێـــدان ودزەغـــەیێ بکوژێ صەد حەسەنەی هەیە • لە ریوایەتێکا حەفتا حەســــەنەی هەیە • بە دوەم لێدان بیـکوژێ لەوە کەمتری هەیە • لە سێیەم لێدانا = بیکوژێ = لە دوەم لێدانا کەمتری ثەواب هەیە •

پشـــیلە کوشـــتن :

١٧٤/٣٤٧٥ ـ عن عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : عذبت امرأة في [من جراء أخرى • م عن أبي هريرة] في هرة سجنتها حتى ماتت [هزالا • أخرى • م] فدخلت فيها النار ، لا هي أطعمتها وسقتها إذ حبستها ، ولا هي تركتها [ترمرم • أخرى م] تأكل من خشاش الأرض م ـ ٩/٩٢ ، م ـ ١٠/٥٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی عومەرو ئەبوهورەیرە ـ رضـــي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموون : کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ژنێ بــە واسیطەی پشیلەیێکەوە لە ئاگرا عەذاب ئەدرێ ، چونکی حەبسی کــرد تـا

لە برسانا مرد نە شتێکی ئەدایێ بیخواو بیخواتەوە نە بەرەڵلای ئەکرد تا لــە وردە حەیواناتی ئەرز بخوا •

١٧٥/٣٤٧٦ ـ عن أبي هريـرة ـ رضـي الله تعـالى عنــه ـ عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ = قال فقدت = آمة من بني اسرائيل لا يُدرى ما فعلت ، وإني لا أراها إلا الفأر ـ مسخ وآية ذلك • م ـ اذا وضع لها ألبان الإبل لم تشرب ، واذا وضع لها لبن الشاة شربت• فحدث [هذا الحديث•م] كعباً [كعب الأحبار] فقال : أنت سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقوله ؟ قلت : نعم • قال لي مراراً • فقلت : افأقرأ التوراة ؟! [أفأنزلت عليّ التوراة ؟! م] ح ـ ٥/٢٩٨ ، م ـ ١٠/٤٣٧ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە ـ رضي الله تعالى عنە ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئوممەتێ لە بەنی ئیسرائیل ونبوون ، نازانرێ چییان لێ هاتوە • ظەننم هەر وایە کە = مەســـخ بووبنەوە بووبن بــە = مشـــك ، عەلامەتی ئەوەیــە کــە مشــك شـیری وشـتری بۆ دابنرێ لێی ناخواتەوە ، کــە شــیری مەڕی بۆ دابنرێ لێی ئەخواتەوە • ئەبوهورەیرە ـ رضــي الله تعــالى عنــە ـ ئەفەرموێ : ئەم حەدیثەم بو (كعب الأحبــار) ریوایەتکرد ، وتی : بۆ تۆ ئەمەت لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیســتوە ؟ وتم : ئــا • چەنــد جــار ئــەم ســوئالەی لێ تیکرار کردمەوە • وتم : بۆ من تەورات ئەخوێنم ؟ [یەعنی ئەوە ئەڵێم لە پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بیستوە لە تەورات نەقڵ ناکەم] •

[ئیختیلاف لە مەمسووخا هەیە نەسلی ئەبێ یا نابێ ؟ بەعزێ بە دەلیلی ئەم حەدیثە ئەڵێن : نەسلی ئەبێ • مەیموون لەو مەیموونانەن کە مەســـخ

بوونەوە • بەعزێك ـ كە قەولی ئەصەححە ـ ئەڵێن : نەسلی نابێ ؛ چونكی لە موسلیما بە مەرفووعیی لـە ئیبنومەسعوود ریوایەتكراوە كـە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ فەرموویەتی : « ان الله لم یهلك قوما أو یعذب قوما فیجعل لهم نسلا ، وان القردة والخنازیر كانوا قبل ذلك » : بە تەحقیق خوا هیچ قەومێكی بە هیلاك نەبردوە ، یا فەرمووی : هیچ قەومێكی عەذاب نەداوەو نەسلی لێ پاشخستبن • مەیموونو بەراز لە پێش ئـەو قـەومەدا بوون • ئەم حەدیثی ئەبوهورەیرە لە پێش ئەمەدا بوە كە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ دەرحەقی مەیموونو بەراز وەحیی بۆ هاتبێ • قسطلاني ٢٩٩/٥] •

ئەم حەدیثی ئیبنومەسعوودەم نەدۆزییەوە نازانم لە جێی ترا نووسیومە یان نـا[1] ؟ رەشـــید •

١٧٦/٣٤٧٧ ـ عبیدالله بن مقسم یقول : ســـمعت القاسم بن محمد یقول : سمعت عائشة [رضي الله تعالی عنها] زوج النبي ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ تقول : سمعت رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ یقول : أربع كلهن فاسق یقتلن في الحل والحرم : الحدأة ، والغراب ، والفأرة ، والكلب العقور • قال : فقلت للقاسم : أفرأیت الحیة ؟ قال : تقتل بصغر لها [بإهانة] م ـ ٢٣٦/٥ •

١٧٧/٣٤٧٨ ـ قالت حفصة ـ رضي الله تعالی عنها ـ : قال رسول الله ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ : خمس من الدواب لا حرج علی من قتلهن : الغراب ، والحدأة ، والفأرة ، والعقرب ، والـكلب العقور ح ـ ٢٩٠/٣ ، م ـ ٢٤٠/٥ •

---

(١) نازانـم مەبەستی كـام حەدیثەیـە ؛ چونكە لـە ســـەرەوە حەدیثی ئەبوهورەیرەی ریـوایـەت كـردوەو حـەدیثی دوایـیشـــــس حەدیثی ئیبنومەسعوود نیە .

١٧٨/٣٤٧٩ ـ عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : خمس من الدواب كلهن فاسق ، يقتلن في الحرم : الغراب ، والحدأة ، والعقرب ، والفأرة ، والكلب العقور ح ـ ٣/٢٩٠ ، م ـ ٥/٢٣٩ .

١٧٩/٣٤٨٠ ـ عن عائشة عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : خمس فواسق يقتلن في الحل والحرم : الحية ، والغراب الأبقع ، والفأرة ، والكلب العقور ، والحديا م ـ ٥/٢٣٧ .

تەرجەمە :

(بەسە . زۆرە لە بەعزێکا مارە ، لە بەعزێکا دووپشکە)

مەعنای هەمووی یەکێکە حەزرەتی حەفصەو عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموون : پێغەمەر ـ صلى الله عليه وسلم ـ = فەرموویەتی = : چوار شت ، لە ریوایەتێکا پێنج شت فاسقن لـە حیلل‌و حەرەما ، حەلال‌و موحریم بیانکوژێ گوناهی نیە : مشکەو ، مارەو ، دووپشـــــــــك‌و ، قـەلـەباچکەو . کۆللارەو ، سـەگی گەزندە . لـە ریوایەتێکا مار ، لـە ریوایەتێکا دووپشك ذیکرکراوە ئەبێ بە شەش .

[موراد لە سەگ دڕندەو هەرشتی موضـــیڕڕە ، پڵنگ‌و ، ورچ‌و ، شێرو سائیرە بەرەکەوێ . (راجع النووي والقسطلاني تشْـفـ)] .

١٨٠/٣٤٨١ ـ عبدالله [بن مسعود] ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : بينما نحن مع النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في غار بمنى [ليلة عرفة] إذ نزل عليه (والمرسلات) وأنه ليتلوها ، وإني لأتلقاها من فيه ، وإن فاه لرطب بها ، إذ وثبت علينا حية . فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لمن معه من أصحابه : اقتلوها . فابتدرناها فذهبت . فقال النبي ـ صلى الله

تعالى عليه وسلم ـ : وَقِيَتْ شرّكم كما وقيتم شـــرها ح ـ ٣/٢٩٢ ، م ـ ٨٦/٩ ، ن ٠

تەرجەمە :

ئیبنومەسعوود ـ رضي الله تعـالى عنــه ـ ئەفەرموێ : لـه وەختێکا شەوی عەرەفە لە خزمەت پێغەمەرا ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بووین لە ناو غارێکا لە مینا پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ســـــــوورەتی (والمرسلات)ی نازڵ بوە سەر ٠ پێغەمەر ـ صلى الله تعـالى عليـه وسلم ـ ئەیخوێند منیش لە دەمی موبارەکیم وەرەگرت ، دەمی موبارەکی ئێشـــتا تەڕو تـازە بوو بـە خوێندنی لەو وەختەدا مارێ بـە سەرمانا بازدیبرد ٠ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەمری بەو ئەصحابەی کە لە خزمەتیا بوون فەرموو : بیکوژن ٠ بۆی چووین کە بیکوژین ٠ نەمانکوشـــتو ڕۆیی ٠ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : وەك چۆن ئێوە لە شەڕی ئەو مەحفووظ بوون ئەویش لە شەڕی ئێوە مەحفووظ بوو ٠

٣٤٨٢/١٨١ ـ عن ابن بُجَيْنة ـ رضي الله تعالى عنــه ـ [وعن ابن عباس ـ رضي الله تعالى عنهما ـ وليس فيه ولا في مسلم : لحي جمل] قال : احتجم النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وهـو محرم [بطريق مكة ٠ م] بلَحْي جمل [اسم موضع بين مكة والمدينة] في وسط رأسه ح ـ ٣/٢٩٨ ٠ م ـ ٥/٢٤٨ ، د ، ت ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ موحریم بو لە (لحي الجمل)ا = کە جێگەیێکە لە نێوان مەککەو مەدینەدا = لە ناوەڕاستی ســـــەری موبارەکی حەجامەتی گرت ٠

١٨٢/٣٤٨٣ ـ عن نبيّه بن وهب قال : خرجنا مع أبان [منصرف أو غير منصرف • فعال أو أفعل • نووي] حتى إذا كنا بملل اشتكى عمر بن عبيدالله عينيه [فأراد أن يكحلها • أخرى م] فلما كنا بالروحاء اشتد وجعه ، فأرسل الى أبان بن عثمان [رضي الله تعالى عنه] يسأله فأرسل إليه : أن اضمدهما بالصَّبر [تاڵی شاری] فإن عثمان [رضي الله تعالى عنه] حدث عن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ في الرجل إذا اشتكى عينيه وهو محرم ضمدها بالصَّبِر م ـ ٥/٢٤٩ •

تەرجەمە :

نوبەیهی کوڕی وەهەب ئەفەرموێ : لە خزمەت ئەبانی کوڕی ئیمامی عوثمانا ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە مەدینە چووینەدەرێ کە گەیینە مەلەل عومەری کوڕی عوبەیدوللا چاوی هاتەژان کە گەیینە رەوحاء ژانی چاوی شیددەتی سەند ، ناردیە خزمەت ئەبان کە چاوی بڕێژێ بە کل یان نا ؟ نەهی لێکرد ، فەرمووی : تاڵی شاری[1] لێ بنێ عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـەوە دەرحەقی موحریم کە چاوی بێشێ ریوایەتی کردوە کە تاڵی شاری لێ بنێ •

موحریم سەری ئەشوا یان نا ؟

ئیبنوعەباس [وصله الدارقطني] ـ رضي الله تعالى عنهما ـ ئەفەرموێ : موحریم ئەچێتە حەمام • ئیبنوعومەرو عایشە ـ رضي الله تعالى عنهما ـ [وصله البيهقي] ئەفەرموون : زەرەری نیە موحریم خۆی بخورێنێ •

١٨٣/٣٤٨٤ ـ عن عبدالله بن العباس [رضي الله تعالى عنهما] والمسور بن مخرمة ـ رضي الله تعالى عنهما ـ اختلفا بالأبواء ؛ فقال عبدالله بن العباس

(١) (تاڵی شاری) : دەرمانێکی زەردباوی زۆر تاڵە . فەرهەنگی خاڵ ، ٢/٢٧٤ .

[رضي الله تعالى عنهما] : يغسل المحرم • وقال المسور [رضي الله تعالى عنه]: لا يغسل المحرم رأسه [قال عبدالله بن حنين الراوي] فأرسلني عبدالله بن العباس [رضي الله تعالى عنهما] إلى أبي أيوب الأنصاري ، فوجدته يغتسل بين القرنين [قرني البئر : جانبيها] وهو يستر بثوب ، فسلمت عليه • فقال : من هذا ؟ فقلت : أنا عبدالله بن حنين أرسلني إليك عبدالله بن العباس أسألك كيف كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يغسل رأسه وهو محرم ؟ فوضع أبو أيوب [رضي الله تعالى عنه] يده على الثوب فطأطأه حتى بدا لي رأسه • ثم قال لإنسان يصب عليه : اصبب فصب على رأسه ، ثم حرك رأسه بيديه ، فأقبل بهما وأدبر ، وقال : هكذا رأيته - صلى الله تعالى عليه وسلم - يفعل [فقال المسور لابن عباس [رضي الله تعالى عنهم] : لا أماريك أبدا • م] ح - ٣/٣٠١ ، م - ٥/٢٥٠ ، ٢٥١ ، ن ، جه •

تەرجەمە :

عەبدوڵلای کوڕی حونەین ئەفەرموێ : ئیبنوعەباس‌و میسوەری کوڕی مەخرومە نیزاعیان بوو لەمەدا کە موحریم سەری ئەشوا یا نایشوا ؟ ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - فەرمووی : ئەیشوا ، میسوەر - رضي الله تعالى عنه - فەرمووی : نایشوا [مەبادا مووی هەڵبوەرێ] عەبدوڵلا ئەڵێ : ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - منی نارده خزمەت ئەبوئەییووبی ئەنصاریی - رضي الله تعالى عنه - چووم لە بەینی دوو دیواری بیرێکا غوسڵی ئەکرد ، خۆی بە ساتیرێ داپۆشیبوو ، سەلامم لێکرد ، فەرمووی : کێیە ؟ عەرزمکرد : عەبدوڵلای کوڕی حونەینم • ئیبنوعەباس - رضي الله تعالى عنهما - منی ناردۆتە خزمەتت لێت بپرسم پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بە موحریمی چۆن غوسڵی ئەکرد ؟ ئەبوئەییووب - رضي الله تعالى عنه - دەستی خستە سەر ساتیرەکە ، داینەوان تا سەری دەرکەوت بەوە کە ئاوی بە سەرا ئەکرد

پێیفەرموو : ئاوم بەسەرا بکە • ئاوی بەسەرا کرد بە هەردوو دەستی ـ دەستی هێنا بەسەر سەریا دەستی بۆ پێشەوە هێناو بۆ پاشەوەی برد ، فەرمووی : پێغەمەرم ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وا دی کە سەری ئەشت [عەبدوڵلا ئەڵێ : خەبەرم بۆ بردنەوە میسوەر بە ئیبنوعەباسی وت ـ رضي الله تعالى عنهم ـ : ئیتر بە ئەبەدیی قەت موجادەلەت لەگەڵ ناکەم] •

عەبدوڵلای کوڕی حونەین تێفکری کە ئەبوئەییوب ـ رضي الله تعالى عنه ـ بە موحریمیی غوسڵی ئەکرد تێیگەیی کە بۆ موحریم دروستە غوسڵبکا سەری بشوا ، موحتاج نەبوو کە ئەوەی لێ بپرسێ ، = پرسیاری = کەیفیەتی سەرشتنی پێغەمەری لێکرد ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەویش بە فیعل پێنیشانی دا کە بە قووەتترە لەوەی کە بە قەول تێیبگەیێنێ • قەسطەلانی •

راوکردنو گواشتنی راو خواردن :

١٨٤/٣٤٨٥ ـ عبدالرحمن التيمي قال : كنا مع طلحة بن عبيدالله [أحد العشرة المبشرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] ونحن حُرُمٌ فأهدي له طير وطلحة راقد ، فمنا من أكل ، ومنا من تورع • فلما استيقظ طلحة وفق من أكل [أي صوبه] قال : وأكلناه مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ م ـ ٥/٢٣٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڕەحمانی تەیمیی ـ رحمه الله تعالى ـ ئەفەرموێ : لە خزمەت طەلحەی کوڕی عەبدوڵلادا بووین ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئێمە موحریم بووین ، طەیرێکیان بە دیاریی بۆ هێنا ، طەلحە ـ رضي الله تعالى عنه ـ نوستبوو ، بەعزێکمان خواردمان ، بەعزێکمان وەرعیکرد نەیخوارد ، کە

طەلحە - رضي الله تعالى عنه - خەبەری بۆوە تەصوییی ئەوانەی کــرد کــە خواردبوویان ، فەرمووی : ئێمە لە خزمەت پێغەمەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە حەیوانی راومان خوارد •

(لا تقتلوا الصيد وأنتم حرم •••) الآية ، المائدة[1]

ئیبنوعەباس و ئەنەس - رضي الله تعالى عنهم - بــە زەرەریان نەزانیوە کە موحریم حەیوان : مەڕ ، بزن ، وشتر ، گاجووت ، مریشك سەرببڕێ •

١٨٥/٣٤٨٦ - ابن عباس [رضي الله تعالى عنهما] عن الصــــعب بن جثّامة الليثي [رضي الله تعالى عنه] أنه أهدى لرسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - حماراً = وحشياً = وهو بالأبواء أو بِود ّان فردّه عليه • فلما رأى ما في وجهه قال : إنا لم نرُدَّه عليك إلا أنا حرم ح - ٢٨٧/٣ ت ، ن ، جه ، م - ٢٢٥/٥ •

تەرجەمە :

صــەعبی کوڕی جەثامــە - رضــي الله تعــالى عنــه - گەورێ - لــە ریوایەتێکا رانی گەورێ ــك لە وەددان یا لە ئەبواء بــە دیاریی ئەبــا بــۆ پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - رەددی کردەوە • کە چاوی کەوت بەوە کە = جەثامە = رووی گــرژ بوو فەرمووی : هەر بۆیەکم رەدکردەوە چونکە موحریمم •

١٨٦/٣٤٨٧ - عن عبيدالله بن أبي قتادة قال : انطلق أبي عام الحديبية فأحرم أصحابه ولم يحرم • وحُــدّث النبيّ أن عدوًّا يغزوه [بِغَيْــقَة ، فتوجهنا نحوهم • خ أخرى] فانطلق النبي - صلى الله تعــالى عليه وسلم -

---

(١) المــائــدة /٩٥ .

فبينما أنا مع أصحابي يضـــــحك بعضهم الى بعض ، فنظرت فإذا أنا بحمار وحش ، فحملت عليه فطعنته ، فأثبتته ، واســـــتعنت بهم فأبوا أن يعينوني [يعني وقع سوطه ، فقالوا : لا نعينك عليه بشيء إنـا محرمون ، فنـاولتــه فأخذته ، آخرى خ] فأكلنا من لحمه ، وخشـــينا أن نقطتع • فطلبتُ النبيَّ ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أرفّع فرسي شأواً [تارة] وأسير شـــأواً ، فلقيت رجلا من بني غفار في جوف الليل ، قلت : أين تركت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ؟ قال : تركته بِتَعْهِن = وهو = قايل السقيا [عازماً أن يقيل بالسقيا موضع مقابل تَعْهِن • قال أبو قتادة : فســـــرت فأدركته] فقلت : يا رسول الله إن أهلك [أصحابك • م] يُقرؤن عليك السلام ورحمة الله إنهم قد خَشُوا أن يُقْتَطَعوا دونك فانتظرهم • قلت : أصبت حمـار وحش وعندي منه فاضلة ، فقال للقوم : كلوا وهم محرمون ح ـ ٣/٢٨٢ ، ٢٨٣ ، ٢٨٥ وفيه : فعقر منها أتـانـا فنزلوا فأكلوا من لحمهـا ، وقالــوا : أَنَأْكُلُ لحم صيد ونحن محرمون ؟ فحملنا ما بقي من لحم الأتــان ، فلما أتوا رســول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قالــوا : يـا رسول الله إنـا كنـا أحرمنـا وقد كان أبو قتادة لم يحرم فرأينا حمر وحش ، فحمل عليهـا قتادة ، فعقر منها أتانا ، فنزلنا فأكلنا من لحمها ثم قلنا : أنأكل لحم صــــيد ونحن محرمون ؟ فحملنا ما بقي من لحمها • قال : أمنكم أحد أمره أن يحمل عليها أو أشــــــــار إليها ؟ قالوا : لا • قال : فكلوا ما بقي من لحمها • ح ـ ٣/٢٨٥ ، م ـ ٥/٢٣٤ ، ح ـ ٣/٢٨٧ ، م ـ ٥/٢٣١ ، ٢٣٦ •

تەرجەمە :

عەبدوڵڵای کوڕی ئەبوقەتادە لە باوکیەوە ریوایەت ئەکا ساڵی صوڵحی حودەیبییە باوکم لەگەڵ ئەصحابیا چوە دەرێ ، رەفیقەکانی ئیحرامیـان بـە عومرە دابەست باوکم دای‌نەبەست • خەبەریش درا بە پێغەمەر ـ صلی الله

تعالی وسلم ـ کە دوشمنێك لە غەیقە تەمایەتی غەزوی بکا [پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ ئەمری پێفەرموون : کە ســـاحیلی بەحر بگرن تـا یەکدیگیر ئەبینەوە ، ســــــاحیلی بەحریان گرت • أخری خ ـ ٣/٢٨٥] پێغـەمـەر ـ صلی الله تعـالی علیـه وســـلم ـ تەشـــریفی رۆیی ئێمەیش بەرەوپیری دوشمنەکە رۆیین ، لەو بەینەدا رەفیقەکانم شتێکیان بەدی کرد ، تەماشـای یەکتریان ئەکردو پێ ئەکەنین ، تێفـکریم رەوەیێ گـەور بوو • پەلامارم دانێ ، لە یەکێکیانمدا ، لە رۆیینم خست ، یارییەم لـە رەفیقەکانم ویست ، وتیان : یارییەت نادەین • قەمچییەکەم لێ کەوت نەیاندایەوە دەستم تـاخـۆم دابەزیمو هەڵمگرتەوە • لـە گۆشتی گـەورەکـەمان خـوارد ، بەعزێکمان وەرعیان کردو وتیان : ئێمە موحریمین چۆن لە گۆشـــتی راو ئەخۆین ؟ لەوە ترساین کە دوشمن لـە پێغەمەرمان ـ صلی الله تعـالی علیـه وسلم ـ داببڕن • جارێ ئەسپەکەم تاو ئەداو ، جارێ بـە رەوت ئەڕۆییم • شەو بە پیاوێ لە بەنی غیفار گەییم لێم پرسی : پێغەمەرت ـ صلی الله تعـالی علیه وسلم ـ لە کوێ بەجێ هێشت ؟ وتی : لە (تەعهین) ئیرادەی وایـە لە سوقیا کە بەرابەر بە تەعهینە چێشتەخەو بکا • رۆییم تا بـە خزمەتی گەییم عەرزم کرد : (یا رسول الله) ئەصحابەکانت ســــەلامت لێ ئەکەن ئەترسن لێت دابڕێن لـە ســــەریان بەنـد بیـە • عـەرزم کـرد : (یا رسول الله) گەورێکم کوشت لێمان خوارد ، لە دواییدا وتمان : چۆن لە گۆشتی راو ئەخۆین ئێمە موحریمین ، لە زیادییەکەییم پێیە • فەرمووی : هیچ کەس لە ئێوە موعاوەنەتتان کردوە ، یـا ئیشـــــارەتتان پێ کردوە کـە بیکوژێ ؟ عەرزیان کرد : خەیـر • ئەمری پێفەرموون بیخـۆن [لـە ریـوایـەتێـکا ئەفەرموێ : فەرمووی : هیچتان پێ ماوە ؟ عەرزیان کرد : رانێکمان پێ ماوە ، وەری گرتو لێی خوارد م ـ ٥/٢٣٦] •

ئەم حەدیثەو حەدیثی صەعب ظاهیرەن نەوعە موبایەنەتێکیان هەیە نە لەوا ئەڵێ : پێغەمەر ـ صلی الله علیه وسلم ـ گۆشتی گەورەکەی لە صەعب قەبووڵ نەکرد ، لەم حەدیثەدا ئەفەرموێ : لێیخوارد • فەقەط بە قەرینەی ئەم حەدیثە ئەگەر موحریم ئیشارەت نەکا ، ئەمر نەکا ، موعاوەنەتی غەیرە موحریم نەکا بۆی دروستە لێی بخوا • لە حەدیثی صەعبا پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ وای ظەن بردوە کە صەعب بۆ ئەوی راو کردوە بۆیە لێی نەخواردوە • (والحاصل) مەسئەلە (مختلف فیه)ە تەماشای نەوەوی و قەسطەلانی بکە لەم مەڵبەندەدا •

٣٤٨٨/١٨٧ ـ عن أنس بن مالك ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل عام الفتح [مكة] وعلى رأسه المغفر ، فلما نزعه جاء رجل [أبو برزة ـ رضي الله تعالى عنه ـ] فقال : إن ابن خطل متعلق بأستار الكعبة ! فقال : اقتلوه ح ـ ٣/٣٠٤ ، م ـ ٦/٦٦ ، د ، ت ، جه ، ن •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : سالّی فەتحی مەککە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ کە تەشریفی داخڵی مەککە بوو کڵاوزرێی لەسەرا بوو ، کە دای گرت ئەبوبەرزە هاتە خزمەتی عەرزیکرد : ئیبنوخەطەل [کە ئەذیەتی پێغەمەری ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ بە هەجوکردن زۆر ئەدا] خۆی بە ئەستاری کەعبەوە هەڵاوەسیوە [یەعنی طەڵەبی عەفو ئەکا] فەرمووی : بیکوژن • کوژرا •

٣٤٨٩/١٨٨ ـ عن حرث [رضي الله تعالى عنه] قال : كأني أنظر إلى رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على المنبر وعليه عمامة سوداء قد أرخى طرفيها بين كتفيه م ـ ٦/٦٩ •

١٨٩/٣٤٩٠ ـ عن جابر [رضي الله تعالى عنه] أن النبي ـ صـلى الله تعالى عليه وسلم ـ دخل يوم فتح مكة وعليه عمامة سوداء م ـ ٦/٦٨ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رۆژی فەتحی مەککە تەشریفی داخڵی مەککە بوو مێزەرێکی رەشی بەسەرەوە بوو ٠ لـە ریوایەتی حەرتـا لکەکانی لە بەینی هەردوو شانی سەعادەتیا بەردابوەوە [رەنگە کڵاوزرێکەی لەسەر مێزەرەکەوە لەسەر کردبێ بۆ موحافەظەی سەری لـە کڵاوزرێکە ٠ رەنگە لە ئیحرامیشا نەبووبێ بۆیە سەری داپۆشیوە ، یاخو لـەبـەر عوذر سەری داپۆشیبێ ٠ قەسطەلانی] ٠

١٩٠/٣٤٩١ ـ عن ابن عبـاس [رضـي الله تعـالى عنهما] عن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لقي ركباً بالروحاء فقال : من القوم ؟ قالوا : المسلمون ٠ فقالوا : من أنت ؟ قال : رسول الله [صلى الله تعالى عليه وسلم]، فرفعت إليه امرأة صبياً فقالت : ألهذا حج ؟ قال : نعم ولك أجر م ـ ٦/٢٧ ٠

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە رەوحاء بە بەعزێ ســـوار گـەلێ پرسیی کـە کێن ؟ عەرزیانکرد : موســـــولْمانانین ٠ ئەوانیش عەرزیانکرد : تۆ کێی ؟ فەرمووی : رەسوولولْلاّم ٠ ژنێ منالێکی هەڵبڕی عەرزیکرد : بۆ ئەمـە حەج هـەیـە ؟ فەرمـووی : بەڵێ بۆ تۆیش ئەجری هەیە ٠

١٩١/٣٤٩٢ ـ عن أبي هريرة قال : خطبنا رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : أيها الناس قد فرض الله عليكم الحج فحجوا ٠ فقـال رجل : أكُلَّ عام يا رسول الله ؟ فسكت حتى قالها ثلاثاً ٠ فقال رسـول الله

ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : لو قلت نعم لوجبت ولما استطعتم • ثم قال : ذروني ما تركتكم فإنما هلك من كان قبلكم بكثرة سؤالهم واختلافهم على أنبيائهم • فإذا أمرتكم بشيء فأتوا منه ما استطعتم • وإذا نهيتكم عن شيء فدعوه م ـ ٦/٢٩ •

تەرجەمە :

= ئەبوهورەیرە ئەفەرموێ : = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ خوطبەی بۆ ئەخوێندین فەرمووی : ئەی خەڵقینە خوا حەجی لەسەر فەرزکردوون حەج بکەن • پیاوێ هەڵیدایێ : (یا رسول الله) هەموو ساڵێ ؟ پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ سکووتی فەرموو تا پیاوەکە سێ جاری تیکرار کردەوە • پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : ئەگەر بموتایە بەڵێ لەسەرتان واجب ئەبوو و نەتان ئەتوانی بیکەن • لە دواییدا فەرمووی : مادام من واز لە ئێوە بێنم [یەعنی شتتان لەسەر واجبو حەرام نەکەم] ئێوەیش واز لە من بێنن [ئەوەندەم لێ مەپرسن : ئەوە واجبە ؟ ئەوە حەرامە ؟!] چونکی میللەتی پێش ئێوە بەوە بەهیلاك چوون کە زۆریان شت لە پێغەمەرەکان پرسیوەو زۆریان لێ کۆڵیونەوەو چەندو چۆنیان لەگەڵ کردوون • هەر وەختێ ئەمرم بە شتێ پێ‌کردن بە قەدەر تاقەت بیکەن کە نەهیم لێ‌کردن تەرکی بکەن •

١٩٢/٣٤٩٣ ـ أخبر علي الأزدي أن ابن عمر [رضي الله تعالى عنهما] علمهم أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ كان إذا استوى على بعيره خارجاً الى سفر كبر ثلاثاً ثم قال : (سبحان الذي سخر لنا هذا وما كنا له مقرنين ، وإنا إلى ربنا لمنقلبون)(١) أللهم إنا نسألك في سفرنا هذا البر

---

(١) الزخرف /١٣ •

والتقوى ، ومن العمل ما ترضى ، أللهم هون علينا سفرنا هذا ، واطْوِ عنـا بُعْده • أللهم أنت الصاحب في السفر ، والخليفة في الأهل ، أللهم إني أعوذ بك من وعثاء السفر [مشقته وشدته] وكآبة المنظر [تغير النفس من حزن] وسـوء المنقلب [المرجع] في المال والأهل ، واذا رجـع قالهن وزاد فيهن • آيبون تائبون ، عابدون لربنا حامدون • م - ٤١/٦ ، ترمذي •

١٩٣/٣٤٩٤ - عاصم الأحول = عن = عبدالله بن سرجس [رضي الله تعالى عنه] قال : كان رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - اذا ســـافر يتعوذ من وعثاء السفر وكآبة المنقلب ، والحَور بعد الكون [بالنون ، قال إبراهيم الحربي : يقال : ان عاصماً وهِمَ فيه ، وصوابه الكور بالراء • وقال النووي : كلاهما روايتان صـــحيحتان معناهما الرجوع من الإيمان الى العصيان ، والتفرق بعد الجمع ، حار نقض ، كان استقر ووجد ، كار عمامته لفّها •من النووي] ودعوة المظلوم ، وســـوء المنظر في الأهل والمـال م - ٤٢/٦ الترمذي •

تەرجەمە :

ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەمەی فێری خەڵق ئەکـرد کـە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - لە وەختی تەشریف بردنیا بۆ سەفەرێ کە سواری وشترەکەی ئەبوو و لە سەری جێگیر ئەبوو ئـەم دۆعـایـەی ئەخوێن : سێ جار (الله أكبر)ی ئەکرد لـە دواییـا ئەیفەرموو : تەقدیس و تەنزیهی ئەو ذاتە ئەکەم کە ئەمەی بۆ موسەخخەر کردووین سواری ئەبین کە نەمانئەتوانی نزیکی بکەوین ، بە تەحقیق ئێمە هەموو روجووع ئەبینە لای خواو رەبی خۆمان • خوایە لـەم سەفەرەدا طەڵەبی خێرو تەقوات لێ ئەکەین [یەعنی لە شەڕ لامانده‌ی ، خێرمان بێنیە رێ کـە لـە بێئیطاعەیی ئەمری تۆ بمانپارێزێ] • لە ئەعمال ئەوەت لێ طەڵەب ئەکەین کە لێی رازی

بی • خوایا ئەم ســەفەرەمان لە ســـەر سووكو ئاسانبكەی ، دووریی ئەم سەفەرەمان بۆ طەی بكەیتو بیپێچیەوە • خوایا لە سەفەرا هەر تۆ رەفیقی • لە ناو ماڵو مناڵمانا هەر تۆی لە جێی ئێمە موحافیظیان بی • خوایا پەنا بە تۆ ئەگرم لـە ئەذیـەتی ســـەفەر ، لـە حوزنو غـــەم [لـە ئەثەری لە رووما دەركەوێ] لە خراپگەڕانەوەم بۆ ناو ماڵو مناڵ [یەعنی دەرحەقیان شتی خراپ نەبینم] •

کـە ئەگـەڕایەوە ئـەو دۆعایەی ئەفەرموو ئەوەیشی لێ زیاد ئەكرد : ئەیفـەرموو : (آیبـون تائبون عابدون لربنـا حامدون) مـەعنـای ئـە[1] (دعوات)ا رابورد • لە ریوایەتەكەی ترا لە دوای سووئی مونقەلەب ئەوەی لێ زیادكردوە : (والحور بعـد الكور (یا بعـد الكون) ودعوة المظلوم ، وسوء المنظر في الاهل والمال) : یەعنی ئیستیعاذە بە خوا ئەكەم لەمە كـە لە ئیمان روجووع بكەمەوە بۆ كوفر ، لە خێر بۆ شەڕ ، لـە جەمعی قەڵب بۆ پەرێشانیی ، لە ئیستیقامەت بۆ چەوتیی ، لـە ئیســـــتیقرار بۆ تەزەلزول (مەعانی موحتەمەلە) لە دەعوەتی مەظلووم لە چاوپێكەوتنی شتی خراپو زەرەر دەرحەقی ماڵو مناڵ •

حورمەتی مەككەو مەدینە :

١٩٤/٣٤٩٥ ـ عاصم الأحول قال : قلت لأنس بن مالك : ـ رضي الله تعالى عنه ـ : أحَرَّمَ رسول الله ـ صلى الله عليه وسلم ـ المدينةَ ؟ قال: نعم ما بين كذا إلى كذا ، فمن أحدث فيها حدثا ، قال : ثم قال لي : هذه شديدة ، من أحدث فيها حدثاً فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين [وفي أخـرى : هي حرام ، لا يختلى خلاها ، من فعل ذلك فعليه لعنة الله والملائكـة والناس

(١) (دعوات) لە بەرگی شەشەمدا رابورد •

أجمعين م - ٧٩/٦] لا يقبل الله منه يوم القيامة صرفاً ولا عدلا • قال : فقال ابن أنس : أو آوى محدثاً م - ٧٨/٦ •

تەرجەمە :

عاصـــيمى ئەحوەل ئەفەرموێ : عەرزى ئەنەسى بنى مالیـكم كرد - رضي الله تعالى عنه - : ئـايـا پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - مەدینەی حەرام كردوە ؟ فەرمووی : بەڵێ مابەینی ئەوێ تـا ئـەوێی حەرام كردوە ، فەرموویەتی : هەركەسێ شتێكی خراپی تیـا بكا ، لە پاشـــا فەرمووی : ئەمە زۆر بە شیددەتە ، هەركەسێ شتێكی خراپی تیا ئیحداث بكا لەعنەتی خواو مەلائیكەو ئینسانی ، لەعنەتی هەموویانی لەسەر بێ ، لە رۆژی قیامەتا تۆبەو فیدیەی لێ قەبووڵ نابێ • ئیبنوئەنەس ئەفـەرموێ : ئەوەیشی فەرمووە : یا هەركەسێ پەنای كەسێ بـدا كـە شـتێكی خراپی ئیحداث كردبێ • لـە ریوایەتەكەی تـرا ئەفەرموێ : فەرموویەتی : مەدینە حەرامە گیای نادووروێتەوە ، هەركەسێ بیدوورێتەوە لەعنـەتی خواو مەلائیكەو هەموو ئینسانی لەسەر بێ •

[مازەریی ئەفەرموێ : لە مەعنای (صرف)و (عدل)ا خیلاف هەیە ؛ بەعزێك ئەڵێ : صەرف فەضیلەیە عەدل نافیلەیە • حەســەنی بەصریی ئەفەرموێ : بـە عەكسـەوەیە ، یەعنی عیبادەتی فەرزو سوننەتی لێ قەبووڵ ناكرێ • دوو سێ مەعنای تریشی هەیە • من النووي][1] •

قضاء نذر الحج عن الغير يجوز (٢) :

١٩٥/٣٤٩٦ - عن ابن عباس - رضي الله تعالى عنهما - أن امرأة من

(١) دانەر - خ - سەرباسەكەی بە ناوی مەككەو مەدینەوە نووسی ، بەڵام تەنها باسی مەدینەی كرد .

(٢) گێڕانەوەی حەجی نەذركراو لە جیاتی مردوو دروستە .

جهينة جاءت الى النبي ــ صلى الله تعالى عليه وسلم ــ فقالت : إن أمي نذرت أن تحج فلم تحج حتى ماتت أفأَ حج ُّ عنها ؟ قال : نعم حجي عنها، أرأيتِ لو كان على أمكِ دين أكنت قاضيته ؟ اقضوا الله فالله أحق بالوفاء ح– ٣/٣٠٨ أخرجه أيضاً في الاعتصام والنذور والنسائي في الحج •

تەرجەمە :

ژنێکی جوهەینە هاتە خزمەت پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیه وسلم ـ عەرزی کرد : دایکم لەسەر خۆیی نەذرکرد کە حەج بکا نەیکردو مـرد بۆم دروستە بۆی بە قەزا بگێڕمەوە ؟ فەرمووی : بەڵێ بۆی بەقەزا بگێڕەرەوە ، ئەگەر دایکت قەرزی غەیری لەسەر بێ ئایا بۆی ئەدەیتەوە ؟ قەرزی خوایش بدەنەوە ، خوا لەخەڵق موستەحقترە کە قەرزی بدرێتەوە •

١٩٦/٣٤٩٧ ـ عن السائب بن يزيد [رضي الله تعالى عنهما] قـال : حج بي مع رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ وأنا ابن سـبع سـنين [وفي رواية : حج بي أبي • وفي أخرى : حجت بي أمي ، أي حجا بي] وزاد الترمذي : في حجة الوداع ، القسطلاني] = ح – ٣/٣٢٢ = •

تەرجەمە :

سـائیبی کوڕی یەزید ـ رضي الله تعـالى عنهما ـ ئەفەرموێ : [لـە (حجة الوداع) ا ، ت] لە خزمەت پێغەمەرا ـ صـلى الله تعـالى عليـه وسـلم ـ عومرم حەوت سـاڵ بوو باوكو دایکم حەجیان پێکردم • (دون البلوغ) حەجکردن ثەوابی بۆ خۆیو ئەوی حەجی پێ بکا هەیە • (دون البلوغ) شـتێك ببیێ یا ببینێ کـە گەورە بوو ریوایەتی بکا مەقبووڵە •

١٩٧/٣٤٩٨ - أذن عمر - رضي الله تعالى عنه - لأزواج النبي - صلى الله تعالى عليه وسلم ، ورضي عنهن] [غير زينب وســـــودة ، فقالا[1] : لا تحركنا دابة بعد رسول الله - صلى الله تعـالى عليه وسلم - عن أبي هريرة - رضي الله تعالى عنه -] في آخـر حجـة حجها فبعث معهن عثمان بن عفـان وعبدالرحمن [بن عوف - رضي الله تعالى عنهما -] ح - ٣/٣١١ [وزاد ابن عساكر ، وكان معهن نسوة ثقات ، فقمن مقام المحرم ، أو أن كـل الرجـال محرم لهن • وزاد ابن عبدان في هذا الحديث عند البيهقي : فنادى في الناس عثمان : أن لا يدنو منهن أحد ، ولا ينظر إليهن إلا مـد البصـــر ، وهن في الهوادج على الإبل ، وأنزلهن صدر الشـــعب ، ونزل عثمان وعبدالرحمن - رضي الله تعالى عنهما - بذنبه فلم يصـــعد إليهن أحد • رواه البخـاري مختصراً • القسطلاني] •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر - رضي الله تعـالى عنــه - تەرەددودی بوو لەمەدا کـە ئەزواجی طاهیرات - رضي الله تعالى عنهن - بۆیان دروستە لـە دوای ئـەو بچنە سەفەر یان نا • لە دواییا لە ئاخری خەلافەتیـا وای بۆ دەرکەوت کـە دروستە • لە ئاخر حەجێکا کە خۆی تەشریفی چوو بۆ حەج ئیذنی دان کە حەج بکەن • ئیمامی عوثمانو عەبدوڕەحمانی بنی عەوفی لە خزمەتا ناردن [غەیری زەینەبو سەودە - رضي الله تعالى عنهما - تەشـــریفیان حەجیان ئەکرد ، ئەوان فەرموویان : دوای پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسلم - هیچ حەیوان نابێ ئێمە ببزوێنێ[2]] کـە عوثمانو عەبدوڕەحمان - عليهما

(١) هكذا في الاصل بدون تاء التانيث .

(٢) ئەگـەر بیفەرمووایە : نابێ هیچ حەیوانێ ئێمە ببزوێنێ .. رەوانتـر ئەبوو .

رضوان الرحمان ـ لە خزمەتیانا چوون بۆ حەج ئیمامی عوثمان ـ رضي الله تعالى عنه ـ بانگی خەڵقی کرد : هیچ کەس نزیکی ئەزواجی طاهیرات نەکەوێ ، تا چاو بڕکا هیچ کەس تەماشایان نەکا ، ئەوانیش لە ناو کەژاوەدا بوون بەسەر وشترەوە لە مەنزڵا لای سەرووی شیعبەوە دایبەزانن ، خۆیشیان لای خوارووی شیعبەوە دابەزین هیچ = کەس = سەرنەکەوتە لایان • بوخاریی ئەم حەدیثەی بە موختەصەریی ریوایەتکردوە • (من القسطلاني)] •

١٩٨/٣٤٩٩ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ أن النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ رأى شيخاً يهادي [يمشي • م] بين ابنيه [يتوكأ عليهما • م] قال : ما بال [شأن • م] هذا ؟ قالوا : نذر أن يمشي [إلى الكعبة] قال : إن الله عن تعذيب هذا نفسَهُ لغنيٌّ ، أمَرَهُ أن يركب ح ـ ٣/٣١٥ ، م ـ ٧/١١٥ • وعن أبي هريرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ وفيه : قال ابناه : يا رسول الله كان عليه نذر ، فقال النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : اركب أيها الشيخ ؛ فإن الله غني عنك وعن نذرك م ـ ٧/١١٦ •

١٩٩/٣٥٠٠ ـ عن عقبة بن عامر [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : نذرت أختي أن تمشي إلى بيت الله [حافية •] وأمرتني أن أستفتي لها النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فاستفتيته ، فقال ـ صلى الله عليه وسلم ـ : لتمش ولتركب ح ـ ٣/٣١٥ ، م ـ ٧/١١٦ ، د •

تەرجەمە :

ئەنەس ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ پیاوێکی ئیختیاری دی لە بەینی دوو کوڕی خۆیا ئەڕۆیی گرانی خۆیی دابوە سەر ئەوان ، پرسیی : ئەمە بۆچی وا ئەکا ؟ کوڕەکانی

عەرزیانکرد : نەزری کردوە کە بە پێیان بچێ بۆ کەعبە • پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : خوا غەنییە لەمــە عەذابی خۆی بـدا • فەرمووی : [ئەی ئیختیار سواربە خوا غەنییە لــە تۆو نەذری تــۆ • م] ئەمری پێفەرموو کە سوار بێ •

عەقەبەی کوڕی عامیر کە لە فوضەلای ئەصـحابە - رضي الله تعـالی عنه - ئەفەرموێ : [ئوموحیبیانی] خوشـــــکم نەذری کـــرد کـــە [بە پێخاوسیی] بچێ بۆ بەیتوڵلا ، ئەمری پێکردم کە پرسی بۆ بکەم لـە پێغەمەر - صلی الله تعـالی علیــه وسلم - لێمپرسی ، فەرمووی : = با = بیشڕواو سواریش بێ •

عیبادەتکردن خێرە ، خۆئەزیەتدان خێری نیــە ، بەقەدەر تاقەت خـوا تەکلیف لە خەڵق ئەکا •

بــە سواریی حەجکردن فەضلی زیاترە لەوەی کە بە پێیانبکرێ •

نەذرکردنی بە پێیان رۆیین نەذری تەرکی ئەفضەلە ، بۆیــە پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - ئەمری پێنەکردن کە نەذرەکەیان بەجێبێنن • وەکوو ئەوە وایە کە نەذر بکا کە دوو رکات نوێژی بێ ضەمسی سوورەتو بێ تەسبیحی روکووعو ســـــوجوود بکا ، دەزنوێژەکەی بێ بەجێهینانی سوننەتەکانی بشوا •

فەضلی مەککەو مەدینە ، حەرەمی مەدینە لە کوێوە تا کوێیە ؟

٢٠٠/٣٥٠١ - عن أبي هريرة - رضي الله تعالی عنه - أن النبي - صلی الله علیه وسلم - قال : حُرِمَ ما بين لابتي المدينة [دووشاخی بەردەڵانی] علی لساني • قال : وأتی النبي - صلی الله تعـالی علیه وسلم - بني حارثــة [وکانوا إذ ذاك غربي مشهد حمزة - رضي الله تعالی عنه -] فقال : أراکم ،

يـا بني حارثـة ، وقـد خرجتم من الحرم ، ثم التفت فقـال : بل أنتم فيـه
ح - ٣١٧/٣ .

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە = ئەفەرموێ = پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : بەینی دوو شاخی بەردەلانی مەدینە لە ســـەر زوبانی من خوا حەرامی کردوە . تەشریفی چوو بۆ بـەنیحاریثە [ئەو وەختە لـە طەرەفی غەربی مەشـــــهەدی حەزرەتی حەمزەدا بوون ـ رضي الله تعـالى عنـه ـ] فەرمووی : ئەی بەنی حاریثە واتان ئەبینم کە لـە حەرەمی مەدینـە چوونە دەرێ ، لە پاشا ئاوڕی دایەوە [یەعنی بەملاو بەو لایا روانی] فەرمووی : خەیر ئێوە لە حەرەمان .

دروستە عالم حوکم بە ظەن بکاو لە پاشا ظەنەکەی تەصحیح بکا .

٢٠١/٣٥٠٢ ـ عن أنس ـ رضي الله تعالى عنه ـ عن النبي ـ صلى الله عليه وسلم ـ قال : المدينة حرم من كذا إلى كذا [ما بين عائر ، جبل بالمدينة ، إلى ثور جبل صغير مدور خلف أُحُد في شماله] : لا يقطع شـجرها ، ولا يحدث فيها حدث ، من أحدث حدثاً فعليه لعنة الله والملائكة والناس أجمعين
ح - ٣١٦/٣ ، م - في المناسك .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : مەدینـە حەرەمـە [یەعنی بە حورمەتە] لەوێوە تا ئەوێ [یەعنی لە عائیرەوە کە شاخێکە لـە مەدینە ، تا ثەور کە گردێکی بچووکە لـە پشت ئوحودەوەیە . ئـەم ثەورە غەیری ثەوری مەککەیە] داری نابڕرێ ، شتی موخالیفی کیتابو سوننەتی تیا ئیحداث ناکرێ ، هەرکەسێ بیکا لەعنەتی خواو مەلائیکەو ئینســـانیان لەسەر بێ .

٢٠٢/٣٥٠٣ - عبدالله بن زيد بن عاصم أن رســـول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : إن إبراهيم حرم مكة ودعـا لأهلهـا ، وإني حرمت المدينة كما حرم إبراهيم مكة ، وإني دعوت في صاعها ومدها بمثلي مادعا بـه إبراهيم لأهـل مكـة م - ٦/٧١ • وعن جابر - رضـي الله تعـالى عنـه - م - ٦/٧٢ • وعن رافع بن خديج - رضي الله تعالى عنه - نحوه م - ٦/٧١ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليه وسلم - فەرمووی : ئیبراهیم [عليـه الصلاة والسلام] مەککەی حەرام کرد [کە خراپەی تیا بکرێ] دۆعای بۆ ئەهالیەکەی کرد منیش مەدینەم حەرام کرد وەك ئیبراهیم [عليـه الصـــلاة والسلام] مەککەی حەرام کرد • منیش دۆعام کرد بۆ موددو مەنی مەدینە بە = دوو = میثلی ئەوەی کە ئیبراهیم [عليه الصلاة والسلام] دۆعای بۆ ئەهلی مەککە کرد •

٢٠٣/٣٥٠٤ - نافع بن جبير مروان بن الحكم [•••••] خطب الناس فذكر مكة وأهلها وحرمتها ، ولم يذكر المدينة وأهلها وحرمتها ، فناداه رافع بن خديج [رضي الله تعالى عنه] فقال : ما لي أسمعك ذكرت مكة وأهلهـا وحرمتها ، ولم تذكر المدينة وأهلها وحرمتها ، وقد حرم رسول الله - صـلى الله تعالى عليه وسلم - ما بين لابتيها ، وذلك عندنا في أديم خولاني إن شئت أقرأتكه ؟! قال فسكت مروان [•••••] ثم قال : لقـد سمعت بعض ذلك م - ٦/٧١ •

تەرجەمە :

نافیعی کوڕی جوبەیر ئەفەرموێ : مەروانی کوڕی حەکەم خوطبـەی بۆ خــەڵق خوێنـد ، ذیکری مەککەو ئەهـلی مەککەو حورمەتی مەککەی

کردو ، ذیکری مەدینەو ئەهلی مەدینەو حورمەتی مەدینەی نەکرد • رافیعی بنی خودەیج ـ رضي الله تعالی عنه ـ تێیخوڕی بۆ چیت لێ ئەبیێم دیکری مەککەو ئەهلی مەککەو حورمەتی مەککەت کردو ، دیکری مەدینەو ئەهلی مەدینەو حورمەتی مەدینەت نەکرد = لەگەڵ ئەوەدا کە پێغەمەر ـ صلی الله تعالی علیـه وسـلم ـ نێوانی دوو کێوە بەردەلانی‌یەکەی مەدینەی حـەرام کردوەو ، ئـەمـەمـان لایـە لـە پێســتێکی خەولانیـیا ئەگەر حەز ئەکەی بۆت ئەخوێنمەوە ؟! = مەروان بێدەنگ بوو لە دواییدا وتی : بەعزێ لەوەم بیستوە ••••

۲۰٤/۳٥۰٥ ـ عن سـعد بن [أبي وقاص ـ رضي الله تعـالى عنه ـ] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : إني أحرم ما بين لابتي المدينة أن يقتل عضاهها ، أو يقتل صيدها • وقال : المدينة خير لهم لو كانوا يعلمون • لا يدعها أحد رغبة عنها إلا أبدل الله فيها من هـو خير منـه ، ولا يثبت أحد على لأوائها [شدته اوجوعها] وجهدها [مشقتها] إلا كنت لـه شفيعاً أو شهيدا يوم القيامة م ـ ٦/٧٢ •

تەرجەمە :

ســـەعدی کوڕی ئەبووەقاص ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : من بەینی دوو شـــاخی مەدینە حەرام ئەکەم کـە داڵو دڕکی قەطع بکرێ ، یـا راوی بکرێ ، یـا نێچیری بکوژرێ • فەرمووی : مەدینە چاکـە بۆ ئەوان ئـەگـەر بزانن • هیچ کەس نیە کە لەبەر ئەمە حەزی لێ‌نەکاو بەجێی بێڵێ خوا تەبدیلی نەکا بە لەو چاتر • هیچ کەسێ نیە کە صەبرو ثەبات بکا لەسەر فەقیریو برسێتی ئەو کە رۆژی قیامەت من نەبم بە شەفاعەتخوازی یا فەرمووی : نەبـم بـە شـــاهیدی •

٣٥٠٦/٢٠٥ - عن عامر بن سـعد أن سـعداً [رضي الله تعالى عنه] ركب = إلى = قصره بالعقيق فوجد عبداً يقطع شجراً أو يخبطه فسـلبه . فلما رجـع سـعد جاءه أهـل العبد فكلموه أن يرد على غلامهم أو عليهم = ما أخذ من غلامهم = فقال : معاذ الله أن أرد شيئا نفلنيه رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - وأبى أن يرد عليهم م - ٦/٧٥ .

تەرجەمە :

عاميرى كورِى سەعد ئەفەرموێ : سەعد - رضي الله تعالى عنه - سوار بوو چوو بۆ ئەو قەصرەى كـە لـە عەقيق بوو عەبدێكى دى كـە دارێكى ئەبرِى يا ئەيشكانەوە . سەعد - رضي الله تعالى عنه - شتومەكەكانى لێ سەند کە سەعد تەشريفى گەرِايەوە سەييدى عەبدەكە چوە خزمەت سـەعد داواى شتومەكى عەبدەكەى لێكردەوە . سەعد - رضي الله تعالى عنـه - فەرمووى : پەنا بە خوا كە من شتێك بدەمەوە كە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - بەخشيبێتى بە من . نەيدايەوە .

كەسێ دارو درەختى مەدينە ببرِێ ، يا راوى تيا بكا دروستە بۆ ئەوەى ئيقتيدارى بێ بەسەريا شتومەكى ئەو كەسـە زەوت بكا . قەولى قەديمى شـافيعى وايە عولەماى تر موخالەفەيان كردوە . قەولى قەديـم موختـارە موافيقى حەديثى صەحيحە . (من النووي) .

٣٥٠٧/٢٠٦ - عن سفيان بن أبي زهير - رضي الله تعالى عنه : أنـه قال : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : تفتـح اليمن فيأتي قوم يَبِسُّونَ فيتحملون بأهليهم ومن أطاعهم والمدينـة خير لهم لـو كانوا يعلمون ! وتفتح الشام فيأتي قوم يَبِسُّـون فيتحملون بأهليهم ومن أطـاعهم والمدينة خير لهم لو كـانـوا يعلمون ! وتفتح العـراق فيأتي قوم

يَبِسُّون فيتحملون بأهليهم ومن أطاعهم والمدينة خير لهم لو كانوا يعلمون ح – ٣/٣٢٢ ، م – ٦/٩٩ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : یەمەن فەتح ئەکرێ قەومێك یێن بە خۆشی خۆشی ماڵومناڵو ئەوانەی ئیطاعەیان بکەن هەڵەگرن بۆ یەمەن ، ئەگەر بزانن مەدینە بۆ ئەوان خێرترە لە یەمەن • دەرحەقی شامو عیراقیش بەو نەوعەی فەرموە •

٢٠٧/٣٥٠٨ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ قالت : سمعت سعداً ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا يكيد أهل المدينة أحد إلا انماع كما ينماع الملح في الماء ح – ٣/٣٢٤ •

٢٠٨/٣٥٠٩ ـ وعنه : ولا يريد أحد = أهل = المدينة بسوء إلا أذابه الله في النار ذوب الرصاص أو ذوب الملح في الماء م – ٦/٧٤ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : هیچ کەس نیە کە فێڵێ لە ئەهلی مەدینە بکا ، قەصدی خراپییێکیان دەرحەق بکا ئیللا = خوا = ئەو کەسە ئەتوێنێتەوە وەك قورقوشم لەئاگرا یا وەك خوێ لە ئاوا ئەتوێنێتەوە [وەك بەنی ئومەییەی توانەوە کە موحارەبەیان لەگەڵ ئەهلی مەدینەکرد ، سەرکردەکەیان موسلیمی کوڕی عەقەبە بوو لەگەڕانەوەیا تۆپی ، یەزیدی لەعین لە دوای ئەو تۆپی (النووي)] •

٢٠٩/٣٥١٠ ـ أسامة بن زيد ـ رضي الله تعالى عنهما ـ قال : أشرف النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ على أُطُم من آطام المدينة ، فقال : هل

تـرون ما أرى ؟ إني لأرى مواقـع الفتن خـلال بيوتـكم كمواقـع القطـر ح - ٣٢٤/٣ ، ح - ٥٠/٦ ، م - ٣٤٨/١٠ • كتب في الفتن[1] •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی چوە سەر قەلاێ لـە قەلای مەدینە ، فەرمووی: ئایـا ئەوەی من ئەیبینم ئێوەیش ئەیبینن ؟ من جێی ئەو فیتنەیانە ئەبینم لە بەینی ماڵەکاتانا وەك جێ‌قەترەی باران •

٢١٠/٣٥١١ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : أمرت بقرية تأكل القرى ، يقولون يثرب ، وهي المدينـة ، تنفي الناس كما ينفي الكير خَبَثَ الحديد ح - ٣١٩/٣ ، م - ٩٤/٦ ، ن •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - = فەرمووی : = خـوا ئەمری پێکردم بچمە شارێ شاران ئەخوا [شاری شـارخۆرە] پێی‌ئەڵێن یەثریب [ناوی یەکێـکە لە عەمالیقە • پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - حەزی لەم ناوە نەکردوە چونکی دەلالەت لە تەثریب ئەکا کـە بە مەعنا تەوبیخە] ئەو شارە مەدینەیە ئینسانی پیس ناگرێتە خۆی وەك مووشـــــــەدەمەی ئاسنگەر کە پیسی ئاسن لائەبا •••••

٢١١/٣٥١٢ - عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أنه قال : كـان الناس إذا رأوا أول الثمر جاؤا به إلى النبي - صلى الله تعـالى عليه وسلم - فإذا أخذه رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - قال : اللهم بارك لنـا في ثمرنا ، وبارك لنا في مدينتنا ، وبارك لنا في صـــاعنا ، وبارك لنا في مدّنـا

---

(١) بڕوانە ل : ٨٥ی بەرگی سێیەمی ئەم کتێبە •

[بركة مع بركة • آخرى م] اللهم إن إبراهيم – عليه الصلاة والسلام – عبدك وخليلك ونبيك ، وإني عبدك ونبيك ، وإنه دعاك لمكه وإني أدعوك لمدينه بمثل ما دعاك لمكة ومثله معه • قال : ثم يدعو أصغر وليد له فيعطيه ذلك الثمر م – ٦/٨٥ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە – رضي الله تعالى عنه – ئەفەرموێ : خەڵق لە نۆبەرەی میوەیانەدی ئەیانهێنایە خزمەت پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – كە پێغەمەر – صلى الله تعالى عليه وسلم – میوەكەی وەرئەگرت ئەیفەرموو : خوایا بەرەكەت بخەرە میوەمان ، بەرەكەت بخەرە مەدینەمان ، بەرەكەت بخەرە صاعمان ، بەرەكەت بخەرە (مود)مان [بەرەكەت لەگەڵ بەرەكەت] خودایا ئیبراهیم – علیه الصلاة والسلام – عەبدی تۆیەو خەلیلی تۆیەو پێغەمەری تۆیە ، من عەبدی تۆمو پێغەمەری تۆم ، ئەو دۆعای بۆ مەككە كرد من دۆعا بۆ مەدینە ئەكەم بەوەی ئەو دۆعای بۆ مەككە كردو ئەوەندەی‌تر لەگەڵ ئەو • لە پاشا كام لەوێدا لە هەموو منالتر بوو بانگی ئەكرد ئەو میوەیەی ئەدایێ •

خەڵق بۆیە ئەو نۆبەرەیان ئەبردە خزمەت تا نائیلی بەرەكەتی دۆعای بەرەكەتی بن • پێغەمەریش – صلى الله تعالى عليه وسلم – دۆعاكەی تەخصیص نەئەكرد بە یەكێكەوە تەشمیلی هەموو ئەهلی مەدینەی ئەكرد ، میوەكەیشی ئەدا بە منال ؛ چونكی منال لە گەورە حەریصترە بۆ ئەوەو بە بەرەكەتی میوە وەرگرتن لە دەستی موبارەكی نەشئەت لەسەر خێرو بەرەكەت بكا •

٣٥١٣/٢١٢ – عن أبي هريرة – رضي الله تعالى عنه – قال : حرم رسول الله – صلى الله عليه وسلم – ما بين لابتي المدينة • قال أبو هريرة :

فلو وجدت الظباء [ترتع بالمدينة • آخـرى م] ما بين لابتيها ما ذعرتهـا • وجعـل اثنـي عشـر ميـلا حـول المدينة حمى م - ٦/٨٤ ، ح - ٣/٣٢١ إلى وجعل بفرق في اللفظ فقط ، ت ، ن •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - مابەینی دوو شاخی مەدینەی حەرامکردوە ، لە بەر ئەوە ئەگەر لە بەینی ئەو دوو شاخەدا ئاسك ببینم بلەوەڕێ نایترسێنم • پێغەمەر - صلى الله تعـالى عليـه وسـلم - دوانزە میلی لـە دەوری مەدینـە کـردوە بە حیما[1] •

٣٥١٤/٢١٣ - أبو هريرة - رضي الله تعالى عنه - قال : سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : يتركون المدينة [في آخر الزمان] على خير ماكانت [وعن ابن عمر - رضي الله تعالى عنهما - على أعمر ما كانت] لا يغشاها إلا العوافِ ، يريد عوافي السـبـاع والطير [أي اللاتي تطلب أقواتها] وآخر من [يموت و] يحشـــر راعيان من مزينة يريدان المدينة ينعقان [يصبحان] بغنمهما ، فيجدانها وحوشا [ذات وحوش غير مسكونة] حتى إذا بلغا ثنية الوداع خرّا [سـقطا] على وجوههما ح - ٣/٣٢١ ، م - ٦/١٠١ •

تەرجەمە :

ئەبوهورەیرە - رضي الله تعالى عنه - ئەفەرموێ : لە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم -م بیست کە خەڵقی مەدینە - مەدینە لەسەر حاڵەتێکی خێرتر [ئیبنوعومەر - رضي الله تعالى عنهما - ئەفەرموێ : لەسەر حاڵەتێکی

---

(١) قـــەدەغـــە •

مەعموورتر] = لە هەموو حالەتێ = بەجێ یێڵن ، غەیری طەیرو دڕندەو وەحشی نایێنە ناو ، ئاخرکەسێ کە حەشرئەکرێو ئەمرێ دوو شوانن لە موزەینە ، ئیرادەی مەدینە ئەکەن ، دەنگ لە مەڕەکانیان ئەکەن ، چاویان بە مەدینە ئەکەوێ چۆڵە غەیری وەحشی هیچی تری تیا نیە ، تا ئەگەنە (ثنیة الوداع) بە دەمەوە ئەکەون یەعنی ئەمرن •

[قازی عەیاض ئەفەرموێ : ئەم تەرکی مەدینەیە ئەو وەختەیە کە موعاویە بوو بە قەراڵی شامو مەدینەی بەجێهێشت • لەو وەختەدا بۆ دینو دنیا مەدینە لە هەموو وەختێکی باشتر بوە • عولەمای زۆرتر = بوە = مەعموورتر بوە • لە فیتنەی بەنی ئومەییەدا ئەکثەری خەڵق ریحلەتیان لێکرد ، میوەو بەرەکەتی بۆ وەحشیی مایەوە • موودەتێ بە چۆڵی مایەوە ، لە پاشا وردە وردە مەعموور بۆوە •

ئیمامی نەوەویی ئەفەرموێ : ئەم تەرکە لە ئاخری زەمانا ئەبێ ، بە قەرینەی قسەی شوانەکان • بوخاریی ئەفەرموێ : حادیثەی شوانەکان ئێشتا واقیع نەبوە ، ئەگەر ببوایە بە تەواتور نەقڵ ئەکرا ، ظاهیر وایە لە صەعقەی نەفخی صوورا ئەبێ •

قەسطەلانی ئەفەرموێ : ئیحتیمالی هەیە ، قسەی شوانەکان حەدیثێکی ترە تەعەللوقی بە پێشەوە نیە • ئیختیلافی نەوەویو قاضی عەیاض لەوەوە نەشئەتیکردوە • قەسطەلانی] •

٢١٤/٥١٥ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] قال : قال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ : تبلغ المساكن أهاب أو يَهاب • قال زهير : قلت لسهيل [راويان] : فكم ذلك من المدينة ؟ قال : كذا وكذا ميلا م ـ ١٠/٣٦٦ •

ته‌رجه‌مه :

پێغه‌مه‌ر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فه‌رمووی : مه‌ســاكينى مه‌دينه ئه‌گاته ئه‌هاب يا فه‌رمووى : يه‌هاب • زوهه‌ير ئه‌فه‌رموێ : لــه ســـوهه‌يلم پرسيى : ئه‌هــاب يــا يه‌هــاب لــه مه‌دينه‌وه چه‌نده ؟ فه‌رمووى : ئه‌وه‌نده‌و ئه‌وه‌نده‌يه •

٣٥١٦/٢١٥ ـ عن أبي سعيد مولى المهري أنه أصابهم بالمدينة جهـد وشدة ، وأنه أتى أبا سعيد الخدري [رضي الله تعالى عنه] فقال له : إني كثير العيال وقد أصابتنا شدة فأردت أن أنقل عيالي الى بعض الريف [أرض ذات زرع وخصب] فقال أبو سعيد : لا تفعل الزم المدينة ، فإنا خرجنا مع نبي الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ أظن أنه قال : حتى قدمنا عسفان فأقام بها ليالي ، فقال الناس : والله ما نحن ههنا في شيء وان عيالنا لخلوف ما نأمن عليهم ! فبلغ ذلك النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فقال : ما هـــــذا الذي بلغني من حديثكم ؟ ما أدري كيف قال والذي أحلف به ، أو والذي نفسي ؟ بيده لقد هممت ، أو إن شئتم ، لا أدري أيتهما قال : لآمرن بناقتي ترحل ، ثم لا أحل لها عقدة حتى أقــدم المدينــة • وقال : اللهم إن إبراهيم ـ عليه الصلاة والسلام ـ حرّم مكــة فجعلهــا حرماً ، وإني حرمت المدينــة حراماً ما بين مأزميها [جبليها] أن لا يهراق فيها دم ، ولا يحمل فيها ســلاح لقتال ، ولا تخبط فيها شجرة إلا لعلْفٍ • اللهم بارك لنا في مدينتنا ، اللهم بارك لنا في صاعنا ، اللهم بارك لنا في مدنا • اللهم بارك لنا في صاعنا ، اللهم بارك لنا في مدنا • اللهم بارك لنا في مدينتنا • اللهم اجعل مع البركة بركتين • والذي نفسي بيده ما من المدينة شِعب ولا نقب إلا عليه ملكان يحرســانهـا حتى تقدموا إليها • ثم قال للناس : ارتحلوا فارتحلنا فأقبلنا الى المدينــة • فوالذي نحلف به أو يحلف به ، الشك من حماد ، ما وضـــعنا رحالنا حين

دخلنا المدينة حتى أغار علينا بنو عبدالله ابن غطفان وما يهيجهم قبل ذلك شيء م - ٦/٨٥ .

٢١٦/٣٥١٧ - وعنه أنه جاء أبا سعيد الخدري ليالي الحرة [الفتنة المشهورة التي نهبت فيها المدينة سنة ٦٣] فاستشاره في الجلاء من المدينة ، وشكا إليه أسعارها وكثرة عياله ، وأخبره أن لا صبر له على جهد المدينة ولأوائها . فقال له : ويحك ! لا آمرك بذلك ؛ إني سمعت رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : لا يصبر أحد على لأوائها فيموت إلا كنت له شفيعاً أو شهيدا يوم القيامة إذا كان مسلما م - ٦/٨٩ .

٢١٧/٣٥١٨ - وعن أبي سعيد [رضي الله تعالى عنه] أنه سمع رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - يقول : إني حرمت ما بين لابتي المدينة كما حرم إبراهيم [عليه الصلاة والسلام] مكة وقال [ابن نمير] : ثم كان أبو سعيد يأخذ ، وقال أبو بكر يجد أحدنا في يده الطير فيفكه من يده ثم يرسله م - ٦/٨٩ .

٢١٨/٣٥١٩ - وعن سهل بن حنيف [رضي الله تعالى عنه] قال : أهوى رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - بيده الى المدينة فقال : إنها حرم آمن م - ٦/٨٩ .

تەرجەمە :

ئەبوسەعیدی مەولای میهریی ئەفەرمویٚ : لە مەدینەدا گرانیو شیددەتێكمان بەسەراهات ، چوومە لای ئەبوسەعیدی خودریی - رضي الله تعالى عنه - عەرزمكرد : كە عەیالم زۆرە تووشی گرانی بووین ، ئیرادەم وایە عەیالەكەم بەرمە جێیەكی بەزەراعەتو هەرزانیی . فەرمووی : مەیكە لازمی مەدینە بە ؛ ئێمە لە خزمەت پێغەمبەرا - صلى الله تعالى عليه وسلم -

چووینەدەرێ ، ظەننم وایە کە ئەبوسەعید فەرمووی : تا گەیینە عەســـفان چەند شەوێ تەشریفی لەوێ ئیقامەتی فەرموو ، خەڵق وتیان : ئێمە ئیشمان چیە لێرە ماڵومناڵمان لەوێ بەجێهێشتوە لێیان ئەمین نین شتێکیان بەسەر بێ ؟! ئەمە گەیی‌یەوە بە پێغەمەر - صلی اللە تعالی علیه وسلم - فەرمووی : ئەو قسەیە چیە لەئێوەوە بە من‌گەییوەتەوە؟ قەسەم بەوەی سوێندی‌پێ‌ئەخۆم! یا فەرمووی : قەسەم بەوەی نەفسم لە دەستی قودرەتیایەتی ! نیەتم وایـە ، یا فەرمووی : ئەگەر هەوەستان هەیە • نازانم کامیانی فەرموو • ئەمر ئەکەم وشترەکەکۆپانی لێ بکرێ گرێییێکی ناکەمەوە تا ئەچمە مەدینە • لە پاشا فەرمووی : خوایا ئیبراهیم - علیه الصـــلاة والسلام - مەککـەی حـەرام کردوە ، کردوویەتی بە حەرەم ، منیش مەدینە مابەینی دووشاخەکەی حەرام ئەکەم کە خوێنی تیا نەرێژرێ ، بۆ شـەڕ سیلاحی تیاهەڵنەگیرێ ، داری - ئەڵاکەی نەبێ بۆ حەیوان بوەرێنرێ- لقو پۆپەکەی تێك‌نەشکێنرێ • خوایا بەرەکەتمان بۆ بخەیتە مەدینەمانەوە ، بەرەکەت بخەیتە صاعمانەوە ، بەرەکەت بخەیتە مودمانەوە • دوو جاری فەرموو بەرەکەت لەســــەر بەرەکـەت • قەسەم بەوەی کە نەفسم لە دەستی قودرەتیایە ! هیچ شـــــیوێك‌و هیچ کەلەبەرێکی مەدینە نیە کە دوو مەلائیکەی لەسەر نەبێ کە پاسی بکەن تـا ئەچنەوە مەدینە • لە پاشا ئەمری کـرد بـە خـەڵق بارکەن ، بارمان کردو روومان‌کردە مەدینە • قەسەم بەوە کە سوێندی پێ ئەخۆین یا فەرمووی : سوێندی پێ ئەخورێ • حەمماد بە شك کەوتوە • کە گەیینە مەدینە بارمان نەخست تا بەنو عەبدوڵلا کوڕی غەطفان دایەسەرمانا ، کـەچی لـە پێش ئەوەدا تا ئەو وەختە کەس مەدینەی نەخستبوە هەیەجانەوە[1] •

---

(۱) واتە : کەس پێش ئەوکاتە مەدینەی نەشڵەژانوە •

ئەبوسـەعیدی = مەولای = میهریی ئەفەرموێ : سـالّی فیتنەی حەڕڕە [کـە بەنوئومەییە دایـان بەسـەر مەدینەداو تالآنیان کردو فیتنەو فەسادێکی زۆریان تیاکرد] چوومە خزمەت ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ شکاتی گرانیو ماڵو منالّی زۆرم لە خزمەتا کرد ، تەدبیرم لە خزمەتا کرد کـە تەرکی مەدینە بکەم ، فەرمووی : ئەمرت پێ نـاکـەم کـە جەلای(٢) وەطەن بکەی ؛ لە پێغەمەرم بیست ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ ئەیفەرموو : هەر موسولّمانێ صەبر لەسەر شیددەتو گرانیی مەدینە بکاو بمرێ لە رۆژی قیامەتا ئەبم بە شەفیعی ، یا فەرمووی بە شاهیدی •

ئەبوسەعیدی خودریی ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەفەرموێ : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : چۆن ئیبراهیم ـ علیه الصلاة والسلام ـ مەککەی حەرام کردوە منیش مابەینی دووشاخی مەدینەم حەرام کردوە • عەبدوڕەحمانی کوڕی ئەفەرموێ : ئەبوسەعیدی بـاوکـم طەیری لە دەستی یەکێکمانا ببینیبایە ئەیگرتو بەرەلآی ئەکرد •

سەهلی کوڕی حەنیف ـ رضي الله تعـالى عنه ـ ئەفەرموێ : پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ بە دەستی موبارەکی ئیشـــارەتی مەدینەی فەرموو ، فەرمووی : ئەمە حەرەمێکی بە ئەمنیەتە •

٢١٩/٣٥٢٠ ـ عن جابر ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : جاء أعرابي الى النبي ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فبايعه على الإسلام • فجاء من الغـــد محموماً ، فقال : أقلني • [بيعتي • م] فأبى ثلاث مرار • فقـال : المدينـة كالكير تنفي خَبَثَها وينصع طيِّبَهـا ح ـ ٣٢٦/٣ ، م ـ ٩٦/٦ وفيـه : فخرج الأعرابي فقال رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ •••

(٢) واتە : ڕێگەت نادەم نیشتمانت ـ کە مەدینەیە ـ بەجێبێڵی •

تەرجەمە :

جابیر - رضي الله تعالی عنه - ئەفەرموێ : ئەعرابیێ هاتـە خزمـەت پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - لەسەر ئیسلامەتی بەیعەتی لە خزمەتا کردبوو • سبەینێ هاتە خزمەتی تای لێهاتبوو ، عەرزیکرد : (یا رسول الله) بەیعەتەکەم فەسخبکەرەوە • پێغـەمـەر - صلی الله تعـالی علیـه وسـلم - ئیبایکرد تا سێ جار رەددو بەدەل بوو لە بەینا [ئەعرابییەکە رۆیی] پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : مەدینە وەکوو کوورەی ئاسنگەر وایە پیسی خەڵق لائەبا خالیصی ئەمێنێتەوە •

ئەو پیاوە طەلەبی فەسخی بەیعەتی ئیســــلامەتی نەکرد گینا مورتەد ئەبوو ، ئەمربەکوشتنی لازم بوو • طەلەبی فەسخی هیجرەتی بوو لە زەمانی پێغەمەرا - صلی الله تعالی علیه وسلم - کەسێ هیجرەتی بکردایە حەرام بوو بگەڕێتەوە بۆ وەطەن ، بۆیە پێغەمەر - صلی الله علیه وسلم - بەیعەتەکـەی فەسخ نەکردەوە •

٣٥٢١/٢٢٠ - عن أنس - رضي الله تعالی عنه - عن النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - قال : اللهم اجعل بالمدينة ضـــعفي ما جعلت بمكة من البركة ح - ٣٢٧/٣ ، م - ٨١/٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صـلی الله تعـالی علیـه وسـلم - فەرمووی : خوایـا دوو ئەوەندەی مەککە بەرەکەت بخەرە مەدینەوە •

٣٥٢٢/٢٢١ - عن أنس - رضي الله تعالی عنه - أن النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - كان إذا قدم من سفر فنظر الی جدرات المدينة أوضـــع راحلته [أسرعها] وان كان علی دابة حركها من حبها ح - ٣٢٨/٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ کە تەشریفی لە سەفەرێ بهاتایەوە تەماشای دیوارەکانی مەدینەی ئەکردو وشترەکەی خێرا لێئەخوڕی ، ئەگەر سواری ولاغ بوایە ئەیخستە حەرەکە لەبەر حوبی مەدینە .

عمر بن عبدالعزيز [رضي الله تعالى عنه] يسأل السائب بن يزيد يقول : هل سمعت في الإقامة بمكة شيئاً ؟ فقال السائب : سمعت العلاء بن الحضرمي [رضي الله تعالى عنه] يقول : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : للمهاجر إقامة ثلاث بعد الصدر بمكة، كأنه يقول لا يزيد عليها م ـ ٦/٥٤ .

تەرجەمە :

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز ـ رضي الله تعالى عنه ـ لە سائیبی کوڕی یەزیدی پرسی دەرحەقی بەندبوون لە مەککەدا هیچت بیستوە ؟ فەرمووی : لە عەلای کوڕی حەضرەمیم بیست ئەیفەرموو : لە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : بۆ موهاجیر لە دوای گەڕانەوە بۆ مەککە بۆی دروستە سێ ڕۆژی تیا دابنیشێ . (كأنه) ئەیفەرموو : زیاتر تیادانەنیشێ .

٣٥٢٣/٢٢٢ ـ عن جابر بن سمرة ـ رضي الله تعالى عنه ـ قال : سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : إن الله سمى المدينة طابة م ـ ٦/٩٠ .

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرموویەتی : خوا مەدینەی ناوناوە طابە .

٣٥٢٤/٢٢٣ ـ عن يحنّس مولى الزبير [وفي أخرى مولى مصعب بن الزبير] أخبر [قطنا الخزاعي ، أحد الرواة] أنه كان جالســـاً عند عبدالله بن عمر [رضي الله تعالى عنهما] في الفتنة فأتته مولاة له تسلم عليه ، فقالت : إني أردت الخروج يا أبا عبدالرحمن اشتد علينا الزمان ! فقــال لهــا عبدالله [رضي الله تعالى عنه] : اقعدي لـَـكاعِ [أي لئيمة ، أو غبية ، أو صغيرة] فإني سمعت رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ يقول : لا يصبر على لأوائها وشدتها أحد إلا كنت له شهيدا أو شفيعا يوم القيامة م ـ ٦/٩١ •

تەرجەمە :

یوحەنیس ئازادکراوی زوبەیـر [رضي الله تعـالى عنــه] ئەفەرموێ : لـــە خـزمـەت عەبدوڵلای کـوڕی ئیمامی عومـەرا ـ رضـي الله تعــالى عنه ـ دانیشـــتبووم لــە زەمانی فیتنە [ی بەنی ئومەییە]دا جارییەیەکی ئازادکراوی عەبدوڵلا ـ رضي الله تعالى عنه ـ هاتە خزمەتی سەلامی لێکرد عەرزیکرد : (یا أبا عبدالرحمن) تـەمـام وایـە لـە مەدینە بچمـە دەرێ ، زەمانەمان لەســـــەر بەشیددەت بوە ! عەبدوڵلا ـ رضي الله تعـالى عنه ـ پێیفەرموو : ئەی بێغیرەت دانیشە ، لە پێغەمەر ـ صلى الله تعــالى عليـه وسلم ـم بیست ئەیفەرموو : نیە هیچ کەسێ کە صەبر بکا لەسەر شیددەتی مەدینە کە پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ لە ڕۆژی قیامەتا بۆی نەبێ بە شاهید ، یا فەرمووی : بۆی نەبێ بە شەفاعەتخواز •

لە ئەبوهورەیرەیش ـ رضي الله تعالى عنه ـ ئەصلی شــــەفاعەت یـا شەهادەت بۆ صەبرکردن لەســـــەر شـــیددەتی مەدینە ریوایەتکراوە م ـ ٦/٩١[1] •

(١) حەدیثی ژمارە (٢٠٤/٣٥٠٥)یش لەم حەدیثە دەچێت .

٣٥٢٥/٢٢٤ ـ عن أبي هريرة [رضي الله تعالى عنه] أن رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ قال : يأتي على الناس زمان يدعو الرجل ابن عمه وقريبه : هلم إلى الرخاء ، هلم إلى الرخاء ! والمدينةُ خيرٌ لهم لو كانوا يعلمون • والذي نفسي بيده ! لا يخرج منهم أحد رغبة عنها إلا أخلف الله فيها خيرا منه • ألا إن المدينة كالكير تخرج الخبيث ، لا تقوم الساعة حتى تنفي المدينة شرارها كما ينفي الكير خبث الحديد م ـ ٦/٩٣ •

تەرجەمە :

پێغەمەر ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ فەرمووی : خەڵق زەمانێکیان بەسەرا بێ پیاو ئامۆزاو خزمی خۆی دەعوەت ئەکا پێیان‌ئەڵێ : حازربن برۆین بۆ جێی‌فەرەحیو هەرزانیی = دوو جار = ئەگەر پێ بزانن مەدینە بۆیان لەو جێیە چاترە • قەسەم بەوەی کە نەفسی منی لە دەستی قودرەتایە ! هیچ کەس نیە کە رەغبەتی دانیشتنی مەدینەی نەمێنێو لێی بچێتەدەرێ خوا لە دوای ئەو یەکێکی لەو باشتر نەیێنێتە مەدینەوە • خەبەرتان بێ کە مەدینە وەکوو مووشەدەمەی ئاسنگەر وایە ئینسانی خەبیث لە خۆی ئەکاتە دەرێ ، تا مەدینە ئینسانی خراپ لە خۆی دەفع نەکا قیامەت هەڵناستێ • وەك مووشەدەمە کە پیسیی لە ئاسن دەرێنێ مەدینەیش ئینسانی خراپو پیس لە خۆی دەفع ئەکا ئەمجا قیامەت هەڵەستێ •

٣٥٢٦/٢٢٥ ـ عن عائشة ـ رضي الله تعالى عنها ـ : لما قدم رسول الله ـ صلى الله تعالى عليه وسلم ـ المدينة وعك أبو بكر وبلال ـ رضي الله تعالى عنهما ـ فكان أبو بكر [رضي الله تعالى عنه] إذا أخذته الحمَّى يقول :

كل امرىء مصبَّحٌ في أهله
والموت أدنى من شراك نعله

وكان بلال [رضي الله تعالى عنه] إذا أُقْلع عنه الحمى يرفع عقيرته يقول :

ألا ليت شعري هل أبيتن ليلة
بواد [ويروى بفج] وحولي إذْخر [زوڕناتك] وجليل ؟
وهل أرِدَن يوما مياهَ مَجَنَّةٍ ؟ [موضع بقرب مكة]
وهل يبدون لي شامة وطفيل ؟

[جبلان على نحو ثلاثين ميلا ، ست ساعات من مكة وقيل : الشامة جبل من حدود هَرْشى مشرف هو وشامة على مجنة ، أو عينان • من القسطلاني] قال بلال : اللهم العن شيبة بن ربيعة ، وعتبة بن ربيعة ، وأمية بن خلف كما أخرجونا من أرضنا الى أرض الوباء • ثم قال رسول الله - صلى الله تعالى عليه وسلم - : اللهم حبب إلينا المدينة كحبنا مكة أو أشد • أللهم بارك لنا في صاعنا وفي مدنا ، وصحِّحْها لنا ، وانقل حماها الى الجُحْفة ! قالت : وقدمنا المدينة وهي أوبأ أرض الله • قالت : فكان بطحان [واد في صحراء المدينة] يجري نجلا ، تعني ماء آجنا [گەڕاو]
ح - ٣٢٩/٣ ، م - ٨٩/٦ •

تەرجەمە :

حەزرەتی عایشە - رضي الله تعالى عنها - ئەفەرموێ : کە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - تەشریفی هاتە مەدینە حەزرەتی ئەبوبەکرو بیلال تووشی لەرزوتا بوون - رضي الله تعالى عنهما - حەزرەتی ئەبوبەکر - رضي الله تعالى عنه - کە تای لێ بهاتایە ئەم بەیتەی ئەفەرموو کە مەعنای وایە : کوللی پیاوێ پێی ئەڵێن : سبەینێت بەخێر بێ ، حاڵ وایە مردن لێوە لە قایشی ئاوزەنگیەکەی نزیکترە [یەعنی فەرقی غەریبو غەیری غەریب

نیە ، فەرقی ئەم شارو ئەو شار نیە ، وە نیە سەبەبی نەخۆشـــیەکەم هاتنە مەدینە بێ ، لە طەرەفی خواوەیە] بیلال ــ رضي الله تعالى عنه ــ کە تایەکەی بەری ئەدا دەنگی لێهەڵەبڕی ئەم دوو بەیتەی ئەخوێندەوە کــە مەعنـای وایە : ئەی قەوم کاشکی بمزانیایە ئایا لە وادییێکا شەو رۆژئەکەمەوە کە لە دەورم زوڕناتكو گیای جەلیل بێ ؟! کـە گیایێکە کەڵو کونی خانووی پێئەگرن • ئـایـا ئەچمە سـەر ئاوی (مجنة) کــە نزیکی مەککەیـە ؟ ئـایـا شـاخی شـامەو جەلیلم بۆ دەرەکەوێ ؟! هەم بیلال ــ رضي الله تعالى عنه ــ فەرمووی: خوایا شـەیبەی کوڕی رەبیعەو ، عوتبەی کوڕی رەبیعەو ، ئومەییەی کوڕی خەلەف بە لەعنەتکەو لـە رەحمەتی خۆتیـان دوورخەرەوە ؛ چونکی ئێمەیان لە ئەرزی خۆمان ، کە مەککەیە ، دەرکرد بۆ ئەرزێکی دەرداوی نەخۆشیی زۆر [تەماشــای حەزرەتی ئەبوبەکر ــ رضي الله تعالى عنه ــ بکە کە هەموو شتی لـە خواوە زانیوە ، ئەسـبابی لە لا هیچ بوەو تەمەننای گەڕانەوەی وەطەنی نەکردوە ، تەماشای حەزرەتی بیلال کە ــ رضي الله تعالى عنه ــ کە ئەسبابی بینیوەو تەمەننای گـەڕانەوەی وەطەنی کردوە • بۆیە حەزرەتی صـەدیقی ئەکبەر ــ رضي الله تعالى عنه ــ فەضلی بوە بەسەر هەموو ئەصـــحابی کیراما ــ رضـي الله تعـالى عنهم أجمعين ــ] •

پێغەمەر ــ صلى الله تعـالى عليـه وسـلم ــ فەرمووی : خوایە وەکوو مەککەت لە لا خۆشەویست کردووین مەدینەیشمان لە لا وا خۆشەویسـت بکەو لەومان لە لا خۆشەویستر بکە • خوایا بەرەکەت بخەیتە صـــاعو مودمـان ، مەدینەمـان بۆ ساغو بێ نەخۆشیی بکە ، تایەکەی نەقڵ بکە بۆ جوحفە ، کە ئەو وەختە جێی موشریکان بوە ، تا نەیانپەرژێتە سەر ئێمە •

حەزرەتی عائیشە - رضي الله تعالی عنها - ئەفەرموێ : هاتینە مەدینە ئەرزێکی صاحێب دەردو نەخۆشیی بوو ، بوطحان ، کە شیوێکی مەدینەیە ، ئاوێکی گەڕاوی لەبەر ئەڕۆیی •

٣٥٢٧/٢٢٦ - عن عمر - رضي الله تعالی عنه - قال : اللهم ارزقني شهادةً في سبيلك ، واجعل موتي في بلد رسولك - صلی الله تعالی علیه وسلم - ح - ٣/٣٣٠ •

تەرجەمە :

ئیمامی عومەر - رضي الله تعالی عنه - دۆعای کردو فەرمووی : خوایا لە رێی تۆدا شەهیدیم بکە بە رزق ، لە مەدینەی رەسوولی خۆت - صلی الله تعالی علیه وسلم - بمرێنە • [خوا - عز وجل - هەردوو دۆعاکەی قەبووڵ کرد] •

٣٥٢٨/٢٢٧ - عن زید بن ثابت - رضي الله تعالی عنه - عن النبي - صلی الله تعالی علیه وسلم - قال : إنها طيبة ، يعني المدينة ، وأنها تنفي الخَبَثَ كما تنفي النار خبث الفضة م - ٦/٩٦ •

تەرجەمە :

پێغەمەر - صلی الله تعالی علیه وسلم - فەرمووی : مەدینە (طیبە)یە پیسی لە خۆی لائەبا وەکوو ئاگر پیسیی زیو دەفع ئەکا •

[ئەم ئەحادیثی فەضلی مەککەو مەدینە دەلالەت ئەکا کە مەدینە فەضلی دووچەندانەی بەڵکە زیاتر هەیە بەسەر مەککەدا ، چونکی مەککە ئەگەر چی ئەشرەفی بیلادەو کەعبەی تیایەو حەزرەتی ئیبراهیم - علیە الصلاة والسلام - دۆعای بەرەکەتی بۆ کردوە •• مەدینە رەوضەی موطەهھەرەی تیایە ، جەسەدی شەریفو رۆحی پاکی (خاتم الأنبیا)ی تیایە - علیە

الصلاة والسلام - پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - دۆعای بۆ کردوە ، دۆعای دووچەندانەی بەرەکەتی مەککەی بۆ کردوە . مەککە ئینسانی پیس قەبووڵ ئەکا ، مەدینە تا رۆژی قیامەت ئینسانی پیس ناگرێتە خۆی . جەسەدی حەزرەتی ئیبراهیم - عليه الصلاة والسلام - لە مەککەدا نیە . ئیبراهیم - عليه الصلاة والسلام - خەلیلی خوایە ، پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - حەبیبی خوایە . ئیبراهیم - عليه الصلاة والسلام - نەخۆشیی لە مەککە دەرنەکردوە پێغەمەر - صلى الله تعالى عليه وسلم - نەخۆشیی عومومیی لە مەدینە کردۆتە دەرێ . عەجوەی[1] مەدینە ئەمانە لە زەهر . خورمای مەککە وا نیە . والله أعلم . رەشید بابان] .

حەج تەواو بوو خوا بیکا بە نەصیبی منو مەلا حسەین لە مەدینەدا بمێنینەوە ئامین ، ١٩٤١/١٢/٨ ، ١٩ ذي القعدة . (ونشرع بتوفيق الله في البيع) .

(١) عەجوە جۆرێکە لە خورما .

بابەت و سەرباسەکانی ئەم بەرگە

لاپــەڕە	بــابـــەت

کتــــاب الــزکـــــاة

لاپەڕە	بـابـەت

لاپەڕە	بابەت

لاپـەڕە	بـابــەت

بـاسـی رۆژوو

لاپەڕە	بابەت

لاپــەرە	بــابـــەت

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە	بابــەت

لاپــەڕە	بــابـــەت

لاپەڕە	بابەت

٤٠٦ — وشتری قوچ چۆن سەر ئەبڕێ ؟

لاپەڕە	بابەت

لاپەڕە	بابەت

رقم الايداع في دار الكتب والوثائق ببغداد
١٢٩٧ لسنة ١٩٩٠

دار الحرية للطباعة ـ بغداد
١٤١٠هـ ـ ١٩٩٠م

ساعدت «الامانة العامة لادارة شؤون الاوقاف
لمنطقة كردستان للحكم الذاتي» على طبعه

إقتران النيرين

في

مجمع البحرين

المجلد الثامن

تأليف
ملا رشيد بيگ بابان

تحقيق
محمد علي القره داغي

نرخى (چوار) ديناره

